ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە

ژمارە
15

# ئەنفالستان

ساڵنامەیەکی تایبەتە بەئەنفال و جینۆساید



## بەرەو ٣٤ هەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفال

# ئەنفالستان

**ساڵنامەیەكی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال وجینۆساید**

**ئازاری ٢٠٢١**

**ژمارە (15)**


خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر
عومەر محەمەد قادر
E– omer_m0287@yahoo.om
Anfalistan@yahoo.com
07703549032
جێگری سەرنوسەر
سمكۆ سابیر شەریف

**دیزاینی بەرگ : زانیار نەجمەدین**
**فۆتۆ: ئەنفالستان**
**چاپخانە......**
**وێنەی بەرگ - پێشەوە:** سوتانی گەنمی جوتیارانی كورد لەگوندەكانی دوبز
**وێنەی بەرگ- پشتەوە:** پێڵاوی منداڵانی كورد لەگۆڕی بەكۆمەڵدا

**تیراژ : ٢٠٠٠ دا**

| **لاپەڕە** | **نوسەر** | **ناوەرۆک** |
|---|---|---|
| | **ئەنفالستان** | **بەسەرکردنەوەی ئازایەک** |
| | سەرنوسەر | بۆ هەر دەسەڵاتداران |
| | د. شێرکۆ کرمانج | هۆکارەکانی پشت ئەنفال: کەرکوک و ئەنفال |
| | فەرەیدون سامان | ئیزەدییەکان و کەوتنی شەنگال |
| | دیاری سەمەد ئومەربلی | بەسەرهات وچون یەتی رزگاربومان لە شالاوی ئەنفال |
| | حەمە غەفور | هەنگاونان بەسەر پشکۆدا. بیرەوەری ڕۆژانی ئەنفال |
| | هاوکار عەبدوڵا | خوشکەکەم وەک پاڵەوان |
| | عومەر محەمەد | هەڵمەتێک بۆ ریسواکردنی دەنگە نەشازەکان |
| | وەرگیر حەسەن قازی | فیلیپ سپینسر بۆ یادی هەڵەبجە وئەنفال |
| | ئەنفالستان | ئەنفالی تیلەکۆی بچوک |
| | عەبدولسەلام سەردۆڵی | بەمیوانی رۆیشت و نەگەڕایەوە |
| | د. مەهدی فاتیح | ئەنفال وشێرکۆ بێکەس |
| | عومەر محەمەد | ئەنفال وەک کەلوپەل |
| | عومەر محەمەد | دیدار لەگەڵ مەلاعەزیزی تۆپخانە |
| | عومەر محەمەد | دیدار لەگەڵ عارف حەمەوەیس. |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

## ئەنفالستان، سەنتەری بە مێژووکردنی یادەوەریی



*سمکۆ سابیر*

یادەوەریی هەتا کاری لەسەر نەکرێ و نەنوسرێتەوەو نەخرێتە بەردیدەی وەرگر، ئاشی فەرامۆشی دەیهاڕێت و نابێت بەمێژوو.

ئەفسوس فەرامۆشکردنی مێژوو یادەوەری لەکورد راستییەکی تاڵە، ئەگەر تەنها بە دۆسیەی جینۆسایدەکانی ئەم بەشەی کوردستاندا بچینەوەو لەخۆمان بپرسین" ئایا توانیومانە یادەوەریی بکەین بەمێژوو؟

بێدوودڵی، دەتوانین بە وەڵامێکی خێرا بڵێین ؛ نەک نەمانتوانیوە ئەم یادەوەرییە بکەین بەمێژوو، بەڵکو ئەوانەی هەوڵیشیانداوە بیکەن بە مێژوو، هێندەی کۆسپ و ڕێگرییان لە بەردەمدا دروستکراوە، هێندە کارئاسانییان بۆ نەکراوە بۆ ئەوەی وەکو خۆی درێژە بەکارەکانیان بدرێت و ئەو ئەرک و پرەنسیپە ئەخلاقی و مۆڕاڵییەی لەسەریانە ئەنجام بدریت و دواجار بەشێک لەم یادەوەرییە بخرێتە مێژووەو بەزیندویی بهێڵدرێتەوە .

بۆنمونە؛ ئەگەر لەکۆی دۆسێی جێنۆسایدا ئەنفال و لەناو ئەنفالیشدا گۆڤاری ئەنفالستان یان ڕاستتر بڵێین؛ ساڵنامەی ئەنفالستان وەربگرین، کە لەئێستادا عومەر محەمەد سەرنوسەریەتی و منیش جێگری‌لەماوەی کارکردنیدا، بەرەچاوکردنی ماندووبوون و شەونخونی هەربڵاوکراوە و بابەتێکی میدیایی کەلەم نێوەندەداکاریکردووە، لەناویاندا ئەنفالستان جیاوازبووە لەبڵاوکراوەکانی پشێوو ودواتری خۆی لە بواری نوسینەوەی یادەوەریی و تراژیدیای دۆسییەکانی جینۆساید بەگشتی و ئەنفال بەتایبەتی لەباشووری کوردستان. هەرئەمەشە وایکردووە کە ئەم گۆڤارە خەسڵەت و تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی هەبێت، جگە لەوەش مۆراڵی کارکردن و دونیا بینی و ئاراستەی کارکردنی فاکتەری گرنگ بوون بۆ چاندنی تۆوی ئومێدو متمانە لەدڵ و هزری کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و خوێنەرانی گۆڤارەکەدا.

ئەم هەوڵە بەوهەموو بێ تواناییە دارییەوەو بەتەنیا باڵییەشیەوە توانیویتی کولتورێکی مۆدێرن و نوێ و ناوازە بخوڵقێنێ، لەیەک کاتدا.

یەکەم : لەرووی میدیاییدا، دیدێکی جیاوازو تایبەت وخاوەن کەسێتییەکی گرنگی نێو بوارەکە بووە، دوای هەراوهەڵا نەکەوتووەو بەپێچەوانەی ئاراستەی شەپۆلەکاندا ڕۆیشتووە، بۆنمونە ئەوکاتە هەموو چالاکوانانی ئەنفال هاواریان دەکرد دەبێت عەلی حەسەن مەجید بهێندرێت بۆهەڵەبجە لەسێدارە بدرێت ئەنفالستان گوتی نا.. ئێمەی قوربانی نابێت ببینەوە بەجەلاد.

هاوکات ناوبانگێکی جوان و پرشکۆی هەیەو بەلای کەمەوە تاکاتی نوسینی ئەم بابەتە درێژە پێداوە.

دووەم: فۆرمی کارکردنی خۆبەخشانەبووە بە ستافی کەم کاری زۆری کردووە، زۆربەی بەبابەتی ناو لاپەڕەکانی (نوسین و دیدارو بەدواداچون و فۆتۆ)ی سەرنوسەرو جێگرەکانی بوون، بەڵام هەمیشە پێشوازی لەنوسین وبابەتی کەسانی تریش

کردووە، بەتایبەتیش کەسوکاری ئەنفالکراوانی هانداوە یادەوەریی وچیرۆکی خۆیان بنوسەوە.
لەگەڵ ئەوەی جوگرافیای روداو یاخود شوێنی هەڵسوڕان و کارکردنی فراوان بووە، بەناوچەیەکەوە نەوەستاوە، جیاوازی لەنێوان حزب و ئاین و ئایدۆلۆژیادا نەکردووە راستە ناوەکەی زیاتر تایبەتمەندی ئەنفالی پێوەدیارە (ئەنفالستان) بەڵام بەڵام دۆسیەکانی تری جینۆسایدی نادیدە نەگرتووە، تەنانەت هەر بەدۆسیێی گەلی کوردستان بەتایبەتی باشووری کوردستانەوە نەوەستاوە. کیمیابارانی کوردستانی رۆژهەڵات و دێرسیمی باکورو جاربەجار ئاوڕی لە جێنۆسایدی ئەرمەن و جووەکان و بۆسنیەکانیش داوەتەوە.
بەگشتی ئەم ئایدیاو نۆرمی کارکردنە هەتادێت لامان کاراتردەبێ و ئایدیامان فروانتر دەکات ومژدەی داهێنانی کلتورێکی جیاوازی پێیە بۆئەوەی یادکردنەوەی قوربانیەکان لەو فۆرمە بهێنێتەدەرەوە، کەزیاتر رۆتین وبازرگانی و لەکۆڵخۆکردنەوەیە، ئەمەش نەک یادوەریمان بۆدروست ناکات بەڵکو روداوەکان و قوربانیەکان و چیرۆکەکانیش لەبیردەباتەوە.
ئەنفالستان، سەلماندی پارەی زۆرو ئۆفیس و ئۆتۆمبیل و کەرەستەی پێشکەوتووی میدیایی، مەرج نین بۆ کاری گرنگ وباش، بەڵکو ئەوەی گرنگە (ئایدیا، مۆراڵ، ئیرادە) ئەوانە هەرچەندە پێویست وگرنگیش بن بەڵام بەبێ (ئەو سێ رەگەزە) نەک هەر هێزی کاکردنی خۆبەخشانە لە مرۆڤدا دروست ناکەن بەڵکو، رۆحی هەر نیەتێکی جوان و پڕبەرپرسیارانەش دەکوژن .
بۆیە ئەم گۆڤارە لەسێ ئاستدا پەرچوو-(موعجیز)ەی خوڵقاندووە رەنگە هەبن ئەمە بەزیادەڕۆیی بزانن بەڵام ئەم خاڵانی خوارەوە وەڵامدەرەوە دەبن.
یەکەم: درێژەدان بەکارکردن و خۆڕادەستنەکردن بە قەیران و تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو قەدەرەی کەبەسەر ئێمەدا سەپاوە.
دووەم؛ جۆری ئەو بابەتە جیاوازانەیە کە بەهۆی فەلسەفەی گۆڤارەکەوە توانیویەتی بە جیاوازییەکی زۆر لەپێش هەر دەزگایەکی تری میدیایی تایبەتمەند لەبواری جینۆساید پەیڕەوی بکات و لەسەری بەردەوام بێت.
سێهەم : ستافەکەی خۆبەخش بوون، پاداشت و موچەیان لەبەرانبەر کارەکانیان وەرنەگرتووە، سەرباری هەر ناکۆکی و بیروڕایەکی جیاوازیش نەگەیشتووەتە ئاستی یەکتری شکاندن ولێک جیابوونەوە.
سەرباری ئەوانەش گۆڤارەکە بێکێشە نییە بۆ نموونە؛ لەرووی تیراژوو گرفتی زمانە زیندووەکانی جیهان وگرفتی دارایی و هتد. بۆیە هەمیشە ئەنفالستان وەک زیاتر لەدەزگا و دامەزراوەیەک شایانی قسەکردنێکی جددیی وهەڵوەستە لەسەرکردنە بەوەی چەندین کەناڵ و دامەزراوەی تایبەتمەند بەجینۆساید کەخاوەن بودجەی زەبەلاح وسەرچاوەی دارایی (کراوە) بوون کەچی کەمتر لەنیوەی رێگاکە کشاونەوە و نەیانتوانی بەردەوام بن لەدۆسیەکانی جینۆساید لەکاتێکدا زۆر گرنگ بوو ئەم دەزگایانە بەردەوام بوونایە سەرباری ئەو تێبینی وسەرنجانەی لەسەر ئەم دەزگاو دامەزراوانە هەبوون و نیگەرانی گەورەشیان درووستکردبوو هاوکات هەندێک کاری باشیان کردوە کە شایانی باس بێت.
بۆیە دەگەین بەو راستییەی کە گۆڤاری ئەنفالستان مانەوە و بەردەوامیی بەهۆی ئەو مۆراڵەیە کەسەلماندی ئەگەر ویست و ئیرادە هەبێت ئاستەنگەکانی تر ناتوانن بەربەست درووستبکەن.
ئەمەش وایکردووە کە دەزگایەکی رۆشنبیری وەکو سەردەم دەسپێشخەری ئەوەبکات کە بریارە سەرجەم دیدارەکانی سەرنوسەر لە بۆکسێکدا کۆبکاتەوەو لەسێ بەرگی قەوارە ئەستور چاپ وبڵاوبکاتەوەو ناوو شوناسی گۆڤارەکەش بۆخۆی بهێڵێتەوە. نەک پاوانی بکات. ئەمەش هەم شانازییە بۆ سەردەم و هەم بۆگۆڤاری ئەنفالستان.

دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم بەو ئیعتبارە مەعنەوییەی خۆیەوە ئەو مێژووەی ئێمە لەسەرەتاوە لەسەری دواین،بەشێوەیەکی تر بەکوالیتی بەرزترو دیزاین وچاپی باشتر خستییەوە ناو دونیای چاپ وبڵاوکردنەوەوە بۆئەوەی بیخاتەوە ناو زهنی کۆمەڵگەی کوردی.

چاپکردنی (گەشتەکانی ئەنفالستان) هەموو ئەم لێکدانەوانەی ئێمە دەسەلمێنێت کەئەنفالستان وەک دامەزراوەیەکی میدیایی بچوک کاری زۆر گەورەی بەرهەمهێناوە.

شەڕی ئەم گۆڤارە و ستافەکەی،شەڕی فەرامۆش نەکردنی یادەوەرییە،شەڕی گیانبەبەرکردنەوەی کۆی ئەو حیکایەت وچیرۆکە فەرامۆشکراوانەیە کەلەپشتییەوە مرۆڤێکی گەورە و بە پێوە وەستاو هەیە بەڵام ناخیان پڕە لەسوتماک و قەتماغەی برینێکی خوێن لێچۆڕاوە .

گومانی تێدا نییە کارەکانی عومەر محەمەد لەساڵانی رابردوودا کاری جددی و جێگەی پێزانین و هەڵوەستەیە لەوەی کەبەستافێکی کەم و بەکەمترین سەرچاوەی دارایی گۆڤارەکەی وەک گەورەترین سەرچاوەی دۆکیۆمێنت وبەڵگەنامەیی بەپێوەڕاگرت، ئەنفالستان کارێ زۆر گرنگی کردووە. هەمیشە لەتوانای خۆی وستافەکەی زیاتر کاری کردووە. تارادەیەک دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کەهیچ بارودۆخێک نەیتوانیوە بیوەستێنێ. بەڵکو بەپێچەوانەی دامەزراوە تایبەتمەندەکانی تری بواری جینۆساید کە بەداخەوە بەردەوام نەبوون و کۆڵیانداوە.

راشکاوانە بیڵێین ئەمەش پەیوەندەی بەبەردەوامی سەرنوسەرەکەیەوە هەیە کە هێندەی دژەکان،دژی وەستان و خۆرادەستکردنەوە بوو بەو دۆخە سەختە. ئەگەر جاوێکیش بەناوەرۆکی کارەکەی سەردەم بخشێنین تێدەگەین گوزارشتە سادەکەی ئێمە ناگاتە ئاستی ئەو کارە مەزنە چونکە چیرۆکەکان لەناوچەی جیاواز ولەئاستی جیاواز و لە بارودۆخی جیاوازدا ئەنجامدراون. ئەو هەموو سەلیقەی کارکردن و بەردەوام بوونە لەرۆحی هەموو مرۆڤێک تەنانەت ئەگەر لە خانەوادەی قوربانیەکانیش نزیک بێت هێشتا بەراورد ناکرێت و مەودایەکی دوور لە نێوانیانە .عومەر محەمەد پێیوایە هێشتا کاریگەرییەکانی ئەنفال بەسەرمانەوە و بەردەوامە،هەمووماان لە نێودۆخی ئەنفالدا دەژین بۆیە گرنگە ئەم حەقیقەتە چیتر شاراوە نەمێنێتەوە و ئاشکرابکرێت. بۆیە وەک پێستریش باسمان کرد شەری عومەر شەڕی فەرامۆشکردنی یادەوەرییە و بەمێژوو نەکردنیەتی، خەمی ئەم نوسەرەی دۆسێی ئەنفال خەمی شکۆی زیندووەکانە، کەناکرێ چیتر ئەم یادەوەرییە نەنوسرێتەوە و نەکرێت بەمێژوو، کەواتە خاوەنی یادەوەرییەک نابین،هەتا بمانباتە نێو ژیانێکی شکۆدارو رێزلێگیراو کە دواجار شوناسی کوردبوونی ئێمە بۆ زەمەنێکی باشتر بپارێزێت.

لەراستیدا ئەم زەخیرەیەی عومەرو ئەوەشی کە ئێمە کردومانە، باجی زۆری ویستووە، شەڕێکی قورسی بۆکراوە کە زەمەن و جوگرافیاو سەنگەرێکی دیاریکراوی نییە. شەرێک رەنگە بەهەزاران شەرگەی تێدا بێت بەڵام بەشێکی زۆریان تارماین و دیارنین. دەکرێ جەهل وفەرامۆشی پانتاییترین شەرگە و قورسترین شەڕ بەرپوەبیات . هۆکاری سەرکەوتن و بردنەوەی ئەم شەرە دواجار ئاسودەیی ویژدان و کەڵەکەبوونی ئەو هەموو چیرۆک ویادەوەرییە کەلەهەناو وزاکیرەی ئەنفالستاندایە.

ئەو شانازییە کەلەزهنی مرۆڤەکانی نێو ئەم ستافەدایە، بەتایبەتی لەزهنی عومەر محەمەد دایە کە پێیوایە کۆی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئەگەر کەسیشیان ئەنفال نەکرابێت بەڵام شکۆ ی کوردبوون و کەرامەتی نەتەوەییان ئەنفالکراوە.

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کە ئاوڕی لەم مێژووە داوەتەوەو بەم زوانە سێ بەرگی گرنگ و بایەخداری (گەشتەکانی ئەنفالستان) و خەم و ئومێدو چیرۆکی ئەنفالدیدەکانی دەخاتە سەر رەفەی کتێبخانەی کوردی.

## بەسەرکردنەوەی ئازایەک
# سەید محەمەد کەلاری

ئامادەکردنی: ئەنفالستان.

بەسەرکردنەوەی هەندێک کارەکتەر لەناو دۆسێی ئەنفالدا هەم ئەرکێکی ئەخلاقیەو هەم بەرپرسیارێتی مێژوویی. بەتایبەتیش ئەوانەی لە دوای پرۆسەکانی ئەنفال بەپارتیزانی لە پێدەشتە چۆڵەکانی گەرمیاندا مانەوە.

محەمەد محێدین یەکێکە لەوکەسایەتیانە، ئەو ساڵی ١٩٤٧ لە قەزای کفری لە دایکبووەو لە کاری رێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیدا بەسەید محەمەد ناسراوە، ئەگەرچی هەتا دووی ناوەندی خوێندبوو. بەڵام کادرێکی هەڵکەوتوو بووە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیکردووە بەکۆمەڵەی رەنجدەرانەوە، ئەندامێکی کارای (کۆمیتەی ئاگر) بووە لە شاری کەرکوک، بەخێرایی بە پلەکانی رێکخستندا تێپەڕیوە هە تا گەیشتووەتە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەشاری کفری. یەکێک بووە لە کادیرە کاریگەرەکانی کۆمەڵە لە سنووری گەرمیان. ساڵی ١٩٨٤دەبێتە پێشمەرگەو کادری سیاسی کۆمەڵە. لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا هاوژین و هەر شەش منداڵەکەی گیران و ئەنفالکران.

بەڵام خۆی وەک پێشمەرگەو فەرماندەیەک لە دوای ئەنفال لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی پارتیزان و فەرماندەیەکی تر بەناوی مەلا ئەحمەد کەلاری بە شێوەی پارتیزانی لەناوجەوەڵ ودەشتاییەکانی گەرمیان دەمێننەوە، هەرزو چەند حەشارگەیەکیان بۆ خۆپاراستن و خۆشاردنەوە دروستکرد، یەکێک لەو حەشارگانە ئەشکەوتی داری خلەبوو. کە بەسەر مەلا ئەحمەدو ٧ پێشمەرگەی تردا روخاو تیایدا گیانیان لەدەستدا.

سەرباری نەبوونی کەرەستەش دەبوو حەشارگەکان بەوریایی دروست بکەن، چونکە لەدوای ئەنفال سوپاو



جاش کێوماڵی ناوچەکەیان دەکردو هەموو شوێنێک بەدوای پێشمەرگە پارتیزانەکاندا دەگەڕان، لەو قۆناغە سەخت و دژوارەدا سەید محەمەد رۆڵی گرنگی گێڕاوە.

نوسینەوەی چیرۆکی ئەم پیاوە لەدۆسێی ئەنفالدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمە نەک لەبەرئەوەی پێشمەرگە بوو بەڵکو لەبەرئەوەی نیشانی بدەین کە کوردەکان چۆن ژیاون و چۆن روبەروی ئەنفال بوونەوە، جگەلە ئەنفالکردنی هاوژین و منداڵەکانی ئەشکەوتی داری خلەش چیرۆکێکی ترە لە دۆسێی ئەنفال و ژیان و تێکۆشانی ئەم پیاوەدا.

بەداخەوە هێشتا ئەویش ئاوڕێکی پێویستی لێنەدراوەتەوە، سەید محەمەد یەکێک بوو لەو فەرماندەو پێشمەرگانەی ئەشکەوتی (داریخلە)یان چاککردبوو هەتا وەک بنکەو حەشارگە تیایدا بمێننەوە. ئەفسوس ئێوارەی ( ١٩٨٩/٢/١٩) ئەشکەوتەکە بەسەر پارتیزانەکاندا ڕوخاو حەوت پێشمەرگەو فەرماندەکەیان مەلائەحمەدی کەلار تیایدا شەهید بوون.

### سەید محەمەد چۆن دەربازبوو

ئەوسا پارتیزانەکان بەتەواوی لەژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی دابڕابوون، تەنانەت لەسەرکردایەتی حزبەکەشیان تەنها ڕێگەی پەیوەندییان جیهازێک بوو کە دەبوو لەسەری هەموو سەعاتێکدا بۆماوەیەکی کورت و زۆرکەم ئاگاداری یەکتری بن، چونکە هەم گرفتی باتریان بۆ دروست دەبوو هەم گرفتی ئەمنیش، ئەو ئێوارەیە لە کاتی دیاریکراودا کە کاتژمێر ٥:٣٠ ی ئێوارە سەید

محەمەد لەگەڵ پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەناوی حەمەسۆران بۆ پەیوەندیکردن بە بنکەکانی دیکەوە دەچنە سەر بەرزاییەکی نزیک ئەشکەوتەکە، بەڵام لەپڕ دەنگێکی گەورەی وەک تەقینەوە لە نزیک ئەشکەوتەکە ڕایان دەچڵەکێنێ، کە بەخێرایی دەگەڕێنەوە دەبینن ئەشکەوتەکە بەسەر پێشمەرگەکاندا داتەپیوە. ئەوانیش بەدوو کەس وبێ هیچ ئامێرێک هیچیان لەدەست نایات هەتا فریای رزگارکردنی هاوڕێکانیان بکەون. بۆ رۆژی دواتریش مەفرەزە پاتیزانەکانی تری گەرمیان دەگەنە لایان، بەڵام ئەوانیش هیچیان لە دەست نایاو دەرەتانی هەڵدانەوەی ئەو هەموو خۆڵەیان نەبوو کە بەسەر دەروازەی ئەشکەوتەکەدا ڕوخابوو.

ئەگەرچی ئەم ڕوداوە بۆ هەموو پارتیزانەکانی گەرمیان ناخۆش و کۆستێکی گەورەبوو بەڵام بۆ سەید محەمەد لەهەموان گرانتر بوو، بەوحاڵەشەوە هەر درێژە بەخەباتی خۆی دەدات هەتا لە رۆژی ١٩٨٩/٨/١ بۆ ئەنجامدانی کاری رێکخستن دەچێتە شاری کەلار بەنیازی ئەوەی چاوی بە چەند ئەندامێکی رێکخستنەکان بکەوێ، بەڵام سیخوڕەکانی رژێم بە پیلانێک دەیبەنە ماڵێکەوەو لەوێ ڕادەستی ئەمن و هەواڵگری رژێمی دەکەن و ڕەوانەی دائیرەی ئاسایشی گشتی بەغدا (دائیرة امن العامة)ی دەکەن.

ئەفسوس رۆژی ١٩٩١/١/١٧ لە بەغداد لە سێدارەدرا.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

**ڕووداوومێژوو کەناڵی ئێن ئارتی لەگەڵ محەمەدوەلی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی فەیسەل محەمەد.**

**کتێبی (پارتیزانێک لەنێو گڕوگڵپەدا) چاپی یەکەم- نووسینی: ڕەشید سەعید عەلی.**

# چیرۆکی باوکێک کە لە کوشتارگەی دەرسیم ڕزگاری بووە

کە هەموو مرۆڤێک/ کوردێک دەبێت بیخوێنێتەوە:

(باوکم ترسابوو، کوشتاری دەرسیم هێندە دڕندانە بوو هیچ کات تا سەرەمەرگ نەیدەتوانی باسی بکات. تەنیا لە سەرەمەرگدا باوکم باسی کوشتاری دەرسیمی بۆکردین. هەموو براو خوشکەکانییان لە دەرسیم کوشتبوو، هەر ئێمەی بۆ مابووین. بۆئەوەی تورکەکان نەمانکوژن و سووکایەتیمان پێ نەکەن، وەک تورک پەروەردەیکردین. هەموو بەیانییەک کاتێک لەسەر سفرەی بەرچایی دادەنیشتین، دەبوو هەمووومان دەست بەرزبکەینەوە و بڵێین: چ بەختەوەرین ئێمە تورکین. ئێواران کاتێک لەسەر سفرەکە دادەنیشتین هەموو دەستمان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و دەمانگووت: خوایە چ نیعمەتێکی گەورەیە ئێمە تورکین. من هیچ وشەیەکی کوردی نازانم... هیچ.

- دەزانی باوکم لە هەموو ژوورەکاندا چی هەڵواسیبوو؟
- بڵێم چی؟
- وێنەی ئەتاتورک؟

- نا... لە هەموو ژوورەکاندا لەسەر کارتۆنی سپی، ووتەیەکی محمود ئەسعد بوزکورت، وەزیری دادی تورکیای لە ساڵی 1930 دا هەڵواسیبوو. تیا نوسرابوو "با هەمووان بزانن، دۆستان و دوژمنان و چیاکان: ئاغاو سەروەری ئەم عەردە تورکە. ئەوانەی تورکی ئەسڵ نین، تەنیا یەک مافیان هەیە: مافی ئەوەی کۆیلەبن".

باوکم ئەوەی لە هەموو ژوورەکاندا هەڵواسیبوو، تاهەموومان، من و خوشک و براکانم هەوڵبدەین ببین بە تورک، بۆئەوەی نەبین بە کۆیلە. ئەگەرچی زۆر شەو گوێم لێ بوو تا بەیانی دەگریا، باوکم شەو تا بەیانی لە ژێر بەتانییەکەوە وەک ژانێک بیسووتێنێت لە گریاندا قوڵپی دەدا. بەڵام هەموو هەوڵێکی دەدا ئێمە لە ناو تورکەکاندا وەک تورکی ڕەسەن دەربکەوین.

زەکی ڕەزا باکلان بۆ عەلی ئیحسان ئاکانسو لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»ەوە. دەقەکە لەلاپەڕەی بەختیارعەلی وەرگیراوە وێنەی هەندێ لە منداڵانی کورد بە دیلی لە دەست سەربازانی ئەتاتورکدا.

## وەڵام بۆ چەند کۆمێنتێکی ئابروبەری تەیمور

بەتەکلیفی مامۆستا هادی حەمەڕەشید چومە لایڤێکەوە کە بەریز پەیمانی ڕەحمانی بەناوی دادگای ئەنفالیان بەڕێوەی دەبات، مامۆستا هادی کەسایەتیەکی بەریزو لای منیش قەدرگرانە بۆیە ڕەتکردنەوەی داواکەی ئاسان نەبوو، خۆشی شاهیدە کە بە نابەدڵی و کەمێک گومان و بەزەحمەت چوومە ئەو بەرنامەیەوە، بەڵام لەپێش منەوە ٤ کەسی تر چووبوون بەشداریان کردبوو من بەرنامەکانی هاوڕێ پێشڕەوی حزبی شیوعی و بەرپرسی کۆمەڵەی قوربانیانی ئەنفال و کاک ئەبوبەکر هەڵەدنی پەرلەمانتاری کوردستانم بینی، ئیدی کەزانیم ئەو کەسایەتیانە بەشداری دەکەن لە داواکردنی دووەمجاری مامۆستا هادی منیش نەرمیم نواند، ئەوە بوو لە شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی نیسان بەناوی دادگای ژمارە ٤ی ئەنفال بەشداربووم.

داخم ناچێت باش دەبوو ئەم قسانەی لێرە دەینوسم بەزیادەوە لەو لایڤەدا بمکردایە، لەبەرئەوەی لەکاتی لایڤەکەدا سەیری کۆمێنتەکانم نەدەکرد، کاک پەیمانی ڕەحمانیش هیچ پرسیارێکی لەبارەی کۆمێنتە نزم و ئابرو بەرەکانی تەیمورەوە لێنەکردم، لەکۆتایدا هەرئەوەندەی گوت بمانبەخشە ئەگەر کەسێک قسەیەکی نەشیاوی پێکوتبی، من گوتم گەردنیان ئازادبێت، چونکە هەرگیز بەبیرمدا نەهات لەوبەرنامەیەدا جنێوو قسەی سوک بگاتە ئەو ئاستەو ڕێگرییەک نەبێت، بەداخەوە هەرکە لە بەرنامەکەش تەواو بووم، لەبەرماندوێتیم، خەوتم بۆ سبەی زانیم چی ڕویداوە! بەهۆی کۆمێنتێکی مامۆستا هادییەوە زانیم، ئیتر دەبوو وەڵامێکی تەیمور بدەمەوە نەک هەموو جنێوفرۆشان، ئەوەی تەیموریش لەبەرخاتری کەسە ئەنفالکراوەکانی دەنا شایان نیە خۆت بخەیەتە ئاستییەوە، بۆیە ئەم کۆمێنتەم لەخوارکۆمێنتەکانی بۆدانایەوەو بەپێویستی دەزانم بۆ مێژوش لێرەدا بڵاوی بکەمەوە. چونکە کارەکتەری تەیمور قابیلی بیرلێکردنەوەیە و مافێتی چارەسەر بکرێت، دەنا ئەو کورە بەم دۆخەیەوە چاوەروانی باشی لێ ناکرێت.

**تۆمەتەکەی تەیمور بۆمن** ( ئەم عومەرە دیفاع لەجاشەکان دەکات، من باشی دەناسم و خۆم قسەم لەگەڵدا کردووەو داکۆکی لەجاش دەکات، تکایە کاک پەیمان لێی بپرسە بۆچی داکۆکی لەو سێ موستەشارە کرد کە گیرابوون )ئەوانەی ناوکەوانەکەو لەگەڵ هەندێک جنێو.

**وەڵامی من بۆ تەیمور:** ئەم قسەیەت نەک هەر ناماقوڵی و بێویژدانیی و بێ مۆراڵییە، گەوجێتیشە، من بۆیە لە ئەنفال دەکۆڵمەوە بۆ ئەوەی تۆش و موستەشارەکانیش بین بەبەشەر، چەکەکانتان دانێن و چیدی بەبەرگی جەلادەوە دەرنەکەون، لە جەلادەوە بین بە مرۆڤی هۆشمەند، من داکۆکی لە چیرۆکی تۆ دەکەم نەک لە خراپەکارییەکانت، تۆ چیرۆکەکەت گرنگە نەک خۆت، کە چاکەیەکت لەدەست نایات، یان لەدەستت نەهاتووە، بۆخۆت و بۆ ئێمەش وا باشترە دەست لەخراپەکاری هەڵگری، داماو من هەر دژی زاڵم نیم دژی زوڵمیشم جا زوڵمی جاشەکان بێت یان زوڵمی تۆ، ئەگەر نەگبەتی کوردی داماو نەبوایە دەبوو تۆ ئازاترین و باشترین و ئاقڵترین کارەکتەری مەیدانی ناساندنی تاوانی ئەنفال بویتایەو پێشەوامان بوویتایە، کەچی حەیف تۆ باشترین ڕاوچی و باشترین تفەنگچی و نیشانە شکێنێکی شارەزایت، ئیتر تۆ بەم وێرانییەوە دەتەوێت چی بیت و چی بکەیت و چی بەمن بڵێی ؟ دەتەوێت لەدوای ئەو هەموو خراپەکارییەی هەتا ئێستا کردووتە چی تر بکەیت ؟ بەداخەوە بۆ ماڵی وێرانی کورد بەداخەوە بۆتۆ کە لێرەشدا لەم پێگەی فەیسبوکەشدا لەدوای دواوەیت، ئەوەتا لێرشدا لەڕیزی مندانیت لەڕیزی مرۆڤە ڕەفتار نزمەکاندایت لەریزی تۆمەتبەخش و جنێوفرۆشە هەرزانەکانیت ئەمەش گەورەترین بێڕیزی بەو ئەنفالکراوانەی لە بیابان دەست و پەنجەیان هەڵوەریوەو چاوەڕوانی تۆن، بەداخەوە تۆش لەئاستی گەورەیی چیرۆکەکەی خۆشتدا نیت ئەوەتا زەق بەبەرچاوانەوە لە ئاستی جنێوفرۆشان و لە ئاستی جاشەکانیت.

# بۆ هەر دەسەڵاتداران ؟

عومەرمحەمەد

٢٠٢٠/٤/١٥ -سلێمانی

لە یادی ئەنفالدا بە نیازبووم ئاوڕ لەخاڵێک بدەمەوە کە بەپێویستی دەزانم هەموو لایەک ئاگاداری بەن بەڵام بەداخەوە، سەرقاڵی بواری نەدام بۆیە ئێستاش تەنها چەند نمونەیەک لەکاری خراپی میدیایی دەخەمە روو کە بەهەموو پێوەرێکی یاسایی و کلتوری وکۆمەڵایەتی تاوانن لەوەی کە میدیای کوردی بەحزبی و ئەهلییەوە کردوویەتی

١- جەلادیان کردووە بەقارەمان

٢- شایەتحاڵی ساختەیان دروستکردووە.

٣- گرنگیان فەرامۆشکردووەو موزەیەفیان گرنگی پیداوە. بۆهەریەکیکیان نمونەیەک دەخەمە ڕوو زیاترنا چونکە هەویرەکە ئاوکێش و تاڕادەیەکیش مەترسیدارە. من ناوی دەزگاکان نابەم بۆئەوەی پۆستەکەم درێژ نەبێتەوە دەنا لەشوێنی ترو لەکۆڕوکۆنفرانس و تەنانەت لە کەناڵەکانی تیڤیش ناوم بردون.

## ١-بە قارەمان کردنی جەلاد :

ڕۆژنامەیەکی ئەهلی -ئازادی پڕفرۆش ئەفسەرێکی تورکمانی هێنا بەناوی ئایدن مستەفا گوایە ئەم ئەفسەرە بەشداری کیمیابارانی هەڵەبجەی نەکردووە بۆیە سەدام ئیعدامی کردووە ! هەرئەو کاتە بابەتێکم لە بارەیەوە نوسی بەڵام کەس گوێی پێنەداو ڕۆژنامەکەش بێدەنگی لێکرد نەپۆزشی هێنایەوە و نەقسەشی لەسەر کردەوە . ئەم ئاوەی ڕۆژنامەکە ڕشتی هەتا ئێستش لە سۆشیال میدیا وێنەو چیرۆکی ئایدن وەک قارەمان پەخش دەکرێت . هەرچەندە دەیانجار رونکردنەوەم داو بەڵگەم خستە روو کە ئەم ئەفسەرە نەک سەدام ئیعدامی نەکردووە، بەڵکو پێشمەرگە فرۆکەکەیان خستووەتە خوارەوەو کوژراوە کەچی هەتا ئێستاش ئەو خەرەکە بەردەوامەو هەردەڵێن قارەمان بوو. ئێ خۆ ئەمە دەزگاکانی حکومەت نەبوون بەڵکو بەناو ئازادیخوازەکان بوون !

ئایدن ساڵی ١٩٨٦ کوژراوە نەک ساڵی ١٩٨٨ لەهەموو حاڵیکدا ئەگەر گریمانەی راستی ئەوەش بکەین ئایدن مستەفا کیمیابارانی هەڵەبجەشی رەتکردبێتەوە هێشتا کێشەیەک ماوە دەبێت بۆ ڕۆژنامەنوسی سەرکەوتوو جێگەی تێرامان بێت.

ئایا ئەم فرۆکەوانە، لەماوەی دەستبەکاربوونییەوە تەنها یەک ئەرکی پێسپێردراوە ؟ ئەویش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بووە ؟ یان پێش هەلەبجە لە چەندین جەنگدا ئەرکداربووەو نەیارانی بەعس و خەڵکی سڤیلیشی کوشتووە ؟ چەند گوند کەوتوونەتە بەرهەڵمەتی رۆکێتی کۆپتەرو فرۆکە مەرگهێنەکان ؟ دەبێت رۆژنامەنوس گریمانەی هەبێت .. ئایا بەراست ئەو بەڵگانە کامانەن کە ئایدن دەکەن بە پاڵەوان لە هەڵەبجە ؟

بێگومان هیچ !! تەنها یەک شایەت هەبوو تەنانەت هاوژینەکەی ئایدن ئامادەنەبووە لێدوان بۆ رۆژنامەکە بدات ! بەڵام ئەوەی عەیب وجێگەی نیگەرانی بوو، ئەوەبوو کە ئەو کاتەی داوای خەڵاتکردنی دەکراو داوادەکرا ماف و ئیمتیازاتی شەهیدێکی کیمیابارانی هەڵەبجەی پێبدرێت!! ساڵی ٢٠١١ هێشتا شەهیدی کیمیاباران هەبوون، ماف و ئیمتیازاتەکانی دابین نەکرابوو، هەندێک بریندار‌یش هەرئاوریان لێنەدراوەتەوە ؟ بۆیە ئەوساو ئێستاش بۆخۆم ئەمە بەتاوان دەزانم

خاڵی یەکلایی کەرەوە کچەکەی ئایدن لەپۆستێکدا رەتی دەکاتەوە کە باوکی بەهۆی هەڵەبجەوە ئیعدام کرابێت .. بەڵگەی ئەوەشم لایە کە لە حکومەتی نوێدا سکاڵای کردووە کە باوکی موچەی خانەنشینیەکەی بۆ ببەسترێتەوە .. لە پەیجی الجیش العراق سابق چیرۆکی شەهیدبوونی ئایدن مستەفا مەلەفێکەو باسی کراوە کە فرۆکەکەی لەلایەن پێشمەرگەوە ساڵی ١٩٨٦ پێکراوەو بە هۆیەوە شەهیدبووە دەیان ئەفسەر کۆمێنتیان لەسەر نوسیوەو هاورێکانیشی هەموو جەخت لە دڵسۆزی ئایدن بۆ سوپای عێراق دەکەنەوەو تاقە یەک کۆمێنت نییە بڵێت ئایدن مستەفا ئەفسەرێکی خائین بووە یان کەمتەرخەمی لە ئەرکەکەیدا کردبێت. بەپێچەوانەشەوە نوسەر بەکر شوانی دوای رەزامەندی وەرگرتن، نامەی کچەکەی ئایدن مستەفای وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و ئەویش ڕەتی دەکاتەوە باوکی بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لەسێدارە درابێت !

بەکر شـــوانی نوســـێوێتی : د. فوندای کچی فرۆکەوان ئـایدن مســـتەفا کە هەر لە منداڵییەوە لە تورکیا دەژی، شـــەش ســـاڵ لەمەوبەر لە روونکردنەوەیەکدا بە زمانی تورکی هەبوونی هەر جۆرە پەیوەندییەکی باوکی خۆی بە بۆردومـانکردنی هەڵەبجەوە رەت کردەوە. من هەر ئەو ســـاڵە بە نـامەیەک داوام لـێ کـرد مـۆڵەتـم بـدات روونکردنەوەکەی بکەم بە کوردی وئەویش بە مەرجی دەستکاری نەکردنی ناوەرۆکەکەی، مۆڵەتی پێدام دا. لای خوارەوە جارێکی تر دەقی روونکردنەوەکە دەخەمەڕوو :

**شەهید فرۆکەوان ئایدن مستەفا و کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە**

لە بنەماڵەی شـــەهید ئـایدن-ەوە چـاوەڕێی وەڵامێـک دەکرێت. هەڵواسینی پۆستەرێک لە چەند رۆژی رابردودا پـاڵی بە هەنـدێـک کەســـەوە نـاوە بەرەو بیرکردنەوەی جۆراوجۆر. من تـازە بەو بـابەتەم زانیوە. بـا دۆخەکە بۆ ئەو کەســـانەی کە وەک من لە کەرکوک نـاژین، پوخت بکەمەوە: لە کەرکوک پۆستەرێک هەڵواسـراوە دەربارەی ئەوەی کە باوکم لەبەرئەوەی بەشداریکردنی لە کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە رەت کردووەتەوە، لە سێدارە دراوە. ئەم قسـەیە راست نییە. کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە لە 1988/3/16 رووی داوە. لەو مێژووەدا باوکم لە گرتووخانەی ئەبوغرێب بوو. واتا باوکم پەیوەندی بەوکۆمەڵکوژییەوە نییە. بەڵام باوکم ســەرباری ئەوەی ناسـیۆنالیسـتێکی تورک بوو، بواری نەدەدا نـاڕەوایی لە دژی هیچ میللەتێکی تر بکرێـت. ئەو بۆردومـانکردنی گونـدە کوردییە مەدەنییەکـانی رەت کردبووەوە و بەو هۆیەوە پلەی بەرز نەکرابووەوە و ماوەی ٦ مـانـگ خرابووە زینـدانەوە. لەو ســـزایە کە لە پـای خەڵکانی مەدەنیی بێتاوان بەســـەریدا ســـەپێندرابوو، پەشیمان نەبوو. ئەو هەمیشـە لایەنی بێهێزەکانی دەگرت. لەم رۆژانەدا کاتێک بابەتەکە دیسان هاتووەتەوە ناو باس، من بەشـــێوەیەکی ئەرێنی پێشـــوازی دەکەم لە ناوهێنانی مرۆڤێکی پایەبەرزی وەک باوکم. سوپاس بۆ هەرکەسێک کە یادی باوکم دەکاتەوە و لە بیری نـاکات و نـاهێڵێت لە بیربکرێت. ٢٩کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ یادی ٢٥سـاڵەی لە سێدارەدانی باوکمە. ئومێدم وایە میللەتی تورکمان رێزێک لە باوکم بگرێت کە شایەنییەتی.

د. فوندا ئایدن مستەفا.

ئەوەی خرایە بەردیدە دەقی نامە وەرگێردراوەکەی دکتۆرە فۆنـدای کچی ئـایدن مســـتەفایە، رەتی دەکاتەوە بەهۆی رەتکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە، لەسـێدارە درابێت، ئیدی چ دەســـتێک هەیە ئەم دۆســـێیە بەو ئاراســـتەیەدا دەجوڵێنێ هێشتا نارونە، هەقە ئیدی ئەو راستیە رون بێت و چیدی لە خۆڕا چیرۆکی خەیاڵی دانەتاشن، بۆخۆم زیاد لەدەجـاران لەتـۆڕی کـۆمەڵایەتـی فەیســـبـوک ئەم چەواشەکارییەم رەتکردەوەو رونکردنەوەم نوسی و بێسود بوو.بەداخەوە نە رۆژنـامەکە و نە رۆژنامەنوســـەکەش ( ناوی پارێزراوە) هێشـــتا نە داوای لێبوردنیان کردووەو نەپەشـــیمانیشـــیان لەم کارە بەپەلەو هەڵەیە دەربڕیووە ! لەلاپەڕە ٦١دا بابەتێکی سەربەخۆی نوسەر بەکر شوانی لەم بارەیەوە بڵاوکراوەتەوە.

٢- رۆژنامەو میدیا شایەتحاڵی ساختەیان دروستکردووە.

سـلام واخۆی نیشـانداوە کە لە گۆڕیکی بەکۆمەڵ رزگاری بووەو بە پێشچاوەییەوە دایک و باوک خوشک و براکانی کوژراون، دواتر ماڵێکی عەرەب لە بابل گرتویانەتە خۆ . ئەم کـارەکتەرە درۆزنە، لە رۆژنـامەیەکی حزبیـدا دوجـار باســـکراوەو کراوە بەمانشـــێت زیاد لەلاپەرەیەکی بۆ تەرخـانکراوە، زیـاد لەمیـدیـایەک چـاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە بەهۆی ئەم گرنگی پێدانەی میدیاوە کورە ( پارەی لەسەرۆک کۆمار وەرگرتووە، لە سەرۆک وەزیرانی عێراق و کوردســـتـانی وەرگرتووە، بە نـامەی فەرمـانـدەیەکی ســـەربازی وەزارەتی شـــەهیدانیش هاوکارییان کردووە) بەڵام ئافەرین میدیاو ســـەرۆکایەتیەکان .. هیچیان دیقەتی ئەوەیان نەبووە کە کۆمەڵکوژی ژنان وپیاوان جیاواز بووە لەئەنفللدا! کاتێک گوێم لە ســـەلام گرت تەنها بەو خاڵەدا کەوتمە گومانەوەو دوای بەدواداچوون هەموو راســـتیەکان ئـاشـــکرا بوون. چیرۆکی ئەم کوڕە هیچ پەیوەنـــدی بەئەنفالەوە نیە دایـک وبـاوکی جیابوونەتەوەو لە خـانەی نەوجەوانـانی صـــالحیە دانراوەو ژن ومێردێکی عەرەب بردویانە بۆ شـــاری بابل و کردویانە بە کوری خۆیان باوکی لە سلێمانی دەژی، مامی قسـەی بۆکردوم و دەڵێت: ئێمەشـی فریوداوەو چەندین جارپارەمان پێداوە گوایە ژن دەهێنێ. بەڵام راسـتی نەکردووە، دوای سـا غ کردنەوەی ئەم سـاختەکارییە هەرسـێک سـەرۆکایەتیەکە و وەزارەتی

شـــەهیدان و دەزگاکانیشـــم ئاگادارکردووەتەوە.بەڵام هیچ کامیان نەگوتیان دەســـتخۆش و نە پۆزشـــیان هێنایەوە، ســـــەرئەنجام ســــلام دکتۆرای لە ســـــایکۆلۆژیای منداڵ بەدەســتهێناو خۆی کاندید کرد بۆ پەرلەمان خۆشـبەختانە لەوەیاندا بەختی نەبوو.

لەبەرانبەردا: منداڵ هەیە لەبەسرە و هەیە لە کەرکوک (ناوی هەردوکیان لەلام پارێزراوە) کەچی ئامادەنین هاوکاری کەسوکارەکەی بکەن بۆ وەرگرتنەوەی..باسی ناکەن بەڵام کارەکتەریکی درۆزن دەکەن بەمانشێت، کە ئەنفال نەبووەو بۆخۆی چیرۆکێکی دروستکردووە.

**٣- ئەوەی گرنگە، فەرامۆشکراوەو (هەندێک موزەیەفیش) گرنگی پیدراوە.**

لە ناو شـایەتحالانی ئەنفال وهەلەبجەدا کەسـایەتی گرنگ دامەزراو، نەفەس بەرز، چیرۆکی گرنگ وجەرگ برهەن، بەڵام فەرامۆشـکراون ..راگەیاندن لێیان ناپرسـێتەوە بەڵام کارەکتەریش هەیە زیاد لە ١٠ جار نیشـــاندراوە، وەک بڵێی کورد چیرۆکی کەم بێت ! بیرمان نەچێت کەســـی قوربانی دەبێت بەرێزتەماشـــا بکرێت نەک پیرۆز بکرێت چونکە ئەوانیش مرۆڤن راســـتگۆیـان هەیەو درۆزنیش، چاکیان هەیەو خراپیش .

**دوا وتە :**

مـاوە مـاوە خەڵکـانێـک دەرۆن، گوایە لە دەرەوەی وڵات تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال بە دونیا دەناســـێنن، بێگومان هەموو کەس مافی قســـەکردن و ســـەفەرکردنی هەیە، بەڵام ئەوانەی بەناونیشـانی شـارەزای ئەنفال دەڕۆن چەندیان شــارەزان؟ بۆ کامەیان ڕەوایە ؟ بەهیچ جۆرێک ئەمە لەبەر ئەوەنیە کە لەو شـــاندانە منیان لەگەڵدا نەبووم، چونکە نەهەوڵم بۆداوەو نەلەڕوشـــمدێت بەهەموو ڕیگـادا بچم، ئەگەر ئـازایەتی بنوێنن دەبێـت هەنـدێکیـان دان بەو ڕاســـتیەدا بنێن کە بەزانیاری منەوە رۆیشـــتون، زیـاد لەجارێک پەیوەنـدیـان پێوەکردوم و کە گەڕاویشـــەتەوە بێـدەنـگ هـاتووەتەوە. بەڵام خۆ ئەرکی مـیـدیـایە لێیـانبپرســـێـت، لەدەرەوەی وڵات چیتـان کرد؟ بەکوێ گەیشتن؟ بۆچی چوون؟ بەچی و بەپشتیوانی کام زانیاری و چ پسـپۆرییەک چوون؟ ئەوەی لەوێ کردتان و باسـتان کرد چی بوو؟ ئەوەی بەدەســـتتـانهێنـاوە چییە ؟ کێ پشـــتیوانی دارایی کردن؟ کێ داوەتی کردن؟ بۆ داوەتی کردن ؟ لەهەمووشـــی ســـەیرتر لەم ســـاڵانەی رابوردودا بەهۆی کێشـــەی ڤیزاوە شـــانـدێـک کە دەبوو بچن بۆکۆنفرانسێکی جێنۆساید سەفەرەکەیان دواکەوت و هەتا کێشە چارەسەرکرا کۆنفرانس تەواو بوو، بەڵام حکومەتی دەســـت ودڵفراوان رای وابوو مادام پارەکەیان بۆ خەرج کراوە بابچن سـەفەرەکەیان بکەن ! ئەوانیش نەیانکردبوو بەنامەردی لەسەر حسابی ئەنفال گەشت وسیاحەتیان کرد، کەچی هەیانە هێندە بێشـــەرمە هێشـــتا دەڵێت حکومەت هیچی نەکردووە !

**چاپەمەنی**

بێگومان کتێب و بابەتێکی زۆر دەربارەی ئەنفال چاپ وبڵاوکراونەتەوە، بەڵام بەداخەوە رێژەیەکی بەرچاویان پڕن لە هەڵەو کەموکوڕی، بێگومان هەندێک هەڵەی تایپ و نەخشـــەســـــازی و تەکنیکی هەردەبن و تـارادەیەک چاوپۆشی لێکراون بەڵام ئەوەی کوشندەیەو سبەی دەبێت بە ســـەرچـاوەو زانیـاری و خوێنـدکـارانی زانکۆو پەیمانگاکان بەناچاری دەیانکەن بەســـەرچاوەی باس وتوێژینەوەکـانیـان ئەوانەن کە زانیـارییەکـانیـان هەڵەن، بۆنمونە شـــێواندنی مێژوی ڕوداو، شـــێواندنی ناوی شوێنی سومبلی و تەنانەت کەسایەتی سومبلیش لەناویاندا ( نـاوی مۆنۆمێنتی بـابەڕوشـــە – لە گونـدی جەلەمۆرد گۆڕدراوە بە بابەرەشـە، ناوی کارەکتەرێکی گرنگی وەک عاســی مســتەفا ئەحمەد کە میدیای جیهانی کاری لەســەر کردووەو چیرۆکەکەی ناســـاندووە ناوی باپیری و ناوی گوندەکەی و ناوی یەکێک لە منداڵەکانی و ریکەوتی گیران و رێکەوتی بەربونیشـی بە هەڵە نوسـراوە . ناوی باپیری ئەحمەد نوسراوە ئمدد، ناوی گوندەکەی زینانەیە نوسراوە زیندان، ناوی کچەکەی چرۆیە نوسـراوە جروا، سـاڵی ١٩٨٢ بەدیلگیراوەو سـاڵی ١٩٩٠ ئازاد بووە، نوسـراوە سـاڵی ١٩٨٢ گیراوەو سالی ١٩٨٢ گەراوەتەوە بۆ عێراق .. ئەمانەو دەیان هەڵەی بەم شیوەیە لە زۆربەی کتێبەکاندا هەن.

# برایەتی و هەستی مرۆیی لەسەر بنەمای درۆ وساویلکەیی بنیات نانرێت

بەکر شوانی2019/03/18

ئەوە چەند ساڵێکە لەم کاتەدا هەندێک لە میدیاکانی کوردستان و بەتایبەتیش کوردێکی زۆر لە فەیسبووک فڕۆکەوانێکی تورکمانی لە سێداردراو بە ناوی ئایدن مستەفا لە کورد دەکەن بە پاڵەوان لە پای ئەوەی گوایە بەشداریکردنی لە بۆردومانکردنی هەڵەبجەدا ڕەت کردووەتەوە. چ بنەماڵەی ئایدن مستەفا و چ تورکمانەکانیش خۆیان ئەو شتە ڕەت دەکەنەوە و جەخت دەکەنەوە کە ناوبراو ساڵی ١٩٨٧ دەستگیر کراوە و لەسەر کێشەی تورکمان لە سێدارە دراوە.

پێم وایە دەبوایە پەردەیەک بەسەر ئەم بابەتەدا بدرێت و چی دی هەڵ نەدرێتەوە، چونکە بە سووربوونمان لەسەر ئەوەی گوایە ئەو بەڕێزە بە تاوانی بەشداری نەکردن لە بۆردومانی هەڵەبجە لە سێدارە دراوە، سادە و ساویلکە دەکەوینە بەرچاوی ئەوانی دی و ئەم هەوڵە هیچ سوودێکی نابێت بۆ بنیاتنانی برایەتی لە نێوان کورد و تورکماندا، چونکە لە بناغەوە بانگەشەیەکی درۆیە و دوورە لە ڕاستییەوە.

د. فوندای کچی فڕۆکەوان ئایدن مستەفا کە هەر لە منداڵییەوە لە تورکیا دەژی، شەش ساڵ لەمەوبەر لە ڕوونکردنەوەیەکدا بە زمانی تورکی هەبوونی هەر جۆرە پەیوەندییەکی باوکی خۆی بە بۆردومانکردنی هەڵەبجەوە ڕەت کردەوە. من هەر ئەو ساڵە بە نامەیەک داوام لێ کرد مۆڵەتم بدات ڕوونکردنەوەکەی بکەم بە کوردی و ئەویش بە مەرجی دەستکاری نەکردنی ناوەڕۆکەکەی، مۆڵەتی پێدام دا. لای خوارەوە جارێکی تر دەقی ڕوونکردنەوەکە دەخەمەڕوو :



شەهید فڕۆکەوان ئایدن مستەفا و کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە
لە بنەماڵەی شەهید ئایدن-ەوە چاوەڕێی وەڵامێک دەکرێت. هەڵواسینی پۆستەرێک لە چەند ڕۆژی ڕابردووا پاڵی بە هەندێک کەسەوە ناوە بەرەو بیرکردنەوەی جۆراوجۆر. من تازە بەو بابەتەم زانیوە. با دۆخەکە بۆ ئەو کەسانەی کە وەک من لە کەرکوک ناژین، پوخت بکەمەوە: لە کەرکوک پۆستەرێک هەڵواسراوە دەربارەی ئەوەی کە باوکم لەبەرئەوەی بەشداریکردنی لە کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە ڕەت کردووەتەوە، لە سێدارە دراوە. ئەم قسەیە ڕاست نییە. کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە لە 1988/3/16 ڕووی داوە. لەو مێژووەدا باوکم لە گرتووخانەی ئەبوغرێب بوو. واتا باوکم پەیوەندی بەو کۆمەڵکوژییەوە نییە. بەڵام باوکم سەرباری ئەوەی ناسیۆنالیستێکی تورک بوو، بواری نەدەدا ناڕەوایی لە دژی هیچ میللەتێکی تر بکرێت. ئەو بۆردومانکردنی گوندە کوردییە مەدەنییەکانی ڕەت کردبووەوە و بەو هۆیەوە پلەی بەرز نەکرابووەوە و ماوەی 6 مانگ خرابووە زیندانەوە. لەو سزایە کە لە پای خەڵکانی مەدەنیی بێتاوان بەسەریدا سەپێندرابوو، پەشیمان نەبوو. ئەو هەمیشە لایەنی بێهێزەکانی دەگرت. لەم ڕۆژانەدا کاتێک بابەتەکە دیسان هاتووەتەوە ناو باس، من بەشێوەیەکی ئەرێنی پێشوازی دەکەم لە ناوهێنانی مرۆڤێکی پایەبەرزی وەک باوکم. سوپاس بۆ هەرکەسێک کە یادی باوکم دەکاتەوە و لە بیری ناکات و ناهێڵێت لە بیر بکرێت. 29 کانوونی یەکەمی 2013 یادی 25 ساڵەی لە سێدارەدانی باوکمە. ئومێدم وایە میللەتی تورکمان ڕێزێک لە باوکم بگرێت کە شایەنییەتی.
د. فوندا ئایدن مستەفا

# هۆکارەکانی پشت ئەنفال: کەرکوک و ئەنفال



د. شێرکۆ کرمانج

بێجگە لەو هۆکارانەی کە تا ئێستا باسکراون، کە لە سەروی هەموویانەوە جینۆسایدی گەلی کورد بوو، کەچی بە وردبوونەوە لە نەخشو جوگرافیای هەڵمەتەکانی ئەنفال هەندێک ئامانجو نیازی ستراتیجی دیکەی رژێمی عێراقی دەردەکەون. ئەم بابەتە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مەبەستی هەرە سەرەکی حکومەتی عێراقی لە ئەنفالەکان دروستکردنی کەمەربەندێکی بێ-کورد (no-Kurd buffer zone) لە چواردەوری شاری کەرکوک بوو، ئەویش وەک بەشێک لە هەوڵەکانی رژێم بۆ قرتاندنی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی پارێزگای کەرکوکو دەوروبەری.

بۆ سەلماندنی ئەم ئارگیومێنتە، هەوڵدەدەین نەخش (pattern)و جوگرافیای شونبزرکردنو لەناوبردنی ئەو خەڵکە مەدەنیانە بخەینەروو کە بەر هەڵمەتەکانی ئەنفال کەوتن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ناوچانەی کە ئەنفالەکانیان تێدا ئەنجامدرا دابەش دەکەین بەسەر چوار حەوز (catchment). حەوزی دهۆک، حەوزی هەولێر، حەوزی سلێمانیو حەوزی کەرکوک (تەماشای خشتەی هاوپێچ بکە). سەرەڕای ئەو کارە ماندونەناسییەی کە هیومان رایتس وۆچ لە پەیوەند بە ئەنفال ئەنجامیانداوە بەڵام لێکدانەوەو ئەنجامگیریان لەمەڕ نەخشو جوگرافیای شونبزرکردنو لەناوبردنی خەڵکە مەدەنییەکە کورتیهێناوەو راستییەکان وەدەرناخەن. راپۆرتو کتێبەکەی هیومان رایتس وۆچ دەڵێت "شونبزرکردنی بە کۆمەڵی ژنانو منداڵان بەگشتی رەنگدانەوەی ئاستی بەرگریی پێشمەرگە بوون". بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی هیومان رایتس وۆچ بێت لەکاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالەکان لە هەر شوێنێک پێشمەرگە بە سەختی بەرگری کردبێتو شەڕی قورس لە هێرشەکان کەوتبێتەوە ئەوە لەو جێگایانە خەڵکە مەدەنییەکان کە گیراون بێسەروشوێن کراون.

لە راستیدا، وردبوونەوەو شیکردنەوەی رووداوەکانو سەختی بەرگری پێشمەرگە لە هەر حەوزێک لە حەوزەکان یان قۆناغەکانی ئەنفال وێنەیەکی دیکەمان نیشاندەدەن. ئەوەی لە وردەکارییەکان دەردەکەوێت ئەوەیە کە شونبزکردنو قڕکردنی خەڵکە مەدەنییەکان، بەتایبەتی ژنانو منداڵان، پەیوەندی بەوەوە نەبووە داخۆ لەو شوێنە پێشمەرگە بە سەختی بەرگریکردوە یان نا، بەڵکو شونبزکردنی خەڵکەکە زیاتر پەیوەندی بە شوێنی گرتنەکەوە هەیە. بەواتایەکی دیکە داخۆ خەڵکەکە دانیشتوی حەوزی کەرکوک بوون یان نا.بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم ئەنجامگیرییە وردتر تەماشای ئامارەکانو ئاستی بەرگری پێشمەرگە بەپێی قۆناغەکانو حەوزەکان دەکەین. لەم توێژینەوەیەدا بۆ دیارکردنی ئاستی بەرگری هێزی پێشمەرگە پشت بەو زانیارییانە دەبەستین کە لە کتێبەکەی هیومان رایتس وۆچ Iraqs Crimes of Genocide (تاوانە کۆمەڵکوژییەکانی عێراق) هاتووە لەگەڵ ئەو ئەزمونەی کە نوسەری ئەم بابەتە لەو بوارەدا هەیەتی. بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کەسانەش کە لە هەر حەوزێک لە حەوزەکان، هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئەنفال، لەناوبراون توێژینەوەکە سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی کە لە خشتەکە ئاماژەی پێکراوە زیاتر پشتی بەو داتایانە بەستوە کە لە کتێبەکەی زیاد عبدالرحمن تونی مەرگ دا هاتووە. ژمارەی ئەنفالکراوەکان بەپێی داتاکانی زیاد عبدالرحمان لەوەدەچێت کەمتر بێت لەوەی کە هەیە بەڵام داتاکانی ئەم نوسەرە لە هەموو ئەو داتایانە وردترو گشتگیرترەو تەرکیزیشی کردۆتە سەر ئەو

ناوچانەی کە لە هەموو ناوچەکان زیاتر خەڵکی تێدا بێسەروشوێنکراوە. داتاکانی ئەو لە هەموو ئەو داتایانەی تا ئێستا لەبەردەستدان نزیکترن لە راستیو بۆ مەبەستەکەی ئەم توێژینەوەیەش زۆر بەکەڵکن چونکە چاکتر لە هەمووان نەخشی شونبزکراوەکان بەپێی شوێنی دەستبەسەرکردنیان نیشاندەدات. هەر بۆیەش لێرە پشتیان پێبەستراوە. واچاکە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە ٢٠٠٨ دا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کتێبێکدا هەندێک ئاماری لەسەر جینۆسایدی کورد لە عێراق لە توێ کتێبێکدا بەناوی خستنەرووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد بڵاوکردۆتەوە. بۆ کۆکردنەوەی ئامارەکانو بەرهەمهێنانی کتێبەکە هەزار کەسێک لەسەر ئەم پرۆژەیە کاریانکردوە. بەداخەوە داتاکانی کتێبەکە لە هیچ شوێنێک ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفال نیشاننادەن. خشتەی هاوپێچ ئەوە نیشاندەدات کە لە کۆی ٦٨٢٣٠ لەو کەسانەی لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفالەکان دوای گرتنیان بێسەروشوێنکراون ئەوە ٥١٢٣٦ کەسەیان لە حەوزی کەرکوکن، واتە لە ٧٥% ی ئەنفالکراوەکان لە دوو قۆناغەکەی حەوزی کەرکوکن، قۆناغی سێ و چوار. هاوکات خشتەکە ئەوەش نیشاندەدات کە شونبزرکردنی خەڵکە مەدەنییەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئاستی بەرگری پێشمەرگەو سەختی شەڕەکان لە ئانوساتی هەڵمەتەکانەوە نەبووە. بەپێچەوانەوە وەک لە خشتەکە دەردەکەوێت لەو شوێنانەی کە پێشمەرگەو هاوڵاتیان بەرگرییەکی زیاترو سەخترو دوورودرێژتریان کردوە، وەک قۆناغی یەک، پێنج، شەش و حەوت، ژمارەی خەڵکە ئەنفالکراوەکە زۆر کەمترە لە قۆناغەکانی حەوزی کەرکوک کە بەرگری تێیاندا نزم یان مامناوەندی بوو. ئەوانەی لە قۆناغەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت، واتە لە دەرەوەی حەوزی کەرکوک کوژراون یان شونبزرکراون بەدەگمەن ژنو منداڵیان تێدابووە. لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لەوانەی لە حەوزی کەرکوک بێسەروشوێنکران ژنو منداڵ بوون. خوێندنەوەیەکی وردی راپۆرتەکانی هیومان رایتس ووچ ئەو گێڕانەوانەی لە سەرچاوەکانی دیکەی سەر ئەنفال بەرچاو دەکەون دیاردەیەکی دیکەی سەرنجراکێشمان نیشاندەدەن. ئەویش چارەنوسی ئەو کەسانەیە کە لە کاتی هەڵمەتەکانی قۆناغی دووەم لە ئەنفالەکان لە حەوزی سلێمانییەوە روویان لە حەوزی کەرکوک کردوە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە قۆناغی دووی ئەنفال شونبزرکران ٨٨٣٥ کەسن، کە دەکاتە نزیکەی ١٣% ئەو کەسانەی لە ئەنفالەکاندا بێسەروشوێنکران. ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ٨٨٣٥ کەسە لەو کەسانەن کە لە قۆناغی دوو لە ناوچەی قەرەداغ بەرەو خوار روویان لە گەرمیان کرد. ئەو کەسانەی کە لە هەمان ناوچە لەکاتی هەڵمەتو هێرشەکان بەرەو عەربەتو سلێمانی بەرێکەوتن بەگشتی بە سەلامەتی نەجاتیان بووە. لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە مەدەنییانە دوای هاتنیان بۆ ناوچەی گەرمیان، واتە حەوزی کەرکوک، ئەنفالکراون بۆیە دەکرێت ژمارەی ئەمانە لە سەر حەوزی کەرکوک نەک سلێمانی هەژماربکرێت، چونکە وەک ئاماژەپێکرا لەوێدا دەستبەرسکراون. ئەگەری زۆرە رژێم لەکاتی گرتنیان نەیزانیبێت ئەوانە لە کوێوە هاتوون بۆیە چارەنوسیان وەک چارەنوسی خەڵکە مەدەنییەکەی کەرکوک بێسەرشوێنکردن بوو. بەمەش ژمارەی ئەوانەی لە حەوزی کەرکوک ئەنفالکراون دەبێتە ٦٠٠٧١ لە کۆی ٦٨٢٣٠ ئەنفالکراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ٨٨% ی هەموو ئەو کەسانەی لە تەواوی کوردستان ئەنفالکراون لە حەوزی کەرکوک بوون. هەر بۆ بەرچاوروونی واچاکە ئاماژەبەوەش بکەین کە ناوچەی قەرەداغ، قۆناغی دوو لە ئەنفالەکان، هاوسنوری ناوچەی گەرمیانەو درێژکراوەیەتی، بۆیەش دەکرێت بڵێین کە رێکەوتنەبووە کە چارەنوسی خەڵکی قەرەداغیش بە چارەنوسی خەڵکی حەوزی گەرمیان چوو.

| ڕێژە بە پێی حەوز | ڕێژە بە پێی قۆناغ | ژمارەی ئەنفالکراوان | ژمارەی کوژراو | ژمارەی گوندەکان | ڕێکەوتی قۆناغ (ماوە بە ڕۆژ) | ئاستی بەرگری پێشمەرگە | حەوزو ناوچە | | قۆناغی ئەنفال |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢.٩٥ | ٠.٠١ | ٩ | ٤٦٠ | ٢٤٠ | ٣/١٩-٢/٢٣ (٢٧) | بە هێز | سەرگەلو بەرگەلو | حەوزی سلێمانی | یەک |
| | ١٢.٩٥ | ٨٨٣٥ | ١٦٨ | نەزانراوە | ٤/١-٣/٢٢ (١١) | نزم | قەرەداغ | | دوو |
| ٧٥.٠٩ | ٦٤.٥٤ | ٤٤٠٢٥ | ٤٣ | ٥٠٤ | ٤/٢٠-٤/٧ (١٣) | مامناوەندی | گەرمیان | حەوزی کەرکوک | سێ |
| | ١٠.٥٥ | ٧٢٠١ | ٣٠٠ | ٢٠٠ | ٥/٨-٥/٣ (٥) | نزم | زێی بچوک | | چوار |
| ٠.٢٢ | ٠.٢٢ | ١٥٠ | ٥٥ | ٥٢ | ٨/٢٦-٥/١٥ (٩١) | زۆر بە هێز | شەقڵاوە ڕەواندوز | حەوزی هەولێر | پێنج، شەش، حەوت |
| ١١.٧٣ | ١١.٧٣ | ٨٠٠٠ | ٣٢١ | ٣١٠ | ٩/٦-٨/٢٥ (١٣) | زۆر نزم | بادینان | حەوزی دهۆک | هەشت |
| ١٠٠.٠٠ | ١٠٠.٠٠ | ٦٨٢٢٠ | ١٢٤٧ | ١٣٠٦ | | | | | کۆ |

ئەگەر بە وردی تەماشای شێوازی مامەڵەو نەخشەکێشانی هێزەکانی حکومەت لە قۆناغەکانی ئەنفال بکەینو بەراوردیان بکەین بە یەک ئەوە زیاتر مەرازە پێشوەختییەکانی حکومەتی عێراق لە پەیوەند بە خەڵکی حەوزی کەرکوک دەردەکەون. بەپێچەوانەی قۆناغەکانی یەک، دوو، پێنج، شەش، حەوتو هەشت، کە لە حەوزەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆک ئەنجامدران، هێزەکانی ڕژێم لە حەوزی کەرکوک، واتە قۆناغی سێو چوار، تەواوی ناوچەکەیان پێش هێرشکردنە سەر تەوقکردبوو ڕێگەیەکیان بۆ خەڵکە مەدەنییەکە نەهێشتبۆوە تا دەربازبن بەغەیرەز خۆبەدەستەوەدان. لە هەر دوو قۆناغەکەی حەوزی کەرکوک، هێزەکانی ڕژێم پێشوەخت زیلو ئیڤەو ئوتۆمبێلی نەفەر هەڵگریان ئامادەکردبوو. بەمشێوەیە دوای دەستگیرکردنی خەڵکەکە لە چەند شوێنێکی کاتیی کۆیانکردنەوەو دواتر بۆ تۆپزاوە ڕەوانەیانکردن. لەوێدا پرۆسەی هەڵاوێردنو کوشتنو شونبزرکردنو لەناوبردن دەستپێکرد. ئەم پرۆسە ڕێکخراوە بەدەگمەن لە قۆناغەکانی دیکەی ئەنفال جێبەجێکران. قۆناغی هەشتی حەوزی دهۆکی لێدەرچێت کە تاڕادەیەک لە مامەڵەی حەوزی کەرکوک دەچوو. سەرەڕای ئەم قسەیە، لە حەوزی دهۆکدا خەڵکەکەو ناوچەکانیان بەتەواوی تەوقنەکرابوون. ئەمەش بوو بە مایەی ئەوەی نزیکەی ٨٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناوچەکە نەجاتیان بێتو بەرەو تورکیا بڕۆن چونکە سنورەکان بەربەرەڵا بوون.

سروشتی گشتگیریو هەمەلایەنیو پلان بۆ دانانو ڕێکخراویی هەڵمەتەکانی ئەنفال ئەوە دەردەخات کە حکومەتی عێراق مکوڕبووە لەسەر نەهێشتنی ئاسەواری کورد لە کەرکوکو دەوروبەری، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کەوتونەتەو باشوری کەرکوکو سنورەکانیان پێشتریش بەر هەڵمەتەکانی تەعریب کەوتبوون وەک دەوروبەری قەزای توزخورماتوو کەلار. بێجگە لەو بەڵگەو داتایانەی تا ئێستا خستمانەڕوو، ڕاستی ئەم تێگەیشتنە لەوەش




دەردەکەوێت کە دوو عەشیرەتە هەر زەرەرمەندەکەی هەڵمەتەکانی ئەنفال نیشتەجێی ئەو ناوچانەن، ئەوانیش ڕوغزاییو داودەن.

# بازرگانی و ساختەکاری بەناوی شەهیدو ئەنفالەوە

وەنەبێ من وێنایەکی وانیشـــان بدەم و بڵێم هەموو کـاروکردەورەفتـارێکی کەســـوکـاری ئەنفـالکراوان رەوایە، هەرگیز وای نیشـــاننـادەم ئەوان پیرۆزن ولەلێپرســـینەوەو لێپێچینەوە بەدەرن، ئەگەر وامانکرد دەکەوینـە هەڵەی گەورەوە دەبـینـە پشـــتـیوانـی خەراپەکـاری و پـاســـاوی بۆ دەهێنینەوە، چونکە ئەوانـیـش مـرۆڤـن و هەڵە و تـاوان دەکەن، جـا تـاوانکـارهەرکێ بێـت هەقی ســـزایە، کەس مـافی تاوانکاری نییە، بەهەر بیانویەک بێت، پاساوهێنانەوە پشتیوانییە لەتاوان.

کەسوکاری قوربانیشم دیووە ساختەکاروی وتاوان و بازرگانی بەخوێنی شـەهیدەکەیانەوە دەکەن ئەوانیش بۆ خۆبردنە پێشـــەوە ئێســـک و خوێنیان دەکەن بەریـکـلام وکـالا، ئەوەی بـڵـێـت کە بـازرگـانـی بەقوربانیەکانەوە لەکن خێزانی قوربانیانەوە نەبووەو نابێت ڕاست ناکات.

ئەم قســـانەم لەبەر رۆشـــنایی بەڵگەیەک دەکەم کە لەبەرێوەبەرایەتی گشـــتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراواوانەوە ئاراســـتەی بەرێوبەرایەتی گشـــتی خانەنشـــین کراوەو داوای راگرتنی موچەی هەر دوو وارس ([1]) لەبەرئەوەی کە دوو مووچە بەنـاوی( یەک) ئەنفـالکراوەوە وەردەگرن. ئەم خێزانە ئـامـادەبوون بەســـــاختەکـاری و درۆهەڵبەســـتن بێ ڕێزی بەشـــەهیدەکەیان بکەن، دوو موچەوەربگرن، کەناوی یەکەمیان تۆمار کراوە لە سەر گوندی ( دسکەرە) سەر بە ناحیەی ( تانجەرۆ) لەوێ بە ژمارە فۆرمی (٧٢٤٤) وە بەکارتی خانەنشـینی ژمارە (٣٣٥/ أ سـلێمانی ) .مووچە وەردەگرێ و هەمان ناو لەشـوێنێکی ترتۆمار کراوە بەڵام ئەمجارەیان لە سەر گوندی ( کوردەمیر)ی سەربەناحیەی ( پێنجوێن) کە بەژمارە فۆرمی (٦٢٣٦).

ئەم رەفتـارە جگەلەوەی بـازرگـانیە بەقوربـانیـانی ئەنفـالەوە، کێشـــەو بێمتمـانەیش بۆ کـارمەنـدان و بەرپرســەکانی وەزارەت وبەرێوەبەرایەتیەگشـتیەکانی شـــەهیـدان و ئەنفـالکراوان و لەنـاو کەســـوکـاری ئەنفالکراوانیش دروست دەکات.

هەقە کەسـوکاری ئەنفالکراوان بۆخۆیان، بەم بێرێزی کردنە قـایـل نەبن، بەڵکو حورمەتی ئینســـــان و قوربـانیـانی ئەنفـال بخەنە پێش هەموو بەهـاکـانی ترەوەو چیدی بازرگانی بە رۆحیانەوە نەکەن.

وەنەبێ ئەمە تەنها بەڵگەو چیرۆکێکی ســـاختەکاری بێت، وەنەبێت ئەم ســـاختەکارییە هەر هەژاران و نەخوێندەواران بیکەن، نا من شـاهیدم رۆژنامەنوسـی دیاری ناو رۆژنامە دیارو پرفرۆشـــەکان کە بەردەوام لەســـەر گەندەڵی نوســـیوە ئەم عەیب و نەنگییەی لێ دەرکەوتووە، ئەویش سـودی لەدوو ئیدارەیی بینیوەو لەهەردوک ئیدارەی سـلێمانی و هەولێر بەدوپێناســی جیاوازەوە بۆ شـــەهیدێکی ســـەنگەر دوو موچەی وەرگرتووەو ئیتر نـازانم بەهۆی چییەوە بوو هـاتن یەکێکیان ڕاگرت، ئاشکرابوون یان هەرەشەی ئاشکرا بوونیان لەسەر بووە ئەوەیان نازانم بەڵام ئەوە دەزانم بەبەرچاوی خۆمەوە ئەوەی هەولێریان بڕی و ئەوەی سلێمانی هێشتەوە.

نەک من هەموو شـــاهیدی چیرۆکی جیاوازن کەوا کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەنجامیانداوە، هەتا گەیشتووەتە ئاستی کوشتنی بەئەنقەستیش .

بەڵام ســەرباری ئەم نمونانەش هێشــتا کەســوکاری ئەنفالکراوان و شـەهیدان، سـەرباری ئەو هەموو رەنج وخوێن و زیانەی لێیانکەوتووە، هەرگیز سـاختەکاری وتاوانیان ناگاتە ئاســتی بەرپرســێک، نوســەرێک دەسەڵاتدارێک کە بازرگانی بەم دۆسیەوە دەکات.

---

[1] لەبەر ڕێزی ئەنفالکراوەکەی و هەستی ئەو خێزانەش ناوەکەیم بڵاونەکردەوە دەنا ناوەکەی پارێزراوە

# ئیزەدییەکان و کەوتنی شەنگال

فەرەیدوون سامان

پێشەکی: ئێزەدییەکان ئاینێکی جیاوازیان هەیەو بە رەسەنترین ئاییـنی دێرینی کوردی دەژمێردرێت، هەرچەندە لەسەرئەو باوەڕە زۆرچەوساونەتەوە، بەڵام بەردەوام داکۆکیان لەناسنامەی ئایینی خۆیان کردوە، بەگوێرەی شێوازی باوەڕی و پێوانەکانی پەرستن و شوێن و پەرستگاکانیان و شێوازی ژیانیان، هەندێک لە مێژوو نوسان پێیانوایە کە ئێزدییەکانن تیرە یان پاشماوەی ئایینی زەردەشتی بەناوبکرێن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ هەزارساڵ بەر لەئەمڕۆ.

ئێزەدییەکان، گروپێکی ئیتنیکی کوردین بە زۆری لە دەڤەرەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش لە کاڤاری شنگال و شێخان، ژمارەیەکیشیان لەباکورو رۆژاوای کوردستان، لەئەرمەنستان وگۆرجستان دەژین، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاویش ئێستا نیشتەجێی وڵاتانی ئەوروپاوبەتایبەتیش لە ئەلمانیان، وێڕای ئاسیمیلەبوون وسیاسەتی پاکتاوی نەژادی بەرانبەربەناسنامەی نەتەوەیی و زمانەکەیان لەو وڵاتەنەی کە لێی دەژین لە ئەرمەنستان و تورکیاو عیراق و سووریادا، بەگشتی لەهەرێمی کوردستاندا ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی ٦٥٠٠٠٠ بۆ ٧٥٠٠٠٠ کەس دەبێت. ئیزەدییەکان ئەو هۆزوتیرە کوردانەن کە لەسەر ئایین و باوەڕی خۆیان ماونەوتەوە و ئێزەدی ئاینێکی دێرینی کوردانەو ریشەکەی بۆ قووڵایی مێژووی مرۆڤایەتی بەر لە ئایینە نووسراوەکان دەگەڕێتەوە، ئەوانیش خودا دەپەرستن، دکتۆر خەلیل جندی کەسایەتی ئەکایمی کوردی ئیزەدی لە کتێبی (الدین الازیدی ، المعتقدات، المیثولوجیا، الطبقات الدینیه) بە راشکاوی دان بەوە دەنێت کە ئیزەدییەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد و خەڵکی رەسەن و دێرینی کوردستانن، هەروەها دکتۆر ئاورەحمانی قاسملۆ رای وایە کە ئیزەدییەکان لەبنەڕەتدا زەردەشتین، و لەئایینە دێرینەکانی گەلانی ئیرانن.دکتۆر خانی ئۆمەرخالی لە دیمانەیەکی گۆڤاری زمزمی لالشدا لەبارەی ژمارەی ئیزەدییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەڵێت: ژمارەیان نیو ملیۆنە،



بەپێی ئاماری ساڵی ١٩١٠ دەردەکەوێت کە ژمارەی ئێزەدیەکانی شنگال وموسڵ وهەکاری ١٠٠٠٠٠کەس بوونە، لە کۆمارەکانی قافقاسیاش ٢٥٠٠٠ کەس بوون.

رۆزیتافۆرسی گەرۆکی ئینگلیز لە یادەوەرییەکانی نووسیویەتی: ژمارەی ئێزەدییەکان نزیکەی ٤٠٠٠٠٠کەس دەبن. لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەچیاکانی قافقاسیای نزیک دەریای خەزەر و چیای تایاو کمجاتکا دەژین. ئاینەکەیان بۆ مانەوییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام نزیکترن لە زەردەشتییەکان. چونکە ئیزەدی ئاینێکی مژدەبەخش نییە، واتە بۆکەس نییە بێتە ناو ئایینی ئیزەدی، جگە لەو مندالانەی کە لە دایکوبابێکی ئیزەدی لەدایک دەبن هەر بۆیەش بە داخراوی ماوەتەوە و لەوەپتر گەشەی نەکردووە، ئێزەدی ئاینێکی کەڤنارییە هەر لە دێریندا لەسەرانسەری کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و تایبەتە بە کوردان و دەقی ئاینەکەش بە زمانی کوردی نووسراوەتەوە، و باوەڕیان بە یەکتایی خودێ هەیە وپەرستگایەکی سەرەکیان هەیە ناوی لالشە کەوتۆتە باکووری کاڤاری شێخان لەدووری ١٣ کم لەشاری دهۆکدا .ئایینی ئیزەدی مزگێنیدەر نەبووە، چونکە لە هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە و یەکتاپەرستی خودای تێدا بەرجەستە بووە، ئیزەدییەکان سەبارەت بە جیاوازی باوەرەکەیان لەگەڵ باوەری دراوسێییەکانیان بە درێژایی مێژوو ئامانجی شاڵاوەکانی کۆمەڵکوژی بوونە، ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ دژایەتی کردنیان، سەرباری ئەوەی ئایینەکەیان یەکتاپەرستی ودرووشمەکەشی هاوکاری و خۆشەویستی خودا بووە.سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن بەر لە هاتنی لەشکری ئیسلام و تەنانەت زۆر لە دواتریش ئەو ناوچەیەی ئەمرۆ پێی دەگوترێت باشووری کوردستان بەتایبەت دەڤەری بهدینان زێد و دەڤەری ئێزەدیخان بووە، بەڵام سەبارەت بە فەرمانە یەک

لەدوای یەکەکانی دەسەڵاتی عەرەب و ئیسلام کە تا ئێستا دەگاتە ٧٤ فەرمان و کۆمەڵکوژی مخابن خاک و دانیشتوانەکەیان لەدەست داوە.

**کۆمەڵکوژی شنگال:**

یادەوەری تاڵی کۆمەڵکوژی شنگال لە رێکەوتی ٣ی ئابی ٢٠١٤ لە کۆنەست و یادەوەری هەموو تاکێکی کورد تەنانەت مرۆڤایەتیشدا یادەوەرییەکی جەرگبڕ و کارەساتئامێزە، چونکە تاوەکو رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ ئێزەدیەکان تاوانی کۆمەڵکوژی شنگالیان لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە داعش لەهەق ئەنجام نەدرا، بەتەواوی نەدەزانرا تا چەند جڤاکێکی پەراوێز خراون، توێژینەوە مێژووییەکان لەکۆندا ئاماژە بە (شاڵاوی ٧٢ کۆمەڵکوژی) فەرمان یان جینۆسایدی ئێزەدییەکان دەکەن، کە زۆرینەیان بە هۆکاری ئایینی و ئیتنیکی بووە، ئەم کۆمەڵکوژییانە هۆکاری کارەسات و قڕکردن بوون بۆیان، کە دواترینیان لە کاڤاری شنگال لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) بە هاوکاری ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناوچەکە ئەوانیان کردە ئامانج. پێشتر لەساڵی ٢٠٠٧ لە(کۆمەڵگەی سیبا شێخ خدر و گر عوزێر) لە رێگای تەقاندنەوەی تانکێکی بۆمبرێژکراو، بووە هۆی کوشتنی پتر لە ٥٠٠ کەس و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لەوە زێتریش، بەڵام لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش بە پشتگیری و پلان و ئەجێندای هەندێ لە ولاتانی هەرێمی هێرشێکی بەرفرەوانیان کردە سەر شنگال (توندوتیژترو خوێناویتر)، کە لە راپۆرتە دیکۆمێنتاری ومیدیاییەکان و کۆمیتەکانی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت دەکەنەوە لەشەوی ٢لەسەر ٣ ی ئابی ٢٠١٤ لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ناو شنگال، پیاوان و ژنان و منداڵانی ئێزەدییان کۆمەڵکوژ کرد و بە زیندوویی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ناشتنیان، زۆر لە ژنان و کچآنیان سەبی و کۆیلە کران و بەسەر تیرۆریستەکانیانی خۆیانی دابەشینەوە، هێشتاش هەواڵەکان ئەوە دەسەڵمێنن کە لە بازارەکانی رەقە و موسڵ و مەیادین و ئەلبوکەمال و شەدادی سەودایان پێدەکرێت، لەشارۆچکەی سنونی و کۆمەڵگای خانەسۆر لە شنگال کە زێدی رەسەنی ئێزەدیەکانە و کە ئێستا ژمارەیەک لە کۆچبەرە گەڕاوەکان لەوێ نیشتەجێن، هەندیک لەو ژن و کچانە لەدەست رێکخستنی تیرۆریستی داعش دەربازیان بوونە وهەڵاتوون.

ئێزەدییەکان بە بەرچاوی هەمووانەوە تووشی هەڕەشەی قڕبوون و لەناوبردن کرانەوە، بەپلەی یەکەم بەهۆی کوردبوونیان و هۆکاری دووەمیش ئایینەکەیان و هۆکاری سێیەم ستراتیژییەتی ناوچەی جێ نفوزیی ئەوان بوو، کە لەلایەن ولاتانی هەرێمیەوە جێی بایەخی جیۆپۆلەتیکی خۆی هەبووە.

**هەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان لەمەڕ جینۆسایدی ئێزەدیەکان:**

دۆزی ئێزەدیەکان و هەر دۆزێکی تر بەشێک یان گروپێکی دیکەی گەلی کوردستان لەلایەن لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەسکۆلاریزم و ئیسلامیەکانەوە، شرۆڤەو هەڵوێستی جودای لێبۆتەوە، پارتە نەتەوەیی و سیکۆلارمیزەکانی کوردستان پرسی ئێزەدیەکان بەبەشێک لە دۆزی نەتەوەیی گەلی کوردستان دەزانن، ئەمەش بە ئاشکرا لەپەیرەوی ناوخۆیان دەخوێنریتەوە و بەرگری لەو جڤاکە چەوساوەی کوردستان دەکەن، هەرچەند لە واری واقیعدا کەم و زۆر هەڵویستیان جیاوازیان بووە، بەتایبەت لە پرسی تراژیدی کەوتنی شنگالدا .هەروەک بە پێی ئاماژەی راپۆرتی کۆمۆسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بینیمان چۆن لایەنێک بێ بەرگری کردن پشتییان تێکردن بێ هیچ پاساوێک هێزەکانی خۆیان لەو ناوچانە کشاندەوە، لەهەمان کاتدا لایەنی تر هەبوون بەرگرییان لەو خەڵکە لێ قەوماوە کرد و رێگایان بۆ کردنەوە تا بە سەلامەتی لەدەست تاوانکارانی داعش رزگاریان بێت. هاوکات دەبینین هەڵویستی لایەنە ئیسلامیەکانی کوردستان لەسەر پرسی ئێزەدیەکان جیاوازە.

بۆ نموونە کاتێ کاریکاتێرێک لە ئەوروپا لەسەر پەیامبەری موسلمانان کرا، لەهەموو کوردستان لایەنگرانی پارتە ئیسلامییەکان خۆپێشاندانیان سازکرد. کاتێک لەغەزە و بورما کوشتار بەرامبەر موسلمانان کرا، هەموو جیهانی موسلمان ئیدانە و هاوخەمی و هاریکاریان کردن،

لەگەڵیاندا ئیسلامییە کوردەکان. کاتێک لە میسر مورسی دەست بەسەرکراو دەسەڵاتی ئیسلامییەکان وەلانران، دواتریش تراژیدیان لەناو دادگاکانی میسردا گیانی بەخشی، لەکوردستان خۆپیشاندان و ئیدانەی دەولەتی میسر کرا. کاتێک بارەگاکانی یەکگرتوو سووتا، کادیرەکانی کۆمەڵ و بزوتنەوە زینددانی دەکران ئیسلامییەکان چەندان رۆژ کەمپینیان راگەیاند و نارەزایەتیان دەردەبری. لەسەر رەخنەگرتن لەمەسەلەی ژن لە ئایینی ئیسلامدا ساڵی ١٩٩٧ دوو کادیری پارتی کۆمەنیستی کرێکاری (شاپور و قابیل) بەپێی دانپیانانی بکوژەکان کە پێشتر ئەندامێکی ئیسلامی پەرلەمانی کوردستان بوو فتوای شەهیدکردنی دابوون. لەسەر دەرکردنی پەرتوکێک لەلایەن مەریوان هەڵەبجەیی ئیسلامییەکان فتوای کوشتنیان بۆدەرکرد و سەنگەریان لێگرتن و کەمپین و سکاڵایان لەسەر ساز و تۆمارکردن، لەسەر قسەکردن لەسەر واتاو چەمکی جیندەر لەناو پەرلەمانی کوردستان و کردنەوەی چاڤیلاند و تیکەڵ بوونی مەلەوانگەی ژنان و پیاوان خۆپیشاندان و دەیان بەرنامە و هەواڵیان دروست کرد. ئەو هەموو هاتوهاوارەی لەمیدیا و لێدوانەکانیاین لە دژی دەسەڵاتی هەرێم لەسەر تیرۆری سیاسی، کەچی ئەو هەموو کوشتار و کۆمەڵکوژییەی لە ئاست ئێزەدیەکان و هەروەها لە شارەکانی باکوورو رۆژاوای کوردستان بەتایبەت کۆمەڵکوژی کۆبانێ و داگیرکردنی عەفرین ئەنجام دران و رۆژانەش ئەنجام دەدرێن نە نووزەیەکیان لێوەهات، نە هەڵوێستێکی وەهایان نواند کە هاوبەشی بێت بۆ تراژیدیای گەلەکەمان و ئیدانەکردنی داگیرکاری نیشتمانەکەمان..

پرسیار ئەوەیە تۆ بڵێیت تاوانە درندەییەکانی داعش، کە لەئاستی جینۆسایدی کوردی ئێزەدییەکان لەدەڤەری شنگال لەو هەموو ئەوانە بچوکتر و لاوازتر بیت و شایستەی ئیدانەیەک نەبێت ؟

بەداخەوە ئیسلامییەکانی کوردستان، پێچەوانەی هەموو ئیسلامییەکانی تری وەک تورک و عەرەب و فارس لاوازترین هەستی نەتەوەییان بەرامبەر بە گەلەکەی خۆیان هەیە، بەردەوام هەستە ئایینەکەیان زالتر و تۆختره لەهەستە نەتەوەیەکە، باشترین نمونەش هەرچی تاوان لە جیهانی ئیسلامی رووبدات ئەوان بەهەزاران ئیسلامی کورد دەهێننە سەر شەقام و میدیاکانیانی چەندان رۆژ بۆتەرخان دەکەن، بەلام کورد لەرۆژئاوا و باکور بەهەزاران تاوانی بەرامبەر کرا، لەرۆژهەلاتی کوردستاندا دەیان کەسایەتی کورد لەسێدارە دران، بچوکترین ئیدانەی ناکەن.

خەیری بۆزانی نوێنەری ئێزەدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: تا رادەیەک هەڵویستی یەکگرتووی کوردستان لە دەڤەری بادینان ئەرێنی بوو لە پرۆتۆستۆ کردنی تیرۆریستانی داعش لە دۆزی کۆمەڵکوژی ئێزەدییەکانی شنگال و هاوکاری کردنی قوربانییە ئێزەدییەکان. حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش بەشێوازی جۆراوجۆر ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستیەی داعشیان کرد، بۆیە کاتی ئەوەیە دەزگا ئیدارییەکانی هەرێم مەسەلەی ناسینی داعش وەک هیزێکی تیرۆریست و جینۆسایدکردنی کوردانی شەنگال بکەنە یاسا بەسەر هەموو لایەنێکدا، وەک ئەوەی هەندێ ولاتی ئەورووپی لەبەرامبەر دان پیانەنانی هەر کەسایەتی و لایەنێک بەجینۆسایدی ئەرمەنەکان رووبەروی لێپێچینەوەی یاسایی دەکەنەوە. بەگشتی کەسایەتییە رۆشنبیر و کۆمەڵایەتیەکانی ئێزەدی پێچەوانی ئەوانەی لە هەندەرانن سەبارەت بە زۆر هۆکاری جوگرافی و سیاسی ناوێرن بە راشکاوی بەرگری لە پرسی تراژیدیای خۆیان کەن و زۆرجاریشلە لێدوان و گفتگۆ رۆژنامەوانیەکان لە سیمینار و کۆنفرانسەکان یان بێدەنگی هەڵدەبژێرن یان راستی رووداوەکان وەکو خۆیان باس ناکەن.

## ئێزەدی وەک ئایینێکی رەسەنی کوردەواری:

ئایینی ئێزەدی و بوونی ئێزەدییەکان، سیمای دەوڵەمەندی کەلتوورو فرەیی و مێژووی ناوچەکە و گەلی کوردستانە، کوردانی ئێزەدی لە رووی ئاینیەوە خودان جەژنێکی تایبەت بە خۆیانن. بە چارشەمە سۆر ناسراوە، بە پێی رۆژژمێری رۆژهەلاتی دەکەوێتە یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسان، ئەمەش جەژنی ساڵی ئەوانە، لەو رۆژەدا بەکارهێنانی هێلکە و رەنگکردنی یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی و جێ بایەخیانە. ئەویش بەو مانایەی

هێلکە لەزەوی دەچێت، هەروەها رۆح و تۆخمی تێدایە. لەخوێندنەوەی تریشـــدا دەڵێن زەردێنەکەی لەزەویی و سـپیایەکەی لەئاو یان لەبۆشـایی گەردوون دەچێت، ئەم جەژنە لەســەردەمی ســۆمەریی و بـابلی و تەنـانەت ئاشـــوورییەکانیشـــدا هەبووە. بەپێی کۆنی ئایینەکە و بەرفراوانی ئـایینەکەش لەســەردەمی خۆیـدا وایی بووە لەجێگـای زۆرو بەرفراوانتردا جەژنەکە بکرێت بەجیـاواز لەسـەردەمی ئێستاماندا. هەموو ئاینێک تایبەتمەندی خۆی هەیە بێگومـان، دەوترێت لەنـاو ئێزەدییەکانـدا لەمـانگی نیساندا ژن هێنان و بەشوودان نییە. چونکە نیسان خۆی بووکی ساڵە و زەوی ئاوسە، چەند سەرچاوەیەکیش باس لەوە دەکەن ناوی (نیسـان) لە (نویَ سـاڵ)ەوە هاتبێت. لەم رۆژەدا ئێزەدییەکان رووناکی زۆر بەکاردێنن و تاریکایی رووناک دەکەنەوە. وەکو خۆیـان گوتەنی لەتـاریکیەوە بەرەو رووناکی. دیارە لەئایینەکانی ناوچەی میزۆپۆتامیا و ئاینی تریش بابەتی رۆژپەرستی و رووناکی پەرستیش هەبووە، هەروەها گوڵی سووریش (کولیلکا نیسان) لەتاقی پەرســتگا و شـــوێنە تایبەتەکانیان دادەنێن. هەرچەندە بەهۆی ئەو تاوانانەی لەهەقیان کراو بەهۆی کۆیلە بردنی ژن وکچەکانیان و منداڵەکانیان وکە هێشـــتا لەدەســـتی تیرۆریسـتانی داعشـدان جەژن ناکەن. ئەوان سـیمبولێکی دێرین و نوێی قوربانین لەناوچەکەدا، پێویســـتە هەموو لایەک بە رێزەوە بڕوانێتە ئەو توێژە گرنگەی کوردەواری، بەدڵنیاییەوە پێویستە هەر ئەو رۆژەی پەرلەمانی کوردستان کەوتەوە سـەرکاری خۆی، پرۆژە بڕیاری تاوانی شـەنگال بکاتە بڕیارو رۆژی ٣-٨ی هەموو سـاڵێک بەفەرمی بکاتە رۆژی جینۆسایدی ئێزەدیەکان..

بەمەبەســتی نیشــاندانی هاوپشــتی وهاوســۆزی لەگەڵ کەســـوکاری قوربـانیـانی ئێزەدی و تەواوی قوربـانیـانی دەســتی دڕندایەتی و چەتەگەریی تیرۆریسـتانی داعش و هـاوکـاتیش بۆ دەربڕینی ڕق ونـاڕەزایەتی بەڕووی ئەو گـروپە مـرۆڤکـوژە و هەل ومەرجێکـی خـوێنـاوی کە خوڵقاندوویەتی بەســەر کۆمەڵگای کوردســتاندا. بۆیەش گەرەکە هەرچی زووتر ئەم تاوانە لە ئاســتی ناوەخۆو نێو دەوڵەتیـدا پرۆتســـتۆ بکرێت. زۆرترین هەڕەشـــەی لەناوچوون لەلایەن هێزە دەســەڵاتدارەکانی ئیســلامەوە لە ئێزەدییەکان کراوە، چ لەسەردەمی زەیدی کوڕی مەعاوییە، تا ئێســـتاش عەرەب ناوەکەیانی چەواشـــەکردوەو پێیان دەڵێن"یەزیدی" واتا بە درۆو چەواشەکاری دەیانگەڕێننەوە بۆنەوەکانی یەزیدی کوڕی مەعاوییە، دەسەڵاتی نەتەوەیی عەرەبی عیراق و ســوریـاش بنەچەی ئێزەدیەکانیـان بۆ نەتەوەی عەرەب دەگەڕاندەوە بۆ ئەم مەبەســـتە بەدەیان نووســەرو مێژوونووســی درۆزن، هەوڵیانداوە لەڕێگای کتێبە سـاختەکانیان رای گشـتی چەواشــە بکەن. بەڵام بێگومان ئەوە ڕاسـت نییە، بەڵکو پارچەیەکە لە پرۆسـەی ئاسـیملاســیۆن. بەهەمانشــێوە ئەوەی بە زەبری چەک نەیتوانیوە لەگەڵیـان بکرێـت، بەتـایبەت لەلایەن تورکە عوســمانییەکان لە ٤٠٠ سـاڵی ئیمپراتۆریەتەکەیان، ئەوا هەوڵیانـدا لەڕێگای ریفۆرم گۆڕانکاری لە ئایینی ئێزەدی دروست بکەن، بۆ نموونە هاتنی شێخ ئادی، هەمانکات دروسـت بوونی ریزبەندی و سـیسـتمی هیرارشـی لەنێو ئێزەدییەکان" شـــێخ، میر، فەقیر، مرید، قەوال....هتد" هەروەها دروست کردنی پەرستگا و ناولێنانی ئیسلامییانە بەناوی حەج، ســەفاو مەروا...هتد، کۆتاییش گۆڕ و جل و بەرگ و شوێنی پەرستنی شێخ ئادی بووەتە نەزرگای هەرە سـەرەکی ئێزەدییەکان، بەواتایەکی تر، شـێخ ئادی لاسـایی پێغەمبەری ئیسـلام محەمەدی کردوەتەوە و خۆی کردوەتە ناوەندی پەرستن و سازشی نێوان تاک و جڤاکی ئێزەدی"رێوڕەســـمی پەرســـتگای لالەش وەک نمونە". نـاتوانین بڵێین ئێزەدییەکان لە ڕێگـای شـــێخ ئـادی لە راسـتەهێڵی خۆیان دەرچوونە، بەڵام ناشـتوانرێت بڵێین وەک خۆیـان مـاونەتەوە. ئەوەی لەئەمرۆدا گرنگە بۆ ئێزەدییەکـان و شـــەنگـالییەکـان، ئەویش مـانەوەیـانە بەنـاســـنامەی نەتەوەیی و ئاینی خۆیان و پاراســـتنی ناسنامەکەیانە.

**کورد وتیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش:**

مێژوی نزیکی خەباتی گەلی کورد لە باشـوری کوردسـتان بۆ هەشـتا سـاڵ پتر دەگەڕێتەوە، لەو ماوەیەدا هەوراز و نشـێوی زۆری بڕیوە، کۆســپ و تەنگژەی زۆری دیوە، نســکۆی ١٩٧٥ و کیمیایی بارانی هەڵەبجەو بالیســان و شێخوەسـان و بادینان و ئەنفال لە ساڵی١٩٨٨، دواجار رووبەڕووی دڕنــدایەتی رێکخراوی دەوڵەتـی خەلافەتـی

ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوویتەوە. ڕێکخراوی داعش کە لەسایەی دەزگا موخابەراتییە عەرەبیەکان و بە هاوکاری دەوڵەتی تورکیا و بە هاندانی بانگخوازە ئیسلامییە توندڕەوەکانی میسر و سعودیە و قەتەر، بەشێک لەخاکی عێراقیان داگیرکرد و خێڵە سونەکان پشتیوانییان لێکرد، لە سەرەتاوە سەرانی کورد وەک دەوڵەت حسابیان لەسەر کرد و وتیان (عێراق ناگەڕێتەوە بۆ پێش ٩ی حوزەیران و ئێستا ئێمە هاوسێیەکی نوێمان هەیە کە ناوی داعشە) و هێزی پێشمەرگەیان نارده ناوچە کێشە لەسەرەکان، داعش هێرشی لەسەر بەغدا و دیالە چڕکردەوە و بەر ڤیتۆی ئێران کەوت، ڕووی کردە کوردستان، لەجەلەولا شەڕ هەبوو لە موسڵ نەبوو، یەکیەتی پارتی تۆمەتبار دەکرد کە شەڕ لەگەڵ داعش ناکەن، کاتێک شەڕەکە گشتگیر بوو سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت خەڵکیان دڵنیا کردەوە لە توانای بەرگری، بەڵام لە شەنگال پێمان وترا نەک بەرگری لاوازە، بەڵکو هەر نییە. سەرکردایەتی کورد باش دەیانزانی کە چەکی داعش چیە و توانای چەندە و چۆنە؟ بەڵام پێش کارەساتی شەنگال ئەم سەرنج و گازندەیان نەدەکرد، هێزەکانیان لە شەنگال بێ بەرگری شارەکەیان چۆڵکرد و منداڵ و ژن وکیژی شەنگالیان کردە خۆراکی ئەژدیهاکانی داعش، ڕێکخستنەکانی پارتی لەشەنگال لە ماوەی دوو مانگدا نەیانتوانیوە هێزی بەرگری دروستبکەن ئامادەیان بکەن بۆ هەر ڕووداوێک تا لاوە ئێزەدییەکان چەکدارکەن، ئێزەدیەکان خۆشیان خەمسارد بوون بەرگریان نەکرد! شەڕی ماڵ بە ماڵ و جادە بە جادەیان نەکردو شارەکەیان چۆڵکرد، ئەمە گازندەیەکی جددیە لە لاوانی ئێزەدی، ئایا باشتر نەبوو لەبری ئەوەی دایک و خوشک و منداڵەکانیان بە برسێتی و تینوێتی لەشاخی شەنگال بمرن و کیژە پاکیزەکانیان بێبەرگری جێبهێلن بیاندەنە دەست داعش، لەناو ماڵ و شەقامەکان و سەربانەکانی خۆیاندا شەهید بین و داعشەکان بە دۆزەخ بسپێرن؟! بۆ نموونە شاری کۆبانی سێ مانگ لەگەمارۆی داعشدابوو سەرنجی بدەن چۆن شەهید دەدەن و شاریان چۆڵ نەکرد، ئەم ڕاکردن و شار چۆڵکردنە لەناو کوردا بووەتە کلتور و شانازیشی پێوە دەکەن، دواجار لەسەر ئەتککردنی

شەرەفی ژن وکیژانی ئێزەدی و جینۆسایدی ئێزەدییەکان ئەمریکا هاتە دەنگ و هەولێری پایتەختی پاراست و هاوکاری مرۆیی و سەربازی نارد و یەکیەتی ئەورووپاش ئەنجومەنی ئاسایشی هاندا بۆ هاوکاری کردنی لێ قەوماوان، ئایا دەکرێت ئێمە تەنێ چاوەڕێی کارەسات بین بۆ ئەوەی وڵاتان بێن بە هانامانەوە، ئەی بوێری و گیانفیدایی کورد چی لێهات؟ لەگەڵ ئەو هەموو پێشمەرگە بوێرانەی کە کورد هەیەتی نەتوانراوە سوود لە وزەو توانایان وەربگیرێت، ئایا کورد سیاسەت نازانێ یان دوژمنی زۆرە یان هەردووکیان، لەسەرەتادا داعشییەکان شەڕی کوردیان نەکرد، کورد هەڕەشەی گشتپرسی و سەربەخۆیی کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چووە پەرلەمان و داوای دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن و راپرسی لێکردن، لێرەوە ئێران و میسر و کۆمکاری عەرەبی و ئەمریکا و عێراقی شیعە هەڕەشەیان کرد، یاساکە دەرچوو، بە داعش گوترا ڕووی چەکەکانتان لە شیعەوە بۆ کورد وەرگێڕن، کورد لە سەرەتاوە خراپ هاتە دەست و لەولا شەنگال و لەملا جەلەولای لە دەستدا و هەولێر و خانەقین و کەلار کەوتنە بەر هەڕەشە، هەندێ لەهاووڵاتیانی هەولێر و هەندێ لە خانەقین چۆڵیانکرد، ئێران و تورکیاش بێدەنگ بوون، ئەمریکا هاتە دەنگ بەو مەرجەی کورد بچێتەوە بەغدا، ئێستا سەرانی کورد لەبری دەوڵەتی کوردی کێشەمەکێشی گەڕانەوە ی بەغدایانە، پێدەچێت مەرجی شاراوەی ئەمریکا بۆ پاراستنی هەولێر، گەڕانەوە بۆ سنوری پێش ٩ی حوزەیران و وازهێنان لە گشتپرسی و دەوڵەتی کوردی بێت و ئەمە مەرجی شیعە و سونەش دەبێت، لەئەنجامدا کۆمەڵکوژی شەنگال کرا، ژن و کچانی ئێزەدی ئەتکران و شەهیدێکی زۆرمان دا، ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە دەبێ پێشمەرگە بگەڕێتەوە شوێنەکانی پێش ٩ ی حوزەیران، ئەمەش هەمووی لەئەنجامی سیاسەتی ناحەکیمانەی سەرکردایەتی کورد بووە لە ماوەی ١٦ ساڵدا لەپاش ڕوخانی سەدام و سیاسەتی پەنجا بە پەنجای ٢٥ ساڵەی دوو حیزبی باڵا دەستی ئەم هەرێمە بەش مەینەتە، بۆ جاری سێهەم لەماوەی بیست ساڵدا هەلی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەباربرا.

**لیژنەی باڵای ناساندنی جینوسایدی ئێزەدییەکان:**

تا ئێستا بە وتەی راوێکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان چەندان دیکۆمینت و بەڵگەی تاوان رادەستی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کراون.

بەمەبەستی تیشک خستە سەر دوایین کارەکانی لیژنەکەیان، ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٠١٤/١٠/١٧ لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزەدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر لەدیوانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان سازکرد، لەسەرەتای کۆنگرەکەدا مەحمود حاجی ساڵح وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەرۆکی لیژنەکە رایگەیاند، کە دوای ئەوەی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران بەر لەدوو مانگ لیژنەکەمان پێکهات لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی چڕ کارمان لەسەر دۆسیەی جینۆسایدی ئێزەدیەکان کردووە و چەندین بەڵگە و وتەی شاهیدحاڵمان کۆکردۆتەوە، سودمان لەو بڵاوکراوانە وەرگرتووە کە تیرۆرستانی داعش تیایدا دانیان بە تاوانەکانیان ناوە هەروەک وتەی رزگاربووانی تاوانەکانی داعش وەرگیراوە. زیاتر گوتی: لە ئێستادا بۆ هەنگاوی داهاتوومان ئەو بەڵگەنامانە پێشکەش بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای دەکەین بەو هیوایەی بتوانین کەیسی جینوسایدی کوردانی ئێزەدی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بجولێنین، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان لەچەند رۆژی داێ سەردانی لاهای دەکات و دواتریش بۆ هەمان مەبەست سەردانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا دەکەین و لەوێشەوە سەردانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنیف دەکەین تاکو ئەو راپۆرتانەیان پێشکەش بکەین کە لیژنەکەمان ئامادەی کردووە. سەرۆکی لیژنەی باڵای ناساندنی جینوسایدی کوردانی ئێزەدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر ئەوەشی روون کردەوە کە لیژنەکەیان لە رێگەی ئەو سەنتەرەی لەدهۆک دایانمەزراند، چەندین لێکولینەوەیان ئەنجام داوە و چەندان شاهیدحاڵ وتەیان لێوەرگیراوە و کراوەتە بەڵگەی یاسایی بەو هیوایەی پشتیوانی باش بێت بۆ ئەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو کەیسە بجولێنێ. لەوەڵامی ئەوەی کە عیراق ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نییە، لیژنەکە چۆن دەتوانێ کار لەسەر ئەم بابەتە بکات: سەرۆکی لیژنە گوتی: ناکرێ ئێمە دەستەوەستان بین تا عیراق دەبێتە ئەندامی دادگا، بۆیە رێگای یاسایی ترمان دۆزیوەتەوە بەو هیوایەی بتوانێ قەناعەت بە داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بهێنین. پاشان فەلاح مستەفا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت لەوەڵامی رۆژنامەنووسان گوتی: لەسەر ئاستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ شاند و میوانانی بیانی ئەم کەیسە باسکراوە، بەش بە حاڵی خۆمان وەک فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت لەکۆبوونەوەکانمان لەگەڵ کونسوڵ و باڵیۆزی وڵاتان لەهەرێمی کوردستان و بەغدا و لە ماوەی سەردانەکانمان بۆ دەرەوە جەختمان لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوەو پێمان راگەیاندوون کە پشتیوانی لەهەنگاوەکانی ئەم لیژنە باڵایە بکەن، ئێمە گەشبیین بە بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرسە ئەویش دوای ئەوەی لێژنەکە توانی بەڵگەنامەیەکی زۆر کۆبکاتەوە و دەتوانین لەم ٣ ناوەندە گرینگە ئەم پرسە بخەینەڕوو.

هەروا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت ئاماژەی بەوەدا کە ئەم پرسە دوولایەنی هەیە، لایەنی سیاسی و لایەنی یاسایی، وەک لایەنی سیاسی ئێمە لەکۆبوونەوەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتان ئەو کارەساتەمان خستۆتەڕوو کە بەسەر کوردانی ئێزەدیدا هاتووە و هەوڵی پاکتاوی رەگەزیان درا لەلایەن تیرۆرستانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، ئەوانیش پشتیوانی خۆیان نیشانداوە بۆ سەرخستنی ئەو هەوڵە. بەڵام لەڕووی یاساییەوە پێویستە دادگای تایبەت بڕیار لەسەر پرسی جینۆسایدی شنگال بدات و تاوانباران بە سزا بگەیەنێت وتاوانەکە وەک جینۆساید بناسێنێت.

**زیاتر لە ٤٠٠٠ بەڵگە لەسەر کەیسی جینۆسایدی ئێزدییەکان:**

سەنتەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی سەر بە لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزەدی و پێکهاتە نەتەوەیی و

ئایینەکانی تر. زیاتر لە ٤٠٠٠ بەڵگە لەسەر تاوانەکانی داعش لە دژی کوردانی ئێزەدی بەشێوەی زانستی کۆکردوەتەوە.رۆژی پێنجشەممە ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لەگەڵ پرۆفیسۆر مایکل نیوتن سەردانی پارێزگای دهۆکیان کرد و سەنتەری لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکانی داعشیان بەسەر کردەوە و لە نزیکەوە هەندێ نمونەی ئەو بەڵگانەیان بینی کە لەلایەن سەنتەرەکەوە کۆکراوەتەوە وەرگیراوە. وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکاراوان مەبەستی سەردانەکەی بۆ دهۆک روونکردەوە و رایگەیاند، ئەوان هاتوون تا لەنزیکەوە مەرگەساتی کوردانی ئێزەدی بە پرۆفیسۆر مایکل نیوتن نیشاند بدەن و بە چۆنیەتی کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنت ئاشنای بکەن، کە لەسەنتەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی تاوانەکانی داعش کۆکراونەتەوە، هەروەک کورتەیەکی لەبارەی کارەکانی مایکل نیوتن پێشکەش کرد. دوای ئەوە فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک کورتەیەکی لەبارەی مەرگەساتی کوردانی ئێزەدی و پێکهاتە نەتەوایەتیەکانی تر پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر پێداویستی ئاوارەکانی شنگال و رایگەیاند: ئەوان ١٦ کەمپیان بۆ ئاوارەکان لە سنورەکە کردۆتەوە، بەڵام لەبەر سەرمای زستان و زۆری ژمارەیان پێداویستی زۆریان هەیە و داوای لە مایکل نیوتن کرد بە شارەزایی خۆی هاوکار بێت بۆ ناساندنی مەرگەساتی کوردانی ئێزدی.هەر لەمیانەی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رایگەیاند: تیمەکانی گۆڕی بەکۆمەڵ ئەمرۆ لەکۆباشی لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا کە دوێنێ کاریان لەسەر کردوە چەندان روفاتیان دۆزیوەتەوە تا ئەو کاتە ژمارەی رووفاتەکان گەیشتوەتە ٢١ روفات و تیمەکان درێژە بە گەڕان و پشکنین دەدەن لەو سنورە.ئەوجا لەسەنتەری لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی سەر بە لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر، لە کۆبوونەوەیەکدا بە وردی باس لە شێوازی کارکردن سەنتەرەکە کرا.مایکل نیوتن دوای ئەوەی گوێی لە شێوازی کۆکردنەوەی بەڵگەکان گرت، دەست خۆشی لە کارەکان کرد و پێی راگەیاندن ئەگەر بتوانرێت ئەو وتانەی کە سەرکردەکانی داعش سەبارەت تاوانەکان کە لە گۆڤار و پێگە ئەلکترونییەکانی خۆیاندا بڵاویان کردوەتەوە لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە کۆکراونەتەوە هاوتا بکرێت ئەوە دەبێتە بەڵگەیەکی زیندوو لەسەر تاوانەکان.راشیگەیاند، ئەو هاوکار دەبێت بۆ رێکخستنی ئەو بەڵگانە تا پشتی پێ ببەسترێت لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی و کاری لەسەر بکرێت.پاشان وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دادوەرانی سەنتەرەکە بەشەکانی سەنتەرەکەیان بە مایکل نیوتن ئاشنا کرد و چەند نمونەیەکی زیندویان لە شێوازی وەرگرتنی زانیاری و لێکۆڵینەوە لە قوربانیانی دەستی داعش لە سنووری شنگال نیشاندا.لە سەنتەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکومێنتەکانی سەر بە لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینەکانی تر، زیاتر لە ٢٠٠ بەڵگە لەسەر تاوانەکانی داعش لە دژی کوردانی ئێزدی بەشێوەی زانستی کۆکراوەتەوە.

**نەتەوەیەککگرتووەکان و جینۆسایدی ئێزەدییەکان:**

سەرەتایەک بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و راستی، داعش تەنیا لایەنێکی ئەنجامدەری ئەم تاوانەیە، لایەنەکانی تر دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئاشکرایان بکات، رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی ناوچەکە لەناکاو لە شنگال کشانەوە و سەدان هەزار منداڵ و ژن و کەسانی مەدەنییان بۆ داعش بەجێ هێشت. سەرەنجام تاوانە مەزنەکە، جینۆسایدکردنی ئێزەدییەکان دەستی پێ کرد، کە گەورەترین تاوانی سەدەی بیستویەکەمە. ئەو رۆژە رەشە میری ئێزەدییەکان، کۆچکردوو بەڕێز میر تەحسین، بە هاوارێکی خەمناکانە و پڕژانەوە گوتی: ئێمە فرۆشراین.

ئەم رستە کورتە دوو وشەییە، کە زایەڵەکەی بە دنیادا بڵاو بۆوە، دەیان پرسیاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، کە تا ئێستا بێ وەڵام ماونەتەوە: چۆن ئەو سەدان هەزار ئێزەدییە فرۆشران؟ بۆچی و بە چ نرخێک و لەپێناو چ دەستکەوتێک و بە قازانجی کێ فرۆشران؟ ئایا ئەو

دەوڵەت و هێز و لایەنانەی لە پلاندانان و فرۆشتن و کڕینی ئەواندا بەشدارن کێن؟ بە چ ئامانجێک ئەم تاوانەیان ئەنجام دا؟

نزیکەی پێنج ساڵ بەسەر ئەم تاوانە گەورەیەدا تێپەری کەچی هێشتا لێکۆڵینەوە لەم تاوانە نەکراوە، تا هەقیقەت و هۆکاری راستەقینەی تاوانەکە بۆ خەڵک و دنیا روون بکرێتەوە! هەروا هیچ کام لەو فەرماندە سەربازی و ئەمنی و حکومی و حیزبییانەی بەرپرسی ئەو ناوچەیە بوون و ئێزەدییەکانیان بەجێ هێشت، نە رەوانەی دادگا کراون، نە لەلایەن لیژنەی سەربەخۆوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە. ئەم تاوانە سروشتێکی جیهانیی هەیە و بە تاوانێک دژی تەواوی مرۆڤایەتی دادەندرێت و برینێکی گەورەی خستۆتە جەستەی مرۆڤایەتییەوە. بۆیە دەسەڵاتیکی لۆکاڵی ناتوانێت تاسەر هۆکار و حەقیقەتی ئەم تاوانە لەخەڵک و لەجیهان بشارێتەوە. ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان هاتۆتە دەست بۆ ئەوەی داکۆکی لە داد و ماف و کەرامەتی دەیان هەزاران کچ و ژن و منداڵ و سەدان هەزار قوربانی ئێزەدی بکات، کە تا ئێستا بەپێی کولتوور و نەریتی کۆنی عەرەبی و شەریعەتی جەنگەڵ، لە بازاڕەکانی عێراق و تورکیا و هەندێ وڵاتی کەنداودا وەک کۆیلە و کەنیزە دەفرۆشرێن.

نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای لێکۆڵینەوە لە سروشت وناوەرۆکی تاوانەکە، کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزەدییەکانی وەک جینۆساید ناسی. لە هەمان کاتدا داوای لە ئەنجومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتی کرد کە کەیسی جینۆسایدی ئێزەدییەکان رەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە دانهاخ بکات، بۆئەوەی ئەم دادگایە لەم تاوانە مەزنە بکۆڵێتەوە..

جینۆسایدی ئێزەدییەکان ئەوەندەی تاوانی ئەنفال گەورەیە. هەردوو تاوان جارێک بە ناوی عروبە و جارێکی دی بەناوی خوا و ئیسلامەوە لەلایەن هێزی عەرەبی سوننەوە ئەنجام دراون. بەڵام ئەوەی تاوانی ئێزەدییەکان گەورەتر دەکات و برینەکەی بۆ کورد قووڵتر و پڕژانتر دەکات ئەوەیە، کە پێشمەرگە لەبری ئەوەی، وەک پیشەی دەیان ساڵەی خۆی، بەرگری لە گەلەکەیان بکەن و ژیان و خاک و کەرامەتییان بپارێزن، ئەوانیان بۆ رەحمەتی تیرۆریستانی داعش بەجێ هێشت و تەنانەت تاکە سەعاتێک بەرگرییان لێ نەکردن. راپۆرتەکە، لەم بارەیەوە، بە زەقی ئاماژە بە کەمتەرخەمی و هەڵاتنی هێزی پێشمەرگە لە شنگال، دەکات. لە راپۆرتەکەدا، کە نزیکەی چل لاپەڕەیە نووسراوە:

(رۆژی ٣ی ئاب ٢٠١٤ کاتێک چەکدارانی –داعش- بەرەو شنگال چوون و رووبەڕووی هیچ بەرگرییەک نەبوونەوە. ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە جێیەکانی خۆیان چۆڵ کرد و لە بەرامبەر پێشرەویی داعشدا، بەبێ هیچ بەرگرییەک کە شایەنی باسکردن بێت، کشانەوە و زۆربەی ناوچەکانی شنگالیان بەجێ هێشت. دانیشتوانی ناوچەکە لە بڕیاری کشانەوەی پێشمەرگە ئاگادار نەکرانەوە، هەروا هیچ بڕیارێک بۆ دەربازکردنی خەڵکی مەدەنی لە ناوچەکە نەدرا و زۆربەی گوندەکان ئاگاداری تێکچوونی باری ئەمنیی ناوچەکە نەبوون).

کەچی لە بەرامبەر ئەمەدا، راپۆرتەکە باس لە جوامێریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یە پە گە) دەکات، کە لەگەڵ خۆبەخشانی ئێزدی بەرەنگاری هێرشەکەی داعش بوونەوە و توانییان لە سووریاوە رێڕەوێک بکەنەوە و خەڵکی گەمارۆدراوی ئێزەدی، لە چیای شنگال بپارێزن و بەرەو ناوچەیەکی ئارام دەربازیان بکەن.

راپۆرتەکە بەوردی کۆمەڵکوژیی ئێزەدییەکان باس دەکات، جیهان و مرۆڤایەتی لەگەورەیی و سامناکیی ئەم تاوانە ئاگادار دەکاتەوە، داواش دەکات هێزە نێودەوڵەتییەکان ئەو ٣٢٠٠ ژن ومنداڵەی، کە هێشتا لەلای داعش راگیراون، رزگار بکەن . هەروا راپۆرتەکە داوا لە ئەنجومەنی ئاساییش دەکات کە ئەم کەیسە رەوانەی دادگای تاوانی نێودەڵەتی بکات، تا ئەوان لەم تاوانە بکۆڵنەوە، سەرانی داعش و هەموو ئەو لایەنانەی دەستیان لە پلاندانان و کۆمەککردن بەم تاوانە هەیە راپێچی بەردەم دادگایان بکەن. چونکە داعش تەنیا لایەنیکی ئەنجامدەری ئەم تاوانەیە، لایەن و ئەکتەرە سەرەکییەکانی پشت پەردە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئاشکرایان بکات.

ئەم بڕیارە گرنگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بردنی ئەم کەیسە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە زۆر لایەنەوە پڕبایەخە و شایەنی ئەوەیە لە رووی قانوونی، سیاسییەوە

بە فراوانی باس بکرێت. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێک لەو لایەنانە دەکەین.

یەکەم: کەیسی جینۆسایدی ئێزدییەکان، لە رووداوێکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە، دەگۆڕێت بە کەیسێکی جیهانی، واتا لەدەست دەسەڵاتی خۆماڵی دەردەهێندرێت و دەدرێتە دادگایەکی جیهانی، کە خۆی بەدوای هەقیقەتی مەسەلەکە دەکەوێت.

تاوانی جینۆساید لەهەر وڵاتێکدا روو بدات بە تاوان بەرامبەری تەواوی مرۆڤایەتی دادەندێت. بۆیە ئەرکی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگا و داگا و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤە کە داکۆکی لەم کەیسە بکەن، بەرپرسانی ئەم تاوانە رەوانەی دادگا بکەن و بە سزای خۆیانیان بگەیەنن. لەم بیست ساڵەی دواییدا دەیان سەرۆکدەوڵەت و گەورەبەرپرسی سیاسی و سەربازی چەندان وڵات، تومەتی کۆمەڵکوژی و تاوانی شەڕیان دراوەتە پاڵ، بەشێکیان لە دادگای نێودەوڵەتیدا، دادگایی کراون و سزا دراون، بەشێکی تریشیان لە وڵاتانی خۆیاندا، بە چاودێریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، دادگایی کراون، ئەو دەوڵەتانەش بە قانوون ناچارکراون کە بڕیاری دادگا جێ بەجێ بکەن. بۆ نموونە سەرۆکی پێشووی یۆگۆسلاڤیا سلوبۆدان میلۆسۆڤیچ و چەند بەرپرسێکی سەربازی و سیاسیی ئەو وڵاتە، بەپرسانی جینۆسایدی رواندا، کەمبۆدیا و سیرالیۆن...تاد

دووەم: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە دیاردەی داعش دەکۆڵێتەوە و ئەو هێز و دەوڵەت و لایەنانە ئاشکرا دەکات کە کۆمەکی سەربازی و ئابووریی داعشیان کردووە، رێگایان بۆ خۆش کردووە کە بگاتە عێراق و کوردستان و ئەم تاوانە ئەنجام بدات. هەروا رەنگە دادگا وەڵامی ئەم پرسیارەی دەست بکەوێت کە بۆچی داعش بەگژ کورددا کرا؟ چۆن و بە کام مەبەست و ئامانج پەلاماری شنگالی دا؟ دادگا دەبێت لە رێی بینینی بەپرسانی حکومەت لەشنگال ئەو فەرماندە سەربازی و ئەمنیانەی لەشنگال بەرپرس بوون، وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت کە بۆچی ئەو هێزە پڕچەک زەبەلاحەی (پێشمەرگە) کە بە هەزاران بوون، هەڵاتن و داکۆکییان لە خەڵک نەکرد، یان تەنانەت خەڵکە مەدەنییەکەیان ئاگادار نەکردەوە تا ناوچەکە بەجێ بهێڵن، وەک لەراپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە روونی باسکراوە؟ ئایا بەرگری نەکردن و بەجێهێشتنی خەڵکی مەدەنیی شنگال بڕیاری خودی ئەو بەرپرسانەی شنگال بووە، یان ئەوان بە بڕیاری سەرووی خۆیان شنگالیان بەجێ هێشتووە؟ هەروا دادگا دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەم تاوانە گەورەیە، کە بەرامبەر ئێزەدییەکان و مرۆڤایەتیی کراوە، لە چوارچێوەی پلانێکی سیاسی_هەواڵگریی کۆمەڵێک دەوڵەت و لایەنی ناوچەییدا بووە، یان نا؟ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەم کەیسەی بۆ رەوانە بکرێت، دەتوانێت، دوای لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن، وەڵامی ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری تریش بداتەوە، ئەو کەس و لایەنە بەرپرسانەی لەم تاوانە گەورەیەدا بەشداربوون، لە هەر پۆست و پلەیەکدا، بن. بهێنێتە بەردەم دادگا و سزایان بدات.

سێیەم: قوربانیانی ئێزەدی دەبێت لە رووی مادی و مەعنەوییەوە قەرەبوو بکرێنەوە. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئەو دەوڵەت و لایەنانەی دەستیان لەم کوشتارەدا هەبووە، یان کۆمەکیان بە داعش کردووە، ناچار بکات قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکەنەوە.

چوارەم: ئێزدییەکان دەتوانن، بۆ رێگرتن لە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدی تر، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن کە خۆیان، لەژێر چاودێری و پارێزگاریی ئەواندا، ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و چیتر بندەستی هیچ هێز و لایەنی تر نەبن، چونکە دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێم (پارتی) نەیانتوانی لە تەنگانە و کاتی لێقەوماندا، بەرگریان لێ بکەن، لە جیاتیان روو بەرووی ئەم کوشتارەیان کردنەوە. بەمەش بۆ خەڵکی ئێزەدی و دنیایان سەلماند، کە ئەوان شایەنی ئەوە نین حوکمڕانی ئێزەدییەکان بکەن. داننان بەکۆمەڵکوژیی ئێزەدییەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە تاوانی جینۆساید، دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێزەدییەکان و هەموو کورد، هەروا بە قازانجی عەدالەتە لەجیهاندا. بۆیە پێویستە یاساناسان و رێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی کورد، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بەتەنگ جێبەجێکردنی ئەم

بریارەوە بن و پشتگیری و کۆمەکی پاریزەرانی ئەم کەیسە جیهانییە بکەن، ریگە نەدەن ئەنجومەنی ئاساییش، بە هەر بیانوو و بەهانەیەک بێت، ئەم کەیسە رابگرێت و رەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نەکات. لەهەمان کاتدا پێویستە بە رێز و حورمەتێکی زۆرەوە چاو لە رەنج و ماندوبوونی یاساناسی جیهانی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ خاتوو ئەمەل کلونی، هاوسەری ئەکتەری ناسراوی سینەما جۆرج کلونی بکرێت، کە خۆی کردۆتە خاوەنی ئەم مەسەلەیە و لە نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهاندا داکۆکی لێ دەکات. ئەم خانمە پسپۆری یاسای نێودەوڵەتییە و تا ئێستا، وەک پاریزەر، داکۆکی لەکۆمەڵێک کەیسی گەورەی جیهانی کردووە، لەوانە کەیسی داهێنەری ویکیلیس جولیان ئەسانج و سەرۆکوەزیری پێشووتری ئۆکراینا خاتوو تیمۆشینکا. هیوادارم دادگای تاوانی جیهانی بتوانێت، لە رێی دەرخستنی راست و سزادانی تاوانبارانی ئەم جینۆسایدەوە، داد و ماف بۆ قوربانیان و حورمەت بۆ عەدالەت و مرۆڤایەتی و ژیان بگێڕێتەوە.

منالانی بێ ناونیشان:

لە دوای شکستی سەربازی و کەوتنی دوا مۆڵگەکانی داعش، پرسێکی پڕ لەتراژیدیا رووبەرووی کچ و ژنە ئێزەدیە رزگاربووەکان بۆتەوە، ئەویش دەبێ جیا ببنەوە لە منداڵ و کۆرپەکانی خۆیان، ئەو منداڵ وکۆرپانەی بە وتەی ئەم ژنانە "لە خوێن وگۆشتی خۆیانن.".

کەس و کاری ژنە ئێزەدیەکان، رێگا نادەن کچەکانیان بێنەوە بۆ ناو خێزانەکانی خۆیان ئەگەر بێت و ئەو منداڵانە لە گەڵ خۆیاندا بهێنن کە لەکاتی کەنیزەک بوونیان بە دەستی تیرۆریستانی داعش لە دایک بوون. لەباکوری رۆژهەڵاتی سوریا ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانە بە گریان و حەسرەتەوە قسەیان بۆ میدیاکان کردووە، ئەوان بە زۆرەملێ جیا دەکرێنەوە لەمنداڵەکانیان، راستە لەرێگای کۆیلە کردنی سێکسیەوە ئەو منداڵانە لە دایک بوون، بەڵام وەکو پەیوەندی "دایک و منداڵ" ئەوان هەمان ئەو پەیوەندییە سروشتیەیان لە گەڵ منداڵەکانیان هەبووە.

ئەوان لەژێر هەڕەشەی ئەوەدان ئەگەر منداڵەکانیان لە گەڵ خۆیاندا بهێنن، ناتوانن بێنەوە ناو کەس وکاری خۆیان، ئەگەریش نەچنەوە نێو کەس وکاری خۆیان بەتەنیا بگەڕێنەوە هیچ کەسێک پەیوەندیان پێوە ناکات، هیچ کەس؛ خۆراک و هیچ جۆرێکیتر لە یارمەتیان پێ نادات.

هەزاران کچ و ژنی ئێزەدی لەهەمان کەیسدان، هەندێک لەم ژنانە کاتێ داعش لە ٢٠١٤ ئەوانی رفاندوەو کراون بە کەنیزک و کۆیلە، منداڵی خۆیان پێبووە کە هی باوکێکی "ئێزەدی" بووە، ئەم جۆرە لە ئافرەتانی ئێزەدی کەس و کاریان پێیان گوتون: دەتوانن منداڵی یەکەمت بهێنی لە گەڵ خۆت چونکە "ئێزەدییە" بەڵام بۆت نیە منداڵی دووەم و سێهەم بهێنیت لەگەڵ خۆت چونکە بە ئێزەدی حساب ناکرێن.

لە راپۆرتی میدیایی ئەم بابەتە چەندی چیرۆکی تێدایە کە نەک تەنیا دایکەکە وەکو "دایک"دەگری بۆ منداڵەکەی بەڵکو ئەو منداڵانەی یەکەمیش کە "ئێزەدین" دەگرین و داوای براو خوشکەکانیان دەکەن کە لەو دیو سنوور جێیانهێشتن. جەنگ تەنیاماڵوێرانکاری شارو دێ و سوتان نییە، بەڵکو هەموو ئەو دۆخە ناهەموارو دژە مرۆڤایەتییە کە پەل داوێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤانەی لەپاش جەنگ لەدۆخێک رزگاریان دەبێت بۆ ئەوەی خۆیان لەدۆخێکیتر بدۆزنەوە. بەڵام خودی ئەم جیابوونەوە سەپێنراوانەی دونیا مۆدێرنیش هەڵگری هەمان توخمی "دڵرەقی" دۆش داماوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە بە دەستی ئەم هاوکێشە و ئاکامە کۆمەڵایەتییانەی دوای جەنگ لەژیانی رزگاربووان دروست دەبێت.

لەئێستادا کردنەوەی هەر دایلۆگێک لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ رابەرانی ئایینی ئێزەدی بە دەر نابێ لە هەڵدانی چەندان بۆمبی هەستیار، چونکە کەس نازانێ کە خودی ئەم دایلۆگە چۆن دژ بە قوربانیانی ئێزەدی بەکاردێن، بەڵام لەمێژووی هەموو ئەو کارەسات و ستەمانەی لە ٢٠٠ ساڵی رابردوو بە سەر ئێزەدییەکان هاتوونە هیچیان بەقەد ئەم پرسە کلیلی "چارەسەری ئاکامەکانی" لە رووی مرۆڤ بوونەوە نەخستۆتە دەست رابەرانی ئێزەدییەکان.

کاتێک ئەم قوربانیانە کران بە کۆیلە هەڵبژاردەی خۆیان نەبوو، کاتێک دەستدرێژیان کرایە سەرو سکپڕکران دیسان هەڵبژاردەی خۆیان نەبوو، ئێستاش کە بەزۆرداری جیا دەکرێنەوە لە کۆرپەو منداڵەکانیان هەر هەڵبژاردەی خۆیان نیە، دڵرەقی جەنگ و کلتوری دیسپلینی ئاینی چی دەکات! ئایا تێگەیشتنێکی توندەڕەوە؛ ئەگەر بڵێین ئاینی جەلادو ئایینی قوربانی هەردووکیان لەم پرسە لەبەردەم قوربانیان لە ترافیکی دڵرەقیەکانی جەنگ سڵاو لە یەکتر دەکەن.

## راسپاردەکان

-هەنگاوی خێرا بگیرێتە بەر بۆ یارمەتیدانی هەموو ئەوانەی کە ئاوارە و بێخانە ولانە بوون بە هۆی جەنگێکەوە کە بەسەریاندا سەپێندراوە، بە جیا لە دین و ڕەگەزیان.

-هاوکاتیش دەبێت خوشکان و دایکانی بەکۆیلەکراوی ئێزەدییەکان ڕزگار بکرێن، ئەو وڵاتانەی کە هاوکاری داعشیان کردووە، نەک هەر دەبێت سەرکۆنە بکرێن بگرە دەبێت بەرپرس بکرێن بۆ ئەو هاوکارییە سەربازی و داراییەی کە پێشکەش بە داعشیان کردووە.

-ئەو لایەنە سیاسیانەی کە لەو بارودۆخەوە گلاون کەوتوونەتە هەڵخراندنی هەستی ڕەگەزپەرستی و تایفی، عەرەب لە دژی کورد و بە پێچەوانەوە وە سوننی لە دژی شیعە و بە پێچەوانەوە. ئەم سیاسەتەش بۆتە مایەی کارەسات و هەل ومەرجێکی نامرۆڤانە و ڕەگەزپەرستانە لەعێراق و کوردستاندا. پێویستە فشار بخرێتە سەر پارتە سیاسیەکان بۆ کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە.

هەرجۆرە هەڵسوڕان و چالاکیەک لەلایەن لایەنگرانی داعشەوە لە ناو هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئەوروپاش دەبێت قەدەغە بکرێت. ئەوەی ئەوان پیادەی دەکەن بەشێک نییە لە ئازادی بیروڕا و ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی، بگرە بانگەشەیە بۆ چاندنی ڕق و کوشتار. بۆیە دەبێت وەک نازییەکان تەماشا بکرێن. لەلایەکی تریشەوە، دەرکەوتنی ئەوان بارودۆخ دەخوڵقێنێ بۆ سەر بەرزکردنەوەی گروپ و مەیلە ڕاسیست و ڕەگەزپەرستەکان لەئەوروپادا لەدژی هەر هاوڵاتییەکی غەیرە ئەوروپی یان ئەوانەی کە بە ناو لەوڵاتە ئیسلامیەکانەوە هاتوون. ئەمەش پشێویەک دەنێتەوە کە ئەوروپا نیەتیەتی خۆی لێ لابدات.

- جیهان پێویستە هێڵی سور بۆ جینوسایدی ئێزەدییەکان دابنێت" ، "پێویستە ئیزدییەکان ڕزگار بکرین" ئاوارەکان ژیانیان دابین بکرێت"، "

-ئەوەی داعش بەرامبەر کوردانی دەڤەری شەنگال ئەنجامیدا، تاوانی ئەنفالی بەعسیەکانیشی تێپەراند ، چونکە ئەوان بەئاشکرا وێنەی کوشتارەکان، سەربرینی مرۆڤەکان، فرۆشتنی ژنان بە پاساو دەهیننەوە و بڵاویشی دەکەنەوە ، کەچی هیزە ئیسلامیەکان (کۆمەل، یەکگروو، بزوتنەوە) ئامادەییان تیا نیە ، لاوازترین هەڵویست ئیدانەی داعشە بەهیزیکی تیرۆریست و هاوسۆزی دەرببڕن لەگەڵ کوردانی ئێزەدی لەدەڤەری شەنگال، لەمیدیا و لیدوانی فەرمی بدەن. ئەم بێدەنگییەی لایەنە ئیسلامیەکان ئەوە دەردەخات ئەوان دژی ڕەفتارە فاشی و بەربەریەتی داعش نین بەرامبەر بە کوشتار و پاکتاوی



کوردە ئێزەدییەکان، تەنیا بەهۆی ئەوەی ئاینیان جیاوازە.

-ڕەوشی ژیانی سەختی ئێزەدییەکان لای هەموو جیهان ئاشکرابوو ئەویش سەبارەت بە چالاکی کەسایەتی و رێکخراوەکان و میدیاکاندا، بەتایبەت لەکۆژانی ئێزەدییەکان لەکەمپەکانی ناو هەرێمی کوردستان و سوریا و تورکیا وگرفتی لاوان و ئاستی بەرزی ڕێژەی بێکاری

بڵاوبوونەوەی نەخۆشـــی و وازهێنان لەخوێندن. هەروەها ڕەوسی هەڵایساوی پەنابەران لە یۆنان و سربیا،
-ژنە ئێزەدییە رزگاربووەکان نموونەی نادیا موراد و لەمیا بەشآر، ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لەگەیاندنی ڕووی ڕاستینەی ئەو ســـتەم تاوانەی کە ژنە ڕفێنراوەکانی بەر دەســـتی تیرۆریســـتانی داعش بە ســـەکۆی میدیاکان و وڵاتانی خاوەن بڕیار لەجیهاندا، لێرەدا دەمەوێ تیشــک بخەمە سەر منداڵی زەوتکراو لەسایەی داعشدا دوای داگیرکردنی موسل لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ کە کاریگەری زۆری هەبوو لە هەڵوەشـــاندنەوەی بونیاتی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی تاوانکردنی بەرفرەوانی لەدژی مافەکانی مرۆڤدا، لەهەقی مەســیحیەکان، شـــەبەک، تورکمانی شـــیعە، کاکەیی و سـابیئەکان، ، کە ئێزەدیەکان بەشـی شـێریان بەرکەوتبوو لەتـاوانی کوشـــتن ورفـانـدن و لاقەکردن و کۆیلەداری سـیکسـی و بەزۆر مسـولمان کردن، بەسـەربازکردنی منداڵان و بەزۆر دەرکردن، کە بووەی هۆی پەیداکردنی درز لەبونیاتی کۆمەڵایەتی و پاشەکشێی بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان..
-منداڵی زەوتکراو لە لەناو خێوەتی پەنابەران لە ژیانێکی تاڵ و پاشەرۆژێکی نادیاردا، بەو ڕستەیە ڕەوشی منداڵە ڕزگاربووەکانی بندەسـتی داعش لەناو خێوەتی پەنابەران چڕ دەکەینەوە کە لەکەمترین پێداویســـتیەکـانی ژیـان بێبەشـن، کە ڕەوشـی خراپی تەندروسـتی و چاودێری پزیشکی تێدا بەدی ناکرێت. کە ٢٧٤٥ منداڵی هەتیو هەن، کە دوای داگیرکردنی داعش بۆ ناوچەکە لە خێزانەکانیان دابڕاون وحکومەتی عێراقی و ڕێکخراوەکـانی نەتەوە یەکـگـرتووەکـان فەرامۆشـــیـان کردوون لە چوونە خویندنگاولو ئامێزکردنیان، لەرەوشێکی نالەبارو تراژیدی دەژین.
-کەم ئەندامە تایبەتە سـەختەکان کە بە گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی ونەبوونی فێرکردن و کێشـــەی خێزانییەوە دەناڵێنن، ئەو منداڵانەی کە بە گشت سرووتە مەحاڵەکانی کات و شوێن گەمارۆدراون، لەسایەی ئاڵای ڕەشی داعش کەبەسپیتی لەسەری نووسراوە لا الله الا الله محمد رسول الله کە لەســـەر پانتایەکی جوگرافی توندوتیژی و مەرگ دەشـــەکێتەوە ، منـداڵەکـان بە زۆری و بەمەبەســـتی پیشەسازی خۆکوشتنی دوارۆژ لەسەر چەک و سەربڕین ڕادەهێنرێن، ئەوانە هەمووی بەبەرچـاوی جیهـانەوە دەکرێن و بێهەبوونی هیچ هەڵوێستێکی جیددی بۆ بەهانا هاتنیان و پاراســـتنیان، هەروەها نەبوونی ناوەندێکی ڕەچاوکردن و ڕاهێنان بۆیان.
- داوا لە رای گشتی جیهان دەکەین لەرزگارکردنی ئەوەی لە توانـادایە ڕزگـار بکرێن و دانـنـان بە جینۆســـیـادی ئێزەدیەکـان و دیـارکردنی نـاوچەیەکی پـارێزراوی نێودەوڵەتی بۆ ئێزەدییەکان تا دووبارە تاوانی کۆمەڵکوژی لەیادەوەری گەلی کوردستان و عیراق و جیهاندا بەردەوام ودووبارە نەبێتەوە.

**ئەنجام:**

لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسـلامی ناسـراو بە تیرۆریســـتـانی داعش یەکێـک لە هەرە قێزەونترین تاوانەکانی ســـەردەمیان بەرامبەر بە هاووڵاتیانی ئێزەدی دەڤەری شـنگال و پێشـتریش هاووڵاتیانی کریسـتان و شەبەک و تورکمانە شیعەکانی ناوچەی موسڵ ئەنجامدا، کە نموونەی ئەم تـاوانـانە لە ١٠٠ ســـاڵی ڕابردوودا لەجیهـانـدا نەبووە. بۆیەش داوا لەکۆمەڵگـای نێو دەوڵەتی و کوردســـتانی دەکرێت بەرەو ڕووی تاوانەکە ببنەوە، لەیـادی ئەم تـاوانە قێزەونەدا داواکـارین، حکومەتی هەرێمی کوردستان فشار بخاتە سەر حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی پەیمانـنـامەی ڕۆمـا واژۆ بکـات و ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی لەرێگای بە ئەندامبوونیەوە لەدادگاکە بۆ پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەی مەڵبەندی جینۆســـاید رابگەیەنێت، کە دژ بە دووبـارەبوونەوەی تـاوانەکـانی ڕابردووە، کە بەســـەر گەلەکەماندا هاتووە ( فەیلییەکان، بارزانییەکان، ئەنفال، هەڵەبجە، تەعریب، شـنگال، بالیسـان و شـێخوەسـانان، سمێل..)، کە دواجار تاوانەکانی شنگال سەلماندییەوە بە ئەندام بوونی عێراق زامنی دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانەو سزادانی بکەرانی و ناساندنی حەقیقەتی یاسایی تاوانەکەیە لەئاسـتی نێودەوڵەتیدا، داوا لەدەسـەڵاتدارانی کوردســـتان دەکەین، داواکاری بە ئەندام بوونی عێراق لەدادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەنە یەک لەداواکارییەکانی خەڵکی کوردسـتان لەدانوسـاندنەکانیان لەگەڵ حکومەتی

ناوەندی بەغدا، لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و سازشی لەسەر نەکەن، هەر کەس و لایەنێک لەکوردستانەوە ریکلام بۆ داعش بکات، پێویستە بە تاوانی هاوکاریکردنی تیرۆر و بانگەشە بۆی دادگایی بکرێت، هەر کەس و لایەنێک نکۆڵی لەجینۆسایدی ئێزەدی و کریستان و پێکهاتەکانی دیکە بکات لەلایەن داعشەوە، پێویستە سزابدرێت و ئینکارکردنی تاوانەکانی جینۆساید وەک تاوان سەیر بکرێت لەهەرێمی کوردستاندا، بە یاسا رێکبخرێت.هەر پارت و لایەنێکی سیاسی ئینکاری جینۆسایدی ئێزەدی و کریستان و شەبەک و .... بکات ، یاخود برەو بە سیاسەتی جیاکاری بەرامبەریان بدات لەئاستی خوارەوە پێویستە قەدەغە بکرێت، پێویستە ئەو چەکدارە کوردستانیانیانەی لەریزی داعش بوونە، لەکاتی وازهێنانیان دادگایی بکرێن لەبەرامبەر بەشداریکردنیان لەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە.

هەروەها پێویستە ئەو تاوانانەی لەرابردوودا لەرێگای ٧٢ فەرمانەکەوە بەرامبەر بە ئێزەدی و کریستان و پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان کراوە، تۆمار بکرێن وەک مێژوو و بچێتە بواری میتۆدەکانی خوێندنەوە.دەبێت سنورێک بۆ تەجاوزات بۆ سەر ناوچەکانی ئێزەدی و کریستان و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان دابندرێت، تایبەتمەندی ناوچەکانیان بپارێزرێت و لەدەسەڵاتدارێتی کوردستاندا رۆڵی زیاتریان پێ بدرێت.

داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکەین، هەر دیلێکی داعشی هاووڵاتی ١٢٤ وڵاتەکەی ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیان لایە، رادەست بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەن، بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن. هەروەها داواکارین لەهەردوو لایەن بریار بەدەستان و تاوانبارانی داعش دیار بکەن، ئەوانەی لەبریاردان و تاواندا رۆڵیان هەیە، ناوەکانیان بدەنە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. پێویستە هەمووان خۆمان ئامادە بکەین بۆ قۆناغی دوای هەرەسی داعش و گروپە تیرۆریستەکانی دیکە، بریار بەدەستان و تاوانبارانیان بدۆزینەوە و سکالایان لەوڵاتەکانیان لەسەر تۆمار بکەین، یاخود ناوەکانیان و شوێنی ژیانیان بدەینە دادگایی تاوانی نێو دەوڵەتی، داواکارین ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەهۆکاری داگیرکردنی شنگال لە ٣-٨ لە لایەن داعشەوە بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێت، ئەگەر شکستی سەربازییە ئەوانەی هۆکاری شکستەکەن سزا بدرێن و لەبەرپرسیارێتی سەربازی دوور بخرێنەوە، ئەگەر کارئاسانیکردنێک هەبووە بۆ لایەنی بەرامبەر، ئەوا بە تاوانی هاوکاریکردنی جینۆساید سزا بدرێن.دواجار داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی زیاتر تەرخان بکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و ئازاد کردنی دایکان و خوشکانی ئێزەدی و قەرەبووکردنەوەیان بۆ قۆناغی دوای گەڕانەوەیان. راپۆرتێکی گرنگ لە بارەی جینۆسایدی ئێزدییەکانەوە.

رێکخراوی ئێزەدی بۆ بەڵگەکردن، بە هاوکاری دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، راپۆرتێکی تیروتەسەلی لە بارەی "کۆیلایەتی کردن بە ئافرەتان و کچانی ئێزەدی لە ژێر جەنگی داعش" ئامادەکردوە و بڵاوی کردوەتەوە. راپۆرتە زۆر لایەنی بەڵگەنامەیی و دۆکۆمێنتکردن و یاسایی و رەهەندە جیاجیاکانی تاوانەکە و گونجاندنی لە چوارچێوەی یاساورێسا نێودەوڵەتیەکان تێدایە.

سەرەتای راپۆرتەکە کۆمەڵێک داتاو ئاماری وردی تێدایە و بەم شێوەیە خراونەتە روو "لە بەر ئەوەی راپۆرتەکە تایبەتە بە کۆمەڵگەی ئێزدی لە عێراق، ئەوا ئێزدییەکان دووچاری درندانەترین شێوازی تاوان و پێشێلکاری بوونەتەوە، لەلایەن بەناو "رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی- داعش"، بە تایبەتی لە قەزای شەنگال و گوندەکانی لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، کە لەناوبردنیان حەڵاڵ کرابوو، وە بوە هۆی رفاندن و کوشتنی هەزاران و دەربەدەربوونی هەزارانی تر، بەرەو خاکی دەوڵەتی سوریاو چیای شەنگال.

هەرلەراپۆرتەکەدا بە وردی هاتووە کە بە پێی نوسینگەی رفێنراوانی دهۆکی سەر بە وەزارەتی کاروباری ئاینی، بەم شێوەیە تۆمارکراوە. ژمارەی رفێنراوە ئێزدییەکان لە ژن و منداڵ و پیاو، "٦٤٠٤" شەش هەزارو چوارسەدو چوارکەس بوون. لەنێویاندا "٣٥٣٨" سێ هەزارو پێنج سەدو سی و هەشت کەس لە رەگەزی مێ و "٢٨٦٦" دووهەزارو هەشت سەدو شەست و شەش کەس لە رەگەزی

نێر. بە وردی و بە ژمارە باسی ئەوەش دەکات کە "٢٦٤٠" دوو هەزارو شەش سەدو چل کەس، لە نێویاندا "٩٥٣" نۆسەدو پەنجاو سێ کەس لە رەگەزی مێ و "٣٢٨" سێ سەدو بیست و هەشت کەس لە رەگەزی نێرو "٦٧٥" شەش سەدو هەفتاو پێنج منداڵ لە رەگەزی نێرو "٦٨٤" شەش سەدو هەشتاو چوار مناڵ لە رەگەزی مێ، رزگار کراون. هەروەها باسی ئەوەش دەکات، بە پێی ئامارو بەڵگەنامەکانی بەردەست، ژمارەی ئەوانەی لەلای داعشن و دەستبەسەرن، "٣٧٧٠" سێ هەزارو حەودسەدو حەفتا کەسن. ئەم راپۆرتە لە ساڵی ٢٠١٦ بڵا وکراوەتەوە و بێگومان رەنگە ئێستا کۆمەڵێک گۆڕانکاری نوێ لە ئارادابن، بەڵام هیچ کات نرخی ئەم بەڵگەنامەیە و زانیارییەکانی کەم نابنەوە و بگرە بە یەکێک لە راپۆرتە باش و زانیاریدەرەکان دادەنرێت.

**سەرچاوە:**


-خليل جندي.تقديم سعد سلوم - الدين الايزيدي.المعتقدات.الميثولجيا.الطبقات الدينية- مؤسسة السارات للتنمية الثقافية والاعلامية. بيروت بغداد، 2018

-داعش و الفرمان الاخير، حسو هورمی، داعش و الاباده الجماعيه للايزيديين- دار المسارات.2016

-دليل الصحفيين للكتابه عن قضايا الاقليات- مقومات عمليه- اسس مهنيبه. خدر دوملى- مطبعه ماردين اربيل- ٢٠١٧

- الكرد آمه الابادات الجماعية- كرستينا كويفلن.ترجمة حسين ملا محمود. مركز القاهرە للدراسات الكردية. طبعة الاولى -٢٠١٧

-هوشنك بروكا . لغز طاوسي ملك. او اصل الخيرو الشر في الايزدية.ط الاولئ 2014.

-حسو هورمي.داعش و تجيد الاطفال الايزيدين.2019

-منئ ياقو. الحاية القانوية للاقليات. راسة تطبيقية .اربيل 2019

-جمال رشيد احمد، المعتقات اينية في بلاد سوبارتو، اربيل 2017

**سەرچاوە کوردییەکان:**

-حەسو هورمی -ئێزیدیاتی د ١٠٠ پرساندا. هەولێر ٢٠٠٨

- نەجم ئەلوەنی- ئایینی ئێزیدی لە نێوان چەند جەمسەری و بڕوای یەکتا پەرستیدا- هەولێر ١٩٩٩.


-راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کەیسی جینۆسایدی ئێزەدییەکان

-راپۆرتی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەریمی کوردستان.


**تێبینی:** پووختەی ئەم توێژینەوەیەم لە رۆژانی ١وی٢ تەمووزی ٢٠١٥ لە کۆنفرانسی زانستی ( جینۆسایدی گەلی کورد) لە زانکۆی گەرمیان پێشکەش کرد، بێگومان لەوساوە تا ئێستا گۆڕانکاری زۆر لە داتاو هەژمارەکان کراون بەتایبەت لە هەڵدانەوەی ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ژمارەی شەهید و ونبووەکان و هەروەها لە گەڕانەوەی کچان و ژنانی کۆیلەکراوی ئیزەدییەکان و دواتر پرسی منداڵانی بێ ناونیشان.

*فەرەیدوون سامان: سەرۆکی رێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری

## پاکیزەکەی شەنگال




رۆمانێکی وارید بەدر ئەلسالمە، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل گۆڕیویەتی بۆ زمانی کوردی و لەدوتوێی ٣٦١ لاپەڕەدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاویکردووەتەوە. چیرۆکی رۆمانەکە دەربارەی تاوانەکانی داعشە دەرهەق بە ئیزدییەکانی شەنگال ودەوروبەری، رۆمانەکە چیرۆکی بە سوویی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە، کە تا لێواری مەرگ بران، هەوڵ وهاوارێکە دژی بێدەنگی جیهان لە ئاستی ئەم تاوانەدا نووسەر بەوردی رووداوەکان دەگێڕێتەوە وهێزی گوزارشتنکردن لەم رۆمانەدا لە ئاستێدایە کە خوێنەر بەش بۆ بەش لەگەڵ خۆیدا کەمەندکیش دەکات.

# چۆن لە ئەنفال رزگارمان بوو.

دیاری سەمەد ئۆمربلی

پێش پەلاماری ئەنفال لە گوندی ئۆمەربل دەژیاین. هەموو روژێک گوندەکەمان بەتۆپ و تەیارە بۆمباران دەکرا، کەم رۆژ هەبوو، ئەمە رونەدات، ژیـان لەوێ زۆر قورس و ئەستەم بوو، وامانلێهاتبوو نەتوانین بەئاسانی بجولێینەوە ورده ورده گونـدەکەمـان چۆڵ دەبوو، چونکە خەڵکی گونـدەکەمـان پێشـــمەرگەو هێزی بەرگرییـان هەبوو زۆرجاریش گورزی کوشـــندەیان لە رژێم دەدا، هەرکاتێک رژێم هێرشـــی بۆکردایە، بێ زیان نەدەگەڕایەوە لاشـــەی کۆمەڵێک جاش وســـەربازی بەجێدەهێشـــت و ئەفســـەرو موســـتەشـــارەکانیش بەلوتی شـــکاوەوە دەگەڕانەوەو دەڕۆیشتنەوە بۆ مۆڵگەکانیان.

حکومەت بە جاش وجەیش نەوەستا ئینجا دەستی کرد بە تۆپباران و تەنانەت ناپاڵمیشـــی بەســـەر گوندەکەماندا فرێدەدا. ئێمەش ناچاربووین ئۆمەربل چۆڵبکەین و بارمان کرد بۆگوندی توکن. ئەوسا باوکیشم بریندار بوو رانێکی شـکابوو، تەنها یەک شـەو لە گوندی توکن ماینەوە لەوێش بارمان کرد بۆ گوندی تەپەســـپی، لەویش زۆر نەماینەوە پەلاماری ئەنفال دەستی پێکرد.

پێشـــمەرگەش هێنـدە هێزو توانـای بەرگرییـان نەمابوو، چونکە حکومەت هێرشـەکانی چڕوپڕچەک وفراوان بوون. هێرشـــەکان بۆســـەر هەموو نـاوچەکان بوون ، دوای نێوەرۆیانێک بوو، خەڵکەکە لەناوگوندەکەدا شـــڵەژان و هەریەکەو بەلایەکدا هەڵات ئێمەش بەرەو گونـدی هەوارە قوڵە رۆیشـــتین کۆپتەرەکانیش بەئاســـمانی ناوچەکەوە دەسوڕانەوە. جاش وجەیش پێشڕەویان دەکرد،

باوکم و شەهید حەمەی سەیدمحێدین پێکەوە بوون، باوکم بەدایکمی گوت: (ســـەعدە) لەبەرئەوەی منداڵەکان وردن ناتوانم ئێوە لەگەڵ خۆمدا بەرم، خۆت دەزانی نەســـەیارەو نەتراکتۆرو هیچمان پێ نییە.

- دایکم (سەعدە) گوتی : ئەی چارە چیبکەین ؟
- ئێوە بچن وەک ئەو خەڵکە خۆتان تەسلیم بکەن.
- ئەی ئێوە چی دەکەن ؟

ئێمەش دەچین بۆلای پێشـــمەرگەکان و لەگەڵ هێزەکانیان دەڕۆین .

بـاوکم وســـەیـد محێـدین هەرلەوێ ئێمەیـان مـاچ کردو خواحافیزیمان لەیەکتری کردو ئەوان رۆیشـــتن و ئێمەش لەبانگ وسەلاماندا و دەستمان کردە گریان باوکم ئاورێکی بۆدانیەوە هەرگیز ئەو ئاوڕەم لەبیرناچێتەوە.ئەوان رۆشتن ئێمەش بەدەم هەنســـک وگریانەوە بەدڵتەنگی کەوتینەڕێ بەڵام نـازانم بەرەو کوێ دەڕێن، نەمـانـدەزانی ســـەری خۆمان بۆ کوێ هەڵگرین ؟ هێواش هێواش بەرەو گونـدی هەوارە قوڵەرۆیشتن، گەیشتین و ئەوشەوە لەوێ ماینەوە. بەڵام باش بوو دیسـان لەوێ لەگەڵ باوکم و سـەیدمحێدین یەکتریمان گرتەوەو بەیەکتری شـادبووینەوە بەڵام مەخابن جـارێکی تـر دابراینەوەو ئەوە دابرانی یەکجـاری و دوادیـدارمـان بوو. بـاوکم لەگەڵ ســـەیـدی رەحمەتی و هەندێکپێشـــمەرگەی تر بەرێکەوتن بەرەو ژوور رۆیشـــتن. من هەر تەماشــــام دەکردن، دەبێت ئەوەش بڵێم باوکم لەبەرئەوەی پێشـمەرگەبوو هەروەک میوان وابوو لەلامان و کەم دەمانبینی، چونکە بەردەوام لەجەولەدا بوون و جاری وابوون دەڕۆیشتن بۆ شـەڕەکانی سەرکردایەتی دوو سێ مانگیان پێدەچوو، کەبشـــهاتنایەتەوە، هەر ســـەرقاڵی پێشـــمەرگایەتی بوو لەناوچەی کفری وزەنگاباد چالاکیان دەکرد.

ئێمەش هەر ئەو رۆژە بە ســـواری تراکتۆرێـک بەرەو خوارهاتین، بۆ گوندی قەڵاقۆچاڵی ئێمە بەرێگاوە بووین کە بینیمان وا دەبابەو جەیش وجاشێکی زۆر بە سەیارەی ســـەربـازی و تۆپی قورس و دورهـاویژەوە بەرەو ژور دەرۆیشـــتن، من ئەوســـا ئەلبومێکم پێبوو هەمووی وێنەی پێشـمەرگە بوو، ئەلبومەکەم لەلا زۆرجوان وخۆشـەویسـت بوو، دایکم وتی: کوڕم ئەوە فرێبـدە نـاو ئەو خەلەی گەنمەوە نەکا جاشـەکان بێن بمان پشکنن، بەدەستمانەوە ببینن دەمانکوژن، من زۆر دڵگران بووم بەو قســـەیەی دایکم دڵم نەدەهات ئەو ئەلبومە پڕ لەیـادگارییە فرێبـدەم، بەڵام کەتەماشــــای روخســـاری دایکم و ئەوهەموو جاش وجەیشـــەم کرد بەناچاری فڕێمدایە ناو خەلەی گەنمەکەوە، ئەوساڵە هات بوو گەنم زۆر بەرزببووەوە.

کە گەیشـتینە دێی قەڵاقۆچاڵی شـەوێک لەوێش ماینەوە کە رۆژبووەوە دایکم گوتی : دەچم بۆملەسـورە دەڵێن خەڵک

زۆر لەوێ گردبوونەوە بەڵکو ئـاواتی کچم و جەواهێر و دادە جیهان لەوێ ببینمەوە (جەواهیر زڕ دایکی بوو) دایکم ڕۆیشت و بۆ ئێوارهکەی گەرایەوە لای ئێمەو گوتی ئەوانم لەوێ دیووەتەوەو ســبەی ئێمەش دەڕۆین بۆلای ئەوان با هەر لەگەڵ ئەوان بین بەداخەوە کە ئێمە گەیشتینە ملەسورە ئەوانیان بردبوو، فریای بینینیان نەکەوتین.

لەوێ دایکم لە ژنێکی پرسی ئاوات وئەوان چییان لێهات ؟ ئەو ژنە ناسیاومان بوو وتی: پێشئەوەی ئێوە بگەنە ئێرە سواری زیلی سەربازییان کردن و بردیانن.

دایکم زۆر بێتـاقەت بوو، ئێمەش هەموومـان بێتـاقەت بووین، ئەوکـاتە هیچ کەس نەیـدەزانی خەڵکەکە بۆکوێ دەبەن، یەکێـک دەیگوت بۆخواروی عێراق و یەکێـک دەیگوت بۆکەلار حکومەت و جاشـــەکان پڕوپاگەنـدەی ئەوەیـان دەکرد کە ئۆردوگـامـان کردووەتەوەو خەڵکەکە دەبەن بۆئەوێ، کـات بەرە درەنگی و خۆرئـاوابوون دەڕۆیشــــت بیرم دێـت خەڵکەکە بۆخۆیـان پەلەپەلیـان پێکەوتبوو سواری زیل وئیڤا سەربازییەکان دەبوون وایان دەزانی بۆ ئوردوگایان دەبەن، ڕۆژی پێشـــوتر کەهاتبوو گەڕابوو ماڵی مامم مەلا ســـابیری لەوێ بینی بوو لەگەڵ هەندێک لەخەڵکی گوندەکەمان لە خانویەک خۆیان حەشار دابوو، دایکم پێمی وت تۆ لە پێشەوە بڕۆ بۆناو ئەوخانوە منیش بەقسەیم کردو ڕۆشتم، ئینجا ئەویش دانە بە دانە منـداڵەکانی بەدوای منـدا نـاردە نـاوخـانووەکە، لەوێ کە خەڵکی ئۆمەربـل و منـداڵەکـانی مـامـمـان بینی ئـارامی وکەمێک ئاســـودەیمان بۆهاتەوە، کات تادەهات درەنگ دەبوو، زۆری نەمابوو خۆرئاوابێت. دایکیشـــم چووبوو بۆدۆزینەوەی ئاواتی خوشکم وئەوان، خۆر لەئاواندا بوو، ماتۆڕســوارێک هات کوڕێکی ئەســمەری گورج وگۆڵ بوو لەگەڵ مامم مەلاســـابیر کەوتنە قســـەکردن مامم وتی : حەسەن فەتاحە دەڵێت ئەمشەو هەمووتان ڕزگار دەکەم .

حەسەن فەتاح وتی: هەندێک ئیستخبارات ماون هەرکاتێک ڕۆیشـــتن ئێمەش دەڕۆین دونیـا تـاریـک داهـات زۆری پێنەچوو حەســـەن فەتاح هات وتی: ســـەرکەون ئێمەش سـواری تراکتۆرەکان بووین حەسـەن وتی : ئەگەر لەڕێگا کەســـمان توش بوو ڕێگایان پێگرتین بڵێن ســـەربەمەلا ڕەحیمین پێموایە ئەوە ناوێکی نەێنی بوو. لەنێوان حسـن فتاح و جاشـــی ناو ڕەبایەکان. ئێمە ســـواری ســـێ تراکتۆرکراباووین هەرســـێکیـان پڕکرابوون لەخەڵکی ئەوگوندانە کەوەک ئێمە لەماڵەکانیان هەڵاتبوون، حەســەن بەماتۆڕەکەیەوە پێشـــمانکەوت، تیلەکۆ نزیـک بووینەوە ئەوســـا ناحێ بوو، وتی هەمووتان دابەزن دەبێت لێرەوە بەپیـادە بڕۆن بۆکەلارو صـــمود هەمووـمـان بەپیـادە کەوتینەڕێ، باران دایکرد، بەلێزمە بەســـەرماندا دەباری ئەو سـاڵە باران زۆربوو گەنم وجۆ هێندەی باڵای کردبوو هەرگیز شتی وام نەدیووەتەوە.

شـــەوێکی تاریک وســـامناک بەرچاوی خۆمان نەدەدیت هەندێک ڕێگامان بڕی و حەســـەن فەتاح گوتی دانیشـــن، دانیشـــتین و گوتی : کەمێک نان بخۆن هەریەکەو کەمێک نانەوشـــەکەمان پێبوو، دوای ئەوە هەموومانی کۆکردەوە وتی: من ئێوەم بەتەنسـیق دەرکردووە، دەبێت هەرماڵێک ٢٠ دینار بدەن ڕاستی دەکرد لەگەڵ ڕەبایەکان ڕێککەوتبوو لەوکاتەدا بەمەلای مامەمی وت :

- مەلا کوان خیزان و منداڵەکانی کاک سەمەد ؟
- ئەوەتان

دایکم کەمێک ترسـا بەڵام مامەم زوو دڵیدایەوەو پێی وت مەترسە حەسەن خزم ودۆستی خۆمانە. حەسەن فەتاح ڕوی کردە دایکم و وتی:

- دادە ســـەعدە ئێوە کەســـی خۆمن مەترســـن و پارەش مەدەن.

دایکم دڵنیـابوو لەوکـاتەوە هەتـا ئێســـتـاش بیر لەقســـەکەی حەســـەن دەکەمەوە، بۆ ئێمە ئەوەنـدە گەورەو بەنرخە هەرگیز لەبیری ناکەین. هێدی هێدی بەو شـەوە ڕێگامان دەبڕی هەتا لە کەلار نزیکبوینەوە لەکەلار، بەڵام لەبەرئەوەی پورم ونەنکم تەمەنیـان هەبوو نەیـانـدەتوانی لەگەڵ ئێمەدا ڕێبکەن لەپشـــتی (صمود-رزگاری)یەوە پەکیان کەوت و بەجێمان، ڕێگا بڕین ئاسـان نەبوو بەو شـەوەو بەوترسـەوە، بەڵام زۆریش ســـەخـت بوو دوو پیرەژن لەو دەشـــتە بەجێبمێنن، ئەوکـاتە دایکیشـــم دوگیـان بوو، هەژارلەسکیدابوو، پەرژینی خوشکیشم لەباوەشیدا بوو، گەورەی ماڵیش من بووم، تەمەنم پانزە ســـاڵ بوو، بۆیە نەمـانـدەتوانی هەڵیـانبگرین و کەســـش

نەبوو دەستیان بگرێت، لە بیرمە دایکم زۆر بەخراپی پێیهەڵکەوت و دایکم وپەرژین کەوتن بەزەویدا لەناو گەنمەکەدا لیمان وون بوو، خودایە خوت شاهیدیت دایکم وتی پەرژین، هەرچۆن بوو پەرژینمان دۆزیەوەو بەو حاڵە گەشتینە کەلار کاتژمێر سێ ونیوی شەوە، کاک حسن ئەو هەموو خەڵکەی بەسەر ماڵە خزمەکانی خۆیدا بەدایکمی گوت: ئێوە عایدی خۆمن

ئێمە ئەوکاتە ٧ سەرخێزان بووین، کاک حەسەن لەدەرگای ماڵێکیدا دەرگایان لێکردینەوەو وتێ؛ ئەم منداڵانە خزمی خۆمن بالێرەبن .. من نازانم باسی کام هەڵوێستی بکەم . بەهەرحاڵ ماڵەکە نانی تیری وماست وچایان بۆمان هێنا، بڕوابکەن ئینشاالله درۆناکەم براکانم نانەکە بەدەستیانەوە بوو لەهیلاکیدا خەویان لێکەوت، هەموو گیانمان تەڕبوو بەو شێوەیە خەومان لیکەوت.

سبەی کەروژ هەڵهات دایکم لەخاوەن ماڵەکەی پرسی:

- ماڵ عزیزحەوە نزیکە لیتانەوە؟
- بەڵێ لێمانەوە نزیکن.
- کەوایە ماڵتان ئاوابێت من ئەچم بۆ ئەوێ چونکە خزممانن.

ئیتر بەبڕیاری دایکم چوین بۆماڵی کاک عەزیز و ٢شەو لەوێ بووین، رەحمەت لەویش پیاوێکی باش وبەڕێز بوو، قەومدوست وکەسایەتیەکی کومەڵایەتی بوو، دوای دوو دوو ڕۆژیش لەوێ دایکم وتی: بانەبینە بارگرانی بۆ ئەم ماڵەش دەچێن بۆ کفری، نەشماندەزانی بۆکوێ وبۆکام ماڵ بچین، هیچ کەس وخزمێک لێمانی نەدەپرسی کەسیش ناهەقی نەبوو مەترسی زۆربوو، حکومەت خراپ ومەترسیداربوو، ڕۆژگارەکە رەش وتاریک بوو. لەسەر بڕیاری دایکم چوین بوکفری، لەوێ چوینە ماڵی مەلاستار کە برازای عزیزی حەوەیە، شەوێک و دوو ڕۆژیش لەوێ ماینەوە. پێش خۆرئاوابوون هەڵکەوت هات دای لە دەرگای ماڵی مەلاستار، یەکسەر وتی: کوا سەعدە؟ دایکمی بانگکرد و پێیگوت بەزوترین کات کفری بەجێبهێڵەو دەرچۆ، ماڵی ئەویش ئاوابێت ئەوکاتە هەڵکەوت پیاوی رژێم و (طواری)بوو ئەگەر ئارەزووی بوایە خۆی دەیدانیە دەست بەعسیەکانەوە، هەرئەوشەوە سواری ئۆتۆمبیلێک بووین و چوین بۆگوندی قەرەبلاغی براحمە، ماڵی خاڵی دایکم لەوێ بوو چەند شەوێک لەوێ ماینەوە، دیسان ئیخباریکراین و بەپەلە ئەوێشمان بەجێشت، بەڕێکەوتین بەرەو صمود.

زۆر خەفەتم بۆ دایکم خوارد کە وتی : خوایە گیان ئێستا ڕولەکوی بکەم؟ بۆهەرکوێ بڕۆم بۆهەر ماڵێک بڕۆم بەدوامانەوەن .. ئاخ لە زوڵە کوردا! چەند ڕۆژێک لەماڵ باوام باوکی دایکم وماڵی پورە نەجیبەم ماینەوە لەوێ لەگەڵ ئەو پورەم و دایکی باوکم کە لەڕێگەی تیلەکۆ بەجێمابوون. لەصمود یەکمان گرتەوەو چوینە ناوخانویەکی بێدەرگاوە، دیواری حەوشەی نەبوو سەربانەکەی گڵ وداربوو، کەباران دەباری هەمومان چۆرەمان لێدەبرا، لەوێ دایکم وپورە نەجیبەم چونە بازاڕ، هەندیک شتیان بۆ ڕۆژبەڕێکردن کڕی وهاتنەوە، پاش ماوەیەک چوینە خانویەکی باشترەوە، هەژاری برام لەو خانووەدا لەدایک بوو، ئێمە گرفتێکی ترمان هەبوو هەموو جنسیەو هویەکانمان کەوتبوە لای ئاواتی خوشکم ئەویش گیرابوو بردبوایان بۆ قۆرەتوو بەرئەنفال کەوتبوو. لەبەرئەوە هەموومان بێ ناسنامەو جنسیە بووین،

هیچ هەواڵێکی باوکیشمان نەبوو باش بوو دوای ماوەیەک هەواڵی باوکمان پێگەیشت کەلە ژیاندا ماوەو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەرچووەو لە ئێرانە. هەواڵەکەش لە رێگای پێشمەرگە پارتیزانەکانەوە گەیشت، بەوە زۆر دڵخۆش بوین، ئێمەش هەر لەڕێگەی پێشمەرگە پارتیزانەکانەوە هەواڵمان بۆ باوکمان ناردەوەو مژدەی ئەوەشمان بۆ نارد کە کورێکت بووە باوکم دوبارە هەواڵی هاتەوەو نامەیەکی ناردبوو تیایدا نوسیبوی کوڕەکەم ناو بنێن هەژار چونکە لە هەژاریدا لە دایک بووە، دوای ماوەیەک لەڕێگای عوسمانی حاجی محمودو نەسرین خانی هاوسەری شکور قەرەبلاغی هەندێک پارەو سێ پارچەئاڵتوونمان لە ئێرانەوە بەدەست گەیشت.

ڕۆژەکان دەهاتن وتێپەرین، ڕۆژێک دایان لەدەرکای حەوش من ودایکم چوین دەرگامان کردەوە، پیاوێکی کەتەی دەموچاو ناشرین و مۆن بوو، کەوتە برسیارکردن لە دایکم : توخیزانی صمدی ؟

- بەڵێ من خێزانی ئەوم
- من موختاری گەڕەکم (عومەریونس)م ســـەعدە صمد لەکوییە ؟
- والله نازانم ماوە یان مردوە..
- درۆدەکەیت باش دەزانیت لەو جەوەڵەیە لەگەڵ ئەحمەدی حاجی ڕەشـــید و عوســـمانی حاجی مەحمود .

(ڕۆحت شاد بێت کاک ئەحمەد گیان) کابرای کەتە عومەری موختار هەرکوڵی نەدا وتی: دەبێت بەیانی لە مونەزەمەی ســـمود حازربیت. بۆ ســـبەی من و دایکم ڕۆیشـــتین بۆ منەزەمەی ســـمود، دەســـتیان کرد بەلێکۆلینەوە، کەتەواو بوون وتیان پەنجەمۆر بکە، کە تۆ نازانیت (مێردەکەم — صـــمد) لە کوێیەو ئاگات لێی نیە، ئیدی جەنابی موختار وازی لێمان نەدەهینا هەر ماوە ناماوەیەک دەهاتەوە ســەرمان و دایکمی بۆ لێپرسـینەوە ڕاپێچی منظمە دەکرد، بەردەوام چاودێری دەکردین و مراقەبەی لەســـەرماڵمان دانابوو.

من و هێمن زۆر حەزمان دەکرد بخوێنین دایکم بردمانی بۆ مەکتەبیک لەگەڕەکی شاکەل، وتیان لەبەرئەوەی پێناس وجنســـیەتان نیە وەرتان ناگرین، من زور حەزم دەکرد بخوێنم ماموســـتایەک ناوی قانعە وتی: ئێوە وەرناگیرێن چونکە منداڵی پێشمەرگەن. ئیتر بەدڵشکاوی و بێئومیدی گەڕامەوە. ساڵی١٩٨٩ حکومەت لێبوردنێکی دەرکرد لەوەدا خەڵک دەیتوانی بچێت بەدوای کەلوپەلی ماڵدا بگەڕێت من و دایکم و باپیرەم باوکی دایکم و حســـین ئەلفە باوکی عمید غائب، چوین بو لادێ و چوینە تەپەســـپی وتمان بەڵکو شـــتێکمان مابێت بەکەڵک بێت و بیهێنینەوە، پێش ئەنفالیش هەندێک شـــتمان شـــاردبووەوە بەڵام کە چوین هیچ نەمـابوو پێموایە تەلەفزیونەکەمـان کەوتبووە لای پێشـــمەرگە پارتیزانەکان. لە بیرمە باوکی کاک غایب مریشـــکی برژاوو پێڵاوی ئەدی داســـی هێنابوو بۆ کاک غایب و هاوڕێکانی لەوی من بەدایکمم وت لەگەڵ کاک حســن ئەچم با پیشـــمەرگەکان ببینم بەڵام دایکم رازی نە بوو. دواتر لەگەل دایکم چوینەوە بۆ شـــوێن مـاڵەکەی خومان دەرگای حەوشـــەکەمان دەرگایەکی دو لای بچوک بوو، بەگوللەی دوشـــکە دەرگاکە کرابووە دووکەرتەوە، دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو کە چوینە ماڵەوە پێش ئەنفال وینەی شـەهیدێک لەماڵماندا هەڵواسرابو وێنەکەیان پارچە پارچە کردبوو ئەو شـــەوە هەر لەو جەوەڵە بوین و ڕۆژی دوایی هاتینەوە بۆ صمود. ( ناوی شەهیدەکە)

ڕوژێـک بـاوکی نقیـب محمـد، کـاک حمەئەمینی دێی تەپەســـپی ڕەحمەتی لێبێت هات بوماڵمان، هەندێک نامەی پێشـــمەرگە پـارتیزانەکانی هێنـابوو، کـاک حەمەومین ناسـیاوو جێگەی بڕواومتمانە بوو، نامەکانی دایە دەسـت دایکم، وتی ئەم نامانە بگەیەنە، پێموایە نامەیەکیان هی ئازادە سوور بوو، حەسەن شێخ لەنگەری وماڵیکی دیکەی وت بەداخەوە ئێستا بیرم نەماوە.

لێرەوە دەڵێم دایکە، ســـڵاو لە قارەمانێتی و خوراگرێت، هەم دایک بویت بۆمان و هەم باوک بویت، هەم پیشمەرگە بویت، هەتـا مردن ئێمە قەرزداری تۆین. ســـوپـاس بۆ باوکمان کە بەتێکۆشان و خۆڕاگری مایەوەو چۆکی دانەدا ئەوەش بۆئێمە شـــانـازییە، جێگەی ئـامـاژەیە کە لەو دابڕانەوە بـاوکمـان نەبینیەوە هەتـا لە ڕاپەڕین هـاتەوەو بەیەکتری شاد بوینەوە.

**لە کۆتایدا دامەوێت جارێکی تر سـوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەم پیاوە بەڕێزانە بکەم:**

1. **حەســـەن فتاح کە بووە فریاد ڕەس و ئێمەو سەدان کەسی تری ڕزگارکرد.**
2. **حاتەمی حاجی ڕۆســـتەم و کاک ســـەرتیپی ئەحمەد ئاغای زەنگەنە، کە زۆرجار سەردانیان دەکردین.**
3. **کاک حەســـەن واحید، کە ئێمەی بردە لای خۆی هەتا ڕاپەرینی بەهاری١٩٩١**

# بۆ مێژوو



فەیروز ئەحمەد

براو هاوڕێی دادگام (کاک شێخ عومەر بەرزنجی) هەمیشە له یادمەو ڕێزی زۆرم بۆی هەیە، ئەو پارێزەرەی که له سەروەختی ئەنفال و قڕکرندنی کوردانداا بێبەرامبەر کاری پارێزەری بۆ دەیان و بگره سەدان کەسوکاری ئەنفالکراوان کرد. بۆیه بڕیارمداوه لەمەولا هەتا پێم بکرێت لاپەرەکانی مێژووی دادگای سلێمانی هەڵبدەمەوە...هەڵوێستی جوامێرانەی هەندێک کەس باس بکەم که یاریان بەژیانی خۆیان کردوه له پێناو خزمەتکردنی خەڵکی لێقەوماوی کوردستاندا!! لەکاتێکدا هەرله ناو دادگای سلێمانیشدا خەڵکانێک (نطق)یان له خۆیان بڕی بوو، مێش میوانیان نەبوو کەمیللەتەکەیان توشی چ نەهامەتیەک هاتوون، ئەوانه بەبێدەنگی و لەبن دەستی بەعسدا خۆیان پێگەیاندو لەدوای ڕاپەڕینیش کران بەنوێنەرو دەمڕاستی خه ڵک.

بەداخەوە ئەمڕۆ دیاردەی دژایەتی کردنی نەیارو هەرکەس که ئینتیمای بۆ حیزبی ئەونەبێت زۆربەربڵاوەو ئەو کەسە ئەکەوێتە بەرشاڵاوی ڕەخنەی بێ سەروبەرو بێینەمای بێویژدانانە، بێ ڕەچاوکردنی مێژوو ڕابوردوی پاکیان له سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ له دوای پرۆسەکانی ئەنفال!! (مجلس قيادة الثورة)ی حکومەتی بەعسی فاشست بڕیارێکی دەرکرد بەپێی ئەوبڕیارە خەڵکی ئەوناوچانەی که پرۆسەی ئەنفال دەیگرتنەوە (ناوچەی قەدەغەکراو) نەدەبوو لەدام ودەزگاکانی دەوڵەتدا هیچ ئیشوکارو مامەڵەیەک بۆ کەسوکاری ئەنفال بکرایە، سەرپێچی کردن لەم بڕیارەش سزای مەرگ (اعدام) بوو! ئەوکاته من و سۆلاف سید ئیبراهیم حەفید له دادگای باری کەسێتێ لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی و یاریدەدەری دادوەر بووین!! ڕەوان شاد دادوەر (شێخ لطیف شێخ سعید معروف) دادوەری یەکەم و دادوەر سەباح عومەر دادوەری دووەم بوون. ڕۆژانه دەیان خەڵکی ناوچە ئەنفالکراوەکان ڕویان دەکردە دادگا بۆتەواو کردنی (معاملاتی اسپاتی) زوجی و تەسکەرەی مناڵ و. هتد.ئێمه بەڕاشکاوی لەگەڵ حاکم شێخ لطیف قسەمان کرد و پێمانگوت دەبێت ڕێگەیەکی یاسایی بدۆزینەوە بۆ یارمەتیدانی ئەو خەڵکە لێقەوماوە، دادوەر سەرپشکی کردین و ئێمەش یەکەم هەنگاو پێمان ڕادەگەیاندن که له داواکارییەکانیاندا زێدی بنەڕەتی خۆیان نەنوسن، بیگۆڕن به گەڕەکێکی سلێمانی..بۆخۆشم هەندێک له عەرەیزە نوسەکانم ئاگادارکردبوو.

لەبەرئەوەی داواکاریەکان زۆر بوون و زۆربەشیان نەشارەزا بوون...بێپول و پارەو ماڵوێران هەمووی به ئێمه نەدەکرا، بۆیە پەنامان برد بۆ( کاک شێخ عمر بەرزنجی) که ببێته پارێزەریان...ئەویش ئازایانه هاتەپێشەوەو وازی له هەزاران دیناری ئەوسەردەمە هێناو بەگیانێکی وڵاتپارێزی و دڵسۆزییەوە کاری بۆ دەکردن.

ئیتر وردەکاری و پرۆسەی دادگاو بڕیارەکانیش لای جەنابی حاکم بوو، زۆربەی ئەو ئیشانەمان دەبردەوە بۆ ماڵەوەو شەو تەواومان دەکردن.

هەرچۆنێک بێت توانیمان بەهە زاران لەگرفت رزگار بکەین، خەڵکی گەرمیان کەلارو باوەنورو سەنگاو و قەرەداغ شاهێدن...ئەوەی توانیمان بەویژدانەوەکردمان، بەڕاستگۆیی ئەرکی نیشتمانی وئەخلاقی خۆمان بەجێهێنا، دواتر ئەمنی بەلدە پێیانزانی و ڕۆژانه دەهاتنه ویزەمان، هەتا ڕاپەڕین لەژێر چاودێری و فشاری لێپرسینەوەدا بووین.

بەداخەوە ئەمڕۆ حوکمی کوێرانه جێگەی لۆژیک و ویژدانی گرتۆتەوە! بەگرنگی دەزانم نەهێڵم مێژوی خەڵکانێک بزربێت، که له سەخت ترین قۆناغی سیاسیدا له پشت خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانەوە بوون..کاریشم بەسەر ئەوەوە نییه ئەمڕۆ چین؟ لەگەڵ کێ و سەربه چ حیزبێکن؟...من سوپاسی مرۆڤه مەردو بوێرەکانی دادگا دەکەم.

لەکۆتاییدا دەڵێم ڕۆحت شاد دادوەره بەرزو بەبەزەیی و مرۆڤ دۆستەکەم (حاکم شێخ لطیف گیان) ئێوەش نەمرن....

تێ بینی/ بەرێز کاک شێخ عومەر ئێستا باڵوێزی عێراقه لەوڵاتی قطر.

# هەنگاونان بەسەر پشکۆدا
# بیرەوەریەکانی ڕۆژانی ڕەشی ئەنفال



حەمە غەفور

لەبەراییدا پێم باشە بەکورتی باسی ئەوە بکەم .کە بۆچی ، هەنگاونان بەسەر پشکۆ، م دا هەڵبژارد بۆ ئەم بیرەوەریانە ، من ئەو ســـــەردەمە فیراری عەســـــکەری بووم بەهەویەو ئیجازەی تەزویرەوە ئەگەڕام، !! جێگای خۆیەتی کەلێرەدا بۆ یەکەم جار باسی ئەوە بکەم کەبۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ ، کاک شکور محمود عارەب، .کەتێکەڵاوی خێزانیمان هەیەو وەکو براو کەســـی یەکتر لەخۆشـــی وناخۆشـــیدا ئـاگـاداری یەکتر بووین ، .ئیجـازەو هەویەی نوێی بۆم ئەهێنا لەعەســـکەری کە خۆی نایب زابت بوو لەســـوپای عیراق بێبەرانبەر، ئەم کـارەی بۆ من ئەکرد لێرەوە ڕێزو خۆشـــەویســـتیم بۆی هەیە. بەڵێ ئەو کاتە من گەنجێکی چەپی دڵ پڕ لەئومێد بەدنیایەکی بـاشـــترو لێوان لێو لە ووزە بووم ، بۆ خۆ پارێزی زۆر کەم شەوان لەماڵی خۆمان ئەخەوتم ، بەڵام هەرکـارێـک بەمن کرابێـت هەرچەنـدە خەتەریاتەکەشـــی زۆر بووایە ئەمکرد ، بەکورتی ڕۆژانی ئەنفال من بەتەزویرەوە ڕۆژی وا بووە دوو جار چوومە بۆ قادرکەرەم بەنێو دەیان ســـەیتەرەی ئیســـتخباراتدا، ڕاســـتیەکەی کورد ووتەنی مل لەچەقۆ دان بوو ، بەڵام ئەبوایە بشـــم کردایە .هۆی هەڵبژاردنی نـاوەکە لەوێوە هـاتووە، لە دەســـت پێکردنی یەکەم قۆنـاغی تـاوانی ئەنفـالەوە.خەڵکی کوردســـتـان پێشـــبینی لێکەوتە تراژیدیایەکانی پرۆســـەکەیان ئەکرد ، بەتایبەت کەڕژێمی بەعسی فاشی پێشتر ناوچەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆی به (محرمة) ناو بردوو خەڵکەکەشـــی بە دوژمنی خۆی ناو دەبرد ، ئەو ســـەردەمە تەنها لەڕێگەی ڕادیۆ یاخود هات و چۆوە هەواڵەکانمان پێ دەگەیشـت ، !! بەڵام بەگەیشـتن و بیســـتنی هەر هەواڵێکی تازە زیاتر ترس و نیگەرانی لای خەڵکی دروســـت دەبوو، هەمووی باســـی لە دڕندەیی و دەســـــت نەپـاراســـتنی جیش وجـاش بوو لە خەڵکی کوردســـتان. ئێمە نشـــتەجێی خوورماتوو بووین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ترس ونیگرانی لە چارەنووسی ناوچەکە فراوان تر دەبوو، ، !! بەداخەوە ئەوەی لێی دەترساین ڕوویدا.

ئەو ڕۆژەی پەلاماری گەرمیان دەستی پێکرد بۆسوتاندنی خەڵک وخاک پێکەوە ، خەڵکی داوێ شۆڕ بوونەوە بەرەو ناو شـــارســـوپای دڕەندەیی بەعس بە هەموو ئیمکاناتی ســـــەربازی خۆی لە ئامادە باشـــیدا بوو بۆ ئەوەی لەو شـوێنانەی کە خۆی دەیویسـت دەسـت بەسـەریان بکات. زۆربەی خەڵکەکەیـان بردە نـاو مەڵبەنـدی لاوان (مركز الشـباب)ە کەی خورماتوو لە گەڕەگی کۆماری، پیرو گەنج ومناڵ لەژن و پیـاو ، خەڵکی بە شـــەرەف و قـارەمـانی خوورمـاتوو بوو بوون بەکڵپەیەک لەتورەیی و پەتی تەحەمولیان پچڕاو لەو دیمەنە تراژیدیە بێدەنگ نەبوون. چونکە لکۆکردنەوەی ئەو خەڵکەدا بۆنی تـاوانێکی گەورە دەهـات. خەڵکی نـاوچەی داویە وەکو پەیوەنـدی خێزانی لەگەڵ کـوردانـی دووزدا هەمـوو کەس وکـاری یەکـتـرن مـامەوخـاڵۆ ، میمـک، تەنـانەت زۆرێکیـان مـاڵی براو خوشـکیان هەبوو لە دووز، ئەو جێگایەی خەڵکەکەی تێدا بەند کرابوون لەلایەن ئیســـتخبارات و ســـوپاو مەفرەزە خاسەکانی جاشەکانەوە حیمایە دەکران، ئەو جێگایە چوار دەوری ماڵە کوردەکان بوو بە ئاشکرا خەڵکی کەسوکاری خۆی ئەبینی .کە لە چی هەلومەرجێکی ســـەخت ودژواردا ئەژین ، ڕژێم لەلایەک هەســـتی بەوە ئەکرد کە ڕەنگە دۆخەکە بتەقێتەوە و لە کۆنتـرۆڵی دەرچێـت لەلایەکی تریشـــەوە گیردانی ئەو خەڵکە لەو شـوێنە بە شـێوەیەکی

کاتی بوو، .ڕژێم پاســـێکی زۆری هێنا بۆ قاتعی جیش شەعبی دووز بۆ گواستنەوەی خەڵکەکە، هەتا ئێرە جارێک کەس ناوی تۆبزاوای نەبیســتبو، عەســرانێک دوای ئەوەی کە خەڵکی دڵنیــابوون لەوەی خەڵکەکە ئەگوازرێتەوە، خەڵکی تووڕە پەلامـاری داروو بەردی ئەو جێگەیـان داو دەرگایان شــکاند، ئەو خەڵکەشــی لە ژوورەوە گیرابوون هەوڵی خۆرزگـارکردنیـانـدا، ئەوەی لە توانـایـدا هەبوو ئەوەی ویســـتبێتی دەرباز بێت خۆیان ڕزگار کرد، لێرە ئەمەوێ ئاماژەیەک بەوە بدەم کە خەڵک هیچ متمانەیەکیان بە حیـزبی بەعس نەبـوو، !! بەڵام کەس لەو بـڕوایەدا نەبوون ئەو هەموو خەڵکە بیرێن و بەکۆمەڵ بکوژرێن یان زیندە بەچاڵ بکرێن ، لە بەشەکانی تر بەووردی دێمە سەر ئەم باسە. ئەو ڕۆژەی کەیەکەم وەجبەی ، گواستنەوەی ژن و منداڵەکان لەدووز دەستی پێکرد .من بەیانیەکەی زۆر زوو لەگەڵ کریم ی ئـامۆزام چوین بۆ نـاحیەی قـادر کەرەم ( دواتر لەبەشەکانی تر دێمە سەر قادرکەرەم ، و چیرۆکە ناخ لەت لەت کەرەکانی) ، کەگەڕاینەوە دووز بەشـــێک لەژن و منداڵەکان برابوون بەرەو تۆبزاوا !! بەڵام شار بۆنی خوێن وگریان وترس لەئایندەیەکی ترسـناکی گرتبوو ، یەکسـەر چووم بۆلای مەرکەز شـەبابەکە هەندێ لەهاوڕێکانم بینی ، خەڵــک دەوروبەری مەرکەز شـــەبـابەکەی گـرتـبـوو ، ئیستخبارات و جیش شعبی وهەردوو مەفرەزە خاسەی ، ( جەبارە دریژ) کە خەڵکی باســی ئەوەیان ئەکرد کەیارمەتی خەڵکێکی زۆری داوە بۆ دەربـاز بوون، هەروەها مەفرەزە خاســـەی ( مەلا رەووف) کەخۆی و جاشـــەکانی تەقەیان لەخەڵکی کردوو، هەر بەفیشـــەکی ئەوانیش ، بەقســـەی شـــایەتحاڵەکان، عەبدول باســـیت عەبدولکەریم گومبوی بەسـەختی بریندار کرا، من بۆ مێژوو ئەیڵێم .ئەو عەسرە مەلا رەووف م بینی بەقەناسـەوە لەپێش دەرگای سـەرەکی مەرکەز شـەبابەکە وەسـتابوو بۆ ڕێگری کردن لە هەڵمەتی خەڵکی لەگەڵ کەوتنە ڕێی پاســەکان خەڵکی هەڵمەتیان بۆ پاسەکان بردو جامیان شکاندوو پێشیان بەپاسەکان گرت لە دەرگـاو جامەکانەوە پەیتا پەیتا خەڵکی ڕزگـارئەکران، خەڵکی بەشـــەرەفی گەڕەکی کۆمـاری هەموو دەرگـای حەوشەیان خستبووە سەر پشت، بۆ ئەوەی ڕزگاربووەکان بێ وەســـتان ولە دەرگادان خۆیـان بکەن بە ماڵەکانداو خۆیان حەشـار بدەن و ڕزگاریان بێت لەبردن بۆ تۆبزاوا ئەم حاڵەتی دەرگا خســـتنە ســـەر پشـــتە شـــەوانیش هەربەردەوام بوو، کەمن لەگەڵ ڕەمەزان و حسن گومبی و قادرەســـوردا شـــەو ئەگەڕاین بە دەورو پشـــتی مەرکەز شەبابەکەدا بۆ دەرفەتێک بۆ ڕزگار کردنی کەسێکی زیاتر بڕوا نــاکەم خەڵکی دووز بەتــایبەت کورد زمــانەکەی بەدرێژایی ئەو فەترەیەی تـا کۆتـا خەڵــک ڕاگوێزرا بۆ تۆبزاوا، خەو ئیسراحەتیان کردبێت هەمیشە چاو لەدەرگا بەئومێدی ئەوەی ڕزگار بوویەک خۆی بکات بەماڵیانداو بیشـــارنەوە، یەک بۆ دوو شـــەو لەپشـــتەوەی مەرکەز شەبابەکەوە پەنجەرەکان شکێنران وخەڵکێکی زۆر دەرباز بوون ، جەبارە درێژ هەرچەندە ئامری مەفرەزە خاسە بوو هەم یارمەتی وهەم چاوپۆشیشـی کردبوو چونکە بەشـێک لەدەوروبەری مەرکەز شەبابەکە لەلایەن ئەوانەوە ئەپارێزران، . بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کەئەو وەختە دزەی کردبوو ، علی حســـن مجید ئاگادار کرابوەوە لەپەلاماری خەڵکی وارەمانی دووزو ڕزگار کردنی بەشـــێکی خۆر لەخەڵکی، ئەوترا کە علی.ح.م ، ووتویەتی ئەگەر پەلاماری چەکداری تێـدا نییە دان بەخۆتـانـا بگرن. من جـارێکی تر ئەوە ئەڵێمەوە خەڵکی کوردستـان دڵنیا بوونایە ، کەسـەدلەسـەد ئەم هەموو خەڵکە، جارێکی تر نابینرێنەوەوزیندە بەچاڵ ئەکرێن ، جۆگەڵەی خوێن ئەرژاو بەئاســـانی ئەو خەڵکە تەسلیمی ئەو چارە نووسە نەدەبوون.

ماڵی ئێمە بەحوکمی ئەوەی پیشـــەی قەســـابیمان ئەکرد ئەبوایە هەموو ڕۆژ بـاوکم لەمەیـدانی حەیوان بوایە، بۆ بەیـانیەکەی لەگەڵ بـاوکم ڕۆشـــتم بۆ مەیدانی حەیوان ، بیشـــتم ئاژەڵێکی زۆر لەمەیـدانەوە قیمەتی حەیوان زۆر دابەزیوە، ئەوەی ئەو ڕۆژە بینیم کەئەکاتە ٣٢ ســـاڵ پێش ئێســـتا تـاکو ئەو ڕۆژەی ئەمرم لەبیرم نـاچێتەوە، یەکەم کەس کەبەر چاوم کەوت ژنێکی بەتەمەنی خەڵکی ئاوایی ( تەختە مینە) بوو ، ئەی خوا ئەگەر تۆ هەیت وئەم خەڵکە مەخلوقی تۆن ، !!؟ چۆن قبوڵ وتەحەمولی ئەکەیـت مەخلوقێکی تری خۆت ، !! ئەمی تریان ئاوەها هەڵکێشـــی لەبرین وئازارو نەفسیەت وکەرامەتی تێک بشکێنی. ژنێک تەمەن نزیکەی حەفتا ســـاڵ بە زۆر خۆی ئەکات بەکێش مەگەر تەنهـا وتەنهـا خۆی بزانێـت چەنـد شـــەوە خەو

نەچووەتە چاوی و چەندیشە نانی نەخواردووە، بەپەتێکی باریک ناو قەدی خۆی بەستبوو ، هەردوو لا لێوی تاوەکو نیوە، !!! لەبرساو لەترساو لە تینوێتی وماندوو بووندا ، سپی هەڵگەڕابوون، بەدیار کۆمەڵێک بزنەوە بوو هاواری ئەکرد بۆ خاتری خوا نەجاتم بدەن ، خۆتان قیمەتی لەسەر دانێن لێم بکڕن ، ئەمەوێ بڕۆم سۆراخی منداڵەکانم بکەم، بەوە ئەچوو پیاوی نەمابێت پێشتر ، لێی نزیک بوومەوە ووتم میمی گیان هەر ئێستا باوکم بانگ ئەکەم لێت بکڕێ وبەشکو بکەویتە هۆڵ منداڵەکانت ، کەچی باوکم بێئومێدی کردم ووتی کورم بەیەک فلس لێی ناکرم، ئەوان بەڕەزامەندی خۆیان نایفرۆشن و ناچار بوونە من کاری واناکەم ، مب زۆرم ووت وباوکم هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی.تا کابرایەکی ترم ڕازی کرد لێی بکڕێت بەنیوە قیمەت، مەیدانی حەیوان جمەی ئەهات لەئاژەڵی تالانی جاش هێنابووی دابووی بەیەکێکی تر بۆی بفرۆشێت ، بەشەریکی .ئەفسەرو سەربازی سوپای عیراقی هێنابوەیان هەر لەڕێگەوە بەچارەکە قیمەت ئەیانفرۆشت، زۆر بەی جامبازە کوردەکان خۆیان بەدوور ئەگرت لە کڕینی ئاژەڵی تالانی ، یەک دوو کەسێکیان نەبێت کەمن ئەیانم ناسی بەڵام ئێستا کەسیان لەژیاندا نەماون.

له هەمووی سەخت تر مەنزوومەی شیمال بڕیارێکی دەرکرد .لە ماڵی هەر کەسێکدا خەڵکی ئاوایەکان بگیرێت خاوەن ماڵەکەش لەگەڵیدا دەگرن، خەڵکی دووز هەرکەسەو کەوتنە گواستنەوەی ئەوانەی داڵدەیان دابوون، بەرەو تکریت و سامەڕاو دەرەوەی شار. بەداخەوە لەمەشیان بەشێکی کەمیان دواتر گیرانەوەو، بۆ هەتایە نەبینرانەوە بەتایبەتی بەشێک لەکوڕە گەنجەکان کەلە ڕەبایەی ئەفواج خەفیفە خۆیان شاردبوەوە ، چی دواتر ئاشکرا بوون وگیران ، یاخود هەندێ لەسەرک جاشەکان بۆ ئەستۆ پاکی خۆیان تەسلیمیان کردن بە ئیستیخبارات.

لەبەشی سێیەم مەرگەساتەکانی ڕێگای چوون بۆ ناحیەی قادر کەرەم و هەواڵی شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگە لەتازەشارو شە هید بوونی زۆر بەیان ولەنێویاندا شەهید بوونی ، هاوڕێ و هاو پۆل ومناڵی یەک گەڕەک شەهید ماجد بەهائەدین عەلی خەلیفە(ئەو وێنەیەی کەهاوپێچە لەگەڵ ئەم نوسینەدا کاکە عبدولباسیتە کەبەسەختی برێندار بوو لەهەڵمەتی ڕزگارکردنی ئەنفالکراواندا. پێشئەوەی بچمە سەر باسی ڕۆیشتنم بۆ قادر کەرەم وهەواڵ و سۆراخکردنی خزم و کەسە نزیکەکانم، بۆ مێژوو ئەمە ئەگێڕمەوە ، ئێمە لەخوورماتوو چەند هاوڕێیەکی چەپ زۆر لەیەکەوە نزیک بووین، هەر یەکەمان بەپێی نزیکیمان لەگەڵ ڕێکخراوو گروپە چەپەکانی ئەو سەردەمە لە ( ڕەوتی کۆمەنیست، یەکێتی خەبات، دەستەی پێشڕەوانی، هتد) ئاگاداری چالاکی وبڵاوکراوەکان ئەبووین و خۆشمان بەبەشێک لەوان ئەزانی، هەر لەدەست پێکردنی قۆناغی ٣ ی ئەنفالەوە کە مەترسیەکانی زۆر زەق دیار بوەن .پێموابوو کە ڕەنگە چەپەکان بەگشتی لەسەر کاردانەوەیەکی عەمەلی پێک بێن ، بەرانبەر بەم لەشکرکێشێە دەر هەق بەخەڵکی کوردستان، خۆم زۆر مەشغاڵ بووم داوام لەیەکێک لەو برادەرانە کرد کەبڕوات بۆ کەرکوک و لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کەرکوک کەپەیوەندی هەبوو لەگەڵیان قسە بکات وبزانێت بەتەمای چین ، !! دوای دوو ڕۆژ هاتەوە ووتی بەداخەوە هیچ شتێک لەئارادا نییە لەو بارەوە ، !! ووتی تەنانەت هەندێکیان وەکو (تاک) پێی وایە ئەم پرۆسە فاشیستیە بەقازانجی بزووتنەوەی چەپ تەواو ئەبێت ، !!؟ .گوایە سبەی خەڵکی ئاوایەکان لەچەند موجەمەعێکدا کۆ ئەکرێنەوەو ئەوسا چەپ بەئاسانی ئەتوانی لەگەڵیان قسەبکات، . باوکم ودایکم ( یادیان بەخێر) خزمی یەکتر بوون ، بۆیە خزم وکەسی باوکم بەهەمان شێوە خزم و کەسی دایکیشم بوون . لەگەڵ گەیشتنی یەکەم هەواڵی سوتاندنی دێهاتەکانی ناو زەنگەنەو شۆڕبوونەوەی خەڵکەکەی بەئاراستەی قادر کەرەم و کەلار ، زۆربەی خەڵکی دێهاتەکانی زەنگەنەی ئەوبەر ڕووباری (ئاوەسپی*)وەکو ئاوایەکانی هەردوو خان ، هەردوو بنەکە ، هەردوو عەلەیان ، سەرڕەش ، کانی عوبێد، هتد بەڕێ کەوتن بەرەو ئاراستەی شاری کەلار ، هەرچی دێهاتەکانی زەنگەنەی ئەم بەری ئاوەسپی بوون وەکو ئاوایەکانی هەردوو گۆلباخ، مشکی بان و هەرێنە ، تیلەکۆو قەیتول، تۆپخانە، مەلائۆمەر، سپی سەر بەکرە گەڕە، .هتد لەگەڵ بەشێک لە خەڵکی قەرەداخ، کەوتبوونە ڕێ بەرەو قادرکەرەم

عەســـــرانێک باوکم زۆر بەســــۆزو دڵێکی پڕ لەئازارەوە مەقامی خاوکەری ئەوت ولەگەڵیشیدا ئەگریا، هەستم ئەکرد وەکو کتری سەرئاگر ئەکوڵێت، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە رووی تێکردم وبەقورگێکی پڕ گریانەوە ووتی: حەمە گیان کەسو کارمان ، برازا ، خوشکەزا ، خاڵۆزا میمزا ئەوانەی لادێ نشین بوون خۆیان یاخود ئەوانەی بەهۆی فیراریەوە لەئاوایەکان دانیشتبوون هەرهەموو بەرئەم پەلامارە شوومە کەوتن ، ووتم باوە گیان سبەی ئەچم بۆ قادرکەرەم، ووتی بەس خۆت ؟.ووتم یەکێک لەگەڵ خۆم ئەبەم ، زۆری نەبرد علی قادر(علی ئاڵتونچی یادی بەخێر) پەیدابوو. ئەو شەوە لەماڵمان مایەوەو پرسی سبەی چی ئەکەیت ؟.ووتم بەتەمام برۆم بۆ قادرکەرەم بزەیەک کەوتە سەرلێوی، هەستم کرد وەڵامەکەمی زۆر پێ خۆشبوو، ووتی ڕاستیەکەی منیش بۆ ئەوە هاتووم بەڵام تۆ هەموو شـــتێکت تەزویرە هەســـت ناکەیت موجازەفەیەکی گەورەیە؟ دەڵێن ڕێگا زۆر ســـەختە وسەیتەرەی زۆریان داناوە ، ووتم دڵنیام لەسەختی ڕێگاکە بەڵام هویەکانم باشــن، تەواو دوا بڕیارماندا ســبەی بەرەو قادر کەرەم ، پێش ئەوەی بخەوین ووتم کاک علی ئیجازەی عەسکەری بەکارنەهێنراوم هەیە با سەروو ئیجازە بۆ تەیب ئامۆزام، مەجید میمزام، عەبدولکەریم برات بکەم و لەگەڵ خۆماندا لەگەڕانەوەدا بیانهێنین بۆ خوورماتوو .بێوەستان وبیرلێکردنەوە ووتی نا، باچارەنوســـیان لەو خەڵکە جیا نەکەینەوە، منیش هیچ قســـەیەکم نەکرد، بەڵام لەدڵی خۆمدا هەرئەوەم پێ باشـــتر بوو بیانهێنین، منی فیرارو ســەڵت وبێ ماڵ نەمئەتوانی جەخت بکەم لەســەر هێنانیان، بۆ ســبەی ســەعات ٨ ی بەیانی کەوتینە ڕێ هەر لەڕێگای بەغدا کەرکوک دەرچووین و کەوتینە ســـەر ئەو ڕێگایەی کە ئەچێت بۆ قادر کەرەم، وام هەست کرد لەســەر ڕێگای بەرەی شـــەڕین و بەهەڵە هاتووینەتە ســـەر ئەم ڕێگایە!!! ســـەیارە بەهەردوو شـــێوەی عەســـکەری و مەدەنی وەکو مێروولە بەدوای یەکدا. هەر کیلۆ مەترێـک زیـاتر کەمتر ئەرۆیت وســـەیتەرەیەو هەرســـەیتەرەیەک ڕانێک ئاژەڵی بەتەنیشـــتەوەیەو ســـەربازێک بووەتە شـــوانی .هەر ســـەیارەیەک کەبە ئاژەڵەوە ئەهات لە قادرکەرەمەوە دیارە ئاژەڵەکان هی خەڵکی ئاوایەکان بوو خزم و کەســـوکار ئەیـان هێنا بۆ خوورماتوو، ئەم ســـەیتەرانە چەنـدیـان بویســتایە ئاژەڵیان دائەگرت و خاوەنیشــی مەمنوون بوو گرنگ ئەوەبوو بەڕێی ئەکەن.

زۆربەی ئەو ئـاژەڵانەی لەو ســـەیتەرانە کۆ ئەکرانەوە بەپـارەیەکی زۆر ڕەمزی (هەنـدێ) خەڵکی کورد لێیـان ئەکڕین، یـاخود خەڵکی عرب کەمن خۆم بینیمن ئەیـان کڕی وبێ ترس بار ئەکرا بۆ بەغا، !!بە دەســـتە چەپ وڕاستی ڕێگاکە ئاژەڵ زۆر مردار بوو بونەوە هەبوە خۆی لەســەیارە فڕێ دابووە خوارەوە ، هەش بوو وەکو یەکێک لەسایەقەکان گێڕایەوە ، هەندێک لەسەر بازەکان بەرخێکیان سەر ئەبڕی تەنها لەبەر جگەرەکەیی وبەشەکەی تریان فڕێ ئەدا ، ســـوپای عێراق لە ڕۆژی دروســـت بوونیەوە .هیچ کاتێک بەقەد ڕۆژانی ئەنفال تێر گۆشـــت نەبووە! بەدەم ڕێگاوە لووت وگوێچکەو هەموو ئەندامی لەشـــمان بووە بەچاوو فریای ئەو هەموو دیمەنە ناخ هەژێنانە ناکەوێت ، ئـاوایی قەڵخـان لوومـان بڕی وگەیشـــتینە ســـەر ئەو بەرزاییانەی کەئیتر بە ئاســـانی ناو زەنگەنەو دێهاتەکانی شـێخان و بناری ســەنگاوو بەشـێک لەجەباری ئەبینیت ، هەی داد .ئەفسووس .هەزار حەیف تا چاو حوکمی بینینی هەیە ســـەوزاییەو دووکەڵ لەهەموو دێهـاتەکـانەوە بەرز ئەبێتەوەو ئەو جوگرافیـایە بۆنی خوێن ومەرگی لێـدێـت .شۆڕ بووینەوە بەسنگێکی پڕ لەحەسرەتو چاوی تەڕەوە بەرەو قادر کەرەم، بەدووری ١٥ کیلۆمەتر پێش قادرکەرەم ئەو دەشـــتە جمەی ئەهات لەخەڵـک وئاژەڵ. بەرانبەر بە ئاوایەکانی نەورۆزو داربەســـەرە قەرەباڵغیەکی زۆرهەبوو، لاماندەاو دابەزین ، پیاوێکی تەمەن نزیکەی٧٠ ســـاڵ بوو، هەردوو لەپی ئەکێشـا بەیەکاو هاواری ئەکرد بێن بمکوژن مانم بۆچی باشـــەو هاواری ئەکردو ڕۆڕۆی بوو ، نزیک بوومەوەو لە پیاوێکی ترم پرسی ئەمە کێیەو بۆ وا ئەکات؟ ووتی ( ١٨) ســـەرخێزانی براوە تەنها خۆی ماوە ناوی حاجی علییە ، حاجی دووبارە دەستی هاوارو فیغان کرد ( ئەی هاوار خوایە تۆ بۆ ئەم زوڵمە قبوڵ ئەکەیت ١٨ ســەر خێزان (٦٠٠) ســـەرمەڕم ڕۆیی ســـەرو ماڵم هەموو ڕۆیی. تەختایی و دۆڵ وقەدپاڵ و ســـەرتەپۆڵکەو گردەکانی قادر کەرەم ، جمەی ئەهـات لەخەڵـک و ئـاژەڵ ، زۆر بەی دێهاتەکانی زەنگەنەی ئەمبەری ئـاوەســـپی، دێهاتەکـانی عەشـیرەتی شـێخان وگل وبەشـێک لەجەباری ، بیجگە لە

خەڵکی قەرەداغ ئەوانەی کەتەســــلیمی حکومەت نەبوون لەئەنفالی ٢ وو هاتبوونە دیوی گەرمیان، ئەمانە هەموو لە شـارۆچکەیەکی بچووکی وەکو ق.ک ، گیر درابوون.لەگەڵ علی (ئاڵتونچی) هەرچۆن بوو گەیشتینە ناو شار ، ڕێگەی هـاتووچۆی پیـادە زەحمەت .ئێمەش بەســـەیـارەوە ، بەڕەزالەت گەیشـــتینە بەردەم دوکـانەکەی ، کـاکەبرایمی ئامۆزانم کەئەو هەر لەوێ ئەژیا ، دوای ســـەلام وهەواڵ پرسین یەکسەر هەواڵ ئەوەی پێداین کە ، تەیب.ی برای ( ئامۆزامە) و عەبدولکەریمی برای عەلی و مەجیدی میمزای من ووەستا برایمی ئامۆزام خۆیان تەسلیم بەئیستخباراتی عەسکەری کردووە ، من وعلی ئاهێکی ساردمان هەڵکێشاو بێئومێـد بووین لەبینینیـان، علی تەمـاشـــــایەکمی کردو بەبێتـاقەتیەکەوە ووتی چی بکەین ووتم ئەچین بۆ مـاڵی میمکم مەهروب لەوێ هەواڵی هەموو ئەوانی تر ئەزانین ، هەســـتم کرد کەعلی حەزی بەمانەوە نییە ، ناهەقی نەبوو عەبدولکەریمی برای لەخۆی مناڵتر بوو یەکیشـــیان خۆش ئەویســـت ، ووتی محەمەد من لێرەوە ئەڕۆم بۆ کەرکوک ( ئەوکاتە ماڵی لەکفریبوو) ، خو حافیزی کردو من مامەوە، چووم بۆماڵی میمکم و کاک ناسیح ، ئەمانیش وەکو ماڵی کاک برایمی ئامۆزام( بەداخەوە ٢ هەفتە پێش ئێســـتا کۆچی دوایی کرد) هەر نیشتەجێی قادر کەرەم بوون ، ماڵ جمەی دێت لەخزم وکەس وکار ژوور ، حەوشە .بەر دەرگە .ناو حەوشــە پڕ لەگونیەو پریاسـکەو جاخ وئەشـیای ئەو خەڵکەیە ، کەمنیان بینی زۆر گەشـــــانەوە، وەکو پوورەی هەنـگ دەوریـان دام ، ســـەخـت ترین دۆخی دەروونی وئازاری بیرو ئەندێشـەت تووش ئەبێت .لەزروفێکی ئاوادا دایـک وبـاوکی منـاڵ ڕووی دەمـت لێ بکەن و بڵێ خوا بمکاتە قوربـانـت ، تەگبیریکمان بۆ بکە ، !!! جی بکەین باشـــە.؟مناڵەکان تەســـلیم بن یان نا.؟.یەکێک لەوانە میم "ئـامین" بوو خـاڵۆزای بـاوکم کەخەڵکی ئـاوایی " بەکرەگەڕە" ە نـاو زەنگەنە بوون ٦ کوڕی هەبوو ، ترس لەچارەنووسـی مناڵەکانی ئارامی لێ بڕیبوو ، هەرئەیوتەوە توخوا محەمەد گیان بەس قسـەیەک بکە ئێمە بەقسـەی تۆ ئەکەین، ئای کەسـەختە قسـە لەسـەر ژیان ومان ونەمانی جگەر گۆشە ، ، .!!!!؟، لەگەڵ دایک وباوکا بکەیت ، هەر ٦ کوڕەکە دانیشـــتوون چـاوەڕوانی ئەوەن کەمن بڕیـار لەسـەرچارەنووسـی ئەوان بدەم ، لەژێر ئازارێکی سـەختی دەروونیا ، ووتم بڵێم چی گەنجێکی زۆر خۆی تەســـلیم کردووە ، ئەگەر خۆتـــان بەمە ڕازین ئەوا بـا ٣ کوڕە زووگردەکان خۆیان تسلیم کەن ٣ کەی تریان خاوەنی ژن ومنـاڵن بـابمێنن لەگەڵ منـاڵەکـانیـان، هەر ئەو دەقەیە لەپەرۆشی خۆم بۆ ئەو چرکەساتە سەختە ، دە جار زیاتر دووبـارەم کردەوە لەحەژبەتـا ، ئەگەر خوا نەخواســـتە لایەکیشـــیان بفەوتێت ئەوا لاکەی تریان ئەمێنن ، .هەر ئەمەم لەدەم دەرچوو .بێ بیرکردنەوەو پرســـیـاری تر یەکســـەر ووتیان وەڵا فکرەیەکی باشـــە، هەر ئەو لەحزەیە هەر ٣ کوڕە زووگردەکـان بەپێکەنین و ئومێـدێـک بەیەکگرتنەوەیان لەئایندەیەکی نزیکدا ووتیان ئێمە سـبەی خۆمـان تەســـلیم ئەکەین .هەر ئەو دەقەیە کـاک ڕەحیم کەئەویش ئەکاتە خاڵۆزای بـاوکم ٢ کوڕی هەبوو ئەویش ووتی ئێمەش یەکێکیان تەسلیم ئەکەین

ئەو شـەوەی لەقادر کەرەم بووم , قسـەیەک لە خەو نەبوو، !!ژاوەژاوێک باڵی بەسەر شاردا کێشابوو، خەڵکی هەموو لە ماڵەوماڵ کردن و چاودێریکردنی مەڕوماڵات و هەواڵی تـازە ، ئەمـانە هەموو بەجێی خۆی لە ڕاســـتیدا جێگەی خەوتنیش نەبوو هەموو لە نێو حەوشـەدا شـان بەشـانی یەکترەوە. ئەو شـــەوە خەڵکێکی زۆرم بینی لەکەس وکارو خزم ونـاســـیـاو ئەنفال ســـەرلەبەری پەیکەرەی ژیـانی تێکشـــکـان. بیەێنە پێشـــچاوی خۆت نـاوچەیەکی پـان وبەرینی وەکو گەرمیـان، بـازنەیەکی جوگرافی فراوان ، .کەرکوک، چەمچەماڵ، سەنگاو، ڕەبات ، بۆ دەربەندیخان ، بـاوەنوور، کەلار، ســـەرقەڵا، کفری، خورمـاتوو، تـاوغ، .خەڵکی دێهاتەکانی ئەم نـاوچەیە، لە کەلارو دووزو، قادر کەرەم و چەمچەماڵدا گەمارۆدرابوون، چوومە ماڵ وەســـتا برایمی ئامۆزام جمەی ئەهات لە خەڵک جگەرە کێشـــان، چاخواردن، قیژەی مناڵ، بوخچە پشـــکنین و ئاگاداری کردنی ئەو پارەیەی کە بەڕەنجی ســـەدان ســـاڵە کۆیان کردۆتەوە، شتێکی سەیرو نا ئاسایی سەرنجی ڕاکێشام لە حەوشـــەی ماڵ برایمی ئامۆزام ، کەروێشـــکێکی زۆر لە حەوشـەکەدا بوون ، لەگەڵ خۆم ووتم تۆ بڵێی ئەم خزمانە فریـای کەروێشـــــک هێنـان کەوتبێتن لەگەڵ خۆیـان ( کەروێشـــکەکان ماڵی بوون واتە هەموو ڕەنگی تێدابوو

.کەروێشـــکی کێوی تەنها ڕەنگیان زەردێکی تۆخە) کە پرسـیم ئەم کەروێشـکانە چین زۆر دیارن، کاکەم برایم پێکەنی ووتی وەڵا هەمووی هی ئێمەن. ووتی:

- تەنهـا ئەوانەی لە کون دەرئەچن ڕۆژانە ٣٧٦ دانەم حیساب کردووە نازانم چەنێک بەچکەشیان هەیە.؟
- ئەی چیان لێئەکەیت ؟
- هەمووی جێ ئەهێڵم بۆ کوێیان ببەم.

حکومەت خەڵکی شـــارەکەی هەموو ئاگادار کردبوو کە قادرکەرەم ئەڕۆخێنرێت و زەویان پێ ئەدرێت لە چەمچەماڵ سـبەی زوو گەڕامەوە بۆ دووز بەڵام بەخزم وکەسـوکارم ووت. ئەگەر هەر ئەمڕۆ نەگەڕێمەوە .ئەوا سبەی بە دڵنیایی ئەگەڕێمەوە لاتان وتەگبیری گواسـتنەوەی ئاژەڵەکانیان و هەنـدی لە ژن ومنـاڵەکـان ئەکەین، گەڕامەوە بۆ دووز خورمـاتوو، ئەو دۆخەی بینیم هەمووم گێڕایەوە دایکم و باوکم زۆر گریان. ئەو ڕۆژە فریا نەکەوتم ئەبوایە تەگبیری لۆری بکەم بۆ گواسـتنەوەی مەڕو ماڵاتەکان سـبەی، کریم ئامۆزام و ســـەعیدی خاڵۆزام لەگەڵم هاتن بە لۆری ودوو ســـەیارەی بچوکەوە بەرەو قادرکەرەم ، لە نێو قادرکەرەم تووشـــی دەمەقـاڵەیەکی بـاش هـاتین لەگەڵ یەک دوو چەکداری مەفرەزە خاســـەی جاش، کە ئەوانیش خەڵکی دووز بوون، هێنابویانن بۆ قادرکەرەم هەتا بەشـــداری ئەنفال بکەن، یەکێکیـان ئەیوت ئێوە بۆچی هـاتوون بۆ ئێرە خۆتـان خەڵکی دوزن کریم ئامۆزام ئەیناســـی لێی توڕەبوو، ئەویش یەکســـەر دەســـتی بۆ چەک بردوو فیشـــەکی ڕانی ئێمەش بە هەردووکمـان پەلامـارمـانـدا چەکەکەی لێ بسـێنین ، ئەوانەی لەوێ بوون ماڵیان ئاوابێ کەوتنە بەین و بەتەمەنەکـان کەوتنە لۆمە کردنی کـابرای جاش و شەڕەکەمان کۆتایی هات.

ئێمە ڕۆیشـــتین وەجبەیەک ڕەشـــە وڵاخی خزمەکانمان بـارکرد لەگەڵ کۆمەڵێـک ژن و منـاڵ گەڕاینەوە دووزو بە مـاڵی میمکم زینەم ووت دوای نیوەڕۆ ئەگەڕێمەوە بۆ ئـاژەڵەکـانی ئێوە، بەپـارەدان و پـاڕانەوە و فێڵکردن ئەو وەجبەیەم بە سەلامەتی گەیاندە دووزو دوای نیوەڕۆ لەسەر وەعدەکەم گەڕامەوە بۆ قادرکەرەم، مەڕومـاڵاتی ماڵ میمکم زینت هەرچی مابوو خســـتمانە لۆریەک وکەوتینەڕێ هەر

ســـەیتەرە و دوو بەرخی دائەگرت و ئەبێ تۆش مەمنوون بیت ، گەیشتینە سەر بەرزایەکانی نزیک ڕێگەی کۆرومۆر، چەکـدار ڕایـان گرتـین و بەرخێکیـان داگرت و٢٠ دیناریشـیان لێم سـەند، کابرایەک بە کۆمەڵێک مەڕوبزن و چەنـد مـانگـاوو گوێرەکەیەکەوە لەوێ بوو، هەرئەیووت خوایە ئەمە قبووڵ نەکەی، لێم پرسی :

- چییە مام حاجی ؟

ئەو دەســـتی بۆ گوێرەکەیەک درێژ کرد، کە تازە ســـەر بڕدرابوو سکی هەڵدڕا بوو، بەجێهڵدرابوو. کابرا وتی :

-یەک دوو سـەرباز هاتن وتیان ئەو گوێرەکەیەمان بدەرێ منیش پێموتن: ئێوە کەمن بەرخێـک بەرن بۆ خۆتـان سـەری بڕن، ئەم گوێرەکەیە خەسار دەبێت، کەچی ووتیان نـا نەخێر گویرەکەکەمـان دەوێـت، حەزمـان لە جگەری گوێرەکەیە ، ئەوەتا دەیبینی گوێرەکەکەیان سـەربڕی بەس بۆ جگەرەکەی ئەوەتا لاشەکەیان جێ هێشتووە.

هەر ئەوەم پێکرا ووتم کەوە لێیـان، ئەویش چـاوەڕێی خزمانی خۆی بوو، بەهەرحاڵ و هەرچۆنێک بووە زۆربەی سـەیتەرەکانمان بڕی تەنها سـەیتەرەی سـەر مەشـروعی ئاوەکە مابوو، ئەوەشیان لە هەموویان توندترو وەک دەڵێن پیسترو توندوتیژتر بوو.

گەیشتینە لایان و ڕایان گرتێن هەر ئەو ئەفسەرەی لێ بوو کە سـەرلە بەیانی لەوێ بوو، یەکسـەر ناسـیمیەوە ئاماژەی بەسایەق لۆریەکەدا ووتی لادە قەراغ ، هاتە پێشەوەو ڕووی تێکرم و بەدارەکەی دەستێوە بەرەو ڕووم هات ووتی:

- ها ئەبینم یارمەتی خێزانی موخەریب ئەدەی؟ بەنەرمی ولەسـەرخۆ ووتم نا ئەوە ئاژەڵی خۆمانەو ئەیبەم بۆ دووز، لەو کاتەدا ئەفسـەرێک بە پلەی عقید پەیدابوو. ئەفسـەرەکە ڕووی تـێـکـردوو وتـی: گەورەم ئەمە دووەم وەجـبەیە ئەیهێنێت، ئەویش یەکسەر ووتی:

- ئاژەڵەکان داگرن و خۆیشی ببەن بۆ کەرتی ئیسخباراتی فیرقەی ٥ زینـدانی بکەن. لەو کـاتەدا خورپەیەک بەدڵمـدا هـات، لەدڵی خۆمـدا وتم دەی وەرە ئـاوەهـا بگیرێـت و دوایش -هوية مزور- پێناسە ساختەکەم ئاشکرا بێت. !

دوای ئەوەی کە بەشـــۆفێری لۆریەکەیـان ووت ، ڕێگاکە بەردەو ئەفســەرەکە بەدارەکەی دەســتی ئیشـارەتی پێکرد .کە بەپاشــدا ســەیارەکە نزیک کاتەوە لەو تەپۆڵکە خۆڵە بەمەبەســتی داگرتن و بردنی ئاژەڵەکان کەلە مەڕو بزن و بەرخ وکار پێکهاتبوون( وەجبەی یەکەم هەرچی ڕەشەووڵاخ هەبوو .لەگەڵ بەشـێک لە مەڕوبزن بەسـەلامەتی گەیاندمانە خوورماتوو) بۆ مێژوو کابرای سایەق کەناوی " باقی" بوو وابزانم ئەگەر بیرەوەریم کەم لوتفیم لەگەڵ نەکات ..زاوای ئەحمەد وایەرمەن بوو..زۆر لە ئەفســەرەکە پاڕایەوە ووتی بیکە بە خاتری خوا نیوەی داگرن بۆ خۆتـان و بـانیوەی بمێنێتەوە بۆ خاوەوەنەکەی ..ئەفســـەرەکە لێی تووڕەبوو ووتی ئاژەڵی تۆن یان تەنها ســـایەقی ئەکەیت ..؟.ووتی وەڵا من تەنها کرێی خۆم وەرئەگرم و تەنانەت خزمیشـــم نین.. ڕاســـتی کرد .. هیچ پەیوەنـدیەکی خزمـایەتیمـان نەبوو..ووتی کەواتە دەنگت لێوە نەیەت ئەگینا سەیارەکەی تۆش حیجز ئەکەم..!!!

دەرگای پشــتەوەی لۆریان کردەوەو دەســـتیان کرد بە داگرتنی ئـاژەڵەکـان..ئـای کەســەختە..!! بەری ڕەنجی تەمەنی ئەو خەڵکە .کە بەسەرماو گەرماو .لەژێر هەڕەشـەی هەمیشـــەیی هێرش وتۆپبارانـدا پێکەوە نراوە ..ئێســـتا خەڵکانێک بە ڕۆژی ڕونـاک و بە پێش چاوتەوە ئەیبەن و هیچ شتێکیشت پێناکرێت..!!

"نزیکەی ١٣ ساڵ دوای مەرگەساتەکانی ئەنفال، سەرەتای دوو هەزارەکان لە تورکیا بۆ یەکەمجار کە فلیمی ( ساتێک بۆ مەســـتی ئەســـپەکان) ی بەهمەن قوبـادیم بینی..لەو شـوێنەیدا لە سنوور کە ووڵاخەکان بەبارە تایەوە ئەکەونە کەمینەوەو بۆ ڕزگار کردنی ئەسپەکان حەبلەکان ئەپچڕێنن و تایەکان لەســەر شـاخەکەوە بەرەو خوار بە دوای یەکدا دێن وگلۆر ئەبنەوە بەرەو خوار ڕێـک لەو لە حزەیە .ســـەیـارەکەم کەوتەوە بیر کە ئـاژەڵەکـانی لێـداگیرا ..زنجیرەی لێقەومـان و مـاڵوێرانی خەڵکی ئەم مەملەکەتە کەی کۆتایی دێیت..!!؟.

دوای بەتـاڵکردنی ســـەیـارەکە بەتووڕەبونێکەوە بە ســـایەقەکەیـان وت وون بە لێرەو جـارێکی تر غەڵەتی وانەکەیـت یـارمەتـی (اهـالي مـخربـين) بـدەیـت .. خواحـافیزیەکی نـاچاری کردو ئیشـــارەتی بۆ من کرد

سـەرکەوە با بڕۆین. کابرای ئەفسـەر لێی تووڕە بوو ملت بشـــکێنە تۆ بڕۆ ئەم حیجزە. نـایشـــارمەوە لەنـاوەوە ترسـێکی گەورە سـەراپا جەسـتەمی گرتەوە بەڵام خۆم وا نیشـان دا کە ئاسـاییم..نیگایەکی پڕ لە پێشـبینی کردنی خراپ .بۆ چارەنووسـم لەلایەن سـایەقەکەوە ئەوەندەی تر قەلەقی کردم..ئـاخر وەرە بە هویەو ئیجـازەی تەزویری سـەربازیەوە بگیرێیت و بە تەمابن بتبەن بۆ ئیسـتخباراتی عەسـکەری کەلەو بەری چەمی ئاوەسـپی بوو..ئەفسـەرەکە بەنایب زابتێکی ووت بیبە بۆ ئەو ژوورە زیندانی بکەن . کـابرا بردمیە ژوورەکە و هیچ قســـەیەکی لەگەڵ نەکردم .بەڵام تەماشـــایەکی کردم ئەوەم لەنیگایا خوێندەوە کەئەم وەزعەی پێخۆش نییەو ئومێدێکم لا دروســـت بوو کە ئەم کابرایە شـــتێکی باشـــیشـــم بۆ نەکات ..لانی کەم خۆم ئەتوانم قســـەیەکی لەگەڵ بکەم..زۆری پێنەچوو گەڕایەوە لام وووتی تینووت نییە..ووتم ســـوپاســـت ئەکەم ئەگەر کەمێک ئـاوم بۆ بێنی..لە دڵی خۆمدا ووتم ئـاوم بۆ بێنی مەعقول چییە داوای یـارمەتی لێنەکەم..!!؟ زۆری پێنەچوو بەجـامێـک فـافۆن ئـاوەوە گەڕایەوە ..ئـاوەکەی پێـدام ونەیهێشت قسە بکەم ووتی کوردم خەڵکی دهۆکم .. دوای ئەوەی من ئەڕۆم پەنجەرەی پشـــتەوە پاڵێکی پێوە بنێ دەرئەچێ لەوێوە ڕاکە..ســـەیـارە بێـت ئەتنێرن بـۆ ئیسـتخبارات و خواش دەرت ناکات..شـڵەژان و ئومێدی ڕزگاربوون لە مردن سەراپا جەستەمی گرتەوە..لەگەڵ دوور کەوتنەوەی کـابرا منیش لە پەنجەرەی پشـــتەوە بۆی دەرچووم و بەخۆ چەماندنەوە لە پشـــتی ئەو خۆڵانەی کە بەشـۆفەڵ هەڵدرابوونەوە..خۆم گەیاندە جادەی ســەرەکی کەرکوک - بەغداو سەیارەیەک هات هەڵیگرتم و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەســـتێکی ســـەیرم لا دروســـت بوو.. وەکو سەربازێکی لەشەڕا دۆڕاو بێتاقەتیەک دایگرتم .. بەڵام دڵ گەورەیی مام حاجی ساڵەحی خاوەن ئاژەڵەکان .. کە هەر ئەیوت محمد گیان گوێی مەدەرێ بەس نییە تۆ ڕزگاربووی ..!! ماڵ دنیا هیچ نییە کەســـەکەم خۆ ئێمە یەکەمجارمان نییە ماڵمان تـاڵان بکرێت ..دایکم و میمکم و ئەوانی تر کە هەموو دانیشـــتبوون بێتاقەتیەکی پڕ لە نهێنیان پێوە دیـاربوو..توومەز ســـەعیـدی خـاڵۆ مەجیـدم هەواڵی گواســـتنەوەی تەوای خێزانی خاڵۆم نامیقی پێداون ..کە

ئەوان لە کەلار تەسلیم بوون و سەعید دوای کاروانی ئەو سەیارانە کەوتووە کە خەڵکی دێهاتەکانی گواستۆتەوە بۆ (تۆبزاوا) وا ئێستاش بۆ دایکم ومیمکم ئاشکرا بوو کەماڵی براکەیان بەخاوو خێزانەوە لە تۆبزاوان.

وێنەکان لە واڵی کاک ..ئازاد گەرمیانی ..خزمم وەرگیراوە. کەبریتین لە خاڵۆم نامیق و خاڵۆژنم و بەشێک لە منداڵەکانیانە کە بەداخەوە خاڵۆم نەبێت ..ئەوانیتر بۆ ئەنفال بردیانی و بۆ هەتاهەتایە نەمانتوانی جارێکی تر بیانبینینەوە.



## قادر مستەفا



شایەتحاڵێکی گرنگ ولەدەستچوو.

هەمیشە وتوومە، بەنوسین و لەدیدارو بەرنامەکانی تیڤی

لەگەڵ مردنی هەر مرۆڤێکمان چیرۆکێکمان دەمرێت

ئەم پیاوە قادرمستەفایە، ناسراوە بە مامە قالە ماوەی چوارمانگ لەقەڵا نەفرەتیەکەی نوگرەسەلماز زیندانی بووە، یەکێک بووە لەوکەسانەی تەرمی زۆربەی ئەو کەسانەی ناشتووە کە نوگرەسەلماز مردون، ئەگەر دەرفەتیشیان دابێت شۆردونی.

بەداخەوە ئەنفالستان فریای دیدارێکی ئەم شایەتحاڵە گرنگە نەکەوت کە لەتەمەنی ٩٠ساڵیدا ساڵی ٢٠١١ لەکۆمەڵگەی زۆرەملێی رزگاری کۆچی دوایی کرد.

# خوشکەکەم وەک پاڵەوان

## هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی

له تاوانی ئەنفالی شێخ وەسان و بالیسان خوشکە گەورەکەم وەک پاڵەوان دەرکەوتووە ئەم چیرۆکە مەگەر هەر فیلمە خەیاڵییەکانی هۆلیۆد هەبێت

دوای ئەوەی 1987/4/16 گوندی شێخ وەسان بە سەختی بۆردومان کرا، لەم تاوانە دەیان شەهید و بریندارى لێکەوتەوە. خێزانی ئێمە یەکێک بوو لەوانەی کە خودا دەرووی خێری لێکردینەوە و بە کیمیابارانەکە نەمردین، بەڵام زۆر بە سەختی بریندار بووین. من کە ئەوکات تەمەنم چەند مانگێک دەبوو کیمیابارانەکە زۆر کاری لێم کربوو، بە جۆرێک هەموو گیانم سوتابوو دایکم هەموو کات بە چاوی گریان بۆم دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "من دامنابوو کە تۆ سەد لە سەد دەمریت، بەڵام لەبەر گەورەیی تاوانەکە غەمی مردنەکەی تۆمان نەبوو وەلێ غەمی گەورەمان ئەوەبوو کە تۆ دەمریت و پارچەیەک کفن نییە پێت بشارینەوە" نامەوێ زیاتر باسی چیرۆکی خۆم بکەم، چونکە لە سالانی ڕابردوو باسم کردووە، بە ناونیشانی (منداڵێک دەمرێت کفن دەست ناکەوێت). لەم ساڵیادەدا بە دەرفەتی دەزانم باسی چۆنیەتی ڕزگاربوونی خێزانەکەم بکەم لە ئەنفال. دیارە ئەوانەی بە بریندارى مانەوە لە گوندەکە بۆ ڕۆژی دواتر واتا 1987/4/17 بە تراکتۆر و پاس بەرەو ڕانیە و شەقڵاوە گواسترانەوە. خێزانی ئێمە و خزم و کەسەکانمان یەکێک بوون لەو خێزانانەی لە قافڵەکەی ڕانیەدا بووین. کاتێک دەگەین بە ڕانیە دەبرێنە نەخۆشخانەی گشتی ئەم شارە، تەندروستی هەمووومان لەوپەڕی خراپی بووە، تەنیا برایەکم کیمیاباران زۆر کاری تێنەکردبوو ئەویش کاک (سەعدوڵڵا) بووە، پیاوێکی ڕانیەیی کاتێک لە نەخۆشخانەکە بە هانای بریندارەکان دەچێت زۆری لا سەیر دەبێت تاکە منداڵێک لە نێو بریندارەکان کە هیچ ئاسەوارێکی ئەم تاوانەی بەسەرەوە نییە، (کاک سەعدوڵڵا)یە، بۆیە داوا لە دایکم دەکات کە ڕێگای بدات ئەم منداڵە لەگەڵ خۆی بەرێتەوە بۆ ماڵەوە لە ڕانییە، کاک سەعدوڵڵا کە تەمەنی حەوت ساڵ دەبێت ئەگەرچی زۆری پێ خۆشدەبێت لەگەڵ ئەم پیاوە بێگانەیە بڕوات بەڵکو نەجاتی بێت لەم حەشامات و هاواری بریندارەکان بەڵام



دایکم سەرەڕای بریندارى و شەکەتی زۆر بە توندی ڕووبەڕووی کابرای ڕانیەیی دەبێتەوە و پێی دەڵێت "ئەم منداڵەشم سائیری منداڵانی ترم، ناهێڵم لەگەڵ خۆتی بەریت" دواتر سەرجەم بریندارەکان بە پاس بۆ هەولێر نەخۆشخانەی (کۆماری) دەگوازرێنەوە، خوشکە گەورەکەم (حەلیم خان) ئەوکات ساڵێک بوو شوی کردبوو، ماڵیان لە قەزای شەقڵاوە بوو، کاتێک هەواڵی ئەوەی پێدەدرێت کە شێخ وەسانان کیمیاباران کراوە و سەرجەم بریندارەکانیش بۆ هەولێر گواستراونەتەوە، ئاگر لە دەروونی بەردەبێت و دەڵێت هەر چۆنێک بێت دەبێت خۆمیان بگەیەنمێ و لە حاڵیان ئاگاداربم، لەبەرئەوەی مێردەکەی فێراری عەسکەری دەبێت ئەو ناتوانێت لەگەڵی

بێت بۆ هەولێر بۆیە داوا لە شـــوبراکانی دەکات کە بە خێرایی بیگەیەنە هەولێر.

حەلیم خان لەگەڵ دوو لە شـــوبراکانی دەچن بۆ هەولێر، دوای پرســـیارکردن بۆیان دەردەکەوێت کە بریندارەکان هەموویان لە نەخۆشـخانەی کۆمارین. بۆیە بە پەلە خۆیان دەگەیەنن بەم نەخۆشخانەیە، حەلیم خان کە دادەبەزێت لە ئۆتۆمبێلەکە بێ ئەوەی گوێ بە هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسی نەخۆشـــخانە بدات کە رێگری زۆری لێ دەکەن بچێتە ژوورەوە، بەڵام ئینکاری ئەو وا لە هێزە ئەمنیەکان دەکات رێگـای پێ بـدەن و بچێتـە ژوورەوە. کـاتێـک هـەموو قاوشـــەکانی نەخۆشـــخانە دەنۆڕێت هیچێک لە خزم و کەســـەکانی خۆی نادۆزێتەوە، حاڵی دەروونی یەکجار پەرێشان دەبێ، بێهیوا دەبێت لەوەی کە خزم و کەسەکانی ماون، بەڵام لە پڕ پاسێک دێت تەواوی خزم و کەسەکانی تێدایە، هەر زوو لە سستەرێکی نەخۆشخانە دەپرسێت کە ئـایـا چارەنووســـی ئـەم بریـندارانـە چی دەبێت لێرە؟ سستەرەکەش پێی دەڵێت ئەگەر ماڵی خزمێکتان لە هەولێرە خێرا بیانگەیەنە ئەوێ چونکە مانەوەیان لێرە مەترسییە و بڕیارە بگوازرێنەوە بۆ شـوێنی نادیار. حەلیم خان کە ئەم قسـەیە لە ســتەرەکە دەبیسـتێت هەوڵدەدات کارەکانی خێراتر بکات. ئیتر دەســـت دەکات بە گواســـتنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی و خزم و کەســەکانی بە هەزار حاڵ بە بن پەرژینە تەلبڕەکانی نەخۆشـــخانە، جاری یەکەم هەموویان دەگوازێتەوە، بەڵام هێزە ئەمنیەکان پێی دەزانن دوای ئەوەی زۆر بە دڕندانە دەکەونە گیانیان بە لێدانی قامچی و سۆندە بۆ نێو نەخۆشـخانە بە زۆرە ملێ هەموو بریندارەکان دەگەڕێنەوە و هەڕەشەش لە حەلیم خان دەکەن کە ئەم کارە مەترســـیدارە نەکات ئەگینا ئەویش گیانی دەکەوێتە مەترســـی و لەگەڵ بریندارەکان ڕاپێچی دەکەن. بەڵام حەلیم خان نەک هەر گوێ بە قسـەی هێزە ئەمنیەکان نادات، بەڵکو بەم قسەیە سورتری دەکەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم بریندارانە ڕزگار بکات. بە هاتنی مەغریب و تاریک داهاتنی .شـــار یارمەتی دەردەبێت کە دووبارە بە دەیان فێڵ دەیانـدزێتەوە، خۆشـــبەختانە ئەمجارەیان سـەرکەوتوو دەبێت لە دزینەوەی بریندارەکان، حەلیم خان ماڵی دایکی و بەشـێک لە خزمەکانی بە سـەرکەوتوویی لە نەخۆشـخانە ڕزگار دەکات. بە هاوکاری شـوبراکانی خێرا چـەنـد ئۆتۆمبێلێـک بـەکرێ دەگرن و دەچن بۆ مـاڵی خزمێکمان بە ناوی (حاجی فەقێ شـێخ وەسـانی)، دوای شـــەوێک مانەوەیان لەم ماڵە، بە شـــێوەیەکی نهێنی دەمانگوازنەوە بۆ شەقڵاوە ماڵی خوشکم وەک باسدەکرێت لە شـــەقڵاوەش تا ماوەیەکی باش بە نهێنی دکتۆریان بۆ هێناوین، تەنانەت نەیانهێڵاوە هیچێک لە منداڵەکان لە ماڵ بێنە دەرەوە چونکە کاریگەری کیمیاوی بەزەقی بەسەر دەم و چاومان دیار بووە.

ســوپاس بۆ خودا کە ئەگەر خوشــکە گەورەکەم نەبووایە ئێستا ئێمەش لەو سەدان ئەنفالکراوانە دەبووین. بەداخەوە ئەو بریندارانەی نەتوانـدرا بـدزرێنەوە، ســـەرجەمیان ئـەنفالکران و دواتر لە بیابانەکانی عێراق زینـدەبەچاڵ کران. ئـەمە چیرۆکی حەلیم خانی پاڵـەوانە، دەزانم ئـەم چیرۆکانە تەنیا لە فیلمە خەیاڵەکان دەبینرێت.

**تێبینی: فۆتۆکە گواســتنەوەی بریندارانی کیمیاییە لەلایەن ئەمنەوە لەشاری ڕانییەوە بۆ گرتووخانەکانی هەولیر.**

# جێنۆسایدی شەنگالییەکان ؟!

**دەربڕینێکی هەڵەو گشتاندنێکی ناڕەوا. شـەنگالیەکان، هەموو نەکەوتنە بەرهەڵمەتی وەحشـــیـانەی داعش، بەڵکو ئێزدییەکـانی نیشتەجێی شەنگال و دەوروبەری بوون، دەنا موســڵمانە ســوننە مەزهەبەکان بە عەرەب و کوردەوە، نەک هەر بەرهەڵمەتی کوشـــتن و ڕفـانـدن نەکەوتن بەڵکو خوێنســـاردانە لە کۆمەڵکوژی و ڕفـانـدنی هـاوشـــاری و دراوســـێکـانیـان دەڕوانی، لەوەش خراپتر زۆربەیـان لەو تـاوانە گەورەیەدا چاوســـاغ و هاوکاری داعش بوون، تـاوانێک کە ئابڕوی هەر کەسێک دەکات کە کەمترین سۆزی لەگەڵ داعشدا هەبووبێت.**

## هەڵمەتێک بۆ ریسواکردنی دەنگە نەشازەکان

عومەر محەمەد

پاشـــــئەوەی هەڵمەتێکم دەربارەی ئەو دەنگە نەشـــــازو بریندارکەرە راگەیاند، کە لە داخی ســـتەمکارییەکانی دەسەڵاتی کوردی و یەکێتی و پارتی باسی چاکەی سەدام و بەعس دەکا و دوعـای خێری بۆ دەکەن، بێباکی و گوێنەدان بەرێژەیەکی زۆر، ئەوە بۆمن مایەی هەڵوەســتەو نیگەرانی بوو. بەتایبەتیش بەدەنگەوە نەهاتنی دۆســـتە هەرە نزیکەکانم لەناو کەسوکاری ئەنفالکراواندا ! هاوکات دەنگی بوێریش هەبوون بەڵام زۆر بەداخەوە کەم بوون کەدواتر باسی هەردوو لایان دەکەم .

لێرەدا دوو سەرنج گرنگە :

یەکەم ئەوانەی پاساویان هەبوو.

ئەوانەی پاسـاویان هەبوو یان زۆر شـەرمنانە پاسـاویان دەهێنایەوە یان بەنامە وەڵامیان دەنوســـی یان بەتەلەفۆن رای خۆیـان دەربـارەی ئەو داوایەی من دەردەبری، زۆر جێگەی ســــەرســــامیم بوو هاوڕییەک داوای وێنەیەکی گونجـاوی لیکردم بۆ بـاگراوەنـدی پەیجەکەی بۆ یـادی ئەنفال، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر قسەمان کردوو چەند فۆتۆیەکی خۆمم خستە بەردەست و یەکێکیانی هەڵبژارد، هاتینە ســـەر گفتوگۆی پەیامەکەم و بەلایەوە بـابەتێکی گرنگ وباش بوو، وتم کەوایە یان ئەوەی من شـــێربکە یان خۆت بابەتێکی هاوشـیوەو بە بیرورای خۆت بنوسـە، بەڵام وەڵامەکەی نەرێنی بوو وتی : ببورە نـاتوانم ئەو بابەتە شێربکەم و ناتوانم هیچیشی لەبارەوە بنوسم !

هـاوکـارەکـانی گۆڤـاری ئەنفالســـتـان (کە وەک جێگری ســــەرنوســــەر) نـاویـان لەگۆڤارەکەدا هـاتووە، هیچیـان نەئـامـادەی شـــێرکردنی بوون، نەخۆشـــیـان ئـامـادەی پشـتیوانی ئەو هەڵمەتە بوون ! ئەمەش بۆمن زۆر جێگەی ســــەرســــوڕمان و هاوکات نیگەرانیش بوو ! یەکێکیان بەپاســـاوی ئەوەی لەســـتۆریەکەی پەیامەکەی منی داناوەو یەکێکیشیان نەبە چاک ونەبەخراپ دەنگی نەبووە .

دووەم ئەوانەی ئامانجی پەیامەکە تێنەگەیشتن.

من لەسـۆنگەی ئەو پەیامەوە تێگەیشـتم نەک هەر خەڵکی سـادە تەنانەت رۆشـنبیرانیش هێشـتا کێشـەیان هەیە لە تێگەیشتن لەتاوانی جێنۆساید، ئەوانەی کۆمێنتیان نوسی بوو پاساویان دەهێنایەوە خۆیان لەتێگەیشتنێک دەبوارد ئەویش جێنۆســــایـدە، زۆربەی هەرە زۆریـان (جەنـگ وجێنۆســایـد) تێکەڵ دەکەن، تەنانەت زۆر خوێنســـاردانە ئاسان هەموو پشێلکارییەک دەخەنە خانەی جێنۆسایدەوە. ســـەدام جێنۆســـایدی کوردی کردووە، خەڵکی ســـڤیلی کۆمەڵکوژکردووە.. ئەمە تاوانێکی نائاســـاییە و ترازاوەتە ناوکێشەی نێودەوڵەتییەوە، ستەم وزوڵمی یەکێتی وپارتی زۆرەو نکۆڵی لێناکرێت بەڵام نەگەیشـــتووەتە ئاســـتی بەجێنۆســـاید، تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە ماڵوێرانییە بەتایبەتیش کە سەرنج نوسەکان کەسانی بەناو رۆشنبیرو خاوەن پێگەبن. یەکێتی وپارتی لەشـــەری ناوخۆ لەشـــاخ تاوانیان کردووە، بەڵام هەر ئەم شـەری ناوخۆیە لە دوای ئەنفال ئەگەر بخرێتە بەردەم دادگا سزاکەی قورسترە.

من زۆر مەبەستمە تاکی کورد بەقولی لە جێنۆساید تێبگەن، چونـکە وای بـۆدەچم مـرۆڤ کە لە گەورەیی تـاوانی جینۆســـایـد و نیـازی ئەنجـامـدەرانی تێگەیشـــت و مەترسـیەکانی فاشـیزمی ناسـی، ئیدی بەهیچ پاسـاوێک فاشـیزم دروسـت ناکاتەوە، بەلام هەموو ئەوانەی لەسـەر بنەمای رق و تورەیی هەڵویست دەنوێنن بەرهەمهێنەرەوەی فاشـیزمن . دەنا من یەکیتی و پارتی لەسـەر ئەوە مەحکوم دەکەم کە ئـاووکـارەبـا نـادەن بەخەڵـک، قـابیلە لەســـەر تـاوانەکانیان مەحکومیان نەکەم و ئـاوبکەمەوە بەئـاشـــی ئەواندا .

بەداخەوە ئەوان بیانەوێ یان نا لەئاگاییانەوە بووبێت یان لە بێئاگایی، لەرقی ئەم دوو حزبە کە دیانەوێ روی سـەدام سپی تر نیشـانبدەن، رێگریش دەبن لەبەردەم تێگەیشـتن لە چەمکی جێنۆسایدو نیازی ئەنجامدەرانی .

رۆشـــنبیرو کەســـی وریا لە نێوان خراپ وخراپتریندا هەردوکیان رەت دەکاتەوە و پێ لەسەر باشترین دادەگرێت، وەک کاک عادل عوســـمان نوســـێوێتی، بەڵام خەلکی ئاسـایی لەنێوانیاندا خراپ هەڵدەبژێری و خراپترین رەت دەکاتەوە.. منیش کوڕی ئەم وڵاتەم و بەئەزموون یەکێتی وپارتی ســـەلماندویان ئەگەر بۆیان بلوێ لەبەعس خراپتر دەکەن بەتایبەتیش بەرانبەر بەیەکتر، بەڵام هێشتا لەبەعس خراپتریــان دەرهەق خەڵکی مەدەنی نەکردووە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئێمە قسەمان لەسەر جێنۆسایدە نەک

لەسەر ستەمکاری ئەم دوو حزبە توندرەوە خراپەکارە، خۆمن نەهاتووم بەشان وباڵی ئەواندا هەڵبڵێم هەتا سەرنج نوسەکان نمونەی خراپی ئەوانم بۆ بهێنیتەوە.
بۆچێ ؟ چونکە هەتا ئەمرۆ تەنها ٣٢ کەس بابەتەکەیان شێر کردووەو ٦ کەسیش لای خۆیانەوە بڵاویان کردووەتەوە، یەک کەسیش بابەتێکی لەبارەوە نوسیوە، ٢٢٤ کەس لایکیان کردووەو (٩٨) کۆمێنت و سەرنجیان نوسیوەو زۆربەی هەر زۆریان پشتیوانی و دەستخۆشی دەکەن بەڵام ئەوانیش بەهەر هۆیەک بووە ئامادەنەبوون بڵاوی بکەنەوە، هەندێک لەوانە نامەی تایبەتیم بۆ ناردون و داوام کردووە پشتیوانیم بکەن، دیسانەوە یان بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە یان خۆیان لێدزیوەتەوەو ئامادەی بڵاوکردنەوەی نەبوون، بەڵام کاردانەوەکان بۆمن جێگەی هەڵوەستەو تارادەیەکیش شۆکهێنەر بوون. لەوانەش هەندێکیان باگگراوەندێکی ئاینیان هەبووەو هەندێکیشیان حزبی بوون و بەئاشکرا وتوویانە ئەم هەڵمەتە نانیشتمانیەو ئامادەنین بلاوی بکەینەوە لەوانەش کەسوکاری شەهیدو ئەنفال بوون، لەناویاندا هەبووە بەم شێوەیە وەڵامی داومەتەوە :
سڵاو رێز ئەگەر پرۆژەکەتان، لەچوارچێوەی هەڵمەتێکی نیشتمانی بێت پشتیوانیتان دەکەین بەم نەفەسەی نوسیتان من ئامادە نیم . باشە داواکردن بەوەی رێگە بەو دەنگانە بگرین کە دوعای خێر بۆ سەدام دەکەن بۆچی نانیشتمانییە ؟ دەبێت هەڵمەتی نیشتمانی لەلای ئەو حزبیانە چی و چۆن بێت ؟
دەنگێکی تر کە بەرپرسیارێتی هەیە سالانێک بەرێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ وئاوارەو ئەنفال بووە، ئێستاش بەرێوەبەری کاروباری کۆمەڵایەتیە لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە کۆمێنتی نوسیوەو منیش وەڵامم داوەتەوە :

**کاک عومەر عەیبە**

چی عەیبە کاک مەنسور ؟

**عەیبە قسەی وا ئەکەی تۆ نوسەری لە جیاتی لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاوکەیتەوە تۆوی شەڕو ئاژاوە ئەنێتەوە ئەم دوو حزبە هەرچی یەک بن دەنگی ٦٥ کورسی پەرلەمانیا هەیە.**

باشە کاک مەنسور تۆ لە پۆستەکە تێگەیشتویت ؟ دیارە بەرێزت یەکێکی لەوانەی دوعای خێر بۆ سەدام دەکەی ؟ ئەگەر ئەوەی من عەیب بێت ئەوەی تۆ هەر ڕیسواییە برام.
**ئەو خەڵکەی پیان دەڵێی ڕاپەرن دژی حکومەت لە یادی ئەنفال . ئاوا نابێ هەر یادێ بێت و کۆمەڵێ قسەی قەبەو بریقەدار بکەین بۆ خەڵکی لە کاتێکدا زۆربەتان لەماڵەوە لە توێی بیجامەیەک لە پشتی کۆمپیتەرەوە ئەم قسانە ئەکەن.**
کورە بابە تۆ هەر لە پۆستەکە تێنەگەیشتویت ماڵی وێرانم، قسەی بریقەداری چی من چی دەڵێم تۆ دەڵێ چی؟ ئەگەر قسە لەسەر یەکێتی وپارتی بکەم ئاوا نایکەم جارێ تۆ هەر لەبابەتە چوار دێڕییەکەی من تێنەگەیشتوی ئیتر باسی توێژینەوەی چیم لەگەڵ دەکەی ؟
**دیسانەوە هەمان کۆمێنتی دوبارە کردووەتەوە : عەیبە قسەی وا ئەکەی تۆ نوسەری لە جیاتی لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاو کەیتەوە تۆوی شەڕو ئاژاوە ئەنێتەوە ئەم دوو حزبە هەرچی یەک بن دەنگی ٦٥ کورسی پەرلەمانیا هەیە.**
کاک مەنسور هاک نەکراوی ؟

**ئەم رایەش هەبوو**

وامزانی ئەڵێی( هەڵمەتی ڕیسواکردنی یەکێتی و پارتی، کە دوای ئەنفال وکیمیاباران و ڕاگواستن و دێ سوتان و.. هتد) هێندە حکومڕانیەکی ناشرینیان پێشکەش کردوە خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی کە دژی حکومەتی بەعس خەباتیان ئەکرد، ئێستە خۆزگەی پێ ئەخوازنەوە. زۆر بەداخەوەم بۆ ئەو کەمپینەی ئەنجامتداوە، لە کاتێکدا باش ئەزانی. لەناو ئەو خۆزگە خوازانەدا، زیندانی سیاسی و خاوەن ئەنفال و کوڕی شەهید هەیە، جگە لەمان چینێکیتر ئەوەی بەدەست یەکێتی و پارتیەوە چەشتویانە بەدەست بەعسەوە نەیان چەشتوە، حەقیقەتێکیتر کە خۆت زۆر باد (مەبەستی باش)ە ئەیزانی ئەوەیە، پیاوەکانی بەعس و ئەنفالچیەکان، وا لەکۆشکەکانیان لەسایەی یەکێتی و پارتی شاهانە ئەژین!! کەمپینەکەت هیچ کەسێک ناگرێتەوە کە شایەنی بێت..

# دوا دیدار


**عەدنان عەلی**

لە ئەنفالی گەرمیاندا دوای هێرشەکانی سوپای بەعس بۆ سەر گوندەکان و بە ناچاری تەسلیمبوون بە سوپاو پیاوانی حکومەتی عێراق، ئێمەش گوندەکەمان (ئاوباریک) بەجێهێشت و چووین بۆ ناحیەی قادرکەرەم، ماوەی چەند رۆژێک لەوێ ماینەوە.

باوکم (عەلی فاتیح فەریق) زۆر خەمی ئێمەی بوو

من و براکانم (فەرهادو فەرمان و پۆلا) لەگەڵ دایکمان (ئامینە عزەدین مەجید)، باوکم هەر لەهەوڵی ئەوەدابوو دەرچەیەک بدۆزێتەوە و بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوین و لەو کورەی ئاگرە رزگارمان بێت، هەرچۆنێک بوو بەپیکابێک کە خەڵکی تریشی تێدابوو ئێمەی رەوانەی کەرکوک کرد، ئێمە رۆشتین و ئەویش رۆشت ... ئیتر ئەوە دواین رۆژی پێکەوە بون و دواین دیداری ئێمەو باوکم بوو.

دایکم زۆرجار ئەیگێڕێتەوە، دەڵێت : باوکم پێیوتوون ئەگەر هەتا دوو هەفتەی تر نەهاتینەوە "دەستمان لێبشۆن" واتا ئیتر چاوەڕێمان مەکەن .!



ئەنفالکراو: عەلی فاتح فەریق

هەرواش بوو پێشبینیەکەی باوکم ڕاست دەرچوو، دوو هەفتە بووبە دوو مانگ و بووبە دوو ساڵ و بووبە بیست ساڵ ئەوان نەهاتنەوەو ئێمەش هەر چاوەڕوان بووین، ئیدی چاوەڕوانی هەر بۆخۆی ناخۆشە، کورد دەڵێت : بێ چاوی لە چاوەڕوانی خۆشترە، بەڵام چاوەڕوانی هاتنەوەی هەزاران مرۆڤی ئەنفالکراو بۆخۆی مەرگێکی تری لەسەرخۆی کەسوکاری ئەنفالکراوان بوو .

ئەنفال بۆ هەموو خێزانێک چیرۆکێکی دورو درێژەو بەدیدی ئینسانیانە پڕە لە کارەسات و نەهامەتی، لە ئەنفللدا باوکم و مامێکم و نزیکەی ١٥ کەسی تری زۆر نزیکمان ئەنفالکران.

ئەو خێزانانەی بەر شاڵاوەکە کەوتن کۆستی ئەنفال تەنها لەدەستدانی ئازیزانیان نەبوو، تاوانێکە ئاسەوارەکای تاکۆتایی تەمەنیان لەسەر دەرون و ژیانیان کاڵنابێتەوە.

چیرۆکی ئەنفالکراو

# عومەری حاجی ئەحمەد مەنسور'

سیروان سلێمان

عومەر ئەحمەد مەنسور لەساڵی (١٩٥٧) لەگوندی تەپەسپی سەربە ناحێی سەرقەڵای قەزای کفری لە ناوچەی گەرمیان لە دایکبووە.

خێزانەکەیان لە ناوچەکەدا ناسراو بوون وەک هەر لادێ نشینێک بەکارو کاسبی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ سەرچاوەی ژیانیان بوو.

لەنێو خزمان و خەلکی گوند بەهۆی وریایی و ئازایەتیەکەیەوە کەسایەتیەکی خۆشەویست بوو، بۆیە هەمووان پیان دەوت "کاکە عومەر" ئیدی لە کاکەی بنەماڵەی حاجی مەنسور دەرچوو عومەر بووبە جێگەی ئومێدو کاکەی هەمووان.

ئەگەر ئەنفال و لێکەوتە خراپەکانی نەبوایە و عومەر دەرفەتی ژیانی هەبوایەو هەتا ڕۆژگاری ئەمرۆ لەژیاندا بوایە ئێستا دەبووە کەسایەتیکی دیار و ڕەنگە میلەتێک شانازی پێوە بکردایە.

ئەو ماتۆرە سوورە دەبینن کە عومەر سواری بووە، لەسەدان چالاکی پێشمەرگەو ڕێکخستندا بەکاری هێناوە بۆخۆی وەک پێشمەرگەیەکی پشتگیری لە تەواوی شەڕەکانی ناوچەکەماندا بەشداری کردووە.

بەڵام حەیف لە ئەنفالی گەرمیاندا تاوانی شوومی بەعسیەکان و ئەنفالچییەکان بەرۆکی هەمووانی گرت نەک هەر عومەر بەڵکو خۆی و زۆربەی بنەماڵەکەی بەر شالاوی ئەنفال کەوتن .

خۆی و دوو منداڵی، دوو برای و خوشکێکی بەخێزانەوە، دوو لەمامەکانی و سێ برازای و ئامۆزایەکی، هەرهەموویان گیران و بەرشالاوی ئەنفال کەوتن.

لە دوای تێپەڕینی (٣٢) ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا هێشتا ئێمە لە یادمان نەکردووەو هەرگیز لەگەڵ ناوی شەهیدانی جینۆسایدو ئەنفالکراوەکان یادیان بەرز ڕادەگرین.



ئەمشەو بەبینینی ئەم وێنەیەی کاکە عومەر زۆر نیگەران و دڵتەنگ بووم، هەرچەندە کۆشام نەمتوانی خۆم ڕاگرم. بۆیە ئەم سەربوردەیەم لەژیانی هەڵدەدەمەوە.

کاکە عومەر بۆمن تایبەتمەندیەکی تریشی هەیە، ئەو هاورێ و خۆشەویستی باوکم بوو شەهید "مام سلێمان تەپەسپی" کە لەبەرگری هێرشەکانی ئەنفالدا شەهیدبوو..لەنێو کاروانی ئەنفالدا ئەوان پێشکەوتن و ئێمەش بەیادەوەری و ئازارەکانەوە ڕۆژگار بەرێ دەخەین.

# لە نێوان خراپ و خراپترین چاک هەڵدەبژێرم



عادل عوسمان

لەسەر داوای برای بەڕێزم کاک(عومەر محەمەد) بۆ ڕسواکردنی ئەو ئەنفالچیانەی کە خۆزگە بەسەردەمی بەعس دەخۆن، ویستم بەشداریەک بکەم.

سەردێڕی وتارەکەشم دەربڕینی ژنێک بوو بە ناوی زەینەب، کە نزیکایەتی خێزانیان لەگەڵ ماڵی سەدام حسەیندا هەبوو، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا، لەکاتی شەڕی کەنداودا هەڵهاتبونە دەرەوەی عیراق. دەیگێڕایەوە، دەیووت ئەوەندە تێکەڵاوی خێزانیمان هەبوو بە سەدامم دەوت مامە سەدام. بەڵام بەهۆی خوێندنمەوە لە قوتابخانە کە کوردو مەسیحی لەگەڵمان دەیخوێند، باسی خراپی و پیاوکوژی بەعس و سەدامیان دەکرد، منیش نەدەچوو بەئەقڵمدا کە مامە سەدام! ئەوەندە دڕندەبێت کە هاوەڵەکانم باسیان دەکرد. ڕۆژهاتوو چوو، باسەکان بونە ڕاستی و منیش بە هۆی دۆخی شەڕی کەنداوەوە ئاوارەی هەندەران بووم و ئازادتر لەدڕندەیی بەعس و مامەسەدام! تێگەیشتم. ئەو گێڕانەوەم بۆ ئەوەبوو کەبڵێم ئەوژنە نوێنەرایەتی ئەخلاقێکی جوان و ڕەوشت بەرزانەی دەکرد و لە گێڕانەوەکەی بەردەوام بوو تاهاتە سەردۆخی هەنوکەیی عیراق و خراپی دۆخەکەو ئەوپرسیارەی کرد.

کە ئایا مرۆڤ دەتوانێت، لە نێوان خراپ و خراپتردا، خراپ هەڵبژێرێت؟ لەوانەیە ئەگەر بەراوردی بکەیت بە دۆخی لە دەستچوی ئەنفالچی و کاسەلێس وسودمەندەکانی دوێنێ و پڕدەسکەوتەکانی ئەمڕۆو بازرگانەکانی خوێنی ئەم ڕۆژگارە وتبێتی، خراپ لە خراپتر باشترە. بەڵام مرۆڤی ئەرکدار ماندوو بوو تێکۆشەر بەژیانی ئازادو کۆمەڵگەوە، وەڵامی جیاوازو کاری جیاواز دەڵێتەوەو دەکات.

وەڵامی ئەو ژنە ئەوەبوو نەخراپ، نەخراپتر، بەڵکو کارکردن بۆ ژیانێکی باشتر، ئاسودەو ئارام چونکە هەردوو چەمکی خراپ و خراپتر، نوێنەرایەتی بێئومێدی، بێ ئامانجی و تەسلیم بوون بەژیانی هەرزان و بێ ئامانجە.

کاتێک مرۆڤ بونی خۆی بناسێت و خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرامبەر ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوا کاردەکات بۆ ئاواکردنی کۆمەڵگەیەکی باشتر کە نمونەی خراپ و خراپترەکان بشکێنێت و باش و باشتر پێشکەش بکات. بۆیە هیواو ئومێد بۆ مرۆڤ گرنگەو دەتوانێت بتکاتە تاکێک کۆمەڵگەیەک کە بەشداربێت لە ئاواکردن و ڕێکخستن و سڕینەوەی ناشرینیەکان. لەگەڵ زەینەب و زەینەبەکان، عومەرو عومەرەکان. دەڵێین نە خراپ و خراپتر، بەڵکو چاک و تێکۆشان لە پێناوی ئاواکردنی جوانیەکانی ژیانی ئازاددا.

ئێمە بەرهەمی تێکۆشان و سەختیەکانی ژیانین، بۆیەمل بە نائومێدی و تەسلیمبوون و خراپ هەڵبژاردن نین.

# فیلیپ سپینسر بۆ یادی هەڵەبجە وئەنفال



**وەرگێرانی : حەسەن قازی**

فیلیپ سپینسر: بەرپرسی ناوەندی هێلێن Helen Center for Collective Research بۆ لێکۆڵینەوەی توندوتیژی بەکۆمەڵی گازبارانی هەڵەبجە ساڵی ٢٠١٢لەکۆنفرانسی پارلمانی ئوروپا ئەم وتارەی پێشکێش کرد.

دەقی وتارەکەی فیلیپ سپنسر

دوای تەماشاکردنی ئەو فیلمە[2]قسەکردن هێندێک زەحمەتە، (دوای تەماشاکردنی دیمەکانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە لە کۆنفرانسی یەکەمی هەڵەبجە و ئەنفال لە پارلمانی ئەوروپا ) زۆر سەختە قسەی لەسەر بکەم کە ئێستا ئاوا هەستی پێدەکەم ئەمە تەحەمول ناکرێ، بەڵام هەوڵ دەدەم قسەکانم بکەم .

سپاسی ڕێکخەران دەکەم:

ئێستا سەرقاڵی کتێبێکم لەسەر جێنۆساید لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە کە جێنۆسایدی کوردیش لە خۆ دەگرێ. بۆچی من لەسەر بابەتی جێنۆساید وانە دەڵێمەوە و لەسەری دەنووسم؟چونکە جێنۆساید جینایەتی جینایەتەکانە! جێنۆساید وەک تاوانەکانی تر نیە، بەڵکو خراپترینیانە، کە پەیرەو دەکرێ. ئەوە تەنیا بەو هۆکارە نیە کە جێنۆساید دەخوازێ کۆمەڵگەیەک بگۆڕێ یان مرۆڤایەتی بگۆڕێ، بەڵکو پاکتاوکردنی فرەڕەنگی ناو کۆمەڵگە و لە ناوبردنی هەستی پێکەوە بوونمان لە خۆ دەگرێ. ئەوەی لەهەڵەبجە ڕوویدا و دواتریش لە پەلامارەکانی ئەنفالیشدا ڕوویانداوە، بە ڕوونی و بە تەواوی جێنۆساید بوو.

کۆنڤانسیۆنی جێنۆساید لە ڕوانگەیەکەوە کێشەی هەیە. بەڵام دووخاڵی بنچینەیی ئەو کۆنڤاسیۆنە:

یەکەم: هەبوونی 'مەبەست'ێک بۆ لە ناوبردنی بەشێک یان تەواوی گروپێک.

دوهەم: زنجیرەیەک کردەوەی وێرانکار لە کوشتنەوە هەتا دەگاتە، بەربەستکردنی زاوزێ و زیاد بوونی مرۆڤی ئەو گروپانە.

یەکەم کەسێک کە چەمکی جێنۆسایدی بۆ یەکەمجار هێنایە کایەوە، جولەکەیەکی پۆلۆنیایی بە ناووی "ڕافائێل لینکێن"، دەیگوت: ئێمە پێویستیمان بە چەمک و یاسایەک هەیە کە مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی نوێدا بکا کە بەو پێیەی دەوڵەتی مۆدیرن بە هەوڵی هەمەلایەنە و کۆردینەکراو، هەوڵدەدەن کە ئاوێرتە و قەوارەی کۆمەڵگە بگۆرن، واتە ئاوێرتەیەک لابەن وئاوێرتەیەکی تری لەجێدا دانێن. ئەو شتانە لە پێش و لە ناو و لە پاش هەڵەبجە هاتنە گۆڕێ . باهیچ شک وگومانێکمان لەوە دانەبێ ئەوە بە 'مەبەست'ەوە کراوە، چونکە لە لایەن سەدامەوە وەکو دەستکەوتێکی پیرۆزناسێنرا و ئاهەنگی بۆ گێرا.

ئەوە جێنۆساید بوو، ئۆپێراسیۆنی دژە- بەرخۆدان نەبوو، شەڕی نێوان دەوڵەتان یان ئەرتەشان نەبوو، تەنانەت شەڕی نێوان دەوڵەت وگروپێکی چەکداریش نەبوو. بەڵکو جێنۆساید و شەڕی دەوڵەتێک بوو لە دژی دانیشتوانی خۆی.' مەبەست'یش لەناو بردنی گروپێک، بە پێوانەی پۆلێنی کۆنڤاسیۆنەکە بوو؛ گروپی ئێتنیکی، گروپی نەتەوەیی و گروپێکی ڕەگەزی بەپێ سەددام و تەنانەت گروپێکی سیاسیش، چونکە هەبوونی ئۆتۆمۆنی کوردان، بۆ سەدام وەک مەترسیەک دەبینرا

[2]فیلمێکی دۆکیۆمینتاری بووە دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجەو قوربانییەکانی

له بەرامبەر ڕکێفی تەواویخوازانەی خۆی بەسەر ئێراقدا. ئەوە هەوڵێکی زۆر بنچینەییانەش بوو؛ سەددام وەک تەنیا چارەسەری دەنرخاند. سێبەری هۆلۆکۆستیشی لەسەر بوو. ستراتێژی چی بوو؟

مێژوونووسی بەنێوبانگ "ڕائۆل هیلبرگ" دەڵێ: نازیەکان پێویستیان بە سێ خاڵ هەبوو بۆ لە ناوبردنی جووەکان پێویستیان بەوەبوو کە پێناسەیان بکەن. پێویستیان بەوە بوو کە جولەکەکان لەشوێنێکی وەکو کەمپەکاندا کۆکەنەوە. پاشان پێویستیان بەکوشتنی جوولەکەکان. ئەو پرۆسەیە لەسەر کوردەکانیشدا پەیرەوکرا... پێناسەکردنیان... کۆکردنەویان... پاکتاوکرد نیان...

دەتوانی سەیری کۆردینەکردنەکەی بکەی بە لەبەرچاو گرتنی هەنگاوەکانی. پێناسەکردنەکەی بەوە دەستی پێکرد. ئایا تۆ کوردی. ئایا خۆت وەکو کورد پێناسە دەکرد یا نا؟ پاشان کۆکردنەوە دەستی پێکرد، کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە دژی کوردان. هێرشی سەربازی بەچەکی کیمیایی. وێرانکردنی دێهاتەکان، دیاریکردنی هەندێک ناوچە وەکو پانتایی قەدەغەکراو، لەناوبردنی ئەگەری ژیان لەو ناوچانە. ژەهراوی کردنی سەرچاوەکانی ئاو. دیپۆرتکردنەوەی جەماوەر، تالانکردن. دەستگیرکردنی نایاسایی و هەڕەمەکی و لەخۆڕایی. ڕاگواستنی خەڵکەکە بۆ کەمپەکان، کۆکرنەوەیان و لە سێدارەدانیان لە کەمپەکاندا و پاشان گۆڕی بە کۆمەڵ و پاشان بەکارهێنانی بۆلدزێر.... لەکۆتاییدا ئەو شتەی کە پێیان دەکوت "لێبووردن". کە لەخۆیدا نەک لێبوردن نەبوو بەڵکو لەبنەڕەتەوە شۆنبزرکردنی بە دوادا هات...

کەواتە. لە دەستپێکەوە تا کۆتایی ئەوە هیرشێکی بەردەوام و سیستماتیک و بێ پچڕانەوە بوو؛ پرسیاری زیانەکان لە ئارا دا نیە. ئەوە هەڵمەتێک بۆ "لە ناوبردنی "بەشێک یان تەواوی گروپێک ؛ ئەوە ئەو شتەیە کە جێنۆسایدجیا دەکاتەوە لە تاوانەکانی دی.

سەرلەنوێ دەگەڕێمەوە بۆ "هیلبیرگ". کە دەڵێت بۆ ئەوەی کە جێنۆساید ڕوو بدا ، دەبێ سێ گروپی خەڵک لە ئارا دابن. تەنیا بکەران؛ واتا ئەوکەسانەی کە دەکوژن؛ نا، تەنیا قوربانیان. واتا ئەو کەسانەی کە دەکوژرێن. بەڵکو ڕاوەستاوانیش... ئەو کەسانەی کە ڕادەوەستن و سەیر دەکەن و لێدەگەڕێن جێنۆساید پەیرەو بکرێ.

لە مژاری جێنۆسایدا. بەرپرسیارێتیش دەکەوێتە سەرشانی ڕاوەستاوانیش. چونکە کۆنۆڤانسیۆنی لە مەڕ جێنۆساید هەر بەتەنیا باسی بکەران ناکا. بەڵکو مەجبووریەتی دەخاتە سەرشانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی -ئەوە لەوە پێش لە ئارا دا نەبوو -کە کارێ بکەن ئەگەر مەترسی جێنۆساید لە ئارادایە یان ئەوەی کە خۆدی جێنۆساید خەریکی پەیرەوکردنە..

با سەیری سێکۆچکەیەک بکەین. زیاتر تیشک دەخەنە سەر قوربانیان. کە واتە من ئەوشتانەی کە گوتراون دووپات ناکەمەوە. بێجگەلە گوتنی ئەوە؛ کاتێک ئێمە باسی لەناوبردنی گروپێک دەکەین. باسی پۆلێنێکی خەڵک دەکەین. تەواوی پۆلێنێک لە ناو گروپەکەدا. کەواتە لە بابەتی کوردەکاندا؛ خەڵکی سیڤیل بێچەک و ئاسایی..؟

بەڵێ... پیاوانی گەورە. تەنانەت ژنان و منداڵانیش. بە لەناوبردنی ژنان ومنداڵانیش تۆپێشگیری لەزیادکردنی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەی. نەک هەر پیاوانی بێچەک. ژنان و منداڵان. بەڵکو تەنانەت بە ساڵدا چوانیش. نە تەنیا بە ساڵداچوان و هەموی ئەوانە. بەڵکوماک و ناوەڕۆکی ئەو گروپانە، بەڕێوبەرایەتی ئەوگروپانە، ژێرخانی کۆمەڵایەتی ئەو گروپانە... بۆ ئەوەی کە ڕێگای ڕزگار بوونیان بگیرێ.

لە پشت ئەو هەمووە ئۆپێراسیونە سیستماتیکانەشدا ئیدۆلۆژیەک هەبوو. کە لە مژاری کوردان و لەهەموو بابەتەکاندا. سێ لایەنی لێ دەبێتەوە. یەکەم؛ لەمرۆڤ خستن. دووهەم :خەیاڵ (دیلوسیۆن). سێهەم؛ پوچەڵکرنەوە (یۆفێمیسیم).

یەکەم :نامرۆڤانەکردنی. بە ڕێگای وتەکانی بکەران و بکوژانی کوردانداا. تۆ دەتوانی وشەی وەکوو "کەر ..." "سەگ .."بۆ کورد ببینێوە!

دوهەم؛ خەیاڵ (دیلوسیۆن). تۆ دەتوانی لەو کاتانەدا کە ئەوان دەڵێن... ئەوە ئیدی بان ئاساییە... دەڵێن کوردان زایۆنیستی ئێرانین. سێهەم؛پوچەڵکرنەوە (یۆفێمیسیم). هەروەکوو نازیەکان، ئێمەچارەسەری

کێشەکان دەکەین. کاتێک کە ئێمەسەیری بکەران دەکەین، هەم تاکەکان و هەمیش ڕێکخراوەکان بەدی دەکرێن. ئێمە دەبێ ئەوانەمان هەموو لەبەرچاو بێ . ئەوە هەر ســـەدام نیە، ئەوە هەر ئەلمەجید نیە، بەڵکو دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقیش لە ئارادان. ئەگەر ســـەیرێکی ئەو ڕێکخراوانە بکەین دەبینین کە هەردوو بەشــی ســەربازی و ســیاســی، ئەرتەش، هێزی کۆمــانــدۆ، ئەوشـــتەی کە پێیــان دەگووت جەیش الشعبی، بەکرێگیراوان، بەشی هەواڵگری عەســکەری، تەنانەت پارتی بەعس و ئاســایشــی گشــتی بەشدار بوون. بەڵام بۆچی ئەو هەمووە ڕێکخراوانە؟

شـــتێک هەیە کە مرۆڤ بە لاڕێدا دەبا بە بۆچوونی من، چونکە ئێمە ئەوە وێنا دەکەین کە دەوڵەتێکی بەناوەنـدی هەیە لێرەدا، بەڵێ دەوڵەتێکی بەنــاوەنــدی هەیە، ئەو دەوڵەتانەی کە جێنۆســـاید دەکەن بەناوەندکراون، بە شـــیوازێکی نائاســـایی هێز کۆدەکەنەوە، دیموکراســـی نین. بەلام لەهەمــانکــاتــدا دەولەتێکی کــائۆتیــک و بگرە وبەردەیین و چەند گرووپی جیاواز لە ناویاندا بەردەوام لە ڕقەبەری دان و لە ســەریەکیش بەردەوام ســیخوری دەکەن، تەنیا لەســـەر کۆمەڵگەســـیخوری ناکەن، بەڵکو لەســـەر یەکتریش هەر سیخوری دەکەن. بەشێکیش لە سیخورییەکە، ئەوەیە کە بۆچی ئێمە ئەو هەمووبەڵگە و دۆکومێنتانەمان هەیە -کە شـــتێکی زۆر بان ئاســـاییە –کە واتە ئەوە دەوڵەتە، دەوڵەتی نــازییە، ئەوە تــایبەتمەنــدی هەموو دەوڵەتێکی جێنۆسایدیە، بە شێوازێکی ناخۆ بەئاگاییانە بەڵگە لە کردەوەکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە، ئێمە دەزانین بۆ وایان دەکرد... بۆچی بەڵگەیان هەڵدەگرتەوە؟ بەڵگەیان هەڵگرتەوە چونکە، دەیــانویســـــت بەرپرســـــیاریتی بخەنەوە ســـەرشـــۆنێکی تر، ئەگەر بەڵگــانەیــان هەڵ دەگرتەوە بۆ ئەوە بوو کە بەرپرســـیاریتی بخەنە ســـەر شـــانی ئەو کەســـانەی کە دەســتوریان دەدا، کەواتە هەر کردەوەیەک بەڵگەی لێ هەڵگیراوەتەوە، کێ بکوژێن، چۆن بیکوژێن، کەی دەیکوژێن، لە کوێ بکوژێن، ئەوانە هەمــووی بەڵــگەیــان لــێ هەڵــگیــراوەتەوە بــۆئەوەی کە بەپرسیارێتی بخەنە ئەوستۆی لایەکی تر.

ئەوە بە چ واتەیەکە، ئــا ئەو جێگــایەی کە گرێــدروای بــکەرەکەیە؟ ژمــارەیەکــی زۆری بەشـــــداران لەهەر جێنۆســایدێکدابە تایبەت ئەو جێنۆســایدە، کەســێک یان دوو کەس نین.

ئەی لایەنی سێهەمی سێکۆچکەکە، ڕاوەستاوان واتە، زۆر شت -کە ڕاستیشە -لە سەر جیهانی ڕۆژئاوا، ئوروپا، و ئــاڵمــان دا کوتراوە... لەســـەر ئەو کەســـانەی کە ئەو چەکانایان بۆ دابینکرد...

هیلبێرگ دەڵێ :لە ناو گرووپی ڕاوەستاوان دا ئێمە دەتوانین ســـێ جۆری جیاوازی خەڵک ببینین. ئەو خەڵکانەی کە هــاوکــاری دەکەن -کە زۆر کەمــن، ئەوکەســـــانەی کەســەیردەکەن -هەژماریشــیان زۆرە، ئەو کەســانەی کە قازانج دەکەن...

لە نــاو عێراقدا کەســـانی قازانجکەری تێدا بوو، ئەو کەســانەی کە قازانجیان لە بەعەرەب کردن دا بوو. بەڵام لە ڕۆژئــاواش قــازانجکەران هەبوون... ئەو کەســـانەی کە قــازانجیــان لە بەرەی یەککگرتوان- ئــالاینس- دا لە دژی ئێران هەبوو، ئەو خەڵکــانەی کە پــاش جێنۆســـــاید خۆماڵیان دەست کەوت.

لێرەدا بـاس لەوە دەکەم کە ئەمانە بەرەو کۆیمان دەبەن و چی دەبێ بکرێ. پێموایە ســێ شتمان هەیە بۆ کردن؛ ئێمە دەبــی وەبــیــربــێــنــیــنەوە، دەبــێ تــێبــگەیــن دەبــێ ولام بدەینەوە. بۆ سێ؟

ئێمە دەبێ وەبیر بێنینەوە چونکە بەشـــی ســـەرەکی هەر جێنۆســایدێک نکوڵی لێکردنە. ئەو کەســانەی کە پیلانیان هەیە بۆپەیرەوکردنی جێنۆســـاید، نکوڵی لێدەکەن ئەو کاتەی کەخەریکی پیلانگێرانی جێنۆســـایدەکەن، نکوڵی لیدەکەن ئەو کاتەی کە جێنۆساید پەیرەو دەکەن، تەنانەت ئەو کاتەی کە پەیڕەویشــیان کرد هەر نکوڵی لێدەکەن. کە واتە ئێمە دەبێ لە بیرمان بێ و وەبیری بێنینەوە؛ بۆئەوەی کە بەڕهەڵســـتی ئەو نکوڵی لێکردنە بکەین. ئەوە ژمارە یەک...

ژمــارە دوو.. ئێمە دەبێ لەوە بگەین کە جێنۆســـــایــد، جینایەتی جێنۆســـایدانە... ئێمە دەبێ لەوە بگەین کە چ کــردەوەیەک لەخــۆی دەگــرێ، چ "مەبەســـــت"ێــک لە ئارادایە. چۆن بەرێوە دەچێ کاتێک کە پرۆســەکە دەســتی پێکرد، ئەوجار بزانین ئەنجامەکانی جێنۆساید چییە.

سێهەم... ئێمە دەبێ وەڵام بدەینەوە بە جێنۆساید. دیسان.... سێ لایەن لە وەڵامدانەوەدا هەیە... ئێمە دەبێ بەدواداچوونی بکەرانی جێنۆساید بکەین، دەبێ وەڵامی قوربانیانی جێنۆساید بدەینەوە، واتا دەبێ بیانپارێزین، سەرلەنوێ مافەکانیان دەستنیشان کەینەوە و ئەو مافانەیان کە پێشێلکراوە دەستنیشان بکەین و سەرلەنوێ جێبەجێیان کەینەوە. ئەوجار... ئێستا دێمە سەر بەشی ڕاوەستاوان. وەلامدانەوەی جێنۆساید بەواتای ئەوە دێ کە نەهێڵین سەرلەنوێ ڕووداتەوە. بەدواداچوون تێر ناکا، پاراستن و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی مافیش بەس نیە... ئێمە لێرەین بۆ کوردەکان و بۆ ئەوەی وەبیری بێنینەوە، بەڵام ئێمە لێرەین بۆ خۆشمان، چونکە ئەوشتەی کە بەسەر کورداندا هات، پێشتریش بەسەر گەلانی دیکە داهاتبوو، بەسەرجوولەکە دا هاتبوو، لەپاش کوردەکان بەسەر گەلی یۆگۆسلاڤیاش دا هاتووە، بەسەر گەلی ڕواندا هاتووە و ئێستاش ئەوە بەسەر گەلی دارفور دا دێ ...

ئەگەر ئێمە جێنۆساید وەبیر نەهێنینەوە، ئەگەر لێی تێنەگەین، ئەگەر وەڵامی نەدەینەوە، ئەوە سەر لەنوێ ڕوودەداتەوە... سەر لەنوێ ڕوودەداتەوە... سەرلەنوێ...

لێگەڕێ با لێرەدا بە چەند وتەی ئەو کەسانەی کە لە هۆلۆکۆست ڕزگاریان بووە تەواوی بکەم، کە ئەوەش بۆ هەرکوردێک وهەرمرۆڤێک ڕاستە، پریمۆ لێوی دەڵێ " ئەگەر من بۆخۆم نیم، کەواتە بۆ کێم؛ بەڵام ئەگەر من هەر بۆ خۆم بم، کە واتە من کێم."

سەرچاوە : دەنگ وڕەنگ

http://dengureng.blogspot.com/2020/03/



# لە پێناوی دادپەروەری


بۆچی ئەوەندە جەخت دەکەمەوە لە تاوانی جێنۆساید تێبگەین ؟ مەبەستمە تاکی کورد بە قولی لە نیازی ئەنجامدەری تاوانەکەو دەرئەنجام تێبگەن، چونکە مرۆڤ کە بە قوڵی لە نیازو دەرئەنجامەکەی تێ نەگەیشت، مەترسیەکانی فاشیزمیش نا ناسێ، ئەم دیکتاتۆر دەگۆڕێت بەوی تر، بەڵام ئەگەر تێگەیشت بە هیچ پاساوێک پارتی فاشی و سەرۆک و ڕێبەری فاشی دروست ناکاتەوە، ئەوانەی لەسەربنەمای رق و توڕەیی هەڵویست دەنوێنن، بەرهەمهێنەرەوەی فاشیزمن.

بۆچی ئەم دۆسیێیەم کردووە بەخەمی خۆم ؟ بۆچی دۆکیۆمێنتکردنی تاوانکاری و چیرکی تراژیدی قوربانی بەگرنگ دەزانم؟ بەزەییە ؟ بۆ زیندو هێشتنەوەی برینە، یان بۆ سارێژکردنی ؟ ئایا کولاندنەوەی برین وزیندوو هێشتنەوەی چیرۆکی قوربانی پێویستە ؟ ئەمانە چیمان پێدەبەخشن ؟

هەرگیز لەگەڵ مانەوەی برین نیم، تەنانەت لەگەڵ زیندوهێشتنەوەی چیرۆکی قوربانییەکانیش نیم ! ئەوەی بۆی تێدەکۆشم بە زیندوهێشتنەوەی یادەوەرییە، نەک کوڵاندنەوەی برین، زۆر گرنگە کاربۆ باڵاکردنی یادەوەری بکەین، بەڵام یادەوەری چۆن باڵا دەکات ئەگەر مرۆڤ خۆی بەگچکەیی و زەلیکی مابێتەوەو هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی باڵای نەکردبێت ؟ قوربانی چۆن هەڵدەستێتەوە سەرپێی ئەگەر دەستی نەگیرێ و هەر بەچاوی بەزەییەوە لێی بڕوانین و بەشکۆوە نەیاتەوە ناو ژیان ؟

ئایا کێن ئەوانەی ئەم یادە بەزیندویی وبەبڵندی رادەگرن ؟ قوربانیەکانن یان پسپۆڕانی ماف ؟ ئەکادیمییەکانن یان سیاسیەکان ؟ پیاوانی ئاینین یان هونەرمەندان ؟ بێگومان هیچیان نین بەتەنها بەڵکو هەموو بەیەکەوە دەتوانن بەومەرجەی هەمووشیان لەسەر یەک خاڵی هاوبەش بجوڵێن ئەویش ئەوەیە (یادەوەری بۆ شکۆ نەک بۆ بەزەیی) یادەوەری بۆ دادپەروەری نەک بۆ ئارایشتی نادادی و بەرهەمهێنانەوەی دڵڕەقی وبەد رەفتاری بە ناوی دژایەتی کردنی فاشیزمەوە.

# ئەنفالی تیلەکۆی بچوک



**ئەنفالکراو ڕەئوف عەبدوڵا لە ساڵی ١٩٥٨ لەگوندی تیلەکۆی بچوک لەدایک**
**لە نیسانی ١٩٨٨ لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا گیراو بێسەروشوێنکرا.**

تیلەکۆی بچوک ناوی گوندێکی گەرمیانە کە لە ساڵی ١٩٨٨ وەک تەواوی گوندەکانی تری گەرمیان بەرپەلاماری ئەنفال کەوت، زۆربەی خەڵکەکەی گیران و ئەنفالکران، ئەو ریزبەندییەی خوارەوە ناوی ئەنفالکراوانی بنەماڵەیەکی ئەو گوندەن، کە هەموویان ئەنفالکراون.

جگەلەم ناوانە تیلەکۆی بچوک زیاترلە (٢٨) کەسی زیندانی سیاسیە کە لەپەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیاندا گیرابوون و لە زیندانەکانی دوبزو نوگرەسەلمان ماوەی شەش مانگ دەستبەسەرکرابوون بەلیبوردنێک بەربوون و گەڕاونەتەوە.

ئەوانەی ئەنفالکراون و ناویان لێرەدا هاتووە، هەموویان بەرەی (٩) بران لەگوندێکی بچوکی گەرمیاندا.

ناوەکان

1 - ڕەؤوف ئەحمەد عەبدوڵا
2 - کاوە حمەساڵح ڕۆستەم عەبدوڵا
3 - ئیبراهیم مەدحەد محەمەد عەبدوڵا
4 - ئافتاو محەمەد مەحمود ڕەحمان
5 - فەیمە نامیق محەمەد عەبدوڵا
6 - حەسەن محمود عەبدوڵا
7 - حسێن محمود عەبدوڵا
8 - سدیق حمەساڵح ڕۆستەم عەبدوڵا
9 - بەرزان سدیق حمەساڵح ڕۆستەم عەبدوڵا
10 - ڕەشید حمەساڵح ڕۆستەم عەبدوڵا
11 - گۆران ڕەشید حمەساڵح ڕۆستەم
12 - خەیری ڕەشید حمەساڵح ڕۆستەم
13 - عەلی قادر فەرەج عەبدوڵا
14 - یاسین عەلی قادر فەرەج عەبدوڵا
15 - کاروان عەلی قادر فەرەج عەبدوڵا
16 - خالد محەمەد حسێن عەبدوڵا
17 - ئەمیرە محەمەد حسێن عەبدوڵا
18 - ئاوات محەمەد حسێن عەبدوڵا
19 - کۆچەر محەمەد حسێن عەبدوڵا
20 - تۆفیق ڕۆستەم عەبدوڵا
21 - ئەحمەد تۆفیق ڕۆستەم عەبدوڵا
22 - چنار تۆفیق ڕۆستەم عەبدوڵا
23 - ڕووخۆش تۆفیق ڕۆستەم عەبدوڵا
24 - سروە تۆفیق ڕۆستەم عەبدوڵا
25 - سەوزە تۆفیق ڕۆستەم عەبدوڵا
26 - هومەیل تۆفیق ڕۆستەم عەبدوڵا

**تێبینی :**

ناوی ئەنفالکراوان لەلایەن (بەختیار ڕەئوف عەبدوڵا)ەوە ئامادەکراوە. جیگەی ئاماژەیە ناوی باوکی بەختیارو نەنکی واتا دایکی باوکی بەناوی "ئافتاو محەمەد" لەریزبەندییەکەدایە، بۆ ریزگرتن لەم هەوڵەی بەختیارو ئەنفالکراوانیش ئەنفالستان بە ئەرکی خۆی زانی کە دۆکیومێنتیان بکات و لە گۆڤارو ماڵپەڕی ئەنفالستانیشدا بەئامانەتەوە بڵاویان بکاتەوە .

# وتاری کۆمەڵەی قوربانیان ٢٠٢٠

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان
کەس وکاری سەربەرزی شەهیدانی ئەنفالکراو .
بەبۆنەی تێپەڕ بونی (٣٢) ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالکردنی گەلەکەمان، سەری ڕێزو وەفا دادەنەوێنین لەبەرانبەر ڕوحی بەرزەفری (١٨٢٠٠٠) شــــەهیدی بێتاوانی ئەنفالکراوی گەلەکەمان. هیواداریین گەلەکەمان بەگشــتی و کەس وکاری ســـەربەرزی ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی لەم پەتای کۆرۆنایە پارێزراو و سەلامەتبن .
کۆمەڵەی داکۆکی لەپرســـی ئەنفــال لەهەموو قۆنــاغ وســـەردەمەکانی ڕابردوودا و ئێســـتاشـــی لەگەڵ بێت شـێلگیرانەو لێبڕاوانە لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و عێراق بەردەوام بووە لە داکۆکیکردن و گەیــانــدنی مــاف و داخوازیە ڕەواو بەپەلەکانی کەســـوکاری ئەنفالکراوەکان بەلایەنی پەیوەندیدار لەحکومەتی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و لەئاستی دەرەوەشدا لەچەندین پرسی جینۆسایدی گەلاندا نوێنەرمان بەشداری کردووەو چالاکی جۆراوجۆرمان ئەنجامداوە لەسەر جینۆسایدکردنی گەلی کورد کۆمەڵەی داکۆکی لەهەمو دەرفەت و قۆنــاغە جیاجیاکاندا بەشـێوازێکی سـەردەمیانەو شـارسـتانیانە چ بەدیداری تایبەت لەسـەرئاسـتی سـەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێم و هەردوو پەرلەمانی عێراق و کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وزارەتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوان بوبێ یاخود بە خۆپیشـــاندانی هێمنانەو گردبونەوەی جەماوەری فشـاری گەورەمان دروسـتکردووە بـۆ جـێبەجـێکـردنـی داواو داخـوازی کەســـوکـارە ســـەربەرزەکانمان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەســـەر کەیســـەکانی ئەنفال و کیمیاباران بەگرتن و ڕادەستکردنی جاش و موستەشارە تۆمەتبارە داواکراوەکانەیشەوە
جێگــای وەبیر هێنــانەوەیە بەشـــێـک لەو چــالاکیــانە بەهاوبەشـــی ڕێکخراوەکانی بواری جینۆســـاید ئەنجام دراوە. جێگــای پێزانینە لەلایەن حکومەتی هەەرێمی کوردستانەوە بەشێک لەماف و داخوازییەکانی کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکان جێبەجێ کراوە .
خوشک وبرایانی بەڕێز
ئەوەی جێگای نیگەرانی و ئازار بەخشە سەردەمێک کورد لە ناو حکومەتی عێراقدا ســـەنگ و قورســـایی گەورەی هەبوو لە کوردســـتانیشـــدا کابینە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەت دەرفەتی زۆریان لەپێش بو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە، کاری زۆرگەورەو گرنگ لەســـەر کەیســـەکانی جینۆســایدی گەلەکەمان ئەنجام بدەن و ئاســودەیی تەواو ببەخشــن بە خانەوادە جەرگ ســوتاوو ڕەشــپۆشــەکانی ئەنفـالکراو، نەک هەر ئەمە نەکرا بەڵکوو زۆر دەرفەتی زێڕین لەدەســـت درا ، گلەی و گازندەی کەســـوکاری شـــەهیدانی ئەنفالکراو لەنا عەدالەتی حکومەتی هەرێم ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تادێت فراوانتر دەبێت و لەپەرەسەندندایە . لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا خۆفرۆشان و منداڵەکانیان ئێســتەپێگەیان لە پێشــمەرگە دڵســۆزەکان و کەســوکاری شـــەهیدان و شـــهیدانی ئەنفالکراو بەهێزترە ، لە نێو حزبەکاندا جاش و خۆفرۆشان بەرپرسیارێتی باڵایان پێ دەدرێـت ، لێرەو لەوێش ســـوکـایەتی بەکەس وکـاری شەهیدان و ئەنفالکراوەوەکان دەکەن.
دایکان و باوکانی ستەم دیدە
لە پێش ئەنفال ئەو پێشمەرگانەی ماڵەکانی ئێوە چێشتخانە و هوتێل و حەمامیان بوون ئێستە بەتەنها جێیان هێشتوین و پشتیان کردووەتە داواو داخوازیە ڕەواکانمان .
ئەوپارێزەرە بەڕێزانەی لەدادگای باڵای تاوانەکان لەکەیسی ئەنفالدا بەپارێزەری کەســـوکاری ئەنفال خۆیان ناســـاند لەئـاســـت جێبەجێ نەکردنی بڕیـارەکانی دادگای بـاڵای تــاوانەکــانــی عــێـراقــدا بــێــدەنــگــیــان نــوانــدووە . ئەونوســـەرو ڕونـاکبیرە بەڕێزانەی پێنوســـەکـانیـان ســـەردەمێک بۆخزمەتی کەیســـی جینۆســـایدی گەلەکەمان تەرخان کردبوو ئێستە دۆشداماون
هەموو ئەمانە ئەوڕاستیە دەردەخەن کەیسەکانی جینۆساید و کەســـوکاری قوربانیەکان بێپشـــت و پەنا ماونەتەوە هەروەکو سەردەمی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال
بەڵگەی ســـەلمێنەریش بۆ ئەم ڕاســـتیانە ئەو یاداشـــتەیە کەلەپاش سەردانەکەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی سەماوە لەکۆتایی مانگی ٧/ ٢٠١٩ بە سەرپەرشتی کۆمەڵە پێشکەش کرا بە هەریەکە لە بەڕێزان ســـەرۆک کۆمـای عێراق و هەردوو

ســــەرۆکی پارلەمانی عێراق و کوردســـــتان و وەزارەتی شـــەهیـدان ، کە بەداخەوە تـاوەکو ئێســـتە وەڵامی یاداشـتەکەمان وەر نەگرتووەتەوە کەسـەرجەم یاداشـتەکە پەیوەندی بە چارەنووسـی کەیسـەکانی جینۆسـاید کردنی گەلەکەمانەوە هەبوو.

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی ئەنفالکراو

کۆمەڵەی داکۆکی لەپرســـی ئەنفـال ســـەرەڕای هەموو ئاسـتەنگ و بەدەنگەوە نەهاتنێکی دەســەڵات ، بەردەوام دەبین لەسـەر هەموو چالاکیەکی هەمەلایەنە بۆ گەیشتن بە تەواوی مـاف و داخوازیەکـان بۆئەم مەبەســـتەش داوا دەکەین هەموو ڕێکخراوەکـانی بواری جینۆســـــاد و پارێزەرانی بەڕێز و نوسەران وروناکبیران کاروچالاکیەکان یەک بخەین و فراوانتریان بکەین لەپێناو فشـــاری زیاتر بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگای بـاڵای تـاوانەکان لەسەر کەیسەکانی جینۆسایدی گەلەکەمان.

سەروەری بۆ شەهیدان

کۆمەڵەی داکۆکی لەپرسی ئەنفال

١٤ / ٤ / ٢٠٢٠

**تێبینی:**

لەبەر سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان و پابەند بونمان بەڕێنماییەکانەوە تەنها بەوتاری کۆمەڵە یادی ٣٢ ساڵەی تاوانی ئەنفال بەڕێ دەکەین.

# قوربانییەکان هەموویان ژن ومناڵن



تەواوی قوربانییەکانی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی ســــەماوە ژن ومنــداڵن و هەمـوویــان کوردن، بەپێی زانیــارییە سـەرەتاییەکان ژمارەیان ٨٠ بۆ ١٠٠ ژن و منداڵ دەبێت قوربانیانی ناوئەم گۆڕەش کوردن کە لە پرۆسەی ئەنفالدا گیراون و بەکۆمەڵکوژراون.

مافناس ئەدیب لەتیف بەڕێوەبەری گشـــتی کاروبـاری شـــەهیـد و ئەنفـالکراوان لە لێـدوانێکی تـایبەتـدا بۆ(ئەنفالســــتان) وتی: تیمی تایبەت بەردەوامن لەگەڕان وپشـــکنین بە دوای گۆڕی قوربانییەکاندا. ســـەبارەت بەناســینەوەی روفاتەکان، وتی : ئەو ئەنفالکراوانەی کە لەم گۆڕەی سەماوەدا دۆزراونەتەوە هەموویان ژن ومنداڵن ومنــداڵی زۆر بچوکیــان تێــدایە، هەرچەنــدە هیچ ناســـنامەیەکیان لە ناوگۆڕەکەدا نەدۆزراوەتەوە بەڵام پێدەچێت خەڵکی چەمچەماڵ و ســـنوری گەرمیان بن. چونکە جلوبەرگی قوربانییەکان هی وەرزی بەهارن ئەوەش ســــەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم قوربـانییـانە لەقۆنـاغەکانی ســـێ وچواردا گیراون و بەکۆمەڵکوژراون.


بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان ئاماژەی بەبوونی رۆژنامەیەکی ( راصد )ی ئەو سەردەمەکرد، ک لەناو گۆڕەکەدا دۆزراوەتەوەو ڕێکەوتی رۆژێکی مانگی نیســــانی بەســــەرەوەیە ئەوەش بەڵگەیەکی ترەکە قوربانیەکان لە وەرزی بەهاردا کۆمەڵکوژکراون.

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوان دەڵێت : تیمی هاوبەشی وەزارەتی شەهیدانی هەرێم و دەزگای شەهیدانی بەغداو پزیشکی دادوەری بەغدا لەگەڵ یەکەی ئیدارییەکانی ناوچەکە سەرپەرشتی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکەن.

# بەمیوانی ڕۆیشت و نەگەڕایەوە

حاجی یەحیا گەرەوەیی

له یادی ٣٣ ساڵەی کیمیابارانی دۆلی بالیسان ، سلاو له گیانی پاکی شەهیدانی مەزلوم و کەسوکاری بێنازیان. نەفرەت له دوژمنانی کوردو ڕژێمی سەدامی لەناوچو. سلێمان ئەحمەد سەعید. ئامۆزای باوکم لەساڵی ١٩٨٧ چەند ڕۆژێک پێش کیمیابارانی دۆلی بالیسان سەردانی شاری هەولێری کرد بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی خزم ودۆستان.و پرسەی برادەرێکی خۆی. لەبەر جاسوس و بە کرێگیراوانی ڕژێمی سەدام نەیتوانی له ڕێگای ڕواندوزەوە بگەڕێتەوە گوندەکەمان. چونکە پلەی ئەنجومەنی بالای گوندی گەرەوان بوو کە له ژێر کۆنترۆلی پێشمەرگە دابوو. بۆیە بەناچاری بەڕێگای زینەتیر و دۆلی بالیساندا بەڕێکەوت بۆگوندەکەمان هەرچەندە ڕێگاکە دژوارو ناخۆش و شاخاوی بوو، ڕۆژی ١٦/٤/١٩٨٧ بۆ دوای نیوەڕۆ گەیشتبوە گوندی شێخوەسانان ئەوەی بەدەرفەت زانیبو سەردانی برادەرێکی خۆی بکات و چایەک پێکەوە بخۆنەوە دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە گوتبوی: من ڕێگام زۆر له بەردەم ماوە دەبێت بۆ شەو بچمە گوندی مەلەکان لەوێش نزیک دەکەومەوە لەگەرەوان. برادەرەکەی تکلیفی مانەوەی لێکردبوو، گوتبوی : ئەوەندەکەمە بۆ پێکەوە بوونمان دەمێکە یەک ترمان. نەبینیوە هەتاکو ئێوارە لەکن من نان نەخۆیت ئیزنت نادەم شەوێ خزمەکانیشما دێن بۆ لات، بەیانیش دۆخەکە لەبارترە ولاغێکت بۆئامادە دەکەم هەتاکو گوندی مەلەکانت بەرێ. خۆشم لەگەلت دێم. ئەویش له بەر خۆشەویستی نێوانیان قایل دەبێ شەو بمێنێتەوە، بەداخەوە پێش خۆرئاوا بوون هەموو شتێک ئاوەژوو بووەوە، چەند فرۆکەیەکی ڕژێم له سەر چیای هەورێ دەردەکەون و بێبەزیانە بۆ بەکیمیایی بۆمبیارانی هەردوک گوندی شێخ وەسان و بالیسان دەکەن زۆرترین. قوربانی له گوندی شێخ وەساندابوو (وستا سلیمان ئەحمەد یەکێک بو لەو قوربانیانە یەکێک له شایەد حالەکان له گوندی بێراوە ملا محمود شیرەی گوتی من بە چاوی



خۆم بینیم ، زۆر دۆستم بو وتم باهاوکاریت بکەم تۆ برینەکانت مەترسی دار نیە دەت گەیەنمە گوندی مەلاکان بەلام ڕازی نەبو ووتی لەگەل خەلکی شێخوەسانان دەچم بۆ ڕانیە دەڵێن، ڕژێم لێبوردنی دەر کردوە بۆ هاولاتی پاش چارەسەر دەگەرێمەوە گەرەوان

بۆ شەوەکەی بە تراکتۆر دەیانگەیەننە ڕانیە، ڕژێم بەمەبەستی چارەسەر پێیان دەلێت دەتان گوازینەوە بۆ هەولێر ئەوانەی بارو دۆخیان، باشدەبێت خۆیان دەرباز دەکەن ئەوانیتر دەگوازنەوە هەولێر بۆنەخۆشخانەی سیل، کە ئێستا نەخۆشخانەی له دایک بونە بەلام ڕژێم دەورەیان دەدات پیاوەکان له ئافرەتەکان جودادەکەنەوە ئافرەتەکان. له خەلیفان بەڕلادەکەن پیاوەکانیش بۆ شوێنێکی نادیار دەبەن بەداخەوە له دوای ٣٣ سال خۆیو خانەوەدەی هاوڕێکەی وخەلکی دۆلی بالیسان بێسەرو شوێنن. پێنج کوڕ و سێ کچ له دوای خۆی بە جێهێشتن یەک له منداڵەکانی دوای چوار مانگ له دایک بوو ، دوای یەک سال دیک و باوکی لەچاوەروانی بینینەوەی کوڕەکەیان کۆچی دوایانکرد) نوسینی: حاجی یحیا گەرەوەی بەپشت بەستن بە چەند شایەد حالیک

# ئەنفال و شێرکۆ بێکەس



د. مەهدی فاتیح عومەر

له (٢٢) دیوانی شێرکۆ بێکەسدا، (١٦٢) جار وشەی (ئەنفال) بەکارهاتووه، بەمجۆره:

١ -ئافات: ٢ جار.
٢ -مێرگی زام و مێرگی هەتاو: ٦جار.
٣ -خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ: ٢٣ جار.
٤ -بۆننامه: ٢ جار.
٥ -چراکانی سەر هەڵەمووت: ٣٣ جار.
٦ -نسێ: ٦جار.
٧ -ژن و باران: ١٨جار
٨ -ڕەنگدان: ٢٤جار.
٩ -پیاوێ له دارسێو: ٣جار.
١٠ -خۆم ئەو وەختەی باڵندەم: ٣جار.
١١ -پاییزەمیوان: ٤جار.
١٢ -گۆڕستانی چراکان: ٩جار.
١٣ -ئێوه بە خۆشەویستیم ئەسپێرن: ٤جار.
١٤ -کورسی: ١جار.
١٥ -حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک: ٣جار.
١٦ -ملوانکه: ٤جار.
١٧ -تۆئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوه هەڵقوڵێن: ٣جار.
١٨ -زێ و زنه: ٤جار.
١٩ -تەون: ٣جار.
٢٠ -هەست و نەست: ٤جار.
٢١ -ئێستا کچێک نیشتمانمه: ١جار.
٢٢ -خێراکه مردن خەریکه بگات: ٢جار.

هەروەها لەم شەش دیوانەیدا، وشەی (ئەنفال) بەکارنەهاتوون:

١ -دەربەندی پەپووله.
٢ -له چلەی چلچرایەکدا.
٣ -سرووده بەردینەکان.
٤ -له گوڵەوه هەتا سووتوو.
٥ -ئەسپێک له پەڕەی گوڵاڵه.
٦ -یادەوەری پاسکیلێکی کەرکووکی.

شێرکۆ بێکەس، جگه لەو شیعرانەی که وشەی (ئەنفال)ی تیادا بەکارهێناون، هەندێ شیعری هەیه که ناوی (ئەنفال) نەهاتووه، بەڵام بۆ ئەنفال نووسراون، وشه و دەستەواژەی پەیوەست به (ئەنفال) دەبینرێت وەک وشه و دەستەواژەکانی:(عەرعەر، بێوەژنانی گەرمیان، چاڵ، گۆڕی بە کۆمەڵ، ئیڤا و تراکتۆر و شۆفڵەکان، گۆڕستانی چراکان و.....هتد).تەنانەت له کۆکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانیدا، تەنانەت شێرکۆ لەبەر(ئەنفال) حسابی بۆ ڕەنگی بەرگی دیوانەکانیشی کردووه، له کۆکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانیدا، بەرگی شەشەم که ڕۆمانه شیعری (گۆڕستانی چراکان)ی تێدایه ڕەنگی بەرگەکەی ڕەشه، وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی ئەو ڕۆمانه شیعرەی که تایبەته به (ئەنفال)لەو بەرگەدا. له دیوانی (مێرگی زام و مێرگی هەتاو) شیعری (چاڵ)، له دیوانی (زێ و زنه) شیعری (خواوەندەکان)، له دیوانی (خێراکه مردن خەریکه بگات) شیعری (له غەزا گەورەکەدا) ، لەو سێ شیعرەدا ناوی (ئەنفال)




نەهاتوون، بەڵام بۆ (ئەنفال) نووســـراون. ئەمە جگە لەوەی ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان) تایبەتە بە مەرگەساتی(ئەنفال).

شـــێرکۆ بێکەس دوای ئەم هەموو شـــیوەنەی کە بۆ (ئەنفال) ی کردووە، هەر وا هەســت دەکات هیچی بۆ ئەو مەرگەساتە گەورەیەی کورد نەنووسیوە، هەروەک لە لاپەڕە (١٥٨) ی دیوانی (خیراکە مردن خەریکە بگات) دا دەڵێت:

هەرجارێ ئەنفال ئەبینم،
خەرەندەکانی برینی
چەندە قوڵن و
شیعری منیش چەند تەنک و
چەند بچووکن،
ئەوسا ئیتر
ئەوق ئەبم و
لاڵ ئەبم و
بەخۆم ئەڵێم: کوا شاعیرم!

یـــاخوود لە شـــــیعری (خەڵکی جەهەنـــنەم!) کە لە لاپەڕە(٩٠)ی دیوانی(هەســت و نەســت)دا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت:

من نازانم
چی لەو هۆنراوانە بکەم
بۆخۆیان تا بڵێی جوانن
((جوانی بێ ناو))، ((ست فاتیمە))
و ((پەری خان))ن
بەڵام یەک وشەی زمانی
ڕۆژی حەشـــــری مەمـلەکەتەکەی
ئەنفال و میللەتی ((نوگرەسەلمان)) و
خەڵکی جەهەننەم نازانن!

هەر بۆ بیرخستنەوە، لە هەردوو قەسیدەی (پێشوازی) و (زێوانی مەرگ)ی ڕەفیق ســــــابیردا تــارمــایی مەرگەســـاتی (ئەنفال) دەبینرێت، لای لەتیف هەڵمەت بەکارهێنانی وشەی (ئەنفال) و هەموو ئەو دەربڕین و وشـــانەی بۆ (ئەنفال) بگەڕێتەوە بەکارهێنانیان ناگاتە ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەســـــت، لای عەبدوڵڵا پەشـێو تەنیا یەک جار وشــەی (ئەنفال) دەبینرێت و نەچووە بەلای ئەو مەرگەساتەی گەلی کورددا.

سەرنج: دیارە شیرکۆ بێکەس کۆمەڵێ دیوانی تریشی هەیە، بەڵام ئەو دیوانانەی پێش مەرگەساتی (ئەنفال) نووسیون و پەیوەست نین بەم چەند دێڕەی ئێمەوە.

١٤/٤/٢٠٢٠

# ئەنفال، وەک کەلوپەل

عومەرمحەمەد
٢٠١٨/١/١٩ – سلێمانی

هەرلەســـەرەتـای تـاوانەکەوە، چ دۆســـێکەو چ کـۆی چـیـرۆکـی قوربـانیەکان، هێندەی وەک کارت وهۆکاری بەرژەوەندی باسکراون و بەکـارهـێـنـراون هـێـنـدە وەک دۆسـێیەکی سـیاسـی و قانونی و مـافی مرۆڤ و مـافی نەتەوەکـان قسـەی لەبارەوە نەکراوە. نەک هەر ئەنفـال و کیمیـابـارانی هەڵەبجە، بەڵکو کۆی تـاوان ودۆســـێکـانی تریش کە دەرهەق بە کورد کراون هەر بەم دەردە براون، لەنیســـانی ١٩٨٠ واتا شـــەش ســـاڵ دوای دامەزرانـدنی یەکێتی نیشـــتمـانی کوردسـتان کە لەدوای شـکسـت و پەرتەوازە بوونی هێزەچەکدارە سەد هەزار کەسـییەکەی مەلا مسـتەفای بـــارزان، یەکـــێـــتـــی وەک جولانەوەیەکی سـیاسـی نوێ هاتە مەیدان، (لێرەدا قســە لەســـەر ئەو هێزانە نیە بەڵـکو لەســـەر ئەو تـاوانـانەیە کە لەدوای ئەو روداوانە ئەنجـامـدران) هەر زوو کوردانی فەیلی بەپاســـاوی لاواز "تەبعیەی ئێرانی" پەلاماردران، ئیدی ئەوەی کوژرا کوژراو ئەوەی گیرا، رەوانەی قەلاَی نوگرەسەلمان کران و ئەوانەی تـریـش بەژن ومـنـداڵەوە وڵات بەدەرکران، نزیکە ٢٠٠٠٠٠ دوسەد هەزارکەس لەشارەکانی بەغداو کوت وســـوێرەو نـاوچەکـانی بەدرەو جەسـان کۆکرانەوەو خرانە ئۆتۆمبیلی سـەربازییەوەو لەسـەر سـنوری ئێران – عێراق دایانگرتن و پێیان وتن فەرموون برۆن بۆ ئێران و ئێوە عێراقی نین.

هێشـتا جەنگی عێراق –ئێران لەسـەرەتادا بوو، هێزی پێشـمەرگە هێندە گەشـەی نەکردبوو، هیچ هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئێران نەبوو هەتا بکرێتە پاســاوی ئەوەی هێزەکوردییەکان بەکرێگیراوی ئێرانن، هەموو جیهان لەم تاوانەی بەعس بێدەنگ بوون ! ســـێ ســـاڵ دوای کۆمەڵکوژی و وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلیەکـان، بەتۆمەتی هاوکاری کردنی کورانی بارزانی بۆ ئێران و پێشـــلەشـــکری لەبەرەی جەنگی حـاجی ئۆمەران هەرچی پیـاوی بەرزانیەکـان هەبوون لە کۆمەڵگـاکـانی قوشـــتەپەو دیاناو تەنانەت ئەوانەی دانیشـــتوانی بەغداش هەموو کەوتنە بەر هەڵمەتێکی پاکتاوکردن، دیســـانەوە نەک هەر دنیا لەم تاوانە بێدەنگ بوو، تەنانەت یەکێتی و پارتیش هەرهێندە باسیان دەکرد کە رژێمی سەدامی پێتاوانبار بکەن و هیچی ترنا، رژێمی ســـەدامیش کە خۆی تاوانبارو ناشـــرین بوو، چ پێویســـت نەبوو بەڵگەی زیاتری لەســـەر بهێندرێتەوە، تەنانەت ئەم دوو حزبە هێنـدە خوێنســـاردانە ســـەیری ئەم کۆمەڵکوژییەیـان کرد هەتـا لەرادیۆ ناوخۆییەکانیانەوە هەرهێندە باس دەکرا کە بەتەنیشـت ریسـواکردنی بەعسـەوە پارتیش ناشرین بکریت و پاساوی تاوانەکە بخرێتە ئەستۆی پارتی. ئەمە لەلای یەکێتییەوە کە ســەبارەت بە تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان قســەیەکیان کردبێت پارتیش هیندەی بەعس لەو تاوانە بەرپرس نیشـان دەدراو راگەیاندنی ئەوسـای یەکێتی پارتی پێ تاوانبار دەکرد، بەهۆی ئەوەی پاسـاوی داوەتە دەسـت بەعس وپێشـلەشـکری بۆ سـوپای ئێران کردووەو عێراقی هارتر کردووە، ئەوە راسـتە پارتی لەشـەری حاجی ئۆمەران و گردەمەند، لەپێش لەشـکری ئێران و سـوپای پاســـدارانەوە بوون، بەڵێ ئەوەش راســـتیەکی تر بوو کە هەردوک لا ئەو کۆمەڵکوژییە گەورانەیـان نـادیـدە گرت و ئەوانیش وەک وڵاتە بەرژەوەنـدی خوازەکان لەبری تاوانەکە وەک جینۆساید ببینن، وەک تاوانێکی ئاسایی بەعس و کێشـــەیەکی نـاوخۆیی دەیانبینی . ئەمە کورتبینیەک بوو تەنانەت کادیرانی خۆشیان دانی پێدادەنێن کە (یەکێتی و پارتی سەری خۆیان خستەناو قاپێلکەوەو هیچی وایان بۆ بەخەبەرهێناوەیان نەکرد و بەرۆکی هیچ دەزگایەکی نێودەوڵەتیان لەســـەر رانەوەشـــاند) **بڕوانە (ئەورۆژانەی نیشـــتمان هی هەمووان بوو- هەڤاڵ کوێستانی ل ٢٨٩ .**

ئەوەی کە یەکێتی پـارتی پێ تـاوانبـاردەکرد هێنـدەی ئێرەیی بردن بوو هێنـدە بەخراپ بینینی پەیوەندییەکەو تەنانەت تاوانی کۆمەڵکوژییەکەش نەبوو، یەکێتی ئێرەیی بەو پەیوەنـدییەی نێوان پـارتی وئێران دەبرد کەچەک وتفـاقی جەنگی زۆرتریان دەست دەکەوێ و ناوچەی فراوانتریان دەکەوێتە بن دەست، لەسەرێکی تریشـەوە ئێرەییان بەوە دەبرد، کە ئەو تاوانەی بەعس لەدژی ئەو خەڵکە سـڤیلە ئەنجامیدابوو پارتی بۆبەرژەوەندی حزبی خۆی بەکاری دەهێناو ترســـیان لەوە هەبوو کەوا لیســـتێکی زۆر زۆر درێژتر لەشـــەهیدانیان دەســـتکەوتووە! چونکە

ئەوســـــا یەکێتی پەیوەنــدییەکەی پــارتی بە خیـانەتی نیشـــتمـانی دەزانی و شـــانازی بەوە دەکرد کە ئەمان شـــەهیدیان زۆرداوە، بەڵام پارتی لەبەرئەوەی شـەری حکومەتی عـێـراق نـاکـات و هەرشــــەڕی براکوردەکـان دەکـات لەرۆژهەڵات بۆیە هیچ شەهیدیکیان لەکوردستان نەداوە لەشــــەری روبەروبوونەوەی حزبی بەعســـــدا. هەروەک هەڤاڵ کوســــێســــتانی کادری ناوەندی راگەیـانــدنی ئەوســــای یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان دانی پێدا دەنێ و دەنوســــێـت : ( ئێمە شــــانـازیمـان بەدرێژی لســــتی شــــەهیـدانی خۆمـانەوە دەکردو تانەشمان لەوان دەدا کە لە شۆڕشی گولانیانەوە بۆیەکجاریش روبەروی ســــوپـای عـێـراق نەبـوونەوەو تاکەبەردێکی کوردســتان بە خوێنی شــەهێدێکیان ســورنەبووە) **بروانە (ئەورۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو- هەڤاڵ کوێستانی ل ٢٩٠ .**

دەنا چۆن دەبوو هەمان ئەوەی کە یەکێتی پـارتی پێتـاوانبـار دەکرد بەهەمان شــێوە ئەمجارە خۆشـــی ئەوە بـــکــــات و هەرلەدوای ســــەرنەگرتنی گفوگۆکەیاندا لەگەڵ حکومەتی عێراقی پێش ســــوپـای پـاســـــداران بکەوێ ؟ ئەی مەگەر ئەنفال و هەڵەبجەی بەچ پاســاوێک بوو؟ مەگەر ئەو تـاوانە ســــەدجار گەورەتر لەکۆمەڵکوژی بـارزانیەکان بەهەر بەتۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی نەبوو ؟! بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو پاســاوانە راســـتیش بوون، بەڵام هەتا ئێســـــتاش میدیای ئەو حزبانەو میدیای دژە ئەو حزبانەش جاربەجار پاســــاوی ئەوە دەهێننەوە بۆیە ئەنفال وهەڵەبجە رویاندا چونکە ئەوان هاوپەیمانی ئێران بوون.. ئەم دیدە کورتبینە بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانی لەبەرژەوەندی بەعس و دەوڵەتی عێراق دەشـــکێتەوەو تاوانەکەی لەســــەر کەمدەکاتەوە. هەموو هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەمانە هێشتا نازانن تاوانی جینۆساید هیچ پاســاوێکی نیەو مرۆڤ جا ســەربەهەر گروپ ورەگەزێک بێت نابێت بەهیچ پـاســـــاوێـک کۆمەڵکوژبکرێـت. بـاگریمـانەی ئەوە بکەین هەموو بـارزانیەکـان هاوکاروچاوســــاغی پارتی بوون، نابێت جینۆســـــاید بکرێن ئەمە لەکاتێکدابوو زۆربەی هەرەزۆری ئەوبـارزانیـانەی کۆمەڵکوژکران هیچ گـایەکیـان لەگێرەی ماڵی مەلامســــتەفاو پارتەکەیدا نەدەگەڕاو بگرە هەندێکیان هەر ناکۆکیشـــیان لەگەڵدا هەبوون. یـاخود بـاگریمـانەی ئەوە بکەین هەموو خەڵکی هەلەبجە بەژن وپیـاوەوە لایەنگری یەکێتی وئەو حزبانە بوون کە پێش ســــوپای باســـــداران کەوتن و هێرشــیان کردە ســەرهەڵەبجە نابێت بەوە قایلبین بەو پاســاوە خەڵکی هەڵەبجە گازی کیمیایی بەســــەردا بکرێت . تەنانەت ئەگەر هەمووشـــیان بەکرێگیراوی ئێرانی بووبن هیشـــتـا پـاســــاونیە بۆئەوەی چەکی قەدەغەکراویـان لەدژ بەکاربهێندرێت. لەســــەروی هەموو ئەم پاســــاوانەوە دەبێت مرۆڤ لەو گەوجێتیە بەخەبەربهێندرێتەوە کەمنداڵ نابێتە شـۆڕشـگێر چ جای ئەوەی ببێتە خیانەتکار . ؟! بەڵام ئەفســــوس نەک هەر ئەو ســــەروەختە بەڵکو لەســــەر وەختی زێڕین و دەرفەتی گرنــگ ورەخســــــاوی دوای راپەرینیشـــــدا ئەم جووت حزبەو سەرکردایەتیەکەی هەرئاوا لەگۆترەکاری مامەڵەیان لەگەڵ ئەو تاوانە گەورانەداکردو هەر دیوی دەرەوەی تـاوانەکەیـان دەبینی و نەیانـدەزانی ئەم دۆســــێیەیە دیوی ناوەوەی گرنگتروکاریگەرترو ئینسـانی تروسیاسی ترە بۆ دۆزی کوردو کیشـە رەواکەی. دەنا ئەگەر ئەم سیاسیانە وەک خۆیان شارەزانەبوون گوێیان لەخەڵک گرتبا ماڵەکە بەو ئەندازەیە وێران نەبوو کەس نەزانی ئەم دۆسێیەوەک شوتیەکی گەورە وایە ناوەوەی ســورە بەڵام زۆر شــیرینە وبەپێچەوانەی دیوەی دەرەوە کە توێکلێکی رەق و ســــەوزو بێتامی هەیەو بەکەڵکی خواردن نایات دیوی ناوەوەی سەدلەسە بەپێچەوانەی دیوی دەرەوەیەتی.

**تۆمەتبارانی ئەنفال، هیچ پارێزبەندییەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی نایانگرێتەوە، ئەوەی لە عێراق کوردستان رویدا پێشێلکارییەکی زەقی یاسای نێودەوڵەتییە**

# دیدار لەگەڵ مەلا عزیزی تۆپخانە

**رۆژی ١٥ / ١٢/ ٢٠١٢**
**گوندی تۆپخانە**
**دیمانە : عومەر محەمەد**

**ناوی سیانیت ؟**

مەلا عزیز ئەمین ئەحمەد

**لە ئەسڵدا خەڵکی کوێیت؟**

لە ساڵی ١٩٤٢ باوکم ئەم گوندی تۆپخانەیەی ئاوەدان کردۆتەوە.

**پێش ئەنفال چەند ماڵ لەم گوندەدا هەبوو؟**

نزیکەی بیست ماڵ ئەبوو


**خوێندەواری لە مەکتەب فێربویت یان بە فەقێیەتی؟**

لە حوجرە فێربوم و لە مەکتەبیش خوێندومە لە ساڵانی پەنجاکاندا.

**لە کاتی ئەنفالەکەدا لێرە بوویت؟**

ساڵێک پێش ئەنفالەکە سەیری بارودۆخەکەم کرد لەبارنەبوو مناڵەکانم پێچایەوەو چوم بۆ شار، گوتم ئەمناوە ژیانی تیا نەماوە کە ئەمبینی دێیەکان هەموو رۆژێک تەیارە لێیئەدا و تۆپبارانی ئەکرد. خەڵکی ئەکوشت و بریندارئەکرد ، خانوی ئەڕوخاندن. بۆیە منیش گوتم ڕۆح لە هەموو شتێک لە پێشترە بۆ لێرە بمێنینەوە، دەڕۆین بۆ شار. حکومەتیش هەموو ڕۆژێک ئینزاری ئەکرد خەڵک گوندەکان چۆڵکات.

**چۆن بوو قەناعەتت بە کاک فەرەج و کاک ساڵح و**



**ئەوان نەکرد لەگەڵتدا بێن؟**

هەرکەس بەرپرسە لە نەفسی خۆی، خەڵکەکە لە قشلاخە کۆنەوە هاتبون پێیان وابوو کە ئێرە، شوێنێکی زۆر عاسیە و سەلامەتدەبن لێرە. منیش بە ریشسپیەکانم دەگوتن حکومەت دوو دوبابە بێنێتە ئەو شاخەی ئەوبەر گوندەکە، ناهێڵێت کەس تیایدا بژی. هەندێک لە پیرەکان دەیانگوت شتی وا ڕونادات.

**ڕەنگە پێیان وتبی کابرا تێکچوە؟**

وایان دەزانی من کابرایەکم دۆستی حکومەت و دوژمنی ئەوانم. بەڵام من لە دڵسۆزیمەوە بوو دەمزانی حکومەتەکە چەند دڕندەیە.

**ئەوکاتەی ساڵح و فەرەج گیران پێشبینی چیت دەکرد؟**

پێشبینی نەدەکرد بەوشێوە دڕندانەیە خەڵک قڕ بکەن، گوتم وەک ساڵی ١٩٧٥ چۆن شۆڕشەکە تواوەوەو خەڵک لەماڵی خۆی دانیشت و پەیوەندیان بە حکومەتەوە کرد و ئەوەی شمولی سەربازی کرد بوو بە سەرباز و ئەوەی تریش تەسریحکرا و حکومەت دوای عەفوی بۆ دەرکردن. گوتم ئەمیش هەر بەوشێوەیە ئەبێت چونکە ئەنفال بەو شێوە دڕندانەیە لە هیچ کەلتور و قانونێکا نەبوەو کەسیش پێشبینی نەدەکرد.

**ئەوکاتەی فەرەج هاتەوە هیچی بۆ باسکردیت؟**

کە هاتەوە نەیوێرا هیچ باسبکات. پێش ئەوەی بگیرێت فەرەج کەسێکی بەخۆو تێرخوێن بوو بەڵام ئەوکاتەی گەڕایەوە بەس پێست و ئێسکەکەی مابۆوە.

**بە چەند ڕۆژ وای لێهاتبو؟**

نزیکی هەفتەیەکی پێچوو، گوتم ئەم زەلامە بۆ وایلێهاتوە!! خۆیشی نەیدەوێرا باسی هیچ بکات. لەبەر ئەوەی حکومەت دوبارە دەیگرتەوە و ئیتر چاوەی بە دنیا نەدەکەوتەوە.

**لەگەڵ تۆدا باسی نەکرد چی بەسەر هاتوە؟**

لە ڕێی ئێران بە منی گوت. ئەوکاتە پێم وت کاک فەرەج من ئەڕۆمەوە ئەمە ژیان نیە و حکومەت عەفوی دەرکردوە. فەرەج گوتی مەلا عەزیز باوەڕت بە عەفوی حکومەت نەبێ، ئەوەی ئێستا بۆتی باس دەکەم چیم بەسەر هاتوە. من ئەزانم حکومەت چۆنە

و چی بە ئێمە کرد ئەو هەموو گەنجە بێتاوانەی چۆن کوشــت، لەگەڵ ســاڵحی براتابوم کە کوشــتیان و خوێنەکەی بەسەر منا پرژا.

**واتا بۆی باسکردی چی بەسەر هاتوە؟**

بەڵێ هەموی بۆ باسکردم.

**هەر ئەوەش بوو فەرەج وەک شایەتحاڵ گەڕایەوە؟**

بەڵێ ئەگەر فەرەج و چەند کەســێکی تر نەبویا کەس نەی ئەزانی حکومەت چی کردوەو چ کوشــتن و برینێکی کردوە.

**پێتوایە چەند کەس دەربازیان بوە؟**

وابزانم دە دوانزە کەسێک دەربازیان بوە.

**ســیانزە کەســن. ئەو گۆڤارەی(ئەنفالســتان) بۆم داناویت ناو و وێنەی هەموویانی تێدایە.**

زۆر مەمنونم دەبێ ئێمە ئەو مێژوە بپارێزین.

**کاک مەلا ئەم گوندە خوێندنگای هەبوو؟**

ئەم گوندە حکومەتی بەعس بە نیاز بوو بیروخێنێ و ئیهتیمامی بەم ناوچە کوردیانە نەئەدا و خویندنگای نەبوو دوای 1996 ڕێکخراوەکـان خونـدنگەیەکیـان دروست کرد.

**ناوی (تۆبخانە) لە چیەوە هاتوە؟**

وەک دەگێڕنەوە لە کۆنا کاتێک بازرگانی لە بەغدادەوە بۆ ســلێمانی دەکرا و کۆچەر بە وڵاخ لێرەوە دەهاتن و بـاروتیـان ئەتەقـان و پێیـان دەگوت تۆپ لەوەوە نـاوچەکەیـان نـاونـا تۆپخـانە، کـاتێک ئەم گوندەش ئاوەدانبۆوە ناویان نا تۆپخانە.

**ئەم گوندە چەنجاری تر سوتێنراوە؟**

وەکو سوتانن نەسوتێنراوە چونکە ناوچەیەکی عاسی بوو جەیش دەستی نەدەگەیشتە ئێرە.

**واتا تەنها لەکاتی ئەنفال دا سوتێنرا؟**

بەڵێ.

**پێش ئەوەی فەرەج بۆت باس بکات چی بەسەر هاتوە تا چەند چاوەڕێی ئەنفالکروەکانت ئەکرد بگەڕێنەوە؟**

ئەوکاتەی خەڵکەکەیان برد چەند کەســێکی حکومەت هەبوو پرســـیارم لێیان کرد ئەوان گوتیان بەتەمایان مەبن بۆیە بەڕاستی دەستم نابوە ژورسەرم.

**بۆ هیچ کەسێکت باس نەکرد؟**

نەخێر بەکەســـم نەگوت ، بەڵام کەســـێک خەڵکی قادرکەرەم هەبوو چەند جارێک نوســـراوی لەســـەر پاکەتی جگەرە دەدامێ کە ناوی ئەوانەی تیابون کە ماون و لە تۆبزاوان ، منیش دەمدایە خەڵکی تر کە سیقەی هەبوایە.

**واتا ئەو ناوانەیان لە تۆبزاواوە دەنارد؟**

بەڵی لەوێوە دەیاننارد و ناوی ئەوانە بون کە ماون. بەڵام کۆمەڵێکی تریــان برد بۆ گۆڕی بەکۆمەڵ و کردیاننە ژێر چاڵەوە، ئەوەبوو حکومەتی بەعس.

جارێکیان لە قادرکەرمی کۆن بووم ئەوکات سەیارەی نەفەرم پێبوو کۆمەڵێک هاتن خەڵکی قولیجان و ئەو ناوچانە بوون گوتیان فڕۆکە تۆبارانی کردوین. گوتم فڕۆکەی کوێبوو؟ ئەوان گوتیان هی عێراق بوو.

منیش پێم گوتن بۆ خاتری خوا وانەلێن بڵێن فرۆکەی ئێران بوو ئەگەرنا کەستان سەرعەرز نابیننەوە، بڵێن فرۆکەی ئێران بوو بەڵکو تەداویتان بکەن و سـجنتان نەکەن. یەکێکیان گوتی ڕاست ئەکات.

پێشــتر کوڕیکی تر لێرە ببوە ژێر تراکتۆرەوە ئێمەش بردمان بۆ کەرکوک لەوێ دوومانگ بۆ ســـێ مانگ دەستبەسەر بوو تا دوای لە نەخۆشخانەکە بە واستە دەریــان کردبوو. من ئەوەم بینیبوو بۆیە پێم گوتن هەرچۆنێکە نەڵێن فرۆکەی عێراق بوو بڵێن هی ئێرانە. ئەوانیش گوتیــان زۆر مەمنونین ئێمە بەوەمــان نەدەزانی.

**دوای ئەوەی رویدا خێزانەکەی ساڵح و منداڵەکانی کێ سەرپەرشتی دەکردن؟**

من سەرپەرشتیم دەکردن خانوم بۆیانکرد و یارمەتیم دەدان چوبون بۆ ئێران لەوێ دۆزیمنەوەو پێم گوتن من ئەرۆمەوە ئەوان گوتیـان مامە ئێمە دەمێنینیەوە، خێوەت و شــتیان وەرگرت و لەوێ مانەوە دواتریش لە مجەمع تۆپێک دای لەماڵیان و دایکیشـــم شـــەهید بوو.

**لە مجەمعی شۆرش ؟**

بەڵێ تا ئێستاش شـەهیدانەم بۆ نەکردوەو حەزم لێی نیە بۆی بکەم و تەبیعەتم ڕێگامنایات.

**ببورە کە باســـی ســـاڵحت لێ ئەپرســـەمەوەو برینت ئەکولێنمەوە، ئەوکاتەی فەرەج باســـی ســـاڵحی بۆ کردی هەستت چۆن بوو؟**

بەڕاســـتی زۆر ناخۆش بوو ناوچاوم تاریک بوو، ســـاڵحم لە هەموو براکانم زیاتر خۆش ئەویســـت چونکە برا بچوک بوو ئێستاش پێمناخۆشە تۆ باسی ئەکەیت.

**ببمبورە دەبێ باســـم بۆ بکەیت لەبەرئەوەی ئێمە هەموو دەمرین تەنها ئەم چاوپێکەوتنە ئەمێنێتەوە**

ســاڵحی برام تەبیعەتێکی زۆر ســەغی هەبوو هەموو ئێوارەیەک میوان لە ماڵی بوو ئەگەر میوانیش نەهاتایا بۆ ماڵی لە بازار یەک دوو کەســـی خەڵکی ئاوای دەبردەوە دەیگوت ئێوە میوانی منن.

**حەزی بە سیاسەت دەکرد؟**

نەخێر دوژمنی سیاسەت بوو. لە کاتی ئەنفالەکەدا لەم شــوێنەی ئێمەوە تەماشــای ئەو شــاخەی ئەو بەری دەکرد بە دوربین گوتی ئەو شـــاخەی ئەوبەرەوە هەمــووی جونــدیە بەڵام خەڵــک بــاوەڕی نەکــرد. سـەعاتێک دوای ئەوە گوتیان ئاشداق پڕە لە جوندی. هەنـدێک کەس لەو کـاتەدا دەچو بۆ شـــەر لەگەڵ جوندیەکان بەڵام ســاڵح دەیگوت مەڕۆن شــەڕ خۆی دێت قاپیەکەتان پێدەگرێت ئەو کاتە ئازابن و شـــەڕ بکەن. بەردەوام قسەی جوانی دەکرد، دایکم دەیگوت ســـاڵح دوو مـانـگ پێش ئەنفـالەکە خەوی بینیبوو بەیانیەک هەســتابوو گوێنیەکی هێناو گوتی دایە یەک تیکە نــان فرێمەدە ڕۆژێـک دێـت نە من فریـای تۆ ئەکەوم نە تۆش فریـای من ئەکەویـت گوتی خەوم بینیوەرۆژێکی ئاوا دێت.

**تۆ بە سیفەتی ئەوەی مەلایت و لە حوجرە خوێنوتەو پیاوێکی تێگەیشــتویت چۆن تەماشــای تاوانی ئەنفال ئەکەیت؟**

تـاوانێکە لە مێژودا وێنەی نەبوەو بە جینۆســـــاید دائەنرێت ئەم تاوانە هەرگیز نەبووە بەو شێوەیە تەڕو ووشک پێکەوە بسوتێنرێت.

**من بۆیە پرسیاری ئەوەم لێکردیت کە ساڵح سیاسەت وحزبایەتی کردوە یان نا، چونکە بیانوی ئەوکاتی بەعس ئەوە بوو کە بەکرێگیراوی ئێرانین؟**

بەعس لەکاتی ئەنفالەکە تەنانەت ژنی دووگیانی دەبرد و دەکوشت کە لەو کاتەدا منداڵی دەبوو.

**کەس ئەناسی لە سجن منداڵی بوبێ؟ دوێنی من لە لە گوندی کوڵەجۆ ژنێکم بینی لە نوگرەســـەلمان منداڵی بووە ناوی ناوە محمد.**

ئێستا کەسی وام لە خەیاڵا نیە ئەگەر یادی نەکەینەوە لە فکرمان ئەچێتەوە ئەوە نزیکەی بیســـت و پێنج ساڵە. ئەم دێیەی ئێمە بیست و شەش ئەنفالمان هەیە لەم گوندە ئێســتا شــێوەی هەندێکیانم بیرچۆتەوە بە مەرجێک هەمویان ئامۆزا و خزمن کەســـیان بێگانە نین.

**ناویان دەزانی؟**

بەڵێ

**دەتوانی یەک یەک ناوەکانیانم پێبڵێیت؟**

براکانی فەرەج پێنج کەس بون (سەلام و عمر و محمد و جوهر و علی) برازاکانم بەناوی یاسـین ڕۆسـتم و ئەیوب حســـین، (جبـار قـادر و عزیز قـادر)ی دراوســـێمـان و دایکیشـــیـان ئـامۆزامە ئەوانیش ئەنفـالکراون. (ابراهیم و اکرم) ئەوانیش ئەنفـالکران. عبـدولکریم محمـد هەبوو دایکی ئـامۆزامە ئەویش مناڵەکانی بەناوی ( احمد و شهە و عزیز و کچێکیشی هەبوو) ئەوانیش ئەنفالکران بەو شـــێوەیە ئەم گوندە گەنجی تیانەماوە.

**مەلا عزیز زۆر سوپاست ئەکەم و عەزێتم دایت؟**

ئێمە خۆشــحاڵین کە هەموو کات لە خزمەتانا باســی یـادی ئەنفـال بکەین بۆ ئەوەی ئەم زوڵمە بۆ مێژوو بمێنێت و تۆماربکرێت.

**کاک مەلا من ســاڵی پار بڕۆژەیەکم ڕاگەیاند لە یادی 4/14 لە ڕۆژی ئەنفال هیچ کەس گۆشـت نەخوات نە لە مــاڵەوە نە لە چێســـتخـانەکـان و ئـاژەڵیش سەرنەبڕرێت. ئەم پڕۆژەیەت پێچۆنە؟**

تەواو لەگەڵ بەرنـامەکەتـام چونکە لە کـاتی ئەنفـالـدا جـاش و پیـاوەکـانی حکومەت مـاڵ وئـاژەڵەکـانی

کوردیــان تــاڵان دەکرد و گۆشـــتیــان دەخوارد میلەتەکەش نان و زەهری دەخوارد.

**مەبەستی منیش ئەوەیە ئەو ڕۆژە ڕۆژی خوێنڕشتن و ســـەربڕینی کورد بوو بۆیە ئێمە ناوی بنێینەوە بە ڕۆژی ژیان و ڕێزگرتن لە زیندوو هیچ ئاژەڵێک لەو ڕۆژەدا سەرنەبڕرێت و هەر ڕاوچیەک گیرا سزاکەی دوهێندە بێت.**

پێویستە هەموو کاتێک ڕاوچی سزا بدرێت.

**تۆ باســـت کرد کە خۆت و کوڕەکانت ڕاوناکەن و ناهێڵیت ڕابکەن؟**

نەخێر هەرگیز نـاهێڵم ڕاو بکەن کوڕەکـانم لەبەر من ڕاو ناکەن، بەڵام خەڵک هەیە شەوان دەچێت بۆ ڕاو. ئێمە ئەمە شـــوێنی خۆمـانە دەبێ خزمەتی بکەین و جـوانی بـکەیـن نەک ئـاژەڵەکـانـی ڕاوبـکەیـن. لە ســـلێمانیەوە خەڵک بە تاپڕەوە دێن بۆ ئێرە بۆ ڕاوی ســـوێســـکەو ئاســـک. لەم ماوەیەدا شـوانەکان چەند ئاسـکێکیان دۆزیوەتەوە بە تۆپیوی کە بە سـاچمەی تاپڕ بریندارکراون، هەر بەڕاستی ئەمە جەریمە نیە؟

**بێگومان جەریمەیە بەڵام ئەم ڕەفتارەی جەنابیشـــت زۆر بەرزە و حەق وایە خەڵک چاوی لێبکات؟**

بەڵێ ئەوەی تۆزێ ئینســـانیەتی هەبێت ئەبێ خەڵک چاویلێبکات. لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک هاتبوون بۆ ڕاوە سوێسکە پێم ووتن کاکە ئەوە من کاوڕێکتان ئەیەمێ واز لەم ڕاوە بێنن. ئەمە ژینگەی ئێمەیە و شـــەهید و ئەنفالمان بۆ داوە ئەگەر ئەم خاک و ئاوە نەبێت کەس نامان ناسێت.

**پار زۆرێک لە ناوچەکانی ئەنفال و کیمیاباران کراون ئەم پرۆژەی گۆشت نەخواردنەیان جێبەجێ کردوەو لە هەندێ شـــوێن مەلای مزگەوتەکانیش قســـەیان دەربارەی کردوە ئەمساڵ ناوی تۆش دەخەمە پاڵ ئەوان وەک پشتگیری لە پرۆژەکە؟**

زۆر خۆشـحاڵم و دەسـتخۆشـی لە تۆ ئەکەم کارێکی زۆر جوانە وئامادەم

سوپاس بۆ ئەم کاتەی پێ بەخشیم .

سوپاس بۆ تۆ ئەرکت کێشاوە.

# منداڵێکی لەدەستی داعش ئازادکرا !

دۆسـێی فرێندراوان گەلێک ئاڵۆزو هەسـتیارە، جگەلە ڕەهەندە ســـیاســـی و ئەمنییەکەی ڕەهەندە ئینســـانی و دەروونییەکەی هەسـتیارترو ئاڵۆزترە، بۆیە نەحکومەتی هەرێمی کوردســتان ونە کۆمەڵگـای کوردی هێشـــتـا ئـایـدیـاو پلانێکی نییە بۆمامەڵەکردنێکی تەندروست و جێگەی متمانە بۆ ئەم منداڵانەی دەگەڕێنـدرێنەوە، داخۆ چۆن پەروەردە دەکرێن و چۆن مامەڵەیەکیان لەتەکدا دەکرێت هەست بەشکانەوەو شەرم نەکەن. یاخود ئەو منداڵانەی هێشـتا نەهاتوونەتە دونیاوەو دوای ئازاد بوونی دایکیـان یـان ڕزگـارکردنی دایکیـان لەدەســـت داعش چارەنوسیان چۆن وچیدەبێت ؟ فەرمون بابزانین دەربارەی ئەم منداڵەی ڕزگارکراوە هیچ پـالانێک دەبینین ؟ بێگومـان نەخێر تەنهـا وەک هەواڵێکی ڕۆژنـامەوانی بڵاوکراوەتەوەو ئـاوبێنەو دەست بشۆ!

هەواڵەکە بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە:

بەڕێوەبەری نووســـینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەســـتی داعش باس لەوە دەکات دوای ١٢ ڕۆژ لەگرتنی شەنگال لەلایەن چەکدارانی داعشـــەوە، منداڵێکی خوار تەمەن ١٠ ســـاڵ لەگەڵ خێزانەکەی لە گونـدی کۆجۆ ڕفێنـدران و دوێنێ توانرا ڕزگـار بکرێت. حسێن قائیدی، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش بە دوارۆژی ڕایگەیاند دوای هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر، توانیمان منداڵێکی تر کە خەڵکی گوندی کوچۆ بووەو دوای ســێ ســاڵ لەرفاندنی لەدەســتی چەکدارانی داعش ڕزگار بکەین. وتیشـــی دوای ئەوەی کە زانیاریمان بە دەســـت گەیشـــت ئەو منداڵە لە شـــوێنێکی تایبەتە لەســـوریا، هەوڵماندا وەکو نووسـینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەسـتی داعش ئەو منـداڵە بگەیەنینە تورکیـا، ئەوەبوو دوای ڕێکـارە یاســـاییەکان لەو وڵاتە ئەمڕۆ گەیشـــتەوە لای کەســـوکارەکەی. ئاماژەی بەوەشدا ئەو منداڵە لە ٢٠١٤\٨\١٥ واتا دوای ١٢ ڕۆژ لەگرتنی شـــەنگال لەگەڵ خێزانەکەیدا لەگونـدی کوجۆ لەلایەن چەکدارانی داعشـــەوە ڕفێندرابوو، بەڵام تائێســـتا دایک و خوشک و براکانی لەدەستی داعشدان. ڕاشیگەیاند ژمارەی ئەو کەسـانەی تائێسـتا لە دەسـتی داعش ڕزگارکراون گەیشـتووەتە ٣١٣١ و نزیکەی ٣١٠٠ کەســیش لەدەســتی داعشــدا ماون و هەوڵەکانمان بەردەوامن بۆ ڕزگارکردنیان.

## عارف حەمەوەیس:
## دیمەنەکانی دۆڵی شـێخ محەمەد تراژیدی و ناخهەژێن بوون.
## هێستریێک لەبەفردا چەقی بوو، قەپی لە کورتانەکەی خۆی دەگرت و پوشی کورتانەکەی دەخوارد.



دیمانە : عومەر محەمەد

کاک عارف ئەم کاتەت باش دیارە، من و تۆ پێشتریش ساڵی ٢٠٠٧ دیدارێکمان ساز داوە، بەڵام ئەوسا من تۆم وەک ئێستا نەناسیوە و دیارە دەرفەتەکەش لەبار نەبووە بۆ ئەوەی بەتەواوی قسەی خۆت بکەیت، بەڵام دوای ئەوەی چەند بەشێک لە بیرەوەرییەکانتم خوێندەوە بە گرنگی دەزانم هەمان ئەو دیدارە درێژ بکەینەوە و ئەو زانیارییە گرنگانەشی بخەینە سەر کە تازە دەیاندرکێنیت، ئەوانە مێژووی ئێمەن و پێویستە بمێنن، دەستخۆشیت لێ دەکەم.

سوپاست دەکەم.

با ئەم جارە لە ناوی سیانیی خۆتەوە دەست پێ بکەینەوە، چونکە جاری پێشوو تەنها ناوی خۆت وباوکت نوسراوە و موالیدەکەشت نەزانراوە هەرچەندە ناتەوێ ئاشکرای بکەیت کە باپیرەیت؟ کەواتە ناوی سیانیت چییە؟

**(بە پێکەنینەوە) عارف حەمەوەیس کەریم.**

**موالیدی چەندیت؟**

١٩٦٣.

خەڵکی چ گوندێکیت؟

خەڵکی گوندی سوێی سەیدانم لە ناوچەی سورداش، لە سورداش سێ سوسێ هەن، سوسێی ئاڵەمەرە لە بن بناری پیرەمەگرون دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتمانەوە، سوسێی سەیدان گوندەکەی ئێمەیە، سوێی کۆن دەکەوێتە بەرجادەی گشتی دوکان –سلێمانی و ڕۆژئاوای گوندەکەی ئێمە. گوندەکەی ئێمە دەکەوێتە ناوەڕاستی هەردووک سوسێی ئالەمەڕە و سوسێی کۆن.

**کەی بوویتە پێشمەرگە؟**

ساڵی ١٩٨١، لە هەڕەتی لاویمدا بوو، مانگی ئاب گوندەکەم بەجێ هشت و ڕۆیشتم بۆ ناوزەنگ، ئەوەش چیرۆکێکی تایبەتە، ئەگەر پێت خۆش بوو باسی دەکەین و ئەگەر نا با بمێنێت بۆ کاتێکی تر.

**کاتمان هەیە فەرموو چیرۆکەکەت چۆنە؟**

کە بڕیاری پێشمەرگایەتیم دا لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بووم. سەرەتا لە ڕێگەی ماڵی شەهید مەلا عەلی کۆکە[3]وە زۆر هەوڵمان دا هەتا دەستمان بە مەفرەزەکانی ی.ن.ک بگات، بەڵام لەبەر هەستیاریی دۆخەکە نەتوانرا، بۆیە بڕیارمان دا ڕاستەوخۆ بچینە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ئاب بوو، سواری پاسێکی کۆستەر بووین بۆ قەڵادزێ.

**چەند کەس بوون؟**

سێ کەس بووین، سێ هاوڕێی خۆشەویستی خۆم لەگەڵدا بوون، هەر خەڵکی گوندی سوسێی سەیدا بوون.

ناویان چی بوو؟

ڕۆستەم ئەحمەد و سەعید حامید کە بە شەماڵ ناسراوە و حەمەشوکریی مامەسەعە. هەرسێکمان هەرزەکار بووین تەمەنمان ١٦-١٨، بەڵام حەمەشکور ٢ ساڵێک لە ئێمە منداڵتر بوو، لەبەر ئەوەی ئەم چیرۆکەم بە درێژی لە ژمارە ٩-١٠ی گۆڤاری چیادا بڵاو کردووەتەوە. زۆری لەسەر ناڕۆم، بەڵام هەندێک شت هەیە دەبێت باسیان بکەم.

**فەرموو.**

ئەوسا ماڵی هاوڕێ و هاوپۆلێکم لە قەڵادزێ بوون، باوکی لەناو بازاڕەکەدا دوکانێکی گەورەی هەبوو بە پرسیار دۆزیمانەوە، پێمانمان گوت بەنیازین بچین بۆ ناوزەنگ، بەڵام نەمانگوت دەبین بە پێشمەرگە، گوتمان بۆ سەردانی کەسوکارمان دەچین ئەویش ڕێنمایی کردین، وتی دەبێت بڕۆن بۆ ئۆردووگای

[3] مەبەستی شەهید مەلاعەلی شاعیرە.

بەستەسێن، لەوێوە ئاسانە، چونکە شەوانە بە سەدان وڵاخداری قاچاغچی دێن و دەڕۆن، لەگەڵ ئەوان زۆر ئاساییە، شەوانە دەیان کەس لەوێوە ئەم دیو و دیو دەکەن، چ باس نییە. باش بوو دڵی خۆش کردین، ماڵئاواییمان لێ کرد و سواری جێبێک بووین بۆ بەستەستێن، نزیکی عەسر بوو گەیشتینە بەستەسێن، کە دابەزین چووین بۆ نانخواردن، شوێنێک بوو هەر وا هۆدە و هەیوانێکی هاکەزایی بوو بە بلۆک دروست کرابوو، پیاوێک گۆشتی دەبرژاند، کابرا بە تەنها خۆی بوو، کەڵەگەتێکی قەڵەمی، ناوی سەید مستەفا یان سەید قادر بوو، کەسێکی باش و بەئەزموون دیار بوو، هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت چوار لاوی یەک تەمەن و غەریب بە شێوە زاری خەڵکی ناوچەکە نادوێن، هەندێک تێمانڕاما، بەدەم نانخواردنەوە کەوتینە گفتوگۆ، ئەو پێکە ویسکییەکەشی لە لای خۆیەوە دانابوو، ناوبەناو بە گۆشتی برژاوەوە فرێکی لێدەدا.

لەومان پرسی چۆن بچین بۆ ئەو دیو؟ دەربارەی ڕێگەوبان چۆنە و چۆن ئێمە دەتوانین بگەینە ناوزەنگ، ئیتر لەگەڵ یەک داکراینەوە، کابرا وتی خەمتان نەبێت هەر ئێوارە هات ئەم ناوە لەبەر ئەسپ و هێستری کاروانچییان دیار نامێنێت، تەسلیمی کاروانچییەکانتان دەکەم، سوپاسمان کرد، ئەو گوتی: پێم ناڵێن بۆ کوێ دەچن؟ ئێمەش سەرەتا وتمان وەڵا خزم و برامان پێشمەرگەن و دەمێکە هەواڵیان نازانین و هەواڵی شەهیدبوونیشیان هاتووە دەچین بۆ سۆراغیان، وتی ئەی چۆنە نە دایک، نە باوک، نە برایەکی گەورەتان لەگەڵدا نییە؟ ئینجا هەر خۆی چاوەڕوانی وەڵامی ئێمەی نەکرد و وتی: یان من گیام بە کێوەوە خواردووە یا ئێوە خۆتان بۆ پێشمەرگایەتی دەڕۆن، ڕاستییەکەشم پێ بڵێن هەتا باشتر هاوکارتان بم، هیچ ترسیشتان نەبێت، من بۆ خۆیشم چەند ساڵێک پێشمەرگەی حسک بووم، ناوی زۆر لە فەرماندەکانی ئەوکاتەشی هێنا، وا دڵنیای کردین هەتا ئێمەش بۆمان لە بنی کوولەکەدا. وەڵاممان دایەوە:

- ڕاستی ئێمە بەنیازین ببینە پێشمەرگە.

-باشە بۆ ناڕۆن بۆ ناو حسک، هەر بڵێن لە لایەن سەید فلانەوە هاتووین بێ سێودوو وەرتاندەگرن. چونکە زۆربەی فەرماندەکانیان ئاشنا و برادەرمن.

بەدەم ئەم قسانەوە وردەوردە کاتمان بەڕێ کرد هەتا درەنگ داهات، لەناکاو پیاوێکی پۆشتەوپەرداخ خۆی بە ژووردا کرد و داوای چایەکی کرد، ئێمەش قوڕ و قەپمان لێ کرد، بەڵام سەید گوتی مەترسن ئەمیش خۆمانەیە. ئیتر سەید مەوزوعی دامەزراندەوە، ئەو هەر هانی دەداین بڕۆین بۆ ناو ڕیزەکانی حسک و هەر شوێنی بۆ مسۆگەر دەکردین، ئێمەش هەر دەمانگوت دەبینە یەکێتی و لەو بترازێت دڵمان بە هیچ حیزبێکی دیکە ناکرێتەوە. لەم بێنەوبەرەیەدا بووین کابراش هاتە ناو قسەکانمانەوە، ئەویش بە دڵی ئێمە کەوتە مەتح و ستایشی یەکێتی و خودی مام جەلال، لەوکاتەدا دەتگوت مەڵحەم لە گیانمان دەدەن. زۆر بە جوانی باسی مام جەلالی بۆ دەکردین، ئێمەش بە تامەزرۆییەوە گوێمان بۆ گرتبوو، لە خۆشییاندا ئاو بە دەمماندا دەهاتە خوارەوە، من لێم پرسی:

- باشە تۆ چۆن ئاوا دەیناسیت؟
- دەیناسم.
- ئەی چۆن ئاوا شارەزاییت دەربارەی مام جەلال هەیە؟

-. بە خودای یەک-دوو ساڵان حیمایەی شەخسیی خۆی بووم، پەکوووو... چەند زیرەک و بەتوانایە، بەوخوایەی کە خوایەتی دەکات، شەیتان بە شەیتانیی خۆیەوە گرەوی لێ ناباتەوە، هێندە بلیمەت و زیرەکە!

منیش لە خۆشییاندا قسەکەم لە دەم وەرگرتەوە و وام دەزانی خدری زیندە بەرەو پیرمان هاتووە، چونکە چەند وەخت بوو ئێمە بە دوای مەفرەزەیەکدا وێڵ بووین، خوا خوامان بوو پێشمەرگەیەک ببینین!؟ ئاخر ئەوسا بینینی پێشمەرگە تام و چێژی هەبوو، ئێستا وا خەریکە دەگەینە مام جەلال و بە هۆی ئەم پیاوە باشەوە بە دیداری شاد دەبین، جا چی لەوە خۆشترە، کە هەر بەرەو ئەوێ بڕۆین و زیاتر لە پێشمەرگایەتییش دڵنیا ببینەوە، هەلەکەم قۆستەوە و وتم:

– وەڵا مادام ئاوا مام جەلال دەناسێت و ئەویش دەتناسێت، دەبێت نامەیەکمان بۆ بنووسێت تا بە خزمەتی بگەین، چونکە زۆر تامەزۆری دیداری بەڕێزیانین.

– بە خوا ناتوانم نامەتان بۆ بنووسم.

– ئەی بۆ ناتوانیت، نامەیەک چی تێدەچێت گەر بۆمان بنووسیت؟

– ناتوانم.

دەی دایکت چاک، باوکت چاک زۆرمان لەگەڵ کرد و زۆرمان گوت، هەتا ئاستی پاڕانەوەش لەگەڵی ڕۆیشتین، بێسوود بوو، ئەو هەر دەیگوت ناتوانم هەتا گەیشتە تینم و پێم گوت:

- باشە کاکە سەبەب؟ بۆچی ناتوانی!؟
- چیتان پێ بڵێم، کوڕە ماڵتان ئاوا بێت ئێستا من جاشم.

ئەی بابەڕۆ چیمان بە خۆمان کرد، کەوای گوت وەک بۆمبێک لەناوماندا بتەقێتەوە، هەر بە جارێک تاساین و زەندەقمان چوو! ئەویش کە زانی زۆر تێک چووین و شڵەژاوین خوا هەڵناگرێت هەستا و ڕۆیشت ئەوەندەی تر ترساین، ئیتر ئێمە دەستێکمان کەوتە ئەملا و دەستێکمان کەوتە ئەولا، تەواو کێچ کەوتە کەوڵمانەوە، ڕووم کردە سەید و وتم:

- باشە سەید ماڵت ئاوا بێت کە دەتزانی کابرا جاشە بۆ تێتنەگەیاندین، خۆ تۆ گوتت ئەمیش لە خۆمانە، باشە ئێستا چارمان چییە؟ چی بکەین؟ با ئەم ناوە چۆڵ بکەین و بڕۆین شوێنێکمان بۆ بدۆزەرەوە، تا بۆی بچین.
- دابنیشن برا دابنیشن، هیچ مەترسن و مەپرسن، هیچ گومانیشتان لەو پیاوە نەبێت، لەم ئۆردووگایەدا پێشمەرگە بە چەکەوە گیراوە، هەر ژن و منداڵ لە ئەسکەرەکانیان سەندووەتەوە.

سەید ڕاستی دەکرد، ئەو ڕووداوە لە بەستەستێن ڕوی دابوو، بەهەرحاڵ دڵنیا و ئەمینی کردین وەک ئەمینی بارام، بەڵام ئێمە هەر دەترساین و دڵمان لەناو لەپی مستماندا بوو، هەتا ئێوارە تاریک داهات ئۆقرەمان لەبەر بڕابوو، شەو داهات و سەید قسەی خۆی بردە سەر و بە کاروانی نەپساوەی قاچاغچیانی سپاردین، ئەوان بە سواری و ئێمەش پیادە، بڕۆ بۆ ناوزەنگ، هەتا ملمان بە هەوراز و شاخەوە نا ئێمە هەر بەدوایاندا ڕامان دەکرد، ئەوانەی لە سەرەتادا لەگەڵیان کەوتین و پشتمان پێ بەستبوون هەر زوو لێمان بزر بوون کارمان بەوە باش بوو کاروانەکە هێندە دووردرێژ بوو، پسانەوەی نەبوو، دەنا لە مێژ بوو بێسەروشوێن بووبووین، لە ڕێگەشدا زۆر کات لا نەکەوتینایە و لاڕێمان نەگرتایە دەبووین بە ژێرپێی ئەو ولاخانەوە کە لەو سەرەوە بە غار و بە ڕەوە بەرەو ڕوومان دەهاتن تەپووتۆزیان بەری ئاسمانی گرتبوو، هەر دەتگوت لەشکری جەنگیز خان بەڕێوەیە، بڕوات هەبێت ئەوە دیمەنێکی ڕاستەقینەی ئەو ڕێگەیەی قاچاغچیان بوو، نەک چیرۆکێکی ئەفسووناوی، یادی بەخێر ڕۆستەم لە نیوەی ڕێگەدا پەکی کەوت، چونکە ئەو کڵاشەی لەپێدا بوو، بزمار قاچی وێران کردبوو، ئاخر ئێمە بێئەزموون و هەرزەکار بووین، هێندەشمان لە جۆگە و ئاو دابوو لە ڕێگەدا، نە جارێک و نە دوو لە ترسی ئەوەی کە لە کاروانەکە دانەبڕێین پێڵاومان دادەکەند، بەڵام ئێمە لە قەڵادزە پوتمان کڕی، ئەو پوتانە زۆر باش بوون، وەک پۆستاڵی ئەمەریکی وا بوون، پێیان دەوت شەوڕۆ، زۆریشمان لەگەڵ ڕۆستەم کرد، وتی من نامەوێت، بەهەرحاڵ هەرچۆنێک بوو بەو هیلاکەتییە گەیشتینە ناوزەنگ. لەوێ چووین بۆ سەرکردایەتی، کە گەیشتین ناردیانین بۆ لای کاک ئاسۆی شێخ نوری، نازانم ئەو سەردەمە کاک ئاسۆ چ بەرپرسیارێتییەکی هەبوو، بەڵام لە ناوەندی کۆمەڵە بوو، چونکە وتیان ئەو بڕیار دەدات وەرتانبگرێت یان نا، هەمووی بەدەست ئەوە، ئەویش دوای چەندین وتووێژ و ئەم لاو ئەولا وتی:

- جارێ ماوتانە ئێستا ئێوە منداڵن، دەبێت بڕۆن خوێندن تەواو بکەن. زیاتر خۆتان ڕێک بخەن و کاری ڕێکخراوەیی بکەن، ئێمە

لە خوارەوە زیاتر پێویستیمان پێتان دەبێت، دڵنیا بن فریای پێشمەرگایەتی هەر دەکەون. (بە خەندەیەکەوە) ئەوا لە ئێستاشەوە بۆتان حسابە.

- کاک ئاسۆ گیان بڕوات بێت ئەگەر بزانیت بە چ دەردێک گەیشتووینەتە ئێرە هەرگیز ناڵێیت بڕۆنەوە، ئێستا چۆن بگەڕێینەوە؟ خۆت ئەزانیت لە سنوور مەترسیی کەمینی سوپای عێراق هەیە، چەندین کەس ڕۆژانە دەکوژرێن، کاروانچی و وڵاخەکانیان بەر دەکەون.

**جا ئەوە ڕاست بوو یان هەر دەتویست قەناعەتی پێ بکەیت وەرتانبگرن؟**

نا نا وا بوو، خۆیشی دەیزانی کە وەزعەکە چۆنە، ئەوکاتەی لە بەستەسێنەوە بەڕێ کەوتین، ڕەبایەکانی عێراق و سنووری دەسەڵاتی سوپامان تێپەڕاند، قاچاخچییەکان کەوتنە هەلهەلەکێشان لە خۆشییاندا. لە چەند کاروانچییەکمان پرسی ئەوە چ باسە ئەو هەراوهەڵایە چییە؟ وتیان: تازە ڕزگارمان بوو، گەیشتینە ناوچەی ڕزگارکراو.

بەڵام پێش ئەوەی مەترسییەکان تێپەڕێنین، لە چەند شوێنێک هەڵوێستەیان بۆ ئەکرد و ئەوەستان و هەستیان وەردەگرت.

**بۆچی هەڵوەستەیان دەکرد؟**

لەبەر ئەوەی مەترسیی کەمین هەبوو، چونکە لەو ڕێوبانە زۆر کات زەبری سوپای عێراقیان بەر کەوتبوو، ئەو شیو و دۆڵانە پڕ بوون لە کەلاکی وڵاخە بەرزە کە بە گوللەی سەربازانی ڕژێم پێ کرابوون، کاروانچییەکان خۆیشیان زۆر جاران بەر دەکەوتن، ئەو سەردەمە سوپای ئێران لەو سنوورە نەبوون، بگرە هەندێک شار و شارۆچکەش بە دەست هێزەکانی دیموکرات و کۆمەڵەوە بوون، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر شوێنیان بە دەستەوە بوو.

با بێینەوە بۆ ئەنجامی گفتوگۆکەتان گەیشتنە چی؟

کاک ئاسۆ زۆر باش گوێی لێ گرتین، وتی ئەمانە دەزانم هەمووی ڕاستە، بەڵام من بۆ ئێوەمە چۆن هاتوون دەبێت ئاوا بگەڕێنەوە، دڵنیا بن هەر فریای پێشمەرگایەتی دەکەون. ڕاستیشی وت، چونکە کوڕەکەشم فریا کەوت، زۆر بە داخەوە کاک ڕۆستەم زۆر زوو شەهید بوو، ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕێکدا لە گوندی قەرەچەتان لە تیپی ٢٣ی سورداش شەهید بوو، ئەو پێش ئێمە بوو بە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٢دا بوو بە پێشمەرگە و کاک حەمەشوکریش لەگەڵ خاڵە سەربەستە بچۆکلی برای دوای چەند ساڵێک لە پێشمەرگایەتییان لە هەمان تیپ، بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، خاڵە سەربەست ئامر مەفرەزە یان جێگری فەرماندەی کەرت بوو، تا بڵێیت قارەمان و چاونەترس بوو، من و خاڵە شەماڵیش دوای چەندین ساڵی شاخ و شار ئێستا وا خانەنشینین.

سەرئەنجام لەگەڵ ئاسۆی شێخ نوری بە کوێ گەیشتن؟

ڕاستییەکەی زۆر هەوڵمان دا بێسوود بوو، چەند ڕۆژێک لە ناوزەنگ و قاسمەڕەش ماینەوە، هەر چاوەڕوان بووین وەرمانبگرن، بەڵام کە بێهیوا بووین لەوەی ی.ن.ک وەرمانبگرێت بەڕێ کەوتین بۆ ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەوێش وەریاننەگرتین.

ئەوان وەڵامیان چی بوو؟

وتیان بابە خۆتان ئەو هەموو حیزبەتان هەیە خێرە بۆ لای ئێمە هاتوون؟

جا بۆچی چوون لەوێ ببنە پێشمەرگە؟

ئێمە هەرزەکار بووین، وا بیرمان دەکردەوە کە پێشمەرگە هەر پێشمەرگەیە، لە هەر بەشێکی کوردستان بێت هەر واشمان بەوان وت.

هەر لەبەر ئەوە وەریاننەدەگرتن کە منداڵ بوون یان پشتگیریی ڕێکخستنتان نەبوو؟

هەردووکی بوو، منداڵ بووین و پشتگیرییشمان نەبوو، ڕاستییەکەی شەڕمان دەفرۆشت و کەس نەبوو لێمان بکرێت، وەک عەرزم کردیت ئەم بەسەرهاتەم بە درێژی لە گۆڤاری چیادا نووسیوەتەوە و زۆر درێژەی نادەمێ، دەزانم تۆ دەتەوێت لەبارەی ئەنفالەوە قسەت بۆ بکەم، بەڵام ئەو وێنەیەش کە دیوتە و لە فەیسبووک بڵاوم کردووەتەوە لە ڕێککەوتی ٥ ـــ ٩ ـــ ١٩٨١ گیراوە، ڕۆژی شەممە لە قاسمەڕەش گرتوومە، لای فرۆشگەکە بە کامێرای فەوری، ئەو تاقم و تفەنگەشم لە پێشمەرگەیەک وەرگرت بەسووڕ، هەر حەزم دەکرد نەیدەمەوە هێندە تامەزرۆی پێشمەرگایەتی و ناو و ناوبانگەکەی بووم (بڕوانە پاشکۆی وێنەکان).

سەرئەنجام هەر وەرنەگیران؟

نا کاک ئاسۆ وەرینەگرتین، بەڵام دوایی لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان بووم بە پێشمەرگە. دواتریش چوومە تیپی مەڵبەندی دوو، هەڵبەت دەزانیت پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

**سوپاس کاک عارف دەمەوێت، بەڵام وەک خۆت باست کرد حەز دەکەم ئەم دیدارەمان زیاتر دەربارەی ئەنفال بێت، واتا ئەوەی لە ئەنفالدا دیوتە بۆ من گرنگیی زیاتری هەیە.**

ئاساییە و منیش پێم خۆشە و دەستخۆشیت لێ دەکەم.

وتت هەندێک دیمەنم لە لایە دەمەوێت باسیان بکەم؟

بەڵێ.

تۆ کاتی ئەنفال لە کوێ بوویت؟

لە دۆڵی جافایەتی بووم، لە شاخی دابان و قەرەتیکان بارەگایەکی کاتییشمان لە قەراغ دێی سەرگەڵوو نزیک شەخسەکەی پیرئەنگوز هەبوو، ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٩٨٨ هەش-نۆ ڕۆژ پێش ئەوەی سەرگەڵوو بگیرێت برادەرانی کەرتی خۆمان بەدلیان کردین، دەمەوعەسرێک لەگەڵ کاک ئاواتی شێخ ڕەزا هاوڕێم بوو لە پیر ئەنگۆزەوە شۆڕ بووینەوە بۆ ناو سەرگەڵوو، بە لای کانییەکەی سەر ڕێگەی هەڵاج و سێکانیاندا ڕەت بووین کە لامان دایە سەرکانییەکە


وێنەی ژمارە (١) عارف حەمە وەیس

مەنجەڵێکی ڕەشی ئاوگەرمکردن لەسەر ئاگردانێک دانرابوو، هێشتا ئاوەکەی هەر شلەتێن بوو، بەڵام قاتێکی بۆری پیاوانەش لەو ناوە کەوتبوو، حەتمەن پێش ئێمە پێشمەرگەیەک لەوێ خۆی شۆردووە، چونکە ئەوسا چۆڵ بوو، جگە لە پێشمەرگە کەس لەو دەڤەرە نەمابوو، ئاوات قاتە جلەکەی ئەم دیوەودیو کرد و گوتی: وەڵا ئەمە زۆر لە قاتەکەی بەرم باشترە، بێ وەستان لەبەری کرد و تاقیکردووە، پڕ بە بەری بوو. منیش گوتم: مادام وایە قاتەکەی خۆت لە هەمان شوێن دابنێ ڕەنگە کەسێکی تریش سوود لەوەی تۆ ببینێت. خۆیشی هەر وای گوت: منیش هەر ئەو نیازەم هەبوو. منیش خۆم پشیلەشۆر کرد و بەرەو سەرگەڵوو بەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە لای بازاڕ و دوکانەکان، چ بازاڕ و دوکانێک! دەرگای دوکانەکان هەموو لەسەر پشت و ئاوەڵا بوون، هەموویان پڕ بوون لە کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژ، بەبێ ئەوەی یەک نەفەرێک گیان لەبەر بە دەرەوە بێت، تۆپەکان چەند خولەکێک بوو لە گرمەوناڵە کەوتبوون، ئەو دێیە گەورە و قەرەباڵغە دوور لە گیانی خەڵکەکەی لە شاری شەبەح و مردووەکان دەچوو، دۆخێکی ترسناک بوو، تەنها گوێمان لە چرپەی پێی خۆمان بوو کە بە کۆڵانی ڕاستەبازارەکەدا ڕێمان دەکرد بەرەو خوار، بڕواتان هەبێت گوێمان لە فرەی

چۆڵەکەش نەبووە، ئەوانیش لەبەر تۆپبـاران هێلانەیـان بەجێ هێشـــتبوو تـار بووبوون، لە بێدەنگی و چۆڵیی گوندەکە ســـەراپا ســـام و دڵتەنگی دایـدەگرتیـت، لە دوکـانێکـدا یەکی پـارچەیەک بنێشـــت و دەســـتەیەک گوێزانی لۆردمـان هەڵگرت، ئەویش زۆر بە شـــەرمەوە، وامـان دەزانی هەموو خەڵکی ســـەرگەڵوو لە ســـەربـان و درزی دەرگـا و پەنجەرەکـانەوە ســـەیرمان دەکەن، دواجار چووینە دوکانەکەی کاک یاسـینی کوێخا سـەلیم، زۆر دڵتەنگ بووین کە بینیمان چەندین تۆپە قوماشـــی پیاوانەی تیا بوو، هەموویـان تـازە و لۆک بە نـایلۆنەکـانیەوە، مەکینەی دروومانەکەی تێدا بوو، مقەستەکەی لەسەر مێزەکەی بوو، چوومە سـەر کورسـیی خەیاتییەکە دانیشـتم، بە زەردەخەنەیەکەوە رووم کردە ئاوات و وتم چی بکەم لە شـانسـی تۆ خەیاتی نازانم، دەنا هەر ئێسـتا قاتێکم بۆ دەدوریت و نەمدەهێشـــت ئەو قاتە کۆنە لەبەر بکەیت.

واتا خەڵک ماڵ و سامانی خۆی بەجێ هێشتبوو؟

بەڵێ ئەنفـالی یەک بوو، هێرشـــەکـان چڕ بوون و تۆپبـاران بەردەوام بوون، خەڵکەکە ڕۆیشـــتبوون، ســـامان و ماڵیان بەجێ هێشـــتبوو، هەموویان بەجێ مان و دواتریش جەیش و جاشـــەوە تاڵانیانکردبوو. ئەمە یەکێک بوو لەو دیمەنانەی گوندەکانی کوردستان لە کاتی ئەنفالدا.

**ئەوە چەند پێش گرتنی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو بوو؟**

ئەو ڕۆژە ١١ی ئـازار بوو، ١٥ ڕۆژی تەواو بوو هێرش دەستی پێ کردبوو، سنوورەکە کەوتبووە بەر تۆپبارانێکی سەخت و مەترسیدار، پێشمەرگە بەرگری دەکرد، بەڵام نـاوچەکە لەژێر هێرشـــێکی تونـد و بەربڵاوی ســـوپای عێراقدا بوو کە دواتر بە ئەنفالی یەک ناسرا.

**ئەوەی بـاســـت کرد یـادگـارییەکی زۆر گرنـگ و هەســـتبزوێن بوو، ســـەرەرای تراژیدیاکەشـــی بە چێژێکی زۆرەوە گێراتەوە بەڵام راســـتییەکەی من کاتی دەستپێکی ئەنفالم مەبەست بوو؟**



وێنەی ژمارە (٢) ئەنفال پاشەکشەی هێزەکان

ئەوکـاتە ئێمە لە تیپی مەڵبەنـد بووین، لە کەرتی دووی تیپ بووین ســـەر بە تۆپخانە بووین، ئێمە ســـەنگەر و بارەگامان لەســـەر چیای دابان بوو، بینیمان کە هێرشـــەکان دەســـتیان پێ کرد، بەڵام لە ئێمەوە دوور بوون، چونکە ســـەرەتا هێرشـــەکە لە قۆڵی لای ئێمەوە، با بڵێن لە دیوی ســـورداشـــەوە هێرش کرایە ســـەر کلکەی پیرەمەگروون واتا چیای قووڵەپوشـینە، هێرش کرایە سـەر سورداش و گوندی تیمار لە قووڵەپوشـــینە تیپێک پێشـــمەرگەی لێ بوو، دەبوو ئەوان بەرگرییان بکردایە، چونکە ئێمە بە چیای دابانەوە بووین و تفەنگی ئێمە نەدەگەیشـــتە ئەوان هەتا بەشـــداریی شـــەڕ بکەین، بەڵام بڕوا بکە وەک ڕانەمەڕی سپی سەرباز هەر بە ڕاکردن سەرەوخوار هاتنە ناو شەدەڵەوە، ئەگەرچی پێشمەرگەی زۆر کارا و قاڵەوەبووی مەیدانی شـــەڕکەڕی لێ بوو، بەڵام بێسوود بوو، ئەو ڕۆژە شەدەڵە گیرا.

باشـە ئێوە نەتاندەتوانی لە چیای دابانەوە بە دۆشـکە لەو هێزە بدەن کە لە قووڵەپوشـــینەوە دابەزییە ناو شەدەڵە؟

بەڵێ لێمـان دەدان، بەڵام نەدەگەڕانەوە، ژمـارەیـان لەبننەهـاتوو بوو. هێرشـــەکە هیی ئەوە نەبوو بۆ شـــەڕێکی کاتی هاتبن و بگەڕێنەوە، بڕیارەکە وا بوو بە هەر نرخێک بووە دەبێت ســـەرگەڵوو و بەرگەڵوو بگیرێت.

**هەموو باس لەوە دەکەن کە ڕۆژی دەسـتپێکی ئەنفال ٢٢ی شـــوبـات بووە، بینیم کە تۆ یـادەوەریی خۆت**

**بەپێی ڕۆژژمێری بەرباخەڵت دەنووسـێتەوە، بەپێی ڕۆژژمێرەکەی تۆ دەستپێکی ئەنفال چ ڕۆژێک بوو؟**

ئەوەی لە ڕۆژژمێرەکەی بەرباخەڵمدا نووسـیومە لە قۆڵی ئێمەوە ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٨٨ بوو، ئیتر لە قۆڵەکانی ترەوە زووتر دەسـتی پێ کردووە ئەوەیان شتێکی ترە من ئەوەیان نازانم، بەڵام لای ئێمەوە ئەو ڕۆژە ٢٦ی مـانـگ بوو. ڕۆژی هەینی بوو، من لە ڕۆژژمێرەکەی بەرباخەڵمـدا نووسـیومە کە ٢٦ی مـانگی شـوبـاتی ١٩٨٨ بوو هێرش کرایە سـەر قووڵەپوشـینە. سـەرەتا بە تۆپبارانێکی زۆر چڕ و سـەخت دەسـتی پێ کرد، تیمار و سـورداش و قووڵەپوشـینەیان داگرتەوە، ڕۆژی دواتر ٢٧ی مانگ هێرشی پیادە و تۆپبارانی بۆ قووڵەپوشینە دەست پێ کرد.

**کام تیپ لە قووڵەپوشـینە بوون؟ فەرماندەکەیان کێ بوو؟**

تیپی ٢٩ی کەلکەسماق بوو، فەرماندەکەیان کاک شێخ هاوڕێ بوو، بەرگرییەکی قارەمانانەشـیان کرد، بەڵام هێرشـەکان بەهێز بوون و هێزەکان زۆر نابەرانبەر بوون، تۆپبـارانێکی چڕیـان لەسـەر بوو، دوو شـەهیدیشـیان دا، بەڵام ڕۆژی ٢٧ی مانگ شـاخی قووڵەپوشـینە گیرا و ڕۆژی ٢٨ی مانگ ناو گوندی شەدەڵە گیرا.

**کەی شەڕ گەیشتە لای ئێوە؟**

ئیتر کە هێز گەیشتە ناو شەدەڵە، ئێمەش داخڵی شەڕ بووین، لەبەر ئەوەی شـەدەڵە لەبەر دەسـتی ئێمەدا بوو، نزیک بوو لێمانەوە، ئێمە دۆشـکەیەکمان هەبوو هەتا دوا فیشـەکی دۆشکەکە شـەڕمان لەگەڵدا کردن، دواتریش بە دیوی هەڵەدندا پاشـەکشـەمان کرد، بەڵام با ئەوەش بڵێم هەتا دوو ڕۆژ دوای پاشەکشە دوژمن نەیتوانی یەک بسـت لە شـەدەڵە بترازێت، هێرشـی دەکرد بەڵام تێک دەشکا، سێ-چوار ڕۆژ دوای گرتنی شـەدەڵە ئینجا هێز و تیپەکانی دەشـتی هەولێریش هـاتن بۆ سـەری دابـان و لە دەوروبەری ئێمە و قەرەتیکان دامەزرانەوە، دەنا هەتا ئەوکاتانەش هەر ئەو کەرتەی ئێمە لە دابان و قەرەتیکان بووین.

**ئەی کاتی پاشـەکشـەی هێزەکانتان چیت بینی جێگەی سەرنج و بەئازار بێت؟**

هەمووی زەحمەت و ئازار بوو، بەڵام هیچ شـتێک بەقەد دیمەنەکـانی دۆڵی شـێخ محەمەد و کەوتنی لاشـەی مەڕوماڵات و خەڵکی ماندوو و شـەکەت لەسـەر ڕێگەکە ناخۆش نەبوون کە لە بەفردا ڕەق بووبوونەوە، هیچ دیمەنێک هێندەی ڕێگەی شـێخ محەمەد ئازاریان نەداوم.

**هەر لاشەی مەڕوماڵات ئەی تەرمی مرۆڤ؟**

لەڕاسـتییشـدا من تەرمی هیچ مرۆڤێکم نەبینی ڕەق بووبێتەوە، بەڵام لاشەی کار و بەرخ و ئاژەڵم بینیوە، بووکەشـووشـە و جل و کەلوپەلی منداڵ و بەتانیم دەبینی فڕێ درابوون، بێگومان تەرم و ڕەق بوونەوە و ئەوانەش هەبووە، بەڵام من هیچم نەبینی.

**دیمەنێک کە هەمیشە لەیادت بێت کامەیە؟**

دیمەنێک کە هەمیشـە لەیادم ناچێتەوە ئەوە بوو کە بڕیاری پاشەکشە درا، تا دەهات هێرشـەکان چڕتر و توندتر دەبوونەوە، وەک وتم ئێمە بە دیوی گوندی هەڵەدندا پاشـەکشێمان کرد، ئەوەی باش بوو ئەوکاتە سـاماڵ بوو تۆفان نەبوو، دەنا هەموو لە دۆڵی شـێخ محەمەددا ڕەق دەبووینەوە و دەیبەسـتین، بەڵام شـاخەکان هەر لە پشـتی گوندی چاڵاواوە هەتا ناو گوندی گەلاڵەی شـینکایەتیی سـەرسـنوور بەفرێکی زۆری لێ بـاریبوو، لەوکـاتەدا لە هەڵەدن بەرخێکم بینی هێشتا ناوکی وشک نەببووە، تازە لە دایک ببوو، دایکەکەی لەولاوە کەوتبـوو تـومەس کـیـمـیـایـی کوشـتبووی، ئەم دیمەنە زۆر ئازاری دام، هەر وا کەمێک ڕۆیشـتین بووکەکەشـووشـە و یاریی منداڵم بینی لەسـەر ڕێگەکە فڕێ درابوون، ئەمانە هەمووی دیمەنی ترسـناک و ناخۆش بوون، لە پشـتی چاڵاوا شـوێنێک هەیە پێی دەڵێن خەرتیز، لەوێ هێسـترێک سەرنجی ڕاکێشـام کە لەناو بەفردا چەقیبوو، هەتا بن هەنگڵی لە بەفردا بوو، هەرچەنـدە تەکـانی دەدا نەیدەتوانی لە بەفرەکە بێتە دەرەوە و ڕزگاری بێت، ئەوەش بووە خەمێکی تر، بەڵام دوای ئەوەی کە لێی ڕەت بووین و من ئاوڕێکی بەزەییئامێزم بۆ دایەوە،

بریا هەر ئاورم نەدایەتەوە، بینیم هێســـترەکە قەپ لە کورتانەکەی خۆی دەگرێت و بە ددان کورتانەکەی دڕاند و پووشـــەکەی دەردەهێنا و دەیخوارد، ئەو دیمەنە هەتا ئێستا لەبەرچاومە و لەیادم ناچێتەوە.

**تۆ یادەوەرییەکت لە کیمیابارانی شاناخسێش هەیە؟**

بەڵێ ڕۆژی ١٩ ـــ٣ ـــ ١٩٨٨ لە گوندی شانەخسێی ســـەرســـنوور بووین، ئەمە دوای ئەنفالی یەک بوو، ســـەرگەڵوو و بەرگەڵوو گیرابوون، تیپەکان زۆریان پاشەکشەیان کردبوو بۆ شاناخسێ، لەوێ بۆ دواجار بە دیداری کاک ســـەعیدی حەمەزیاد شـــاد بوومەوە، ئەوان پەلەیان بوو بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لە سنووری مەڵبەندی سێ، ئەوەش خێری پێوە بوو، کە زوو گەڕانەوە و بڵاوەیـــان لێ کرد، ئەو ڕۆژە تیپەکانی مەڵبەندی سێ هەموویان گەڕانەوە، تیپەکانی مەڵبەندی یەکیش زۆربەیان گەڕابوونەوە و بڵاوەیان لێ کردبوو، بەشـــێک لە تیپەکان و پێشـــمەرگەکانی مەڵبەندی دووش بۆ کڕینی پێداویســـتی و هەندێک کاری خۆیان لە شارە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیوی ئـێـران بـڵاوەیـان کـردبـوو، ئەگەر وا نەبـوایە کیمیابارانەکەی شـــاناخســـێ زیانەکەی زۆر زۆرتر دەبوو.

**ڕۆژەکەیت یاداشـــت کردووە، چونکە ئەویش ڕای جیاوازی لەسەرە؟**

بەڵێ ڕۆژی ٢٣ ـ ٣ ـ ١٩٨٨ بوو، چەند فڕۆیەک هاتنە ئاسمانی ناوچەکە، چەند جارێک سوڕانەوە و زۆر بە خەستی کیمیابارانی گوندی شانەخسێیان کرد، خودا بەوە ڕوحمی کرد ئەو بۆردوومـانە چەنـد ڕۆژێـک پێشـــتر نەبوو، دەنا شـــەهید و بریندارمان دەیانجار لەوە زیاتر دەبوو لەوەی کە ڕووی دا.

ئیتر ئەوەش بۆ خۆت دەیزانیت لە دوای ئەنفالی یەک لە هەموو نـاوچەکـان ڕژێم بە خێرایی نـاوچەکـانی دەگرت، تاکە شـوێن کە بە دەسـتمانەوە مابوو ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری مەڵبەندی سێ بوو، هێرشی بەربڵاوی ڕژێم بۆ ئەو ســـنوورەش دەســـتی پێ کردبوو کە بە قۆناغەکانی ئەنفالی شـــەش و حەوت ناســـراون، دیارە زۆربەی تیپەکانی مەڵبەندی یەک و مەڵبەندی دووش بەرەو ســـنووری مەڵبەندی ســـێ بەڕێ کەوتین بۆ هاوکاریی هاوســـەنگەرەکانمان لەو ســـنوورە، ئیتر لە کوێ پێوســـت بوایە و مەترســـیی لەســـەر بوایە دەبوو هێزی پێشـــمەرگە لەوێ بێت، ئەوسا پێشمەرگە وا بوون و وا ڕاهێنرابووین! ئێمەش ســێ تیپ لە شـــاناخســـێوە لە نیوەشـــەوێکدا پێکەوە بەڕێ کەوتـیـن بەرەو ئەوێ، لە ڕۆژژمـێـرەکەمـدا نووســـیومە شـــەوی ١ی حوزەیرانی ١٩٨٨ بەڕێ کەوتین. بەداخەوە دوای ســێ مانگ شـەڕ و بەرگری سەرئەنجام ئەویش گیرا.

**ئەو هێزانە چەند پێشمەرگە دەبوون؟**

تیپی ٣٧ی شـــارباژێڕ، بە فەرماندەیی حەمە هەژار و تیپی مەڵبەند بە فەرماندەیی مســـتەفا ســـەرگەڵوویی بوو، من لەگەڵ ئەواندا بووم لە کەرتەکەی خۆمـاندا هەر خـۆم مـابـوومەوە، ئەو بـرادەرانەی ئـێـمەش هەریەک بە لایەکدا و هەریەک بە هۆکارێک بڵاوەیان کردبوو، تیپی ٤٩ی ســـــاراش کاک عەزیزی حاجی حەمەســـــەعیدی قەڵەم پاشـــــا فەرمـانـدەیـان بوو، کەرتەکەی ئێمە ســاڵێک دەبوو خرابووینە ســەر تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو، پێشتر سەر بە تیپی مەڵبەند بووین، بۆیە من هەر لەگەڵ هەڤاڵە کۆنەکانم ڕۆیشتم.

**ئەی ئەو پێشـــــمەرگانەی کەرتەکەتان چۆن بڵاوەیان لێ کرد، ئایا هەر وا بەبێ فەرمان و بڕیارێکی سیاسی ڕۆیشتن؟**

دەزانیـت چۆن بوو دوای ئەنفـالی یەک زۆربەی تیپەکان وەک خۆیان نەمانەوە، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنـایەتییەوە، تیپی مەڵبەنـد تـا کـاتی ئەنفـال و پاشـــکشـــەکەش بە لای کەمەوە ٢٠٠ پێشـــمەرگەی هەبوو، بەڵام کاتێک بەڕێ کەوتین بەرەو مەڵبەندی سێ بە تیپی ٤٩ی ساراشـەوە نەدەگیشـتە ٦٠ کەس، لەو ڕێژەیەش دوو بەشیان پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند بوون، هۆکارەکەشـی ئەمانەی خوارەوە بوو بەشـێکی بەرچاو لە بۆردوومانەکەی شـــانەخســـێ بریندار بووبوون، ئێســـتاش بەشـــێکیان لەژێر چاودێریی

پزیشــکی دان و کەمئەندام بوون، بە ڕێژەی ٪ ٩٠ و لە ٪١٠٠، ئەوە بێجگە لەوەی کە چەند کەسـێکیشـیان شــەهید بوون لە نەخۆشـخانەکانی ئێران، هەندێک لە برادەرانیش برینداری کاتیی هێرشـــەکانی ئەنفال و پێش ئەنفال بوون، سێ-چوار کەسیان لە فەرماندەی کەرتەکـان و جێگرکەرتەکـان بوون ئەوانیش لە نەخۆشخانەکان و لە شوێنی پشوودانیان کەوتبوون، هەندێک برادەریش گواســترابوونەوە بۆ شــوێنی تر، هەنـدێـک بە هۆی مـاڵ و منـداڵەوە کەوتبووە نـاو ئۆردووگاکان، هەندێک گەڕابوونەوە بۆ ســـنووری ســـورداش و دابڕابوون لە ئەنفالی ٣،٢،٤، هەندێکش خۆی ئارەزوومەند نەبووە بێتە خوارەوە.

ئێمە لەگەڵ تیپی ٤٩ سارا هەروەک یەک تیپ ئەرک و واجباتیان پێ سـپاردین، ڕۆیشـتن و گەڕانەوەشـمان هەر بەیەکەوە بوو، ئەو شــەوە لە شـاناخسـێوە هەتا نەلاس هەرسێ تیپەکە بە چەند پاسێک ڕۆیشتین، بۆ ڕۆژەکەی پێشـــنیوەڕۆ بە پیکـاب بەڕێ کەوتین بۆ گوندی بادیناوێ لە ســـنووری خانێ ٣ی حوزەیران، بەیـانییەکەی لە بـادینـاوێ و ملنجەوە بە پێ بەڕێ کەوتین بەرەو قەنـدیـل، بۆ ئێوارە لە شـــێخ ئـایش ماینەوە لە دەوری سپی قەندیل، لە لای کۆچەرییەکان و ڕەشماڵنیشینەکان ماینەوە، دەوروبەرمان هەمووی بەفر بوو، لەسـەر نەسریەی تیپ یەک-دوو گیسکیان لە کۆچەرییەکان کڕیبوو، هەر خۆیشـــیان بۆیان لێ نابن، کۆمەڵکۆمەڵ دابەشـــی ســـەر هۆبەکان بووین، شــوێنەکەیان زۆر دڵگیر و خۆش بوو، بۆ بەیانی ٤ی حوزەیران بەناو بەفردا ڕێگەمان دەبڕی، نزیکەی پێنج کــاتژمێر بە ڕێگەوە بووین، بە حەســـــاری قەنیلی بەفرگرتوودا سەر کەوتین، بەو دیویشدا ٣٠٠ مەترێک بە نشــێودا هەر بەناو بەفردا لێ نیشــتین، ڕێگەیەکی سەخت و دژوار وەک خلیسکێنەی کاتی منداڵی، وەک سـەیارەی سیباق باڵت ئەگرت لەو نشێوە، سـەرباری مەترسـی و ساردییەکەشـی هەر زۆر بەچێژوتام بوو ترســـی کەوتن و تەقلە لێدانیشـــمان هەبوو، بەلام شـــارەزامان لەگەڵدا بوو پێیان وتین چۆن خۆی بۆ ئامادە کەین، هەموو بە ســـەلامەتی لێ نیشـــتین،

دیمەنەکان کۆمیدی وخ ۆشـــی بوون، پڕ لە پێکەنین بوو، ئەوەش بۆ خۆی بوو بە یادگاری و هەلێک کە هەرگیز دووبـارە نـابێتەوە!؟ بۆ شــــەوەکەی لە هەوارەکـانـی خـێـلاب مـایـنەوە لای مەڕدار و دەوارنشنینەکانی ئەو دەڤەرە، ئەو شەوە لە سەرماندا ٢٠ کەســـێکمان خەریک بوو ڕەق ببینەوە دەوار و پێخەفمـان بەر نەکەوتبوو، تـا بەیـانی هەر گوێنی و چیلکەوچاڵی ئەو ماڵانەمان ســوتاند و لە ســـەرماندا نەخەوتین، گوێنییش بۆ خۆی دڕکاوی و پڕژاوییە لە کوێستانە سەختەکان بەس ئەوە هەیە لەبری چیلکە و چاڵ بۆ ســــوتاندن و شـــێولێنان بە کاری دەهێنن، پیرەژنێک بە تەنها لە یەک ڕەشـــماڵی زۆر گەورەدا بوو جێگەی ئەوانەشـــمان دەبووەوە گەر ڕێگەی پێ بـدایـنـایە، زۆرمـان تکـا و ڕجـا لێ کرد کە جێمـان بکـاتەوە و وەک کوڕی خۆی قبووڵمـان بکـات کە بە نەنکی هەمووشـــمان دەشـــیا، وتمان یان بچۆرە ئەو دەوارەی جێرانتـان، هەموو خزم و کەســـی یەکتر بوون، بەلام قـایـل نەبوو، گوتی: بە خوا نە بۆ هیچ لایەک دەرۆم نە دەهێلم یەک کەســـیش بێتە ژێر ئەم دەوارەی بنوێت. پاڕانەوە ســـوودی نەما، وتمان دایە گیان وەک هۆتێل کرێمان لێ وەربگرە، چەند ئەڵێیت بەســـەر چاو. هەر ســـوودی نەبوو، ســـواری داری نەحلەتی ببوو نەدەهــاتە خوارەوە، تۆفیق عەلی کەسێکی قسـەخۆش بوو، گوتی: کوڕینە با بیکەین بە مزاهەرە، دروشمیشمان ئەمە بێت (مەرگ بەر دەوار) دەشیوتەوە.

**مەبەســتت تۆفیق عەلی ئەوەیە کە بە منداڵی گۆرانیی تەنکە تەنکەی گوتووە؟**

بەڵێ بەڵێ ئەوە خۆیەتی. ئێستا عەمیدی ئاسـایشـە لە سلێمانی، هەر پیاوە قسەخۆشەکەی جارانە.

ڕێگە دوورودرێژ بوو، هەروەک دەڵێن شـۆڕشـەکەش درێژخایەن بوو، دەبوو بە قۆناغ بڕۆین، بڕوا بفەرموو ڕۆژی وا هەبـووە ١٦ کــاتـژمـێـر بە بەردەوامـی دەڕۆیشـــتین شـــەو و ڕۆژمان دەدایە دەم یەک ١٢ کـاتژمێر ڕۆیشـــتووین، کەمترین ڕێرەویمـان لە ٤ کاتژمێر کەمتر نەبووە واش ١١ ڕۆژمان پێ چوو بە

ڕۆیشتن و پشوودانەوە تا گەیشتینە شوێنی ئەرک و واجبمان لە گەرەوانی ســـەروو لە شـــاخی پێ بۆ-ســـەرچە، یەک-دوو برادەر لە سـێیەم ڕۆژدا توانایان نەمـا و بەرەو دوا گەڕانەوە، نـابێـت لۆمەی ئەو برادەرانە بکرێت، چونکە هیچ کـات توانـا و تـاقەی مرۆڤەکـان چونیەک نین، ڕەنگە گرفتی مـاڵ و منداڵیشیان هەبووبێت، چەند کەس لە ڕێگەدا ناوبەناو دەبوورانەوە، هێرشـه بچکۆلی شـۆڕشـگێڕان بوو، پێشـمەرگەی تیپی مەڵبەندی دوو بوو، لە هەشـتەم ڕۆژی کـاروانەکەدا گەڕایەوە بەرەو ئێران، ئەویش بەزۆروتکـاو ڕجـاتـا ڕازیمـان کرد، هەردەی گوت ناگەڕێمەو لەگەڵتان دێم، بەڵام نەخۆشـیی سـرعی هەبوو، گەر زۆر ماندوو بوایە و زەحتەکەی دابەزیایە لەهۆش خۆی دەچوو و دەبورایەوە، گیـانی گرژ و ڕەق دەبوو، ئەگەر کەس ئاگای لێ نەبوایا هەموو دەم و چاوی خۆی بە خوێن دەهێنا قوڕگی خۆی بریندار ئەکرد.

**ئینجا کەسی وا چۆن پێشمەرگایەتی پێ دەکرا؟**

دەی ئیتر ئاوا بوو لە کاتی ئاسـاییشـدا کوڕی وا شـیرین و قسـەخۆش و هێمن کەم بوو، ئاخر زەخت چۆن دانەبەزێت، ئەزانن چ ئارەقەیەک و جواناومـان لەبەر دەڕۆی، هەبوو گەیشـتە ئەویش چەند ڕۆژێک واجباتیشـان گرت، بەڵام نەخۆش کەوتن و وڵاخیان بۆ گیرا و نێردرانەوە، دوای خێڵاب شـەوێک و تاقێک لە دۆڵی باڵەیان ماینەوە، شـوێنەکە زۆر دڵگیر بوو خەڵکەکە کەپریان لە ترسـی تۆپباران و فڕۆکە لەدەم ئاو و بن ڕەوەزی شـاخەکان دروسـت کردبوو، هەورازە نەبڕاوەکەی پشـتی شـاخی کونە کۆتریش ٤ کاتژمێری تەواو بوو، پێشـمەرگەیەک لە داخی ئەو هەورازە لە نیـوەدا گەڕایەوە، نـاهەقی نەبـوو بـرا زۆربەی سـوێندی ئەخوارد دەیانگوت ئەم هەورازە دەمانبات بۆسـەر مانگ، کاتێک لوتکەیەک لە بان سەرمانەوە دەردەکەوت دڵمان خۆش دەبوو دەمانوت ئەوا گەیشـتین، کە دەچووینە سـەرەوە دەمانبینی هێندەی تری بە دەمەوە بوو، سـێ-چوار جار بەو شـێوەیە ئاوا هەر دووبارە دەبووەوە، ئەم لوتکە بە

ئەوی تری ئەسـپاردین، هەمووشـی هەورازی لەدەم یەک دراو بووا؟ ئاوا بەو شـێوەیە گەیشـتینە سـەر شـاخی کونە کۆتر؟ ئینجا داگەڕێت بۆ خوارەوە وەک مارووپەیژە، سـەرەوخوارییەکەشـی لە هەورازەکە ناخۆشـتر بوو، بە ئێنزێدا تێپەڕین، لە دۆڵی خانەقا پەڕینەوە، کـاتژمێر یەکی شـەو بوو گەیشـتینە هەوارەکـانی (ئینجێی پیران)، لەوێ دەوارنشـین و مەڕدار و کۆچەری لێ بوون، ئەوکـاتەی لە دۆڵی باڵەییان بەڕێ کەوتین و ملمان بە هەورازەکەوە نا، کـاتژمێر یەک و نیوی دوا نیوەڕۆ بوو، هەتـا یەکی شـەو بە ڕێگەوە بووین، لە ڕۆژژمێرەکەمدا ئاماژەم پێ داوە واتا ١١ کاتژمێرو نیو بە ڕێگەوە بووین، ئەو ڕۆژە ٦ ی حوزەیران بوو، کە لە بـاڵەیـان بەڕێ کەوتین ٧ی مـانگ لە ئینجێی پیران تـاقی سـەر لە بەیانییەکەی هەر بە ٥ ـــ ٦ کەسە و گیسکێکمان لە مەڕدارەکان کڕی، من و مقدادی حاجی ڕەزای ئابلاخ و شـێخ خالیدی ئامۆزای شـەهید شـێخ سـەربەست و ئـاسـۆس دوکـانی و جەبـاری حەلەڕەش پێکەوە جیسـکێکمـان بە ٣٥ دینـار، لە مەڕدارێک کڕی لە ڕۆژژمێرەکەمدا ئاماژەم پێ داوە بەو ٥ کەسـە یەکی حەوت دینـارمـان بەر دەکەوت، بەڵام جەبـار دوو دیناری پێ بوو، ناچار پێنج دیناری ئەویشـم دا، بۆیە باسی دەکەم خۆشبەختانە کاکە جەبار لە ژیاندایە، لە ئێمە کەم تەمەنترە، ئێسـتاش هەرکات کە دەمگاتێ بە خۆشـی و پێکەنینەوە دەڵێت کـاک عـارف بـا ٥ دینـارەکەت بدەمەوە، منیش دەڵێم ئەی هیچ زیـادەی نەچووەتە سـەر، ئەڵێت نەوەڵا دەبێت بۆشـت بشکێنمەوە بەم پارە تەبعە، دەکاتە ٧٥٠ دیناری چاپی نوێ.

**ئینجا چۆن دەتانخوارد؟ دەتانبرژاند؟**

نـا دەمـانکوڵاند، هەر خۆمـان بە مەنجەڵ و کەلوپەلی ماڵەکە لێمان نا و لەبن ڕەشماڵدا پێشنیوەڕۆ پێگەیشت و خواردمـان، کـاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە ئێنجێی پیران

بەڕێ کەوتین بۆ هەوارەکانی وێچ پیران[4]. عەســـر گەیشــتینە ئەوێ و شــەویش لەوێ ماینەوە، لە یادمە ئەو ڕۆژە دوو باری ئەدیداس بە هێســترەوە لایان دا و بارەکانیان کردەوە، کڕیاری خۆیان دۆزیبووەوە، هەروەک بەدووی ئێمەوە بن، ئێمەش هەرچەندە تازە پێڵاومــان کڕیبوو، بەڵام ســــەرەوخوار بکەیــت هەورازەکان و وردە بەرد و زیخەکانی پێڵاوەکانی ســـتۆک کردبووین، جارێکی تر پێڵاوەکانمان بۆ تازە کردەوە، تایەکانمان ڕۆیشـــتبوو، هێندەمان ئیســـتاپ گرتبوو لە نشێو و شوێنە لێژەکان دەبوو بیانگۆڕین، تا عەسری ڕۆژی دوایی لەوێ ماینەوە، نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش واتا ٨ی مانگ لە نەســـریەی تیپ گیســـکیان دەرخوارد داینەوە، بەڵام هەمووی بە پشـــتماندا هاتە خوارەوە، چونکە لە عەسرەوە لە وێچ پیرانەوە بەڕێ کەوتین هەتـا کـاتژمێر ٥:٣٠ بەیـانی بەردەوام بەبێ وەســـتان بە ڕێگەوە بووین، تاریکوڕوون لە جادەی گشــتیی دۆڵەڕەقە پەڕینەوە و بە گوندی گوڵاندا ڕەت بووین هەتا بناری زنجیرە شــــاخی ماکۆک، چواردە کــاتژمێر و نیو بەردەوام بە ڕێگەوە بووین، ئینجـا وتیان دەبێت لەبەر هەســـتیاریی خەڵکی ناوچەکە تا ڕژێم چاودێریی وردیان نەکات نابێت لە پشتی گوندی گوڵانیش بمێنینەوە، دەبێــت لە هەورازی مــاکۆکیش بدەین و لەودیوی شاخ پشوو بدەین.

**ئەی ئەو ماوەیە دەبوو چەندی تر ڕێگە ببڕن؟**

هە تا شـــوێنی پشـــوو بە لای کەمەوە ٢ کاتژمێری ترمان پێویســت دەبوو، دوای ئەو هەموو ڕێبڕینە، کە چاوم بەو هەورازەش کەوت، ئەژنۆم شـــکا، لە بن کەورگێکدا خۆم بەئەرزدا دا، چونکە توانای ڕۆیشـتنم نەما، بنی پێم خەریک بوو دەسوتا، ئەدیداسەکانم دانا و تاقم و تفەنگم خســـتە بن ســـەرم، جا کە مرۆڤ ماندوو و قەلەق بوو نە خەوی لێ دەکەوێت نە پشوو دەدات، ئەوان ســـەر کەوتن و من لە شـــوێنی خۆم نەجووڵام، هەرچەندە برادەران هەوڵیان دا و زۆریان بۆ هێنام، بەڵام وتم بە خوا تا پشـــووی تەواو نەدەم

نـاتوانم ســـەر بکەوم، ئێوە بڕۆن ڕێگەکە دیـارە و دوایی بۆ خۆم سەر دەکەوم.

**بۆچی گوندی گوڵان مابوو؟ چۆن نەڕووخابوو؟**

خەڵکی گوڵان و دەوروبەری زۆربەیـان چەکـداری ڕژێم بوون، سەر بە عەلی نەبی و سوارە ئاغای ئاکۆ و کاک حەمەی هەمزە بوون.

بەڵام بەڕاستی گوناحە بە ئەوانە بڵێن جاش، زۆربەی کات لەگەڵ پێشمەرگە و بەرپرسان تێکەڵاو بوون، لە پەڕینەوەماندا ئەوان حیمایەمـان بوون، لە ئاســـت جـادەی قیر و ڕێوبـانەکـان، بەردەوام ســـەرەڕێ و کاروانســـەرای پێشـــمەرگە بوو، هەر بۆیەش وتیان دەبێت مراعـاتیـان بکەین و نـابێت لە نزیک نـاودێ بمێنینەوە.

**ئەی گەیشتیتەوە هاوڕێکانت یان هەر بەجێ مایت؟**

هەتـا نزیـک نیوەڕۆ لەوێ مـامەوە، لەشـــم هەموو دەکزایەوە، چاوم دەچووە خەو و بەئاگا دەهاتمەوە، ترس و قەلەقی ئەوەشـــم هەبوو ئەگەر خەوم لێ بکەوێت و یەکێک بێت چەکەکەم بەرێت و کەتنێک بکات، بیسـتووتە "خەو مەرگە" بۆیە هەر بەئاگا بووم، کـاتێکم زانی گـاگەلی ئـاوایی جێگەیـان پێ لێژ کردم، تومەز ئەو کەند و ڕەوەزەی منی لێ ڕاکشـابووم جێ مۆڵ و شـوێن پشـووی ئەوان بوو، زەمزەمی ئاوەکەم دەرهێنـا و قومێـک ئـاوم خواردەوە و هەگبەی قیناعەکەم کردەوە و کەمێک پەنیر و ژاژیم دەرهێنا و پـاروویەک نـانم خوارد، بە تەنهـا ســـەر کەوتم، لە هەوارەکان هەموو جارێک بایی دینارێک یان زیاتر پەنیر و ژاژیمــان لێ دەکڕیتن، بەڵام کە میوانیــان دەبووین هەرچیمان بخواردایە پارەیان وەرنەدەگرت، بەڵام بۆ پێچانەوە ڕێگە پارەمـان پێ دەدان، ئەوانیش نـاهەقیـان نەبوو، لەســـەر ئەو بەروبوومە دەژیـان، ئێمەش خۆ یەک و دوو کەس نەبووین، چەندین تیپ و کەرت و مەفرەزە بەو چیا و ڕێگەوبانەوە بوون.

---

[4] هاوینەهەواری مەڕدارەکانی کۆچەریانی عێلی ئاکۆیەو سەربەقەزای ڕانییەیە

ڕۆژی ٩ی حوزەیران بوو، بە تەنها سەر کەوتم بۆسەر چیای ماکۆک، شەویش لای برادەرانی تیپی ٨٧ ی قەرەچوخ مامەوە لە دامێنی چیای بیترخێن، ئەوانیش وتیان هێزێکمان بینیوە ئاوا بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتوون، ڕۆژی ١٠ حوزەیران گەیشتمەوە بە برادەران لە بناری کاروخ لە دۆڵی گەرەوان، واتا ڕۆژ و تاقێک لە برادەران دابڕام. بفەرموو ئەوانیش لە من شەکەت و ماندووتر بوون، زۆربەیان لەبەر هیلاکیی خۆیان هەر نەیانزانیبوو، کە دوا کەوتووم، ئەوانەی کە ئاگادار بوون هەر چاویان پێم کەوتەوە لە خۆشیدا گەشانەوە و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، کە پێیان گەیشتم هەموویان لەسەر ئەستێلک و حەوز و ئاوێک لایان دابوو، هەندێکیان گۆرەوی و کراس و کەلوپەلیان شۆریبوو، دیار بوو دەموچاو و سەریان شۆریبوو، کەمێک ڕەنگ و ڕوویان ڕوون بووبووەوە، بەشێکیشیان ڕاکشابوون و خەوتبوون. وەک هیچ ڕووی نەدابێت خۆم کردەوە بەناو برادەراندا.

١١ی مانگ لەو شوێنەوە لە دۆڵی گەرەوانەوە بەڕێ کەوتین لە هەواری بووزان لامان دا و شەو لەوێ ماینەوە، بەرانبەر بە چیای هەندرێن، ئەو دەوروبەرەش کەپر و ماڵی لێ بوو، بەڵام نەک ڕەشماڵ و دەوار، هەواری بووزانیش زۆر خۆش بوو، ئەو شەوە لەگەڵ شەهیدی نەمر کاکە سەربەستی شێخ عەلی و شێخ خالیدی ئامۆزای و ئاسۆس دوکانی و مقدادای حاجی ڕەزای ئابلاخ، بە یەکەوە لامان دایە ئەو هەوارە شەوێک و کاتێکی زۆر خۆشمان لەگەڵ ئەو ئازیزانە بەڕێ کرد تا درەنگانی شەو هەر خەریکی قسەی خۆش بووین، ئەوەی پێی بڵێن خەم و خەفت و ناڕەحەتی نەمانمابوو، بڕوات بێت گەر لە خۆشترین کۆشک و تەلاردا دەعوەت بووینایە هێندەی ئەو شەوە شادمان نە ئەبووین!! لە پاڵ کانیەکی سازگاردا لەسەر تات و تەنکە شوێنێکی کۆنکرێتکراو لێی ڕاکشابووین، شامان بە سەپان نەدەزانی، تا نیوەڕی ڕۆژی دوایی لە بووزان ماینەوە، پشووی تەواومان دا، لەوێش گۆشتێکمان خوارد و ئینجا بەڕێ کەوتین بە گەرەبناودا تێپەڕین و شەو لە کۆڵانی گادەران لە دۆڵی مەلەکان ماینەوە لای برادەرانی تیپی ١٢ی سۆران، ئەو برادەرانەی ئەوێم نەدەناسین، بەڵام هەواڵی کاک سەعیدی حەمەزیادم لێ پرسین وتیان ئەو ئێستا سەرتیپی ١٩ی کۆڕەکە کاک عەبدوڵا بۆریش لە ١٩ی کۆڕەکەوە هاتووەتە شوێنەکەی ئەو، ئاڵوگۆڕ بەو دوو سەرتیپە کرابوو، سەرلەبەیانی ١٣ ــ ٦ ــ ١٩٨٨ ڕۆژی دووشەممە لە لای ئەو برادەرانەی تیپی ١٢ی سۆران لە کۆڵانی گادەرانەوە بەڕێ کەوتین بۆ شاخی پێ بۆ، بۆ واجب شاخێکی زۆر سەخت بوو بە گوریس بۆی سەر کەوتین، لە ڕۆژژمێرەکەمدا ئاوا ئاماژەم پێ داوە، یەک-دوو برادەر ئێستاش نەیانتوانی سەر بکەون، ئەو ڕۆژەش گوریسێکیان لە سەرەوە بە دەوەنێکەوە بەستەوە زۆربەمان بە یارمەتیی ئەو گوریسە لە شوێنە عاسییەکاندا دەستمان پێ ئەگرت و سەر کەوتین، ئێمە کە سەر کەوتینە سەر شاخ، کاک عەبدوڵا بۆر و ئەوان بە شاخاکەوە بوون.

**جا ئێوە لە سورداش و دۆڵی جافایەتییەوە بۆ ئەو ناوچەیە، یان بۆسەر ئەو شاخە شارەزابوون؟ یان شارەزاتان لەگەڵدا بوو؟**

بەڵێ تیپی ١٢سۆران ڕێوشوێنیان نیشان داین وەک بەرچاوڕوونی.

بۆچی دەچوونە سەر ئەو شاخە بەرز و عاسێیە؟ شەڕ بوو یان دەبوو بەوێدا بڕۆن؟

ئەی نەمگوت هێزەکەی عەبدوڵا بۆری پێوە بوو، ئێمە چووینە شوێنی ئەوان، ئێمە چووین و ئەوان ڕۆیشتن. ئەوانمان بەدل کرد. ئێمەش یەکەم جار ١٣ ڕۆژ لەسەر ئەو شاخە ماینەوە ئینجا تیپی پارێزگاریی مەڵبەندی دوو کە شەهید غەریب هەڵەدنی فەرماندەیان بوو هاتنە شوێنمان و بەدل کراین، ئەو ١٣ ڕۆژە خواردنمان لە نان و چا زیاتر نەبوو، ئاو نەبوو دەموچاومان بشۆرین، شەوانە ٦ کاتژمێر بەسەر یەکەوە حەرەسیاتمان هەبوو، چونکە شاخەکە دووررودرێژ و ئێمەش کەم بووین، چوارچوار دابەشی سەر سەنگەرەکان بووین، لە کاتژمێر شەشی ئێوارە

تا شەشی بەیانی، دوودوو حەرەس دەبووین، یەکەم ڕۆژ من و کاک فەتاحە سووری جاسانە لە ١٢ی شەوەوە بەرمان کەوت بۆ شەشی بەیانی ئەو شەوە زەرەیەک نەنووستین، چونکە ئەوکاتانە شەو کورتە، ئاسایی مرۆڤ تا ١٢ی شەو هەر بەخەبەرە، کاک ناسری حاجی عەزیز و لەگەڵ کاک ئەحمەد گەلالی ئەوان حەرەسی سەرلەئێوارە بوون، ڕۆژیش حەرەسیاتمان هەبوو، بۆ شەوی دوایی پێچەوانە دەبووەوە.

**ئەی خواردن و تەقەمەنیتان چۆن پێ دەگەیشت؟**

خواردن ئاومان لە بەرزیی ٣٠ ــــ ٤٠ مەترەوە بە گوریس هەڵدەکێشا لە گەرەوانەوە لە ئەشکەوتی بەرگێڕێ وە برادەرانی خۆمان دەیانهێنا بۆ بن کاوێکی شاخەکە ئەوەی خەفەر بوایە، دەبوو بە گوریس و حەبل هەڵیبکێشێت ئەوەش ئاسان نەبوو بگرە هەر بۆ خۆی تەعزیبێک بوو، بۆیە ئاوخواردنەوەش سنووردار بوو. بەپێی پێویست نەبوو، بە کات بوو، بە ٣ ــــ ٤ کاتژمێر مافی خواردنەوەی سووەکە پەرداخێکت هەبوو، سەر شاخیش شەوان زۆر سارد بوو، ئێمەش هەموو هاوینی ڕۆیشتبووین، زۆر کات بێ گوێدانە کەشفبوون و ڕێنماییەکان لە سەرماندا ئاگرمان دەکردەوە، بە ناچاری بە سەرە دابەزین بۆ ناو گەرەوان بەتانیمان سەر خست، گوندەکە کەسی تیا نەمابوو، هەموو کەلوپەل و ماڵیشیان جێ هێشتبوو، بێجگە لە ئاژەڵ و پەلەوەر هەنگەلانەکانیشیان بەجێ هیشتبوو، لە ماوەی ئەو ١٣ ڕۆژەی سەرشاخدا لە پێنجەم ڕۆژدا لەگەڵ کاک حەمەڕەشید یاخسەمری یادی بەخێر چووینە خوارەوە بۆ گوندی گەرەوانی سەروو، لەوێ خۆمان شۆری، سەر و بەتانیی بەوریشمان هێنا و سەرمان خست، لەو ماوەیەدا ئەوە یەکەم دەموچاوشۆرینم بوو، ئەو ساڵە چەندین جار چ بە شەو یان بە ڕۆژ لە تەموزیشدا لەسەر شاخ و لە خوارەوەش ناوبەناو باران دەباری و سەغڵەتی دەکردین.

**هەتا کەی لەوێ مانەوە؟**

ماوەی ٦٤ ڕۆژی تەواو لە گەرەوان و شاخی پێبۆ ماینەوە، ئەوە بێجگە لە ٢٠ ڕۆژێکی ڕێگەی ئەمسەراوسەریش لەو جەولەیەدا نزیکەی سێ مانگمان پێ چوو.

**ئەی هەواڵی کەسوکارتان هەبوو؟**

بەڵێ کەسوکاری پێشمەرگە دەهاتن بۆ لامان بۆ گوندی گوڵان، ئەوانەی ئێمەش هاتن بۆ ئەوێ لەوێ بە دیداریان شاد بووینەوە، کاکە خالیدم بە ڕەحمەت بێت نزیکەی چوارسەد دیناری دامێ حەتمەن لە دڵی خۆیدا ئەو دیدارەی بە دوا دیداری نێوامان دانابوو، منیش پێم وا نەبوو جارێکی تر وا زوو بیانبینمەوە!

**خۆشەویستترین هاوڕێ شەهیدەکانت کێ بوون؟**

بێگومان هەموویان خۆشەویستن، بەوانەشەوە کە هاوسەنگەرم بوون و ڕۆژێک نەمدیون و نەمناسیون، بەڵام لەوانەی زۆر بۆیان بەپەرۆشم شەهید کوردە سابوراوایی و شەهید ڕۆستەم سوسێیی و هەردوو شەهیدی کەرتەکەی خۆیشمان شەهید بەکری حەمەی فەرەج و شەهید شۆڕش و بگرە هێندە زۆرن بیانژمێرم کۆتایی نایەت، خۆڵی سەر گۆڕی هەموویان ماچ دەکەم، هاوڕێی ئازیز و خۆشەویستم مامۆستا عەبدولڕەحمان کەریم سوارە سێدەری و شەهید سەعیدی حەمەزیاد و حاجی زرارن، زۆرم حەز دەکرد کە ئەو ماوەیەی لەوێ بووم کاک سەعیدی حەمەزیاد ببینم و بە دیداری شاد ببمەوە، بەڵام لە بەر واجباتی شەو و ڕۆژی خۆمان و گەرمیی هێرشەکانی دوژمن لە قۆڵی لای ئەوانەوە هەر نەڕەخسا، بە داخەوە. لە کۆبوونەوەیەکی سەرتیپەکاندا لە مەڵبەندی سێ زۆر بە گەرمی هەواڵی منی لە کاک مستەفا سەرگەڵوویی پرسیبوو، من ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە نەبووم، دەنا حەتمەن ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاک مستەفادا دەچووم بۆ مەڵبەند، ڕۆژێک کاک مستەفا خۆی پێی وتم، وتی عارف ئەوە تۆ چۆن کاک سەعیدی حەمەزیاد دەناسیت؟ زۆر هەواڵی پرسیویت و بە منیشی وتووە ئاگاتان لەو کوڕە بێت، بزانە چییشی پێویستە من ئاگادار بکەرەوە

زۆر سوپاست دەکەم. سوپاس بۆ خوا کاک مستەفا لە ژیاندا ماوە، بەڵام لای سەیر بوو کە بەو شێوەیە هەواڵی پرسیوم، ئاخر تا مردن پیاو چۆن ئەسەف بۆ کەسانی ئاوا بەئەمەک و وەفادار هەڵناکێشێت، ڕەحمەت لە گۆڕ و کەسایەتی، حاجی زوراریش لە قوتەی جوانەگا شەهید بوو، ئێمە سەرەی خوارەوەمان بوو لە ئەشکەوتی بەرگیریێ بووین، لە گەرەوانی سەروو بە ڕێکەوت زانیم، لەگەڵ برادەرێک دەچووین بۆ ناو دێی گەرەوان بۆسەر حەوز و ئاوەکە، لە گۆڕستانەکەی گەرەوان ٥ ــــ ٦ پێشمەرگەمان بینی پاچ و خاکەنازیان بەدەستەوە بوو، پرسیم خێرە؟ وتیان وەڵا ئەم شەو ئامرکەرتەکەمان حاجی زورار لە قوتەی جوانەگا شەهید بووە، ئێستا بەخاکمان سپارد، ئای چەند بەبێ دەنگی و بەبێ چرپە دوور لە هەموو مەراسیم و تاجەگوڵینەیەک و ڕێورەسمێک حاجی زوراری کارامە و قارەمان بەخاک سپێردرا. ئەو پیاوە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ بوو. هەر بە تۆپباران تیپی پارێزگارییش شەهیدێکیان دابوو، ئەویش مام بەکری خەڵکی مالوومەی دۆڵی جافایەتی بوو، تیپی ٣٧ی شارباژێڕیش هەر بە تۆپباران دوو پێشمەرگەیان لە گەرەوانی خواروو شەهید بوو.

مامۆستا عەبدولڕەحمان کەریم سوارەش بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت، ئەویش هەر وەک هەزاران کەسی ئەنفالکراو هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو نەگەڕایەوە، مامۆستا ڕەحمان هاوڕێی قۆناغی ناوەندیم بوو لەگەڵ کاک خەسرەو عەلی سوارەی ئامۆزای لە ناوەندیی سوسێی کوڕان پێکەوە بووین، ئەوان لە گوندی موغاغەوە دەهاتن بە داخەوە ئەویش لەگەڵ مامی و دەیان ئامۆزا و ئامۆزازا و خەڵکی گوندەکەیان (سێدەر)! بە حوکمی ئەوەی ئەوان لە گوندی موغاغ نیشتەجێ بوون دراوسێ دێ بووین، پێشتریش دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەنێوانماندا بوو، ئێمە لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە تێکەڵ بووین، هەم تێکەڵی ڕێکخراوەیی و حیزبایەتی هەم خزمایەتی، مامۆستا ڕەحمان لە ساڵی ١٩٨٣ خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کرد (دارالمعلمین) بەڵام لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو ببێتە سەربازی سوپا، ڕووی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان کرد، زۆربەی کەسوکاریشی پێشمەرگە بوون، مامۆستا ڕەحمان وێڕای ئەوەی کەسێکی زۆر دڵسۆز و چالاکی بواری ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی بوو پەیوەندییشی کرد بە مامۆستایانی شۆڕشەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان بە دواوە لە گوندی کەلەباشی بابەعەلی لە سنووری چەمی ڕەزانی سەر بە ناحیەی سورداش دەستی کرد بە وانەوتنەوە بە منداڵانی ناوچەکە و گوندەکە تا کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام بوو، بەڵام ئەنفال تەڵەبە و مامۆستا و جووتیار و ژن و منداڵ و پێشمەرگەی پێکەوە ڕاپێچی مەرگی بەکۆمەڵ کرد. ئەوەی لە مامۆستا ڕەحماندا بەدیم ئەکرد ورەی پۆڵایین و بڕوا بوون بە شۆڕش، وێڕای ئەلفوبێی کوردی وانەی سیاسی و چیانەیەتییشی فێری قوتابییەکان دەکرد، هەموو ڕۆژێک دەمانچە میکاریۆفەکەی دەبەست و لە گوندی شێلەخانەوە بە پێ دەچوو بۆ کەلەباش، چونکە ماڵەکەشیان لە ترسی گرتن و گێچەڵپێکردنی پیاوەکانی ڕژێم لە موغاغەوە باریان کردبوو بۆ شیلە خان.

ساڵی ١٩٨٧من یەک-دوو محازەرە ئامادەی وانەوتنەوەکەی بووم، زۆر مەبەستی بوو منداڵانی کورد لە ڕووی چینایەتی و کوردایەتییشەوە بخەملێن، هەتا بڵێیت کەسێکی کۆمەڵایەتی و ڕووخۆش بوو هەموو پێشمەرگەیەکی وەک برا و ئامۆزاکانی خۆی تەماشا دەکرد. دڵساف و کوردپەروەر و هاوڕێدۆست و میواندۆست بوو، هەمیشە لێو بە خەندە و دەمبەپێکەنین بوو، درود لە گڵکۆی بێ ناونیشان و بزریان!

**هەتا چەند لە مەڵبەندی سێ بەرگریتان کرد؟**

وەک لە سەرەوە باسم کرد ٦٤ ڕۆژی تەواوماینەوە، باسم کرد کە چۆن ڕۆیشتووین لێرەدا پێویست ناکات باسیان بکەمەوە، وەک لە سەرەوە باسم کرد ٦٤ ڕۆژی تەواو لە بەرگری و مانەوەدا بووین لە

شاخی پێ بۆو گەرەوان لە سنووری ڕەواندز لە ١٣ / ٦/ ١٩٨٨دا ئێمە چووینە سەرشاخی پێ بۆ، کاک عەبدولا بۆر و تیپەکەیمان بەدل کرد، لە ١٦ / ٨ /١٩٨٨ شاخی پێ بوو گەرەوانمان بەجێ هێشت.

**ئەرکتان چی بوو؟ من دەزانم ئێوە ئەرکتان شەڕ و بەرەنگاری بووە؟**

ئەرکی ئێمەش هەر وەک کەرت و تیپەکانی تری ناوچەکە پاراستنی سنووری مەڵبەندی سێ بوو لە دژی هێرش و داگیرکارییەکانی ڕژێمی بەعس، هەڵبەتە براکانمان لە تیپەکان و پێشمەرگەکانی سەر بە مەڵبەندی سێ نزیکەی ٢٠ ڕۆژێک پێش ئێمە لە بەرگرییەکی ئازایانە و بێوچاندا بوون، دوژمن دەیویست ئەو ناوچەیەش ئەنفال و وێران بکات کە تاکە شوێن و ناوچەی ئازادکراو بوو، کە لە دەست پێشمەرگە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕەکاندا مابوو، لەو سنوورەدا زۆرترین بەرگری کرا، شەڕەکان زۆر سەخت و دژوار بوون، داستانەکان باشترین بەڵگەی قسەکانمن، گیانبازیی پێشمەرگە و فەرماندەکانی ئەو ڕۆژگارە ببوونە ئەفسانە. هێرشەکانی سوپا لە دوا ڕۆژەکانی بەرگریدا هێندە چڕ ببوونەوە، ناوچەکەیان بە جۆرێک خستبووە ژێر تۆپبارانەوە هەر پێشمەرگە بوو بەرگەی ئەو دۆخەی دەگرت، جگە لە پێشمەرگە هیچ کەسێک لەو سنوورەدا نەمابوو، ژیان نەمابوو، ئەوەی هەبوو تەنها بەرگریی پێشمەرگە بوو، هێشتا پەلاماری بادینان نەدرابوو، فەیلەقی یەک و فەیلەقی پێنج فشاریان خستبووە سەر هێزی پێشمەرگە و هەموو جۆرە چەکێکیشیان بەکار دەهێنا، بە وەستانی جەنگیش لەگەڵ ئێراندا ئەوەندەی تر دەرفەتی بۆ ڕەخسا و هەرچی هێزەکانی فاویش بوو هێنایەوە سەر ئێمە، پێشمەرگە بەرگریی دەکرد، بەلام سوپا باکی بە کوشتنی سەربازەکانی نەبوو.

ڕێککەوتی ٨ ــ ٨ ــ ١٩٨٨ جەنگی نێوان عێراق و ئێران وەستا، ئەوسا ئێمە لە گوندی گەرەوان بووین عێراق دڵخۆش بوو بەوەی ئەو جەنگە دۆڕاوەی لەکۆڵ بووەوە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد ئەو هەواڵە زۆر ناخۆش و ترسناک بوو، هەرچەندە سەرکردایەتی و گەلی ئێمە بە هەموو شێوازێک هەر لە سەرەتاوە دژی ئەو جەنگەماڵوێرانکەرە بوون ئێمە لەو ڕوانگەیەوە پێمان ناخۆش بوو، دەمانزانی عێراق لە ماوەی ٨ساڵی جەنگدا جبەخانەیەکی چەک و چۆڵی پێشکەوتووی عەمبار کردووە، وەستانی ئەو جەنگەش زیاتر دەرفەت بە عێراق دەدات کە بە هەموو شێوەیەک بکەوێتە گیانی کورد و لەنێوبردنی شۆڕش و خەڵکانی ئازادیخواز، هەر واشی کرد.

**کەی و چۆن پاشەکشەتان کرد؟**

دوای سێ مانگ بەرگری و شەڕی دەستەویەخە کە بە قۆناغی هێرشەکانی ئەنفالی ٦ و ٧ بوو، ئینجا بڕیاری پاشەکشە درا، ئەوکاتانەی کە بڕیاری گەڕانەوەمان وەرگرت ناوچەکە ئابلۆقە درابوو، تەنها چەند ڕێگە و کەلەبەرێکی کەم مابوون بۆ پاشەکشە، بەلام لەوە قورستر ئەوە بوو دەرفەتێکی کەممان لە بەردەمماندا مابوو، گیانی بەرگرییش هێندە بەهێز و پتەو بوو، برادەرانی مەڵبەندی سێ بە کاک کۆسرەت و گشت فەرماندەکانەوە دەیانگوت بە هیچ جۆرێک ناوچەکە بەجێ ناهێڵین و چۆڵی ناکەین، ئەگەر ڕێگەم بدەیت لێرەشدا کەمێک باسی ڕۆڵی شەهید سەعید حەمەزیاد بکەم.

**فەرموو.**

وەک وتم فەرماندەکانی مەڵبەندی سێ نەیاندەویست پاشەکشە بکەن، سەعیدی حەمەزیاد، بە جیهاز پەیوەندیی بە گوڵێ خانی خوشکیەوە کردبوو، تیپەکەی سەعید چەند جیهازێکیان هەبوو، جیهازێکیان لای پێشمەرگە ژنەکە دەبێت خاتوو گوڵێ کە مەترسیی داگیرکردن و شالاوی دوژمن بۆسەر ناوچەکە نزیک دەبێتەوە، کاک سەعید لە جەبهەی شەڕەکانەوە پەیوەندیی بە گوڵێی خوشکیەوە دەکات و پێ دەڵێت: خوشکەکەم هەر کاتێک زانیت ماڵ و منداڵم دەکەونە دەست دوژمن دەبێت بە دەستی خۆت هەموویان بکوژیت، نابێت ڕێگە بدەیت بە زیندوویی بکەونە دەست دوژمن، بەلام واز لە دایکم

بێنە و ئەو مەکوژە. ئەم باسە پێشمەرگەیەکی ئەوکاتەش لە ئەکاونتی خۆی نووسیویێتی بۆ خۆی لەگەڵ کاک سەعید پێشمەرگە بووە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی کردووە، گوڵێ خاتوونیش وەک ژنە شەڕڤانەکانی ڕۆژئاوا هەر لە زووەوە تێکەڵاوی ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی ببوو، لەگەڵ کاکە سەعیدی برای و هەڤاڵەکانی، کاک سەعید و گوڵێ کچ و کوڕی شەهید حەمەزیادی سەرلقی شۆڕشی ئەیلوول بوون، سەعید لەسەر تیپە دیارەکانی شۆڕشی نوێ بوو، گوڵێش گەریلا ئاسا قاڵبووی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوو، حەمەزیادی باوکیشیان پاڵەوان بوو، لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلوولدا لە مانگی ٨ / ١٩٧٤ بە خوێنی خۆی و برا و ئامۆزا و هەڤاڵەکانی، بەرگری لە سەنگەرەکانی کردووە لە سنووری ڕەواندز و شاخی کوڕێ هیچ کاتێک نەیهێشتووە دوژمن لە سەنگەرەکانی ئەوان نزیک ببێتەوە و داگیری بکات ئەو تێکیشی شکاندوون.

ئەو جێگەیەی متمانەی خودی مەلا مستەفای ڕەحمەتییش بووە، فەرمانی بۆ دەرچووە بکرێتە فەرماندەی بەتالیۆن، بەڵام بە داخەوە بەسەردا شەهید دەبێت لەگەڵ دوو برا و ئامۆزایەکی و چەند خزم و هەڤاڵێکی، هەروەک لە زاری ئەو خەڵکانەی ئەوێوە دەگێڕنەوە دەڵێن کە لەو سەروبەندەدا، ڕژێم هێرشێکی گەورە دەکات بۆ سەر شارۆچکەی ڕەواندز و داگیری دەکات، کاتێک هەواڵەکە بە بارزانی دەگات دەڵێت چۆن ڕەواندز داگیر کراوە؟ مەگەر حەمەزیاد لەوێ نەبوو!؟ بێگومان شەهید حەمەزیاد



وێنەی ژمارە (٣) ئەنفال پاشەکشەی هێزەکان

لە قۆڵێکی تر بووە و بە خوێنی خۆی و هاوڕێیانی نەیهێشتووە لەو قۆڵەوە دوژمن پێشڕەوی بکات. بە گرنگم زانی لێرەدا ئاماژەی پێ بدەمەوە لەگەڵ ئەم باسەشدا دێتەوە، ئەو ڕۆژەش کە ئێمە شاخی پێ بۆمان بەجێ هێشت لە یادمە هەر لە کاتژمێر ٩ ــــــ ١٠ی سەرلەبەیانییەوە بەڕێ کەوتین تا کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر هەر بەڕێگەوە بووین تا بناری شاخی کێوەڕەشی ڕانیە نەوەستاوین، من لە ڕۆژژمێرەکەمدا ئاماژەم پێ داوە، چەند هیلاک و ماندوو بووین ئێوە بیهێننە پێشچاوی خۆتان ٢٢ کاتژمێر بەبێ وەستان بەڕێگەوە بووین، مەگەر تەنها جاروبار هەڵوێستەیەکمان کردبێت، ئەوە یەکەم جارم بووە لە ژیانمدا هێندە بڕۆم و پشوو نەدەم.

**بۆچی پشووتان نەدەدا دوژمن بە دواتانەوە بوو یان هۆکارێکی تر هەبوو؟**

مەترسیی ئەوەمان هەبوو ڕێگەی دۆڵی خانەقامان لێ بگیرێت، پێمان وترابوو کە دەبێت ئاوا بڕۆین دەنا ڕێگەی دەربازبوونمان مەحاڵ دەبێت و پێ ڕاناگەین، بەشێک لە برادەرانمان چەند ڕۆژێک پێش گەڕانەوەمان ماین و گوێدرێژیان کڕیبوو لە سنوورەکەدا، خۆیان ئامادە کردبوو بۆ گەڕانەوە، چونکە ڕێگەی دووردرێژی ئەوسەریان بینیبوو، ئێمە بەشێکمان لەگەڵ تیپی ٤٩ سارا کاک عەزیزی

حاجی حەمەسەعیدی قەڵەم پاشا فەرماندەیان بوو، بۆ نیوەڕۆی ١٧ی ئاب لە هەوارەکانی پەسوێڵ لامان دا. ئەو شەوەش لەبەر ماندووبوون و بڕینی ئەو ماوە زۆرە یەک-دوو پێشمەرگە لە ڕێگەدا لەهۆش خۆیان چوون و بورانەوە.

**ناویانت بیر نەماوە؟**

بەڵێ با یەکێکیان مام حەمەدەمین شارستێنی بوو یادی بەخێر لەگەڵ کاک عەزیزدا بوو، بە داخەوە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە شەڕی ئیسلامییەکاندا ئەویش لە دەڤەری شارەزوور شەهید بوو، دوو-سێ هاوڕێشمان لە ڕێگە بۆ پشوودان لایان دابوو بە هەر هۆکارێک بوو دوا کەوتن و لە دەوروبەری گولان مانەوە و گیریان خوارد، فریای پەڕینەوە نەکەوتن، چونکە بەرەبەیانی ١٨ی ئابی ١٩٨٨ هەموو ڕێگەوبانەکانی پەڕینەوەی پێشمەرگە لە لایەن سوپای عێراقەوە گیران و ناوچەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ کرا.

**ئەی ئەوانەی فریای پەڕینەوە نەکەوتن، جاشەکان کە تۆ وتت باش بوون هاوکارییان نەکردبوون؟**

بەڵێ با، ئاخر ئەو ڕێگەوبانانە پێشتر بەدەست جاشەکانی ناوچەکەوە بوون، بەڵێ زۆر باش بوون لەگەڵ پێشمەرگە و ڕێبوار و خەڵکی ناوچەکەی خۆیاندا، هەر ئەوان ئەو هەڤاڵانەی ئێمەشیان پەنا دابوو، هەتا ڕژێم لێبووردنی دا، بەڵام کە ناوچەکە تەواو کۆنترۆڵ کرا ئەوانیش نەیاندەتوانی هەموو شتێک بکەن بەڵێ خۆشبەختانە ئەو هەڤاڵانەیان داڵدەدا و ئێستا لە ژیاندان، گەر ئێمەش ئەو شەو و ڕۆژە بەردەوام بەڕێگەوە نەبووینایە، هەموو هێزەکەمان و برادەران ڕێگەمان لێ دەگیرا و چارەنووسمان نادیار دەبوو، چونکە ئەوسا پەنادانیشمان لە لایەن جاشەکانەوە زۆر زەحمەت دەبوو، ئاخر دوو-سێ کەس لە هەموو شوێنێک پەنا ئەدرێن، بەڵام هێزێک پەنا نەدەدرا.

**زۆرم دەربارەی ئەو ڕێگەوبان و پەڕینەوەیە لە یادەوەریی پێشمەرگەدا خوێندووەتەوە دەزانم چەند سەخت بووە ئەی ئێوە چیتان بەسەرهات؟**

هێزەکەی ئێمەش شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی ئاب لە هەوارەکانی ئێنجێی پیران و تەورێوە بەڕێ کەوتین و لە دۆڵی خانەقاوە پەڕینەوە بۆ ئێنزێ برادەرێکم لەگەڵدا بوو ناوی بەختیارە هێزەکەمان پەرت ببوو، هەریەک لە هۆبە و هەوارێک بوون، نیوەیان سوار و نیوەش پیادە، ئەو ئێوارەیەش لەگەڵ بەختیاردا لە هەوارەکانی تەورێ پێش ئەوەی دوا ڕێگەی مەترسیدار ببڕین پێکەوە لە ماڵێک بووین، ئاگامان لە برادەران نەما، ئێمەش بە خاوەن ماڵەکەمان وت کوڕێکی گەنجی وەک خۆمان بوو تا چاوساغیمان بکات و ڕێنیشاندەرمان بێت بۆ پەڕینەوە، چونکە شارەزای ناوچەکە و تولەڕێگەکان نەبووین، دۆخەکە خراپ بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵماندا بێت تەماحی پارە و کرێمان بۆ پێشنیار کرد، ئەو ولاخیشی هەبوو هێشتا ئەو جۆرە مامەڵانە لەو ڕێوبانانە مابوون، کوڕەکە لە پێشدا داوای زۆری دەکرد کەرێک و هێسترێکیان هەبوو، کەرەکە بۆ فرۆشتن دوا قسەی داوای ١٠٠ سەد دنیاری لێ ئەکرد، گەر بەکرێش بهاتایا لەگەڵماندا، یەکی داوای ٥٠ دیناری دەکرد، من تەماحم لە کەرەکە دابوو، بەڵام لەوێ لێم بکڕیایە خۆی نەدەهات لەگەڵماندا، ئێمەش شارەزا نەبووین مەترسیی هەڵەکردنی ڕێوبانمان هەبوو، دەمانزانی برادەران دەچنە ئێنزێ و ئێمەش بگەینە ئێنزێ، ئیدی مەترسیمان نامێنێت، هەر بۆیە دەبوو ولاخەکانی لێ بەکرێ بگرین، وتم بەختیار تۆ سواری هێسترەکە بە، خۆیشم دوور لە ڕووتان سواری نێرەکەرە شین بووم، مەبەستم بوو بشزانم چۆن دەڕوات، لە ڕێوبان


وێنەی ژمارە (٤) ئەنفال پاشەکشەی هێزەکان

وەک تەرایی وا بوو بۆ من، چونکە خاوەنەکەی زۆر وەسفی دەکرد، دەیگوت خواردنیشی هەر بنچکە گوێنی و درِەکە، ئەو کوێستانانەش هەمووی ئەو جۆرە ڕووەکەیە، وەک جۆش بەهێزە بۆ ئاژەڵەکان، بەڕاستی وا بوو، باڵا و ڕۆیشتنیشی وەک هێسترەکە وابوو، کورتانێکی عەجەمی تازەی پێوە بوو، سوێندی خوارد تازە ناڵیشی کردوون، هەرچەندە نێوانی ئێنزێ وتەورێ زۆر نەبوو هەرکاتژمێرێک دەبوو، کاتێک نزیک بووینەوە لە جادەی قیر وەک ڕۆژی حەشروا بوو، لە پەڕینەوەی ژن ومنداڵ و مەڕو ماڵات ومالّومنداڵ بەسەرپشتی وڵاخەوە و تەپوتۆز بەری ئاسمانی گرتبوو، چونکە ئەو شەوە دوا شەو و دوا هەل بوو بۆ پەڕینەوە و ئاودیوبوونی ئەوانەی کە نەیاری ڕژێمی بەعس بوون.

بەڕاستی جاشەکانیش ڕۆڵێکی باشیان بینی، ئەوان لەسەر جادەکە بوون بە هەردوو دەست، ئاماژەیان دەکرد و بە خەڵکەکەیان دەگوت دەی خێراخێرا دەربچن، پێ دەچوو سوپای عێراق زۆر نزیک بووبێتەوە، سوپاش بگەیشتایا ئەوێ دۆخەکە زۆر خراپ دەبوو، نەیاندەهێشت کەس دەربازی بێت، ئەو شەوە دوا دەرفەتی دەربازبوون بوو. تۆ شارەزایت و دەزانیت کەمترین خەڵک لەو دەڤەرە ئەنفال کراوە. ئێمەش دەرچووین و گەیشتینەوە برادەران شەو لە هەوارەکانی پشتی ئێنزێ ماینەوە.

**ئەی کوڕەکە ترسی نەبوو لە گەڕانەوەدا بگیرێت؟**

با ترسی هەبوو، هەر لەوێ کەرەکەشم لێ کڕی بە ١٠٠ دینار، زۆرم بەدڵ بوو، دەمزانی هەوراز و ڕێگەی زۆرمان ماوە، بەڵام خاوەنەکەی دەیویست لە سەروو پەنجا دیناری کڕێکەوە سەد دیناری تریشی بدەمێ، دەیگوت کاکە من لەوێ وتوومە بە سەد دنیار، گەر لەوێ بتکڕیایە من چ ئیشم بە ئێرە بوو؟ بە هەر جۆرێک بوو بە شێوازێکی نەرم گەیاندمە قەناعەت، وتم برا خۆ من وەک ئێوە مامەڵە و کاروانچێتی پێوە ناکەم، کەمێک ویژدانت هەبێت بۆ هەنگاوەڕێیەک پەنجا دینارت لە هاوڕێکەم سەندووە، منیش ئەوا سەد دینارت ئەدەمێ و خوا دەزانێت لە کوێ کەرەکە بەڕەڵا دەکەم، ئەگەر خۆی نەگەیشتایەتە قەناعەت من ئامادە بووم پەنجا دیناری دیکەشی بدەمێ، ئێمە شارەزای ڕێگە نەبووین، گەر لە برادەرانیش هەڵنەبڕاینایە، کاتژمێرە ڕێیەک بۆ ئێمە وەک پیاسەیەکی سەر لە ئێوارە وا بوو، ئێمە ٢٢ کاتژمێرمان بێوەستان بڕی بوو!

**کاک عارف ئەمەشت لە ڕۆژژمێرەکەتدا نووسیوە؟**

هەموویم بەخەتی خۆم لە موفەکەرەکەمدا نووسیوە بەڵگە و نووسراوەکان بۆخۆیان ئەدوێن، ئەوسا ڕۆژژمێری هاوسەرهەبوو، ئەوە هی ساڵی ١٩٨٨ە.

**چۆن گەیشتنە ئێران؟**

بەڵێ ئەوەشم لە بەشی حەوتەمی بیرەوەرییەکانمدا نووسیوە، بە ناوی گەڕانەوەمان لە مەڵبەندی سێوە بەرەو ئێران!!

**هێزەکەتان زۆر بوو؟ مەبەستم پەرتەوازە نەبوون؟**

با بەڵێ چۆن! بە دوو تیپ پەنجا پێشمەرگەیەک مابووینەوە، سێ بەشی هێزەکە سەر بە تیپی مەڵبەندی دوو بوو، کاک عەزیزیش فەرماندەی تیپی ٤٩ی سارا بوو، لەڕاستییشدا تەمەنی ئەو تیپە هەر دوو ساڵ دەبوو، ئەو برادەرانەشی کە هەتا ئەوکاتە لەگەڵ کاک عەزیز مابوونەوە هەڵبژاردە و یەکی یەک

بوون، پیاوێکی وەک مام ڕەسوڵی قەرانگوێ و چەند خزمێکی کاکە حەمە یاخیانی یادی بەخێر (حەمە بیکەیسی) شەهید مام حەمەدەمینی شارستێن لەو پێشمەرگە و فەرماندانەی تیپی ٤٩ی سارا بون تیپی مەڵبەندیش بە هەمان شێوە، زیاد لە ٢٠٠ پێشمەرگەی پێش ئەنفالەکانەوە هێندە مابووینەوە و هۆکارەکانیشم باس کرد، ئەو شەوە لای هەوارەکان و ماڵەکانی ئێنزێ ئەوانەی بووبووین، بە وڵاخدار یەکی برێک جۆمان کڕی بۆ وڵاخ و کەرەکانمان، من شەش-حەوت کیلۆیەکم کڕی، ئەو شەوە وڵاخەکانمان تێر جۆ کرد، بۆ بەیانی ١٨ی ئاب بە هەورازی کونە کۆتردا سەر کەوتین، هەورازێکی تا بڵێیت سەخت، لە بیرەوەرییەکانی تردا باسم کردووە لەوسەرەوە کە ئەچووین بۆ مەڵبەندی سێ لە دۆڵی باڵەییانەوە دیوی ئەو دیوی هەورازی کونەکۆترمان بە چوار کات ژمێر بڕی، بێ وچان دەڕۆیشتین، ئەمدیویشی هیچی وای کەمتر نەبوو، بەڵام ئەوەی هەبوو لەم سەرەوە نیوەمان بووین بە سوار، هەورازەکە زۆر کووڕ بوو، برادەران گەر هەموویان نەبووبن زۆربەی زۆریان لە ماین و گوێدرێژەکانیان دابەزیتن، هەمو وەستان نەیاندەتوانی بە بارەوە سەر بکەون، بڕوا بکە من دانەبەزیتم لە نێرەکەرە بۆر، مەکینەی هێستری لەسەر بوو تاقمەکەشم بۆ بەختیار هەڵگرتبوو، هەرچەندە یەک-دوو برادەر لە ناوەڕاستی هەورازەکە وتیان کوڕە خوات بێت لەم هەورازە دابەزە لێیت؟ وتم بە خوا بۆیە سەد دنیارم پێ داوە تا لەم هەورازە لێی دانەبەزم، هەر کاتێک وەک وڵاخەکانی ئێوە وەستا ئەوا منیش دائەبەزم.


وێنەی ژمارە (٥) ئەنفال پاشەکشەی هێزەکان

ئەو کەرە بەفریام کەوت، وەستانی نەبوو، هەر برینی ئەو هەورازە بایی دووسەد دنیار بوو، بۆ ئێوارەکەی گەیشتینە هەوارەکانی مالێ، شەو لە بناری قەندیل لە لای ڕەشماڵنشین و مەڕدارەکان ماینەوە، ئەو ماڵانە کۆچەری بوون گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، بەڵام بەڕاستی تامی ژیان لای ئەوانە!! بۆ بەیانییش هەر لەوێ ماینەوە، بەیانییەکەی چەند کەسێکی جەڵەبچی مەڕ و شەک و کاوڕیان لە دیوی ئێرانەوە هێنابوو ئەیانبرد بۆ عێراق و شارەکانی خۆمان لەوێ ساغیان دەکردەوە، جەڵەبێکیان شەرەقۆچیان کردبوو، لە لاڕێکاندا چەند سەرێکیان هەڵدێرابوون و بەچەقۆدا گەیشتبوون، ئەوانیش چیی لێ بکەن لەو شاخ و کوێستانە! ڕێگەوبانی سەیارەشی نەبوو، چەند کەر و وڵاخێکی هۆبەکانیان برد شەکەکانیان بەسەر براوی هێنایەوە بۆ لای هۆبەکان، لەسەر خواستی ئەو ماڵەی کە من و بەختیاری لێ بووین کەرەکەی خۆم پێ دان بۆ هێنانەوەی حەیوانە سەربڕاوەکان، هۆبەکان بەربڵاو بوون، شەکێکیان بە کەرەی من هێنایەوە بۆ لای ئەو ڕەشماڵەی کە ئێمەی لێ بووین، کابرای جەڵەبچی دەیویست زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە و بە دەوارنشینەکانی بفرۆشێت، منیش ئاگام لێ بوو لە دوو دنیار و سێ دنیار زیاتریان پێ نەدەدا، شەکێ بە زیندوویی لە ٥٠ دینار کەمتر نەبوو، کابرای جەڵەبچییش زۆر تووڕە بوو، کە دەیانوت لە سێ دنیاری زیاتر پێ نادەین، ئەوان بۆی کەوتبوونە سەر پشت لە مامەڵەدا، شەک سەر بردراوە و نا گوازرێتەوە، خاوەنەکەشی چاری نەما لەوە زیاتر بە تووڕەیی ئەو ناوە بەجێ بێڵێت، وتی ئەوا من بەجێی دەهێڵێم، بەڵام یاڕەبی هەرچی دەیخوات پێی حەرام

بێت!؟ منیش بە ژنی خاوەن ماڵەکەم وت پورێ وەڵا چاکی بکەن بۆ ئێمە، ئێمە دەیخوێن کێشـــەمان نییە، ژنەکە وتی بە خوا دەستی تێوە نادەین حەرامە، بچن لێی بکڕن، لەم قسانەدا بووین کابرا سی-چل مەترێک دوور کەوتبووەوە، بە خێرایی باڵی ڕادەوەشـــاند و دەڕۆی بۆ لای جەڵەبەکەیـان، بـانگم کرد کـاکە برا مەڕۆ، ئـاوڕی دایەوە و من چووم بۆ لای و ئەویش گەڕایەوە، وتم برا بەوانی نـافرۆشـــیت بە ئێمەی بفرۆشە، بە چەند ئەیدەیت بە ئێمە؟ داوای ٢٠ دیناری کرد. وتم نەوەڵا خۆت دەزانیت ئەوان چەندیـان پێ دایـت، بەڵام من دە دینـارت ئەدەمێ و دەنـگ مەکە، ئێمەش پێشـــمەرگەین و خوا دەزانێت فریا دەکەوین لێی بخۆین یان نا، تۆش بۆ ئاوا جێی دەهێڵیت؟ ئێمە ئێستا لێرەین نازانین سـەعاتێکی تر دەڕۆین بۆ کوێ، هەر واش بوو، خوا هەڵناگرێت کابرا زۆر ئینکاریی لەگەڵ نەکردم، وتی مادام بۆ ئێوەیە و پێشـــمەرگەن بەســـەرچاو. دە دینارم دایە و وتم ئەو ژنەشـــمان بۆ تێبگەیەنە با بۆمان چاک بکات، چونکە تۆ قســـەیەکی وات بە ڕوودا داون، ئەویش بانگی لە خاوەن ماڵەکە کرد وتی ئەوا لەگەڵ ئەم برادەرە ڕێک کەوتووم و بە ئەمم فرۆشـــتووە بۆیـان چـاک بکەن. ئیتر لە و کوێستانە و لەژێر ڕەشماڵ و ماست و دۆی ساردی قەندیلدا بۆ نیوەڕۆ بە دەســتووری خۆیان بە برنج و ڕۆنی کوردییەوە لێیـان نـا. ئەو مـاڵەش خۆیـان پێنج سـەر خێزان بون، ئیتر وەک خێزانێک بۆی دانیشتین، بەڕاســـتی من حەزم دەکرد زۆربەی هـاوڕێکـانم لەگەڵمان بەشـــدار بوونایە و یەک ژەم بوایە، بەڵام خۆتان دەزانن سـروشـتی تەوزیعاتی سـەر ماڵان وا بوو، نەدەکرا ئێمە خۆمان میوان بووین و بار بووین بەســـەریانەوە هێندەی تر باریان قورس بکەین، ژێر دەوارەکەی ئەوانیش هەر جێگەی ٦ ـ ٧ کەس دەبوو، جـا ڕێکەوت وا بـوو هـێـزەکەمـان زیـاد لەوەی چاوەڕێمان دەکرد ماینەوە، فریای ســـێ-چوار ژەم خواردنی کەوتین. ئێمە ٢٠ی مانگ دەمەوعەسر بوو، لەوێ ڕۆیشـــتین، بەرەو ئاش قوولکە و بەســـتەمەلە بەڕێ کەوتین، ئەو ماڵە کۆچەرییە خەڵکی دوو گۆمان بوون، پیـاوەکەیـان نـاوی مـام نەبی بوو، ســـەر بە عەشـــرەتی ئاکۆ بوون. ماڵێکی چاک بوون، ئەمەم لە ڕۆژژمــێـرەکەمــدا تــۆمــار کــردووە، جــگە لە ژەمەخۆشەکان لە شەوانی ١٨ و ١٩ی مانگی هەشتدا بە بەتـانیی بەوری ئەوان دەنووســـتین دەنـا زۆر ســـەرمـامـان دەبـوو، خەوێـکـی زۆر خـۆش و کەشـــوهەوایەکی زۆر ســـازگاری هەبوو، لێرەوە جارێکی تر ڕێز و سڵاویان بۆ دەنێرم.

**دەزانیت لە کوێن؟**

نا بەداخەوە ئێســـتا نازانم لەکوێن. هەر ئەوجارەم دیتون، ئەو هۆبەوهەوار و کۆچەرییـانەی بنـاری قەندیل و کوێستانەکانی کوردستان هەموو دێهاتەکان، پێگە و خانەخوێی پێشـــمەرگەو پشـــت و هاوکاری شۆڕش بوون.

**تۆ کێت ئەنفال کراوە؟**

جـارێکی تر کەنـاڵی کوردســـــات لە پەخشـــێکی ڕاســـتەوخۆدا لە مۆنۆمێنتی ئەنفـال هەمـان ئەو پرسیارەی لێ کردم، وتم: بەپێی پێناس کەسم ئەنفال نەکراوە، بەڵام هەموو ئەنفالکراوانی کوردســـتان بە کەسوکار و خوشک و برای خۆم دەزانم.

**ڕای تۆ بەرانبەر یادی ئەنفال چییە؟**

بە ڕای من یادەکانی ئەنفال بەم شـــێوەیە باش نین، یەک یادی ســـەرانســـەریمان هەبێت و خەڵکیش ئازاد بێت لە شوێن و جێگەی خۆی یادی ناوچەیی بکاتەوە، بەڵام لەبری ئەوە فیلم دروســـــت بکرێـت، وەک هۆلۆکۆست و فیلمی تایتانیک.

**پێموایە ئەندامی ڕێکخراوێکیشی بۆ پرسی ئەنفال؟**

بەڵێ ئەندامی ناوەندی ڕێگەم بۆ پرســـی ئەنفال و کیمیاباران، چالاکییەکانمان لە سنووری شـارباژێڕ و دۆڵی جـافـایەتی و دوکـاندایە. بۆ مـاوەیەکی کورت هاوکارییەک دەکراین دوایی وەک باقیی ڕێکخراوەکانی تر ئەو یـارمەتییەش بڕا و ئێمەش خۆبەخشـــانە کارەکانمان ڕادەپەڕاند.

**ڕات بەرانبەر ڕێکخراوەکانی ئەم بوارە چییە؟**

ئەو ڕێکخراوانە بوونیان باشترە لە نەبوون، زۆربەیان کەسی دڵسۆز و کەسوکاری ئەنفالکراوانن. هەشیانە کەسیان ئەنفال نییە و بە دڵسۆزی کاری باش دەکەن و بۆ پرسی جینۆسایدی گەلەکەیان و پرسی ئەنفال بە پرسی خۆیان دەزانن، زۆریش چالاکن لەو بوارەدا، لە نموونەی جەنابتان، ئەگەر هەماهەنگیی زیاتریش هەبێت لە نێوان ئەو ڕێکخراوەکاندا باشترە.

**ڕات بەرانبەر ئەو بیرۆکەیە چییە کە دەڵێت لە ڕۆژی ئەنفالدا هیچ ئاژەڵ و پەلەوەرێک سەر نەبڕین؟**

بیرۆکەیەکی جوان و بەجێیە کە هیچ سەر نەبڕدرێت لەو ڕۆژەدا و لەو یادە، هەر چۆن جووەکان ئێستاش لە حەفتەدا ڕۆژێکیان هەیە ئاگر ناکەنەوە، پێموایە ڕۆژی شەممەیە، با ئێمەی کوردیش بۆ ئەو ڕۆژە ڕابێین، لەساڵێکدا ڕۆژێک هەر ئاگرنەکەینەوە.

**ڕات بەرانبەر ئەنفالسان بزانم؟**

پێم وایە ئەنفالستان تاقە گۆڤارە بەردەوامیی هەبێت لەمەڕ ئەنفال، ئەوەندەی من بزانم کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆر لەم گۆڤارە ڕازین و پێی دڵخۆشن، هەروەها بەشێک لە خەمخۆرانی ئەم گەلەش لێی ڕازین، ئەوەش بەسە بۆ گۆڤارە بێنازەکەتان. خۆیشت پیاوێکی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیت، ئاراستەکردنی گۆڤارەکەش بەو شێوەیە مایەی شانازیی هەموومانە، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکانی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن، ئەو کارەی ئێوە دەیکەن ئاسان نییە، ماندووبوون و شەونوخونی و تاقەتێکی زۆری دەوێت، دەبێت دان بەوەدا بنێین کەسێکی خۆتئاسای دەوێت، خۆیشت ڕەنگ و تام و بۆی کەسوکاری ئەنفالەکانت گرتووە، هەموومان دەزانین چەندە ماندوویت بە کەیسی ئەنفال و ئەم گۆڤارەوە. بە دەستی بەتاڵ و بێ هیچ سوودێکی مادی دەست بداتە وەها کارێک تەنها دەستخۆشی و سوپاسگوزاریمان لەدەست دێت. تۆ کە تەنها بە عەقڵێکی پڕ و بە پشتیوانیی مەعنەویی دوای ئەنفال ساڵانێکە توانیوتە چەند ژمارەیەک لەم گۆڤارە پڕ لە ناسۆرە دەربکەیت، کە پڕەلە بەڵگەی تاوانی جەلادەکان، دەبێت چ بێویژدانێک بتوانێت بەهەند وەرینەگرێت، خۆگوڤاری ڕزگاری وڕۆژنامەی بانگی هەقیش لەکاتی خۆیاندا هەر چەند دانەیەکی لێ دەرچووە، ئێستاش شانازییان پێوە دەکەین، هەرچەندە ئەوانە زیاتر لە چەند کەسێک و چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێک لە دەوری کۆ بووبوونەوە. ماندوو نەبیت، سڵاو لە خۆت و لەگۆڤارەکەشت، زۆریش لێی ڕازیم، دووبارە دەست و چاوت خۆش هیوای تەمەندرێژی و ماندوونەبووت بۆ دەخوازم.

**من هیچم نەماوە ئەگەر تۆ شتێکت ماوە بیڵێیت؟**

لە ڕێکەوتی ٢٠/٨/ ١٩٨٨دا هەر لە دەوری ئاشقوڵکە بووین، ئەو ڕۆژە لە ڕادیۆوە گوێمان لێ بوو "زیا ئەلحەق سەرۆکی پاکستان مردووە، ئەمڕۆ دەینێژن، دیار بوو یەک-دوو ڕۆژ بوو مردبوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا دەیانناشت کە ئاماژەم پێ داوە، باشم لەبیرە کاتێک خەریکی نووسینی یاداشتەکان بووم لەناو ڕۆژژمێرەکەمدا کاک ناسری حاجی عەزیز (لیوا ناسر) وتی هاوڕێ عارف ئەوەش بنووسە کە ئەمڕۆ زیا ئەلحەق دەنێژن، منیش نووسیم، ئەو ڕۆژە ١٢ڕۆژ بوو شەڕی ئێران ـــــــــ عێراق بە فەرمی وەستابوو، تەقە وەستابوو بەڵام ئێران لە مەکتەبی ڕابەرەوە دانی پێدا نەئەنا، تووشی ڕووگیری ببوون، چونکە ئەوان دەیانگوت تا سەدام نەڕوات یان نەیروخێنین شەڕ ناوەستێنین، دیارە لەژێر فشاری نێودەوڵەتی و زلهێزەکاندا شەڕیان وەستان، پێم وا بێت هەر لەو ڕێکەوتەشدا بوو ئیمام خومەینی بە فەرمی دانی بە وەستانی شەڕەکەدا نا و وتی وا دەزانم پەرداخێک ژەهر دەخۆمەوە کە ئەم بڕیارە ئەدەم!

**سوپاس کاتم گرتیت.**

سوپاس بۆتۆ بەپێچەوانەوە تۆکاتی خۆتت گرت بۆ ئەم دیدارە.

**دووبارە سوپاس قایلیت دیدارەکەمان بڵاو ببێتەوە؟**

بێگومان بە خۆشحاڵییەوە.

## ئاڵای کوردستان و ئەفسەرەکەی سەماوە.

ئەو هەڵایەی لەسەرگۆرە بەکۆمەڵەکەی سەماوە دروستبوو، پێویسـت نەبوو چونکە کێشـەکە لێکتێنەگەیشـتن بوو ئەفسەرێک سەرەتا دەپرسێت ئەوئاڵایە چییە، دوای ئەوەی راوێژکـاری سـەرۆک کۆمـار (سـالارمحمود) بۆی رونـدەکـاتەوە ئەو داوای لێبوردن دەکـاو دەڵێت وامزانی ئـالای حزبەکـانە نەک هی کوردسـتـان. ئەمە پوختەی چیرۆکەکە بووە، بە پێچەوانەی ئەوەی لەراگەیـانـدن و سوشیال میدیا قسەی لەسەرکرا، هەرئەوسا پەیوەندیم بە کەسـوکـاری ئەنفـالکراوانەوە کرد کە لەوێ بوون، مەلا رەحیمی سـەرقەڵا کەسـوکاری ئەنفالکراوان و پیاوێکی کۆمەڵایەتی و ناسراوی گەرمیانە، وتی: کێشـەکە زۆر زۆر بچوک بوو، ئەفسـەرەکە زۆر لەگەڵمـانـدا مـانـدوو بوو، پـارێزگـاری سـەماوەو خەڵکەکەشـی رێزیکی زۆریـان لێگرتین. سـەبـاح نەجمەدین کە هەموو خـانەوادەکەی ئەنفالکراون وتی: خۆت دەزانیت لەسەرم بدەن درۆ ناکەم، مەلارەحیم راسـت ئێژێ ئەوەندەیان رێزگرتین کە بەدەم ناگێردرێتەوە ئەوەی رویدا کێشـەیەکی زۆر بچوک بوو کاک حەسـەن تاقانە ئاڵایەکی کوردسـتان لەملیدابوو ئەفسەرەکە لێی پرسی ئەوە چییە لەملتدایە؟ ئالای عێراقمان هەیەو هەموو لەژێر ئالای خۆماندایین بەڵام کاک سـالار بردیە لاوەو تێگەیـانـد ئەوە ئـاڵای کوردسـتـانەو مـافی هەرکوردیکە شـانازی پێوە بکات دواتر ئەفسـەرەکە وتی زۆر ئاسـاییەو من بەهەڵە تێگەیشـتوم.. ئەوەی سـەرەوە قسـەی دووشـایەتحاڵی ناو ڕوداوەکەیەو ئیدی نۆرەی قسـەی خۆمە. باگریمانەی ئەوە بکەین ئەفسـەرەکە بەو شـێوەیە بووە کە راگەیاندن باسـی دەکات، کەسـیکی شـۆڤینی و دڵرەقەو سـوکایەتی بە ئالای کوردسـتان کردووە،ئایا ڕەوایە دەرگا بۆ کوردەکـانیش بکـاتەوە کە سـوکایەتی بەهەموو عەرەب بکرێت؟ مەگەر ئەو کوردانەی سـوکایەتی بە پیرۆزییەکانی نەتەوەی عەرەب دەکەن کەمن ؟ قسـەمان لەسـەر ئەنفال و کوردو عەرەبە باشـە ئەی ئەوانەی دەڵێن : هەموو عەرەب دوژمنـانە و هەموو عەرەب تـاوانبـارن لەئەنفـالـدا چ دەڵێن بەرانبەر ئەو مـاڵە عەرەبە بەرێزانەی کە تەیمورو واحیـدیـان داڵـدەداو برینەکـانیـان تەداوی کردوون ؟ چ دەڵێن بەو مـاڵە عەرەبەی رەمەزانیـان داڵدەداو بەهاوکاری ئەوان گەیشتەوە کوردستان ؟ هەریەک لە تەیمورو واحیدو رەمەزان لە ژێر تەرم و خوێن رزگاریان بوو، هەرسێکیشیان جاشی کورد گرتبوونی و رادەستی بەعسـیەکانیان کردبوون و برابوون لەو بیابانە گوللەباران کرابوون ؟

نەتەوەکـان دوژمنی یەکتری نین، بەڵکو بەرژەوەنـدی دەوڵەت و دەسـەلاتە سـتەمکارەکان لەوەدایە وێنەی دوژمنیان بۆ داتاشن. دەنا ئەگەر ئەو ئەفسەرەش هەڵەی کردبێت خۆ خەڵکی سـەماوە نەیانکردووە، بەڵکو ئەو پیـاوی دەوڵەتەو سـەرۆکی دەوڵەتیش کوردەو حزبەکانی کوردستانیش کێبەرکێیانە لەسـەر سـەرۆکایەتی دەوڵەت وپۆسـتەکـانی وەزارەت لەو حکومەت و دەوڵەتەدا ئیدی ئەم سـوکایەتیە بەعەرەب لە پێناوی چیدایە ؟


بیابانی سەماوە- قەڵای نوگرەسەلمان

# ئەمرۆ یادی تاوانە گەورەکەیە گازباران، تاوانی سەدە

عومەر محەمەد- ١٦ی ئازاری ٢٠٢٠ –سلێمانی

ئەگەر ئێستا سەدەی بێرەحمی بازاڕی ئازادو پەتای کۆرۆنا بێت، ئەوا سەدەی رابوردو سەدەی تاوانەگەورەکان، گازبارانی هەڵەبجەو ئۆپەراسیونەکانی ئەنفال تاوانی سەدە بوون. هەلبەت پێش ئەوانیش تاوانی کۆمەڵکوژی و وڵات بەدەرکردنی کوردانی فەیلی ١٩٨١، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ١٩٨٣، کیمیابارانی بالیسان وشێخ وەسان ١٩٨٧، گازبارانی شاری سەردەشت ١٩٨٧. هەموویان لەلایەن رژێمی بەعس و بە پێشچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئەنجامدران .

لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی کوردا، هەموو گلەیی ئەوە دەکەن، ئەنفال و هەڵەبجە گرنگییان پێنادرێ، بێئەوەی خۆشیان گرنگیان پێدابێت، بەرپرسانی رێکخراوەکانی (جێنۆساید- ئەنفال وهەڵەبجە) لەبەرانبەر بەرپرسانی حزب و حکومەتدا لەرزۆکن و نەیانویستووە ئازادانە خۆیان ببینن، دونیابینیەکی جیاوازیان نەبووە، لە خۆڕایی نیە چۆکیان داداوەو لە هەموو پێشێلکارییەک بێدەنگ و بێهەڵویستن؟ هەرئەوەندەیان بۆ ماوەتەوە ئەم یادانە بکەنە بازرگانیەکی هەرزان و سەرچاوەیەک بۆ داهات و گەشت و قوربانییەکانیان لە مەینەتیدا بەجێهشتووە، بە بەرچاویانەوە چەندین کتێبی پڕلە هەڵەو چەواشەکاری دەربارەی هەڵەبجەو ئەنفال بڵاودەبنەوە و هیچ ناڵێن ! سیاسیەکان قسەی خۆیان کردووەو تاوانی هەڵەبجەو ئەنفللیان وەک روداوێکی رابوردو دەبینن، لەبەرانبەریشدا هێزێک نیە خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ یادەوەری هەبێت، بەرپرسانی حزب و حکومەت سەلماندویانە گرنگی بە نیشتمان و هاونیشتمانی نادەن، و ئایندەیان داوەتە دەست قەدەر ئیدی چۆن گرنگی بە رابوردو بدەن ؟ ئەگەر نا لەدوای ئەنفال و هەڵەبجەو بونی دەسەڵاتی کوردی بە سوپاو هێزی پێشمەرگەی پڕچەکەوە چۆن تاوانی شەنگال رویدەدا ؟!

یادەکانی هەڵەبجەو ئەنفال لەتوانایاندا بوو، کۆمەڵگەیەکی ئازاو ئازاد بخەنە سەرپێ و یادەوەری بکەنە بەرهەمهێنەرەوەی داپەروەری و مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەوەی کە کۆسپ ورێگرە، دەردی خۆبەکەم زانی سیاسی و نوخبە بەناو رۆشنبیرەکانین، کە ئامادە بوون تێوریزەی هەموو قسەیەکی بێکەڵکی سیاسیەکان بکەن، بەڵام هەڵوستەیەکی ئەخلاقی وسیاسی رەخنەگرانەیان نەکرد.

ئەم گیانی خۆبەکەم زانییە کراسێک نییە تەنها بەباڵای سیاسیەکاندا براێت، بەڵکو بەباڵای هەموو ئەو نوخبە گەندەخۆرەدا بڕواوە کە بەدەوری سیاسیەکاندا هەڵدەسوڕێن، جا هی دەسەڵاتبن یان یان ئۆپزسیون ! ئەوان پارەیەکی زۆریان لە چاوشین و قژزەردەکاندا خەرج کرد بەبێ ئەوەی هیچیان ئامادەبن تاکە وتارێک لەبارەی کوردو تراژیدیاکەیەوە بنوسن، کەچی نەیاندەهێشت لە یادەکاندا ئێمەو مانان قسەمان هەبێت ! من دڵنیام ئەگەر دەربازبوویەکی هۆلۆکۆست بێتە کوردستان لەسەر دەست و چاوانی دادەنێن، بەڵام دەربازبووەکانی کورد لە ئەنفال و هەلەبجەو شەنگال هیچ گرنگ نین لەلایان. ئەمە راستیەکی تاڵ و ئەزموونکراوە دەربازبوانی ئەنفال کەلە ئەمریکاوە گەڕابوونەوە داوایان کرد رۆژی ١٦ی ئازار پێکەوە بچینە یادی هەڵەبجە، لەگەڵ قایمقامی ئەوسای هەڵەبجە قسەم کرد، کە هاتنی ئەم دەربازبوانە بقۆزرێتەوە بۆ سەرنج راکێشان و جێگەیەکی شایانیان بۆ دابندرێت و بە هەموویان بتوانن پێنج دەقیقە قسە بکەن، ئەگەرچی پێشتر بەڵێنی پێدابوون، بەڵام هەرگیز پێشوازی و بەخێرهاتننەکران ! لە کاتێکدا کەسوکاری شەهیدەکانی کیمیاباران نەدەچوون بۆ یادەکە یان دەچوون و جێگەی دانیشتنیان نەبوو بەرپرسانی باڵای حزبەکان لەبەردەم کامیراو بەبەرچاوی میوانە چاوشین و قژزەردەکانیانەوە شەڕیان بوو لەسەر جێگەی دانیشتنی ریزی پێشەوە !

بەهیوام ئەم پەتای کۆرۆنایە کەمترین زیان بەکورد و مرۆڤایەتی بگەیەنێت، بەڵام ماشێنی سەرمایەداری بووەستێنێ وکۆتایی بەو هەموو جەهل و لوتبەرزییەی مرۆڤی دەسەڵاتدار بهێنێ و داب ونەریتیان لە گۆڕ بنێت و ساڵێکی تر یادێکی شایان بۆ قوربانیەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بکەینەوە.

# دەبوایە وابین
# لە یادی ٣٢ ساڵەی تاوانی ئەنفالدا

عومەرمحەمەد

٢٠٢٠/٤/١٤ – سلێمانی

دەبوایە لە یادی ٣٢ هەمین ساڵیادی ئەنفالدا ئەگەر لەلوتکەشدا نەبین، وێنایەکی دڵگیرو دڵخوازی مافی مرۆڤ بین، کۆمەڵگەیەکی هۆشیار، ژیاندۆست و ژینگە دۆست، دادپەروەرو رەزا سوک بەرەفتاری سیاسی وکلتوریمان هەموو ئەو ئابڕوچونەی شۆڤێنیزم و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیمان شەرمەزار بکردایە. کەسوکاری (فەیلییەکان، بارزانییەکان، ئەنفال ، کیمیاباران، شەنگال و شەهیدانی سەنگەر) ئاسودەترین وسەلامەتترین مەخلوقی دونیا بوونایە.

دەبوو شەڕی ناوخۆ لەحەرامترین حەرامەکان بوایە، ئەگەر تاقە کوژراوێکی شەڕی ناوخۆ هەبوایە نەدەبوو لەناو گۆرستانی شەهیداندا بوایە، بەڵکو دەبوو وەک سومبلی شەرمەزاری بەتەنیا ببێت وبۆپاکانە بچونایەتە سەر گۆرەکەی. دەبوو گۆری هەموو جاشەکان لەگۆری هاوڵاتیان جیابکرابانایەوە. نەک خۆیان بەبێ شەرمی لەناوماندا بژین.

دەبوو هەڵەبجە دابماڵدرایە لەچەک و بە راستی پایتەختی ئاشتی بوایە، گەرمیان سەنتەری لێتوێژینەوەی زانستی و دۆکیۆمێنتی تاوانە گەورەکان بوایە، بالیسان دلگیرترین شوێنی گەشتیاری رەمزی ستەمکاری بوایە، دەبوو هەرێمی کوردستان تاک بەتاکی خەڵکەکە هێندە رەفتار بەرزبونایە نەک هەربرینی ئەنفالی سارێژکردایە، بەڵکو برینی شەنگال دێرسیم وعاموداو قارنێ وقەراتان و هەموو برینەکانی سارێژ بکردایەو ببوایەتە پشت وپەنای کوردستانی گەورەو هەرلێقەوماوێکی دی .

دەبوو ئەمڕۆ بەئاسودەیی یادی ئەنفالمان بکردایەوەو دەسەڵاتدارانی عێراق لە دڵەوە هەستیان بەشەرمەزاری بکردایەو ببوینایە بەپەندێک بۆ سیاسیەکانی عێراق ، شەرمیان لە پۆست وپارەو کورسی بکردایەو شەرم و ترسێک لە دڵیاندا بوایە نەوێرن جارێکی تر بیر لە جاش ڕاگرتن و سوپای نانیشتمانی و تاوانی جێنۆساید بکەنەوە، بۆئەوەی هیچ پێکهاتەیەکی تری عێراق بەدەردی کورد نەچونایەتەوە.

دەبوو ئەمرۆ حزبە بەناو سیاسییەکانی کوردستان لە هەڵەبجە. لەگەرمیان، لە بالیسان پەیمانیان نوێ بکردایەتەوە کە هەرگیز بیرلەشەری ناوخۆ نەکەنەوە.

دەبوو ئەمرۆلە کوردستان وەک رۆژانی جەژنی قوربان و رەمەزان خەڵک ماڵەو ماڵ بگەرانایەو داوای لێبوردن و گەردن ئازادییان لەهەردڵ ئێشانێکی یەکتری بکردایە. ئەوەی رۆژێک بەزۆر یان بەخوایشت بەعسی بووە، یان جاش وجاسوس بووە، شەرم دایبگرتایەو چیرۆکی شەرمەزاری خۆیان بۆ نەوەکانیان بگێڕایەتەوەو پێیانبگوتنایە ئێمە کردمان ئێوە نەکەن خۆتان رورەشی بەردەم مێژوو نەکەن.

دەبوو سیاسی کورد هێندە بەویژدان و رەفتاربەرزبێت بینینی دەرۆزەکەرێک لەسەر شەقامەکان وەک تاوان وئابرۆچونی هەرێم ئەژماربکەن.

دەبوو بۆهەر ئەنفالکراوێک و هەر شەهیدێک دارێکمان بەناوییەوە برواندایەو هەتا ئیستا بەقەد باڵای شەهید بەرزو ئەستوربوایە وشکاندنی هەردارێک وەک شکاندنی شەهید بەتاوان بژمێردرایە.

دەبوو نەوەی شەهیدان وئەنفالکراوان لە زانکۆکانی کوردستان رێزلێگیراوبن، نەک پێیان بگوترێ (بەلاشەکان) ! دەبوو نەوەی شەهیدان خۆشیان بەرسیارانەتر بێنە مەیدانەکەو باشترین وچالاکترین وزیرەکترین خوێندکاری ماف ویاسا، پەروەردە وسیاسەت، تەلارسازی هونەر "فیلمسازی شانۆ، شێوەکاری" بن دەبوو لەژینگەی هەرێمدا (هەرهاوسۆزییەک بۆ بەعس، بۆ داعش، بۆدرۆو دزی وستەمکاری) بە سوکایەتی بەئەنفال و شەهید و بە دۆسێکانیان بژمێردرایەو سزای یاسایی لەسەر بوایە. دەبوو هەر درۆیەک بەناوی (جێنۆساید)ەوە هەر بازرگانی کردنێک بەدۆسێکانیانەوە سزای یاسایی لەسەر بوایە.

بەڵام ئەفسوس ئەمرۆ لەیادی ئەنفالدا ئەوەی دەیبینین و دەیبیستین پێچەوانەکەیەتی، ئەوەی لێی دەترسین، دوبارە بوونەوەی ئەنفال وشەنگالە . ئەوەی حکومەمان دەکات بەعسیزمە یان ترسناکتر لە بەعسیزم.

# رەگەزەکانی جینۆسایدی بارزانییەکان

عومەر محەمەد

٣١ی تەموزی ٢٠١٩ – سلێمانی

بارزانییەکان، گروپێکی جینۆسایدکراون. بەداخەوە هەموو میدیای کوردی لەم هەڵەیە نابێتەوەو وەک قیرو زفت پێوەی نوساوەو بە ئەنفال ناویان دەبات ! رۆژنامەی پڕ خوێنەرو خۆیان گوتەنی پرۆفیشناڵ نوسێوێتی (شایانی باسە لە قۆناغی هەشتەمی ئەنفالی بادیناندا هەشت هەزار پیاوی بارزانی کۆمەڵکوژکران !) هەی سەلامەت بیت، ئێوە وەک شارەزای تاوانەکە نین شارەزای جوگرافیای وڵاتەکەش نین..ئاخر ماڵ خەرا بارزان سەر بە قەزای مێرگەسورو پارێزگای هەولێرە نەک بادینان و پارێزگای دهۆک! بەهەرحاڵ لەکتێبەکەمدا (کۆمەڵکوژی بارزانیەکان قۆناغێک بەرلەئەنفال) هەڵەی ئاوام زۆر دەستنیشانکردووەو لێرە ناچمەوە سەریان .

راستی دەبێ وەک خۆی ببینرێت، بارزانیەکان ئەنفال نین، بەڵکو پێنج ساڵ پێش ئەنفال جینۆسایدکراون، ئەوان بەچەندین شێواز لە ئەنفال جیاوازن، ئەنفالکراوان بەتۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی بوون و لەسەر ئەوەی کە نەگەڕانەوە ریزی نیشتمانی و زێدی خۆیان جێنەهێشت، واتا ئامادەنەبوون بێنە ناو کۆمەڵگە زۆرە ملێکان و لە گوندەکانیاندا مانەوە، کەواتە کە دەستنیشانکران (کوردە گوندنشینەکان) بارزانیەکانیش بە پێجەوانەوە لە گوند نەبوون و لەکۆمەڵگاکاندا بوون بەڵام بەهەمان تۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی و بەهۆی بارزانی بوونیان واتا (نێرینەی بارزانی) (ئەمەش خەسلەتێکی تری جینۆسایدە) دەشێت کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بە جینۆسایدی رەگەزیش ناوبەرین (کوشتنی بارزانی نێر) ئەمە گرنگترین خاڵی جیاکردنەوەیە کە کۆمەڵکوژییەکە دەخاتە خانەی جینۆسایدی رەگەزییەوە، ئەو کوردانەی بارزانین دەبێ بکوژرێن ئەمە خەسڵەتی دەستنیشانکردنی قوربانیە، بەو واتایەی ( کێن ئەوانەی دەبێ بکوژرێن ؟ ) لەم دۆسێیەدا ئەوەی لەسەری دەوەستین کۆمەڵکوژی بارزانیەکانە نەک ئەنفال (ئەوەی دەبوو لە ساڵی 1983 بکوژرێ نێرینەی بارزانی بوو) تەنانەت ژنانی بارزانیش نین، ئەومندالانەش نین کە تەمەنیان خوار دوازدە ساڵە، ئەوانەی دەبێت بکوژرێن رەگەزو تەمەنیان دیاریکراوە. نێرەکانیان بکوژن و مێیەکانیان زەلیل بکەن. ئەمە لۆجیکی ڕون وئاشکرای بەعس بوو، ڕەنگە ووتەی ئەم شایەتحاڵە زۆر گونجاوبێت بۆ سەلماندنی ئەم رایە (فاخیر ڕەشید لە دایک بووی 1953 دانیشتووی کۆمەڵگای دیانەیە وسێ برای لەکۆمەڵکوژیی بارزانیەکاندا گیران و دواتر کوژراون، ئەو بە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (4)ی راگەیاندووە کەوا هێزەکانی ڕژێم کۆمەڵگاکەیان گەمارۆدابین ئەوەی لە 10 ساڵان بۆ سەرەوە بوو ڕاپێچیان کردن، لە قوشتەپە خەڵکی لێبوو بارزانی نەبوون ئەوانیش گیران بەڵام دواترئازاد کران) ئەوە نیشانەیەکی تەواو رون وئاشکرای جینۆسایدی گروپێکی دەستنشانکراوە، فاخر دەڵێت : ( لە بیرمە پیاوانی بەعس بە چی شێوازێکی نا مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ گیراوەکاندا دەکرد، عومەر کوڕانی پیرەمێردێکی بارزانی بوو بە شێوازێکی دڕندانە پاش لێدان و ئازاردانی سواری پاسەکەیان کرد، ئێستاش کەسەری تەحسینی برامم بیرناچێتەوە کاتێک داوای کرد کوڕە ٤ مانگەکەی ناوی عەلی بوو ببینێت، بەڵام ڕێگەیان نەدا.) هەروەها هاوڵاتی عومەر ئیبراهیم قسەی بۆ گۆڤاری ئەنفالستان کردووەو دەڵێت: باوکم لەگەڵ دوو براو چوار مام و 8 کوڕە مامم گیراون لە درەنگانێکی شەودا گەمارۆی کۆمەڵگاکەیان دابوو، ئەوەی لەکۆمەڵگە دەرچووبا بۆدەرەوە لەسەر جادە دەگیران دواتر کە بەیانی ڕوویان کردە ناو کۆمەڵگە ئەوەی بەردەستیان کەوت کەسیان قوتارنەکرد ژن ومنداڵی کۆمەڵگە ڕوویان کردە سەرشەقام بۆ ئەوەی نزیکی گیراوەکان ببنەوە بەڵام فاشییەکان دەستدرێژییان کردە سەر ژن ومنداڵەکان لەئەنجامدا چەند کەسێک بریندار بوون برینداڕەکان بە ئۆتۆمبێلی ئەمن گەیەنرانە نەخۆشخانە لەهەولێر لەبیرمە پیاوێک بەناوی (حەسەن شەریف) عەرەبی دەزانی لەگەڵ بریندارەکان چوو بۆهەولێر دواترئەویشیان لەگەڵ خۆیاندا ڕاپێچا. بەڵام ڕژێمی بەعسی خوێن مژبەوەش نەوەستا دەستی کرد بە بڕینی ئاو و کارە با لەخێزانەکان و لێنەگەڕا کەس لە کۆمەڵگا بێتە دەرەوە.

# کۆچی دوایی ئەنفال دیدەکان

له سـالّی ١٩٨٨ وه هەتا ئێسـتا لەگەڵ مردنی هەر مرۆڤێکی ئەنفالدیدە، چیرۆکیکیشـمان دەمرێ، ئەگەر له ساڵی ١٩٩١ ەوە پلانێک بۆ نوسینەوەی چیرۆکی ئەم مرۆڤانە هەبوایە، ئێستا خاوەنی خەرمانێک چیرۆک بووین. ئەگەرچی ئەنفالسـتان کەمتەرخەمی نەکرد و ئەم شـانازییەی پێدەبڕێت بەڵام ئەگەر هاوکاری مادی ومەعنەوی بکرایە ئێستا زۆر زۆر زیاترمان کردبوو.



**کافیه رەشید ساڵح**

خەڵکی گونـدی قولیجانی ئەمین قارەمـان، له دایکبووی سالی ١٩٢٢ سالی ١٩٨٨ بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن و١١ کەس لەخێزانەکەی له کورو بوک و کچ بە خێزان و منـداڵەکـانیـانەوە ئەنفـالکران، خۆشـی ئەنفـالکراوەو لەتۆپزاوا لەپرۆسـەی جیاکردنەوەو پۆلێنکردندا رەوانەی نوگرەسـەلمان کراوەو مـاوەی ٦ مـانـگ زینـدان بووە، چیرۆکی ئەم ژنە زۆر تراژیـدییە، هەتـا سـالّی ٢٠٠٣ بەهیواوە ژیاوەو هەمیشە چاوی لەدەرگاو گەرانەوەی کورو کچە ئەنفـالکراوەکـانی بووە، تەنـانەت جـل وبەرگی بۆکریون، بەڵام دوای روخانی رژێم و دەرکەوتنی گۆری بەکۆمەڵ ئیدی بەتەواوی بێ هیوا دەمێنێتەوەو بەیەکێک له خزمەکانی دەڵێت خۆزگە سـەدام نەروخایە بۆئەوەی هەر بەهیوای گەرانەوەیانەوە بومایە.

رۆژی ٢٠٢٠/٤/٣ کۆچی دوایی کردوبەیەکجاری ماڵئاوایی له ژیانی پرمەینەتی و چاوەروانی کرد.



**رەعنا عەزیز محەمەد**

خـەڵکی گونـدی جـەلـەمۆردی سـنووری ئـاغجەلەر-چەمچەماڵە.

رۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ له تەمەنی ٩٠ سـالّیدا کۆچی دوایی کرد. سـالّی ١٩٨٨ بەرپەلاماری ئەنفال کەوتن، لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا گیران و رەوانەی تۆپزاوا کران.

له پرۆسەی جیاکردنەوەدا لەگەڵ پیرەکاندا پۆلێنکراو لەگەڵ کوروکچەکەی (حەباب و زێرین) لێکجیاکرانەوەو جارێکی تر یەکتریان نەبینیەوە. رەعنا (١١) کوڕەزا و (١٢) کچەزا و بوک و زاواکەی و (٥٣) خزم و کەسی نزیکی لەئەنفالی چواردا لەبناری خاڵخاڵان گیران و ئەنفالکران.

ماوەی ٦ مانگ لەنوگرەسەلمان زیندانکراوە، دواتر بەسەر هەواری خاڵیدا هاتەوە، هەتا دوا چرکە سـاتەکانی ژیانی هەر له چاوەروانیـدابوو، بەدەسـتی حەجاجی درنـده ئەشـکەنجە دراوە. هەتا لەژیاندا بوو، بەردەوام دەیگوت : ئازاری ئەشـکەنجەی حەجاج و ئەنفالکردنی کوڕ وکچ و نەوەکانم له یاد ناچێتەوە.

# كۆچی دوایی ئەنفالدیدەكان



**بەفراو ڕەشید**

لە دایكبوی ساڵی ١٩٤٥خەڵكی گوندی عەزیزقادری سەربەناحێی سەرقەڵای كفرییە.

رۆژی ٢٠١٢/١/١٦ لە كۆمەڵگەی رزگاری- صمود دیدارم لەگەڵدا كرد. بەرلەوەی لێپرسم بەرانبەر بەكامیراكەم گوتی : هەتا بەردی ئەلحەد دەنێنە سەرم ئەنفالم بیر ناچێتەوە.

بەفراو دایكی شەهیدێكی سەنگەرو (٤) كوڕ وكچی ئەنفالكراوە شەهیدەكەی ناوی عەدالەت و ئەنفالكراوەكەیشی ناوی (كەرەم) بوو، كچەكانیشی (ئاواتو گوڵەو محسومە) لە تۆپزاوا لێیجیاكرانەوەو ئیتر جارێكی تر چاوی پێیان نەكەوتەوە .

هێشتا ئەنفال نەگەیشبووە گەرمیان، بەڵام دەنگو باسی ناخۆش لە دیوی قەرەداغەوە دەگەیشە گەرمیان وگوندنشینەكانی شپرزە دەكرد، رژێم بەتۆپی دورهاوێژ لەسەرقەڵای كفرییەوە تۆپبارانی دەكردو بێبەزەییانە بەسەرگوندەكاندا دەرۆیشتنو لە ئاوەدانییەك دەتەقییەوە. لە بۆمبارانێكدا لەسەرەتای مانگی ئازاردا بەفراو بە تۆپباران بریندار بوو، هێشتا برینەكەی تەربوو كە ئەنفال گەیشتە سەریانو دەستگیركران، هەر لەنزیك گوندەكەی خۆیاندا جەیشو جاش پێشخۆیانیاندان و بردیانن.بۆ قەلای قۆرەتوو، لەوێشەوە بۆ تۆپزاواو پاش چەند رۆژێك رەوانەكران بۆ نوگرەسەلمانو ماوەی شەش مانگ لەمەینەتیدا بوون ئینجا ئازادكران.

بەفراو هەرگیز ئەو دیمەنەی نوگرەسەلمانی لەبیرناچێتەوە كە حەجاج بە كیبڵ پیاوێكی كوشتووە.

لەو دیدارەماندا بەفراو قوڵ تەماشای دەكردم لەسەر خۆ پێیگوتم: هەرچەندە لەبەر برینداریيەكەم بەزەیی بەمندا دەهاتەوەو قەت لێینەداوم بەڵام بەبەرچاوی خۆمەوە پیاوێكی بەیەك كیبڵ كوشت

بەفراو دوای ماوەیەك بێدەنگی هەناسەیەكی ساردی هەڵكێشاو ئینجا ووتی : جاكێ لەوێ نەبوو ؟ گەرمیان گشتی لەوێ بوو، خەڵكێكی زۆری مردو هەرنەگەرایەوە، حمە خولە خەڵكی گوندی عەزیز قادر لەوێ مرد زۆر مردن ماڵ هەبوو سەرپاكیان تیاچوونو یەك كەسیان نەماوە، هەیە هەر پیرەژنێكیان ماوە لەبەر كەنەفتی موچەكەشیان وەرناگرێت.

بەفراو هەتا لەژیاندا بوو هەمیشە لەبیری كورو كەنیشكەكانیدابوو، دوای ئەوەی بە قوڵی چاوەكانی بڕییە ناوچاوم ماوەیەك بەبێدەنگی وەستا ئینجا ووتی : هیچ كاتێك لەبیریان ناكەم زۆرجاریش كە دەخەوم دێنە خەوم، هەتا ئێستا چاوەروانی مێردەكەمو كورو كچە ئەنفالكراوەكانم دەكەم، تا ئەو رۆژەی بەردی ئەلحەد ئەنێنە بان لاشەم هەرچاوەروانیانم.ئەمە دوای قسەی بەفراوبوو.

بەداخەوە رۆژی سێشەممە ٢٠٢٠/٤/٧ كۆچی دوایی كرد، بە ناوی ماڵپەرو گۆڤاری ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی بۆكەسوكاری دەنیرین ... رۆحی كۆچكردو شاد بێت.

**ئەنفالستان مەكرەو بیخوێنەرەوە، چیرۆكەكانی بەهەند بگرە، چونكە مێژووی تۆیە**

# لە فرمێسکەوە بۆ هیوا، فرمێسک بۆ ئێمە وهیواش بۆ ئێوە

هیچ شتێک ناتوانێت تە جاوزی یادی جینۆسایدی ئەنفال بکات، با ئەو شتە کۆرۆناش بێت. جینۆسایدی ئەنفال لە مێژووماندایەو هەمیشــە خشــتێکە لە بونیادی یادەوەری نەتەوەیمان، هیچ دۆخ و حاڵەتیک ناتوانێت تێپەڕێنێت. هەروەک هیچ یاسـاو سـیسـتەم و بارودۆخێک ناتوانێت ئەنفال بەجێبهێڵێت. ئاواش هیچ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیش ناتوانێت جینۆسایدی ئەنفال لە یادەوەریماندا کاڵ بکاتـەوە.ئەنفـال سـنوور برە، هەموو زەمنەکـان دەبڕێت. ئەنفال پیویسـتی بە وتار و بەڵێنی بێ کردار نییە، بەڵکو پێویسـتی بە وەفا و بـەڵێنە، وەفا بۆ (١٨٢)هەزار مرۆڤی ئەنفالکراو، بەڵێن بۆ جێبەجێ کردنی خواسـت و داواکاریەکانی کەس و کاری ئەنفال، بەڕێزان پێمـان وایـە، دەکرێـت یـادی ئەنفـال بێ کۆبوونەوەی هەزاران خەڵک و وتار و دروشـمبازیش بەڕێوە بچیت. وەک جەختی لەسەر دەکەینەوە:

1. دەکرێـت لەم یـادەدا بەردی بنـاغەی چەنـدین پرۆژەی خزمەتگوزاری دابنێن لەوشـوێنـانەی کەسـوکاری جینۆسـایدی تیا نیشـتەجێیە. وەک لەچەمچەماڵ وکەلار.
2. دەکرێت پرسی ئەنفال ببوایەتە پرسێکی سیاسی جێی مشـتومڕ لەگەڵ بەغدا کە ئەمە خزمەتێکی گەورە بەئەنفـال دەکرد لە مەحفەلی نێودەولەتێ تەنـانەت لەڕووی ڕاگەیـانـدنیش کـاریگەری گەورەیی دروسـت دەکرد، لە دەزگا ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتیەکان.
3. یادکردنەوەی VIP بەناردنی نامە بۆ سـەرجەم سەفارەتەو قونسلگەری وڵاتان یان بانگهێشتیان بکەن بۆ یـادێکی تـایبەت و قۆنـاغـەکـانی تاوانەکانی ئەنفالیان بۆ شـیبکەنەوە. دەکرێت لە هەرێم سـەروەکی حکومەت و لە بەغداش دکتۆر بەرهەم ساڵح، سەروک کۆمار بەم کارە هەستن.
4. دەیـان کۆمپـانیـای نەوت هـاتوەتـە ئەم وڵاتە، دەتوانن بەشـیرینی گرێبەسـتی نەوت، مەلەف بکەنەوە لەو کۆمپانیا جیهانیانە لەسـەر ئەنفال، هەتـا ئەم کۆمپـانیـا نەوتیـانە تێچوی فحسـی DNAکەسـوکـاری ئەنفـال و ڕووفـاتی ئەنفالکراوان لە ئەستۆ بگرن. یان هاوکاربن بن لە سەرکارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و داتا لە سەر کەیسی ئەنفال لە مەحفەلی نێودەوڵەتی.
5. دروسـتکردنی مۆنۆمێنتی نیشـتمانی ئەنفال لە هەولێری پایتەخت، بۆ میوان وەفدە دیبلۆماسـی و سـیـاسـیەکان و یادکردنەوەی VIP لەو مۆنۆمێنتانە.
6. دەپرسین لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)، چەند بەرپرس و پۆسـتی جۆربەجۆرمان هە بوو، لە بەغدا لە سـەرۆک کۆمـار هەتـا وەزیر و مـدیر عـام و پەرلەمـانتـار، ئێوە بەشـداری چەنـد کۆڕو کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیـان کردووە؟ چەنـدجار

باسی جینۆسایدی ئەنفالتان کردوە؟ دیارە هیچ. جگەلە دکتۆر بەرهەم ســاڵح، پار ســاڵ ناوی ئەنــفـالــی هــێــنــا لەکــۆبــوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان. باشــە ســەروەکی حکومەت و ســەروەکی هەرێم بەشــداری چەنــد کۆر و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیـان کردووە؟ چەنـد جار باسی ئەنفالیان کردوە؟!

7. وەرن با بۆ یادی ئەنفال بەردی بناغەی باخێک، قوتــابخــانەیەک، بــاخچە یەک دابنێین.لــە چەمچەمــاڵ و ڕزگــاری. وەرن پرۆژەی ئــاوی (گۆپتە -چمچمــاڵ و نەخۆشــخــانەی ١٠٠ قەرەوێڵە)یـەکەمـان بۆ جێبەجێ بکەن بـە پـارەی نەوت و غازەکەی! ئەو شــارەی ناوتـان ناوە پایتەختی (شــەهیدان و ئەنفال). وەرن خزمەتی ئەوگەڕەکە بکەن لە چەمچەمــاڵ نــاوتــان نــاوە ئــاســوده لە ئۆردوگــای زۆرە ملێ دەچێــت، پێویسـتی بەوتارو کۆبوونەوەی جەماوەری نییە، بەڵکو پێویستی بە خزمەتە.

8. دەکرێت لەم یادەدا ڕێز لە پزیشــک و کارمەند و هێزەکانی نـاوخۆ بگرین. کە بـەردەوام لەئەرکدا بوون، ئەگەر تەنها بە لۆگۆ و پەرۆیەکی رەشیش بێت. هەتـا وەک ڕێزێـک لە یەخەیـان بـدەین و ئاڵای حزب و حکومەتیان بۆ دابگرین، ئەمەش جۆرێکی تری یادکردنەوەیە لە سەردەمی کۆرۆنا.

**ڕێکخراوی چەرموو بۆ پرسی ئەنفال**
**٢٠٢٠/٤/١٤**

## چۆن بەدونیای دەناسێنن ؟

بە ماســتەرەکەیەوە دەنازێ و بەخێرێ بە نیازی دکتۆراشــە، هەڵبەتە بەبێ ئەوەی خۆی مــانــدوبکــات .. دەیڵێــت و دەیڵێتەوە: (دەبێت تاوانی ئەنفال بەجیهان بناســـرێت). دەبێت وابکەین و وابکرێت ، دەبێت بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی مێژوو بنوسینەوە و زۆر دەبێی تریش . کەچی لە کتیبەکەیدا ناوی ٣٨ گوندی ســـەقەت کردووەو ناوی سەیرو سەمەرەی بۆ داتاشیون، لەبری گوندی ئاوەژێ نوســیوێتی : ئاوەز. لەبری گوندی دۆڵمازەڵێ نوســیوێتی دۆڵماز، گوندی مالومەی کردووە بە مالمۆ! لەبری گوندی گردخەبەر، نوسیوێتی (گوندی خەیار)! ئاوەژێ ناوێکی دیارو لە هەشــتاکانی ســەدەی ڕابوردوودا ، پێگەی سەرکردایەتی حزبەکەی نوسەر بوو. (گرد خەبەر) نـاوی گونـدێکی قەزای چەمچەماڵە، کە ١٩٨ کەسیان ئەنفالکراوە ! . مالومە ناوی گوندێکی ناسراوەو دڵنیام کە پێشمەرگە بووە، نمەکی زۆری ئەو جوتیــارانەی کردبێــت کە ئەنفــالکران، نزیکەی ٣٠ کەســیــان ئێســتــاش بە ئازاری برینەکەیانەوە دەناڵێنن و ٢٠ کەســیــشــیــان ئەنفالکراوە نوســەرەکەمان، بەڕێوەبەری گشــتی شــەهیدان و ئەنفالکراوان بووە، کەچی نەخۆیان دەناســـێ و نەناوی گوندەکەشـــیان بەراســـتی دەنوسـێ . بەم نەزانیشـیەوە خۆی لەکارێک هەڵدەقورتێنێ کە نەلێی دەزانێ و نە گەرەکێتیشێتی لێیبزانێت.

# مەرگی تاقانەکان



**( پەروین سابیر شوکر)**

لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧ ناحیەی نەوجول بوو. کەنیشکە گەرمیانییەکی بە ئازار تەزیوی ئەنفال دوێنێ کۆچی یەکجاری کرد.
چیرۆکی ئەم کەنیشکە گەرمیانیە نەک هەر بۆ شۆڤێنیزمی عەرەبی، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش شەرمەزارییە، کە لەو تاوانە گەورەیەی سەدەی بیست دەرهەق بەکورد بێدەنگ بوون . لە پەلاماری ئەنفالی ناوچەی گەرمیاندا خانەوادەکەیان کە (١٠) سەر خێزان بوون، جگەلە پەروین هەموویان دەستگیرکران وئەنفالکران، لەوانە دایک و باوک و پێنج براو دووخوشکی بەردەستی ئەنفالچیان کەوتن و جارێکی ترنەبینیەوە. تەمەنی ئەم مرۆڤە جگەلە چاوەڕوانی و مەینەتی و دڵشکان، هیچی تر نەبوو. پەروین لەو مرۆڤانە بوو کە دیکتاتۆرییەتی بەعس دڵی شکاندبوو، کەچی



دیموکراسی کوردیش نەیتوانی بە دادپەروەری و دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال ئاشتی بکاتەوە. ٣ی تەموزی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردو ئەو خانەوادەیە لەسەر نەخشەی ژیان سڕانەوە.

**حەسەن عەلی سەمین**

لە دایکبوی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی تەپەسپی – گەرمیان دوای نەخۆش کەوتنی و مانەوەی ساڵانێک لەسەرجێگا سەرئەنجام شەوی ١٢/١١ی تەموزی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد. ئەمە مەرگی دواکەسی خانەوادەکەیان بوو، هیچ کەسێکیان نەماوەتەوە.
چونکە دوای ئەنفالکردنی خانەوادەکەی هەربەتەنیا ژیاو هاوسەرگیری نەکردووەتەوە.
عەلی سەمین بارام، سەلما عەلی سەمین و رەشید عەلی سەمین و تەواوی برازاو خوشکەزاکانیشی ئەنفالکرابوون.

## ڕاستکردنەوە

لە ژمارە ٨ی گۆڤاری ئەنفالستان و ل ٨٧ دا کورتە باسێک دەربارەی کۆمەڵێک پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکیشان – سازمانی حزبی کۆمونیستی ئێران، بڵاوکراوەتەوە کە لە ڕۆژی ١٦ی ئازاردا لە گازبارانی هەڵەبجەدا لە ناوچەی سیروان و دەشتی شارەزوردا بریندار بون و دواتریش توشی شەڕ بون و ٦٨ کەسیان شەهید بوون، ئەگەرچی هەتا ئێستا لە زۆر شوێن و لە زۆر کۆڕو کۆمەڵ و لە نێو میدیاشدا وا بڵاودەکرێتەوە کە ئەو پێشمەرگانەی گوردانی شوانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە کیمیایی شەهید بوون ژمارەیان (٧٣) کەس بووە، بەڵام ڕۆژی ١٦ی ئازاری ساڵی ٢٠٢١ نەسرین رەمەزان عەلی لەبەرنامەیەکی تەلەفزیونی هیوادا ئەو هەڵەیەی بۆ پێشکەشکارەکەش ڕاستکردەوەو گوتی : ژمارەی شەهیدەکانی کۆمەڵە لەو تاوانەدا (٦٨) کەس بوون نەک ٧٢ کەس.

جێگەی ئاماژەیە کەوا نەسرین رەمەزان بۆخۆی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی ئەوسای کۆمەڵەو یەکێک لەو دوو پێشمەرگە دەربازبووەی ناو گوردانی شوان بووە، گوردانی شوان لەو کاتەدا بارەگاکەیان لە بیارە بووە، لەکاتی هێرشی ئێران و پێشمەرگە بۆسەر هەڵەبجە ئەوانیش دەگەنە دەشتی شارەزور توشی شەڕ دەبن، لەو شەڕەدا نەسرین رەمەزان رزگاری دەبێت پێشمەرگەکانی یەکێتی کەمێک و خەڵکی سنەش هاوکارییان کردووەو ڕزگاریان کردووە.

# کاریگەری ئەنفال لەسەر ژینگەی کوردستان

مەعروف مەجید
سەرۆکی ڕێکخراوی ئاینده بۆ پاراستنی ژینگە

نەک بەتەنها پرۆسەی جینۆساید و قڕکردنی بەناو ئەنفال، بەڵکو لە ماوەی رابردوودا سەرجەم کاربەدەستانی عێراق، ئامانجیان وێرانکردن و تێکدانی ژینگەو سروشت و جوگرافیای کوردستان بووە، بەڵام لە پرۆسەی تاوانکاری و جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٨دا ئەو نیازە نەگریسەی دەسەڵاتی بەعس زیاتر ڕەنگی دایەوە.

پرۆسەی قڕکردنی نەتەوەیەک بەبێ بەرنامە و نەخشەدانان نەبوو، ئەوەی سەدام و دار ودەستەکانی ویستیان، خاپورکردن و تێکدانی ژینگەی نیشتیمانێک بوو، بەعس دەیویست بەم پرۆسەیە کۆتایی بەژیانی مرۆڤ و باڵندەو ئەنانەت گژو گیا و درەختەکانیش بهێنێت، دەیویست چیتر کانیاوەکان نەبوژێنەوە و باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان هێندەی تر سرووشتی کوردستان جوان نەکەن. ئەوەی ئێمە ساڵانە لە 14ی نیساندا باسی دەکەین تەنها زیانە مرۆییەکانە، تەنها باسی کوشتن و بێسەرو شوێنکردنی مرۆڤەکان دەکەین. بەڵام ئاخۆ لەو پرۆسە درندانەیەدا تەنها مرۆڤەکان زیانیان پێگەیشت؟ بێگومان نەخێر ، لە هەر 8 قۆناغەکەی ئەنفالدا ، زیاد لە 4500 گوندی باشوری کوردستان لەگەڵ خاکدا یەکسان کران، جگە لە دەیان گوندی تر کە بەناوچەی (محرمە) ناویلێنرابوو.

دیکتاتۆرە خوێنمژەکەی بەعس لە یەک کاتدا توانی مرۆڤی کورد قڕبکات و لەسەر خاک و زێدی باوباپیرانی نەیان هێڵێت بەهەمان شێوە ئەوەشی بۆکرا کە جوتیار لە خاک و ئاو، شوان لە مەڕو ماڵات، باخەوان لە باخەکەی و میراو لە ئاوەکەی دور بخاتەوە ، کە واتە بەعس ئامانجی تەنها قڕکردنی مرۆڤەکان نەبوو ئەو بەیەک هەڵمەت چەندین ئامانجی پێکا

بەداخەوە تا ئێستا ئامارێکی ڕاست و دروستمان نییە کە لەو پرۆسەیەدا چەند کانیاو و سەرچاوەی ئاو، چەم و جۆگا لە ناوبران، ئامارێکمان نییە چەند هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی کرا بە بیابان، چەند هەزار دۆنم ڕەز و باخ و پاوانو دارستان وشک کرا، ئەرێ کاتی ئەوە



نەهاتووە بپرسین ئەی بۆ حکومەتی هەرێمی لە دوای 28 ساڵ لەو تاوانکارییە ئامارێکی رونی لانییە، یان کاتی ئەوە نەهاتووە بڵێین دوای 24 ساڵ لە دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی تا چەند حکومەتی هەرێم شوێنەواری ئەو وێرانکارییەی نەهێشتووە و توانیویەتی سەدان بەنداو کانی و چەمی دەستکرد بۆ گوندەکان دروست بکاتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێن:

ژینگەی سروشتی لەم تاوانکارییەدا پشکی زۆری بەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی دوای نەمانی گوندەکان تا ئێستا ئەو سروشتە جوانەی پێش ئەو تاوانکارییە هەبوو دروست نابێتەوە دەکرێ بپرسین بۆ؟

سوتانی روبەرێکی بەرفراوانی باخ و دارستانەکان بووە مایەی کەمبونەوەی پانتایی سەوزایی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ژینگەی کوردستان دروست کردو، کاریکردەسەر کەشوهەوا و سرۆوشتی جوانی ناوچەکە.

سووتانی باخو دارستانەکان مەترسی نەمانی جۆرە دەگمەنەکانی رووەک و ئاژەڵ و باڵندە درووستدەکات.

رژێم هەر بەوەشەوە نەوەستا ملیۆنان مینی دژە مرۆڤی لە ناوچە شاخاوی و کشتوکاڵیەکاندا چاند بۆ ئەوەی جارێکی تر مرۆڤەکان و گوندنشینەکان نەتوانن وڵاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە .

بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن گرنگی داوە بە لایەنە مرۆییەکە لە بۆنە و یادەکاندا، هێندەش گرنگی بدات بە زیانەکانی ئابوری و ژینگەیی و گەشتیاری.

# هێشتا تابلۆی ئەو منداڵ و باوکە لە هەناومدا خوێنی لێدەچۆڕێ



ڕۆژی ١١ ی چوار ١٩٨٨ کاتژمێر دەو نیو و کۆپتەرەکان و کوشتنی مێرمنداڵێکی شوان:

ئێمە تازە سەنگەرەکانمان هەڵکەندبوو.. شوانێک و کوڕە مێرمنداڵەکەی بەپەلە دەیانویست مەڕو مالاتەکەیان بگەیێننە ئاوایی و ڕزگاریان بێت, بەلام کۆپتەرە دزیوەکان، واشە ئاسا کەوتنە سەری و کوڕەکەیان دایە بەر فیشەک، لە ئێمە زۆر دووربوون، ئاسانیش نەبوو بچین بەفریایانەوە، ئەوەی کە سەیربوو باوکەکەیان نەکوشت.. ئەوە یەکەم جاریان نەبوو کە سوپای داگیرکەران مردنی باوکەکە بە خەم و پەژارە بسپێرن.

لە بیرمە لە ناوەڕاستی مانگی چواری ١٩٨٧ لە نزیک چەمەکی نێوان گوندی داری کەلی و گوندی باڕۆیی خواروی ناوچەی بازیان فڕۆکەکانی عروبە هەمان تاوانیان دووبارە کردەوە:

"تازە پرشنگی زێرینی هەتاوی بەیانی مانگی چواری ئەوساڵەدەشتە بەرینەکەی خوار (داری کەلی و چەمی گاوانی) لە بازیان بە تیشکی زیوین کردبوو..هێشتا ئاونگی شەویش وک ماچی دوو دڵدار لەسەر لێوی گیا وشک نەبووبووەوە. ئەو چەمە تاکو گوندی گاوانی درێژەی هەبوو، شوێنێکی لەبار بوو بۆ خۆ حەشاردانی خەڵکی ناوچەکە لە کۆپتەر و فڕۆکە.. پیاوێک ویستی بەرەو چەمەکە هەڵبێت تا کۆپتەرەکان ئاشکرای نەکەن. دوو کۆپتەر زەردەواڵە ئاسا هاتنە سەری. پیاوەکە منداڵە ساواکەی بەرزکردەوە تاکو لێی ببورن و ڕێگەی ڕزگاربوونی لێ نەگرن. کۆپتەرەکان دڵڕەقانە لێی هاتنە دەست و سنگی هەردووکیانیان دایە بەر فیشەکی عروبە. هەرچەندە ئێمە دووربوین بەڵام تەقەمان لە کۆپتەرەکان کرد. هەموو پێی وابوو کە ژنەکەیش کە بەرەو پیری رای کرد کوژراوە، بەڵام کۆپتەرەکان ئەویان بەخەم سپارد".

ئەودیمەنە وێنەی ئەو سەربازە نازییانەی بیرخستمانە کە لە فلیمێکی یوگۆسلاڤی کە باوکێک و کوڕەکەی دەگرێنەوە بۆ گوندەکەیان، لەڕێدا تووشی سوپای نازییەکان دەبن و تەنها کوڕەکە لەبەر چاوی باوکی دەکوژن. یەکێک لە سەربازەکان دەڵێت باوکی مەکوژە چونکە گوللەی خەم دەیکوژێ. بەڵێ! ئەو تاوانە بەعسییەکان داهێنانیان تێدانواند. ناوچەی بازیان و گەرمیانیش دەها تاوانی وای تێدا ئەنجام درا.

دیاربوو باوکی مێرمنداڵەکەی گوندی(باوەکر) زۆر ئاین پەروەربوو بوو. کە گەیشتە لامان و چووین بەدەمییەوە، زۆر لە خواو ئاین توڕبوو. مێزەرەکەی داگرت و ڕووی کردە ئاسمان

وتی: ئیدی خوا بوونت کوانێ کەبەرگریت لەکوڕە تاقانەکەم نەکرد!

تائەمڕۆش کە ئەم مێژووە دەنووسمەوە گریانی ئەو باوکە، فرمێسک لە سۆمای چاومدا وەک هەوری بەهار لە کانیاوی هەستمەوە پێ دەپژێنێ.

نەفرەت لە عروبە و کوردە ولاتفرۆشەکان، کە پێش سوپای داگیرکەران دەکەوتن و هێشتاش دەکەون!

نەفرەت لە بازار و سەرمایە.... لە ڕوسی بێرەوشت و ئەمریکا و ڕۆژئاوای ڕیسوا!

نەفرەت لەو فەلسەفە و ئاینانەی کە مرۆڤەکان دەکەنە کۆیلە و کۆمەڵکوژیان دەکەن!

**ئاسۆ بیارەیی**

**یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ل ٦٠، چاپخانەی رەنج ٢٠١٥**

# دەربارەی فیلم و ئەنفال



عومەر محەمەد

بە داخێکی زۆرەوە هەتا ئێیستا کەمترین فیلمـان بەرهەمهێنـاوە، ڕاستر بڵێم فیلمی باشمان دەربارەی ئەنفال کەمن، ئەمەش بەشـێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخی خۆمـان، بەتـایبەتیش بۆ کورت بینی و دونیابینی سیاسی و دەسەڵاتداران. بۆیە کەسـوکـاری ئەنفـالکراوان، ئەرکیـانە هـاوکـاربـن لە بەرەو پێشـچونی ڕەوتی هونەری کوردی و بەتایبەتیش هونەری فیلمسـازی، بێگومـان ئەگەر بخوازن برینی کوردو دۆسـێی جێنۆسـاید بچێتە پێشـەوە هونەر بەگشـتی وهونەری سـینەما بەتـایبەتی کاریگەرترین ئـامرازو خێراترین ڕێگـایە، بۆیە ئەرکیـانە هەم خۆیـان کـارەکتەری فیلمەکـان بن و هەم نەوەکـانیـان هانبدەن بچنە ناو کایەی هونەرەوە، بۆئەوەی نەوەکانیان داهێنەرانە لەم بوارەدا جێگەوپێگەیان هەبێت. هەق نیە کەسـوکاری ئەنفالکراوان بەوە قـایـل بن نەک مۆری ئەوەیـان بە نێوچـاوانەوە بنرێ گوایە ڕێگرن لەبەردەم فـیلمەکـانـدا، بەڵـکو بەپـێـچەوانەوە پشـکـیـان لە زەمینەسـازی پێشـخسـتنی ئەم هـونەرەدا هەبـێـت. وەک چـۆن لەمەیدانەکانی تری ژیاندا ئامادەن لە مەیدانی هونەریشـدا بە بیرێکی قوڵ و فراوانەوە لە پەنجەرەی ژیان وهونەربڕوانن.

هەرگیز ڕێگەنەدەن سـۆزو عاتیفەیان بەکار بهێندرێ بۆ ڕاگرتنی دراماکان و کارەهونەرییەکان وەک لەرابوردودا بینیمان. بەهیوام هەر گیز ڕاگرتنی گەرمیان وکوێستان دوبارە نەبێتەوە.

چونکە دەبێت لەخۆمان بپرسینەوە لە ڕاگرتنی ئەو درامایەدا چ سودێکمان بینی ؟ بەدیوەکەی ترا ئەی چ زیـانێکمـان کرد ؟ ئـایـا بـاشـتـر نەبوو کۆی دیمەن وحەڵقەکانمان ببینیایەو دواتریش بەنوسـین و دیالۆگ و ڕەخنەکانمان (ئەگەر هەمانبوایە) دەربارەی قسەی خۆمان لەبارەیەوە بکردایە ؟

بە داخەوە خەریک بوو بەرچاوتەنگی و ئێرەیی و بەرژەوەنـدی کەمینەیەک ئەم کالا دەڵب و نا قۆڵایەی بەبەر کەسوکاری ئەنفالدا دەبڕی و وا وێنیان بکەن، کە ئەوان خەڵکێکی دواکەوتوو لادێی و نەزانن، لە هونەرتێناگەن و چێژی لێنابینن، بەڵام ئەمە بێ هۆو ئەم دوکەڵە بێ ئـاگر نەبوو، ئەم نـارەزایەتیەی (گوایە هی کەسوکاری ئەنفالە) هی ئەوان نەبوو بەڵکو هی کەسانێک بوو، گرێی دەرونی و شـەڕێکی تریان لەگەڵ کەس ولایەنی تردا هەبوو. باشـترین نمونەش ئەو هەوڵە نەزۆک و شـەرمئامێزە بوو، کە سودیان لە ڕاگرتنی درامای گەرمیان وکوێستان بینی و ویستیان هەمان سیناریۆ لە فیلمی (بەکرێگیراوی سپی) دوبارە بکەنەوەو بێویژدانی و سـتەمێکی گەورە دەرهەق بە هونەرمەنـدی کۆچکردو تەهاکەریمی کرا، ئەوانەی کەمپەینیان لەسـەرکردو پروپاگەندەیان لە دژی فیلمەکەی دەکرد، نەدلسـۆزی دۆسـێی ئەنفال بوون و نەکەسـوکاری ئەنفالکراوان بوون، بەڵکو بەرژەوەنـدیخوازو درۆزن بوون، سـەیرە ! لە کاتێکدا درۆی ئەوەیان دەکرد بەبڕیاری وەزیری ڕۆشنبیری فیلمەکەی تەهاکەریمی ڕاگیراوە، کە هێشتا کەمێک کاری وێنەگرتنی مابوو، نەچوبووە قۆناغی مۆنتاژیشـەوە، ئەوانە نە هیچیان دەربارەی هونەری فیلمسازی دەزانی و نەدەربارەی دۆسێی ئەنفال! سەیر لەوەدا بوو فیلم هێشتا مۆنتاژ نەکرابوو (ڕۆژنامەو گۆڤار نوسیبویان فیلمەکە ڕاگیراوە) ! ئەوانە کۆمەڵێک کەوچکی ناو هەموو کاسەکان بوون. کەسودیان لە بێ ئێتیکی میدیاو سۆشیال میدیا دەبینی وکۆڵەواری وەزیری رۆشنبیریش بینی .

تۆ تەماشای ئەم قسە خواروخێچانە : (کەسوکاری ئەنفال خۆشەویستی ناکەن، کەسـوکاری ئەنفال دزی ناکەن، کەسـوکاری ئەنفال واناکەن و هتد )! ئەمانە کەسـوکـاری ئەنفـال بەچی دەزانن ؟ مەگەر ئەوانیش مرۆڤ نین ؟ بۆ ئەوان کۆتەرەدارێکی وشـکن هەتا خۆشـەویسـتی نەکەن ؟ مەگەر مرۆڤ نین هەتا بەدەربن لە خراپە؟ ئەوانیش مرۆڤن و باش دەکەن وخراپیش مەردیشیان تێدایەو دزیش .

ئێســـــتاش نوزەیەک هەیە لە دژی (درامـای بەخـتـەبـاران) ! گـوایە ســــوکایەتی بە ئەنفال دەکات !؟ بێئەوەی هێندە حەوسـەڵەیان هەبێت بزانن ڕەوتی ڕوداوەکـان بۆ کوێ دەچن و لە دیمەنەکانی داهاتوودا چ دەبێـت و چی رودەداو چی تر دەبینین ؟ ئەم دواکەوتووییە دەبێت کۆتـایی پێبێت، چونکە من دەزانم کەســــوکاری ئەنفالکراوان هێنـدە دواکەوتـوو نـیـن بەدوای هەمـوو دەنگێک بکەون ئەوان لە رابوردودا زۆر ســــەبریان گرتووە و دەتوانن ســــەبریـان بەدیـار دیمەنەکـانی درامایەکیشــــەوە هەبێت هەتا ئەگەر ئازاریشیان بدات.



سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی لەم بارەیەوە رایان وەرگرتووم و گوێیان لێگرتووم ســــوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی نـامەیـان بۆ نـاردووم و رایـان وەرگرتووم وبەپێشنیارەکانم قایل بوون.

بـادلنیـابن ســــتـافی درامـای بەختە بـاران خۆیـان روزەردی بەردەم بینەران وکەسـوکاری ئەنفالکراوان ناکەن و لە دیمەنەکانی داهاتویاندا منیش و ئێوەش و کەســــوکاری ئەنفالکراوانیش دڵخۆش دەکەن . بەڵام ئەوە ئیشــــی من نییە پێش دیمەنەکان بکەوم و لێرەوە پێتان بڵێم چی ڕودەدات.

# بەیانی کۆتایی قۆناغی سێهەمی ئەنفال

رۆژی ١٩٨٨/٤/٢١ ســــەرکردایەتی گشــــتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەیـانی ژمـارە ( ١١٣٨٦) وەک کۆتـایی هێرشــــەکانی ئەنفالی قۆناغی ســــێیەم راگەیاند. ئەم قۆناغە درندانەترین پەلاماربوو لە چاو قۆناغەکانی تر. دادگای بـاڵای تـاوانەکان، لەبەر رۆشـــــنـایی بەنـدەکـانی ١١و١٢و١٣ بڕیـاری (جێنۆســــــایـدو تـاوانی جەنـگ وتـاوانی دژی مرۆڤایەتی)بڕیاری لەسەرداوەو لە کۆنوسی دادگاکەدا نوسراوە وتیایدا راگواستنی زۆرەملێ، گوند سوتاندن و گرتن و زینداینکردن، هەروەها برسیکردن و تینوکردن، ئەشکەنجە و دەست درێژی سیکسی، چەوساندنەوەو ستەمکاری بێسەرو شوێنکردن، کوشتن و لەناوبردنی خەڵک ئەنجامدراوە.

ئەگەرچی هەتا ئێستا سەنتەرێکی لێکۆلینەوە لە کوردستاندا نییە بۆ ساغکردنەوەی زەرەرو زیانەکان بەڵام هەندێک ســــەرچاوە باس لە زەرەرو زیانەکانی ئەم قۆناغەیان کردووە، ئەگەرچی هەندێکیان جێگەی متمانەنین و بەتەواوی شــــایـانی رەتکردنەوەن بەڵام زۆربەیی ئامارەکان لەیەک نزیکن بۆ نموونە "ڕوخـانـدن و وێرانکردنی نزیکەی ٧٠٠گوند، رووخاندن و شــــەش شــــارۆچکە، رووخان و ســــووتاندنی نزیکەی ٤٠٠٠٠ چل هەزار ماڵ وخانوی نیشــــتەجێ بوون بەڵام فایلی وەزارەتی شــــەهیدان ٣٩١٧٨ ماڵی نوســـیوە کەڕوخێندراون. راگواســـتن و گرتن و بێسەروشوێنکردنی نزیکەی ٤٥٧٧٧چل و پێنج هەزارو حەوسەدو حەفتاو حەوت کەس، رووخانی "٣٨١ قوتابخانە . ٦٥٧مزگەوت، ٦٩ بنکەی تەندروستی، ٧٥ ئاشـی گەنم هاڕین، ١٣٥بیری ئاو، ١٧٥ تەکیەو خانەقاو شـوێنەواری ئاینی"، سـوتاندنی ١٤٣٥رەزوباخ، بردنی هەزاران تراکتۆر، دزی وتالانکردنی زیاتر لە ٤٧٢٧٧٠ سـەر ئاژەڵ و ١٥٠٠٠هەزار وڵاخ، بردن و سـوتاندنی ٥٧٠٠٠پەنجاو حەوت هەزار تەن گەنج و جۆ سـوتێندراوە یاخود بەتاڵان براوە.

# یادەوەریی وساڵیادەکانی گەلی کوردستان

بەداخەوە هەتا ئێستا ڕۆژژمێرو خشتەیەکی ڕێک وپێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم بۆنەو ساڵیادانە نییە، ئەوەشی کراوە، عەیبدارە بە هەڵەی ناوو ڕێکەوتی تاوانەکان بۆیە هیچ کات ماڵپەڕی فەرمی حکومەت وپەرلەمان جێگەی متمانە نین بۆ راستی ودروستی ئەم ڕێکەوتانەو ناوی راستەقینەی شوێنەکان .

- ١٦ی ئازار ساڵی ١٩٨٨: ساڵیادی بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی .
- ١٤ی نیسان ساڵی ١٩٨٨: ساڵیادی یادکردنەوەی قوربانیانی تاوانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد .
- ١٠ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٢ : ساڵیادی ڕاگوێزانی ٤٠,٠٠٠ چل هەزار نیشتەجێی کەرکوک و ناوچەکانی دەورووبەری.
- ٣١ی تەمموز ساڵی ١٩٨٣ : ساڵیادی بێ سەروشوێنکردنی بارزانیەکان.
- ١٨ی ئاب ساڵی ١٩٦٩: ساڵیادی کۆمەڵکوژیەکەی گوندی سۆریا بەداخەوە لەو ماڵپەڕەدا نوسراوە (سورەیا).
- ٤ی ئەیلول سالی ١٩٨٠ : ساڵیادی کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی .

ساڵیاد و یادکردنەوەی کیمیابارانی هەندێک گوندوشاروچکە، کە لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٧ و ١٩٨٨ کیمیاباران کراون:

- ٢٦ و ٢٨ی شوبات: کیمیابارانکردنی گوندەکانی سەرگەڵو و یاخسەمەرو گوێزیلێ و دۆڵی جافایاتی لەساڵی ١٩٨٨
- ١٦ی ئازار: کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لەساڵی ١٩٨٨ .
- ١٨ی ئازار: کیمیابارانکردنی گوندی عەنەب و قەزای هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨بەداخەوە .لەوماڵپەرەدا ناوی ئەم گوندە بەهەڵە نوسراوە (گوندی عەبناب !)
- ١٦ی نیسان: کیمیابارانکردنی گوندی بالیسان و شێخ وەسانان، بەداخەوە ئەمیش لە ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمدا بەهەڵە نوسراوە (کیمیابارانکردنی گوندەکانی شێخ وەسانان و ناوچەکانی دەورووبەری لە ساڵی ١٩٨٧ بەلام راستیەکەی ئەو ڕۆژە تەنها ئەو دوو گوندە کیمیابارانکراون .
- ١٧ی نیسان: کیمیابارانکردنی گوندەکانی قزلەرو سنگەر و مێلاوکە لە ساڵی ١٩٨٧. بەداخەوە ئەمەش هەر بەهەڵە لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمدا نوسراوە ( قزڵەر و سەنگەر و ماولەکە)
- ٣٠ی ئابی ١٩٨٨ کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان و کونەسیخور بەداخەوە لەماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمدا بەهەڵە نوسراوە( ٢٠نیسان: کیمیابارانکردنی گوندەکانی دۆڵی بالیسان لە ساڵی ١٩٨٧ ) !
- ٢١ی نیسان: کیمیابارانکردنی قەزای قەرەدا غ لە ساڵی ١٩٨٧.
- ٣ی ئایار سالی ١٩٨٨ : کیمیابارانکردنی هەردوک گوندی گۆپتەپە وعەسکەر بەداخەوە لەماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمدا بەهەڵە نوسراوە ( گۆزتەپە و ئەکار و مەیلان و سەرچمە و شێخانم کەڵەشێر و چەمی ڕێزان و قۆچڵاغ و زەری) ئەم ناوانەی ناوکەوانەکە هەموویان هەڵەن راستیەکان ئەمانەن ( گۆپتەپە، عەسکەر، مەولان، سەرچەم، شێخان، کەڵەشێرە، قۆچەبڵاغ، زەرزی).
- ٢٣ی ئایار: کیمیابارانکردنی گوندەکانی مەلەکان، گۆڕەشێروکەندۆڵ و بەردۆک و بلەو بارزان وهیران و نازەنین و بالیسان لە ساڵی ١٩٨٨. بەداخەوە لەماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمدا هەموو ناوەکان بەم شێوەیە بەهەڵە نوسراون ( مەلەخ گۆڕەشێر و کەندۆڵ و بەردۆک و بلێ و تاهی و نازەنین و باڵیسان)
- ٢٦ی حوزەیران: کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- ساڵی ١٩٨٧.
- ١ی تەمموز: کیمیابارانکردنی زۆربەی گوندەکانی قەزای دهۆک لە ساڵی ١٩٨٧.
- ٢٥ی ئاب: کیمیابارانکردنی گوندەکانی قەزاکانی بادینان و ناوچەی گەلی بازی لە ساڵی ١٩٨٨.

# ئەزمون و تراژیدیا

عومەر محەمەد
٢٥ی ئازاری ٢٠٢٠ سلێمانی

دەڵێن کۆرۆنا هەژارو دەوڵەمەند ناناسێت، ئەگەرچی دەزانم گەیشتووەتە ماڵی سەرۆک و وەزیرو پەرلەمانتارانیش، بەلام هێشتا بڕواناکەم هەژارو دەوڵەمەند نەناسێت، بە هیوام دۆخەکە هێندە خراپ نەبێت وەک چاوەروان دەکەم، چونکە بە ئەزمونی خۆم لەناو تراژیدیادا بەدەرئەنجامی ناخۆش گەیشتووم، بەتایبەتی کە لەرێکخراوێکی بیانی کارم دەکرد، خەڵک موچەونانی نەبوو ئێمە بەدۆلارموچەمان وەردەگرت، ئەو دڵرەقییەی ئێستا لەپەرلەمانتاران و بەرپرسان دەیبینن، لە کارمەندە خۆشگوزەرانەکانی رێکخراوەکانم دیووە، جا ئەگەرئێمە لە (N.G.O)کان مانگانە ٢٠٠ دۆلارێکمان وەردەگرت و خۆمان بەشا دەزانی، کارمەندانی (UN) موچەیان سەروی ١٠٠٠ دۆلاربوو، ئەم نوخبەیە لەهەموو کەس زیاتر بەر مرۆڤی هەژارو شکستخواردوو ئاوارەی ناوسەربازگەو قوتابخانەروخاوەکان دەکەوتن. ئەو رۆژانە هەژاری هەتا نزیک مەرگ کوشندە بوو، دڵرەقی و بەدکاری دەسەلات و سەرمایەدارانیش هەتا لوتکە رۆیشتبوو.

دۆسێی ئەنفالم بە فەرامۆشکراوی و بەبزنس و بازرگانی پیوەکردنەوە دیوە، بازرگانەکانی ئێسک وکەللەسەرم بە ئۆتۆمبیلی های مۆدێل و بەچاکەت وپانتۆل وبەرگی گرانبەهاوە دیوە، خوێنساردی و بێباکی نزیکترین کەسی ئەنفالکراوانم دیوە، بەگشتی مرۆڤی بێهەست و بێ ویژدان و بەدرەفتارو بێ مۆراڵم زۆردیوە، لەلایەک مرف هەبوون لە ناو کۆمەڵگاکاندا لەم لای مەرگەوە دەژیا، ژیانیان لەناو کۆمەڵگا زۆرەملێکان هێندە سەخت وتوش بوو، جیاوازییان لەگەڵ نوگرەسەلمان تەنها ئاوهەوا بوو، دەنا هەمان ژینگەو تاسو حەمام بوو، تەنانەت لەناو خزم وعەشرەت و ماڵەکانیشدا حەجاجێک هەبوو. بەناز* لە تۆپزاوا لە دایک ببوو، دوای ئەنفالکردنی باوکی مامەکانی رێک لە ژورەوە زیندانیان کردبوو، موچەکەی باوکیشیان دەخوارد، ئەگەر لە تۆپزاوا لە باوەشی دایکیدا بوو، لەکۆمەڵگە زۆرە ملێکەدا بینینی دایکیشیان لێ زەوت کردبوو. عەدالەت تاقە دەربازبووی خێزانێکی ٥ کەسییە هەر بۆمەینەتی بەجێماوە ئەو حەجاجی عروبەی نەدیوە بەلام دەیان شەق وقامچی حەجاجەکانی کوردی بەرکەوتووە، حەجاجەکان عەرەب نەبوون، کوردبوون، ئامۆزای بوون موچەکەشیان دەخواردو تێشیان هەڵدەدا. خاتوون تاقانە دەربازبووی ماڵی باوکێتی هەرئەوەندەی گوتیان موچەی ئەنفالکراوان دێت مامی لەنفوس ئەویشی مراندبوو، لەبەرئەوەی موچەکەی هەڵلوشێت !

ئەم مرۆڤە شکستخواردوانە پێویستیان بەهەستانەوەو شکۆ بوو، کەچی راگەیاندنەکان وا وێنایان دەکردن، کە داوای موچەوئیمتیاز دەکەن ! بەلام نا ئەوان داوای شکۆو داپەروەرییان دەکرد داوای هەناسەیەکیان دەکرد بۆیان بگەرێتەوە ئاخر خۆ هەموو جارێک هەناسە هەوایەکی پاک نیە، هەندێک جار قسەیەکی خۆشە، سڵاوێکە، لەڕوی دۆکیۆمێنت و رۆشنبیریی وبەجیهانی کردنی دۆسێکەو بەجیهان ناساندنەوە گوێم لە فشەوفیشاڵ وفڵتەفڵتی جیاوازبووە، لەزۆر کۆروکۆمەڵیش بەشداربووم، بەلام نیازو ئامانج لەدواییدا دەردەکەوت (سەفەر، پارە، پاداشت) و هەندێک جاریش دادەبەزی بۆ خواردنەوەی تەنها بیبسییەک بەبەلاش، بۆفێی ناوهۆتیلەکان و خەون وخەیاڵی بۆفێ خۆرەکان و ژیانی قوربانییەکان لەناو کۆمەڵگەی زۆرەملێی شۆرش و صمودو پیرەمەگرون و بەحرکە زۆر زۆر لێک دورو جیاوازبوون.

کاتێک دەستم دایە تۆمارکردنی چیرۆکەکانی ئەنفال، هێندە خۆشخەیاڵ بووم، وامدەزانی نەک هەردەستم دەگرن بەڵکو رەنگە نەپەرژێمە سەر دۆستان و دڵدانەوەی ئەوانەی دێن هاوکاریم دەکەن، بڕواتان بێت هەر چالاکوانەکان خەریک بوو سەرم بەفەتارە بدەن، ئەوەی بەراستی و بەدڵ بەتەنگەوە هات کەسە زۆر سادەو ساکارەکانی ناوکۆمەڵگا بوون نەک دەزگا رۆشنبیری وحکومیەکان وڕێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال ! سەدام وبەعس روخان و ئەم بێباکی وخۆدزینەوەیە هەر بەردەوام بوو، ئەوە ٣٣ ساڵ تێپەڕی و ئێوەش وەک من شاهیدی دروستکردنی سەدان مزگەوتن لەلایەن حزبە ئیسلامیەکانەوە، شاهیدی دەیان کافێ و مۆڵ و مەلەوانگەو باخو ڤێلای گرانبەهان لەلایەن دەوڵەمەندانی نیشتمان پەروەرەوە، بەلام کوا سەنتەرێک بۆ دۆکیۆمێنت و

تویێژینەوە ؟ کاتێک قسە دەهاتە سەر ئەنفال وهەڵەبجە هەموویان دەمەوەربوون بەلام کوا خەرمانی چیرۆکە تۆمارکراوەکان ؟ دەیان رێکخراو بۆ ئەو پرسە دروستکران کوان لە کوێن و چییان کرد ؟ هەموویان گوتویانە گۆڤارەکەتان گرنگە، کارێکی باشە و گۆڤاری ئەنفالستان مێژووی ئەنفال دەنوسێتەوە، بەڵام بەلایانەوە ئاساییە ئەم گۆڤارە بووەستێ و چاپ نەکرێت ! حکومەت هاوکاری چەندین کەسی ناچالاکی کردووە بەناوی ئەنفالەوە ئۆفیس دانێت، بەپارەو پولی حزب و حکومەت گەشت بکات، کتێبی خراپ چاپ بکات، ئەمە بۆچی ؟ خراپترین کتێب دەربارەی ئەنفال وهەڵەبجە چاپکراون و سەدان کەس دەڵێن دەستتخۆش بێت کەس نییە بڵێت ئەو کارە خراپەت بۆکرد ؟!

هەتا ئێستا خاوەنی دوو فیلمی زۆرباش نین چیرۆکی ئەنفال وهەڵەبجە بگێڕێتەوە، بەڵام ئامادەبوون هونەرمەندی بیانی، سەماکاری بێ ئەزمون، لۆتی و سۆزانی و دەلالی هەموو شتێک بانگ بکەن بۆکوردستان و بەبەستە دۆلاری لە گیرفان بنێن، لەکاتێکدا دایکان وباوکانی ئەنفالکراو پێویستیان بە سەلامێک بوو، بەرپرسانی وڵات ! دەست ودیاری بەهاداریان بۆ خوشکی گێلفرێندەکەی بریمەر دەنارد ئەگەر باوەرناکەن (برۆن یادەوەریی "ویداد فرانسیس" دیاری پێبەخشراو بخوێننەوە!). بەهەرحاڵ، ئەمەم تەنها وەک پێشبینی کارەسات نوسی، بەهیوام ڤایرۆسی کرۆنا هەتا ئێرەبێ و ببڕێتەوە وکارەسات رونەدات، چونکە ئەگەر رویدا لەناوئەم دڵڕەقیەدا مرۆڤایەتی دوابزمارلە تابوتی خۆی دەدات، بە هیوام دوای کۆرونا مرۆڤایەتی وەک ئێستا بێباک وخەمسارد نەمێنێتەوە، خەڵکی هەژار بەتەنگ خۆیانەوە بێن وخۆیان نەدەنە دەست دوعاوپاڕانەوەیاخود وەهمی چاوەروانی لە خێروسەدەقەی دەولەمەندان و بەرپرسان. بەڵکو هەژارانیش بەخۆیاندا بچنەوەو ژیانی خۆیان لەسەر بەرژەوەندی گشتی رێکبخەنەوەو دۆخەکە بەبارێکدا وەرچەرخێنن تیایدا مرۆڤ بەشکۆوە بژی و مردووەکانیان بەحورمەتەوە ئەسپەردەی خاک بکەن.

***- ناوی بەنازو خاتون و عەدالەت خوازراون، بەڵام چیرۆکەکانیان راستیە .**



# "یازدە هەزار کوژران"

ئەرسەلان رەحمان

ئەوان خوێنیان بەخشی، لە پێناو مانەوەی هەمووان، گیانیان بەخشی، راستە غەربییەکان هەمیشە بە ئێمە ئەڵێن ئەبێ بێلایەنانە رووماڵ بکەن، بەڵام خۆیان بێلایەنن؟ ئایا رێزگرتن لە خوێنی رژاوی جەنگاوەرانێک رووبەرووی داعش بوونەوە و مێژوویەکیان تۆمارکرد، کە نموونەی لە مێژوو کەمە، هی ئەوەیە بخرێتە مەزادی بێلایەنی یان لایەندارییەوە؟

ئایا رەوایە بەو هەرزەگۆییە بڵێین سێ هەزار پێشمەرگە لە شەڕی داعش کوژران؟ خاترانەگرتنی ئەم و ئەوی بۆ چییە، میللەتەکە، باوی کۆمەڵایەتی لەسەرچی رێککەوتوون، بۆ ئەوە بەکارنەهێنین..؟

ئەو برادەرانە هەر هیوایەتیانە خۆیان لە خەڵک جیابکەنەوە و ببنە جێی قسەوباسی فەیسبووک... بە کەم سەیرکردنی خوێن و گیانبەخشینی یازدە هەزار شەڕڤان و بێ ئەرزشکردنی ئەو قوربانیدانەیان جگە لە خۆگەمژەکردن بەناوی پرۆفیشناڵییەوە هیچی دیکە نییە، ئایا بۆ ئێرەش هەمان شت ئەڵێن هوجام سورچی لێرە کوژرا یان سێ هەزار پێشمەرگە کوژران، شورەییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەزانین لە هەڵبژاردنی ئەو دەستەواژانەدا دەرگاوانی مێشک کۆنترۆڵکراو رۆڵی گرنگ ئەگێڕن، بەڵام گرتنەبەری رێکاری یاسایی بۆ سەلماندنی ئەوەی حساب و کتابێ هەیە و ئەوانەی لەسایەی خوێنی رۆڵەکانیان ئیدارەیەکیان هەیە، باشتر وایە لە سنووری ئیدانە و سەرنجراکێشان بێت، نەک پەکخستنی کار و داخستنی نووسینگەیان.

# منداڵانی ئەنفال

یوسف ئەبولفەوز
وەرگێرانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
مرۆڤێک زادەی بیری دیموکراسی و پێشکەوتنخواز

## لەجیاتی پێشەکی

ئەنفال یەکێکە لە حکایەتە پڕ ئازارەکانی گەلەکەمان، لەهەمانکاتیشدا بە ترسناکترین قۆناغی مێژوویی کورد لە عیراق دادەنرێت. هیچ کاتێک رژێمەکانی عیراق، هێندەی رژێمی سەدام حسێن و بەعس، دڵڕەق و نامرۆیانە مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کورد نەکردووە. شاڵاوی ئەنفال ، ناونیشانی پرۆسەیەکی سەربازیی و ئەمنیی گەورەی رژێمی بەعسە دژی گەلی کورد، لەهەمانکاتیشدا ناونیشانی پرۆسەیەکی گەورەی جینۆسایدکردنی گەلێکە لە سەدەی رابردوودا. سووتاندنی گوند، کۆچی بەکۆمەڵ، بەکارهێنانی کیمایی و بۆمبارانی فڕۆکەی جەنگی، ئامرازەکانی دەستی رژێمی بەعس بوون ، بۆ لەناوبردنی گەلەکەمان. لەگەڵ ئەو هەموو دڵڕەقیی و نامرۆییەی رژێمی بەعس ، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە وابکات کە تەواوی گەلی عەرەب لە عیراق پشتگیری ئەو سیاسەتە چەپەڵانەی بکەن، ئەوەتا لەناو ئاگری رق و کینەی بەعسدا، « یوسف ئەبولفەوز» وەکو مۆمێک لەناو تاریکستانی فاشیزم و دڵڕەقی رژێمدا، هەوڵیداوە تیشکێک بخاتە سەر تاوانەکانی ئەو رژێمە دڕندەیە.

یوسف ئەبولفەوز پێشمەرگەیەکی عەرەبی حزبی شیوعی بووە، لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا لە چیاکانی کوردستان، لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنیدا ژیاوەو بە چاوی خۆی تاوانەکانی ئەو رژێمەی بینیووە، بەتایبەتی ئەو ئازار و مەینەتییانەی کە منداڵانی کوردستانی لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا چەشتوویانە و چۆن رووبەڕوی ژیانێکی زۆر ناخۆش و ترسناک بوونەتەوە. یوسف ئەبولفەوز هەوڵیداوە لە رێگەی بیرەوەرییەکانیەوە ئەو کارەساتە گەورەیە بۆ نەوەی نوێ بگێڕێتەوە. نووسەر بەشێوازێکی زۆر ئاسان و سادە ، هەوڵیداوە باسی رووداوەکە بکات، لەهەمانکاتیشدا بەوپەڕی راستگۆییەوە دوور لە گیانی نەتەوەپەرستی توندڕەوانە، رووداوەکانی وەکو خۆی دەگێڕێتەوە. کاتێک عەرەبێکی عیراقی باسی تاوانەکانی رژێمی بەعس بکات، رەوایی زیاتر بە دۆسییەکە دەدات و خەڵکی بیانی بەتایبەتی برا عەرەبەکانمان، زیاتر بە تاوانەکانی ئەو رژێمە ئاشنا دەبن و رووی راستەقینەی بۆ جیهان دەردەکەوێت.

ئەم بیرەوەرییانە لەلایەن وەرگێڕی بەئەزمون مامۆستا « محەمەد حەمەساڵح تۆفیق « لە زمانی عەرەبییەوە کراوە بەکوردی، ئێمەش لە گۆڤاری ئەنفالستان بڵاوی بکەینەوە ئەگەرچی ئەم بیرەوەریانە لە رۆژنامەی کوردستانی بە دوو بەش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئێمە بەپێویستمان زانی لێرەش وەک گۆڤارێکی تایبەت بەئنفال بڵاوی بکەینەوە بەو هیوایەی خوێنەران زانیاریی زیاتریان لەبارەی تاوانی ئەنفالەوە هەبێت.

کاتێ ئەم نووسینەی یوسف ئەبولفەوز دەخوێنیتەوە دەسبەجێ پاشخانی بیر و هزریت بۆ دەردەکەوێت، کە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازە و هەر ئەم بیر و ئایدیایەش مرۆڤ دەخاتە سەر رێچکەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆی لە هەر شوێنێکی دنیا، بەدەر لە رەنگ و رەگەز و نەتەوە و ئاین و بیری جیاواز و تاد. بە واتا تۆ دەبێت مرۆڤ وەک مرۆڤ ببینیت و ئەو مافەی ژیان بە هەموو رەهەندەکانیەوە کە بۆ خۆت بە رەوای دەبینیت دەبێ بە هەمان شێوە بۆ ئەویتریشی بە رەوا ببینیت. ئەمەیە کەوا بیر و ئایدیای سۆشیالیستی دەخوازێت پێی بگات و پەیڕەوی بکات، ئەگەرچی لای هەندێک هێشتا هەر بە خەونێک دادەنرێت کە جێبەجێ کردنی مەحاڵ بێت. ئاخر ئەگەر ئایدیای خەونێکی وا نەبێت چی وا لە رۆشنبیرێکی عەرەبی خەڵکی سەماوە دەکات بیروبۆچوونی نەتەوەپەرستیی بەعس و غەیرە بەعسیش رەتبکاتەوە و لە وڵاتی خۆی دەربەدەر بێت و پاشان بە هەزار دەردەسەری خۆی لە دەستی رژێمی فاشستیی عیراق رزگار بکات و بگاتە کوردستان و لە ناو ریزەکانی حیزبی شیوعیی عیراقدا چەکی شەرەفمەندانەی بەرگریی لە خەڵک لە شان بکات و لەگەڵ هاوڕێکانیدا تێبکۆشێت بۆ رزگار بوون لەو رژێمە ستەمکارە و شانبەشانی پێشمەرگەی حیزب و هێزە

نەتەوەییەکانی کوردستان لە خەباتدا بن بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەویی و دیموکراتییەکانی خەڵکی کورد، کە لە دەمی دروستبوونی ناسروشتیی ئەم عیراقەوە و لەباربردنی خەون و ئاواتە رەواکانی کورد بە ویستی کۆڵۆنیاڵیی جیهانی و بەرژەوەندییەکانی و لەو دەمەوە نە ئەم عیراقە بوو بەو نیشتمانەی جێگەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانی بە سروشتی تێدابێتەوە و نە توانی ببێتە دەوڵەتێکی هاوڵاتی بوون و ئەرک و مافی هاوڵاتییەکانی بە پێی دەستوور و یاسا بپارێزێت. بە پێچەوانەوە عیراق هەر لە یەکەمجاری دروستکردنیەوە ماکی نەتەوەپەرستییەکی توندڕەوی شۆڤێنیەتی عەرەبی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و سەردەمی پاشایەتییەکەی لە بەناو کۆمارییە پڕ فەوزا و بێسەروبەرییەکەی خراپتر بوو. لە هەردوو سەردەمەکەشدا نە مافی خەڵک وەک هاوڵاتیی ئاسایی دەستەبەر کرا و نە مافی کوردیش بە رەوا بینرا و هەمیشە وەک نەتەوەی دووەمی بندەست مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و هەر داواخوازییەکی رەوای نەتەوەیی بە جوداخواز لەقەڵەم دەدرا و بە توندی لەدژی دەوەستانەوە. لە سەرێکی تریشەوە بیری نەتەوەی سەردەست تا دەهات بە ئاقاری شۆڤێنێتی نەتەوەیی ئاسۆ تەسکدا دەبرا و لە سەردەستی کەسانی وەک ساطع الحصری و هاوشێوەکانی نەوە لە دوای نەوە بە بیری چەوتی پان عەرەبیزم گۆش دەکران و خەڵکانی تری عیراق سەرکوت دەکران، بە زۆرینەی خەڵکە شیعە مەزهەبەکەشەوە، کە بەوە تۆمەتبار دەکران وابەستەی ئایدیای پان ئێرانیزمی شیعەگەران و خزمەتی ئامانجەکانی عەرەبایەتی ناکەن.

ئەم دۆخە نادیموکراتییە نەتەوەییە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانی تا ئێستاش گرتووەتەوە و چینێکی باڵادەستی حوکمڕان و دەستوپێوەندیان دروستبووە کەوا کۆڵەکەی بەردەوامییان ستەم و سەرکوتکردنی میللەتە و بە تایبەتی حیزب و هێزە نیشتمانی و دیموکراتیخوازەکانی وڵاتەکانیان و هێشتنەوەی گەلانیان لە ژێر باری ناهۆشیاری و بێئاگاییدا و پەراوێز خستنیان لە رووی فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە و بە دواکەوتوویی هێشتنەوەیان بۆ بەردەوامیدان بە حوکمڕانیی دەستەبژێرێکی سیاسیی گەندەڵ و مشەخۆر بە هاوکاریی سەرمایەداریی جیهانی، بۆ دەستەبەری قۆرخ کردن و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتانە و هێشتنەوەی خەڵکەکەی لە ژێر باری نەداری و هەژاری و دواکەوتووییدا و ئەنجامیش زاڵبوونی میتافیزیک و ئەفسانە و وەهمی نەتەوەیی باڵادەست و ئاینی و مەزهەبی و لێکەوتە و رەنگ و روخسارە جۆراوجۆرەکانی کە ئاسۆی ئەقڵانییەت و زانستی سەردەمی پەکخستووە لایان و بگرە لە پەلوپۆیشی خستوون و شکست لە دوای شکستی بۆ کردوون بە مۆرک و سیمای ئەم چەرخ و سەردەمە لە هەموو کایە و بوارێکدا.

ئەمە بارودۆخێکی تاڵ و نەخوازراوە لای خەڵک و گەلانی ئەم وڵاتانەی هێزگەلێکی دەرەکی و ناوخۆیی کار دەکەن بۆ بێ ئیرادە کردنی و خەفە کردنی هەموو توانایەکی ئەقڵ و هزری، بەڵام لە بەرانبەر ئەو شالاوە درندانە هەمەلایەنەی هێزەکانی تاریکی و دواکەوتوو بە پاڵپشتی سەرمایەداریی جیهانی و هۆکار و ئامرازە زەبەلاحەکانی بە سیاسەت و ئابووری و میدیا و کۆمپانیای فرە رەگەز و چەپۆکی میلیتاری و هەواڵگریی هەزار و یەک سەرە، هێزگەلێکی دیموکراتی و نیشتمانی لەکاردان بە پاڵپشتیی خەڵکی ویژدان زیندووی وڵاتەکە، خەڵکی بێبەش لەو خێروبێرەی مفتخۆرانی دەسەڵاتەکانی ستەم بەتاڵانی دەبەن بە دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ چەوسێنەرانی دەرەکی و ناوەکی. ئەم هێزانە هەمیشە لە ململانێی سەختدان لە گەڵ ستەمکارانی دژە خەڵک، بەرەنگاریان دەبنەوە و پەردە لە سەر سیاسەتی دژە خەڵکیان هەڵدەماڵن و دزی وجەردەییەکانیان ئاشکرا دەکەن و ئابڕوویان دەبەن و خۆیان پەیڕەوی نموونەی باڵای خزمەت بە خەڵک و بەها پیرۆزەکانی دەکەن و لەم پێناوەشدا قوربانی دەدەن، خوێنیان دەڕژێت، زیندانی دەکرێن، ئاوارە و سەرگەردان دەبن، ماڵ و خێزانیان دەفەوتێ، بەڵام کۆڵ نادەن و مێژوویەکی دووروودرێژیان هەیە لە ململانێ و قوربانیدان.

لە عیراقیشدا بە ئەندازەی مێژووە کرچ و کاڵەکەی دروستبوونی، ئەم هێزانە مێژوویەکی دووروودرێژی پڕ قوربانییان هەیە دژ بە ستەمکاران و لە سەر رێبازی خۆیان مکووڕ بوون و زیندانەکانی کووت و بەعقووبە و قەسری نیهایە و شەمەندەفەری مەرگ و کوێ و کوێ کۆڵی

پێنەدان و شێلگیرتری کردن. دیسان زەبروزەنگی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە، ئەگەرچی لاوازی کردن بەڵام هەر مان و سەرلەنوێ چەکەرەیان کردەوە و نەفەوتان چونکە بیر و هزرێک ریشەی ئاودەدان کە لە خێر و بەرژەوەندیی خەڵکی رەشورووتدا بوو. من ناڵێم ئەوان بێ هەڵە و پەڵە بوون، بەڵکو دەبوو بەعس باش بناسن و بەرەیان لەگەڵدا نەکردایە. بەڵام خۆ پاساو هێنانەوە نییە بۆ هیچ لایەک و ئاخۆ کام هێزی سیاسی نیشتمانی و نەتەوەیی رەسەن لە عیراقیش و لە کوردستانیش هەڵەی نەکرد و بگرە هەڵەی کوشندەش. هەرچۆنێک بێت خەڵک لەو هەڵانە خۆش دەبێت، چونکە تەنها هەڵەی کورتبینیی سیاسی بوون و نەچوونە جوغزی خیانەتی نیشتمانییەوە و ئەو سەردەمە مۆسکۆی بابە گەورە و ئایدیاکەی باڵی کێشابوو بەسەر هەموو ئەوروپای رۆژهەڵات و ئەوەی کە پێیدەوترا «جیهانی سێهەم» لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتیندا. چونکە ئەمان نەدەبوو هەرگیز لە بیر و بۆچوونی سۆسلۆڤ و نازانم کێ دەربچن و ئێمە ئەو دەمە گەنج بووین و قەناعەتمان بەو تیۆرییە هێنابوو کە دەکرێت زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بە قۆناخی سەرمایەداریدا تێنەپەڕن و یەکسەر بین بە وڵاتی سۆشیالیستی و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا وڵاتێکی وەک مەنگۆلیامان کردبوو بە نموونە، کەچی دواتر دەرکەوت، چەشنی شیعرەکەی مامە شێخ رەزا شێرِ وانەبوو نە مەنگۆلیا و نە هیچ وڵاتێکی جیهانی سێهەم بە قەڵەمباز نەبوون بە سۆشیالیست و لە عیراقیشدا حیزبی شیوعی هێندە بەعس و تەنانەت سەددام حوسەینی بە پێشکەوتنخواز و لە ژێر کاریگەریی سۆشیالیزمدا دەزانی کەوا سەرکردەیەکی بالای دڵبەندیی خۆی بەو نەدەشاردەوە و بە «کاسترۆی عیراق» ناوی دەبرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم بیرە تا ئێستاش هەر لە خزمەتی خەڵکی چەوساوەدایە و با بە بۆنەی سۆڤییەت و گلاسنۆست و پێریسترۆیکای گورباچۆڤیشەوە، لەلایەک و لەولاشەوە هێرش و پەلاماری دڕندانەی سەرمایەداریی جیهانی و خۆ نوێکردنەوەی و کەرەستە و ئامرازە زەبەلاحەکانیەوە، شکستی هێنابێت، بەڵام هێشتا ملیۆنانی خەڵکی ئەم سەر زەوییە هەر بە خەونێکی رەوای دەزانن بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی، چونکە تا ئێستاش هیچ جێگرەوەیەکی تری نیە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی رەشورووتی ئەم جیهانەی کە رێژەیەکی رەهای زۆری برسییە لە چاو کەمینەیەکی تێر و پۆشتەیدا. راستە ئەمە ئێستا خەونە بەڵام ملیۆنان بۆی تێدەکۆشن و رەنگە لە داهاتوویەکی نزیک یان دووری مرۆڤایەتیدا بە فۆرم و ناوەرۆکێکی ترەوە بێتەدی.

با بێینەوە لای پێشمەرگە و نووسەر یوسف ئەبولفەوز و ئەو کارە جوانەی کە لە تۆمار کردنی بارۆدۆخی منداڵاندا کردوویەتی لە سەردەمی ئەنفالدا، چ لە بنکە و بارەگاکانی حیزبی شیوعی لە ناوچەی بادینان و چ لە کاتی رێڕەوی خەڵکدا بەرەو تورکیا و ئێران و چ لە ئۆردووگاکانی ئاوارەیی لە ئێراندا کە خۆیشی لەوێ ژیاوە پاش کۆنترۆڵ کردنی هەموو کوردستان لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی ئەنفللدا. ئەڵبەتە ئەو بیر و بڕوایەی ئەم پیاوە و چەندینی تری هێناوە بۆ کوردستان و کردوونی بە پێشمەرگەی حزبی شیوعیی عیراق، یان بە ئەنسار – نەسیر بە زاراوە سیاسییەکەی حیزب و من لە گەلێ شوێنی وەرگێڕانەکەمدا بەکارم هێناوە، پاڵنەری بوو بەو شێوە مرۆڤانە هەڵسوکەوت بکات و لە گەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانی ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە بۆ رزگار کردنی منداڵە بەجێماوەکان لە خێزانەکانیان. لەو بارودۆخە سەختەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا کەوا رژێمی بەعس لە ئاخر و ئۆخری جەنگی عیراق – ئێران لە بەرەکانی جەنگەوە، پاش ئەوەی جەنگەکە بە لای بەرژەوەندیی عیراقدا کەوتبوو، هەزاران سەربازی لە سوپای عیراق و جاشی کورد ئاراستەی کوردستان کرد و هێرشیان دەکرد و گوندیان دەسووتاند و تەختی زەوییان دەکرد، بە یارمەتیی ئەو چەک و جبەخانە زەبەلاحەی کە حکوومەتی عیراق بە هاوکاریی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا و تەنانەت رۆژهەڵاتیش دەستەبەری کردبوون، هەر لە بۆردمانی فڕۆکە و تۆپباران و چەکی ترەوە بگرە تا دەگاتە بەکارهێنانی گازی کیمیایی، بێجگە لەوەش لە قۆناخەکانی پێشتری ئەنفالدا سەرجەمی ناوچەکانی تری کوردستانیان کۆنترۆڵ کردبوو. ئا لەم دۆخە سەختەدا، کە خەڵک هەموو رەوی دەکرد و ورەی بەردابوو و وەک کورد دەڵێ

برا نەیدەپەرژایە سەر برا، ئەبولفەوز و هاورێکانی فریای منداڵە پەرەوازەکان دەکەون و سەرباری کۆڵەپشت و چەکوچۆڵی قورسیان ئەمانیش دەگرنە کۆڵ و بە سەر چەم و رووبار و چیا و دۆڵی سەخت و هەڵەتدا دەیانبەن تا رادەستی کەسوکاریان دەکەنەوە. چیرۆکی هەردوو منداڵ فەوزییە و ئیوان شایەتی ئەو راستییەن کە پەیرەوی کردنی بەهای باڵای مرۆڤ لە بیر و ئایدیای دیموکراتی و مرۆڤدۆستییەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەبولفەوز و هاورێکانی، کە هەڵگری ئەو بیر و بەها مرۆڤایەتییە بەرزە بوون، بەو هەڵوێستانە مرۆڤبوونی خۆیان زیاتر سەلماندووە و بەرجەستە کردووە. تەنها چیرۆکی ئەم دوو منداڵە ئەگەر زانستیانە بکرێتە فیلم و ئەو واقیعە تاڵ و سامناکە وەک خۆی نمایش بکرێتەوە پێموایە کاریگەرترین فیلم دەبێت لە سەر ئەنفال و دڵنیام لە ئاستی جیهانیدا خەڵاتی زۆر گەورە بەدەستدێنێت. ئەبولفەوز هەر بەمە کۆڵ نادات و لە خێوەتگەکانی ئاوارەیی لە ئێراندا و لە شوێنانی تر هاورێ پێشمەرگەکانی رادەسپێرێت زانیاریی لە زاری منداڵە ئاوارە و لێقەوماوەکان خۆیان کۆبکرێتەوە کە دواجار ئەم چیرۆکە پڕ لە تاڵی و کوێرەوەریانەی لێدەردەچێت کەوا بەردیش دێننە دەنگ. راستگۆیی کاریگەریی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئەم پیاوە خۆی شایەتحاڵی تراجیدیاکانی منداڵە لە ئەنفاللدا و بە چاوی خۆی شەهید بوونی منداڵەکانی هاورێ پێشمەرگەکانی بینیوە لە کیمیابارانی بنکە و بارەگاکانیان لە زێوە و شوێنەکانی تردا لە ناوچەی بادینان، کە ئەو دەمە چالاکیی پێشمەرگایەتیی ئەم لەوێ بووە. لە ئۆردووگاکانی ئاوارەییش لە ئێران کاری لەم مەسەلەیەدا کردووە و لە زاری منداڵانی پەراگەندە و کەس و کار ئەنفالکراوەوە چەندین چیرۆکی جەرگبڕ دەگێڕێتەوە. کێ بێت لە ناخەوە نەهەژێت و ویژدانی رانەچڵەکێت بۆ سەرگەردانیی منداڵێکی تەمەن ١١ ساڵی وەک مەکی کە دایک و باوک و هەموو خێزانەکەی لەدەستداوە و لە کاتی پەڕینەوە لە زێی بادینان بەرەو تورکیا هێزەکانی رژێ عیراق ئەنفالیان دەکەن و تەنها ئەم و خوشکێکی لە خۆی منداڵتری دەرباز دەبن و ماڵێکی خێرخوا دەیانگرێتەخۆ و کاریگەرییە سایکۆلۆجییەکەشی ئەوەیە کە مەکی بە رۆژدا منداڵێکی لاسار و چەتوون و شەڕەنگێزی لێدەردەچێت کە هەموو منداڵانی ئۆردووگاکە زەلالەتیانە بەدەستییەوە و ئێوارەشی لێدێت، کاتێ کە منداڵانی تری خێوەتگەکە دەچنەوە نێو باوەشی خێزانەکانیان، ئەم خەمی بێکەسی و داماوی رووی تێدەکات و هیچ کەسێک تیماری دڵی زامدار و دەروونی شێواوی ناکات. ئەوە چ هەستێکی ئازاربەخشە کە هاوخەمیی خۆت لەگەڵ محەمەدی مێرمنداڵی دەستگێڕی جگەرە فرۆش دەربڕی و بێئەوی جگەرەکێش بیت قەرەبووی «زیانە قورسەکەی» بکەیتەوە و سێ پاکەتە جگەرە تەڕبووەکەی لێبکڕیت، لەکاتێکدا کە خۆیشت ئاوارە بیت. ئەمانە و چەندین چیرۆکی تر، کە شایستەی ئەوەن کرۆکی دەرد و کارەساتی گەلێکی ستەمدیدەی وەک کوردی پێبگەیەنێتە زۆرێک لەو دەرگا داخراوانەی ویژدانی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بێگومان کاری ئاوها پرسی ئەنفال و جینۆساید دەباتە پێشەوە و سەرنجی دەوروبەر و جیهانت بۆ رادەکێشێت، نەک وتاری پڕ لە شیرە و قیرەی زۆرێک لە بەرپرسە سیاسییەکانمان کە لە ساڵیادی ئەو بۆنانەدا خۆیان شین و مۆر دەکەنەوە بەڵام ئەوەی بەرنامە بێت نییانە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ تراجیدیای میللەتەکەیاندا.

لە یادمە و بگرە یادێکی تاڵیشە، کابرایەکی کوردی ئێران، کە لە ئیتاڵیا هونەری سینەمای دەخوێند، سیناریۆیەکی لە سەر ئەنفال نووسیبوو، بەو هیوایەی لە کوردستان، کە سەردەمێک زۆر چەور بوو و گەلێ کەس پرۆژەی ساختەیان بۆ دەهێنا بەڵکو شتێک بۆ خۆیان بماشنەوە، پارەیەکی بۆ دابین بکات و بکرێتە فیلم، خۆی گەیاندبووە لای کاربەدەستێک هاوکاریی بکات، ئەمیش لەڕاستیدا مەسەلەکەی پێخۆش بوو بەڵام سەری لێدەرنەدەچوو بۆیە ناردی بۆ لای من بەو پێیەی هەندێک هەوڵ و زانیاریم لە بواری جینۆسایدی کوردا هەیە و پاش نزیکەی مانگێک لە خوێندنەوەی، کە لە زمانی ئیتاڵییەوە کردبووی بە ئینگلیزی، ئەوجا گفتوگۆ کردن لەگەڵ سیناریستەکە و برایەکیدا کە ئەویش هەر هونەرمەند بوو، من رێکورەوان پێمسەلماند هەرچەندە من نە هونەرمەندم و نە سینەماکار، بەڵام بە هەموو پێوەرێکی تێگەیشتنم لە جینۆساید ئەمە کارێکی تۆکمە نیە و فریشی بەسەر ئەو بوارەوە نیە،

کاتێ کە بەراوردی دەکەیت لەگەڵ ئەو فیلمانەی لە سەر هۆلۆکۆست و ئەرمەن و جینۆسایدەکانی تر بەرهەمهاتوون. ماڵی ئاوابێت برادەری کاربەدەست بەقسەی کردم و بە دۆعای ئەو کابرا دەستبڕە نەیوت ئامین و یارمەتی نەدا. کەچی هەمان سیناریۆ هەر لە کوردستان و لە شارێکی تر پارەیەکی مۆڵی وەرگرت بەڵام وەک باسکرا فیلمێکی تەواو بێبایەخی لێبەرهەم هات کە هیچی لێ سەوز نەبوو. لەم وڵاتەی ئێمە هەندێ جار توێکڵ و زۆر جاریش توێکڵە مۆز، لە رووی نەزانییەوە بێت یان هەر شتێکی تر، بایەخی زیاتر پێدەدرێت لە گەوهەر و ناوەرۆک. من ئەم پیاوە ناناسم بەڵام هەرگیز ناتوانم رێز بۆ ئەم کارە ناوازەیەی دانەنێم و هەزار جار دەستخۆشیی لێنەکەم و بە شانازیشەوە ئەم کارە بەهادارەی دەکەمە کوردی. ئەوێکی بە رەگەز عەرەب، وەک نووسەر و وەک پێشمەرگە لەگەڵ هاورێکانی لە پاشخانی جیاوازی ئەتنیک و ئاینەوە بیر و ئایدیایەک کۆیکردوونەتە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی خەڵک بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی، لە هەمان کاتیشدا دەیان هەزار جاش و ناپاکی کورد لە بەرپاکردن و ئەنجامدانی هیچ تاوانێک نەدەسڵەمینەوە دژ بە رۆڵەکانی گەلەکەی خۆیان لەپێناوی پارەدا. بێگومان ئەوە هەڵوێستی دەیان و سەدان عەرەبی شەرەفمەند بوو کە لە پێناوی پیادەکردنی بەهاکانی مرۆڤایەتیدا هەڵوێستی لەم چەشنەی دەنواند. جارێ با لە سەماوە دوور نەکەوینەوە کە زێدی ئەم پیاوەیە و هەر لە سەماوە ماڵێکی عەرەبی خاوەن مروەت و پیاوەتی لە ئال عەشم ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا، تەیمووری ئەودەم منداڵی دوانزە ساڵ کە بە برینداری لە کۆمەڵکوژییەکەی خێزانە بێگوناهەکانی کورد، لە گەرمەی ئەنفالدا، لە بیابانی سەماوە دەرباز دەبێت و ئەم ماڵە داڵدەی دەدەن و ماوەی نزیکەی چوار ساڵێک دەیپارێزن تا لە دوای راپەرین رادەستی هەندێک لەو کەس و کارەی دەکەن کە لە کۆمەڵکوژی رزگاریان بووبوو. من لە کاتی سەربازیمدا و پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ماوەی زیاد لە ساڵ و نیوێک جەعفەر حوسێنی خەڵکی سەماوەم ناسی و وەک برامان لێهاتبوو، دواتر بارودۆخی ناهەمواری عیراق لێکتری دابڕین و پاش زیاتر لە بیست ساڵ بە رێکەوت لە دیمەشقی شام بە یەک شاد و شوکر بووینەوە. لە زانکۆ دوو هاورێی زۆر خۆشەویستم عەرەب بوون و لە براش زیاتر بوون بۆم، عامر عباس عۆدە کە شیوعییەکی قارەمان بوو، بەعسییەکان گرتیان و ئیعدامیان کرد و عبدالمطلب (أبو سعید الشایب) کە بوو بە پێشمەرگەی ئەنسار و لە نەبەردییەکدا شەهید بوو، بێجگە لە دەیانی تر کەوا ئەگەر جڵەوی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە دەستی ئەوان و هاوشێوەکانیاندا بوایە ژیانی خەڵک بەم بارەدا نەدەشکایەوە و هەرچەندە خەڵکە شەرەفمەندەکەی ئەم وڵاتە درێغییان لە خەبات و قوربانیدان نەکرد، بەڵام بەداخەوە نە لە کاتی دەسەڵاتی پڕ ستەمی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق و نە دوای بەعسییەکانیش چەرخی رۆژگار بە دڵی خەڵکە باشەکە نەگەڕا و بە قەولی عەرەب (تجری الریاح بما لا تشتهی السفن) و کەسانێک هاتنە سەر حازری کە کۆیان لە تاڵان و برۆ نەکرد و هێندەی تر وڵاتیان کردە وێرانە.

نووسەر وەک پێشمەرگەیەک لە ناوچەرگەی رووداوەکانی ئەنفالدا بووە و راستەوخۆ لە ناو کارەساتەکەدا بووە و ئەمیش و پێشمەرگەکانی هاورێی شان بە شانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ناوچەی بادیناندا باڵادەست بوون لەم دەڤەرە، لێرە و لەوێ بەرگرییان کردووە و لە هەندێ شوێن بە شەڕ رێگەی دەربازبوونیان بۆ هەزاران خەڵکی ئاوارە کردووەتەوە کە بەرەو تورکیا دەرباز بن، چونکە هێزە بێشومارەکانی رژێم هەموو رێگە و دەرە و شیوی دەربازبوونیان گرتبوو، بە چاوساغیی جاشە زۆر و زەوەندەکانی ناوچەکە و بە ئامانجی دەستگیرکردنی گەورەترین ژمارەی خەڵک. نووسەر لە گەرماوگەرمی رووداوەکانی ئەنفالدا، کە بە تەواوەتی هەندێک لایەنی ئەنفال و جینۆسایدی کورد روون نەبووبۆوە بۆیە لە هەندێک رووەوە بە وردی لە باسەکە نادوێت، کاتێ کە هێرشی هێزەکانی رژێم بە جۆرێک باس دەکات کە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان بەسەر یەکەوە بووە و هەزاران دیل و کوژراوی لێکەوتووەتەوە لە شوێنی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەدا. راستییەکەی ئەنفال ئۆپەراسیۆنێکی پێشتر پلان

بۆداڕێژراو بوو، کە ئایدیا و پاڵنەرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دوورتر و تەنانەت پێش ڕژێمی بەعسیش و پێشینەی مێژوویی مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و وردە وردە گەلاڵە بوون و پەرەسەندنی بیرۆکەکە لە هزر و هۆشی شۆڤێنێتی نەتەوەی باڵادەستدا، لە کەش و دۆخی نەبوونی یان لاوازیی دیموکراتییەت لە عیراقدا، بە هەردوو سەردەمی مەلەکی و کۆمارییەوە. دواتر لە سەردەمی حوکمی بەعسدا، وەک حیزبێکی نەتەوەپەرستی توندڕەوی دێماگۆگی لە لایەکەوە و شێلگیر بوونی خەبات و تێکۆشانی مێژوویی ڕەوای گەلی کورد لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای هەندێ هەڵەی کوشندەیشی لە قۆناخە جیاوازەکانی خەباتی نەتەوەییدا.

ڕژێمی بەعس لە پاش پشتیوانییەکی زۆری نێودەوڵەتی و وڵاتانی عەرەب و بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو، لە جەنگە هەشت ساڵییەکەیدا لە گەڵ ئێران، کە لە دوا قۆناخیدا تاڕادەیەک لە بەرژەوەندیی ڕژێمی عیراق شکایەوە و بەو کۆمەکییە گەورەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت ئەمریکا، ئێرانی تێدا لاواز بوو و بە ناچاری ملیدا بە وەستاندنی جەنگەکە. ئەمە وای لە ڕژێم کرد ملهوڕانە لەگەڵ کورد بجووڵێتەوە و پلانە جینۆسایدییەکەی تەواو بخاتەوەگەڕ، کەوا جەنگەکەی لەگەڵ ئێران پەکیخستبوو، بە تایبەتتریش لە ساڵی ١٩٨٧ەوە کە ئیتر جەنگەکە بەرەو ئەوە دەچوو لە بەرژەوەندیی ئەم کۆتایی بێت و شێلگیرانە کەوتە ڕاگواستنی ئەو گوندانەی کە دەسەڵاتی بەسەردا دەشکا و نیشتەجێ کردنی دانیشتوانەکەی لە ئۆردووگا یان کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا کە ساڵانی پێشتر دروستی کردبوون و گوندەکانی ئەو ناوچانەی بۆ ڕادەگواستن کە بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوون، بەو گوندانەشەوە کە ماڵی جاشەکانی خۆیی تێدابوون. ئەو گوندانەی لە شوێنە سەختەکان و لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون و تا ساڵی ١٩٨٧ دانەگیرابوون بۆ ئۆردووگاکان لە دیدی ڕژێمی عیراقەوە بە «ناوچەی قەدەغەکراو – المناطق المحظورە» دانران و لە ڕوانگەی هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە بە «ناوچەی ڕزگارکراو» لەقەڵەمدران. هەر لەو ساڵەدا بەعسییەکان بڕیاریان دا ئەو شوێنانە لەسەر نەخشە بسڕنەوە و گوندەکانی و سەرجەم ژینگەکەی بە تەواوی خاپوور و وێران بکەن و خەڵکەکەی لەناوبەرن و هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان و پێشمەرگەی لێدەرپەڕێنن و بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەستەواژەی «پانکردنەوەی سەری مارەکە» یان بەکارهێنا، کە ئەمە لێکچوونێکی تێدایە لەگەڵ نەخشە و پلانی نازییەکانی ئەڵمانیادا کە ساڵی ١٩٤٢ لە کۆنفرانسێکیاندا بڕیاری لەناوبردنی جوولەکەکانی ئەورووپایان دا بۆ چارەسەری مەسەلەکەیان و دەستەواژەی «چارەسەری کۆتا «Final Solution بۆ ئەم مەبەستە بەکارهات و پلانی تۆکمە و بەرفراوان کەمپی کۆکردنەوە و لەناوبردن و کوورەی سووتاندنیان بۆ ئامادە کردن، لەژێر پەردەی جەنگی جیهانیی دووەمدا.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش مێژووونووسی جوولەکەی ئەڵمانی ڕاوڵ هیلبێرگ لە کتێبەکەیدا »تێکشکاندنی جوولەکەکانی ئەورووپا Destruction of the «Europian Jewsباس لە سێ قۆناخی سەرەکی دەکات کە بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەکی جینۆساید پێویستە، یەکەم دەستنیشان کردنی گرووپ، دووەم پاکۆدان یان گرتنی گرووپ، سێیەمیش لەناوبردنی گرووپ، کە هەر سێ قۆناخەکە لە ئەنفالدا بە تەواوی بەرجەستە بوو. ئەمیش بیگومان وەک زۆرێک لە جینۆسایدەکانی دنیا لە ژێر پەردەی درۆ و نکووڵی کردن و زمانی شیرین euphemism و پاکۆدانی خەڵکەکە بە ناوی بردنیان بۆ کۆمەڵگا نیشتەجێکان و پاشان بەندکردنیان لە سەنتەرەکانی پرۆسێسە و جیاکردنەوەی گەنج لە پیر و ژن و منداڵ لە پیاو، لە سەنتەرە کاتی و سەرەکییەکانی قۆرەتوو، قادر کەرەم، چەمچەماڵ، خورماتوو، تەقتەق، دووبز، تۆپزاوا، قەڵای نزارکێ، سەلامییە و چەندین شوێنی تر. پاشان ڕەوانە کردنی تێکەڵەیەک لە پیر (بە زۆری) و ژن و منداڵ و دوای شەش مانگێک بەردانیان پاش ئەوەی نیوەیان بە تینوێتی و برسێتی و نەخۆشی و ئەشکەنجەدان مردن. لایەنە سەربازییەکەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال نزیکەی حەوت مانگی ساڵی ١٩٨٨ی خایاند، بە هەشت قۆناخ و دەسپێکی هەر قۆناخێکی بە بۆردمانی گازی کیمیایی

دەکرد بۆ کوشــتن و ترســاندنی خەڵکە گوندنشــینەکە و بێگومان پێشــمەرگەش، کە لەگەڵ گازی کیمیاییدا هیچیان پێنەدەکرا. قۆنـاخی یەکەم هێرش کردن بوو بۆ ســـەر ناوچەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ســـەرگەڵوو، بەرگەڵوو، لەگەڵ دۆڵی جافەتی و حەوزی دەریاچەی دووکان و دەوروبەری لە ٢٣ی شـوبات – ١٩ی مارت و چەندین شــوێن بە گازی کیمیایی لێدرا، قۆناخی دووەم قەرەداخ ٢٢ی مارت – ١ی نیســان و تێیدا گوندی ســـێوســـێنان و چەند شـــوێنیکی تر بەر گازی کیمیایی کەوتن، قۆنـاخی ســـێهەم نـاوچەی گەرمیـان ٧ – ٢٠ی نیسان کە تێیدا گوندی تازەشار بە گازی کیمیایی لێدرا و گەورەترین زیـانی گیـانیی ئەنفـال لەم نـاوچەیە بوو، قۆناخی چوارەم ناوچەکانی شوان و قەڵاسێوکە و کۆیە و تەقتەق و دەوروبەریان ٣ – ٨ی مایس کە تێیدا بە سەختی لە گونـدی گۆپتەپە درا بە گـازی کیمیـایی، قۆنـاخەکـانی پێنج و شـــەش و حەوت دۆڵ و چیاکـانی نـاوچەکـانی شـــەقڵاوە و ڕەواندزی گرتەوە ١٥ی مـایس – ٢٥ ئـاب، قۆنـاخی هەشـــتەم ئەنفـالی کۆتـایی ٢٥ی ئـاب – ٦ی ئەیلوول.

ئەوەی کە نووســـەر باســـی دەکات و خۆی تێیدا ژیاوە و شایەتحاڵی تراجیدیای ڕەوکردنی خەڵکەکە ئاوارەکە بووە بەرەو تورکیا بەزۆری و پاشـــانیش لە ناو تورکیاوە بۆ ئێران. ئەم قۆنـاخەی ئەنفـالە کە لە نـاوچەی بـادینـانـدا ئەنجامدرا و پاش کۆکردنەوە و مۆڵدانی هێزێکی لەژمارە نەهاتووی ســوپای عێراق و جاش و خۆئامادەکردنیان بۆ هێرش و پەلامـاردان لە هەموو لایەکەوە، ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی ئـاب بـارەگـای پـارتی لە زێوە بە چەکی کیمیـایی بۆرمان کرا و زیـانی گیـانیی بەرچاوی لێکەوتەوە و هەر لێرەش بنکەی حیزبی شـیوعی ســاڵێک پێشــتر بە گازی کیمیایی لێدرابوو وەک نووسەر دەیگێڕێتەوە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی ئابیشـــدا زیاد لە ســـی گوندی هەردوو دیوی چیـای گـارە بە چەکی کیمیـایی و کۆکتێلی گازی خەردەل و ســـیانید و دەمارەگاز بۆردمان کرا و ژمارەیەکی زۆر شــەهید و بریندای لێکەوتەوە و هەندێک لە نـاوی گونـدەکـان ئەمـانەن: بـاوەڕکا کەڤری، دهۆکێ، مێرگەتوی، هەڤنتکـا، پیروزانـا، دێرەشـــێ، مژێ، کەڤنەمژێ، سپیندار خەلفۆ، گێرگاشێ، گەرەگو، گۆهەرز، زێوەشـــکـان، بەلویتێ، گویزێ، زارکێ، ڕەزویکێ، سـارکێ، ردێنیا، شـێرانە، ئێکماڵە، سـپیندار، ئاڤۆک، سواری و چەند گوندێکی تر. بێجگە لە گوندەکانی برجین لای زاویتە و وەرمێلێ و ســـپیدارۆک لە نزیک خابوور و چەندینی تریش لەو دەوروبەرە، کە هەندێک ســـەرچاوە دەیگەیەنێتە نزیکەی پەنجا گوند.

بێگومـان ئەم بۆردمـانە خەســـتە بە چەکی کیمیـایی و بەکـارهێنـانی چەکی قورســـی تۆپخـانە و راجیمە و پێشـــڕەویی ئەو ژمارە زۆرەی هێزی ســـوپا و جاش بە جارێ ورەی خەڵک و پێشمەرگەشی ڕووخاند و لە هەموو لایەکەوە ئاپۆرەی خەڵکی ئاوارە ماڵ و حاڵیان بەجێهێشت و بە ســـەڵتی بەرەو ســـنوورەکانی تورکیا هەڵاتن، کە لەوێوە نزیـک بوو. ئەڵبەتە بێجگە لەو کەســـانەی کە لە بۆردمانی کیمیایی و تۆپخانە و راجیمەدا شـــەهید بوون، ئەودوای خەڵکەکە کە لە دەســـت هێزەکـانی حکوومەتی عیراق دەرباز نەبوون و دەسگیر کران دەسبەجێ هەر لەو شــوێنەدا نەکوژران، بەڵکو ڕاپێچی قەڵا ســەربازییەکەی نزارکێ کران لە نزیـک شـــاری دهۆکەوە (کە ئێســـتا کەوتووەتە ناو شـارەوە) و ئەم قەڵایە لە چەشـنی چەندین قەڵای سـەربازییە کە حکوومەتی عیراق لە سـاڵانی کۆتایی حەفتاکان و سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابوردوودا لە سـەر سـتایلی سـۆڤیێتی جاران دروسـتی کردبوو، لێرە خەڵکە دەســـتبەســـەرەکە وەک قۆناخەکانی تری ئەنفال پرۆسـێســەی جیاکردنەوە کران و دواتر بێســەروشــوێن کران. تاقە یەک شــوێن لەم پرۆســەیە بەدەر بوو ئەویش گیراوەکانی گوندی کورێمێ نزیکی مانگێش بوو، لە ٢٨ / ٨ / ١٩٨٨ دا، کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو و نەیانتوانی لە دەســـت هێزەکان دەرباز بن و هەر لەلای گوندەکەدا هەموویان دانە بەر ڕێژنەی گوللە و شـــەهیدیان کردن و تەنها شــەش کەســیان لێدەرباز بوو کە لە ژێر تەرمەکاندا خۆیان شاردبووەوە و بە ڕێکەوت بەر فیشەک نەکەوتبوون یان بە سووکی بریندار بووبوون.

**تێبینی:** (ئەم زانیاریانە لە کتێبەکەی هیومان رایتس وۆچ/ میدڵ ئیست وۆچ: جینۆساید لە عیراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد وەرگیراون). محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

**بازنەی ویژدانە زیندووەکان لە فراوانبووندایە!**

بەپەرۆشـــییەکی زۆر و بەئازارەوە دەســـتنووســـەکەی نووسـەری عیراقیی هاوڕێم یوسـف ئەبولفەوزم خوێندەوە لە سـەر ناسـکترین قۆناخێک کەوا گەلی کوردسـتان پێیدا تێدەپەڕێت لە مێژووی نوێیدا و لە بەرەنگاریی سـتەمێکدا کە کەرەستە و ئامێرگەلێکی بەرهەمهاتووی سەدەی بیستە بەڵام ئەقڵ و ئایدیۆلۆجیای ســـەدەکانی ناوەڕاســـت بەڕێوەیدەبات.

وێنەکانی «منداڵانی ئەنفال» چنگیان لە قووڵایی رۆح گیرکردووە .. ئاوڕێکن لە ژیانی میللەتێک بەرژەوەندی بەشبەشی کردووە بێئەوەی پرسیار بکات .. ئەمە چیرۆکی خاکێکی بەخشـــندەیە و لە خاوەنی زەوتکراوە وەک زەوتکردنی خەرمـانی جووتیـارە هەژارەکـان و خوێن لەبەرچوونی نیشـــتمانێکە زامەکانی رووبەری مێژوویان داپۆشـــیوە. ئەوەی ســـەرنجم رادەکێشـــێت بایەخی بەڵگەنامەیی ئەم دەقەیە، بێئەوەی بچمە نێو هەڵسەنگاندنی ئەو شێوازی هونەرییەی نووسەرەکەی هەڵیبژاردووە و ئەو وشـــە و دەســـتەواژانەی هەلومەرجی مێژوویی و قەناعەتە ســـیاســـییەکانی هێناویتیە ئاراوە. ئەمە شـــایەتینامەیەکی تێکۆشـــەرێکی عەرەبە کەوا نیازپاکی و ئەقڵی کراوەی و رۆشـــنبیریی مرۆڤدۆســـتانەی هانیداوە بۆ تێگەیشـــتن لە کۆمەڵە مرۆڤێکی تر کە چارەنووس وایکردووە نەچێتەوە ســـەر کۆمەڵەکەی ئەم نە لە زمان و نە لە رەگەزدا، بەڵکو پێکەوە ئەو دیواربەندییە پڕ لە مۆزایکە ســـەرســـامکەرە دەڕازێننەوە کە پێیدەڵێین ژیان. کارێکی ئاســـان نیە بۆ رۆشنبیرانی جیهانی سێ زاڵبن بە سەر ئەو فەرهەنگەدا کە لە سیستەمی خێڵەکی و باوکسالاریی ملهوڕانە بە میرات ماوەتەوە و هەمیشـــە رەهەندەکەی تر و حەقیقەتەکەی تر دەداتە دواوە. هەر لە ســـۆنگەی ئەم واقیعەوە ئەوەی کە ئیســـماعیل بێشـــکچی و جەواهیری و هادی عەلەوی و ئەوانیتر کردوویانە کارێکی نائاســـاییە و ســـووتاندنی مەودا پڕ شـــەکەت و تـاقەتپڕووکێنەکـانە و بگرە نەشـتەرگەرییەکی بوێرانەشـە لە سـەر جەسـتەی زەمەن و سەردەم. ئەمان دەرفەت بۆ ئەوە دەقۆزنەوە کە گوزارش لە مرۆڤایەتیی خۆیان و جوانترین خەسـڵەتەکانی گەلەکانیان بکەن، چونکە بەرگری کردن لە خود (لە سەر ئاستی تاک و کۆ) پەرچەکردارێکی خۆڕسکانەیە و بەتەنها تایبەت نیە بە مرۆڤ، بەڵام داکۆکی کردن «لەویتر» بە تەنها کاری هەندێک لە مرۆڤەکانە. ئەوەتا بازنەی ویژدانە رابووەکان تادێت فراوانتر دەبێت و خەریکە وایلێدێت ببێتە کتێبێک ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەش لەخۆبگرێت کە بێئاگا بوون لێی بۆ نەخشـــەکێشـــانی ئازادی بۆ هەمووان، چونکە ئازادی بنەمایە و ئەوانیتر نامۆن.

عەبدوڵا پەشێو
هیلسنکی
٢٢ / ٩ / ٢٠٠١

وەک خۆی

...من حەزم لە حەکایەت و چیرۆکی بچووک بچووکە و پرســـیاری زۆرم هەیە، بۆ نموونە منداڵانی کوردســـتان چۆن دەژین؟ ئێستا چی دەخۆن و ئاخۆ یاریی منداڵانەیان هەیە یان نە؟ من و بەسسامی برام دەزانین چ فاشییەتێک لە عیراقدا هەیە، دایکم زۆر باسی ئەوەمان بۆ دەکات، من خۆیشم ئەوە دەزانم و هیچ کەسێک لە (ئیڤانۆڤا)٢ یان لە عیراق و ئێران سەددام حوسێنیان خۆشناوێت. تۆ بۆمان بنووســـە. بۆ هەموو منداڵان، بۆ هەموو خەڵکە باشـــەکە، بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە خێزانیان نیە، ئاخۆ جەنگ چی لێکردین؟ ئەی ئەو منـداڵانەی مـاڵ و خێزانیـان نیە چۆن دەژین؟ ئێمە لە ئیڤانۆڤادا هەر منداڵە و چیرۆک و بەســـەرهاتی ســـەختی خۆی هەیە و زۆرێک لە منداڵەکانی لای ئێمە بێ خێزانن. ئەڵبەتە ئەمە کرداری فاشـــییەتە...

## سۆزان ستار عیناد

(تەمەن ١١ ســـاڵ)- قوتـابییەکی عیراقی لە قوتـابخـانەی ئیڤـانۆڤـا- لە نزیکی مۆســـکۆ- رووســـیـای فیـدراڵ تەمووزی ١٩٨٩

**پێش ئەوەی دەست پێبکەین**

عیراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و ئاین و مەزهەب و ئاڕاســـتەی ســـیاســـییە و وەک ئەو نەتەوانەی تریش کە نیشـــتەجێی عیراقن، نەتەوەی کوردیش کە ژمارەی زیاد لە پێنج ملیۆن هاوڵاتییە و بەزۆری لە هەرێمی کوردســـتان لە باکووری عیراق دەژین، گرفتاری زۆرێک لە ستەم و بێبەشبوون لە مـافەکـانیـان هـاتوون، بە راگواســـتن و کوشـــتنی

بەکۆمەڵیشەوە، لە ژێر سایەی حکوومەت و سیستەمە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا کە جڵەوی دەسەڵاتیان لە بەغدا گرتبووەدەست، بەڵام حکوومەتی حیزبی بەعسی عیراقی کە لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ دا، بە کوودەتایەکی سەربازی و پیلانی هەندێک لە بازنەکانی دەرەوە، گەیشتە دەسەڵات هەموو سەردەمەکانی پێشووی خۆیی تێپەڕاند لە هەوڵدانیدا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد و قڕکردنی. ئەڵبەتە گەلی کورد بە سەربەرزییەوە بەرەورووی گشت کردەوە سەربازییە دوژمنکارانەکان بووەوە کە حکوومەتە شۆڤێنییەکان ئەنجامیاندا، لە ساڵەکانی ١٩٦١، ١٩٦٣، ١٩٦٤ و ١٩٧٠. کوردستان گرفتاری سیاسەتی بە بەعسی کردنی زۆرەملێ بووەوە، هەروەها سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی کە حکوومەتی بەعسی عیراق پیادەی دەکرد و ترۆپکی گەیشتە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی دژ بە گوندنشینە بێدیفاعەکان، بەتایبەتی پاش پەرەسەندنی بەرەنگاریی چەکدارانەی گەلی کورد و پێکهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە[٣] لەلایەن هێزە سیاسییە نیشتمانییە عیراقییەکانەوە کە بەرهەڵستیی سیاسەتەکانی ڕژێمی دیکتاتۆرییان دەکرد. دام و دەزگاکانی ڕژێمی شۆڤێنیی سەرکوتکەر مامەڵەی دڕندە و دزێوی بەرەو هەڵکشان برد تا ئاستی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ وەک دەربڕینێک بۆ دڕندەیەتی و دڵڕەقیی دەستە و تاقمی حوکمڕانیی دکتاتۆر سەددام حوسێن.

لە پاش هەشت ساڵ جەنگی خوێناویی، کەوا ڕژێمی دیکتاتۆریی سەددام حوسێن گەلەکەمانی تووش کرد لەگەڵ ئێرانی دەراوسێدا و پاش زیاتر لە ملیۆنێک کوژراو و لای کەمی زیانی چوارسەد ملیار دۆلار، بە پێی زۆرێک لە ئامارە جیهانییە جاڕدراوەکان. هەر کە دەنگی تۆپەکان کپ بوون و بەرەکانی جەنگی «دەروازەی ڕۆژهەڵات» هێور بوونەوە، کە ڕژێم خۆی کردبوو بە داکۆکیکار لێی و پاش ئەوەی ئێران لە ٨ی ئابی ١٩٨٨ دا بە فەرمی جاڕی ڕەزامەندیی دا لە سەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی ژمارە ٥٨٩ و ڕۆژی ٢٠ / ٨ / ١٩٨٨ی دیاری کرد بۆ ئاگربەس، وای لە تاوانباری جەنگ و جەنەراڵی ساختە، دیکتاتۆر سەددام حوسێن و دەستە و تاقمە فاشییەکەی کرد هەل و دەرفەت بقۆزنەوە بۆ فراوان کردنی جوغزی شەڕی ناوخۆ کە هەرگیز هیچ ڕۆژێک نەوەستابوو، بەڵکو هەڵاوبگری جەنگ لەگەڵ ئێراندا داپۆشیبوو، بۆ ئەوەی دوا تۆڵە بکاتەوە بە خەیاڵی خۆی لە «ئاژاوە و پشێوی بەرپاکەران و دوا پاکتاوی هەق و حەساوی خۆی لەگەڵ تێکدەران یەکلا بکاتەوە»!! وەک جاڕدانی ڕاگەیاندنەکەی دووپاتی دەکردەوە کە «ئاژاوەگێڕان» بێزار و وەڕسیان کردووە بە چالاکیی سیاسی و پێشمەرگایەتییان. لەبەرئەوە هێزی قەبەی لە بەرەکانی جەنگەوە ئاڕاستەی کوردستان کرد و دوای ماوەیەکی کەم تێپەڕبوون بە سەر کوشتاری شاری هەڵەبجەدا، وەک دزێوترین تاوان لە مێژوودا، کە لە ١٦ / ٣ / ١٩٨٨دا فڕۆکەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری هێرشیان کردە سەر ئەم شارە جوان و ئارامە و گازی ژەهراوی و مادەی سیانیدی بەکارهێنا و بوو بە هۆی کوشتنی زیاد لە پێنج هەزار هاووڵاتی و بریندار بوونی هەزارانی تر لە منداڵ و پیر و ژن و ئاوارەبوونی ئەودوای خەڵکی شارەکە. هەروەها هێزی زیاتری سەربازی ئاڕاستەی کوردستان کرد، چونکە یەکە سەربازییەکانی لە کوردستاندا بەرەورووی بەرهەڵستی و بەرەنگاری بوونەوە لە هێرشە یەک لە دوای یەکەکاندا و بە تایبەتی لە دەڤەرەکانی سلێمانی و هەولێردا و لە سیاقی هەڵکشانی جەنگی شۆڤێنیانەی دژ بە گەلی کورد، کە شێلگیرانە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ەوە دەستی پێکرد و بە شێوازێکی دیماگۆگیانە حکوومەتی فاشی ناوی «ئەنفالی» لەم هێرش و پەلامارانە نا کە ناوێکی ئاینیی سوورەتێکی قورئانە و موسڵمانە بەراییەکان لە جەنگەکانیاندا لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا بەکاریاندەهێنا.

لە ٢٨ی ئابی ١٩٨٨دا و پاش خۆئامادەکردنێکی چڕوپڕ و لە گورخواردنەوەیەکی نوێی هێرش و پەلامارەکانی کۆمەڵکوژیی «ئەنفال»ی بەدناودا، هێزگەلێک کە پێکهاتبوون لە دەیان هەزار بەکرێگیراوی جاش[٤] و سێ فەیلەقی سەربازیی سوپای عیراقی پڕچەک بە چەکی نوێی جۆراوجۆر، بە چەکی کیمیاییشەوە، ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەرفراوانیان دەستپێکرد و تەواوی گوندەکانی سەر بە قەزاکانی زاخۆ و ئامێدی (لە پارێزگای دهۆک) و شێخان و ئاکرێ (لە پارێزگای مووسڵ) و چەندین ناوچەی

بەرفراوان لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێری گرتەوە و هەموو ئاسەوارێکی ژیانی لەناوبرد بە وێران کردن و سووتاندنی گوندەکان و تەواوی رەز و باخ و کانیاو و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە دزێوترین شێوە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە قەدەغە بوو. (تێبینی: لێرەدا تێکەڵ و پێکەڵێیەک هەیە لە قۆناخبەندیی هێرش و پەلامارەکانی ئەنفالدا کە تێکڕا هەشت قۆناخ بووە و ئەمە نووسەر لێرەدا باسی دەکات قۆناخی هەشتەمی بادینانە کە بە ئەنفالی کۆتایی «خاتمه الأنفال» ناسراوە و راستییەکەی لە ٢٥ی ئابی ئەو ساڵەدا دەستی پێکرد و ئەو دەمە دێهاتی سلێمانی و هەولێر بەتەواوی وێران کرابوون _ وەرگێڕ).

لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا سەددامی دیکتاتۆر «سەرکەوتنیکی مەزنی» بەدەستهێنا لە شەڕەکەیدا دژ بە ژن و منداڵ و پیر و زیاد لە چوار هەزار گوند و شارۆچکەی رووخاند و زۆربەی دانیشتوانی ناچار کرد لە ئۆردووگای زۆرەملێدا نیشتەجێ بین. بێجگە لە چەندین هەزار دیل و کوژراو و بریندار. )لێرەشدا دیسانەوە هەندێک هەڵە و درشتبینی هەیە کە بەسەرهاتی راستەقینەی ئەنفال وا ناڵێت و ئەوە لە ساڵانی ١٩٨٧ و پێشتر بوو کە لە کۆمەڵگا یان ئۆردووگای زۆرەملێدا خەڵک لە گوندەکانەوە دادەگیران و لەو شوێنانە نیشتەجێ دەکران. بەڵام لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە ١٩٨٨دا خەڵکەکە پاکۆدران و لە بادینان، کە لێرەدا مەبەستی نووسەرە، برانە قەڵای نزارکێ لە دهۆک و پاشان زۆربەیان بێسەروشوێن کران و لە قۆناخەکانی تری ئەنفالیشدا هەر ئەم کارە کرا. کە لێرەدا بواری شیکردنەوەی نیە. نووسەر هەرچەندە پێشمەرگەیەکی قارەمانی حیزبی شیوعی بووە و خۆی شایەتحاڵی رووداوەکانی ئەو کاتە بووە، بەڵام ئەم یادەوەرییەی لە ساڵی ١٩٨٩دا نووسیوە و دیارە ئەو دەمە تەواوی کەین و بەینەکانی نهێنییەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد تەواو روون نەبووبووەوە _ وەرگێڕ).

لە گەرمەی درندەیی رژێمی فاشیی عیراقدا زیاد لە سەد هەزار هاووڵاتی بۆ پاراستنی گیانی خۆیان هیچ چارێکیان نەما بێجگە لە جێهێشتنی ماڵ و حاڵی خۆیان و پەنابردنە بەر تورکیا و ئێران لە بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناهەمواردا. ئەم ساڵاوی قڕکردنە چەند هەفتەیەکی کەمی خایاند کەوا گەلی کورد تێیدا کارەساتێکی ترسناکی بەسەرهات و چووە تۆماری مارشاڵی ساختەوە لە جەنگە شۆڤێنییەکەیدا بۆ لەناوبردنی گەلی کورد و یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا. چەند هەفتەیەک و هەموو هاووڵاتییەکی کورد کارەساتی خۆی و کارەساتی گەلەکەی تێدا تاقیکردەوە، لە وێنە و رووداوگەلێکدا کە لە کەش و باری ئەفسانە و خورافاتی پێش مێژوو دەچن ئەگەر بێت و هەموویان کۆبکرێنەوە و بخرێنە بەردەمی رای گشتی.

من لەوێ بووم، لە خاکی کوردستانی ئازیزدا، لەگەڵ هاوڕێ جەنگاوەرەکانم لە پێشمەرگەی ئەنساردا، ئەنساری حیزب شیوعي عیراق، لە ناوجەرگەی رووداوەکاندا، لە نێو کەش و ژینگەی بەرەنگاری و مەرگ و برسێتی و تینوێتیدا. من لەوێ بووم، لەگەڵ خەڵکە سادە و ساکارەکەدا، بەشێک بووم لە کارەسات و تراجیدیاکە و یەکێکیش بووم لە قوربانییەکانی.

من لەوێ بووم، لەگەڵ هەمووواندا شایەتحاڵی گەلێک لە فەسڵەکانی تاوانی دیکتاتۆر و رژێمە شۆڤێنی و فاشییەکەی بووم و بە چاوی خۆم بینیم چی بەسەر رۆڵەکانی گەلی کورددا هات. لێرەدا هەوڵدەدەم، لە رێگەی ئەم لاپەڕانەوە، هەندێک لەوەی روویدا تۆمار بکەم و لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە کە ئەویش: منداڵانی کوردە!

ئازیزم سۆزان ستار عیناد، مایەی داخە ئەم چیرۆکانەی دڵڕەقیت بۆ دەگێڕمەوە لەجیاتی حیکایەت و چیرۆکەکانی سندباد یان عەلادین و چرای جادوویی و پاساویشم بۆ ئەوە تۆ خۆت لە نامەکەتدا داوایەکی وات لێکردبووم! من تەنها ئەوە نانووسم کە بە چاوی خۆم دیومە و لە دەفتەرەکانمدا تۆمارم کردوون، چونکە شایەتیی من و شایەتیی هەزاران ژن و پیاو، جەنگاوەران و خوێندکاران و جووتیاران ئەو راستییە سامناکانە بەرجەستە ناکەن وەک شایەتیی منداڵان خۆیان بە مۆرکی راستگۆیی و بێگوناهی و هەستکردن بە ترس و سامەوە!

دەفتەر و کاغەزم هەڵگرت و رووم کردە منداڵان و هەروەها چەند پێشمەرگەیەکی قارەمان بۆ ئەوەی ببنە هاوکارم.
پێشمەرگە ئەنسارەکان: لە نێو ئەو پێشمەرگانەدا دەستنیشان کران کە پاش ئەزموون و ململانێی سەختی ئەفسانە ئاسا هەرچۆنێک بووە توانیویانە بگەنە ئێران و قسە و باسەکانیان لێرەدا گێڕانەوەی لایەنێک لە کارەساتەکەیە و دەستنیشان کردنیان بە گوێرەی پەیوەندییان بووە بە هەندێک لە رووداوەکانەوە و بەتایبەتی ئەوەی لە زمانی هەندێک لە منداڵەکانەوە گێڕراوەتەوە.
منداڵان: بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە نێو منداڵە کوردە ئاوارەکانی ئۆردووگای شاری خۆی لە ئێران. لێرەدا وەڵامەکانیان دەنووسمەوە بێئەوەی پرسیاریان ئاراستە بکەم و بە بڕوای من خوێنەر لای گران نییە بزانێت کە پرسیارەکان چ جۆرێکن.

**پێشمەرگەکانی ئەنسار: شتێکمان نەکردووە ئەوە نەبێت کە دەگونجێت لەگەڵ بیر و باوەڕماندا!**

چیرۆک و بەسەرهاتی فەوزییەی منداڵ

•هاوڕێ بۆتان بۆی گێڕامەوە:
لە کاتی پاشەکشێماندا بەرەو سنووری تورکیا، لە دوای ئەو شەڕەی لە نێوان پێشمەرگەی ئەنسار و هێزەکانی دەسەڵاتدا لە گوندی سۆری بەرپابوو. ئێمە بە دەم شەڕەوە لە رووباری ئاڤاشین٥ پەڕینەوە و بە رێگە و رجەی زۆر سەختدا تێپەڕین کە کەس پێیدا تێنەپەڕیبوو. بۆ ئەوەی خۆ بپارێزین لە بەریەککەوتن و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵاتی فاشیدا کە لە هەموو شوێنێک بڵاوبووبوونەوە. ئێمە هیچ رێبیشاندەرێکمان لەگەڵ نەبوو و مەفرەزەیەکی گەورەی پێشمەرگە بووین و ژمارەیەکی زۆری خێزانیش یاوەرییان دەکردین و لە ژێر پارێزگاریی ئێمەدا بوون. لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەدا گەیشتینە گوندی هێرباش و لەبەر ئەوەی زۆر شەکەت و ماندوو بووین بڕیارماندا ماوەیەکی باش بۆ حەوانەوە لابدەین و لەوکاتەدا هەندێک لە پێشمەرگەکان کچە منداڵێکیان لەسەر کانی و ئاوەکە دۆزییەوە و دەرکەوت ئەو ترس و شڵەژانەی باڵی بەسەر خەڵکدا کێشابوو وای لەو خێزانە کردبوو ئاگایان لەو منداڵە بچووکەیان نەبووبێت کە خەو بردبوویەوە.

ئێمە کەوتینە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتر کە چۆن ئەم منداڵە لەگەڵ خۆ ببەین لەکاتێکدا کە هیچ ولاخێکمان پێ نیە و رێگە دوورودرێژ و سەخت و پڕ ئاستەنگی و هەڵەتە و پڕە لە ئەگەری مەترسی و هەموو پێشمەرگەکانیش ماندوون و چەک و چۆڵی قورسیان پێیە. لەبەرئەوە من پێشنیازم کرد کە خۆبەخشانە هەڵیدەگرم و داوام لە هاوڕێیان کرد یارمەتیم بدەن و ناوبەناو کۆڵەپشت و تفەنگەکەم بۆ هەڵبگرن ئەگەر مەترسی لەئارادا نەبوو. ئەو شەوە لە هێرباش ماینەوە و منداڵەکە بەئارامی خەوی لێکەوتبوو، نە بە هاتنی ئێمەی دەزانی و نە بەوەش کە لە دەوروبەریدا دەگوزەرا. لە تاریک و روونی بەرەبەیاندا کەوتینەڕێ و منداڵەکە بە کۆڵی منەوە هێشتا هەر خەوتبوو. ئەوجا دەمەوبەیان لە خەو هەڵسا و خۆی لەنێو چەند دەموچاوێکی نامۆدا بینییەوە کە پێشتر نەیبینیبوون و زۆر ترسا و کەوتە گریانێکی بەکوڵ و بە هەزار حاڵ توانیم ژیری بکەمەوە و بێدەنگ بێت. منداڵەکە ناوی فەوزییە تاژدین و خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی زێبار بوو و تەمەنی نزیکەی شەش ساڵ دەبوو. زۆر شەرمن و لاواز و باڵا بەرز بوو، وردە وردە خەریک بوو هۆگرم ببێت و کەوتە باسکردنی خێزانەکەی بۆم بەڵام هێشتا هەر لە پێشمەرگەکانی تر دەترسا. ئێمە بێ وچان هەر دەڕۆیشتین و منداڵەکەش هەر بەکۆڵمەوە بوو. رێگەوبانەکان زۆر سەخت بوون و لای نیوەڕۆ فڕۆکە هات و بەدواماندا دەگەڕا و کەوتە پشکنینی ئەو رێگە و شوێنانەی ئەگەری پێدا رۆیشتن و خۆشاردنەوەی ئێمەی لێدەکرا. ئێمە لای گوندی وەرەخەر (وەرەخەل _ و) تا دەمەو عەسر خۆمان شاردەوە و لەم ماوەیەدا فەوزییە کەوتە ئەوەی زیاتر لێمان دڵنیابێت و دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ پێشمەرگەکانی تردا و پرسیار کردنی ناوەکانیان. پاشان لای دواینیوەڕۆیەکی درەنگ کەوتینەڕێ بەرەو سنووری تورکیا. ئێمە بە هەورازێکی شاخاویی سەختدا سەردەکەوتین و وا رێککەوت کە لە یەک کات و یەک شوێندا لە سەر لووتکەی چیاکە و لە پێشبڕکێیەکی پڕمەترسیدا بەرایی مەفرەزەکەی ئێمە کە رێگەیان بۆ پاکدەکردینەوە بۆ دڵنیابوون و هێزێکی بەکرێگیراوی جاش لەهەولدابوو رێگەمان لێببڕێت و

نەهێڵێت بپەڕینەوە. هەر دەسبەجێ شەڕ و پێکدادانێکی سەخت لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا روویدا و لە لایەکی ترەوە هێزێکی پێشمەرگەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بە ئێمەیان نەزانیبوو، گەیشت و جاشەکانیان دایە بەر دەسڕێژی چەکەکانیان و مەفرەزەکەی ئێمە کەوتە نێوان دوو ئاگرەوە و بە زەحمەت توانیمان پەیوەندی بە هێزەکەی پارتییەوە بکەین کە ئاڕاستەی چەکەکانیان بە باشی رێکبخەن و مەفرەزەکەی ئێمەش لە ژێر ئاگربارانەدا بەردەوامیی بە رێکردنی خۆی دا، پاش ئەوەی دەستەیەکی قارەمانی پێشمەرگەکانی خۆمان بەجێهێشت بۆ سەرقاڵ کردنی دوژمن و پارێزگاریی ئێمە و ئەو شەوە هەمووی بەڕێوەبووین. پاشان تاوێک لاماندا بۆ حەسانەوە تا دەستەی سەرقاڵ کردن و پارێزگاری بە سەلامەتی پێمانگەیشتن و هیچ زیانێکیان نەبوو. ئەمە ورە دڵگەرمییەکی زیاتری پێداین و بەردەوامیمان بە رێکردن دا و لەو هەموو بەزمەی بەسەرمان هات فەوزییە ئارام و بێدەنگ بە کۆڵمەوە شەتەک درابوو. پاشان لە ناوچەی ئەرتووشەوە چووینە ناو خاکی تورکیاوە و کاتێ گەیشتینە نێو ئەو خێزانانەی پێشتر پێشمانکەوتبوون بۆ ئەو شوێنە فەوزییە کەوتە گریانێکی بەکوڵ و پێدەچێت خێزانەکەی خۆی بیرکەوتبێتەوە و دیمەنی ئەو باوک و دایکانەی لەگەڵ منداڵەکانیان دەجووڵان ورووژاندبووی و بە زەحمەت هێورم کردەوە و کەوتمە گەڕان بە ناو خێزانەکاندا بۆ پرسیاری کەس و کاری و بەڕێکەوت دوو کوڕی گەنج هاتنە لام و فەوزییە هەردوکیانی ناسییەوە کە براکانی بوون، بەڵام من رادەستم نەکردن تا بەتەواوی لێیان دڵنیا نەبووم. خێزانەکەی فەوزییە زۆر بە گەرمی سوپاسی من و هاوڕێ پێشمەرگەکانمیان کرد لە بەر رزگار کردنی فەوزییە و لە براکانیەوە زانیم کە لە خێزانە حەوت کەسییەکەی تەنها چوار ماونەتەوە و باوکیان بێسەروشوێن بووە و دوو خوشکی گەورەیان لە کاتی پەڕینەوە لە رووباری زێی گەورە٦ لەلایەن سوپای عیراقەوە بە دیل گیرابوون و بە دۆزینەوەی فەوزییە خێزانەکە بوون بە چوار، ئەو فەوزییەی بە تەواوی لێی نائومێد بووبوون و بە نەماو لەقەڵەمیان دابوو.

**چیرۆک و بەسەرهاتی کچی منداڵ (ئیوان)**

**فەسڵی یەکەم**

**•بەسامی پێشمەرگە بۆیگێڕامەوە:**

ئێمە تا گەیشتینە تورکیا دەیان چیرۆکی خەمهاوەرمان بینی کە خەڵکە سڤیل و بێدەرەتانە لە مەرگ هەڵاتووەکە تووشی هاتبوون و لە تورکیا دەیانی ترمان گوێ لێبوو. لەبارەی خێزانی ئیوانی کیژۆڵەی منداڵەوە کە لەوێ بینیمان چیرۆک و بەسەرهاتەکەیمان زیاد لە جارێک دەبیست و لە دایکەکەشیم بیست کاتێ کە لەوێ چاوم پێکەوت: کاتێ گەمارۆی هێزەکانی رژێمی دیکتاتۆری لە سەر خەڵک تا دەهات بەرتەسک دەبووەوە ناچار بەرەو رووباری زێ رۆیشتن بۆ ئەوەی بەرەو تورکیا بپەڕنەوە و لەسەر زێ سەدان خێزان چاوەڕێی دەرفەت بوون بۆ پەڕینەوە. لای کانیاوێکەوە دەیان خێزان کەڵەکە بووبوون و لە گەڵیشیاندا خێزانی ئیوان چاوەڕێی دەرفەت بوو بۆ ئاو خواردنەوە و خوشکە بچووکەکەی ئیوان بە هێمنی وەستابوو چاوەڕێی دەرفەتی دەکرد بۆ ئاوخواردنەوە بێئەوەی کەس بێزار بکات، سەرباری تینوێتی و پاشان نۆرەی هات و چووەوە پێشەوە بۆ ئاوخواردنەوە و هەر ئەوەندەی سەری دانەواند بۆ ئاوەکە گوللە تۆپێک لەناکاو رێکوڕاست کەوتە ناو کانیاوەکەوە و لە چاوترووکانێکدا ناڵەی کرد و جەستەی منداڵەکەی پارچە پارچە کرد و بەئاسماندا هەڵیدا و هەندێ پارچەشی بەسەر باوکی و خەڵکەکەی تردا کەوت کە بە هەموو لایەکدا رایانکرد. باوکەکە تووشی شۆک و حەپەسان بوو نەیدەزانی چی روویداوە و لە پاش سێ کاتژمێر کە هاتەوە سەرخۆی تووشی هیستێریایەکی توند هات و کەوتە لەخۆدان و داوای منداڵەکانی دەکرد و لەو ساتەدا زانییان کەوا ئیوانیش دیار نیە و بێسەروشوێنە!

**فەسڵی دووەم**

•ئەبو ئامالی پێشمەرگە بۆیگێڕامەوە: لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هێزەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بە هەموو رێگەوبانەکانی ناوچەکەدا، بارودۆخی دەروونی و سەربازی تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. لە رۆژی ٢٩ / ٩ / ١٩٨٨ ئێمە مەفرەزەیەکی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بووین، کە لە ٢٩ پێشمەرگە پێکهاتبوو، لای رووباری زابەوە (زێی بادینان – و) هەوڵی پەڕینەوەمان دەدا بەرەو سنووری

توركیا بە پێی فەرمانی سەركردایەتیمان. لە پاش پشكنین و تاقیكردنەوەی ناوچەی پەڕینەوە گەڕاینەوە بۆ شـــوێنی حەشـــارگەی مەفرەزەكەمان لە نزیک گوندی شـــینا و لای گۆڕســـتانی گوندەكە كچە منداڵێكی بچكۆلەمان دۆزییەوە كە بە تاقی تەنیا بەجێمابوو، برسی و تینوو بوو. ئێمەش پارچە نانێـک و ئـاومان دایە لەگەڵ كەمێـک گۆشـــتی وشككراوە بە شێوازی پێشمەرگایەتی. پاشان خستمانە ســـەر ڕێگەی بیرە ئاوێـک و پێمانوت بچێت بۆ ئەوێ چـونـكە دەمـانـزانـی كە چەنـد خـێـزانـێـک لەوێـن.

•وەسفیی پێشمەرگە:

نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر گۆڕستانەكەمان جێهێشت و گوێمان لێبوو كیژە منداڵێک گۆرانی دەڵێت. تۆ گۆرانی بێنە یادی خۆت لە نێو كەش و ژینگەی «كیمیـایی» و ڕاجیمە و بارگرژیی ئەو ناوچە چۆڵ و هۆڵە. تەماشـــامان كرد ئەمە كچە منـداڵەكەیە كە دوێنـێ دۆزیمـانەوە و زۆر دوور نەكەوتبووەوە لەو شـــوێنە. بارودۆخێكی زۆر ناســـک و هەســتەوەر بوو و بێگومان نابێت بەجێبێڵین و كاتیشـمان بەدەســـتەوە نەبوو بیگەیەنینە خێزانە ئاوارەكان كە لێمان دووركەوتبوونەوە و ڕێگەكەشـــمان ســـەخت و هەڵەت و پڕبوو لە مەترسی.

**•ئەبو بەشاری پێشمەرگە:**

لەو كـات و ســـاتەدا مشـــتومڕێكی تونـد و بیروڕای جۆراوجۆر و دژبەیەک لە نێو پێشـــمەرگەكاندا بەرپابوو هەر یەک لە ڕوانگە و بۆچوونێكەوە و دواجار بڕیارماندا لەگەڵ خۆمـان بیبەین و بەمەش شـــتێكمـان نەكرد ئەوە نەبێت كە لەگەڵ بیر و بـاوەڕمـانـدا دەگونجێت و هـاوڕێ وەســـفی خۆبەخشـــانە بڕیاریدا بەدەم ڕێگاوە چاودێریی بكات.

**•وەسفیی پێشمەرگە:**

منداڵەكە ناوی ئیوان و ناوی باوكی ســـەید نەزیف بوو، خەڵكی زاخۆ بوون و تەمەنی شـــەش ســـاڵ و پۆلی یەكی سـەرەتایی بوو. كراسێكی سووری كوردی لەبەردابوو كە ڕۆبێكی ســـپی كردبوو بە ســـەریدا و بەژنی لاواز و قژی كورت بوو.

**ئەبو ئامالی پێشمەرگە:**

ئێوارەی ڕۆژی ٣٠ ئاب بەرەو زێ ڕۆیشـتین بۆ پەڕینەوە و تا كاتژمێر٣ی بەرەبەیان تەنها ٩ پێشـــمەرگە توانییان بپەڕنەوە. ئەوانیتر گەڕانەوە بۆ شـوێنی خۆحەشـاردانەكە پاش ئەوەی لەگەڵ ئەو پێشـــمەرگانەی پێشـــمانكەوتن لە پەڕینەوەدا لە ســـەر شـوێنێک ڕێككەوتین كە ڕۆژی دواتر لەوێ بەیەكتر بگەینەوە.

**•وەسفیی پێشمەرگە:**

بە درێژایی ڕۆژی ٣١ی ئـاب لەنێو تـل و بەرددا خۆمـان حەشاردا و ئیوانیش لەگەڵمان بوو. كەوا كەوتبووە ئەوەی هۆگری پێشـــمەرگەكان بێت و فرەوێژیشـــی دەكرد و نەیدەهێشـــت بخەوین و بەردەوام هەر قســـەی دەكرد و نەیـدەبڕییەوە. ئەو منـداڵێكی زیرەک بوو. بۆیگێڕاینەوە كە خێزانەكەی بریتییە لە بـاوكی و دایكی و برایەكی و خوشـــكێكی و باوكی پێشـــمەرگەیە و خێزانەكەیان پێش ڕووداوەكان لە زاخۆوە هەڵاتوون بۆ ناوچەی ئامێدی و لە كاتی هێرشـــی دەســـەڵاتدا هەڵاتوون بۆ ناوچەی كافیا و پاشان هاتوونە ئێرە بۆ پەڕینەوە لە زێ و بەر لە پەڕینەوە خوشـــكەكەی لە كانیاوەكە كوژراوە و ئەمیش لەترســـا هەڵاتووە و لە خێزانەكەی ونبووە. كچەكە كاتێ خێزانەكەی بیردەهاتەوە بەكوڵ دەگریا و زۆر جار باســـی ورد و درشـتی ژیانی خێزانەكەی بۆ دەكردین و هەروەها باسـی قوتابخانەكەی كە خۆشیدەویست و باسی هاوەڵەكانی بۆ دەكردین. ئەڵبەتە هـاوڕێ ئەبو بەشـــار، ســـەربـاری نەخۆشییەكەیشـی، بەشێوەیەک بەپشـوو بوو لەگەڵیدا و بێتـــاقەت نەدەبوو لە زۆربڵێیەكەی كە ئێمە ئێرەییمـان پێدەبرد.

**ئەبو بەشاری پێشمەرگە:**

دووپاتی دەكەمەوە كەوا ئیوان، سـەرباری تەمەن بچووكی بەڵام زیـرەک بـوو و دەیـزانـی ئـێـمە پـێـشـــمەرگەی كۆمۆنیستین و بووین بە شتێک لای ئەو و تێمانگەیشت و بە ڕێگە و شـــێوەی خۆی خۆشـــیدەویســـتین و بە شێوەیەک هەڵسـوكەوتی لەگەڵ دەكردین كە خۆڕسـكی و ســـادەیی منداڵانی تێپەڕاندبوو. ئەو هێجگار بە ئەدەب و ئاقڵ بوو بەڵام زۆربڵێ بوو و زوو زوو گۆرانیی دەوت و پێیوتم بۆیە گۆرانی دەڵێت چونكە هەســـت بە ترس و تەنهایی دەكات. ئەو شـــتێكی نـامۆ بوو لە نێو كەش و

ژینگە و دۆخی مەفرەزەکەدا و هەندێ جار بڕوام نەدەکرد کە ئەم منداڵە لەگەڵماندایە و وام هەست دەکرد کە مەسەلەکە خەونێکە و هیچیتر. من هەرچەندە تووشــی نەخۆشــیی مەلاریا بووبووم بەڵام زۆربڵێیەکەم پێهەڵدەگیرا و بیرمە کەوا لە شــوێنێکدا بۆ حەوانەوە لامانــدا و تەواوی مەفرەزەکە نوقمی خەوێکی قووڵ بوون بێجگە لە پاســەوانەکان، هەر یەکە و لە بن بەردێک یان ســێبەری دارێکدا و شــوێنەکانی خەوتنمان بەباشــی بە گژ و گەڵا داپۆشیبوو. بەڵام ئیوان بەخەبەر بوو و من لە شوێنەکەی خۆمەوە چاودێریم دەکرد بێئەوەی ئەو بمبینێت. هەر لەو ناوەدا دەسووڕایەوە و کەسی نەبینی و هەستی بە تەنیایی کرد و بەملا و بەولادا ئاوڕی دەدایەوە و پاشــان کەوتە گۆرانی وتن و کەس دەرنەکەوت و دەنگی کەوتە بچڕبچڕ و دڵی تەنگ بوو و خەریکبوو بداتە پرمەی گریان و لەو کاتەدا بانگم کرد و شــوێنەکەمی بۆ ئاشــکرابوو، ئەوجا بەخێرایی و بەدەم پێکەنینەوە بە خێراییەکی زۆر بەرەورووم رایکرد و خۆی فڕێدایە باوەشمەوە.

**•ئەبو ئامالی پێشــمەرگە:** بارودۆخی ســەربازی ئاڵۆزە و دوژمن تابێت بازنەی گەمارۆ بەرتەســک دەکاتەوە. رێک ئەم ئێوارەیە دەستەیەکی هەواڵگریمان نارد بۆ دەستنیشان کردنی خاڵی پەڕینەوە لە زێ. شوێنە دەسنیشان کراوەکە مەترسیدار بوو، بەڵام بە ئەندازەی لایەنی نەرێنی لایەنی ئەرێنی هەبوو. ئەم شوێنە لە سەد مەتر زیاتر دوور نەبوو لە نزیکترین رەبایەی ســەربازییەوە و بەو پێیە چاوەڕوان نەدەکرا پێشمەرگە تا ئەو ئاستە نزیک ببنەوە. شوێنەکە خوڕ و شــەپۆلی بەرز و هاژەی ئاو جموجووڵی ئێمە و دەنگە دەنگێکمــان ئەگەر بە غەیری خواســتی خۆمــان دەربچوایە دایدەپۆشــی. بەڵام خراپترین شــوێن لەوبەری ئاوەکەوە بوو بەردی بەرز و نووک تیژ تەوژمی بەخوڕی ئاوەکە لێیدەدا و شــەپۆلی بەرزی دروســت دەکرد. پاشــان لە تراکتۆرێکی بەجێماو لەو دەوروبەرەدا دوو چووپی تایەکانیمان دەرهێنا و بە دەم فوومان تێکرد بۆ ئەوەی لە پەڕینەوەی ئاوەکەدا بەکاریانبێنین. ئەڵبەتە لە بیســت پێشــمەرگەمان تەنها نۆ کەس مەلەوانییان دەزانی، بەڵام هەر بڕیاری پەڕینەوەمان دا ســەرباری ســەختی و مەترسیی کارەکە. لەکاتی پەڕینەوەکەدا مەلەوانەکە بە یەک

دەست مەلەی دەکرد و بەرەنگاری تەوژمی بەخوڕی ئاوەکە دەبووەوە و بە دەســتەکەی تریشــی چووپە پلاســتیکییە فووتێکراوەکەی رادەکێشــا کە بارمان کردبوو لە چەک و زەخیرە و خواردنێک کە پێمانبوو یان ئەو هاوڕێیانە خۆیان پێدا هەڵدەواســی کە بە باشــی مەلەیان نەدەزانی. کارەکە زۆر ســەخت و تاقەت پڕووکێن بوو و تێیدا هەندێک لە جلوبەرگەکانمان و دارایی مەفرەزەکە و هەندێ بەڵگەنامە و کاغەزی تایبەتی پێشمەرگەکانمان لەدەستدا و ئاو بردنی. دواجار دوو پێشــمەرگە و ئیوان مانەوە و من چوومە ئەوبەرەوە بۆ ئەوەی ئیوان لەگەڵ خۆم بپەڕێنمەوە و تەماشــام کرد لە ترســا دەلەرزێت و ئامۆژگاریم کرد کە هیچ دەنگێکی لێوە نەیەت هەرچییەک رووبدات و دڵنیام کردەوە کەوا بە سەلامەتی لە ئاوەکە دەیپەڕێنمەوە و خەمی نەبێت. پاشان لەگەڵ جلوبەرگەکانم و شمەکە تایبەتییەکانم بە توندی بە چووپەکەوە بەستم و بە یەک دەست کەوتمە مەلە کردن! پێشــتر چەند جارێک بە مەلەوانی ئەمبەر و ئەوبەری ئــاوەکەم کردبوو و تەوژمەکە زۆر بەهێز بوو، ڕاڕەوەکە لێژ و ئاوەکە قووڵ بوو، بەڵام ئەمجارەیان کاتێ نزیکی ئەوبەر بوومەوە شــەکەتی و ماندوویی بڕســتی لێبڕیم و گەیشــتمە نزیک بەردێک و شــەپۆلێکی بەرز بۆم هات و بێبەزەییانە من و ئیوانی هەڵدا و لەگەڵ خۆیدا لوولیداین و تا هێزم تێدابوو چووپەکەم توند گرت بەڵام بە ئیوان و جلوبەرگ و شمەکەکانەوە وەرگەڕا و سەرەوژێر بووەوە و من دەســتم لە چووپەکە بەرنەدا. تەماشــام کرد جلەکانم لە چووپەکە ترازا و ئاوەکە رایماڵی و ئەگەر لەو کات و ساتەدا بمگرتایەتەوە چووپەکەم لەدەست دەردەچوو و ئیوان دەفەوتا. تەوژمەکە بێ خواستی خۆم پاڵیدەنام بۆ جێگەیەکی مەترســیدارتر کە بەردی بەرز و شــەپۆلی بەرزتری تێدابوو و ئیوان بۆ ماوەی زیاتر لە خولەکێک لە ژێر چووپەکە و ژێر ئاوەکەدا بوو و وام بەخەیاڵدا هات کە خنکاوە و گیانی لەدەســتداوە. لەو ســاتەدا بێ بیرکردنەوە لە هەرچی مەترســیی ئەمنی و خۆپارێزییە بە شێوەیەکی هیستێریایی هاوارم لە هاوڕێ پێشمەرگەکانم کرد و خێرا فریامــان کەوتن و لەگەڵ ئیوان لە ئاوەکە دەریانهێناین. خۆشــبەختانە رەبایە نزیکەکان گوێیان لە هاوار و دەنگم نەبوو چونکە هاژەی ئاوەکە زاڵ بوو

بەسەر هەموو شتێکدا. ئیوان لە ئەگەر و نەگەری بەربووندا بوو لە شەتەکی بەستنەوەکەی و دەتوانم بڵێم تاڵەموویەکی مابوو لە نێوان ژیان و مردندا. ئەوجا دەسبەجێ ئاوەکەمان لە سکی دەرهێنا و فوومان کردە دەمی و دڵنیا نەبووین تا هـاواری کرد و گریـا. پـاشـــــان بیری کەوتەوە کە بە ئامۆژگاریی منی کردووە و بێدەنگیی پاراســــتووە و لە ناســکترین ســاتەوەختدا تەنها نووزەیەکی لەســـەرخۆی لێوەهاتووە.

**•وەسفیی پێشمەرگە:**

لە پاش پەڕینەوە، بێ ڕێپیشاندەر کەوتینەڕێ بە بزنەڕێی ســەخت و هەڵەتدا و من ئیوانم گرتبووە کۆڵەوە و هاوڕێ «ســەلمان» یارمەتیی دەدام، کە لە کۆتایی ڕێڕەوەکەماندا لێمان ونبوو و تا ئێســـتاش چارەنووســـی نادیارە. من نەمـدەتوانی بەردەوام لەکۆڵی بکەم و نـاچـار دەبووم تاوناتاوێک دەســـتی بگرم و بە پێیان لەگەڵ خۆم بیبەم و ئەویش لەبەر ماندوێتی و شـــەکەتیی تاقەت پڕووکێن هەر نووزە نووزی بوو. لە ڕێکردنی شـــەودا دەیچرپانـد بە گوێمدا «ئەی ناخەون؟» هەروەها لە کاتی ڕێکردندا بە ســەختی گرفتاری تینوێتی دەبووین و هاوڕێیان لە بەشـە ئاوە کەمەکەی خۆیان دەدایە و کاتێکیش ئاومان لێدەبڕا وەکو ئێمە بەرگەی تینوێتیی سەختی دەگرت. لە پاش پێنج ڕۆژی زۆر ســەخت گەیشــتینە خاڵێکی دیاریکراو و لەوێ پەیوەندیمان بە هەندێ «ناسـیاوەوە» کرد کە هاوکارییان کردین و گەیـانـدینیـانە نـاو تورکیا و ئێمەش ئیوانمـان رادەست کردن و ناونیشانی خزمەکانیمان پێدان.

•ئەبو بەشاری پێشمەرگە:

کاتێ کە وەخۆکەوتین بۆ ڕۆیشـــتن ئیوان زانی کە لەگەڵ خۆمـان نـایبەین بە شـــێوەیەکی هیســـتێریـایی کەوتە گریـانێکی بەکوڵ و هەر دەیقیژانـد و هـاواری دەکرد و خۆی رادەتەکاند و دەیویســـت پێمانڕابگات و بە ناوی خۆمانەوە بانگی دەکردین و دەپاڕایەوە کە جێی نەهێڵین. ئـێمەش تـا دوورکەوتـینەوە هەر گـوێمـان لە دەنـگە خۆشەویستەکەی بوو. ئاخۆ ئەو هاوڕێیە چۆن لەبیر بکەم، کە لە سەرەتاوە زۆر بەتوندی بەرهەڵستیی ئەوەی کرد کە ئیوان لەگەڵ خۆمـان ببەین کـاتێ کە بۆ یەکەمجـار دۆزیمانەوە و هۆکاری خۆی هەبوو بۆ ئەوە، بەڵام کاتێ کە بەجێمانهێشـــت کوڵی گریانی ئەم هاوڕێیە لە هەمووان زیـاتر بوو، وەک ئەوە وابوو کە پـاکـانە بۆ گونـاهێـک بکات! ئیوانی منداڵ لە پێنج ڕۆژ زیاتر لەگەڵمان نەمایەوە، بەڵام ئیوان بەردەوام لە دڵمـانـدا وەک گوڵە کێویلەیەکی بۆنخۆش هەر دەمێنێتەوە٧. چەردەیەک لە هەموو بەشەکان

•ئەبو حەسـەنی پێشـمەرگە (حەبیب ئەلبی)، بۆیگێڕامەوە: ڕۆژی ٢٨ / ٨ / ١٩٨٨ بەگشـتی ڕۆژێکی پڕ ناسـۆری و نەفرەت بوو و لە دۆڵی کافیادا ڕۆژێکی ســـامناک بوو، چونکە هەزاران خێزان لە دوو لاوە سوپای عیراق گەمارۆی دابوون و هێزەکانی هەموو ڕێگەوبـانە ســـەرەکییەکانی پاشـەکشـێیان گرتبوو، لەبەرئەوە هەزاران خێزان هەموو دەروویەکیـان لێگیرابوو و نەیـانـدەزانی چیبکەن. هەر تاوناتاوێکیش دەیان واتەواتی دژبەیەک بڵاودەبوونەوە و خەڵکەکە بەجارێ تۆقیبوو و ورەی رووخابوو لەترســـی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکوومەتەوە. لە نێو ئەم کەش و بارەدا شـتی زۆرم بینی کە لەبیر ناکرێن. من هەرگیز ئەو باوکەم لەبیر ناچێت کە تووشـی هیسـتێریای تۆقین بووبوو. ئەم باوکە کچە بچکۆلەکەی لەکۆڵ کردبوو لەپڕ میلی تفەنگەکەی هێنایەوە و لە ســەر شـانی چەپیەوە لوولەکەی کردە دواوە و فیشـــەکێکی تەقـانـد، بەڵام منداڵەکەی نەپێکا چونکە خۆشـبەختانە لەو کاتەدا ســەری منداڵەکە کەوتبووە ســەر شـانی راسـتی. گوللەکە تەقی و بـاوکە تفەنگەکەی فڕێدا و داڕووخا و کەوتە گریـانێکی بەکوڵ و خۆیشـــی نەیـدەزانی بۆچی ویســـتوویەتی بیکوژێـت! ئەڵبەتە چرکەســــاتێکی شـــێتی بوو، ســــاتەوەختێکی ترس و ســـامێکی کوشـــندە بوو لە پاشەڕۆژێکی نادیار.

•**پێشـــمەرگە حەیدەر** ئەبو حەیدەر بۆیگێڕامەوە: لە دۆڵی کـافیـا و بەهۆی ئەو ترس و تۆقینە لەڕادەبەدەرەی لەنـاو خەڵکدا بڵاوببووەوە و بەتایبەتی ترســـی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە، بۆیە لەو ڕێگە و ڕاڕەوە تەنگەبەرانەدا کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی بە چیـای گارەدا سـەربکەون بۆ خۆپارێزیی لە کیمیایی و .. ئێمەش لەوێ بووین! ئەڵبەتە کێشەی گەورەی ئێمە و ئەوانیش ئاو بوو، چونکە شـاخی گارە بەو پان و پۆڕیی دەرە و دۆڵ و شیوانەی و بەو هەموو لووتکە بەرزانەیەوە کانیاوی تێدا

کەم و دەگمەنە و کانی و ئاوە سەرەکییە نزیکەکان کەوتبوونە بندەستی هێزەکانی رژێمی فاشییەوە و لەبەرئەوە خەڵکەکە بە ناچاری ئاوی پیسی گۆلاویان دەخواردەوە و بە چاوی خۆم دەمبینی کە چۆن منداڵی ورد و ناسک کێبڕکێیان بوو لەگەڵ هێستردا بۆ ئەوەی ئاوی لێڵ و قوڕاو بخۆنەوە. لە لای بوتکییەوە تاقە کانیاوێک هەبوو نۆرەی دوور و درێژی بۆ گیرابوو، ژن و منداڵ خەریکبوو لە تینوێتیدا کوێراییان دادەهات و خەڵکە لەترسا بارگرژ و رەنگ زەرد و هەڵپرووکاو و لێو بەبارەکە نەیاندەهێشت دڵۆپە ئاوێکی ئەو کوێرە کانییە بکەوێتە سەر زەوی و خێرا دەیانقۆستەوە.

•فەرهادی پێشمەرگە بۆیگێڕامەوە: رۆژی ٢٨ / ٨ / ١٩٨٨ بەراستی رۆژێکی شووم بوو و پاش ئەوەی سوپای رژێمی دیکتاتۆری توانی کۆنترۆڵی شوێنەکانی پەڕینەوەی رووباری زێ بکات هەزاران خێزان لە دۆڵی پانی نزیک زێ گیریانخوارد و هەروا هەزاران کەس کەوتنە هەڵگژان بەو چیایانەی دەوروبەردا بە بێ ئامانج و تەنها بۆ خۆپاراستن تێیدا و رچەڕێی سەخت و هەڵەتیان دەگرتەبەر کە پێشتر کەس پێیدا تێپەڕ نەبووبوو. بارودۆخەکە زۆر کارەساتبار بوو و بەجارێ ترسێکی بێئامان باڵی کێشابوو بەسەر خەڵکەکەدا لە ئەگەری بۆردمانی کیمیایی لەلایەک و لەولاشەوە برسێتی و تینوێتی بڕستی لە هەمووان بڕیبوو بە ژن و پیاو و منداڵەوە. من لەوێ بووم و گەلێ دۆخم بینی کە لە یادەوەریم ناسڕێتەوە و هیچ کاتێک ئەو کیژۆڵەیەم لەبیرناچێت و نازانم چۆنی باس بکەم؟ ئەڵبەتە سەرباری هەموو ئەو ترس و بیمەی کە دەموچاوی هەمووانی شێواندبوو و ئەو برسێتییەی چاوەکانی ژاکاندبوو و ئەو تینوێتییەی لێوەکانی قڵیشاندبوو، ئەو جوانییەی هەر پێوە دیار بوو. ئەم کیژۆڵەیەک بوو تازە پێدەگەیشت، کۆترە کێویلەیەک بوو بۆ خۆی و تازە خەریک بوو چرۆی گوڵی مێینەی تێدا دەپشکوێت. ئێمە کاتێ کە بەرەو لووتکەکان هەڵدەکشاین پارچەیەک نانە رەق بەنرخ بوو و دڵۆپە ئاوێکیش بەنرختر، بەڵام کەس شکی نەدەبرد. هەرچەندە داب و نەریتی وشکوبرینگی کوردی کە لە باوباپیرانەوە هاتووە رێگە بە کچ نادات هیچ شتێک داوا بکات لە پیاوێک کە نەیناسێت، بەڵام ئەم کچە بە هۆی تینوێتی و برسێتیی سەختەوە بە ناو خەڵکەکەدا دەگەڕا و یەکبینە فرمێسک لە چاوەکانی دەباری و بۆ پارچە نانێک و دڵۆپە ئاوێک دەپاڕایەوە! لەو ساتەوەختەدا کە لە من پاڕایەوە مەرگم بە ئاوات دەخواست چونکە هیچ نان و ئاوێکم شک نەدەبرد و هاوڕێ پێشمەرگەکانیشم هیچیان پێنەبوو تا داوایان لێبکەم و هیچ قسەیەکم بۆ نەکرا و تەنانەت زمانیشم بەسترا. ئێستا من لە ناخەوە دەسووتێم و نەفرەت لە گەلێ شت دەکەم کاتێ کە فرمێسکەکانی ئەو کیژۆڵەیەم بیردەکەوێتەوە، توخوا بۆچی ئەمەت بیرخستمەوە؟!

• **ئەبو ئەحراری** پێشمەرگە بۆیگێڕامەوە: رۆژی ٢٨ / ٨ / ١٩٨٨ پڕ خەم و مەینەتی بوو، من لە سەر رووباری زێ بووم لە دۆڵی پانی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هاوڕێ پێشمەگەکانمدا و ئەوەی کە بینیم قەت لەبیرناچێتەوە. ئاخۆ دەکرێت بارودۆخی هەزاران کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەمان لەبیر بکرێت کە هەڕەشەی مەرگیان لەسەر بوو یان بە چەکی کیمیایی یان بە تینوێتی و برسێتی؟ ئاخۆ دەکرێت وابەستەیی خەڵک لەبیر بکرێت بە ژیانی ئازاد و شکۆپارێز و کۆشش و بەرەنگاریی سەختیان لەو پێناوەدا؟ لە دۆڵی پانی ژنێکی دووگیانم بینی پێدەچوو لە دوا رۆژەکانی مانگی خۆیدا بێت و دوو کچ چووبوونە ژێر باڵی لە کاتی سەرکەوتنیاندا بەرەو لووتکەی چیاکە، بە بزنەڕێیەکی سەخت و هەڵەت و تا بڵێی لێژ و کووڕدا. ژنەکە لەبەر شەکەتی و ماندوێتی نەیدەتوانی بە پێوە بوەستێ و من تا ماوەیەکی زۆر ئەم ژنەم لەخەودا دەبینی. تۆ بڵێی ئێستا لەکوێ بێت و لە بنی چ دارێکدا منداڵەکەی بووبێت و ئاخۆ ئەو منداڵە مابێت و ناوی چیبێت؟ من سەدان منداڵی برسی و تینووم بینی و ترس رەنگی جوانی منداڵیی پێنەهێشتبوون و دەیانی تریان بە پێی پەتی و بێ پێڵاو بە رێگەی سەخت و هەڵەتدا دەرۆیشتن. ئاخۆ ئەو کیژە منداڵە لەبیر دەکرێت کە قاچە بچووکەکانی پەڵەی خوێنیان بە قەراخی رێگەکەدا بەجێدەهێشت و تۆ بڵێی ئەوە لەبیر بکرێت؟

ئێستا ئەوان لە کوێن؟ ئاخۆ ئێستا لەکوێ بن؟

با بە دەنگی بەرز سۆراخیان بکەین، چونکە هەواڵی بچڕبچڕیان بە سەر تەلە دڕکاوییەکانی کەمپی بەندکردندا

دەگەیشت، کەمپی مەرگی لەسەرەخۆ کە تێیدا لەگەڵ منداڵ و خێزانیان راگیرابوون و مایەی ترس و نیگەرانییە. زاخارۆڤ، فیدڵ، خەلیل، وەفاء، زۆزک، ماجیدە، نەسیر، خەیال، بەسیم، لینا، سەلمان، مناضل، فیکۆ، لولاڤ، ...هەموو مندالانی بنکەی مەڕانی٨، مندالانی شەهیدان و تێکۆشەرانی پێشمەرگە ئەنسارەکان، مندالانی شانۆگەریی «دەوارە»٩ و چۆلەکەکانی مەڕانی کە بە ئاسمانی منداڵێتیدا لە شەقەی باڵیان دەدا سەرباری دڕندەیی تۆپباران و بۆردمانی رۆژانەی فڕۆکە، مندالانی پڕ لە جوانی و جووڵە و هاروهاجی.

•زەخارۆڤ (تەمەن ١٣ ساڵ) هۆزانڤانە بچکۆلەکە و منداڵە باریک و لاوازەکەی چون چووزەی تەڕ و ناسکی فرە بەهرە و سەرسامکەر بە دەربڕینە قووڵەکانی، کەوا هۆنراوەکانی وەک کانیاوەکانی دۆڵی مەڕانی تەقینەوە و وەک ئاوە روون و سازگارەکانی ... ئەو جارێکیان نووسیبووی:

هەموو شتێک،
یەکجار دێت،
هەر تۆ نەبێت.. ئەی فڕۆکە!

•خەلیل (تەمەن ٩ساڵ)
خولیای یاریی «پێشمەرگەی ئەنسار بوو»، ئەو هەموو رۆژێک مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی ئەنساری لە مندالانی مەڕانی پێکدەهێنا و دەیناردن بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە سەر بنکە و بارەگاکانی «دوژمن» و پاشان بە توندی هێرشیان دەکردە سەر و هەموو جارێک «دەستکەوتیان» لەگەڵ خۆ دەهێنایەوە و هەروەها.. دیلیش! ئەو شەوان وێنەکێشانی ئەو تابلۆیەی دووبارە کردەوە کە مەراقی بوو و هەموو رۆژ وێنەی دەکێشا و بۆ هونەرمەند ئەبو ئەیاری١٠ دەنارد بۆ ئەوەی بۆی پوخت و چاک بکات: ئەویش تابلۆی دیکتاتۆر سەددام حوسێنی بەرجەستە دەکرد بە ئەستێرە و مەدالیاکانیەوە کە بەستراوە بە دارگوێزێکی گەورە و بەرزەوە و پێشمەرگە چواردەوریان گرتووە و و رووی تفەنگەکانیان تێکردووە و لەولاشەوە پۆلێک سمۆرە و چۆلەکە سەما و تەماشا دەکەن!!١١

•فیدڵ (تەمەن ١٠ ساڵ) یەکپارچە جووڵە و هاروهاجییە و چالاکە لە راپەڕاندنی کاروباری ناوماڵدا وبە چاکی و شایستەیی کەسێتیی سەرۆک خێزانێکی راستەقینەی بەرجەستە کردبوو، بێئەوەی واز لە رووبەری منداڵێتیی خۆی بێنێت ودۆڵەکەمانی پڕدەکرد لە هەراوەزات وشەڕ و شۆڕەکانی.

•زۆزک (تەمەن ٣ ساڵ) ئەمیان سمۆرەی دۆڵی مەڕانی بوو و بەردەوام لە ژێر دار گوێزەکاندا رایدەکرد و گوێزو بەرەداری کۆدەکردەوە و بەم و بەوی دەوت بەرزی بکەنەوە بۆ ئەوەی دەستی بگاتە لقە بەرزەکان.

•ماجیدە (تەمەن٧ ساڵ) گوڵە نەرگسێکی بۆنخۆش و پاراو، بە ناز و مەکر، شەرمن و ناسک.

•وەفا (تەمەن ١١ ساڵ) قەشەنگ و بێئەندازە جوان کە لە باسکردن نایەت. بزەیەکی شیرین و خۆڕسکییەکی ئارامبەخش. هەڵسوکەوتی مایەی سەرسامی بوو، کیژێکی ماڵداریکەری چوست و چالاک بوو لە راییکردنی کاروباری ناوماڵ و چاودێری کردنی سوربازی خوشک بچووکی. ئەوانیتریش عاسیف، خەمي، دیمترۆڤ، فوئاد، حەبیب، سیتاڤ، رێناز، زەکي، فێنوار، رێنوار. ئاخۆ ئێستا لەکوێن؟ با سۆراخ و پرسیاریان بکەین. پاش ئەوەی لە چیای گارە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ئابلۆوقە دران و سەدان کەس لە خاوخێزانیان لەگەڵدا بوو و برسێتی و تینوێتی بڕستی لێبڕیبوون لە نێو بارودۆخێکی پڕ ترس و سامدا کە بە راسەرەوە سووڕانەوەی فڕۆکە و ئەگەری هێرشی هێزەکانی رژێمی دیکتاتۆری بۆ چیای گارە بە گازی ژەهراوی. لە پاش ئەوەی کە ناوی لێنرابوو «بڕیاری لێبووردن»، ئافرەتەکان دەستیان کرد بە خۆڕادەست کردن بە هێزەکانی حکوومەت بۆ رزگار کردنی منداڵەکانیان لە تینوێتی و برسێتی یان لەترسا... ئەو هەوالانەی گەیشتنە ئێمە دەڵێن: ئەوانە لە بەندیخانەی قەلای کەرکووک بۆ ماوەی مانگێک گیراون و پاشان گوێزراونەتەوە بۆ کەرکووک و لەو دەشتاییانە لە سەربازگەدا بەند کراون، لە بارودۆخێکی تەندروستیی خراپدا و دۆخێکی ژیانی پڕ نائومێدیدا بەرەوڕووی چارەنووسێکی نادیار بوونەتەوە لەنێو کار و کردەوەیەکی پڕ داپڵۆسین و لێکۆڵینەوەی فاشیدا. پاشان هەواڵیان بچڕا!! تۆ بڵێی ئەوانە ئێستا لەکوێ بن؟

•زەخارۆڤ: ئاخۆ ئێستا بیر لە چ هۆنراوەیەک دەکەیتەوە؟
•فیدڵ: تۆ بڵێی ئێستا کێ شەڕت پێبفرۆشێت؟
•خەلیل: ئاخۆ کێ ئێستا کاغەزت بداتێ بۆ وێنەکێشان و کێ بۆت چاک و پوخت بکاتەوە؟
•وەفاء: ئەی ئێستا چا بۆ کێ لێدەنێیت کیژۆڵەکەم؟
•ماجیدە: ئاخۆ ئێستا ناز بەسەر کێدا دەکەیت؟ ئاخۆ ئێستا لەکوێن؟ خەریکە دڵمان شەق ببات بۆ یاد و یادەوەریتان!

منداڵانی کوردستان: دەزانین دوژمنمان کێیە!
»بریسکەیەک بە ئاسمانی دڵدا
تێپەڕی و
پێش تاوێک
منداڵەکە بە پێکەنینەوە تێپەڕی.
فڕۆکەیەک تێپەڕی و،
فڕۆکەیەکی تر و،
دواجار. .
منداڵەکە کوژرابوو.»

**•نەزمی عوبێد**

ناوم نەزمییە و تەمەنم ١١ ساڵە و خەڵکی گوندی (سینیێ)م، باوکم لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدایە. بەردەوام پێشمەرگە دەهاتنە گوندەکەمان. من پێشمەرگە شیوعییەکان باش دەناسم و (عەموودی)یش١٧ دەناسم. من پێشمەرگەم خۆشدەوێت. زۆر جار فڕۆکە گوندەکەمانی بۆردمان کردووە و کاتێ فڕۆکە گوندەکەمانی بە کیمیایی بۆردمان کرد ئێمە لە سەر لووتکەی چیاکە بووین و تەواوی ئاژەڵ و ماڵاتەکەمان لە سەر کانیاوەکە لەناوچوو، بەڵام کەس لە خێزانەکەمان بەرنەکەوت. سەگەکەمان لەگەڵ ئاژەڵەکانماندا بوو و ئەویش مرد. من بیستم منداڵێک لە گوندەکەمان مردووە و ناوی نازانم. ئێمە بۆ تورکیا هەڵاتین و سێ شەو و سێ ڕۆژ بە پێیان ڕۆیشتین. خێزانەکەمان لە ١٣ کەس پێکدێت و سێ هێسترمان پێبوو. لە کاتی ڕۆیشتندا من زۆر دەترسام و کاتێ گەیشتینە تورکیا لە یەکەم ڕۆژدا دەریانکردین و پاشان بە نهێنی چووینە ناو خاکی تورکیاوە و لەوێوە هاتین بۆ ئێران.

**نیهاد تەیب**

من ناوم نیهادە و تەمەنم ١٢ ساڵە و خەڵکی گوندی (کەرکۆ)م، باوکم شوانە و گوندەکەمان ٢٠ماڵە. من نەچوومەتە قوتابخانە چونکە گوندەکەمان تەنانەت «قوتابخانەی شۆڕشیشی»١٨ تێدا نیە. چۆن حەز ناکەم بچمە قوتابخانە و لەوێ هەر هیچ نەبێت فێری خوێندنەوە و نووسین دەبووم. هەر لە کۆنەوە فڕۆکە زۆر دەهاتن بۆ گوندەکەمان. باپیرم دەڵێ جارێکیان فڕۆکەی حکوومەت هاتووە و گوندەکەمانی بۆردمان کردووە و بە یەکجار ٢٣ کەسی شەهید کردووە١٩ و منداڵیشیان لەنێواندا بووە. لە کاتی تەقەدومی ئەم دواییەدا٢٠ یەکەمجار هەڵاتین بۆ تورکیا و لەوێ دەریانکردین و ناچار هاتین بۆ ئێران. ئێمە مەڕوماڵاتەکەمان لە سنووری تورکیا بەجێهێشت و من لە ماندوویی و شەکەتیدا خەریکبوو بمرم. فڕۆکە بە راسەرمانەوە بوو بەڵام ئێمە هەر بەردەوام بووین لە ڕێکردن و لە نزیک بۆسەی جاشەکانەوە پەڕینەوە و من زۆر دەترسام بەڵام باوکم دەستی گرتبووم و شەو و ڕۆژێک بە بێوەستان بەڕێوە بووین تا سنووری تورکیا. پاشان ناردینیاین بۆ ئۆردووگای کەڤرێ٢١. من لەو خۆپیشاندانەی لەوێ ئەنجامدرا بەشداربووم٢٢ و ئەو ئۆتۆمبێلانەم دایە بەر بەرد کە خەڵکیان دەبردەوە بۆ لای سەددام. بەڵێ بەر بەردمان دان، ئاخر بۆچی خۆیان رادەستی سەددام دەکەن؟ جەندرمە تورکەکان گوللەیان بەسەرماندا دەتەقاند، بەڵێ بێگومان ترسام، بەڵام کەم (لێرەدا نوقمی پێکەنین دەبێت)!

**•خەیري سەعید**

ناوم خەیرییە و تەمەنم ١٠ ساڵە و خەڵکی گوندی (قەدش)م. باوکم لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدایە و حەوت ساڵ لەمەوبەر بە تەقینەوەی مینێک بریندار بووە و باش چارەسەر نەکرا و بەو هۆیەوە سێ ساڵ لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد و ئەو کاتە من لە پۆلی دووی سەرەتایی بووم. دایکیشم دوای باوکم بە چەند مانگێک کۆچی دوایی کرد لە کاتی لەدایکبوونی عەدنانی برامدا. عەدنان ئێستا تەمەنی سێ ساڵە و برا گەورەکەم پێشمەرگەیە. ئێمە شارۆچکەی قەدشمان بەجێهێشت و هاتین بۆ گوندی کانی سارکێ. لێرەش زۆر جار فڕۆکە دێنە سەر ناوچەکە. لە پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییە هەڵاتین بۆ تورکیا. ئێمە

بە شـــەو دەرۆیشـــتین و من بە پێیان دەرۆیشـــتم و لەبەر ماندوێتی لە رێگا دەگریام و لە رێگا فرۆکە پێمانزاگەیشت و زۆر لە بۆردمان ترساین و کاتێ گەیشتینە تورکیا بەپەلە ناردینیاین بۆ ئێران. ژیان لێرە زۆر قورســە و ئەرزاق٢٣ کەمە. ئەگەر وازمان لێبێنن دەگەڕێینەوە بۆ گوندەکەمان و وڵات شـــیرینترە و کوردســـتان شـــیرینترە. بەڵام خەڵک لەوێ لە کیمیایی دەترســـن و من هەڵەبجە دەزانم و هەموو کەس باســـی دەکەن و وێنەکانیم لە تەلەفزیۆنەوە بینی، لێرە لە تەلەفزیۆنی ئۆردووگای ئاوارەکانەوە و بێگومان دەزانم سەددام چی بە کورد کردووە لە هەڵەبجە.

- **نەبیل عەبدولخالیق**

ناوم نەبیلە و تەمەنم ١٣ ســاڵە و خەڵکی مووســڵم و دوو ســـاڵ لەمەوپێش لە مووســـڵ کۆچمان کرد چونکە براکەم پـێشـــــمەرگە بـوو و حـکـوومەت بەردەوام تەنـگـی پێهەڵچنیبووین. بـانـگ کردن و لێکۆڵینەوە و فشـــــاری بەردەوام هەموو دەمێک. ئێمە لە گوندی سینیێ نیشتەجێ بووین و من لە شـاری مووسـڵ پۆلی شـەشـی سـەرەتاییم تەواو کرد و لەگەڵ ئەو خەڵکە رۆیشـــتین بۆ تورکیا و بە یەک رۆژ گەیشـــتین و یەکبینە رێمان دەکرد بێ پشـــوو. شـــتی زۆرم بینی لە رێگا و خەڵک هەموو دەترســـان و برسـێتی و تینوێتی بوو، بیســتم منداڵ مردوون یان ون بوون. ئێمە کـاتێ گەیشـــتین بە پەلە رەوانەی ئێرانیـان کردین و لە ئێران باوکم مرد و ســـەلیمی برام ئێســـتا بەرپرســـی خێزانەکەیە و دوو ســـاڵ لە من گەورەترە و خێزانەکەمان لە پێنج کەس پێکهاتووە. ژیان لە ئێران زۆر قورســـە و ئۆردووگا وەک زیندان وایە و ئەرزاق بەش ناکات. ژیان لە وڵاتی خۆمان خۆشـــترە و ئاواتەخوازم ســـەددام ئێســـتا بمرێت بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ وڵات و بێگومان دەگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە. هاوەڵەکانم ئێســـتا لە ســێی ناوەندین. من زۆر باش ئاشـــنام بە پێشـــمەرگە و تێیاندا برادەرم هەن و ئەبو بەســـــام مامۆســـتامە٢٤ و وانەی وێنەکێشـانم فێردەکات. من حەزم لە وێنەکێشـانە و زۆر حەز دەکەم خوێندنەکەم تەواو بکەم و ببمە نیگارکێش. من ئـاگـام لە هەڵەبجەیە و ســـەددام بە چەکی کیمیـایی سـووتاندی و پێنج هەزار کوردی تێدا کوشـت و وێنەکانی هەڵەبجەم لە گۆڤارێکدا بینی و زۆر ترســـناکن و بنیادەم ناتوانێت زۆر تەماشایان بکات.

- **نیداء لوتفي حاتەم**

ناوم نیدائە و تەمەنم ١٠ ســاڵە، شــەش ســاڵ لەمەوپێش باوکم بوو بە پێشـــمەرگەی حیزبی شـــیوعیی عیراق. من نەچوومەتە قوتابخانە بەڵکو باوکم و پێشـــمەرگەکان فێری خوێندن و نووســـینیان کردم و هەمیشـــە لە بارەگای پێشمەرگەدا بووم لە بنکەی زێوە٢٥و زۆر بەجێمنەدەهێشت، بەڵام دایکم دەمبـات بۆ هەنـدێـک لە گونـدە نزیکەکـان، چونکە دایکم پزیشـکە و چارەسـەری برین و نەخۆشـیی پێشمەرگە و خەڵک دەکات لە گوندەکان. زۆر جار بە تۆپ و راجیمە بۆردمـانیـان دەکردین و هەمیشـــە فرۆکەمـان بەسەرەوەیە. من زۆر لە تۆپ ناترسم و پێی راهاتووین و تـاڕادەیەک هەموو رۆژێـک تۆپبارانمان دەکەن، بەڵام لە فرۆکە دەترسـم و کاتێ بنکەی زێوەیان بە چەکی کیمیایی بۆردمـان کرد٢٦ بۆ مـاوەی چوار رۆژ کوێر بووم، هەروەها مەجد و مەسـاریش٢٧. بەڵام سـمسـم و مشـمش بەرنەکەوتن چونکە خێرا چوون لای ئاگرەکەدا دانیشـتن، هەروەها ســـیڤانیش٢٩ بەرنەکەوت و هیچی لێنەهات و پێموایە ئەگەر بەربکەوتـایە دەمرد چونکە زۆر بچووک بوو. لە پاش تەقەدوم (پێشڕەوی) کردنی سوپای عیراق لە کاتی ئەنفالدا، ئێمە لە بنکە کشـــاینەوە وهەموومان بەرەو سنووری تورکیا رۆیشتین و یەکبینە پێنج رۆژ رێمان کرد تا گەیشـتینە سـنوور. من بە پێ دەرۆیشـتم چونکە هیچ وڵاخێکمـان پێنەبوو و کەســـیش هەڵینەگرتم و لەبەر ماندوێتی و شـەکەتی دەرشـامەوە. ئێمە کەمێک خۆراک و ئـاومـان پێبوو، خێرا و بەپەلەش دەرۆیشـــتین و لە پێشـــمانەوە و لە پشـــتمانەوە خێزانی زۆر بەرێوە بوون. ئێمە هەر شـــوێنێکمان بەجێدەهێشـــت فرۆکە بۆردمانی دەکرد و پاش ئەوەی گەیشـــتینە تورکیا پانزە رۆژ بێ خێوەت مـاینەوە و بەیـانیـان لەبەر شـــێی ئـاونـگ بەتانییەکانمان دەگوشی و کەمێک نانیان دەداینێ و پاشان هاتین بۆ ئێران. لێرە بیســـتم کەوا منداڵ بە ســـکچوونی تونـد مردوون و دایکم دەیوت کە ئەوانە زۆر بچووک بوون. من ئـاگـام لە هەڵەبجەیە کە ســـەددام بە کیمیـایی بۆردمانی کردووە و خەڵک باســـی دەکەن و من وێنەکانم

بینی و ناتوانیت زۆر تەماشایان بکەیت. ئاواتەخوازم سەددام بمرێت و بگەڕێینەوە بۆ وڵاتی خۆمان. ئەی تۆ ئەمە نازانیت؟ ئەوە پرسیارێکی نامۆیە! نیشتمان خۆشترە و باوک و دایکم هەمیشە باسی دەکەن، بەڵام من هیچ شتیکم بیرناکەوێتەوە و لە بنکەی زێوە زیاتر هیچم نەبینیوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە وڵات شیرینە و کوردستان شیرینە!

**•عەبدولستار تەها**

ناوم عەبدولستارە و تەمەنم ١١ ساڵە و خەڵکی گوندی (ئەسپیندار ڕێکەوتی)م، باوکم پێشمەرگەیە و ساڵێک لە «قوتابخانەی شۆڕش» دا لە گوندی پیرمان خوێندوومە و فڕۆکە گوندەکەی بۆردمان کرد و مووشەکێک بەر قوتابخانەکە کەوت و سووتاندی. لە پاش پێشڕەویی سوپا چووین بۆ تورکیا و فڕۆکە بە شەودا بۆردمانی کردین لە گوندی دزکە و مووشەکێکی زۆر لە نزیکمانەوە کەوت و من زۆر ترسام و سەگەکەمانی کوشت کە ناوی بەشۆ بوو و من زۆرم خۆشدەویست. هەروەها ئەو هەشت مریشکەشمانی کوشت کە لەگەڵ خۆمان هێنابوومان. شەوی پاشەکشەمان بۆ تورکیا باوکم لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕۆیشت چەکی دۆشکە بێنێت. پێشڕەویی (تەقەدومی) سوپا گەیشتە نزیکی گوند و باوکم درەنگ گەیشت و هەموو شتێکمان لە ماڵەوە بەجێهێشت و تەنانەت دایکم ملوانکە و بازنە ئاڵتوونەکانی بەجێهێشت. ئێمە لە تورکیا ماوەیەکی زۆر نەماینەوە و هاتین بۆ ئێران و وتیان ئێرە باشترە، بەڵام ئێمە لێرە نامۆین و ژیان زۆر قورسە و ئەگەر سەددام بمرێت دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان. لە ڕێگا بەرەو تورکیا جەردەی تورک ڕێیان لێگرتین و شەش کەس ئابلۆوقەی باوکمیان دا و پارە و ئاڵتوونیان دەویست و بە قۆناخە تفەنگ لە باوکمیان دەدا و دواجار لەو ساتەدا هەندێک کەس گەیشتنە لامان و ڕێگرەکان هەڵاتن. پیاوێکی دراوسێمان بۆیگێڕاینەوە کە جەردە ویستوویانە بە چەقۆ سەری ببڕن و لە ناوچەیەکدا کە پێیدەوترا فری مەڕەکانیان بردین. لە دوای لێبووردن کاتێ هەندێک خێزان ویستیان خۆیان رادەستی سەددام بکەن من لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریم کرد و ئەو ئۆتۆمبیلانەمان بەردباران کرد کە سەددام ناردبووی بۆ گێڕانەوەمان. من ئاگاداری بارودۆخی هەڵەبجەم و کاتێ گوێم لە گۆرانییەکەی شڤان٣٠ دەبێت لە سەر هەڵەبجە خەم دامدەگرێت و دایکیشم دەگری. من وێنەکانی هەڵەبجەم بینیوە و زۆر ترسناکە.

**•سەردار شێخ**

ناوم سەردارە و تەمەنم ١١ ساڵە و خەڵکی ناوچەی بارزانم. باوکم (بەرگریی میللییە)٣١. من نەچوومەتە قوتابخانە و بێگومان قوتابخانەم خۆشدەوێت. باوکم هەشت ساڵ لەمەوبەر لەلایەن حکوومەتەوە گیراوە و تا ئێستا هیچ هەواڵێکی نازانین، هەروەها دایکیشم هیچ هەواڵێکی نازانین و ئەو لەترسا لەگەڵ سێ خوشکی بچووکمدا رایکردووە بۆ مووسڵ بۆ لای خزمەکانمان و من لەوێ ماوەیەک لایان مامەوە و دواتر ناردمیان بۆ لای مامم لە گوندی بازێ. لە کاتی هێرش کردنە سەر ناوچەی بارزان دوو هەزار کەس بە چەکی کیمیایی مردوون و هەموو کەس باس لەم مەسەلەیە دەکات و ئەم ژمارەیە من لەخۆمەوە نایڵێم! پاشان هەڵاتین بۆ تورکیا و بردینیانە ئۆردووگای کەڤرێ و دواجار هاتین بۆ ئێران.

**•سالم تەحسین**

ناوم سالمە و تەمەنم حەوت ساڵە و خەڵکی گوندی (ئەسپیندار ڕێکەوتی)م، باوکم پێشمەرگەی شەهیدە لە ئۆپەراسیۆنی دێرەلووکدا٣٢. من برای فەیسەڵم و تۆ باش دەیناسیت، نەچوومەتە قوتابخانە و لە ڕێگادا بەرەو تورکیا سێ منداڵ لە کاروانەکەی گوندی یاسنە ونبوون و من یەکێکیان دەناسم بەڵام ناویم لەبیر نەماوە و لە تەمەنی نیهاددایە و هەروەها لە ڕێگا ئەرسەلانی کوڕی محەمەد تاهیری خەڵکی گوندەکەمان (ئەسپیندار) مرد و ئەو بە دوای هێستریکەوە دەڕۆیشت و ڕێگەکە بە بڕگەی (قطع) قەدپاڵی چیایەکی بەرزدا دەڕۆیشت٣٣ و هێسترەکە لەو ڕێگەیە ترازاندی و بەرەوخوار هەڵدێرا و مرد و لە هەمان ڕۆژدا دایکیشی، کە ناوی حەسنە بوو، لە حەسرەت و خەفەتدا سوێی بووەوە و گیانی سپارد و ئەوانتریان ئێستا لە تورکیان. هەروەها لە ڕێگا کچێکی بچووک، کە ناوی نازانم، کۆچی دوایی کرد و کچی جاسمە کە خەڵکی ئاکرێیە. من ئاگاداری دۆخی هەڵەبجەم و شڤان گۆرانیی لەسەر دەڵێت و فەیسەڵی برام بەردەوام گۆرانییەکانی

شـڤان دەڵێتەوە. من پێشـمەرگەی ئەنسـارم خۆشـدەوێ و زۆریان دەناسم و ئەوان بەردەوام سەردانی گوندەکەمانیان دەکرد.

**•بێریڤان موراد**

ناوم بێریڤانە و تەمەنم ١١ ساڵە و لە بنەچەدا ئێمە خەڵکی گوندی (سـەیرێ)ن لە ناوچەی نهێلە، بەڵام پێش نۆ سـاڵ حـکـوومەت بە زۆر و بە فـرۆکەی هەلـیـکـۆپـتەر لەوێ رایگواستین بۆ گوندی چەمەدەشت لە نزیک ئاکرێ و لە پاش چوار رۆژ لە چەمەدەشـت هەڵاتین بۆ گوندی پەیا و نۆ سـاڵ تێیدا ماینەوە تا تەقەدومەکەی (پێشـڕەویی) ئەم دواییە. باوکم جووتیارە و مەڕوماڵاتیشـمان هەیە. من نەچوومەتە قوتابخانە و شوانی مەڕەکانی خۆمان بووم. لە نزیک گوندەکەمانەوە چەند رەبایەیەک هەبوو و من زۆر لێیان دەترسـام کاتی کە گوندەکەمانیان تۆپباران دەکرد و فرەجاریش فرۆکە دەهاتنە سـەر گوندەکەمان و بنکە و بارەگاکانی پێشـمەرگەیان بۆردمان دەکرد. من ئەوەندە ناترسم بەڵام ئایشێی خوشکم زۆر دەترسێت و ئەو لە من گەورەتـرە و تەمەنـی ١٢ سـاڵە. لەگەڵ مۆڵدان و کۆبوونەوەی هێزەکانی سەددام و هاتنیان بۆ ناوچەکە ئێمە گوندمان بەجێهێشـت و من و براکەم مەڕەکانمان برد بۆ شـوێنێکی نزیکی گوندی پانێ و پاش مـاوەیەکیش دایکم هـات بۆ لامـان و کەلوپەلەکـانمـان گواسـتەوە بۆ شـوێنیکی نزیک لە کانی گیسـکەوە، کە جێگەیەکی لەبار بوو بۆ خۆشـاردنەوە و دارسـتانی چڕی تێدابوو. لە پاش چوار رۆژ خزمەکانمان لە بەری گارەوە هـاتنە لامان و بۆ رۆژی دواتر فرۆکە دەسـتی کرد بە بۆردمانی ناوچەکە و بە شـەو پیاوێکی خەڵکی گوند هاتە لامـان و داوای کرد نـانێکی زۆر بکەین و خەڵـک بەرەو ئەشـکەوتەکان هەڵدەهاتن و سـوپای عیراقیش تادەهات نزیک دەبووەوە و بە درێژایی رۆژ ناوچەکەیان بۆردمان دەکرد. ئێمە شـوێنەکەی خۆمان بەجێهێشـت و بەرەو زێ رۆیشـتین و لە نزیک گوندی سـۆریا بە خەسـتی تۆپبارانیان کردین و خێزانەکان پەرت و بڵاو بوونەوە و هەریەکە بەلایەکدا رۆیشـتن، بەڵام جاشـەکان رێگەیان لێمان بڕیبوو، پاشـان پێشـمەرگە هاتن و لەگەڵیان کەوتنە شـەڕ و پێکـدادان و رێگەیـان بۆ کردینەوە. ئەوان پێشـمەرگەی حیزبی شـیوعیی عیراق بوون. رێکردنمان بە پێیان لە گوندی پەیاوە بۆگوندی سـۆریا چوار رۆژ و چوار شەوی خایاند کە هەمووی ماندوێتی و شەکەتی بوو بێ خەوتن. ئێمە مەڕوماڵاتەکەمان بەجێهێشـت و تاقە هێسترێکمان هەبوو ئەویشمان لە گوندی سۆریا جێهێشت و لەوێوە ئیتر خێزانەکەمان بوو بە دوو بەشـەوە، من و دڵخوازی برام و هەردوو خوشکەکەم و دایکم و باوەژنم و کەمالی برام و ژنەکەی و دووان لە سێ منداڵەکەی، ئەمانە گشتمان لە ئێرانین، بەڵام باوکم و شەعبانی کوڕی کەمالی برام کە هێشـتا شـیرەخۆرەیە لە تورکیا مانەوە! من لە رێگادا چەند جارێک مردنم بە چاوی خۆم بینی، لە بەر تینوێتی و برسـێتی و ترس، هەروەها گەلێ منداڵم بینی کە مردن و زۆربەیان لەترسا زەندەقیان چوو و مردن، من ناویانم بیر نایەتەوە و خێزانەکانیان هیچ کاتێکیان نەبوو بۆ ناشـتنیان و هەر لە رێگا فڕێیاندەدان و ئێمە بە لایاندا تێـدەپەڕین. من هەر منـداڵێکی مردووم بـدیـایە لەرزم لێدەهات و براژنەکەیشم بە درێژایی رێگا هەر بۆ شەعبانی کوڕی دەگریا. ئێمە کاتێ گەیشـتینە تورکیا بردینیاین بۆ ئۆردووگای کەڤرێ و لەوێ زۆر گەڕاین بە دوای باوکمدا و نەماندۆزییەوە و پێیانوتین رۆیشـتووە بۆ ئێران و بەو هۆیەوە ئێمەش هاتین بۆ ئێران. لێرە ژیـان قورسـە و منداڵان هەر رۆژە و یەکێکیان لێدەمرێت لەبرسـا چونکە شـیر نیە و سـکچوونیش تیایاندا بڵاوبووەتەوە. ئەگەر سەددام بمرێت یەک رۆژ چیبە نامێنینەوە و وڵاتی خۆمان خۆشـتر بوو ئەگەر سـەددام و کیمیایی نەبوایە. من زۆر باش ئاگام لە هەڵەبجەیە و سـەددام بە کیمیایی خەڵکەکەی کوشـتووە و حەز دەکەم سـەددام بمرێت لەبەر ئەوەی دوژمنمانە و لە گوندەکەمان دەریکردین و ئەو دوژمنمانە. گوندەکەی ئێمە زۆر جوان و دڵگیرە و هەمیشە پێشمەرگە دەهـاتنە گونـدەکەمـان و بنکەی کـافیـا، کە بـارەگـای پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بوو نزیکی گوندەکەی ئێمە بوو و ماوەی دوو سـەعاتە رێ بە پێیان لێمانەوە دوور بوو. من پێشـمەرگەم خۆشـدەوێ و لای رووباری زێ لە ئابڵووقەی جاشـەکان رزگاریان کردین و رێگەی ژیانیان بۆ کردینەوە!

**لە دەفتەری ئۆردووگاکانی ئاوارەییەوە**

ئۆردووگای ئاوارەکان لە گوندی زێوەی ئێران٣٤
٢٨ / ١١ / ١٩٨٨

دەیناسم، ئەو ژنە باش دەناسم، چونکە پێشتر سەردانی بنکە و بارەگاکانی پێشـــمەرگە ئەنســـارەکانی کردبوو لە کوردســتاندا و ئێمە لەوێ چاومان پێکەوت و ئەو رۆژگارە ئێمە خۆمان لە چاوی کامێراکەی لادەدا نەوەک دەرکەوتنی وێنەکانمان ببێتە هۆی لەناوبردنی خێزانەکانمان. ئەو ژنە رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی بوومن لێرەدا زۆر بە شان و باڵیدا نایەم و بەهەرحاڵ قەشـەنگ و جوان دەردەکەوت بە بەراورد لەگەڵ گشت ئەو کەسانەی لە ئۆردووگاکەدا بوون. لەو رۆژگارەی شاخدا ئێمە لە سەر ناوە دوور و درێژەکەی رانەهاتبووین بۆیە بۆ ئاسـانی و پەیوەست بە چیرۆک و ســـەرەرۆییەکانی هاورێییەکی پێشـــمەرگەمان کە خوێندنی ئەورووپای بەجێهێشـــتبوو و هاتبووە ریزی پێشـــمەرگەی ئەنســــــارەوە، ئـێمە نـاوی لـویـزامـان لـێنـابـوو! ئێســتا وا خودی «لویزا»، خۆی کامێرا و دەفتەری داوە بەکـۆڵـیـدا و بە کـووچە و کـۆڵانـی ئەم ئـۆردووگـا کارەساتبارەدا دێت و دەڕوات و وا گرتەیەکی دۆزییەوە کە بتوانێت لەو گۆڤار و رۆژنامانەدا بڵاوبیکاتەوە کەوا گەلی کوردیان کردووە بە تەماشـاچی دنیا و هیچیشـی دەسـت نەکەوتـــووە لە قســـــە و بەڵــێــن زیــاتــر. گرتەی منداڵێکی کورد بە جلە شڕەکانی بەریەوە و سواری پەیکەری پاســـکیلێـک بووە کە کەس نـازانێت لەکوێی دۆزیوەتەوە و لەگەڵیشـیدا دارێکی درێژی بەدەســتەوەیە. ئەمە وێنەیەکی کاریکاتێریی ســوارچاکێکی ســتەملێکراوە مەدام لویزا، وا نیە؟! من نازانم بۆچی کە تەماشای چاوی کامێرای وێنەگرتن دەکەم، کە لێرە زۆرن، شـێوەی خڕ و بـازنەیی ئەو نـانەم دێتە بەرچـاو کە منـداڵەکـانمـان لەم ئۆردووگـایەدا دەســـتیـان نـاکەوێت و جیهان زەق زەق تەماشایان دەکات؟

١٠ / ١٢ / ١٩٨٨

ســەرەڕای کەشــی ســارد و ســەرما بەیانیی ئۆردووگاکە خۆرەتاو بوو، لەبەرئەوە وای لە هەموو خەڵکی ئۆردووگاکە کردبوو لەبەر دەرگای خێوەتەکانیان دانیشـــن یان بەملا و بەولادا بۆخۆیان پیاســە بکەن. ئۆردووگاکە جمەی دێت لە ئاپۆرەی قرە و قەرەباڵخیی خەڵکی ئاوارەدا، لە لایەکەوە منـداڵان راوڕاوێنیـانە لە نـاو ڕاڕەوە قوڕاوییەکـانی نێوان خێوەتەکاندا و لەولاشـــەوە ئافرەتان جل هەڵدەخەن و ئاخ هەڵدەکێشـن بۆ رۆژگاری پاک و تەمیزی لە گوندەکانیاندا کە دیکتاتۆر دەریپەڕاندن و پێپەشی کردن لە ئاوی کانیاوە سـازگارەکانیان، پیرەمێردەکان بە دەم هەڵپێچانی سـیگار و جگەرەوە لە تووتنێکی هەرزانبای سـاختە خەریکی قسـە و بـاســـی جۆراوجۆرن، کچە عـازەبەکـان ئـاو لە بیر دەگوازنەوە و کوڕگەلیش بە مەبەســـــت و بیـانووی جۆراوجۆرەوە بە بەردەم خێوەتی هەنـدێک لە کچەکانـدا تێدەپەڕن و.. لەناکاو و بە شـــێوەیەکی کوتوپڕ و وەک ئەوەی لە ئـاســـمـانێکی دڕاوە دەرکەوتبێت فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەری ئێرانی لە ئاسمانی خێوەتگاکەوە دەرکەوت و بە نزمی دەفڕی و پێـدەچوو فڕۆکەوانەکەی توانـا و کـارامەیی خۆی نمـایش بکـات و هیچیتر. ئـاخۆ هیچ وشـەیەک دەتوانێت گوزارش لەوە بکات کە لە ســەرتاپای ئۆردووگاکەدا روویدا؟ ئایا هیچ وشـــەیەک دەتوانێت پەی بەو ترس و سـامە ببات کە تووشـی منداڵان هات کاتێ کە فڕۆکەکەیان بینی شـاڵاو بۆ ئاسـمانی خێوەتگاکە دێنێت؟ لەم سـاتەدا لە هەموو لایەکی ئۆردووگاکەوە بە شـێوەیەکی هیستێریانە قیژە و هاوار بەرزبووەوە و ترس و تۆقینێک کە هەرگیز وێنەی نەبوو لە هەموو منداڵێک نیشـــــت و خۆڕسـکانە هەر ژن و پیاوێک پەلاماری نزیکترین منداڵی دەدا و دەیگرتە باوەش و هەوڵیدەدا هێوری بکاتەوە، بەو ئەزموونە ســـایکۆلۆجییەی بە تاقیکردنەوە پێی راهاتبوون کە لەبنەڕەتـدا دەگەڕایەوە بۆ دیمەنە چەنـدبـارە بووەکانی تۆقانـدن دەگەڕایەوە. بێگومان منداڵەکان وایانزانی ئەوە فڕۆکەیەکی عیراقیی سەددامییە!

١٤ / ١٢ / ١٩٨٨

وا رۆژێکیتر تێدەپەڕێت، لەسەرەخۆ و دڵڕەق و وەڕسکەر و تژی لە ســـەرما و نەبوونی و برســـێتی و تەنیایی. سـەرلەبەیانیی ئەم رۆژە ئۆردووگا، کە ئێسـتا نیشـتەجێی هەزاران ئـاوارەیە، بە رەنگێکی تری ســـرووشـــــت بەئـاگـاهـاتەوە، ئەویش رەنگی یەکەم بەفر بوو کە بە درێژایی شـــەوی رابردوو بـارییوو! ئۆتۆمبیلێکی میریی ئێرانی، لە ئۆتۆمبیلەکانی لیژنەی ئۆردووگا بە خێرایی بە نێو قوڕ و لیتەی «شـــەقامە» بەرتەســـکەکەی نێوان ریزی

خێوەتەکاندا فرەفڕی دێت، ئەو خێوەتانەی کە شەو هەندێکیان رووخابوون لە بەر قورسیی بەفرەکە، بەڵام خێوەتەکەی ئێمە بە خواستی خوداوەند بەرگەی رووخانی گرتبوو. ئۆتۆمبیلەکە لای خێوەتێکدا دەوەستێت و زۆرێک لە خەڵکەکە چاویان گیرکردووەتە سەر ژنێک شین و شەپۆڕێتی و پیاوێک بە تەنیشتییەوە ئەبڵەق و حەپەساوە و هەندێک دەپرسن: چییە چی روویداوە؟ منیش هەمان پرسیار دووبارە دەکەمەوە و ژنە دراوسێکەمان، نازدار، کە بە جووڵەیەکی خۆڕسکانە منداڵەکەی لە باوەش دەگرێت و لە وەڵامدا دەڵێت: کچە منداڵەکەیان مردووە! من بە دەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە رادەچڵەکێم: چیمەن؟ ژنە دراوسێکەشم منداڵەکەی توند بە سینگیەوە دەنووسێنێت و لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ، چیمەن! لەو ساتەوەختەدا وێنەی چیمەنم هاتە پێش چاو، بە ژنە لەڕ و لاوازەکەی، رەنگی چاوەکانی، پێکەنینەکەی، قژ و پرچەکەی وئەو شەوەم هاتەوە یاد کە مانگێکی بچووک لە بەر دەرکی خێوەتەکەماندا دەرکەوت بە پەلکی زێڕینی و لە هەردوو لاوە دوو ناوکە بادەم بەسەر دەنکە قەیسییەکی بچووکەوە بریسکەیان دەهات و لەو ساتەدا مۆمێک لە نێو رۆحمدا کوژایەوە! ئاخ سەد ئاخ!

١٥ / ١ / ١٩٨٩

**مەکی!شووم و نەعلەتی و لاسار**

لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی دە بەهاری تێنەپەڕاندبوو بەڵام دەموچاوە گرژ و مۆنەکەی شوێنەواری چەندین برینی کۆن و نوێی پێوە بوو! هەردوو چاوی رەنگاورەنگ بوون و بەخێرایی هەڵیدەسووراندن و بە شێوەیەک کە نەتدەتوانی پەی پێبەریت کەوا کەی جێگیر دەبن و دەستەکانیشی لە خێراییدا وێنەیان نەبوو بۆ هەڵپرووکاندنی هەرچییەکی بویستایە لە دەستی منداڵانی تر و خۆی کردبوو بە بریکاریان! من هەرچۆنێک بوو پردی پەیوەندی و هۆگریم لەگەڵدا بەست و هەر زوو بووین بە برادەر و وای لێهات هەندێ منداڵ لای من سکالایان لە دەستی دەکرد. ئەو بە رۆژدا ئۆردووگاکە شوێنی گەمە و مەزاق و لاساری بوو، ئێوارانیش لە نێو خێوەتەکاندا بە کەساسی دەسووڕایەوە و بە دوای کەسانێکدا دەگەڕا کە لەدەستی دابوون.هەموو ئێوارانێک، کاتێک گشت دایکێک بانگی لە منداڵەکەی خۆی دەکرد. مەکی گرژ دەبوو و کرووشکەی دەکرد و هەموو جنۆکە و شەیتانەکانی لاساری و گوندەیی لێی هەڵدەهاتن و دەبوو بە جەستەیەکی شل و شاوی یەکپارچە خەم و کوێرەوەری و داماوی و گوناح. ئەو لە سەردانەکانیدا بۆ لای من باسی پەڕینەوەی رووباری ئاڤاشینی بۆ دەکردم، باسی فڕۆکە و سەرباز و بارانی گولەی بۆ دەکردم کە خۆشەویستەکانی لێهەڵپڕووکاند و پێیوتم: تەنها من و بەدیعەی خوشکە بچووکم لە پەڕینەوەی رووباری ئاڤاشین دەرباز بووین و ئەودوای خێزانەکەمان، کە شەش کەس بووین، یان کوژراون یان لای سەددام حوسێن دیلن.هەروەها دەیوت: حاڵی حازر لەگەڵ خێزانێکی خەڵکی گوندەکەمان دادەنیشین و ماڵێکی باشن. ئەو یەکەمجار کە قسەی بۆ دەکردم بەپەرۆشی و دڵی پڕ لە کوڵەوە قسەی دەکرد و منیش فرمێسک لە چاوەکانمدا قەتیس مابوون و هەوڵمدەدا خۆم بگرم و نەهێڵم بێنەخوار ونەمویست ئەو بیانبینێت تا ئەو کاتەی رۆیشت و بەجێیهێشتم. ئەوجا هەستی تر پڕیان بۆهێنام، کە تێکەڵ بوون لە تووڕەیی و لە ناخەوە سووتان و لەسەرخۆ فرمێسکەکانم وشک دەکردەوە. مەکی من لە زۆر شتدا قەرزاری تۆم.

**ئۆردووگای ئاوارەکان لە ناوچەی (خۆی)ی ئێران٣٥**

٦ / ٦ / ١٩٨٩

کیژۆڵەیەکی لاواز، دوو چاوی رەنگاورەنگ و پرچێکی رەش لە روومەتێکی گەنم رەنگ ئاڵاوە. من هەموو رۆژ دەیبینم، منداڵێکی چوست و چالاک و وەک ژنێکی ماڵداریکەری گەورە کاروباری ناوماڵ هەڵدەسوورێنێت. ئەم کیژۆڵە منداڵە ناوی سەمیرەیە. بۆی گێرامەوە کەوا لە ترسی تۆپباران لە گوندەکەیەوە رایدەکرد بۆ شاخ و بە درێژایی رۆژ خۆی لە ئەشکەوتەکاندا حەشاردەدا. دوێنێ کۆمەڵێک منداڵی لاسار یارییان دەکرد و وا هات بە خەیاڵیاندا کەوا گەمەیەکی نوێ دابێنن لە ئۆردووگای ئاوارەکاندا و نزیک ئەو شوێنەی خێزانەکەی سەمیرە تێیدا نیشتەجێ بوون وا هەڵکەوتبوو کە ژوورەکانی ئاودەستی گشتی لێبێت. منداڵەکان دەرگا ئاسنینەکانی ئاودەستەکانیان دابووە بەربەرد و دەنگێکی توندو یەک لەدوای یەک لە دەرگاکان بەرزبووبووەوە و سەمیرە

وایزانیبوو دەنگی ڕێژنەی گوللەیە و لەترسا لەهۆش خۆی چووبوو و برابوو بۆ یەکەی تەندروستیی ئۆردووگاکە و خێزانەکەی دەیانوت کە ئەوە جاری چوارەمە هەمان شتی تووش دەبێت و بە هۆکاری تەواو هاوشێوە!٣٦

٣ / ٧ / ١٩٨٩

بەڕێوەبەرێتیی ئۆردووگاکە و لەبەر هۆکارێک کە خۆی دەیزانی دەیویست کەوا مردوو هەر بە شەودا بنێژرێت! ئەو گۆڕستانەش کە لە قەدپاڵێکی نزیکی شاخەکە ئامادە کرابوو و پێشوازیی لە هەموو جۆرە تەمەنێک دەکرد بەتایبەتی منداڵ و فرە جاریش ڕۆژنارۆژێک! لای نیوەڕۆ بینیم لەسەرەخۆ و بێدەنگ ڕێدەکات و جگەرەیەکی دانەگیرساوی بەدەمەوە بوو و بە تەنیشتیشیەوە چەند پیاوێک ڕێیان دەکرد و یەکێکیان سیگارێکی پێچراوەی بەدەستەوە بوو! من دەسبەجێ و لە تەماشا کردنی ئەو ئافرەتانەی کە لە بەر دەرگادا وەستابوون زانیم سیگارە پێچراوەکە چی تێدایە. من نەمویست ڕووبەڕوو بیانبینم بەڵام کاتێک کە ئەو بینیمی بەرەورووم هات، تۆ بڵێی چی لە من بوێت؟ باشە بۆچی تەنها من لە ناو ئەوانیتردا؟ ویستم وشەیەکی سەبووری و دڵنەوایی ئامادە بکەم بەڵام ئەو لەناکاو داوای ئاگری لێکردم و ئەوەی لەبیرچووبوو کە من چەندین جار پێموتووە کە توخنی جگەرە ناکەوم، بۆیە پەشۆکا و جگەرەکەی خستەوە گیرفانی و لە گیرفانەکەی تری مشتێک ناوکە گوڵەبەڕۆژەی دەرهێنا و کەمێکی لێکردە دەستمەوە و بێپاکانە کەوتە تروکاندنی و شوێن پیاوەکان کەوت کە لە پێشیەوە دەڕۆیشتن بۆ گۆڕستانەکە بۆ ناشتنی کوڕی دووەمی کە لەم مانگەدا کۆچی دوایی کردووە!

٢٤ / ٧ / ١٩٨٩

کوڕێکی قۆز و قەشەنگە و وەک کچێک شەرمنە. زەردەخەنە گەشەکەی هۆگرییەکی شیرین دەبەخشێتە ڕەنگ و ڕووی. من هەموو ڕۆژێک لە گۆڕەپانی ئۆردووگاکەدا چاوم پێدەکەوێت کە پاکەتێک جگەرەی «سۆمەر»ی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بە تاک بیفرۆشێت بە ئاوارەکان و چەند تمەنێک قازانج بکات و منیش سەر دەخەمە سەری و دەڵێم:

مرگ بر قاچاقچی!٣٧ محەمەد پێکەنینێکی خۆشی بۆ دەکات و خۆی لادەدا لێم. من جگەرەکێش نیم و هیچم پێ نیە بۆی لە گاڵتەوگەپ و سەرکردنەسەر بەولاوە و جارجار دەچم بە سەردا و دەبینم کێبەرکێ لەگەڵ جگەرە فرۆشێکی تر دەکات بۆ ڕاکێشانی کڕیارێک و منیش هەوڵدەدەم نێوانیان چاک بکەم و ئەویش بە ئەدەبەوە بە قسەم دەکات و پاشان منیش شۆخیی لەگەڵ دەکەم و دەیدوێنم: هەتا ئێستا چەند هەزار تمەنت کۆکردووەتەوە٣٨؟ ئەویش بەسەرسوڕمانەوە پێدەکەنێت و بە خۆڕسکانە و ڕاستگۆیانە هەرچەندێکی لە گیرفاندایە لەو تمەنە کەمانە دەریاندەهێنێت و پیشانم ددەدات. ئەمڕۆ تەماشام کرد کز و داماوە و و بە زەحمەت ئەوەم لێدەرهێنا کەوا خۆیشی نازانێت چۆن ئاو دزەی کردووەتە ناو پاکەتە جگەرەکانی و سێ پاکەت لە جگەرە سۆمەرەکانی تەڕ و خەسار بوون. ئەمەش تووشی زیانێکی دارایی گەورەی کردووە و بە ئاسانی بۆی قەرەبوو نابێتەوە و لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی نامۆ و نائاسایی خەم و خەفەت دایگرتبوو، خەمێک کە دڵ بۆی دەبوو بە بوریان! من جگەرەکێش نەبووم و بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانمدا بە جارێک سێ پاکەت جگەرە بۆ خۆم بکڕم، بەڵام سێ پاکەتی تەڕی خەساربوو!! ئەوجا بڕیاریشم دا کە چیتر سەر نەخەمە سەری!

**ئەمە کۆتایی نیە**

کچەکەم سۆزان ستار عیناد... منداڵە خۆشەویستەکانم لە هەر شوێنێک بن... چیرۆک و بەسەرهاتی منداڵانی کوردستان لەم سنوورەدا تەواو نەبووە و تەواویش نابێت، چەشنی پرسیارەکانی تۆ و پرسیارەکانی منداڵان لە هەموو شارەکانی عیراقی نیشتمانمان و پرسیاری منداڵان لە گشت شوێنێکی جیهاندا، چونکە هۆکارەکان ماون و بەردەوامن و تەنها بە نەمانی ڕژێمی کوشتن و لەناوبردن و ئاوارە کردن چیرۆک و بەسەرهاتی تر دێنەکایەوە و ئەوجا پرسیار و وەڵامی تر کە بە تەواوی جیاواز دەبن. ڕەنگە گوندەکان بێدار بن لە شەوانی ئۆردووگاکاندا، ڕەنگە نان بزر ببێت بە هۆکاری ئابڵووقە ڕەنگە فاشیستەکان خەونی منداڵان بکوژن ڕەنگە ئەستێرە لە غەیری خولگەی خۆیدا بسووڕێتەوە بەڵام ئاڵاکە لە ناولەپی ڕۆژدا دەشەکێتەوە!٣٩

**پرۆفایلی نووسەر**

-ناوی تەواو: یوسف عەلي هەدداد
- ناوی پێشمەرگایەتیی ئەنسار: مولازم کەرەم لەدایکبووی ٢٠ / ٣ / ١٩٥٦شـاری سـەماوە، لە خێزانێکی کرێکاری هەژار. لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا مامۆستای زمانی عەرەبی لە وانەی «دارشتن»دا نووسینی دەقێکی ئەمی بینیوە، کە بە یەکەم هەوڵـدانی دادەنرێـت لە نووسـینی چیرۆکی کورتدا. لە ساڵی ٢٠٠٤ و لە سەردانێکیدا بۆ سەماوە لە پاش دابڕانی ٢٧ ســاڵ، ماڵی خۆیان، وەک جوانترین دیاری، ئەو دەفتەرەی قوتابخانەی پێشـکەش دەکەن، کە هەموو ئەو سـاڵانە هەڵیانگرتبوو و ئەمیش سـەرلەنوێ یەکەم «چـیـرۆکەکەی» خـۆی خـوێـنـدەوە.
-نووسـینە رۆژنـامەوانی و چیرۆکەکـانی لە بڵاوکراوە عیراقی و عەرەبی و فنلەنـدییەکـانـدا بڵاودەکردەوە.
-لەبەر هۆکاری سـیاسـی و رەتکردنەوەی کە بچێتە ناو حیزبی بەعسـەوە و پاش ئەوەی سـاڵێک زیاتر لە راوەدوونان و خۆشاردنەوەدا ژیا لە وڵاتی خۆیدا، هاوینی ساڵی ١٩٧٩ ناچار بوو بە بیاباندا و بە پیادەڕۆیی عیراق بەجێبێڵێت بەرەو عەرەبستانی سعوودیە و پاشان کوەیت.
-لە کوەیـت سـاڵانی ١٩٧٩ – ١٩٨٠ لە رۆژنـامە کوەیتیەکاندا بە گەلێ ناوی خوازراوەوە دەینووسـی، بە تایبەتی لە هەردوو گۆڤاری «العامل و الطليعـة» و هەردوو رۆژنامەی «الوطن و السـياسـة» و هەفتانە سـتوونێکی سیاسیی ساتیریشی دەنووسی لە گۆڤاری «الطليعة» بە نـاوی «أبو الفوز»ەوە و لەو کـاتەوە ئەمە بوو بە نـاوی هونەری بۆی.
بەهاری سـاڵی ١٩٨٢ گەڕایەوە بۆ وڵات و چووە ریزی جـووڵانەوەی خەبـاتـی چەکـداریـیەوە لەگەڵ هـێـزە ئەنسـارییەکانی حیزبی شـیوعیی عیراقدا، دژ بە رژێمی دیکتاتۆری، تا سەردەمی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە هاوینی ١٩٨٨دا و لێرەوە چیرۆکێکی تری دەسـتپێکرد لەگەڵ پەرتەوازەیـی و پەنـابەریـی گەلـێ وڵاتـدا.
-ماوەیەکی کەم پێش چوونە ریزی هێزەکانی پێشـمەرگەی ئەنسـار (حیزبی شـیوعی عیراق)، کۆمەڵە چیرۆکێکی ئامادە کردبوو بۆ بڵاوکردنەوە، کە دەبوو یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بێـت، بەو نیـازەی بینێرێـت بۆ بەیروت بۆ بڵاوکردنەوەی، بەڵام بەهۆی بیرۆکراتییەت و کەمتەرخەمیی بەرپرسێکی سیاسییەوە دیارنەما و شوێنبزر بوو!
-لە گەڕان بە دوای پەنـایەکی ئـارامدا لە وڵاتیکی عەرەبی گیرا و پاشــان لە ئیسـتۆنیاش دەسـگیر کرا و سـاڵی ١٩٩٤ی لە زیندانەکانی ئیسـتۆنیا بردەسـەر. لە زیندانی ئیســتۆنیا زیندانییەکانی عیراق، کە ژمارەیان ٩٨ کەس بوو، وەک نوێنەری خۆیان هەڵیانبژارد لای دەسەڵاتدارانی ئیستۆنی. ئەویش هەوڵی خۆی دا بۆ رێکخستنی ژیانیان لە ناو زینداندا و بەرەڵا کردنیان وەرگرتنیان وەک پەنابەر لە وڵاتێکی ئەورووپی. هەروەها لە زینـدان بڵاوکراوەیەکی رۆژنامەوانیی دەرکرد بە ناوی «پرۆتێسـت»ەوە، کە لە سـوێد چاپ دەبوو و چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو. پاشـان بەشـداریی کرد لەرێکخسـتنی مانگرتنێکی گشـتیدا لە خواردن، کەوا دەسـەڵاتدارانی ئیسـتۆنیی ناچار کرد ملبدەن بە جێبەجێ کردنی رێکەوتننامەی نێوان نوێنەرانی کۆمیسـیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران و لایەنە پەیوەندیدارە فنلەندییەکان، کە لەگەڵ زینـدانییەکـان مۆرکرابوو بە پـاڵپشـتیی کەمپێنێکی هـاریکـاری کە رێکخراوە عیراقی و ئەورووپییەکـان بەشدارییان تێدا کردبوو.
-لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٥ هوە لە فنلاند نیشـتەجێیە- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانە لە کوردستانی عیراق / ئەنـدامێتییەکی شـکۆمەنـدانەیە وەک رێزلێنـانیک بۆ هەڵـوێسـتـی لە مـافە رەواکـانـی کـورد.
-ئەنـدامـی یـانەی قەڵەمـی فـنـلەنـدیـیە.
-ئەنـدامی رێکخراوی رۆشـنبیریی نووسـەران و هونەرمەندانی فنلەندییە، کە بە «Kiila» ناسراوە و سێ خول بۆ دەسـتەی بەرێوەبەری هەڵبژێردراوە، لە ماوەی ٢٠٠٦ – ٢٠١٠ و پاشـان ٢٠١٣ – ٢٠١٥، وەک یەکەم نووسـەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا هەڵدەبژێریت بۆ ئەم پۆستە. لە مانگی ئایاری ٢٠٠٩ و لە رێگەی ئەم پێگەیەوە و بە هەمـاهەنگی لە نێوان رێکخراوی کیلا و وەزارەتی رۆشـنبیری لە هەرێمی کوردسـتاندا، هەوڵی خۆی دا بۆ رێکخسـتنی «هەفتەی رۆشـنبیریی فنلەندی لە هەرێمی کوردستان-.«ئەندامی رێکخراوی ئاشتیی فنلەندییە.

## پەراوێزەکان

١ـــ لە دووتوێی دێڕەکانی ئەم شایەتینامەیەدا هەوڵمداوە وشە کوردییەکان بە رێنووسی کوردی بنووسم، بە تایبەتی ناوی کەس و شوێنەکان، بەو پێیەی کە ئەم وشانە وابەستەی ژینگە و ژیانی رۆژانەی کوردن.

٢ ـــــ قوتابخانەی ئیڤانۆڤا: خوێندنگەیەکی تایبەتە بە رۆڵەی شەهیدان و تێکۆشەران لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان و لە نزیک شاری مۆسکۆ لە رووسیای فیدراڵ. سۆزان و بەسسامی برای لەوێ دەیانخوێند، کەوا باوکیان هونەرمەندی عیراقی ستار عیناد – ئەبو بەسسام، لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیی عیراقدا بوو لە کوردستان. (ئەم قوتابخانەیە لە سەردەمی سۆڤیێتی جاراندا بوو – وەرگێڕ).

٣-پێشمەرگە: وشەیەکی کوردییە و واتای خۆبەختکردن دەگرێتەوە، یان ئەو کەسەی گیانی خۆی خستووەتە سەر لەپی دەستی و بەرانبەرەکەی لە زمانی عەرەبیدا وشەی «ئەنسار»ی ناسراوە، کە بە زۆری لە ئەدەبیاتی حیزبی شیوعیی عیراق و هێزە دیموکراتییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

٤ -جاش: گوزارەیەکی کوردیی پڕ لە گاڵتەجاڕی و سووکایەتی و بێزلێکردنەوە و ریز نەگرتنی رۆڵەکانی گەلی کوردە بۆ ئەو هاوڕەگەزانەی خۆیان کە یەکەکانی بەکرێگیراوانیان پێکدەهێنا لە ژێر سایەی رژێمی دیکتاتۆریدا بە ناوی (هیزەکانی سوارە)، یان (فەوجە سووکەکانی بەرگریی نیشتمانی، کە زیاتر لای خۆمان بە جاشی خەفیفە ناسرابوون – و).

٥-رووباری شین: یەکێکە لەلقەکانی رووباری زابی سەروو یان زابی گەورەو بە ناوچەی بادینانی کوردستانی عیراقدا تێدەپەڕێت. (خەڵکی ناوچەکە پێیدەڵێن ئاڤاشین–و).

٦-رووباری زاب یان زێی گەورە: لقێکی رووباری دیجلەیە و بە ناوچەی بادینانی کوردستانی عیراقدا تێدەپەڕێت. (زیاتر بە زێی بادینان بەناوبانگە – و).

٧-دواتر پێشمەرگە ئەنسارەکان زانییان کە ئیوانی منداڵ گەیشتووەتە ماڵی خاڵی و هەروەها هەواڵیشی گەیشتووەتە پاشماوەی خێزانەکەی کە لە تورکیا گیرسابوونەوە، لە کاتی نووسینەوەی ئەم شایەتینامەیە لە هاوینی ١٩٨٩دا.

٨-مەڕانی بنکە و بارەگای سەرەکیی پشتەوەی پێشمەرگەکانی فەوجی یەکی هێزەکانی کەرتی بادینانی حیزبی شیوعی بوو، کە دەکەوێتە پارێزگای دهۆکەوە. بارەگای مەڕانی لە ٢/١٠/ ١٩٨٢ وەک بنکەیەکی پێشمەرگەکانی ئەنسار دروستکرا لە قووڵایی خاکی نیشتماندا و شوێنەکەی دەکەوێتە ناوەڕاستی کۆمەڵێک قەزا و ناحیەی گرنگەوە و نزیکیشە لە چیای سەختی گارەوە. ئەم بارەگایە لەبنەڕەتدا لە سەر داروپەردووی گوندێک دروستکرابوو بە هەمان ناوەوە و دەکەوێتە ناو دۆڵێکی تەنگەبەرەوە کەبەردەوام ئاوێکی سازگاری کانییەکی پێدا دەڕوات. شتێکی سەیرە کە دۆڵی مەڕانی نەوەدونۆ دارگوێزی بەتەمەنی تێدایە! ئەڵبەتە بێجگە لە شوێنە تایبەتەکەشی چڕیی دارەکانیشی یارمەتیدەر بوو بۆ شوێنەونی لە فڕۆکە کە بەردەوام بە ئاسمانی ناوچەکەوە بوون.

٩ ـــ دەوارە ئۆپەرێتێکی شانۆیی گۆرانی ئامێز بوو، لە نووسینی پێشمەرگە حەیدەر ئەبو حەیدەر و دەرهێنانی پێشمەرگە یوسف ئەبولفەوز. ئەکتەرانی نمایشەکەش ئەم منداڵانە بوون: زەخارۆڤ، فیدڵ، مناضل، لینا، وەفا، خەیال، ڤلادیمیر، ماجیدە، دیمترۆڤ، سەلمان، بەسیم، خەلیل. هەروەها ئەم پێشمەرگانەش لە نمایشەکەدا بەشدار بوون: کەریم، خەیری، یوسف ئەبولفەوز. دیکۆر و مکیاجیش لە ئەستۆی شەهید ئەبو ئەیار (فوئاد یەڵدا) و سەربەست بوو، جلوبەرگ پێشمەرگە ئوم ئەمجەد، رووناکی لەئەستۆی ئەم پێشمەرگانە بوون: ئەبو حەسەن حەبیب ئەلبی، جیهاد، ئەبو وجود. تیپی موزیک پێشمەرگەکان: سەمیر، عامر، کوڤان بوون. ئۆپەرێتەکە سێ جار لە بنکەی مەڕانی نمایش کرا و نمایشی یەکەمیش لە ٣١ / ٣ / ١٩٨٨ دا ئەنجامدرا.

١٠ ـ شەهید ئەبو ئەیار، فوئاد یەڵدا سەلمان. لەدایکبووی ١٩٥١، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا و خوێندنی باڵای هونەری شێوەکاری لە ئینستیتیوتی هونەری فلۆرەنسا – ئیتالیا تەواو کرد. ساڵی ١٩٨٢ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی ئەنسارەوە و لە راگەیاندنی فەوجی یەکدا کاری دەکرد. تەمووزی ١٩٨٨ لە شەڕەکەی گوندی شێخکادا رانی برینداربوو، بەشداریی هونەریی

بەرچاوی هەبوو بێجگە لە ئەرک پێشــمەرگایەتی. لە دەمی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا و بەدیاریکراوی لە رۆژی ١١ / ٩ / ١٩٨٨ دا و پاش ئەوەی مەفرەزەکەی کەوتە بۆســـەیەکی دوژمنەوە و بریندار بوو، هێزەکانی دوژمن گەمارۆیان دا و ویســـتیان بە دیل بیگرن، بەڵام ئەو خۆی رادەســـت نەکرد و دوا فیشەکی بە سەری خۆیەوە نا و قارەمانێتییەکی نەمرانەی تۆمار کرد.

١١ ـــــ منداڵان زەخارۆف و خەلیل کوڕانی شەهید ئەبو ماجید بوون کە لە هاوینی ١٩٧٨ و لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکێکی تـایبەتی حیزبیی لە دەشـــتی مووســـڵدا بە جەڵتەیەکی دڵ گیانی سپارد.

١٢ـ منداڵان فیدڵ و زۆزک و ماجیدە و نەسیر، رۆڵەکانی شـــەهید ئەبو نەســـیر، هورمز خۆشـــابا هورمز بوون، خەڵکی گوندی بەقری بوو لە دەشتی مووسڵ و لەدایکبووی ١٩٥٠ بوو. لە ٢٣ / ٧ / ١٩٨٨ لە شـــەڕەکەی گونـدی شێخکادا (دەشتی مووسڵ) شەهید بوو. فەرماندەی سریەی چواری فەوجی یەک بوو.

١٣ــ وەفاء کچی شەهید ئەبو فوئادە، کە لە رۆژی ٥ / ٦ / ١٩٨٧ شــەهید بووە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٦ ی ئەم کتێبە.

١٤ ــ لە بەهاری ١٩٨٨دا کۆمەڵە هۆنراوەیەکی زەخارۆڤی منداڵ نێردرا بۆ راگەیاندنی ناوەندیی حیزب بە مەبەستی چاپ و بڵاوکردنەوەی، دوای ئەوەی پێشـمەرگەی شـاعیر کۆیکردنەوە و رێکیخستن و پێشـەکی بۆ نووسی، بەڵام لە گەرمەی رووداوەکاندا چارەنووسی نادیار کەوتەوە وەک چارەنووسی نووسەرەکەی.

١٥ــــ لە هێرشی ئەنفالدا بۆ لەناوبردنی گەلی کورد ١٨٢ هەزار هـاوڵاتیی کورد بە دیـل گیران و دوای ئەوە کەس هیچی لەبـارەیـانەوە نەبیســـت و رژێم هیچ زانیـارییەک لەبارەیانەوە نادات و کەســـوکاری ئەم خێزانانە و ئەو منداڵانەی کە لەم نووسینەدا جێی باسی ئێمەن، پێیانوایە ئەو ژمارە خەڵکە «بوون بە هەڵم» و نەماون، بە پێی ئەو شـــێوازانەی رژێمی فاشـــی کە داهێنـانیـان کردووە لە ســـڕینەوەی ئاســەواری مرۆڤدا. (تێبینی: دواتر و لە پاش رووخانی رژێمی بەعس، روونبووەوە کە هەموو ئەوانەی لە ئۆپەراســیۆنی ئەنفالدا گیران لەناوبراون و تەنها چەند هەزار کەسێک، کە بە زۆری ژن و منداڵ و پیر بوون، لە بەندیخانەکانی نوگرە سەلمان و دووبزبەردران ــ وەرگێڕ)

١٦-هۆنراوەیەکی پێشـــمەرگەی شـــاعیر ئەبو تالیبە، کە شـاعیر عەبدولقادر بەسـرییە. لە کوردسـتانی عیراقدا و لە ســـاڵانی پەیوەندی کردنی بە هێزەکانی پێشـــمەرگەکانی ئەنساری حیزبی شیوعی عیراقەوە و لە بواری راگەیاندنی فەوجی یەکدا لە ناوچەی بادینان کاری کردووە. بەشداریی جۆراوجۆر و گرنگی هەبووە لە بـواری فەرهەنگی و رۆشـــنبیریی پێشـــمەرگـایەتیـدا. لە لایەن «کۆمەڵەی نووسەران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی دیموکراتیی پێشـــمەرگەی ئەنســـار – لقی نەینەوا» کۆمەڵە شـــیعری «هۆنراوە جەنگـاوەرەکـانی» بڵاوکردووەتەوە، هەروەهـا نامیلکەیەکی شـــیعریی تر کە چامە شـــیعری دووردرێژی تێدایە بە ناونیشانی «دەنگەکانی سەردەمی جەنگ.

١٧عەموودی (سلام العطار)، یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی حیزبی شـــیوعیی عیراق لە کەرتی بادینان، کە بەناوبانگ بوو بە رۆحســـووکی و رووخۆشـــی و خۆشـــەویســـتی گوندنشـینان بوو بەگشـتی و منداڵان بەتایبەتی. (پێموایە نـاوی حەموودی بووبێـت و لەبەر ئەوەی لە دیـالێکتی ئەو ناوچەیە و هەندێ شـوێنی تری کوردسـتاندا پیتی ح بە ع گۆڕدەکرێـت و بەپێچەوانەشـــەوە، بۆیە بە «عەموودی» بانگ کراوە – و).

١٨ قوتابخانەی شـــۆڕش، ئەزموونێک بوو ئاســـتەنگی زۆری هـاتەپێش و نەیهێشـــت بەرفراوان ببێت و تەنها تایبەت بوو بە هەندێک گوند و هەندێک هێزی سـیاسـی، کە هێزەکـانی پێشـــمەرگە پۆلی خوێنـدنیـان دەکردەوە منـداڵانی گونـدەکـانی نـاوچە رزگـارکراوەکـان و پێشمەرگەکان خۆیان وانەیان تێدا دەوتەوە.

١٩ هاوڵاتی عەبدولرەحمان کەرکۆ باپیری نیهادی منداڵ، دەڵێـت ئەوە لە ســـاڵی ١٩٦٢دا روویـداوە، کـاتێ کە فڕۆکەکانی حکومەت بە شـــێوەیەکی کوتوپڕ و لەناکاو گوندەکەیان بۆردمان کرد. گۆڕستانیکی تایبەتیش بۆ هەر بیست و سێ شەهیدەکە چێ کرا.

٢٠ ـــــ تەقەدوم، وشـەیەکی بەربڵاوە لە کوردسـتان و لە بنەچەدا عەرەبییە بە واتـای پێشـــڕەوی کردنی هێزە ســـەربازییەکانی رژێمی دیکتاتۆریی ســـەددامییە، بۆ

بەرپاکردنی کاری ســـەرکوتکەرانە و دوژمنکارانە، دژ بە گوندە بێوەییەکان و دژ بە بنکە و پێگەکانی پێشمەرگە.

٢١ کۆمەڵگــا یــان ئــۆردوگــای کەڤرێ، یەکێکە لە ئۆردوگاکانی ئاوارە عیراقییەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە تورکیا و ئاوارەکان تێیدا بارودۆخێکی زۆر ســەختیان دەگوزەراند

٢٢ ـ ڕۆژی ٦ / ٩ / ١٩٨٨دا ڕژێمی دیکتاتۆریی بەغدا بە ناو لێبووردنی گشـــتیی دەرکرد و بەشـــێک لەو خەڵکەی هەڵفریوانـد کە ئـاوارەی تورکیـا بووبوون و داوایـان لە دەســـەڵاتدارانی تورکیا کرد ڕێگەیان بدات بگەڕێنەوە بۆ کوردســـتانی عیراق و دەســـتبەجێ حکوومەتی تورکیا ئۆتۆمبیلی تایبەتیی بۆ ئامادە کردن بۆ گواســـتنەوەیان و هەروەها فشاری جۆراوجۆری لەسەر خەڵکەکە دروستکرد بۆ ئەوەی نـاچـاری گەڕانەوەیـان بکـات بۆ عیراق. بەو هۆیەوە لە ئۆردوگای ئاوارەکاندا خۆپیشـــاندانی گەورەی ئاشـــتیانە ئەنجامدرا وەک ناڕەزاییەک لە ســـەر کار و کردەوەکـانی حکومەتی تورکیـا و پەردە لادان لە ســـەر مـانۆڕی ڕژێمی دیکتـاتۆریی عیراق. حکومەتی تورکیـاش بە توندوتیژی و تەقە کردن بەرەنگاری خۆپیشـاندانەکان بووەوە و ژمـارەیەکی زۆر لە خۆپیشـــانـدەران برینـدار بوون. لە کاتی خۆپیشاندانەکە و وەک دەربڕینێک بۆ ڕق و تووڕەییان خۆپیشـاندەران دەسـتیان کردە بەردبارانی ئۆتۆمبیلەکانی ئەو «گەڕاوانەی» بە مانۆڕ و پیلانی ڕژێمی سەددام فریویان خواردبوو.

٢٣ ئەرزاق، گوزارشێکی باو بوو لە ناو ئاوارە کوردەکانی ئۆردوگاکانـدا و بەو هـاوکاری و خۆراکانە دەوترا کە لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی ئۆردووگـاکـانەوە دابەش دەکرا و وشەکە خۆی عەرەبییە.

٢٤ ـ پێشمەرگەی ئەنسار ئەبو بەسسام، هونەرمەند ستار عینادی وێنەکێشــی کاریکاتێر و نەخشــەکێش (دیزاینەر) بوو. لەو مـاوەیەدا کە لە کوردســـتـان بوو پێشـــانگەی هونەریی زۆری کردەوە و بەشـداری جۆراوجۆری هەیە لە ژیانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی پێشمەرگە ئەنسارەکاندا و منداڵان خۆشـیاندەویسـت لەبەرئەوەی گرنگیی پێدەدان و مشـــوورخۆر بوو لە ئـاڕاســـتە کردنی بەهرەدارانیـان.

٢٥ ـــــ بنکەی زێوە، بارەگای ســـەرکردایەتیی کەرتی بادینانی پێشـــمەرگەکانی حیزبی شـــیوعی عیراق بوو و دەکەوێتە نـاوچەیەکی ســـنووری پـارێزگـای دهۆکەوە لە نزیک زێی بادینانەوە، (یان زێی سەروو).

٢٦ ـــــ لە ڕۆژی ٥ / ٦ / ١٩٨٧دا نۆ فڕۆکەی جەنگیی ڕژێمی دیکتاتۆریی عیراق بنکەی زێوەی پێشـــمەرگەکانی حیزبی شـیوعیی عیراقی بە گازی کیمیایی بۆردمان کرد و هەردوو پێشمەرگە ئەبو فوئاد و ئەبو ڕزگاری شەهید کرد و هەردوو پێشـــمەرگەش عەباس و خابوور بە ســـەختی برینـــدار بوون و گـــازە ژەهراوییەکەش بە شـــێوەی جۆراوجۆر کاری کردە سەر ١٤٩ پێشمەرگە و هاوڵاتی و، ئەمەش لە هەوڵە بەراییەکانی ڕژێم بوو بۆ بەکـارهێنـانی چەکی کیمیای لە کوردستاندا.

٢٧ -مەجد و مەسار، منداڵانی شەهید ئەبو ڕەغد (عباس الجصـــانی) بوون و هەردووکیـان لەگەڵ دایکیـان لە نـاو بەرکەوتووانی گازی ژەهراویدا بوون لە هێرشی سەربنکەی زێوەی ئەنسار لە ٥ / ٦ / ١٩٨٧دا.

٢٨-مشـمش و سـمسـم، ناوی منداڵیی خۆشـەویسـتی و (نهێنیی!) بوو بۆ دوو منداڵ، کە لە ناو پێشـــمەرگەکاندا بەم دوو نـاوە نـاســـرابوون و نـاوی ڕاســـتەقینەیـانی داپۆشیبوو، کە دوو منداڵی دایک و باوکێکی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بوون.

٢٩ ـــــ سـیڤان، منداڵی دایک و باوکێکی پێشـمەرگەی حیزبی شیوعی بوو، کە تەمەنی چەند مانگێک بوو ڕۆژی بۆردمانە کیمیاییەکەی بنکەی زێوە.

٣٠ ـــــ شـــڤان، هونەرمەندی ناســـراوی کورد، کە گۆرانییەکانی لە ســـەر کارەســـاتی شـــاری هەڵەبجە زۆر بەناوبانگ بوو، بە تایبەتی لە ناو منداڵانی کوردا.

٣١ ـ بەرگریی میللی، ناوێک بوو بەو جووتیارانە دەوترا کە ڕاســـتەوخۆ پێشـــمەرگە نەبوون، بەڵام لە گوندەکانی خۆیان دەمانەوە و هاوکارییان لەگەڵ پێشـــمەرگە دەکرد و چەک و تەقەمەنییـان بۆ دەبردن. لە شـــەڕ و پێکدادانە گرنگەکانیشـــدا دەچوونە پاڵ پێشـــمەرگە و ڕاســـتەوخۆ لەگەڵیان بەشـــدار دەبوون. ئەڵبەتە دەیان کەس لە ڕۆڵەی گوندەکان لە شـەڕ و پێکدادانی شـەرەفدا شـەهید بوون. (زۆربەی هێزە سـیاسـییەکانی کوردسـتان هێزی بەرگریی

میللیی خۆیـان هەبوو و بە زۆری بە چەک و فیشـــەکی خۆیشیانەوە – و).
٣٢- لە رۆژی ١٣ / ١ / ١٩٨٨دا پێشمەرگە ئەنسارەکانی (بەرەی کوردسـتانی) لە ناوچەی بادینان ئۆپەراسـیۆنێکی بەرفراوانیـان ئەنجـامـدا، کە تێیـدا بۆ مـاوەی دوو رۆژ ناحیەی دێرەلووکیان
گرت و هێزەکانی حکوومەتی عیراق نەیانتوانی بێنە نـاو دێرەلووکەوە تا هێزی پێشمەرگە پاشەکشێیان نەکرد.
٣٣ ـ برگە (قطع)، لێژاییەکی بەردینی کوورِ و ئەستوونییە و گەلێ جار زۆر بەرزە و هێجگار ترسـناکە ئەگەر رچەڕێ و رارِەوی ناچاری بە قەراخیدا بروات.
٣٤ - ئۆردووگای گوندی زێوەی ئێران: لەگەڵ ســەرەتای دەســتپێکردنی ئۆپەراســیۆنی ئەنفالدا هەزاران ئاوارەی کورد روویان کردە ئێران و تورکیا. ئێران گەلێ شـــوێنی تەرخان کرد بۆ پێشـــوازی لە ئـاوارەکـان و تورکیـاش هەزارانی لێوەرگرتن بەڵام لە هەمان کاتدا ســەدان کەســی رەتکردەوە و ســـەدانی تری دەرکرد، لە هەوڵێکـدا بۆ ئەوەی ناچاریان بکات بگەڕێنەوە بۆ ناو خاکی عیراق. لە بەردەم هەرِەشـەی راسـتەوخۆی مەرگدا لە لایەن هێزەکانی رژێمی سـەددام حوسـێنەوە سـەدان کەسـی ئاوارە ناچار بوون ســـەرکێشـــی بکەن و بە دزییەوە لە نـاو خـاکی تورکیاوە برۆنە ئێران. گوندی زێوەی ئێرانیی سنووریش کە دەکەوتە نزیک شـــاری ورمێی ئێرانەوە ئۆردووگایەک کرایەوە بۆ داڵـدەدانی زۆربەی ئەو کوردانەی تورکیـا دەریکردن و پێشوازیی لێنەکردن.
٣٥ ـــ ئۆردوگای خۆی ئێران، لە نزیک گوندی زارعانی ئێرانەوە لە ئوســـتـانی ورمێ و لە نزیـک ســـنووری ســـۆڤییەتەوە، حکومەتی ئێران بەندیخانەیەکی پێشـــووی ئەویی کردە ئۆردوگـا بۆ ئـاوارە عیراقییەکـان. لە پـاش رووداوەکـانی ئەنفـال و رۆژگـاری ئـامـادە کردنی ئەم شـــایەتینامەیە، کوردە ئـاوارەبووەکانی ئێران زۆربەی ئاوارەکانی ئەم کەمپەیان پێکدەهێنا.
٣٦- دواجار سەمیرە خەریکبوو شێت ببێت و لەپڕ تووشی هیســتێریایەکی توند بوو و چەندین رۆژی لەســەر یەک ورێنەی دەکرد، گۆرانیی دەوت و دەگریـا و پێـدەکەنی، هەڵسـوکەوتی سـروشـتیی لەدەسـتدابوو. ئەڵبەتە بە هۆی نەبوونی چاودێریی پزیشـکیی تەواو لە ئۆردووگای خۆی و لەبەر باری سـەختی دارایی خێزانەکەی ناردنی دواکەوت بۆ پزیشـکی پسـپۆڕ بۆ پشـکنین، بارودۆخی خراپ بوو تا ئاسـتێک کە بۆچوونێکی وا دروسـت بوو کەوا تەواو شـــێت بووە. پاشـــان بە هاوکاریی خەڵکی چاکەخواز هـاوکـاریی خێزانەکەی کرا و نێردرا بۆ چـارەســـەر و دەرکەوت خەمۆکییەکی توند و ئاڵۆزی هەیە. بۆ زانیـاری سەمیرە تەمەنی تەنها دە ساڵە و کێ زەمانەتی ئەوە دەکات کە سەرلەنوێ تووش نەبێتەوە؟
٣٧- مرگ بر قەچەقچی: دەســـتەواژەیەکی فارســـییە بە واتای (مردن بۆ قاچاخچی). ئەمە دروشـــمێکی باو بوو لە ئێراندا لە کاتی ئامادە کردنی ئەم شـــایەتینامەیەدا، لە چوارچێوەی بـانگەشـــەی حکوومەتی ئێرانـدا بۆ بەگژداچوونەوەی قاچاخ و قاچاخچییەکان.
٣٨-تـــمەن یـــان تـــومەن، دراوی ئـــێـــرانـــیـــیە.
٣٩- هۆنراوەیەکی پێشـمەرگەی شـاعیرئەبو تالیبە. بروانە پەراوێزی ژمارە (١٦)ی ئەم کتێبە.

# کۆمەڵکوژی دەرسیم و بێدەنگی کورد

له پەیسەر پریس وەرگیراوە




دەیان هەزاریان کۆمەڵکوژکران و ژمارەیەکیشیان دران بەدەم ڕوبارەکانەوە

له هەرکوێیەکی جیهانـدا، تـاوانی کۆمەڵکوژی تـاوانی جەنـگ و تـاوانی کۆمەڵکوژی و تـاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، (جینۆســــاید) له دژی گەلێک یان گروپێک ئەنجامدرابێ، ئەوا بۆ هەتایە ئەوتاوانانە وەک پەڵەی ڕەش و شەرمەزاری بەتەوێڵی ئەنجـامـدەرانیـانەوە دەمێنێتەوە، کورد تەنها میللەتە کە حزبەکـانی دۆســێی جێنۆســـــایـدیـان فەرامۆشـــکردووەو نـاوبەنـاو لەدژی یەکتری هەمـان ئەو ئەنجامـدەرانە دەهێننەوە ســـەر یەکتری کە میللەتەکەیـان جێنۆساید کردووە. دیسان تەنیا میللەتیشە کە چاوپۆشی له ئەنجامـدەران و تـاوانبارانی ئەم تـاوانـانە کردبێت .. دەنگدان بە ئاکەپە لە باکوری کوردســـتان و هێنـاوەی ســوپای عێراق بۆ ســەریەکتری لەباشــوری کوردســتان سەلمێنەری ئەم راو بۆچونەنە. ئەگەرچی بڕیارو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکـان هەرگیز بەفریـای کورد نەکەوتوون و ڕێگەیان له جێنۆسـایدی کوردەکان، نەگرتووە بەڵام کورد هەرماوەو لە دیدی زۆربەی گەلی کوردەوە ئەنجامدەران و هاوکارەکانیان جێگەی نەفرەت و شەرمەزاریان دەکەن.

هێشـــتا تەپو تۆزی دامرکاندنەوەی شــۆڕشـــی ئارارات ئاســـمانی باکوری کوردســـتانی بەرنەدابوو، تورکەکان جـارێکی دی بە تونـدی پەلامـاریی کوردە عەلەوییەکـانی باکووری کوردســـتانیان دایەوە، لەو پەلامارەدا ژمارەیەکی زۆر له کوردەکان تێداچوون، تورکەکان دەســـتیان له کوشتنی ژن و منداڵیش نەپاراست، بۆ شـاردنەوەی تاوانەکەو سـەر لێشـێواندن ژمارەیەکی ئێجگار زۆریشـــیان دابەدەم ئاووی ڕووبارەکانەوە.

کۆمەڵکوژی دەرسـیم هەشـتا پێش له ئێســـتـا بووە، مێژووی ڕوداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی (1937-1939) لەئەنـجـامـی زوڵـم و زۆری دەوڵەتـی تـورکیـاو ســـیـاســـەتی بەتـورککـردنـی هەمـوو نـاوچەکـانی باکوری کوردســـتان بەرێوەچووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ســیاســـەتە شـۆڕشـێک هەڵگیرسـا کە دواتر ناوی شـۆڕشـی دەرسیمی لێنرا. بە پێی وتەی مێژوونووسان پاش شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران لەساڵی 1925 ئەمە گەورەتـریـن ڕاپەڕیـنـی کـوردان بـوو دژ بەســیاســەتی بەتورککردن و داگیرکاریی دەوڵەتی کەمال ئەتاتورک. لەو ماویەدا دەوڵەتی تورکیا یاســـای دوبارە نیشتەجێکردنەوەی هاوڵاتیانی لەناوخۆی تورکیای دەرکرد لەساڵی 1934 دا، دەستیکرد بە ڕاگواستنی کورد لەزێدی باوباپیرانی و نیشـــتەجێکردنی لەشـــوێنی تر بەتایبەت لەخۆرئاوای تورکیاو هێنانی تورک بۆ شـوێنی کوردەکان دیارە بەم جۆرە ســیاســەتەش دەگوترێت(ســیاســەتی بەتورککردن) و له ڕووی یاســـای نێو دەوڵەتیشـــەوە بە تـاوانی جینۆســـاید دێتە ئەژمارو بە کۆمەڵکوژیی نـاوی دەبرێت. ئەم جۆرە سیاسەتە وایکرد گەورەترین ڕاپەڕین و شـۆڕشـی چەکداری دژ بەتورک دەسـتپێبکات لەناوچەی دەرسـیم بەســەرکردایەتی ســەید ڕەزای دەرسـیمی، لەگەڵ هەڵگیرســـانی ڕاپەڕینەکەدا دەوڵەتی تورک زۆر بەتوندی ڕوبەڕووی بویەوە لەئەنجامدا دەیان هەزار کورد کوژران.

گۆڕینی نەتەوەو زمان:

ساڵی 1934 لەتورکیا یاسایەک دەرچوە بەناوی یاسای (سەرلەنوێ نیشتەجێ کردنەوە) ئەویش بەمەبەستی



سەید ڕەزای دەرسیم داوایەکی کەمال ئەتاتورکی ڕەتکردووەتەوە

سەرلەنوێ گرتنەخۆو نیشتەجێکردن و دابەشکردنی کەمینە نەتەوەکانی ناو تورکیا، لەوانە کورد، تاکو بەئاسانی لەناو بۆتەی توركدا بیانتوێنێتەوە، لەکاتی پێوستدا لەژێر کۆنترۆڵیان دەرنەچن، وەک شارەزایان باسی دەکەن ئەم جۆرە سیاسەتە تەنها لە لایەن تورکیاوە جێبەجێ نەکراوە بەڵکو دەوڵەتی عیراقیش لەساڵی 1978 و دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیری 1975 هەمان یاسایان جێبەجێی کرد، بەراگوستنی هەموو گوندە سەرسنوریەکان نێوان عێراق و تورکیاو عێراق و ئێران، وەک هەنگاوێکی تر بۆ بەعەرەب کردنی کوردستان و تواندنەوەی کورد لەبۆتەی عەرەبداو کپکردنەوەی شۆڕشی کورد کە ئەو کات توانایەکی باشی و مادیی و سەربازیی و مەعنەوییشیان هەبوو، هەروەک لەسنوری ی کوردستان لەسالەکانی 1963 وە دەستی بەتەعریب کردبوو بەتایبەت ناوچە نەوتیەکان نزیک کەرکوک و خانەقی و عەین زالە.

جێبەجێکردنی بڕیارەکە:

بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەوڵەتی تورک لەساڵی 1935 دا دەستیکرد بەکۆچی زۆرەملێ دانیشتوان و ڕاگواستنیان، تاکو هاوسەنگیەک ئەنجامبدات کە بگونجێ لەگەڵ سیاسەتی بەتورککردندا، وردەکاریی پلانەکە بریتی بوو لە گواستنەوەی کوردەکان بۆ ئەو شوێنانەی زۆرینەی تورک بوون، تا لەو ڕێگەیەوە بیانتوێنێتەوە منداڵەکانیان لەخوێندنگا تورکیەکاندا بخوێنن و زمانی دایکیان لەبیربکەن، دەوڵەتی تورک پاش گۆڕینی ناوی دەرسیم بۆ "تونجەلی" دەستیکرد بەجێبەجێکردنی پلانەکەی "تونجەلی بەمانای دەستی پۆڵایین" دێت بەزمانی تورکی، واتە بەدەستی پۆڵاین دەدەین لەوانەی کە دژ بەسیاسەتی ڕاگواستن و بەتورک کردن دەوەستنەوە.

پەرتکەو زاڵبە:

تورکەکان لەسەرەتای پرۆژەکەیانەوە سیاسەتێکی بەکاردەهێنا گوایە لەناوچەی دەرسیم "کوردو زازایی و عەلەوی" دەژین، سیاسەتی پەرتکەو زاڵبەی لەناویاندا پەیڕەو کرد، تا بەجوانی بتوانێ پلانەکەی جێبەجێ بکات، وا دەریبخات کە ئەمانە سێ ڕەگەزی جیاوازن. تورکەکان لەوکاتەوە تائیستا بەردەوامی هەیە کە دەڵێت "یەک حزب و یەک نەتەوە" لەدوای هاتنەسەر حوکمی ئەتاتورک و حزبەکەشی، سیاسەتی "یەک تورکیا"شی هاتەسەر. ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ کۆمەڵکوژی هەر نەتەوەو گەلێک کە قبوڵی ئەو سیاسەت و حوکمەی نەکردبێت و پێی ڕازی نەبێت.

تۆقاندن:

لەکانوونی دوەمی ١٩٣٧ کوردان لەدەرسیم نارەزایی نامەیەکیان نارد بۆ حاکمی ناوچەکە، بەڵام لەجیاتی وەڵام و چارەسەر، نامەبەرەکانیان دەسگیرکردو کوشتیانن، ئیتر ڕاپەڕینی خەڵک دەستیپێکرد دژ بەکردەوەکانی دەوڵەتی تورک، لەچەندین شوێن کەمین و شەڕی چەکداریی رویدا دژ بەهێزەکانی تورکیا، تێکهەڵچون و شەڕ بەبەردەوامیی هەبوو، تورکیا زیاتر لە 25 هەزار سەربازو چەکداریی کۆکردوە لەناوچەی دەرسیم بڵاویکردوە بەمەبەستی سەرکوتی ڕاپەڕینەکە، لەهەر شوینێک بەرگری هەبوایە دەوڵەتی تورک بەفرۆکەو تۆپ بۆمبارانی دەکردو گوندو شارەکانیان وێران دەکرد، خەڵکی مەدەنی ناوچەکەیان کۆمەڵکوژ دەکرد، لەهەندێ شوێنی دورە شەڕ خەڵکەکەیان بەزۆر رادەگواست بۆ شوێنی ترو تورکیان لەجێی نیشتەجێ دەکرد، ڕاپەڕینەکە تا کۆتایی مانگی تشرینی دوەمی ساڵی 1938بەردەوامی هەبوو.

دەستپێکی کۆمەڵکوژیی:

کەسێکی کورد بەناوی "عەلی دۆغان" تەمەن 83 ساڵ سکالای تۆمارکردوە دژی دەوڵەتی ئەوکاتەی کە کۆمەڵکوژی دەرسیمی ئەنجامداوە، 20 کەس لەخێزان و بنەماڵەکەیان کۆمەڵکوژ کراون، پارێزەرەکەی باس لەو بەڵگەنامە دەکات و دەڵێت "کۆمەڵکوژی دەرسیم لە 1937/5/4 دەستپێکردوەو لە 1939/8/2 دا کۆتایی هاتوە، هەرچەند بەئاشکرا لەساڵی 1938 کۆتایان پێهێناوە بەڵام بەنهێنی ئەو بڕارەیان درێژکردوەتەوە بۆ ساڵی 1939، هێرشەکان و کۆمەڵکوژیەکان بەسەرکردایەتی جەنەراڵیکی تورک بەناوی "عەبدوڵا ئالپ دۆغان" بوە، هەموو جۆرە چەکێکی بەکارهێناوە دژ بەخەڵکی دەرسیم تەنانەتە بۆ یەکەمجار چەکی کیمیایی بەکارهاتوە دژی کورد لەدەرسیم بوە، کە بۆتە هۆی کوشتنی 13806 سیانزە هەزارو هەشت سەدو شەش کەس لەو کۆمەلکوژیەدا.

کوشتن بەشمشێرو خەنجەرو گولەو فرۆکەو تۆپ و چەکی کیمیاویی، و سوتاندنی ماڵان لەگەڵ دانیشتوانەکایندا، دیمەنە تراژیدیەکانی شاری دەرسیم بووە، کە سەربازانی سوپای تورک شانازیان پێوە کردوەو بۆ کوردانی باکووریش تا ئێستاش جێگەی ترژیدیاو مەرگەساتە. بە پێی بنەما نێودەوڵەتیەمان کۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو، سڕینەوەی خەڵک لە سەر بنەمای نەتەوەو زمان و ئایین، تاوانی جەنگن، تاوانێکە دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدە، بۆیە گەلی کورد دەبێ هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەم تاوانەو جولاندنی ئەو تاوانە لەگاتێکدایە کە رژێمی تورکیا ڕووی لە هەورازەو چەند مانگێک پێش لە ئێستا تاوانی کوشتاری ئەرمەنیان لەسەر ساغبوویەوە، هەر بۆیە لە ئێستادا کاتیەتی ئەو دۆسیەیەش بجولێنرێت..

## ژمارەی قوربانیانی کۆمەڵکوژی دەرسیم:

بەپێی سەرچاوە رۆژنامەوانیەکان زیاتر لە 14 هەزار کەس کۆمەڵکوژ کراوە، هەندێ سەرچاوەی تریش باس لە 35 هەزار کەس زیاتر دەکەن، ئەمە جگە لەوەی ١٢ دوانزە هەزار کەس بەزۆرەملێ راگوێزراون یان ئاوارەوە پەرش و بلاوبونەتەوە، هەروەها سەید ڕەزاو دە کەس



لەهاوەڵەکانی دەسگیردەکرێن و لە 1937/11/18 لەشاری ئەزەخ لەسێدارە ئەدرێن، تائیستاش شوێنی گۆڕەکانیان نادیارە، هەروەها کوڕەکەی لەگەڵ خۆی لەسێدارە دراوە.

## گۆڕینی تەمەن:

بە پێی سەرچاوەکان لەکاتێکدا سەیدڕەزا تەمەنی نزیکەی 78 ساڵ بوە، بەپێ یاسا نابێت لەسێدارەبدرێت، کەچی ئەوان لەبەڵگەنامەکەدا تەمەنیان بە 54 ساڵ نوسیوە تا لەسێدارەی بدەن، هەروەها لەڕۆژێ هەینی دا دادگایان کردوە کە دەوام نەبوە، لەوتەکانی دادوەرو دادگا هیچ تێنەگەیشتوە، کەسیش ئامادە نەبووە وتەکانی دادوەر وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی بۆی چوونکە بە پێی دەستووری ئەو وڵاتە زمانی تورکی زمانی فەرمییەو بەکارهێنانی کوردی قەدەغەیە، جونکە کورد بوە تورکی نەزانیوە. تاوانکارانی جینۆساید هەمیشە بە بەرنامەو پلان هەوڵی پەردەپۆشی تاوانەکە ئەدەن، بەهەموو شێوازێک ناهێڵێن ژمارەی تەواوی قوربانیان بزانرێ، بۆیە لەزۆربەی جینۆسایدەکانی جیهان، ژمارەکان جارو بار جیاوازیان هەیە، بەڵام وەک شارەزایان باسی دەکەن لەتاوانی جینۆسایدا ژمارە گرنگ نیە، بەڵکو کردارەکە گرنگە.

## قسەو باس لەسەر کۆمەڵکوژی دەرسیم:

کورد سیاسەتی راگوستن و بەتورککردن و کوشتنی خەڵکی مەدەنی ناوچەی دەرسیم بەکۆمەڵکوژی دائەنێ، جونکە هەموو پێوەرو پلانەکانی جینۆساید لەخۆدەگرێ، هەروەها زۆرێک لەچەپەکانی تورکیا کۆمەڵکوژی دەرسیم

بەجینۆسـایـد ئەژمارەکەن بەپێی یاسـای نێودەوڵەتی، لەوانەش نوسـەری بەنابانگی تورک ئیسماعیل بێشکچی. لەسـاڵی 2008 دا یـانەی قەڵەمی کوردی لەباکوری کوردسـتان لەکۆنگرەیەکدا رایانگەیاند ئەوەی تورک ئەنجامیداوە لەدەرسـیم کۆمەڵکوژی بوە. سـەدان شاهێدحاڵی کوردی شاری دەرسیم و دەوروبەری تائیستا لەژیاندان دەگێڕنەوە، بەسـەدان خەڵکی مەدەنی کورد لەهەوڵی خۆڕزگارکردندا بوون لەترسی بۆردومانی فڕۆکەو تۆپ و کردوەی نامرۆڤانەی سـوپای تورک، ڕویان لەشاخەکان و ئەشکەوت و شوێنە دورەکان کردوە، کەچی فرۆکەکان زۆر بێبەزەییانە بۆردومانیان کردون و سـوپای تورکیش کێومـاڵیـان بۆ کردوون. ئەو سـەربـازانەی بەشـداری جەنگیان دەکرد، مەدالیای ڕیزلێنان و جەنگیان پێدەبەخشرا لەپای زیاتر کوشتنی کوردان کەلەمەدالیاکەیان نوسـرابوو "مەدالیای جەنگی کوردسـتان"، هەروەها یادگاریەکیان دروسـتکردبوو لەسـەر شـاخی ئاگری دایاننابوو بەپیتی درشت لێ نوسرابوو "لاشەی کورستانی خەیاڵی لێرەیە "

## فرۆکەوانێکی ژن :

یەکێک لەو فرۆکەوانانەی کە ژن بوەو بۆردومانی دەرسیمی کردوە کچێکی بێ دایک و باوک بوو بەناوی "سـەبیحە گوکجن" خەڵکی شاری بۆرسا، ئەتاتورک تەبەنی کردوەو بەناوی خۆی ناسـنامەی پێبەخشـیوە. پاشـان بوە بەفرۆکەوان و لە کۆمەڵکوژی کوردانـدا زۆر درندانە بۆردومـانی خەڵکی مەدەنی کـردوە، لەئیسـتادا فرۆکەخـانەیەکی گەورە هەیە لەتورکیـا بەنـاوی ئەم ژنە فرۆکەوانەوە، بەشـێک لە شـارەزایانی کاروباری تورکیا بـاس لەوە دەکەن لەپـای ئەو تـاوانـانەی کە دژی کوردان لەدەرسـیم ئەنجـامیـداوەو بۆ مـانەوەی نـاوی ئەو ژنە فرۆکەوانە ناویان ناوی فرۆکەخانەی (سەبیحە گوکجن).

## دانپێدانانی ئەردۆگان:

پاش هەشـتا سـاڵ لە تاوانی کۆمەڵکوژی دەرسـیم ڕۆژی چوارشـەممە، ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٣ ئەردۆغان، سـەرۆک وەزیرانی تورکیـا بەنـاوی دەوڵەتی تورکیـاوە داوای لێبوردنی کرد بەرامبەر بەکۆمەڵکوژییەکانی نێوان سـاڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٣٩ی شـاری دێرسـیم، لەو ڕۆژەدا ئەردۆغان "کۆمەڵکوژیی دەرسـیم"ی وەکو "تراژیدیترین ڕووداوی مێژووی نزیکی تورکیا" وەسـف کرد[5]، بەڵام دانپێدانێکی فەرمـی نەبـوو، داوای لـێبـوردنـی فەرمـی دەبـێـت قەرەبوکردنەوەو بریاری دوبارە نەکردنەوەی تاوانەکەشـی بەدوادا بێت. بەڵام هێشـتا بیری شـۆڤێنی دەسـەڵاتدارانی تورکیا ڕێگەیان نادات کە دان بەمافەکانی کورددابنێن. ئەویش بەتۆمەتبـارکردنی حزبەکەی کەمـال ئەتـاتورک (حزبی گەلی کۆماری) کە تـائیسـتاش ماوەو حزبێکی ئۆپۆزسـیۆنە کمال کیچدار ئۆغلۆ بەرپوەیـدەبات، ئەم قسانە تەنها بۆ مەبەستی ڕیکلامی هەڵبژاردن بوو، ئەگینا بۆ ئیعتراف کردن بەتاوانی کۆمەڵکوژی دەبێت سـەرەتا دادگـاکـانی تورک یـان دادگـایەکی نێودەولەتی ئەو کۆمەڵکوژیە بناسـێنێ و دەولەتی تورکێش لەسـەر بنەمای ئەم دادگـایە، داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکـاو قەرەبوی مـادی و مەعنەوی کورد بکـاتەوەو نەتوانێ جـارێکیتر سـیاسـەتی راگوسـتن وکۆمەڵکوژی بکاتەوە. بەڵام ئەم داوای لێوردنە ڕواڵەتییەس دەکرێت بە هەندبگیرێت و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بجولێنرێت بۆ ئەوەی دێرسـیم بە جینۆساید بناسێنرێت..

## هەڵوێستی سیاسی :

پـارتە ڕەگەزپەرسـتەکـانی تورکیا لەوانە(پـارتی کـاری نەتەوەیی) هەرگیـز دان بەو کۆمەڵـکوژیەدا نـانێن و لەزۆربەی نوسـراو چاپکراوەکانیاندا، راپەرینی دەرسیم بە تـیـرۆرو خـیـانەت نـاودەبەن وەک پـیشـەی هەمـوو داگیرکەرەکانی کوردسـتان، هەربۆیە لەکاتی سـەردانی باخچەلی سـەرۆکی ئەم حزبە بۆ دەرسیم لەمانگی یانزەی 2014 دا، خەڵکی شـاری دەرسـیم دوکان و بازاڕیان داخسـت و شـەرمەزاریان کرد، لەم پارتە ڕەگەزپەرسـتەدا چەندین راو بۆچونی جیاواز هەیە سـەبارەت بەناسـاندنی کۆمەڵکوژی دەرسیم لەنێوان نکۆڵی ودانپییدانانداا.

[5] سـەرچـاوە ویـکـی پـیـدا
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%95%DB%95%D8%B4%DB%95%DA%A9%D9%88%DA%98%DB%8C%DB%8C_%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%B3%DB%8C%D9%85#%D8%AF%D8%A7%D9%88%D8%A7%DB%8C_%D9%84%DB%8E%D8%A8%D9%88%D8%B1%D8%AF%D9%86%DB%8C_%D8%A6%DB%95%D8%B1%D8%AF%D9%88%D8%BA%D8%A7%D9%86_%D8%A8%DB%95%D8%B1%D8%A7%D9%85%D8%A8%DB%95%D8%B1_%D8%A8%DB%95_%DA%A9%D9%88%D8%B4%D8%AA%D8%A7%D8%B1%DB%95%DA%A9%DB%95

لەساڵی 2011 پەرلەمانتاری پێشووی شاری دەرسیم حسێن ئایگون لەکۆبونەوەیەکی پەرلەمانی تورکیادا رایگەیاند کە پارتی گەلی کۆماری بەپرسە لەکۆمەڵکوژی دەرسیم، پاش قسەو باس و تێکهەڵپژان لەپەرلەماندا لەسەر ئەم کەیسە، جیگری سەرۆکی وەزیران لەهەولێر لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا پرسیاریان لێکردبو لەوبارەوە، ئەویش رایگەیاندبوو کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەوبارەوە پێکهینراوە! بەڵام تائیستاش هیچ دیا نیەو لە هیچ پارچەیەکی کوردستان کارێک بۆ ئەو مەسەلەیە نەکراوە، کە لانی کەم دەتوانرا لە باشووری کوردستان یان لە تاراوگە مۆنۆمێنتێک بۆ ئەو تاوانە گەورەیە چێبکرایە، یان لانی کەم لەنێو یەکێک لە مۆزەخانەکانی کوردستاندا بەشێک بۆ تاوانی کۆمەڵکوژیی دەرسیم تەرخان بکرایە. ئەوەی کە هەیە فلمێک بەناوی (کچە ونبووەکانی دەرسیم) پاش 72 ساڵ لەکۆمەڵکوژیەکە تۆمارو بڵاوکراوەتەوەو تا ئێستاش بینەرێکی ئەو تۆی نەبووەو نەبووەتە جێگەی قسەوباسی کوردەکان خۆشیان.

**بە پێوەمردن :**

رۆژنامەی یەنی شەفەقی تورکی کە نزیکە لە حکومەتی تورکیا، بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردوەتەوە تێیدا هاتووە، بەر لەوەی سەیدرەزا سەرکردەی شۆڕشی دەرسیم لەسێدارە بدرێت، مستەفا کەمال ئاتاتۆرکی سەرۆک کۆماری تورکیا پێوتووە ئەگەر داوای لێبوردن بکات، لە سێدارە نادرێت. بەپێی بەڵگەنامەکە سەید رەزا لە وەڵامدا وتویەتی: هیچم نەکردووە تا بەهۆیەوە داوای لێبوردن بکەم.

سەید رەزا لە دژی راگواستنی کوردەکان و بە تورک کردنی ناوچە کوردیەکان راپەڕینی دەستپێکرد و دوای ئەوەی ئەنقەرە نەیتوانی شۆڕشەکەی سەرکوت بکات، بە فێڵ و بە بیانوی دانوستان بانگهێشتی ئەرزینجانیان کرد و لە ناو رێگە دەستبەسەریان کرد و لە دادگای سزای لەسێدارەدانیان بەسەر خۆی و شەش هەڤاڵیدا سەپاند و سزاکە لە 1937/11/15 جێبەجێ کرا، تا ئێستاش شوێنی بەخاکسپاردنی نازانرێت، کوردیش لە بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەدا خەمساردو بێباکەو نایەوێت بیکاتە کەرەستەیەکی باش بۆ بەرەو پێشەوەچوونی کێشە نەتەوەییەکەی و هەموو ئەو تاوان و پێشێلکارییانەی تورکەکانی پێ بوەستێنێت کە لە دژی کوردەکان ئەنجامی دەدات.

تێبینی . سوودی زۆر لە بابەتێکی بەڕێز د.ناجح گوڵپی، کۆمەڵکوژیی دەرسیم وەرگیراوە.




## دووقسە دەربارەی یادی ئەنفال و بایکۆت

یادی ئەنفال هێشتا هەر لەکوڵ خۆکردنەوەو پارە بەهەدەردانە، ئەوەش، کورد ناکاتە خاوەنی یادەوەری. لەبەرانبەریشدا بایکۆتی یادی ئەنفال خەریکە دەبێتە دیاردە، دەشێت ئەوانەی نارازین لەو یادانەی کە دەسەڵاتداران دەیکەنەوە، لەبری بایکۆت جۆرێکی تر یادەکان بکەنەوە و ئەڵتەرناتیڤێک بدۆزنەوە کەلەهی دەسەڵاتداران جیاوازبێت

بۆ نمونە دانانی تاجەگولینە بگۆرن، بۆ تەنها گوڵێک بۆئەوەی هەمووکەس بتوانێت گوڵێک بەشداربێت، نەک مەزارەکان و شوێنی یادەکان ببنە مەیدانی عەرزی عەزەلاتی پارەداران و بەرپرسان. چونکە هەمووان دەتوانن گوڵێک پەیدا بکەن. بەڵام هەموو کەس ناتوانێت تاجەگوڵینە بکرێت. لەراستیدا یادی ئەنفال بەتاجەگوڵینە گەورەو گرانبەهاکانی بەرپرسان.نابێتەکلتور.

دەتوانن یادێک بکەنەوە تیایدا وتاردانی بەرپرسانی تێدانەبێت، لەبری ئەوەی بەرپرسان قسەبکەن قوربانیەکان قسە بکەن و چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوەو باسی کێشەکانی خۆیان بکەن و بەرپرسان گوێیان بۆبگرن.

# دەرسیمەکان قسەی خۆیان بۆ ئەردۆگان دەربارەی کۆمەلکوژی دێرسم هەیە!؟

## دەرسیم ئورێمار

جینوسـاید بە درێژایی سـەدەی رابردوو لە کوردسـتان دا یەخەی کوردەکانی گرتووە، دیارە لە سـەردەمی عوسـمانی و ســـەلجوقی و قاجارەکاندا دەیان هۆزو خێلی کورد کە زوڵمی ئەو دەســـەلاتانەیان قبوڵ نەکردووە رووبەرووی کۆچی بە کۆمەل بوونەتەوە و بە زۆر لە کوردستان وەدەر نراون. پاشان لەلایەن دەستەلاتدارانی وڵاتانی نوێی وەکو تورکیا، سـوریا، ئێراق و ئێران بە تایبەتی دوای سـاڵی ١٩٢٠ وپەیماننامەی لۆزان بە شـێوەیەکی سـیسـتەماتیک درێژەیان بەتاوانی جێنۆسـایدکردنی کورد داوە، هەر لە قـەدەغـەکردنی زمـان و کولتورەوە بگرە تـا راگوێزرانی بەکۆمەڵ و کوشـــتنی بە کۆمەڵ، ئەمەش بە تایبەت لە ناوچەکانی دێرســم لە سـالی 1936 تا 1938 درێژەی کێشا، بەسەدان کوردی دێرسمی لە نێو ئەشکەوتەکاندا بە زیندویی سوتێنران و سەرکردەکانیان لە سێدارە دران.

دێرسـم، دەرگای زیوینی باکووری کوردسـتان، بە چیای گەورە دەورە دراوە کە دەکەوێتە ناوچەیەکی سـەختەوە بە دەوری رووباری ئەفســانەیی مونزوور. لەم پارێزگایەدا، جۆرە کولتورێکی کومەلایەتی ئاشـکرا و تایبەت گەشـەی کردووە لەگەڵ هەستێکی بەهێز بۆ سەربەخۆیی خوازی.

ئیمپراتۆری عوسمانی بەدرێژایی مێژوو تەنها دەستەلاتێکی رەمزی بەســـەر ئەم ناوچەیەدا هەبووە و دەســـتەلاتداران ســـەربەخۆییەکی بەرفراوانیان بەو ناوچەیە داوە. دەولەتی کۆماری تورکیاش تا کۆتایی سییەکان سیاسـێتێکی وای رەچاو کردووە لەو ناوچەیەدا.

رێژیمی تورکیـا دوای ئـەوەی یـەک لـە دوای یـەک ولایەتەکانی کوردسـتانی خسـتە ژێر دەسـتی خۆیەوە و سـەرکوتی کردن، ئینجا توانی خۆی لە کێشـەی دێرسـم، بدات.

لە 4 ی گۆلانی 1937 دا، ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا بە دزییەوە بڕیارێکی دەرکرد تا هەمو دانیشتوانی دێرسم راگوێزێت بۆ رۆژئاوای تورکیا. سـوپای تورکیا پەنای بۆ هەموو جۆرە کەرەستەیەکی شەڕ، بە فڕوکەشەوە، برد تا کوردەکانی ئەو ناوچەیە راوبنێت و پاکتاویان بکات.

هەرچەند تاکۆ ئێســـتا پەردە لە ســـەر زۆربەی ئەم کۆمەڵکۆژیانە لانەدراوە بەڵام دوای نزیکەی 70 ســـاڵ تێپەرین لەسـەر ئەم مەسـەلەیە بۆ جاری یەکەم کەساتییێکی فـەرمی حکومـەتی تورکیـا ئـامـاژەی بـەوە کرد کـە لـە دەرئەنجامی سەرکوتکردنی شورشی کوردە عەلەویەکان لە دێرسم لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی تورکیاوە کۆمەلکوژی پێکهاتووە.

ســەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان رۆژی چوارشـەمەی رابڕدوو لە ووتارێکی دا کە رووی قسـەکانی لە کەمال کلچدار ئۆغلوی ســەرۆکی ئێســتای جەهەپە بوو ووت: لە ئەنجامی کوشــتاری خەلکی دێرســم بە دەســتی پـارتی جـەهـەپـە دا زیـاتر لـە 13000 کـەس لـە خـەلکی دێرسم کرد و ئەم کرپارەی بە کۆمەڵکۆژی وەسف کرد.

ئـەم وتـارەی ئـەردۆغـان لەنـاوخۆی تورکیا دا لـە میـدیـای جیهـانیش دا دەنگێکی زۆری دایـەوە و بـەشـــێـک لـە ئاژانســـەکان بە ســـەردێری هەواڵەکەیان بە "لێبوردن خواســـتنی حکومـەتی تورکیا لە کوردەکانی دێرســـم" دەستپێکرد.

هەرچەند ئەمە جاری یەکەم نییە کە ئەردۆغان ووتاری لەم چەشـنە پێشـکەش دەکات بەڵام لە ڕاپرسـیێک دا کە لەگەڵ چەند کەســـێک لە خەلکی دێرســـم ئەنجامدراوە راو بۆچوونی ئەم خەلکە ســـەبارەت بە پەیامی ئەردۆغان و کۆمـەڵکۆژی دێرســـم وەرگیراوە کە چەنـدە بڕوایـان بـە قسەکانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا هەیە.

ئامادەکار: دێرسم ئۆرەمار

هونـەرمـەنـد، رۆژهـەلات دێرســـمی وەها بیروڕای خۆی دەربڕی و گووتی: " ئەو شـتانەی کە ئەردۆغان سـەبارەت بە کۆمەلکوژی دێرســم دەڵێت لە ناخ و دڵی دەرناکەون. لە ژێر ئەم قســانەدا بەگشــتی هەوڵدانی فێلبازی و دیســان بەکارهێنـانی کوردان هەیە. دەیەوێت لەچەنـد لایـەنێـک سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

یـەکـەم: بـە بیرخســـتنـەوەی ئـەم کۆمـەڵکۆژیـە، کۆمەڵکۆژیەکانی تری تورکیا بە گشـتی بداتە لەبیرکرن و

ئەم کرپارەش بخاتە ئەستوی پارتی هەرە بەهێز لە دێرسم دا واتە جەهەپە.

دوویەم: دەیەوێت بەم شـــێوەیە و بە جۆلاندنی هزرو بیری خەلکی دێرسم قەلای ئەم شارە کە لە هەڵبژاردنەکان دا لەدەستی چووبوو فەتح بکاتەوە.

سێیەم: ئەم کۆمەلکوژیە سیاسی و چەکدارانە، ئەمجارە بە دەســـتی خودی ئاکەپە و بە ســـەروکایەتی ئەردوغان بەردەوامن و ســـەرۆک وەزیر دەیەوێت لەم گەرمەگەرمەدا بەم قسانە سەرنج و رای خەلک بەرەو ئاقارێکی تر ببات داکۆ ئاگایان لەم مەسەلانە نەمینێت."

مـــەسعود مەناف، رۆژنامەنوسی رۆژهەلاتی کوردستان بەم چەند دێرە رای خۆی دەربڕی: "ئەردۆغانی پۆپۆلیست، وەک هەمیشـــە، لە هەولی قۆزتنەوەی "هەل"ەکە دایە و لە کارەکەشی دا وەستایە. بە بڕوای من، ئەردۆغان بە داوای لێبوردنێکی سەرزارەکەی، سێ ئامانج دەپێکێ. یەکەم ئەوە کە وەک هەمیشـــە "نـان" لە ســـفرەیەک دەخوات کە "تەنـدوور"ەکەی گەرمە و بیرورای گشـــتی بە مەراقەوە بەدوای مەسەلەکەوەیە.

دووهەم ئەوە کە بەم شێوە "جەهەپە"، پارتی ئۆپۆزیسیۆن دەکوتێ و لەم لاشـــەوە ســـەرنجی مێدیا و لایەنەکان لە هەولەکانی پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی بۆ دەرسیم دوور دەکاتەوە.

سـێهەمیش ئەوە کە بە ئاشـکرا چەواشـەکاری دەکات. لە کاتێک دا کە ســـاڵەهایە، باس لە هەژمارێکی چل پەنجا هەزار کەسی قوربانیان[بە پێی بەڵگەکانی خۆدی ئەرتەشی تورکیا] لە کۆمەڵکوژی دەرسیم دەکرێ، ئەردۆغان ئیدعای کوشتاری تەنیا 13 هەزار کەس ئەویش لە سێ چوار ساڵ دا دەکات.

خۆشـیرینکردنەکەشـی لە لای ئەورووپاییەکان لە جێگەی خۆی ڕاوەستێ کە بە سەرنجەوە لە کۆمەڵکوژی دەرسیم دەڕوانن و هەموو ساڵێ لە پارلەمانی ئەورووپا کۆنفرانسی تـایبەتی بۆ دەگرن. جگە لەوەی کە داوای لێبوردن ئـاوا نابێت، کاتێک بڵەی ئەگەر پێویســـت بێت و ... بە تەنیا ڕەستەیەک، هەولی کۆمەڵکوژکردنی گەلێک نابەخشـرێ. ئەی کوا ئەگەر ڕاست دەکات بۆ ئەرشیوەکان ناکاتەوە؟ بۆ مەزاری ســـەید ڕەزا ئـاشـــکرا نـاکات؟ بۆهەوڵ نـادات قەرەبووی بنەماڵەی قوربانیان و زیانلێکەوتووان بکاتەوە؟ بۆ هەر ئێســـتـاش درێژە دەدات بە کۆمەڵکوژکردنی جەســـتەیی و ئایینی و زمانی عەلەویەکان؟ بۆ یاســـاکانی ئاســـتەنگی عەلەویەت لانابات؟ بۆ و بۆ و دەیان بۆی تر! تەنیا چەواشەکاریە و هیچی تر."

گەرناس ئامەدی، نۆســـەر رای وایە کە: "بە بڕوای من ئەردۆغان بۆ ســـەداقەت و راســـتی پەیامێکی ئەوهای نەداوە...بەم پەیامە ئەردۆغان دەیەوێت شـــوێن پێ و جێگای خۆی لە کوردســـتان و ناو کوردەکان دا بەهێزتر بکات و بەمەش تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان لاوازتر بکات. ئەردۆغان وا بە شـــارەزایی ئەم پەیامەی دا وەک ئەوەی کە گەلی کورد مافێکی ســـەرەکەی خۆی بەدەســـت هێنـابێ و بـەشـــێکیـانیش بێی ئـەوەی لـە کردارەکـانی ئەردۆغان و حکومەتەکەی ببینن و بیری لێ بکەنەوە بەمە خوشحال بوون.

ئەردۆغان لە پەیامەکەی دا هەموو تاوانەکانی کۆمەڵکوژی دێرســـم ی خســـتە پاڵ جەهەپە و دەڵێت" ئەگەر لێبورین خواســـتن کاری حکومەت بێت و ئەدەبیاتێکی وا هەبێت، من لەســـەر ناوی حکومەتەوە لێبورین لە گەل دەخوازم"، گەر سەرنج بدەینە قسەکانی دەڵێت"ئەگەر ئەدەبیاتێکی وا هـەبێـت"، یـانی دەیـەوێـت بڵێـت دەولـەتی تورک بۆ ڕووداوەکانی لەم چەشنە لێبورین ناخوازێت!

بە بڕوای من، پـەیامی ئـەردۆغان پـارچـەیـەک لە پیلانی تێکدانی تەڤگەری ئازادی گەلی کورد و پ.ک.ک یە. لە لایەک تۆپباران و وەحشیگەریەکی نەبینراو و لەلایەکی تر پەیامەکانی ســـەمیمیەتی ئەردۆغان رادەخێتە بەرچاوان. ئەردۆغان بەو پەیامانەی دەیەوێت دڵی گەلی کورد لە هێزە چەکدارەکانی و پ.ک.ک سارد بکاتەوە و بە شـێوەیەکی نا راسـتەوخۆ بە کوردەکان بڵێت ئەگەر ئێوە دژبەری ئێمە بکەن لەبەرامبەر دا ئێمەش ئێوە لەناو دەبەین. لەبەر ئەمەش ئەو و هاوبیرەکانی لە گۆتەکانیان دا بە تایبەت لەســـەر بە تاوانی خەلکی دێرســـم رادەوەســـتن و دەڵێن دێرســـمیەکان لە دژی کۆماری تورکیا ســـەرهەڵدانیان نەکردووە. هەروها مەبەســـتێکی تری ئەردۆغان ئەوەیە کە هەم جەهەپە و ســـەرۆکەکەی، کەمال کلچدار ئۆغلۆ کە بەرەچەلک خەلکی دێرسم ە لای رای گشتی و دێرسمیەکان

بێ بڕوا بکات، یان باشتر بڵێم بەدەست خستنی پایگای کەمالیستەکانە. بەڵام من لەم بڕوایەدام کە ئێدی سەردەمی ئەم شتانە بەسەر چووە و ئێدی گەلی کوردیش بەم شتانە هەڵناخەلەتن."

سەردار پیران، خوێندەکار رای خۆی بەم شێوەیە دەربڕی و گوتی: "سیاسەتی ئینکار و لەناوبردنی کوردان سیاسەتی هەشتا ساڵەی بنگەهینی حکومەتی تورکیا بووە و ئەگەر بە چاوێکی راستبینانە تەماشای مەسەلە بکەین دەبینین کە هیچ گۆرانکارییێکی بنچینەیی لەم سیاسەتە دا نەکراوە، راستە کە ئێستا پارتە سیاسیەکان راستەوخۆ رەخنە لە یەک دەگرن و هێرش دەکەنە سەر یەک، بەڵام ئەجارە پەیامی ئەردۆغان زیاتر لە جەهەپە هێرش کردنێکە بۆ سەر گەلی کورد و بە تایبەت کوردە عەلەویەکان.!

ئەردۆغان دەیەوێت بەم قسانە رای گشتی ناوخۆی تورکیا و جیهان لەسەر ئەو کۆمەڵکوژی و گرتنانە کە ئێستا لە ژێر ناوی دۆزی کەجەکە دا ئەنجام دەدرێن بەرەو ئاقارێکی تر ببات و بە بیرخستنەوەی شتە کۆنەکان نوێ بکاتەوە و هەڵیانبداتەوە.

وەک ئەوەی خوارادنێکی کۆن گەرم بکات و بڵێت هی ئەمرۆیە. بەڵام من لەم بڕوایەدام کە گەلی کورد ئێدی بەم شتانە هەڵناخەلەتێت، ئەگەر ئەردۆغان کەسێکی نیاز پاکە، با لە جیاتی لێبوردن خواستن لە گەلی کورد، گۆڕان بەسەر قانوونی ئەساسی ئەم وڵاتەدا بکات."

دێرسم مۆنزۆر، ویبلۆگ نۆس و نۆسەر لەسەر لاپەڕەی تایبەتی خۆی دەنۆسێ: " لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا گۆرانکاری گەورە لەئارادایە، ئیمپەریالیست لە ژێر ناوی ئازادیەوە لەبەرامبەر دیکتاتورەکان رژیمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەگۆڕن. لەم نێوەندەداش تورکیا دەیەوەێت وەکۆ سەردەمی عوسمانیەکان خاوەن رۆلێکی گرینگ بیت. لە لایەک کە لەناوخۆی تورکیا دا لەگەل کوردەکان دا لەنێو شەرێکی دژواردایە بە مەسەلەژێکی ئەوها و ناسینی کۆمەڵکوژی دێرسم دەیەوێت بە رای گشتی جیهان بڵێت کە ئێمە ئازادیخوازین و دان بە هەڵە مێژوویەکانمان دەنێن و دەمانەوێت ئەو شەرەی ئێستاش کە لە تورکیا دا هەیە نەمینیت و کێشەی کورد چارەسەر بکەین بەڵام

پ.ک.ک رێگرە و شەری ئێمە بەرامبەر بە پ.ک.ک و بەدەپە شەرێکی رەوایە.

خالێکی تری گرینگ ئەوەیە کە ئاکەپە و فەتحوللا گۆلەن دەیانەوێت کاریگەری ئاتاتورک لەنێو تورکیا دا کەم بکەن. ئێستا لەبەر تورکە تۆندرەوەکان راستەوخۆ ناتوانن ئەم کارە بکەن بەڵام ئێستا هێدی هێدی دەڵێن ئاتاتورک دەستی لەم کۆمەڵکۆژیە دا هەبووە و کچەکەی "مانەڤی" چووە و بۆمبی کیمیایی بەسەر دێرسمییەکانی باراندووە. بەمەش ئەم راستییە دۆپات دەکاتەوە کە رۆڵی ئاتاتورک لەم مەسەلەیەدا شتێکی راستە و هەڵگرتنی ئەم کاریگەریە شتێکی رەوایە."

لە لایەکی تر ئاکەپە و لایەنگرانی دەیانەوێت پێگەی جەهەپە لاواز بکەن. ئاکەپە تەنیا دەسەلاتی خوی دەوێت. لەبەر ئەوەش بەدەپە لە ژێر ناوی ئۆپەراسیونی کەجەکە و جەهەپەش بەم چەشنە حەرەکەتانە لاواز دەکات. دەیانەوێت کاریگەری جەهەپە لەسەر کوردە عەلەویەکان کەم بکەنەوە، هەر چۆن ئاگادارن کوردە عەلەویەکان لە تورکیا پێشتر بە دەستی جەهەپە و کەمالیزمەوە چەوسێندران، بەڵام ئێستا ئاکەپە و فەتحوللا گۆلەنەوە دەیانەوێت بە شێوەیێکی تر ئەم سیاسەتە پەیرەو بکەن. گۆلەن لە گۆتەکانی دا عەلەویایەتی لە دێرسم دا بە مەترسییێکی گەورە بەناو دەبات، ئێستاش خوێندنگاکانی خۆی لە وێ کردوتەوە و منالە کەم دەرامەت و هەژارەکان دەباتە ئەوێ بۆ خوێندن.

بەلام ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان سەبارەت بە کۆمەڵکوژی دێرسم کاریگەری لەسەر خەلک دوروست کردووە، خەلکانێک دەڵێن راستە سیاسەتی ئاکەپە سیاسەتێکی راست نییە و مەسەلەی کوردی چارەسەر نەکرد بەڵام جاری یەکەمە سەرۆک دەولەتێک دەڵێت لە تورکیا دا کۆمەڵکۆژی هەبووە. داوای لێبوردن دەکات، ئەمەش هەنگاوێکی گرینگە. بەم شیوەیە ئاکەپە پەیام دەداتە گەلی کورد: تەماشا کەن ئێمە کۆمەڵکۆژیەکان قەبوڵ دەکەین، داوای لێبوردن دەکەین بەڵام پ.ک.ک هەر لەسەر شەرکردن بەردەوامە. دەیانەوێت گەلی کورد لە پ.ک.ک و بەدەپە دوور بگرن.

من ئەم هەنگاوانەی ئاکەپە و سیاسەتی کرانەوەی کورد بە راست نازانم، لە تەوای نوسینەکانیشم دا ئاماژەم بەوە

کردووە کە گەورەترین مەترسـی بۆ سـەر گەلی کورد ئاکەپەیە. لەنێوبردنی جەهەپە باشـە، رەگ وریشـالی کەمالیزم خەریکە دەلەقێت، ئەمەش باشـە، بەڵام ئاکەپە مەترسـی هەرە گەورە بۆ سـەر گەلی کوردە لەبەر ئەوەی دەیانـەوێت رۆڵی پ.ک.ک و بـەدەپـە لە بـاکورد دا کـەم بکـەن. کوردی خۆیـان بخولقێنن. ئـەگـەر گـەلی کورد ئامانجی راستەقینەی ئەم سیاسەتە ناراستانەی ئەردۆغان و ئاکەپە ببینن و بزانن سـەدا سـەد سـەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

**هونەرمەند عەلی باران، لەمبارەیەوە گوتی" :**

پێم وابێ هەتا ئێسـتا هەرتاکێکی کورد باش ئەردۆغانی ناسیبێت و لە سیاسەتی تێگەیوشتووە. لە لایەک فەرمانی کوشتنی کوردەکان دەدات و چەکی قەدەغەکراو و کیمیایی لە دژیان بەکار دەهێنیت و بە هەزاران کورد لە ژێر ناوی دۆزی کەجەکە دا رەوانەی گرتوخانەکان دەکات. لە لایەکی تر بۆ هاودەردی لەگەل فلسـتینیەکان دەنگی بەرز دەکات و باسـی مرۆڤایەتی دەکات. بەڵام ئەمجارە بە پەیامی ئەردۆغان دلخوش بووم، سـیاسـەت دەکات و دەیەوێت پارتی جەهەپە بچۆک بکات و لەبەر چاوی عەلەویەکان بخات.

بەڵام سـیسـەتمەدارەکانیش جاربەجار هەڵە دەکەن، ئـەردۆغـان بـەنـاوی حکومـەتـەوە داوای لێبوردنی لـە دێرسـمیەکانی خواسـت، بەڵام کا لە کردەوە دا بۆ دێرسمیەکان چی دەکات؟

کا ناوی تونجەلی دەکاتە دێرسم؟ قەرەبۆی زەرەرمەندەکانی دەکاتەوە؟ شـوێنی سـید رزا و هەڤالانی دیار دەکات؟ من باوەر ناکەم لە کردەوە دا ئەردۆغان ئەم کارانە بکات و ئەم گوتانەش تەنیا لە دژی جەهەپە گوتووە.

بەڵام سـۆچی جەهەپە لەم کردەوانەدا زۆرە و پێویسـتە جەهەپە داوای لێبورین لە دێرسـمیەکان و گەلی کورد بخوازیت، ئەردۆغانیش ئەگەر نیازی پاکەو راست دەکات با داوای دێرسمیەکان بکاتە داوای حکومەت.

بەڵام جەهەپە ئەم کارە ناکات لەبەر ئەوەی پارتێکی کە مالیست و خوێنرژن. لە ماوەی دامەزرانییەوە تاکۆ ئێستا بە دەیان کۆمەڵکۆژی پێکهیناوە. لە شۆرشی شێخ سەعید لە سـاڵی 1923 تاکۆ 1925 هوە بگرە، سـەرهەلدانی ئاگری و کۆچگیری و...تاکۆ ١٩٣٨ ٢٩جار کۆمەڵکۆژی پێکهێناوەو لە هەموویانیشـدا جەهەپە بەشـدار بووە و فـەرمـانی ئـەم کۆمـەڵکۆژیـانـەش راسـتـەوخۆ لـەلایـەن ئاتاتورکەوە دراون. خەلکی دێرسـم لە هەموویان باشـتر ئەردۆغان دەناسـن و لە سـیاسـەتی تێگەیەشـتون و بە زۆرەملێش نابنە ئاکەپە. بەڵام هێشـتا جەهەپە ناناسـن، پێویسـتە رووی رەشـی ئەم پارتە و سـیاسـەتی دووروویانەیان باش بناسن.

گوتەکانی ئەردۆغان تەنیا خراپکردنی رووی جەهەپەیە، کاتێکی باشـە کە بەدەپە لەم کاتەدا داوا لە ئەردۆغان بکات بەڵگەنامە ئەسـکەریەکان و حکومەت هەڵبداتەوەو بۆ رای گشتی ئاشکەرایان بکات، بەمەش جەهەپەش روورەشتر دەبیت و کوردەکانیش لە نیازی ئەردۆغان کە تەنیا لە سنۆری قسە کردن تێناپەریت تێدەگەن.

کوردەکانی دێرسم بەم پەیامانە هەڵناخەلەتن لە بەر ئەوەی زامی دڵمان زۆر قۆڵە، تەنیا لە بنەماڵەی ئێمە ٢٤ کەس قوربانی ئەم کارەساتەنە.

لە پاش کۆمەڵکۆژی 1938 یش دێرسمیەکان لە ژێر ناوی هندێک شت هەڵخەلەتێندراون، ئیمان و رامانی کوردەکانی دێرسـم پارچە کرواە، ژیان لێیان کراوتە بە زیندان، بەشـێک لەو خەلکە خۆیان بە تورک دەزانن و بەشـێکیان زازاکان بە نەتەوەیێکی جیا و بەشـێکیانیش خۆیان بە کورد دەزانن و بـەشـێکی تر لە روی ئایینیەوە نزیکی مەسەلەکە دەبن و خۆیان بە عەلەوی دەزانن ئەمانە هەمۆیان دەرئەنجامی سـیاسـەتی پاکتاوکردن و قرێژی کۆماری تورکیـایـە کـە بـە درێژایی تـەمـەنی ئـەم مۆرە لـە لایـەن حکومـەت، کـەمالیسـتـەکـان، چـەپگرەکـانی تورک و عەلەویەکان شـێوێندراوە. ئێسـتاش لەژێر ناوی دینەوە لە رێگای فەتحوڵا گۆلەنەوە ئەم سـیاسـەتە بە شـێوەیێکی سیستەماتیک بەرێوە دەبردرێت.

**تێبینی: لە کانونی دووەمی سـالی ٢٠١١ لە ژمارەی ٣٢٠ی ی هەفتەنامەی زاری کرمانجیدابلاو کراوەتەوە.**

# دەشێت ئایندەی عێراق لەسەر تاوانی ئەنفال بنیات بنرێتەوە

عومەرمحەمەد
٢٠٠٦/٣/٢٣ – کفری

پێش روخانی رژێم نوسەری گەورەی عەرەب کەنعان مەکیە لە کتێبی " القصوە والصمت"کە دواتریش کاک حەمەرەشید بە ناوی "دڵرەقیو بێدەنگی" وەرگێردرایە ســـەر زمانی کوردی، نوسـیبووی: ئەنفال تاوانێکە، دەشـێت ئایندەی عێراقی لەســــەربنیات بنرێتەوە. واتا دەوڵەت وحکومەتی عێراق دەبێت بچێتە ژێرباری بەرپرســـیارێتی و دادگایی تۆمەتباران بکات و بەفەرمی داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات و کۆمەڵگەی عێراقیش ئەرکێتی هەڵوەســتەیەکی قوڵ لە تـاوانی ئەنفـال بکـات، هەرواش ئەرکی کوردە رێز لەقوربانییەکانی و لەهەڵویســـتی دەوڵەتی عێراق بگرێت وپـابەنـد بێت، بە عەدالەی ئینتیقالی و رادەســـتکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال. کوردەکان وەک مافیان هەیە قەرەبوو بکرێنەوە ئەرکیشێتی رێز لە مافی مرۆڤ وسەروەری یاسا بگرێت.

کۆمەڵگەی عێراقی ئەرکێتی ئایندەی وڵات بەرەو پێشبەرن و مافیشێتی گومان لە هەموو دروشمەکان بکات، بەتایبەتی ئەو دروشـــمانەی کـاریزمـا دەخوڵقێننو دیکتـاتۆرێـک دەهێنێتەوە ســـەر زەمینەی واقع، بەلای کەمەوە لە پێناوی ئەوەی چیدی لە دوای نەمانی صـدامو بەعســەوە بێدەنگی نەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی سیستمێکی خراپ و بەرپرسی دڵرەقو بەدرەفتارو تۆتالیتار.

بەرلەروخانی بەعس، ئەم قسـەیەی مەکیە ئەوەندە بایەخی پەیـدانەکردبوو، جگەلەوەی لە دنیـای عەرەبیەوە خرایە بەرتانەو تۆمەت، بەڵام پاش ئەوەی رژێم روخاو سـەرانی بەعســـیش یەکبەدوای یەکدا دەگیران، ئومێدێک بۆ ئەم هیوایەی مەکییە هەبوو دواتریش کە دادگـای بـاڵای تـاوانەکـانی عێراق دامەزراو، بەکردەوە کەوتە دادگـایی کردنی تۆمەتبارانی دوجەیل و دوای ئەویش تۆمەتبارانی ئەنفال، ئەوەش زیاتر لەئاسۆی ئەم قسەیەی مەکیە نزیک دەکردینەوە، بەتایبەتی کە دۆسێی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان ئامادەکاری بۆکراو چەند بەندێکی لەیاســـای نێودەوڵەتی گواستەوە ناویاساکە، سەرئەنجامیش رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دادگای بـاڵای تـاوانەکانی عێراق دوا بریاری لە بارەی دۆسێی تاوانی ئەنفال وتاوانبارانەوە خوێندەوەو سـزای یاسـایی بەسـەردا سـەپاندن، هاوکات دۆسێکەشی بە تاوانی جینۆساید یەکلایی کردەوە.

ئەمەیان دەسـتکەوتێکی گەلێک گرنگە، لە مێژووی کوردا، ئیســـتا قســـەکەی مەکیە لە هەمووکات زیاتر پەنجەرەی بەسەرداکراوەتەوە، بۆئەوەی کورد بەتایبەتیو عێراقیەکان بەگشـــتی کاربۆ بنیاتنانەوەی خۆیان بکەن، تاوانباران بەسزای خۆیانبگەیەنن و کۆمەڵگایەک دابمەزرێنن شایانی مرۆڤ بێت و ژیانێکی ئاشـــتیانە دابمەزرێنن تیایدا هیچ پێکهاتەیەکی تر بەر پەلاماری جێنۆساید نەکەوێتەوە.

گرنگی بریارەکە تەنها سـزای تاوانباران نییە بەڵکو پەندو عیبرەتێکیشـــە هەتا هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی عێراق لەرۆڵی یاسـاو مەترسـی ئەو تاوانانە تێبگەن و بەخێرایی دەســـتکەوتەکـانی بچننەوە، وەکو جووەکـان لەتـاوانی هۆلۆکۆســـتـدا کردیـانو هەتـا ئەمرۆش بە دوای دەستکەوتەکانیەوەن.

ئەوەی بۆ رۆژگـاری ئەمرۆ زۆر گرنگەو دەکرێـت کـاری باشی لەسەر بکرێت هێشتنەوەی دۆسێکەیە بەکراوەیی کە دادگا ناوی ٤٢٣ تۆمەتباری تریشـــی لە دۆســـێی تاوانی ئەنفال ئاشـکراکرد، لە ئەفســـەروپلەداری ســوپاو ئەمنو موخابەراتی عێراق و هەندێکیشـیان ئەو جاشـە کوردانەن لە پەلامارەکانی ئەنفللدا بەشـــداری تاوانەکەیان کردبوو، بەو پێەی دادگا لەسەریان وەستاوەو ناوی ئاشکرا کردوون ئەمرۆبێت یان ســبەی ئەو تۆمەتبارانە دەبێت لەبەردەم ئەو دادگا تایبەتەدا دادگایی بکرێن، بێگومان ئەوانەشی ئێستا هەڵاتوون یان دەیانەوێت هەڵبێن ناتوانن تا ســەر لە دادگا رزگـاریـان بێـت، چونکە ئەوتـاوانەی کە ئەوانی پێ تۆمەتبارن، تاوانێکی نائاساییەو تایبەتمەند نیە بە دادگای وڵاتێـک، بەڵکو تـاوانەکە نیونەتەوەییەو لەهەر کوێیەک بەدیار بکەون دەکەونە بەرلێپرسـینەوەی یاسـاییو ئەگەر بوار بۆ گەرانـدنەوەشـــیـان نەبێـت ئەوا لە شـــوێنی نیشـــتەجیبوونیان دادگایان بۆســـازدەکرێت.ئەوە بەپێی یاسـای نێودەوڵەتی ئاوایە مەگەر دەسـەڵاتی کوردی و ئەو

ولاتانەی لێی نیشتەجێن هەتا رادەی شێتی گوێ بەیاسا نەدەن !
بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان هەر لەوەدا گرنگ نیە کە تۆمەتبارەکانی چۆن سزاداوەو چۆنو کەی جێبەجێدەکرێت. بەڵکو گرنگی دۆسێکەو بڕیاری دادگاکەو تەنانەت خودی دادگاکەش لەوەدایە کە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەیەتی گۆڕانکاری گرنگ لەسەر دۆسێی ئەنفال دەهێنێتە گۆڕێ و کاریگەری لەسەر خودی کێشەی سیاسی عێراق و کوردستانیش دادەنێت، ( هەروەکو کەنعان مەکیە نوسەری گەورەی عەرەب دەڵێت تاوانی ئەنفال ئەوەندە گەورەیە کە دەشێت ئایندەی عێراقی لەسەربنیاتبنرێتەوە)[6]ئەگەر کوردیش بە وریایی‌و هەروەها بەهوشیارییەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و یاساییەوە بەرەورووی دۆسێکەبچێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکات، دەتوانێ زۆرهاوکێشەی گرنگ بگۆڕێ. بەداخەوە هەندێک کەسو لایەن کەناوەندی راگەیاندن یان کەناڵێکی ڕاگەیاندنیان بەدەستەوەیە، بەلای کەمەوە ئەوانەی قەڵەمێکیان هەیە، نەیانتوانی لەگرنگی بڕیارەکە تێبگەن، بەپێچەوانەوە هەوڵدەدەن لەپەیوەند بەمەسەلەی سزادانی تاوانبارەکانیەوە بەتایبەتی لەسۆنگەی سزای لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مجیدەوە، هەوڵدەدەن لە ڕێرەوی یاسایی ئەو دۆسێیە کەم بکەنەوەو بیخەنە بۆتەی تۆڵەکردنەوەیەکی دەمارگیرانەوەو زیاترخەسڵەتێکی خێڵەکیانەی پێببەخشن. ئەمەش ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆ کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر دۆسێی ئەنفالو دۆسێکانی تر دادەنێتو بێگومان بۆداهاتووش لەسەردۆزی سیاسی کوردوهەوڵی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردیش زەرەر مەند دەبێت، لەکاتێکدا گەلی کوردستان دەتوانێ بۆ لەمەولا کلیلی هەردوو دادگای هۆڵنداو دادگای ناوخۆی عێراق بەدەستەوە بگرێتو کۆدی گرنگو هەستیاری پێبکاتەوەو بەبەڵگەی یاساییەوە موخاتەبەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات.
دەشێت لە ئێستادا ئەو پرسیارە زۆرسادەیە لەخۆمانبکەین، داخۆ ئەگەر داوابکەین عەلی حەسەن مەجید لەکوردستان "جا هەرکوێیەک بێت" لەسێدارە بدرێت چیمان دەستبکەوێت؟ لەکاتێکدا عەلی حەسەن مەجید تاوانبارە بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی، لەکاتێکدا تەنها ئەو بڕیاری سزادانەکانی بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی بەسە بۆ شەرمەزارکردنی هەموو ئەو کەسانەی بەتایبەتی پارێزەرەکانی کە داکۆکیان لە ڕەفتارە نائینسانیەکانی ئەو تاوانبارە دەکرد. بەمەش ئاویان دەکردەوە ئاشی شۆڤینیزمی عەرەبیەوەو چاویان لەتاوانەکانی دەنوقاند، ئەگەر لە گۆشەیەکی تریشەوە تەماشای تاوانەکانی عەلی حەسەن مەجید بکەین، هێشتا ئەو تۆمەتبارە بە تاوانی دۆسێی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو سەرکوتکردنی ڕاپەرینی شیعەکانی خواروو، چەند تاوانێکی تری کۆمەڵکوژی..باشە ئەگەر عەلی حەسن مەجید لە سێدارەدرا دەبێت تاوانبارنی دۆسێی هەڵەبجە کێبن لەبەردەمی دادگا ئامادەبن؟ ئەی بۆ لەخۆمان نەپرسین چۆڵبوونی کورسیەکانی تۆمەتبارانی ئەو دۆسێیە چی دەگەیەنێت؟ ئاخۆ ئەمە واتای کوشتنی دۆسێی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵبجەش نیە؟.. ئەمە جگەلەوەی لەپەیماننامە نیونەتەوەیەکاندا هیچ بڕگەیەکی یاسایی شک نابەم، شەرعیەت بە لەسێدارەدان بدات، بڕگەیەکی تێدا نادۆزیتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە، بۆچی دەبێت کورد خۆی موبادەرەبکات بۆ ئەم ڕەفتارە مەرگدۆستانەیەو ڕێگە بۆ شیعەکان خۆش بکات، ساویلکەیمان بقۆزنەوەو عەلی حەسەن مەجید بەدەردی سەدام حسین بەرن بەڵام بە دەستی کوردو بەمەزاجی کورد؟ ئەمە جگەلەوەی کوشتنی عەلی حەسەن مەجید رزگارکردنیەتی لەهەموو ئەو ئازارە دەروونیانەی ئەمرۆ هەیەتی "اعدمونا حتى نتخلص من هذه المحنه" ئەمە ئەو رستەیە بوو کە هەردوو تاوانبار ( عەلی حەسەن مەجیدو حسین ڕەشید) لەیەکێک لە دانیشتنەکاندا لەناو هۆڵی دادگا بەدەنگی بەرزو هاتوهاوارەوە بەدەستەی دادوەرییان ڕاگەیاند.

---

[6] کەنعان مەکیە دلرەقی‌و بێدەنگی- حەمەرەشید- وەرگیردراوی کوردی

# ژیانی لادێ پێش ئەنفال

عوبێد رەوف


شـــوێن: گونـدی تۆمـار نـاحیێ پارێزگای کەرکوک

کات: کۆتایی حەفتاکان وسـەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم


وێـنەیەکە کـاری هەرەوەزی بـۆ قوڕکاری سواقی سالآنەی سەربانی مالآنە. ئەو سـەردەمە کیژ و کوڕو پیـاو و ژن گەورە و بچوک هەر هەمو جڤات و تەواوی خەڵکەکە بە داراو نەدارەوە بەوجـۆرەی لەم وێنەیەدا دەبینن تێکەڵ و هاوکاری یەکبون و کاری هەرەوەزیان دەکردو بەم کاری سـەرسـواقەیان دەوت « دەسـتەوا » ، واتە ئەمڕۆ بۆ ئێمەو سـبەی بۆ ئێوە و دوسـبەی ماڵی یەکـێـکـی تـر و بەم جـۆرە تـا سەرسواقی ماڵەکانی هەموو خەڵکی دێ تەواو دەبوو. وەنەبێ هەرەوزی هەر ئەوەنـدەبێت و بەس ، بەڵکو




لە تەواوی بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا هەرەوەزی و هاوکاری و جۆراو جۆر هەبون و هەنـدێکیـان پیـاو و ژن کیژ و کور پێکەوە وەکو ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینن و هەندێکی تریان هەر کیژ و ژن دەیانکرد چەشـنی دەسـتاڕ و دانۆک کردن و سـاوەر کولآنـدن ، هەنـدکی تریـان پیـاوانو کوڕو کـاڵ دەیـانکرد وەکوجۆگە و جۆمـاڵ و درونەو خەلەو خەرمـان و درونەی برنج و کوتـانی و کوتانی سـاوەر بەمێکوت .جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین ئەو سـەردەمە وەک ئەمڕۆ شـتێک نەبو بەناوی ژنکوشـتن وئەو توندوتیژیەی ئێسـتا بەرابەر کچان وژنان دەیبینین جێگەیەکی نیە لەکۆمەڵگای کردەواری ئەو دەمەدا.



سـتار محمەد سـالّح ـموالید ١٩٥٤ خەڵکی گوندی عەسکەر ـئاغجەلەر پێشـمەرگەی تیپی ٢١ سالّی ١٩٨٢ شەهید کرا .



زرار محمەد سـالّح ـموالید ١٩٥٤ نـاسـراو بە (چالاک) خەڵکی گونـدی عەسـکەر ـ ئاغجەلەر پێشمەرگەی تیپی ٢١ ساڵی ١٩٨٢ شەهید کرا



زاهیر محمەد سـالّح ـموالید ١٩٥٤ خەڵکی گوندی عەسـکەر ـئاغجەلەر سـالّی ١٩٨٨ لە قۆنـاغی چواری ئەنفالدا گیراو ئەنفالکرا

# یادەوەری ئەنفالی چوار

پەروین مامە – سلێمانی
٢٠٢٠ / ٥/٣

٣ی ئایار سەرەتای ڕۆژێکی ڕەش بۆ ئێمەو خەڵکی ئەو ناوچانەی کەوتنە بەر شاڵاوی وەحشیگەرانەی سوپای عێراق و پیاوانی ڕژێمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ.

ئێوارەی ڕۆژی ٣/٥/١٩٨٨ دەنگی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکان ئاسمانیان تەنیبوو، ئەوسا ئێمە لەدامێنی چیای گەورەدێ بووین، کات بەرەو درەنگ دەچوو لە سەروی چواری عەسردا بوو، شەڕێک یەخەی خەڵکی گرت لە توانادا نەبوو، دەتوانرا لەسەر زەمین شەڕی قورس ودەستەویەخە بکرێت، زۆرجاری تر ئەمە کراوە، بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو، شەڕ لەگەڵ هەوادا نەدەکرا، بۆیە بڕیارماندا شوێنێک بۆدەرباز بوون دیاری بکەین، خۆبە مردنما هیچ خزمەتێک نەدەکرد دەنا ئامادەبووین بمرین، لە هەمان کاتدا تەمێکی گوماناوی وەک کۆڵکە زێڕینە بەری خۆری گرتبوو، هەرچەندە ئێمە لە دۆڵی سورداش بوین شاخی گەورەدێ نێوانی گوندەکەمان (شێلەخان) و گوندی عەسکەر بوو، گۆپتەپەو عەسکەر دەکەونە ڕۆژئاوای شاخی گەورەدێ و چەمی ڕەزان، بەڵام بایەکی فێنکی بەهاری ئەوساڵە بۆنی سێوو سێری لەگەڵ خۆی دەهێناو بە تەواوی ناوچەکەدا بڵاوی کردبووەوە. فڕۆکەکان هەردەنگیان دەهات و دەنگی تەقینەوش وەک زەمین لەرزە وابوو، هێندە بەرزنەبوون، تومەز بەچەکی کیمایی لەگوندەکانی گۆپتەو عەسکەرو دەوروبەری و چەمی ڕەزانیدابوو. بۆنەکەی لە ناو هەوادا بە تەواوی ناوچەکەدا بڵاووبووەوە. بەداخەوە لەو عەسرەدا بەعسیەکان تاوانیان ئەنجامدا بوو کارەساتیان خوڵقاندبوو. هەست ئەکەم کە ئێمەی کورد هەموویمان لە بیرچووەتەوە. هەتا ئێرە ئەوەندەم ئاگا لێبوو، ئیتر ئەبێ خەڵکی ئەو گوندانە خۆیان نەهامەتیەکانی خۆیان باس بکەن، ئەو کەسانەی لەوێ بوون و لەکیمیاباران وئەنفال رزگاریان بووە باش دەکەن ئەگەر ئەوانیش چیرۆکی خۆیان بۆ نەوەی داهاتوو بگێڕنەوە.



کاکم (فەقێ وشیار شێلەخانی) جوابی نارد بوو بە کاک ڕەوف شیلەخانی و کاک کوێخا ئەزغەری ڕەحمەتی وپیاوانی وت وەرن ئەڕۆینە پشتی شەڕەکەوە، کاک ڕەوف وتبوی باشە. کاک ئەزغەریش و تبوی ئێمە حسابمان بۆ خۆمان کردووە، بەداخەوە ئەوان گیران و ئەنفالکران، لەوانە کاک شێخ عسمان و حەسەنی برای و کاک لوقمان و کاک عارف بەداخەوە روحیان شاد .

ئینجا کاکم بە زۆر من وخاتو ملیحەی بەڕێکردو دوا بەڵێنی پێدام کە خۆیان رادەست ناکەن و بەرگری دەکەن تانەت پێیگوتم کە ئەچنە کوێ، کاک هەژاری پورزاشم کە هەر لەگەڵ کاک وشیار پێشمەرگەبوو، بەداخەوە ئێستا ئەویش لەژیاندا نەماوە. من و مەلیحە بەڕێکەوتین، گەیشتینە خوار ماڵە چۆڵەکانی ناودێی شیلەخان، لەوێ توشی مامۆستا ڕەحمانی مام کەریم سوارەو ئامۆزایەکی بوین، دوای ماندوو نەبوونی گفتوگۆیەکی کورتمان بوو، من پرسیم :

- مامۆستا لەکوێ بوون و بۆ کوێ دەڕۆن ؟
- ئەڕۆین بۆ لای برادەران.
- ئامۆزاکەی مامۆستاش گوتی : لە دوای کیمیابارانی دۆڵی جافایەتیەوە لە ئێران بووم.
- ئەی بۆ هاتیتەوە ؟
- لەوێ ژیان نیە.
- ئێ خۆ هیچ نەبێ لەوێ ژیانت پارێزراو دەبوو.

بەداخەوە ئەوە دوا گفتوگۆمان بوو ئەوانیش ئەنفالکران و جارێکی تر یەکترمان نەبینیەوە.

له ڕۆیشتن بەردەوام بووین، بەناو سەدەها تانکو تۆپ و سەرباز و جاشدا گەیشتینە سەرجادەی گشتی سلێمانی دوکان، ئێمە ترسمان له جاشە کوردەکان ترسمان هەبوو، له نێوان شێوان و خەوتناندا بوو له شەقامەکە پەڕینەوە، سەربازەکان زۆریان پەنجە لێڕاوەشاندین و هەڕەشەیان دەکرد، بەڵام وەک ئەوە وابوو کە چاوپۆشیمان لێ بکەن وبڵێن خرابڕۆن هە.تا هەنگاوێک بۆ پێشەوە ئەڕۆشتین من وەکو خۆم ئەژنۆکانم شکابوون هەناسەم توندبوو، چونکە دڵم هەر لای ئازیزانم بوو، ئەمووت جارێکیدیکە نایان بنمەوە لەوانەیە بە کیمیایی بکوژرێن، چونکە دڵنیا بووم به ئاسانی خۆیان بە دەستەوەنادەن.

بەو حاڵە هەنگاومان دەناو له ڕۆیشتن بەردەوامبووین هەتا چوینە ناو دێی سوسێی سەیدان، ماڵی پورە فاتمەی پوری خاتوو ملیحە و ئامۆزازای باوکم لەوێ بوون، کە گەیشتین پورەم چاوی پێمان کەوت هیچ خۆی پێڕا نەگیرا، دەستکرد بەگریان، زۆر گریاو ووتی کوان کوڕەکان هەمویان دەکوژرێن، ناو دێش پڕ بوو لە مەفرەخاصە و جاشو تەواری لە ژوورەوە نەمان دەتوانی بێینە دەرەوە هەتا بەیانی ڕاکە ڕاکیان بوو، تەقەیان دەکرد، له نێوە شەوەوە هێرشی بەر فراوانی هەمەلایەنە دەستی پێکردو بەجۆرەها تۆپ و ڕاجیمەی چلی و دوانزەیی و شەشی و ئەنواع تۆپی قورس دەستی پێکردبوو، ئینجا دەنگی تەقە نەماو ڕێک بووبوو بە هاژە هاژ... ئەڵێن ڕوژی حەشر بەڵام ئەوە ڕۆژی حەشربووو.

کە ڕوژ بۆوە پورە فاتمە لەگەڵ ئەعزیمە و نەورۆزی کچیدا بردمانی بۆ ناو زەرعاتەکەی و لەوێوە بەڕێی کردین لە سەر جادەکە بە ئاستەم بۆشاییمان دەستکەوت و خواو ڕاسان سەیارەیەک له بەردەممان ڕایگرت بەبێ چەندووچون وتی سەرکەون، ئێمەش سەرکەوتین سایەقەکە پێیوتین لە سەیتەرەکان نەڵێن نەفەرین. ماڵی ئاوابێت ئەو هەتا تاسلۆجەی بردین لەوێش سەیارەیەکی دیکەی بۆ گرتین بۆ سلێمانی. سوار بووین و هاتین بۆ سلێمانی، له ئاستی کارەباکە دابەزین و ڕۆیشتینە خوارەوە بەرەو ئابڵاخ، بەڵام جەماعەتێک جاش لەو ناوە بوون تەعلیق وپلاریان لێمان ئەدا. دەیانگوت : کچە موخەڕیب، ئێمە ڕۆیشتین و ئاوڕمان لەو کەسە نزمانە نەدایەوە، ئێمە له تاوی کەسوکارو ئازیزان ڕەنگی مرۆڤمان پێوە نەمابوو. زۆریش دەترساین، نەک له ترسی رووح وگیانمان بەڵکو لەترسی شەرەف. کە گەیشتینە ماڵی مامم زۆربەی خزمان کۆبووبوونەوە و وتبوویان پەروین و ملیح گیراون، سەرەڕای خەمی کوڕەکان کە بەداخەوە کاک عومەری مامم لە ڕۆژی دواتردا شەهید ببوو. ناوی تەواوی "عومەر محەمەد ساڵح نەجمەدین" پێشمەرگەی تیپی ٢٣ی سورداش بوو، له ئەنفالی چواردا بەچەکی (B.K.C) هەتا دوا فیشەک شەڕی کردبوو، بەڵام له ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ له گەورەدێ کۆپتەر پێکابووی و لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی



کامەران شەهید بوون. ساڵی ٢٠٠٧ تەرمەکەی دۆزرایەوە و سەر لەنوێ هەڵدرایەوەو ئەسپەردەی خاک کرایەوە.

ئەمە کورتەیەکە لەو بیرەوەریە تاڵانەی کە لەئەنفالی چواردا بەسەرماندا هات. ئەگەر بتەوێ ڕاستی و دروستی و وردەکاریەکان باس بکەی دەیان چیرۆکی لە ئەفسانەچووە.

**فۆتۆی یەکەم : پەروین مامە**

**فوتۆی دووەم: پەروین ومەلیحە ساڵی ١٩٨٧ له گوندی شیلەخانی ناوچەی سورداش گیراوە.**

## المتهم في الجريمة الانفال

# الفريق الركن يونس محمد الذرب


ولد في مدينة بغداد - عام 1939م,
. تخرج من الكلية العسكرية العراقية - الدورة 36 عام 1960م ( بكالوريوس - علوم عسكرية ),
. تخرج من مدرسة المشاة العراقية - عام 1960م,
. تخرج من كلية الأركان العراقية - الدورة 34 عام 1969م ( ماجستير - علوم عسكرية ),
. تخرج من كلية الحرب العليا - الدورة الثانية عام 1978م ( دكتوراة - علوم عسكرية ),
. كما حصل على شهادة ( الدكتوراة في التاريخ العسكري ) من معهد التاريخ العربي والتراث العلمي للدراسات العليا .
. كما حصل على العديد من الدورات العسكرية داخل وخارج القُطر .

-شارك بالعديد من المعارك والحروب منها:
. الحروب العربية الصهيونية ( 1967م - 1968م - 1973م ),
. الحرب في الشمال,
. حرب القادسية الثانية ( 1980م - 1988م ),
. حرب أم المعارك ( 1991م ),
. حرب الإستنزاف والحصار الجائر على العراق ( 1990م - 2003م ),

-تم تكريمة عشرات المرات من قبل القيادة العامة للقوات المسلحة وحاصل على العشرات من الأوسمة والأنواط,,

-شغل العديد من المناصب منها:
. آمر فصيل مشاة - الجيش العراقي,
. آمر سريه مشاة - الجيش العراقي,
. آمر فوج مشاة - الجيش العراقي,
. آمرللواء المشاة 45 - فرقة المشاة 11 - الجيش العراقي,
. رئيس أركان فرقة المشاة الجبلية الرابعة - الجيش العراقي,
. قائد فرقة المشاة الجبلية 33 - الجيش العراقي,
. رئيس أركان الفيلق الخامس - الجيش العراقي,
. رئيس أركان الفيلق الثالث - الجيش العراقي,
. مدير التخطيط - وزارة الدفاع,
. عضو القيادة العامة للقوات المسلحة,
. قائد الفيلق الخامس - الجيش العراقي,
. رئيس جامعة البكر للدراسات العسكرية العليا ،
. المفتش العام للقوات المسلحة - وزارة الدفاع,
. محافظ ذي قار .

-له ٨ اصدارات منشورة و ٦ مخطوطات تحت الطبع.
له مشاركات في عدد من مراكز البحوث العراقيه والعربية




وأدار عدد من الندوات في الكثير من الجامعات العراقية و الجامعة المستنيرة وجامعات دمشق وألقى عدد من المحاضرات عن الجيش العراقي و معاركه في معهد الدفاع التونسي .

*غادر العراق ويعيش حالياً في احدى الدول العربية .




توفى يوم الاثنين ١٧ / ١ / ٢٠٢٢ في القطر.

## شەهیدێکی زیندووم

# یادەوەرییەکانم لە ئەنفالی چواردا



محەمەد عەلی

ئەمڕۆ ١٩٨٨/٥/٣ واتە ٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا ڕژێمی عێراق بە کیماوی هێرشی کردە سەر گۆپتەپە و عەسکەر و دوای ئەوە یەکسەر بۆ بەیانی هێرشی ئەنفالی٤ دەستی پێکرد.

بەشێک لە یادەوەریە بینراوەکانم لە سەردەمی ئەنفالی ٤

دوای ئەوەی تەواو تەواو بێ هیوا بووین لەسەر زێی گۆپتەپە بە بریندارى لە سەر بەردەکان ڕاکشابووم کە پیاوە پیرەکە زانی بە نیازی پەڕینەوەین چاوەڕێی بەلەمی چوپ ئەکەین وتی ئێوە ئەڵێی شێت بوونە بەم بریندارەوە ئەڕۆن بۆ بەری کۆیە رەئیس جاشێکی لێیە ناوی قاسمە کوێرە زۆر بەرازە نەڕۆن باشترە ماڵی ئاوا بێت ساردی کردینەوە گەڕاینەوە بە تراکتۆرێک بردمیان بۆ ماڵی کوێخا قادری دارەقوتە ، ٣٢ ساڵ بەرلە ئێستا ئەو کاتەش مانگی ڕەمەزان بوو بەڵام ڕژێمی عێراق دڵی وەکو بەرد وابوو بەرامبەر کورد سڵی لە هیچ ناکردەوە، ئیتر دیار بوو خەڵکی دێ شڵەژابوون دنیاش هەتا ئەهات ترسناکتر و تاریک تر ئەبوو نەک لەبەر ئەوەی شەو بوو بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوەی تروسکایی و هیوا بوو لە هەموو کەس بڕابوو، ئیتر هەواڵ هات کیماوی لە گۆپتەپە داوە بریندار ئەهات باسیان ئەکرد بە سەدان کوژراو و بریندار هەیە خەڵکی بە تەواوی تۆقیبوو ، تاکو ١٢ شەو جوڵە لەو دارە قوتەیا نەما هەموو خەڵکەکە لە ترسان ڕوویان کردە بناری خاڵخاڵان و ئەو هەردەو هەڵەتە، ئەو شەوە تەنها من و (کاک علی و کاک سەلاحی )زاوام وکاک حەسەنی برام ماینەوە تاکو بەیانی ڕۆژ بووەوەو ئیتر هێرشی زەمینی دەستی پێکرد بە یارمەتی جەیش و جاش و تەیارە،

دوای ئەوەی شەو ئیتر خەڵکی دارەقوتە هەموویان ڕوویان کردە ناو شاخ و دەشتەکە ئێمەش وتمان با هەموو بۆ سبەی نەگیرێین کە ئەمڕۆ بوو هەندێکمان شەوەکەی لەگەڵ خەڵکەکە نارد وەکو ڕێبواری پورزام ڕێبوار قەرەحەسەنی و عبدالسلامی ئامۆزام و کاک لەتیفی برای کاک علی زاوام، ٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا کە ڕۆژ بووەوە هەروەکو ئەمڕۆ و وەکو ئەم بەیانیە دارقوتەی چۆڵ تەنها ٤ کەس بووین خۆشمان نەمان ئەزانی چی بکەین چونکە چاوەڕێی چارەنوسێکی نادیار بووین بەر بەرچاومانەوە هێرشی ئەنفالی چوار دەستی پێکرد لە ناوچەی ئاغجەلەرەوە دوکەڵی سوتانی لادێکان و ئاگرەکەی هەموومانی ئەسوتان، ئەوە دیمەنێکی زۆر بە ئازار بوو دەستپێکردنی ئەنفال لەسەر دەستی سوپای عێراقی ئەنفالچی بە گەورەترین هێزەوە بە چاوساغی و بەشداری دەیان فەوجی جاش و لە ئاسمانیش تەیارەو کۆپتەری بەکارئەهێنا بۆ بۆردومان کردن ، چاوەڕێی ئەوەمان بوو کەی دەسگیر ئەکرێین نازانم بیرۆکەی کێ بوو وتمان بۆ نەگەڕێینەوە بۆ ناوچەی خاڵە بازیانی ئێستا کەس لەوێ ناژێ هەموو ئەنفالکراوە ڕژێم بیر لەوە ناکاتەوە خەڵکی لێ بێت ڕێکەوتین بەڵام چۆن بڕۆین خۆ من ناتوانم لە شوێن خۆم هەڵسم کاک علی وتی ئەڕۆم بۆ ئەو شاخ و داخە بزانم گوێدرێژێ لەو خەڵکە وەرناگرم ئەگەر نا ئەیکرم ، بە ڕێکەوت خێزانی شەهید شوان ئەبینێ(شەهید شوان کاتی مفاوەزاتەکەی یەکێتی لەگەڵ ڕژێم بەرپرسی لیژنەی تەنسیقی کەرکوک بوو) لەگەڵ هاوزاواکانی ناسیاوی کاک علی بوون ئیتر خێزانەکەی شەهید شوان مناڵەکانی زۆر بچوک بوون وتبووی ئەم گوێدرێژەی ئێمە بەرن ئێمە ئەتوانین مناڵەکان بە کۆڵ هەڵبگرین ملیۆن جار سوپاسی ئەکەم، کاتێکمان زانی کاک علی گوێدرێژی هێنا بۆ ئەو ساتە وامان زانی دنیا هی خۆمانە هەروەها پورزاو و

ئامۆزاکانیشمان هاتنەوە، ئیتر کەریان هێنا و لە دیوەخانەکەی کوێخا قادر دۆشەگیان لێ بەست بەدرێژی بۆ ئەوەی قاچم لەسەری دابنێم چونکە برینەکەم زۆر گەورە بوو کە شۆڕم بکردایەوە خوێنی لێ ئەهات منیان خستە سەر گوێدرێژ و هەر جارەی یەکێک بە نۆرە ڕەشمەی گوێدرێژەکەیان ڕائەکێشا و باش لە بیرمە تاکو خۆمان ئامادە کرد بوو بە نیوەڕۆ لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ سەرباری ئەوەی تەیارە و کۆپتەر ئەسوڕایەوە کەوتینە ڕێگا بەرەو خاڵەبازیانی

ئەمرۆ نیوەڕۆ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ڕێکەوت ٤ ی مانگی ٥ ی ساڵی ١٩٨٨ کە دارەقوتەمان بەجێهێشت بە برسێتی و سکی بەتاڵ و بە ترس و تۆقینەوە ڕێگایەکی نادیارمان گرتەبەر بۆ نزیکی عەسرێکی درەنگ گەیشتینە دێی مام ڕەش، بینیمان خەڵکی لەوێش سەرگەردان بووە کەس بە کەسەوە نیە کەمێک وەستاین وەک بڵێی پشوویەک بدەین مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی حیزبی سۆشیالیستی لێ بوو، وا بزانم خەڵکی گەرمیان بوون و هاتنە لامان و قسەمان کرد بەرپرسەکەیان کوڕێکی ئازاو بە هیمەت دیاربوو ناوی گەوهەر بوو بەڵام شارەزا نەبوون و نەیان ئەزانی بۆ کوێ بڕۆن کە پرسیان لە ئێمە کرد بە نیازی چین وتمان ئەڕۆین بۆ خاڵەبازیانی بڕوایان نەکرد یەکەمجار، وتیان ئەتوانین ئێمەش لەگەڵتان بێین وتمان وەرن بەسەرچاو ئیتر زۆر دڵخۆش بوون وەک بڵێ تروسکاییەک هاتە دڵیانەوە، بووینە نزیکەی ٢٠ کەسێک دوای ئەوە کەوتینە ڕێگا بەرەو خاڵەبازیانی ئەو شەوە هەر بەڕێوە بووین نیوەشەو گەیشتینە دێی دەلۆ دیار بوو ڕۆژەکەی جەیش و جاش ڕوخانبوویان و فریا نەکەوتبوون هەموو بڕوخێنن لە دوای خۆیان سوتانبوویان ئەو شەوە دەلۆ ئاگرو دوکەڵی لێ بەرز ئەبووە شەوێکی زۆر ناخۆش بوو لەوێ لە دوای دێی دەلۆ ماوەیەک ڕۆیشتین و لەیەک بڕ بووین بەڵام ئیتر ئێمە هەر ئەبێت بڕۆین چارەمان نەبوو، ئەو شەوە تاکو نزیکەی خەریک بوو ڕۆژ ئەبووەوە هەر بەڕێگاوە بووین ئیتر ڕێگامان لێ تێکچوو نەمان توانی بگەیەن بە جادەی کەرکوک - سلێمانی بۆ ئەوەی بپەڕینەوە هاوڕێکانیشمان وا لێمان بڕبوون، ئەوانیش بە هەمان شێوە نەیاتوانی بوو بۆ هیچ کوێ بڕۆن، بەڵام ئێوارەکەی لە دێی مام ڕەش تەکبیرمان کرد ئەگەر نەماتوانی لە جادە بپەڕینەوە کە ڕۆژ بووەوە ئەبێت هەرکەس لە شوێن خۆی لەناو شیوێک خۆی حەشاردات تاکو ئێوارەی دادێ ئەوەبوو هەموو هەر وایان کرد بوو، منیان خستە ناو شیوێکەوە بە گیای بەهار دایانپۆشیم، ئیتر ئاگام لە هیچ نەما چونکە هێزم تیا نەمابوو یەکسەر خەوم لێ کەوت.

## تاقانەیەکی ئەنفال کۆچی دوایی کرد

**عەلی حەسەن سابیر**

لە دایکبووی ١٩٧٥ خەڵکی گوندی زینانەی ژوورو .

ساڵی ١٩٨٨ لەپەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیاندا تەواوی خانەوادەکەیان گیران و ئەنفاکران .

عەلی بەتەنیا مایەوەو بەژیانێکی سەختدا تیپەڕی ڕۆژی ٩ی ئەیلولی ٢٠٢٠ بەهۆی ڤایرۆسی کرۆناوە نەخۆش کەوت و دوای مانگێک ململانێ لەگەڵ نەخۆشیێکەدا دواجار کۆچی دوایی کرد.

بەناوی خۆم وستافی گۆڤاری ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی مناڵەکانی دەکەین.

سەرنوسەر



# بناری خاڵخاڵانی ناوشوان

کاروان عوسمان شوانی



خاڵخاڵان چیایەکی گەورە و بڵندە، بە هەر چوار لای دا گوند پێیدا شۆر بووەتەوە، لە بەزاییەوە بۆ نشێو.. بەپێی کتێبی" کورد ، تورک ، عەرەب" ی ئەدمۆنس ، چیایەکە ٣ هەزار پێ بەرزییەتی.

گوندەکەی ئێمەش لە بناری چیایەکەوەیە بە دیوی خۆرهەڵاتدا لەنگەری گرتووە. بەهەر چوار دەوری چیایەکەدا پێی دەوترێت "بناری خاڵخاڵان" ، خاڵخاڵان ناوشوانە، بەڵام هەندێک گوندی بنارەکە بە دیوی باکوری چیایەکەدا ناوچەیٔ شێخ بزێنییە. لە هەر دیوێکی چیایەکەوە بیگری دۆڵ و چەمی چڕ و زۆر قوڵ لەسەرێ تا خوارێ دروست بووە. ئەمەش وای کردووە، ناوچەیەکی لەبارو گونجاو بێت بۆ چالاکی و خۆحەشاردان، لەبەرئەوە لە زووەوە بارەگای پێشمەرگەی لێ بووە، بارەگای بەتالیۆن لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول لە گوندی کارێزەی خاڵخاڵان بووە. تیپی ٢٥ ی خاڵخاڵانیش لە گوندی مۆردخوادەی سەروو بوو، بە بناری خاڵخاڵانەوە.

نەخۆشخانەی شۆرش، کە هی هەردوو تیپی ٢١ ی کەرکوک و ٢٥ ی خاڵخاڵان بوو لە مۆردخوادەی خواروو بوو، کە زێدی بنوسی ئەم دێرانەیە. زۆرجاریش سەر لوتکەی چیایەکە بارەگای جەیش و جاش بوو، بۆ چاودێری و جموجۆڵی پێشمەرگە بەڵام هەرگیز درێغیان نەدەکرد لە ئەزیەتدانی خەڵکی مەدەنی و تۆپبارانی گوندەکانی ناوچەکە سەرئەنجام تۆپباران و گوللەی ئەم بارەگاو رەبایانە هاونیشیمانیانی شەهید و بریندار دەکرد، یەکێک لەو شەهیدانە هاوڵاتی عەبدوڵا بارام بوو، باپیری خۆشم (عەلی ئەمین شەریف ) یەکێکە لەو کەسانەی برینداربوو.

ناوچەیەکی تا بڵێی ماندوو، شەکەت بەدەستی شۆڕشەوە، هاوکات سوتاو و کوێرەوەبوو بە دەستی رژێمی بەعس.

لە قۆناغی چوارەمی پەلاماری ئەنفالدا هەموو ناوچەکە کەوتە بەرپەلامار وهەڕەشەی سوپای عێراق، لەرۆژی ٥ی ئایار هەتا ١٠ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ بناری خاڵخاڵان بە تەواوی کیۆماڵی ئەنفال کراو. زەرەر و زیانێکی بێشوماری گیانی و ماڵی لێکەوت، بە جۆرێک هەر لە



گوندی جەلەمۆرد نزیک ٤٨٠ کەسی لێ ئەنفالکرا.

٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا زێد و ناوچەکەی من بەر شالاوی ئەنفال کەوت، زەبرەکە هێندە بەهێز بوو هێشتا سووتووی ئاگری ئەنفال لە دەڤەرەکە بەدی دەکرێت.

هێشتا بۆنی چەمی سوتای لێدێت و رەزەکان چرۆی تازەیان دەرنەکردەوە ، برینی کەوەکان هێشتا خوێنیان لێدەچۆرێت ، کانیش هەر چاوەرێی بارانە و پاوانیش هەر بە رووتەنی ماوتەوە، هەموو ئەوانەش شۆڕشی کوردی و حکومەتی هەرێم بەرپرسن لە ئاوەدانکردنەوەی.

ئەنفالکراوەکانی گوندی مۆردخواردەی خوارو بریتین لە:

( فەریدە عەلی ئیسماعیل و سەدریە عەبدوڵا بارام و ئەیوب کەریم نادر)

**وێنەکە گوندی موردخواردەیە.**

# شوێن و شوناس، لە فیلمی زەردا


عومەر محەمەد

بـا گریمـانەی ئەوە بکەین ژان بڕیار نادات بە دوای ڕەگوڕیشەی ئەم گۆرانییەدا بچێت، یاخود لە بارەکە ناگەڕێتەوە بۆلای نەنکی و گوێی لە گۆرانی زەریش نابێت لەوەها حاڵێکدا، ڕیشی ناکەوێتە گونـد و دەشـــت و دۆڵەکانی باکووری کوردســـتـان. ئیـدی کـــوردبـــوونـــی زەریـــفەش نەنـکـی ژان بـۆ هەتـا هەتـایە بەشـــــاراوەیـی دەمـێـنـێـتەوە، شـــوناســـێک کە بە هۆی تاوانی کۆمەڵکوژی دەرســـیمەوە لێی زەوت کراوەو هەتـا ئەوکـاتە بە شاراوەیی مابووەوە.

ژان (کە نـاوەکەی واتـای ئـازارو ژانی کوردییە!) لە ئەمەریکا وەک بێ شـــوناســـێک ماوەتەوە، بە جۆرێک لە پوچێتیدا دەخولێتەوە، نەلەناو کلاسی خوێندندا چالاکە لە دۆزینەوەی خۆیداو نە دەشـــتوانێت لە پەیوەندیی خۆی و دەوروبەرو کچە هاوڕێکەشـــیدا واتـایەک بـدۆزێتەوە. دوای ئەوەی تەلەفۆن بۆ کچە هاوڕێکەی دەکات و وەڵامی ناداتەوە بە ناچاری دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشـخانە هەتا شەو لەلای نەنکی بەرێتە سەر.

فیلمی زەر نەک هەر گەڕدوتۆزی تورک بوون لەســـەر شـــوناســی زەریفە لادەبات، بەڵکو جەخت لە شـــوناسـی ئەحمەد کایاش دەکاتەوە، کە لە گرتەیەکی کورتدا بەســـەر دیوارێکی شـــارۆچکەیەکی کوردنشـــین – دێرســـیمی دێرینەوە نیشانی دەدات.

شێواندنی شـوێن لە فیلمی زەردا بەزەقی دیارە، کازم ئوز بەوێنە قسـەدەکات، ئەو بۆمان باس ناکات تاوانەکە چۆن ڕویدا بەڵکو بە وێنە نیشـــانمان دەدات، چی ڕویداوە، فـاشـــیزم هەر مرۆڤەکان نـاکوژێت بەڵکو شـــوێنیش دەشـــێوێنێ بۆ ئەوەی شـــوناس بەشـــوێن و کلتورەوە دروســـت نەبێت، ئەو گوندەی ژان بەنیاز بوو ســـەردانی بکات، لەژێر ئـاوی بەنـداوێکدا ون بووە. بەنـداوێک کە بەهەژموونی تەنکنلۆژیـای مۆدێرن بنیـاتنراوە ئـامـانج لێی ســـڕینەوەی شـــوێنە، شوێنی سەید ڕەزای دێرسیم و یادەوەرییەکانی زەریف و هاوتەمەنەکانی کە هێشـــتا گۆرانی زەرێ و چیرۆکی شـــوان وکچە دڵدارەکەیان بەزیندوویی هێشـــتووەتەوە. هەرچەنـدە بەشـــێـک لە فیلمەکەش لەژێر گوشـــاری دەوڵەت و ســـانســـۆری دەسـەڵاتدارانی تورکیادا ون بووە. بەڵام لە ســـەردانی (ژان)دا بۆگوندەکان و بۆلای گەریلا شـــونـاســـێـک دەدۆزێتەوە، لەرەنگ و دەنگ وکلتوردا.




کـازم ئـوز لەیەکـێـک لە نەخۆشـــخانەکانی ئەمریکاوە لەرێگەی گۆرانی (زەرێ)وە دەمانباتەوە بۆ کات وسەردەمێکی رابوردو، بۆ ناو شوێن و دۆزینەوەی شـــونـاس و دیـاردە. ژان بەدوای ئەم گۆرانییەدا دەچێتەوە زێدی زەریفەی نەنکی لەوێ دەزانێت، کوردەکان نەتەوەو زمانێکی ترن و کلتورێکی جیاوازیان هەیە، لەنـاو پـاســـەکەدا بەر پەیوەنـدییەکی کۆمەڵایەتی گەرموگوڕو میواندۆســـت دەکەوێت خەڵکێک بەبێ ئەوەی داوای هاوکارییان لێبکەیت دێن بەهاناتەوەو هاوکاریت دەکەن بەپێچەوانەی ئەو بێباکی پەیوەنـدییە ســـاردەی لە ئەمریکادا هەیە کە لە ( گرتە-shot)ێکدا دەیبینین زەریفە لە وێستگەی شـەمەندەفەرێکدا نامۆو شـڵەژاوەو پرسـیار لەگەنجێکی رەش پیســـت دەکات و دەیەوێت بزانێت داخۆ بەهەڵە نەهاتووەتە ئێرە، بەڵام گەنجەکە بەســـاردییەوە پێیـدەڵێت : ببورە من لەزمانی تۆ تێنـاگەم و کـاتم نییە.

بەڵام ژان کاتێک دەربارەی گۆرانی زەریٚ دەپرسێت زیاد لەکەسێک بەدەنگییەوە دەچن وهاوکاری دەکەن تەنانەت ئەو ژنەی کەلە دوایەوە دانیشتووە پێیدەڵێت وسوشارەزایە. هەر لەناو پاسەکەدا بەکاری دەستی و هونەری رستن وچینین و رەنگ ئاشنا دەبین بەتایبەتیش لە سەرپۆشی ژنەکان و ئەو گوڵینکانەی بەچواردەوری جامی پاسەکەدا چەسپێندراون ولەگەڵ رەوتی رۆیشتنی پاسەکەدا ئەوانیش بەریتمێکی هاوتەریب دەجوڵێنەوەو دەلەرێنەوە. ئەم گوڵینکانە لەناوپاسەکەدا بەدەرنین لەو دیاردەیەی واڵتەر بنیامین ناوی ناوە ( کۆپی کردنەوەی بەهەرهەمی هونەری لەسەردەمی میکانیکیدا) (سیوەیلی. ٢٠١٥ -ل ١٤٦)

کوردستان ئەو شوێنەیە کە (مەزڵومییەت وجێنۆسایدی) تیایدا بووەتە دیاردەو کوردی پێدەناسرێتەوە. دەچێتەوە شوێنی شوانە ئەڤیندارەکە و سەردانی کانی و شوێنی دار گوێزەکە دەکاتەوە. کە شوانەکە بەدەم شینەوە وتوویەتی: "من دوو فرمێسکم رشت، درەختە گوێزەکە دوو دەنکە گوێزی لێکەوت". لەوێوە دوو دەنکە گوێزەکە مانایەکی تایبەتی لەلای ژان وەردەگرن. یادەوەری خۆشەویستییە هەمان ئەو دوو دەنکە گوێزەی لەناو کەلوپەلەکانی نەنکیدا لە دوایی مردنی دۆزییەوە.[7] هەڵبەت بۆ بینەریش رونە، هەڵبەت ئێستا گوێزەکان هەر شوناسی دڵخوازەکان (زەریٚ و شوانەکە) نیین، بەڵکو ئێستا شوناسی کوردەکانیشە، تەنانەت گۆرانی زەریٚ بۆخۆی بووەتە شوناسێکی کلتوری، چونکە چیرۆکی زەریٚ گونداوگوندو دەماودەم بڵاوبوونەوەو بووە بەبەشێک لە یادەوەری و شوناس، گوێزەکانی دەستی ژان بەهەمان شێوە دەبنەوە بەشوناس، چونکە کوردەکان لە چیاکان دەژیان کە پڕبون لە داری گوێزو بەڕوو، فیلمی زەر پێماندەڵێت هێزی شوناسی کەلتوری توانای بەرگری هەیە، ئەگەر شوناس بەهێزبوو دەتوانێت لەناوچونی نەتەوەیەک ڕابگرێت. مرۆڤ دەتوانێت لەرێگەی شوێنەوە خۆشی بناسێت.

کۆمەڵکوژی دێرسیم دەرئەنجامی رقی فاشیزم و شۆڤینیزمە و لە تورکیا دەرگیری کوردەکان بوو، دەتوانین بلێن زەبریکی قورسی مۆدێرنەشە، ساڵی ١٩٢٦ پشکنەرێکی تورک بە ناوی (حەمدی بێی)، لە ڕاپۆرتی خۆیدا وتویەتی: دێرسیم بۆکۆماری تورکیا وەکو ژەهرە، بۆ ئارامیی وڵات، پێویستە لەو ژەهرە پاک بکرێتەوە)[8] ساڵی ١٩٣٠ "زەریفە" لە نزیک هەمان ئەو گوندە لە دایک بووە، کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدرا. ئەوگۆرانییەی بووەتە یادەوەری "زەریفە"ی پیرو نەخۆش، کە لەسەرتەختی نەخۆشخانە بۆ ژانی کوڕەزای دەڵێت دەبێتە کلیلی دەرگایەک بەڕوی ژاندا، ژان خوێندکاری بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرە، کاتێک بەدیار نەنەکە نەخۆشەکەیەوەیە دیالۆگ لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت، نەنکی بەسەر سورمانەوە لێی دەپرسێت ئەگەر خوێندنت تەواو کرد دەبیت بەچی ؟ ژان لەوەڵامدا دەڵێت من لە زانکۆ موزیک دەخوێنم، زەریفە دەڵێت : چۆن تۆ ئەوهەموو ساڵە دەخوێنیت بۆئەوەی گۆرانی فێربیت ؟ مادام وایە گۆرانییەکم بۆ بڵێ دوای ئەوەی ژان گۆرانییەکی بۆ دەڵێت ئینجا ئەم داوا لەنەنکی دەکات گۆرانییەکی بۆ بڵێت، نەنکی گۆرانی (زەریٚ)ی بۆدەڵێت بەڵام بەزمانی کوردی کە ژان لێی تێناگات ! ئەمە خاڵی وەرچەرخانێکە، کە فیلمەکە کارەکتەر بۆ شوێنێکی ترو دونیایەکی تر ئاراستە دەکات، کە پڕە لەنهێنی ژیان و رەنگ و کلتوری جیاواز( شوێنی مرۆڤە روخۆش ومیهرەبان و میواندۆستەکان) و ستەمکاری دەوڵەت، بە جێنۆسایدیش نەیتوانیوە شوناسیان بسڕێتەوە، شوێنێک کە رەنگ و گوندو موزیک و داب ونەریت تیایدا لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوندایە، زەریفە دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکی ترسناکە، هەموو کەسوکاری کوژران ئەوەی بۆی ماوەتەوە تورەکەیەکی گوڵدارو دوو دەنک گوێزو گۆرانییەکی کلتورییە، کە هەتا ٥٠ ساڵی تەمەنی نەیدەتوانی بەئاشکراو بەدەنگی بەرز بیڵێت، تەنها کەسێک کەدەیتوانی گۆرانی زەرێی بۆ بڵێت : کچەکەی بوو. هێشتا تەمەنی زەریفە هەشت ساڵان بوو، کە هەڵمەتی "پاککردنەوە "بە بڕیارو فەرمانی ئەتاتورک لە دژی کوردان دەستپێکرد.

هەڵمەتی پاککردنەوە ناوێکی نەرم و رێزدارانە بوو بۆ کۆمەڵکوژیی کوردان. ئەتاتورک دەیگوت کوردەکان دەبێ بکرێنە تورک.، ئەمە کت ومت ئەو هەڵمەتە بوو کە لەکات

[7] بروانە فیلمی زەر – نوسین و دەرهێنانی کازم ئوز

[8] بروانە ئەنفالستان ٥ی ئازاری ٢٠١٥

وشـــوێنێکی تردا ئەنفـالی کوردەکـانی پێکرا، بەڵام ئەمجارەیان لە باشـورو لەلایەن فاشـیزمی عەرەبییەوە نەک تورکی.

عەلی حەســـەن مەجید کە بە (بریاری ١٦٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی حزبی بەعس لەرۆژی ٢٩ی ئازاری ســاڵی ١٩٨٧ کرا بەحاکمی بێ ڕکابەر لەناوچەی باکوری عێراق و هەموو هێزەکانی سوپاو ئەمن و هەواڵگری خرایە ژێر فەرمـانییەوە)9 دوای مـانگێـک لەراوێژ و کۆبوونەوە پلانی روخاندنی گوندەکانی نزیک شـــارەکان و قەراغ جادەکانی داناو بریاری بۆ دەرکرد، ئەو دەســـتپێکەی نـاونـا هەڵمەتی گەشـــەپێـدانی نـاوچەی بـاکور، بەڵام لەراسـتیدا هەڵمەتی ڕوخاندنی گوندەکان بوو نەک گەشـە پێدان! [10]هەڵمەتەکە لە نیسانی ١٩٨٧ دەستی پێکردو هەتا ٢٢ی حوزەیرانی هەمان ســـاڵ هەموو گوندەکانی نزیـک شـــارەکان و قەراغ جادە گشـــتییەکانی روخانـدن و خەڵکەکەشـی بۆناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان ڕاگواسـت، لە دوای ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بریـاری- نهێنی ژمـارە ٤٠٠٨ی دەرکردو بەسـەر هەردووک فەیلەقی یەک وپێنجی سـوپایدا گشـتاندو بە حەوت خاڵ دەستنیشـانی کردبوو، کە لەمرۆ بەدواوە گەڕانەوە بۆ ئۆردوگا کۆتـایی هاتووەو هەموو گونـدەکـان بەنـاوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن و هاتوچۆ تیایاندا قەدەغەیەو هەموو دانیشـــتوانی گونـدە دورە دەســـتەکان مەحکومن بەکوشـــتن. لەماوەی ٢٢ی حوزەیران هەتا ٢٢ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٨٨ هەموو گوندەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان لە ژێر بارێکی قورسـدا بوون، ســـەرباری گەمارۆی ئابوری، بەردەوام بەتۆپ و فرۆکەو کـاتوێشـــا بۆمبـاران دەکران بەلێـدانی چەکی تایبەتیشـــەوە (کەمەبەســـت لێی چەکی کیمیاییە) هەردوک گوندی بالیسان وشێخ وەسان-لە نیسانی ١٩٨٧) کەوتنە ئەم پۆلێن بەنـــدییەوەو بەرچەکی کیمیـایی لێیـانـدراو کۆمەڵکوژییان لێکەوتەوە.

لە ٢٢ی شـــوباتی ١٩٨٨ هەتا ٦ی ئەیلولی هەمان ســـاڵ هەڵمەت وهێرشی سوپای عێراق بۆ ئەنفالکردنی ناوچەکان لە دوزخورماتو خانەقینەوە هەتا زاخۆو ســـنوری تورکیا دەستی پێکردو هەموو گوندەکانی کوردستانی لەگەڵ زەوی تەخت کردوو گوندنشـینەکانیش کە بە ١٨٢ هەزار مەزندە دەکرێن بێ سـەروشـوێنکران، کە تیایدا جگەلە کوشـتنی دەســـتەجەمعی هەزاران ژن ومنـداڵیش وەک (زەریفە) کارەکتەری فیلمی زەرێ کەسـوکاریان کوژران و خۆشـیان شوناسیان گۆڕدرا. بەتایبەتی ژنان و کچان پیاوەکانیان و دایک و باوکیان کوژران و خۆشیان رفێندران و فرۆشران بە خێلە عەرەبەکـان و وڵاتـانی عەرەبی، لەم بـارەیەوە چەندین چیرۆک تۆمارکراون یان دەگێڕدرێنەوەو هێشـــتا تۆمارنەکراون.[11]

**چیرۆکی زەریفە :**

زەریفە کـارەکتەری فیلمی زەری کـازم ئوز، لەبنەرەتەوە کوردە ئەوســـا کە کۆمەڵکوژی دێرســـیم ئنجامدەدرێت، دایـک وبـاوکی زەریفە لە هەڵمەتی پـاککرنەوەی نـاوچەی دەرسیم دەکوژرێن، تەنها خۆی و خوشـکێکی بەزیندویی دەمێننەوە، ئەوســـا لەگەڵ خوشـــکێکیدا بەدیار ئاژەڵەوە دەبن، زەریفە تەمەنی هەشـــت ســـاڵان دەبێت بە ناچاری پەنا بۆ دارستانێکی نزیک گوندەکەی خۆیان دەبەن. بەڵام ســـەربازەکانی تورکیا لە دارســـتانەکەدا دەیاندۆزنەوە و وەکو دەســـتکەوتی جەنگ دەیانبەن لەشـــەمەندەفەرەکەدا بەزۆر خوشـکەکەی لێ جیادەکەنەوەو ئەو بۆ شـوێنێکی تر دەبەن و جارێکی تر یەکتری نـابیننەوە، خوشـــکەکەی هێنـدەی پێـدەکرێـت بوخچەکەی دەکـاتە ملی زەریفە کە تورەکەیەکی رەنگـاورەنگەو دوو دەنـک گوێزی تێـدایە،

[9] بروانە نوسـراوی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆرش -٢٩ی ئازاری سـاڵی ١٩٨٧ ژمارە ١٦٠ – مێدیل ئیسـت ۆچ -٢٠٠٤ خانەی وەرگێران – وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی محەمەد حەمە ساڵح توفیق .

[10] لەهەمدێک نوســـراوی پارێزگای کەرکوکدا لەبری هەلمەتی گەشـە پێدان نوسـراوە هەڵمەتی کۆکردنەوەی گوندەکان (حملة التجمیع القری)

[11] لەم بارەیەوە جگەلە توێژەر چەندین کەسـی دی چیرۆک و دیداری بەڵگەداری تۆمـار کردووە، دیـارترینیـان بەڵگەنـامەی موخـابەراتی کەرکوکە کە ژنانی بەولاتی میسـر فرۆشـتووەو لە کوردسـتانی نوێ ژمارە ٣٠٠١ دا بلاوکراوەتەوە، رۆژنامەی ئەمرۆ و گۆڤاری ئەنفالستان دیداری رۆژنامەوانی مەلا شەوکەتی مزگەوتی شعلەیان بلاوکردوەتەوە کە لەنەجدی عەرەبســـتانی ســـعودی کچی ئەنفالکراوی کوردی دیوەو قسەی لەگەڵدا کردووە.

زەریفە دەدەنە دەست کۆڵۆنێلێکی سوپای تورک و لەماڵی ئەو کۆڵۆنێلە گەورە دەبێت، دواتریش کە گەورە دەبێت بەفەرمانی ئەم کۆلۆنیلە شوو بەکۆڵۆنێلێکی دیکەی سوپا دەکات. بەناوی "هەپیتورک" ئیدی ناوەکەشی دەگۆڕدرێت بۆ "زەریفە هەپیتورک". باوکی ژان کە کوری زەریفەو کۆنێلە تورکەکەیە، نکۆڵی لە کوردبوونی دایکی دەکات، بەڵام ژان لە پرسەکەیدا دەربارەی گۆرانی زەریّ پرسیار دەکات و کەس وەڵامی ناداتەوە باوکی ژان کاتێک دەزانێت کورەکەی لەبارەی کورد بوونی نەنکییەوە قسە دەکات تورە دەبێت و نایەوێت قسە لەوبارەیەوە بکەن. بەڵام کە ژان هەر سورە لەسەر داواکەی زللەیەکی تێدەسرەوێنێ، ئەم زللەیە لە ژان شەرم کردنی باوکێتی لە کورد بوون.

هەمان ئەم چیرۆکە لەئەنفالیشدا دوبارە دەبێتەوەو توێژەر لەکاری مەیدانیدا تۆماری کردووە کە کچێکی تەمەن ١٣ساڵ، خەڵکی گوندی گۆپتەپەی ناوچەی ئاغجەلەرە دوای کیمیابارانکردنی گوندەکەیان ومردنی زۆربەی خەڵکەکەی کچەکە لەلایەن ئەفسەرێکەوە دەبرێت بۆ شاری بەسرەو لەوێ لە ماڵی خۆیان داڵدەی دەداو گەورەی دەکات. دواتر شوبە پیاوێکی خزمی ئەفسەرەکە دەکات وکوردبوونی خۆی بۆ هەتاهەتایە لە بیردەکات.

زەریفە کە لە دوای کۆمەڵکوژی دێرسیمەوە، شوناسی لە کوردێکی گوندنشینەوە گۆڕاوە بەژنێکی تورک و کابانی ماڵی کۆنونێڵێکی سوپا، بەڵام شوێن و خود گوندو زەریفە لە پەیوەندییەکی پتەودا دەمێننەوە، شوێن لەدەرونی زەریفەدا بووەتە بەشێکی یادەوەری چونکە شوێن وێستگەی یەکەمی خۆناسینی زەریفەیە، وەلێ ئێستا زمانی گۆڕاوەو بە تورکی قسە دەکات، بەڵام یادەوری زەریّ هەر ئامادەیەو هەمیشە لە بەرخۆیەوە ئەو ئاوازە دەڵێتەوە، کە وشەو ئاوازەکەی کوردیەو وەکو نەخشێک لە دڵیدا ماوەتەوە. ماوەی گەنجێتی لە شوێنێکی تردا بەسەر دەبات کە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی کوردستان و گوندو خانەوادەی کوردی نییە، کە بەمنداڵی شوناسی کوردی هەبوو گوێی لە گۆرانی کوردی دەبوو، گورانی کوردی دەگوت بەڵام کە بەبێ ویستی خۆی و بەزۆرە ملێ لە ماڵی سوپاسالارێک گەورەکراو بەزۆریش کراوەتە ژنی تورکێک ئیدی دەبوو گۆرانی زەریّ لە دڵی خۆیدا بڵێتەوە، چونکە ئازاد نەبوو، شوناسی کوردانەی خۆی بپارێزێ، بۆیە هەتا نزیکی پیربونی نەیدەتوانی بەدەنگی بەرز گۆرانی کوردی بڵێت هەتا لە ساڵانی پەنجای تەمەنیدا چیدی گۆرانییەکە لەناو دڵیدا ناڵێتەوە، بەڵکو بە دەنگی بەرز بۆ کچەکەی دەڵێتەوە، بێ ئەوەی بهێڵێت کورەکەی گوێی لێبێت. هەرئەمەش دەبێتە دەروازەیەک بۆ ژان هەتا بەرچای ڕون بێت لەگەڕان بەدوای (گۆرانی زەریّ)دا کە بریتیە لە شوناسی کەلتوری گەلێکی ستەملێکراو.

مرۆڤ لەیەک کاتدا لە دوو جیهاندا دەژی، ژیانێکی واقعی و ژیانێکی خەیاڵی کاتێک لە واقیع بێهیوا دەبێت خۆی دەداتە دەست خەیاڵ . لەواقعێکدا کە ستەمکاری ودڵڕەقی هەیە، لەوکاتەدا بەخەیاڵ میهرەبانی و ژیانێکی دورلەستەمکاری بۆخۆی دروست دەکات. ڕەنگە هەر ئەم خەیاڵەش ئومێدێکی بۆ زەریفە دروستکردبێت ڕۆژێک بێت ئەم دەنگە ببیسترێت .

ژان کورەزای زەریفەیە، باوکی لەئەمریکا دەژی و بەرپرسی بانکێکە لە نیویۆرک، کاتێک ئەم کورەی لە دایک دەبێت، داوا لە زەریفە دەکات ناوێکی لێ بنێ. زەریفەش ناوی دەنێت ژان. لەسەرەمەرگی زەریفەدا ژان دەبێتەوە ئەو ئومێدەی شوناس دەدۆزێتەوە .

نوسەر بەخوڵقاندنی کارەکتەری ژان پەلکێشی شوێنێکمان دەکات کە شوناسی تێدا سڕاوەتەوەو ئەوەشی کەماوە شێوێندراوە، ئەو کوردانەی گۆرانی زەریّ دەچڕن هەموو وەک زەریفە پیرو نەخۆشن، یان ئەوەتا دەنگیان قرخەقرخی تێکەوتووە، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە شوناسیش لەگیانەلادایە، کارەکتەری سەرەکی (ژان) ئاگای لە ڕەگوریشەی کورد بوونی خۆی نییە، بەڵام کاتێک نەنکی لە تەمەنی سەروی هەشتا ساڵیدا تووشی شێرپەنجە دەبێت و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی مانهاتن بۆ چارەسەری کیمیایی دەخەوێنرێت، لەوێ ژان لە ڕەچەڵەکی خۆی ئاگادار دەبێتەوە. دیداری نێوان ژان و زەریفە ڕێک ئەو کاتەیە کە فیلمەکە لێیەوە دەستپێدەکات و لە شوێنی لەدایکبوونی گۆرانی زەر لە چیاکانی دێرسیم کۆتایی دێت.

ژان لە شوێنێکی دی لە دایکبووە، نەشوێنی نەنکە کوردەکەیەتی ونەهی باوکە تورکەکەی بەڵکو لە

کۆمەڵگایەکی شارستانی گەورەو لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئەمریکادا لە دایکبووە. کە لەچاو تورکیای زێدی باوکی ئازادییەکی زۆری تێدایە، بەڵام زەریفە رزگاربووی "جینۆسایدـ"ە. دیداری زەریفەی نەنکی، دیداری دوو شوێن و دوو ئەزموون و دوو ژیانی تەواو جیاوازە، بەم حاڵەشەوە دیدارێکی ئەفسوناوییە. لە یەکێک لە رۆژەکاندا، زەریفە گۆرانی "زەر" بۆ ژان دەڵێت. ژان، یەک وشەی تێناگات، بەڵام لەو گۆرانییەوە بۆی دەردەکەوێت نەنکی کوردە، نەک تورک. دواتر بەهۆیەوە شوێن و شوناسی نەنکی (کوردەکان) دەناسێتەوە.

زەریفە دەمرێت و ژان لە ناو کەلوپەلەکانیدا دوو دەنک گوێز دەدۆزێتەوە. ئیدی بڕیار دەدات لەگەڵ تەرمی نەنکیدا بگەڕێتەوە باکووری کوردستان. زەریفە لە نزیک گۆڕی هاوژینە کۆچکردووەکەی دەنێژرێت، بەڵام دوو گوێزەکە وەکوو ئەمانەتێک لای ژان دەمێننەوە.

ژان هێشتا گۆرانییەکەی نەنکی لە مێشکیدا دەزرینگێتەوە، بۆیەش پرسیار لە پووری دەکات و باوکیشی بە دەنگی بەرز پێی دەڵێت "دەمت دابخە". بەڵام ژان واز ناهێنێ و دەڵێت "من ئاگاداری ناکۆکیی نێوان کورد و تورکم". باوکی زللەیەکی لێدەدات و هەڕەشەی لێدەکات "خۆت بە بابەتێکەوە ماندوو مەکە کە ماوەکەی بەسەرچووە". ئەوەی باوکی ژان دەیڵێت بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگای تورکییە بۆ پرسی کورد، واتا نکۆڵیکردنە لە شوێنێک کە پێیدەگوترێ کوردستان و شوناسێک کەهی کوردەکانە، ئەوان کێشەی کورد بە کێشەیەکی "بەسەرچوو" دەزانن.

بەڵام ژان کۆڵ نادات و بەدوای راستیی ژیانی نەنکی و چۆنێتی رزگاربوونی لە جینۆساید دەگەڕێت. بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی گۆرانیی "زەر"ی تێدا لە دایکبووە. گەڕانی ژان پەردە لەسەر تراژیدیای سەردەمێکی تاریکی تورکیا هەڵدەداتەوە، کە کۆماری تورکیا لەو سەردەمەدا نزیکەی ٧٠ هەزار کورد بە گوللە، بۆمب و چەکی ژەهراوی دەکوژێت وشوناسیان دەسڕێتەوە.

# خوا کوردەکانی لە بیرکردووە

ئۆرهان پاموک
و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی

وێنەکە دیمەنێکە لە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١

تێبینی:


**بەهاری ساڵی ١٩٩١ رۆژنامەی "جمهورییەت"ی تورکی ئۆرهان پاموک رەوانەی سنووری دیوی تورکیای کوردستان دەکات بۆ ئەوەی ڕیپۆرتاژێک سەبارەت بەو ئاوارانەی کورد بنووسێت کە لە دوای گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی ڕووخاوی سەدام بۆ کوردستان ڕوویان لە باکوری کوردستان کردبوو. ڕیپۆرتاژەکەی پاموک ڕۆژانی ١٢ و ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ بە دوو ئەڵقە لە ڕۆژنامەی ئاماژەبۆکراودا بڵاو کراوەتەوە.**

ڕۆژنامەی "جمهورییەت" لە ٧ی مایسی ساڵی ١٩٢٤وە هەموو ڕۆژێک دەگاتە دەستی خوێنەران و مێژووی ڕابردووشی زیاتر لە مێژووی دەوڵەتێک دەچێت، چونکە خاوەنەکانی ئیمتیاز و دەستەی نووسەران و کارمەندانی، چەندین جار لە یەکدی هەڵگەڕاونەتەوە و کودەتای خوێناوییان بەسەریەکدا کردووە. بۆیە دەڵێم خوێناوی، چونکە لە ٣٠ ساڵی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ٧ ڕۆژنامەنووسی "جمهورییەت" لە پەیوەندی لەگەڵ تەنگژە و گرفتەکانی ڕۆژنامەکەدا بەشێوازی جۆراوجۆر تیرۆر کراون. ئەم ڕۆژنامەیە لە سایەی دەسەڵاتی ئەردۆگانیشدا پەلامار درا و زۆربەی لێپرسراو و کارمەندەکانی درانە دادگا. جان دوینداری سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەکە پار خۆی گەیاندە ئەڵمانیا و لەو وڵاتە مافی پەنابەریی وەرگرت.

سەرباری مێژووی ئاڵۆز و پێکدادانی بەرژوەندیی کەس و گرووپەکانی ناوی، ڕۆژنامەی "جمهورییەت" لە هەموو سەردەمێکدا قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناودار و سەرکەوتوو و زۆربەی نووسەرانی ناوداری تورکیا هەوڵیان داوە کار بۆ "جمهورییەت" بکەن. یەشار کەمال ساڵی ١٩٥١ لەو ڕۆژنامەیە دەست بەکار دەبێت و بۆ ئەنجامدانی ڕیپۆرتاژ

ڕەوانەی دیاربەکر دەکرێت. لەوێوە یەکەم ڕێپۆرتاژی خۆی بە سەردێڕی "دیاربەکر شاری وەنەوشە و گوڵە..." دەنووسێت و بۆ ڕۆژنامەکەی دەنێرێتەوە. ئەوە سەرەتای زنجیرەیەک ڕیپۆرتاژ بوو کە بۆ ئەو کاتە داهێنانێکی نوێ بوو لە ڕۆژنامەگەریی تورکیدا.

"جمهورییەت" ٤٠سالْ دواتر و لە سالْی ١٩٩١دا ئۆرهان پاموک بۆ ناو ئاوارەکانی کوردی باشوور دەنێرێت و داوای لێ دەکرێت سەرنجەکانی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارەکانی کورد لە ڕیپۆرتاژێکدا دابڕێژێت. ڕیپۆرتاژی "خوا کوردەکانی لە بیر کردووە" هاوشێوەی "دیاربەکر شاری وەنەوشە و گوڵە..."ی یەشار کەمال یەکەم تاقیکردنەوەی ڕیپۆرتاژنووسینی پاموکە و ڕێکەوتیش وایە هەردوو نووسەر و ڕۆژنامەنووس یەکەم ڕیپۆرتاژی خۆیان لەسەر خاکی کوردان و سەبارەت بە کورد نووسیوە. هەرکەسێکیش ڕۆمانی "بەفر" و ڕیپۆرتاژەکەی یەشار کەمال بەراورد بکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ناوەڕۆکی گێڕانەواکانی یەشار کەمال لە ڕۆمانەکەی پاموکدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕۆمانی "بەفر" و کارەکانی دواتری پاموک ناوبانگی نووسەریان تا ئاستی وەرگرتنی خەلاتی نۆبڵی ئەدەبیات بەرز کردەوە. کەچی خۆمان هێشتا نەمانتوانیوە کەرەستەی کارەساتە زۆرەکانمان لە قاڵبی ئەدەب بدەین و بە جیهانی بناسێنین!... ب. شوانی...



**خوا کوردەکانی لە بیر کردووە**

ئەوەی بیر لە ئابڕووی خۆی بکاتەوە، برسی دەمێنێتەوە
لەسەر نەخشە و کتێبەکانی جوگرافیا و لەسەر هێڵی ڕەنگین و ئەستووری ئەتڵەسەکانی قۆناغی ناوەندی کە وەک ئاماژەکردن بۆ سنوورەکانی وڵات دەکێشرێن، ئەگەر چیایەک بهێنیتە بەرچاوی خۆت؛ چیایەکی گەورە و بڵندی سەرسنوور، لووتکەی بەفرینی لەناو هەور و تەمدا بێت و تا زیاتر لێی نزیک بیتەوە، دوورتر بکەوێتەوە و تا گەورەتر بێتەوە، دوورتر بنوێنێت، ئەوە وەک شاخێکی ئەفسانەیی سەر سنووری تورکیا-عێراق دێتە پێش چاو. بەڵام کاتێک مرۆڤ لەم ڕۆژانەدا کارەساتی بەرزاییەکانی نزیک لە لووتکەی ئەو چیایە دەبینێت، یەکسەر حاڵی دەبێت ئەو چیایە لە ئەفسانەکانەوە نەهاتووە، بەڵکو شاخێکی ناو ئەو کتێبە پیرۆزانەیە کە لاپەڕەکانیان بە وێنەی کارەسات و دۆزەخ ڕازێندراونەتەوە. ئەو چیایە ئاماژەیە بۆ شلۆقیی بێسنووری ژیانی مرۆڤ و ئەگەری زۆری تووشبوونی بە کارەسات و وەرچەخانی مەترسیدار.

کەسێک دەبینێت تۆ لە دنیایەکی ترەوە هاتوویت، دێت و دەڵێت: "ژنەکەم دوێنێ سیانەی بوو. هەرسێکیان خەریکن لەبەر سەرما و برسێتی دەمرن. وەرن سەیرێک بکەن!" تۆ تەماشا ناکەیت. کەسێکی تر دێت و دەگێڕێتەوە و دەڵێت دایک و کچەکەی لە کۆڕەوی درێژخایەندا بەرگەی سەرما و برسێتییان نەگرتووە و دوێنێ بە خاکی سپاردوون. تۆیش جگەرەیەکی پێشکەش دەکەیت. بێدەنگییەک دێتە ئاراوە. لە گردە بەرزەکانی بناری چیاوە کە بەخەیاڵ وەک سەرخۆش بە لووتکەکەیدا دەگەڕێیت، گوێت لە ژاوەژاوی دەیان هەزار مرۆڤ دەبێت: گریانی منداڵان، ناڵە، دەنگی چەک، هاوار، تووڕەیی و هەستکردن بە شەرم، کەسانی شەل، ئەوانەی دەموچاویان بە ناپاڵم سووتاوە، شێتبووان، ئەوانەی هێدی و نەرم تەماشای هەموو شتێک دەکەن، منداڵان لە کاتی یاریکردندا و ئەوانەی لەناو هاوار و ژاوەژاودا نووستوون. لە بەرزاییەکانی نزیکی لووتکە سەدان هەزار کوردی عێراقی، ژمارەیەکی کەم تورکمان، سریانی و تاک و تەرا ئەرمەنی بەپاڵ یەکەوە لە دژی سەرما و باران دەجەنگن و چاوەڕێی مزگێنی شتێکی نوێ و ڕزگاربوون دەکەن.

**ژیانی ڕۆژانە لە دۆزەخدا**

ئەم تابلۆی دۆزەخە لە ژیانێکی ڕۆژانەیش بەدەر نییە کە هێدی هێدی ڕێساکانی بەدەر دەکەون. ئەگەر بە ئاوی

چالاوە قوڕاوییەکان ڕازی نیت، بچۆ سـەری چیا، تەنەکەکەت پڕ بکە لە بەفر و چاوەڕێ بکە تا بتوێتەوە. دەنگی چەک واتای ئەوەیە دەست کراوە بە دابەشـکردنی نان و سەربازەکان دەیانەوێت ئەو کەسانە بترسێنن کە لە تاو برسـێتی هێرش بۆ سـەر بارهەڵگرەکان دەبەن. کەسـانێک هەن بۆ ئەوەی لە کاتی دابەشـکردنی ناندا بە لێدان نەمرن، یان بەر فیشەکی قەزا و قەدەر نەکەون، پێ بە برسێتیی خۆیاندا دەنێن و بە پێویستی دەزانن دوور بکەونەوە، چونکە پێشـتر کەسـانێک هەبوون بە لێدان مردوون، یان بوون بە نیشانە بۆ فیشەکی قەزا و قەدەر. نابێت پەنابەران چاوەڕێی شتی زۆر لەو ڕۆژنامەنووسانە بکەن کە تاک و تەرا ڕوو لێرە دەکەن، بەڵام ئامادەبوون لە دامێنی ئەم چیایە کە بە دژواری کاتی لێ بەسەردەچێت، خۆشییەکی جیاوازە، بەتایبەتیش کاتێک هەست دەکرێت وا کەسێک هاتووە و خەمی کارەساتی تۆیەتی. ئەو شتەی کە لێرە زۆر بەئاسـانی دەسـتدەکەوێت، دارە. ئەوەی لە ڕیزدا ڕادەوەسـتێت و خەمی پاراسـتنی ئابڕووی خۆی لەبەرە، برسـی دەمێنێتەوە. بەو پێیەی سـەرۆک عەشیرەتەکان پاڵ دەنێن و پاڵیان پێوە دەنرێت، وا دیارە پێویسـتە چاوپۆشـی لە کەمێک کوتان و لێدانیش بکەن. ئەگەر دینارت نەبێت، ئەوا ئەو بزنانەی بە هەزار زەحمەت بە شاخدا تا ئێرەت هێناوتن، دەتوانیت هەرزانفرۆشیان بکەیت و لای ئەو قاچاخییانەی بۆ ناو ئۆردووگا دزەیان کردووە، نایلۆن بۆ چادرەکەت بکڕیت. (مەتری بە پەنجا دینارە کە دەکاتە سـی هەزار لیرە. لە بازاڕ مەتری بە دوو هەزار و پێنجسەد لیرەیە).

لای نزیکەی هەموو پێگەیشـتووان و منـداڵانی چـاو بەگریـانی نـاو ئەو چـادرە نـایلۆنییە بەدەسـت دروسـتکراوانەدا هەمان شـتومەکم بەدی کرد: قوتووی خۆراک لەبری قاپ و قاچاغ، کۆتەرە داری تەڕ کە لە دارەکانی دەوروبەر بڕدراون، جلوبەرگی وشـکەوەکراو، بەتانییەک، مەنجەڵێکی ڕەشـهەڵگەڕاو، یان کتری و قۆرییەک. لە کۆی هەزاران چادر تەنیا لە یەکێکیاندا چەنگاڵ و چەقۆم بینی، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت دڵنیا بێت کە لەناو سەد هەزار کەسدا تاکە ئاوێنەیەک نادۆزرێتەوە.

**مێژوو و نەعل**

ژنان ئەگەرچی وەک منداڵان بەپێی خاوس لەناو قوڕ و لیتاودا نەبوون، بەڵام لە نزیکەی هەموو چادرەکاندا نەعلم لە پێیاندا بینی. ئەم نەعلانە کە لە کاتی ڕۆیشـتن بەناو قوڕدا بەئاسانی لە پێ دادەکەندرێن، بیری مرۆڤ بۆ ئەوە دەبات کە ژنانی کوردی عێراقی تا ماوەیەکی زۆر کورت لەمەوبەر گۆڕانێکی وا ڕیشـەیی و باوەڕ پێنەکراویان بە ئەگەرێکی گەورە نەزانیوە. نەعلەکانی پێیان پێشـاندەری بەخێرایی گۆڕانی ژیانی ڕۆژانە و هەموو شـتێکیانە. هەندێکیان دەڵێن لە عێراق زوو هاوین دێت و وەک باوە، ژنان بۆ بەسـەرکردنەوەی یەکدی بە نەعلەوە سـەردانی ماڵان دەکەن. هەندێکی تریان دەڵێن کاتێک بۆردومان دەستی پێکردووە و فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکانی سەدامیان دیوە، کەوتوونەتە بەر کـاریگەریی بیرەوەرییەکـانی هەڵەبجە و ترسی گازی ژەهراوی و یەکسەر ماڵ و گوند و شاری خۆیان بەجێهێشتووە. هەندێکی تریشیان باسی ئەوەیان کرد کە پێیان وابووە مەترسـییەکە ماوەیەکی کورت دەخایەنێت و دواتر دەتوانن یەکسـەر بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. سـەرکەوتنی سـەرهەڵدانی کورد لە باکوری عێراق بە ڕۆژێک بەدیهات، جەژنی بۆ گێڕدرا، پازدە ڕۆژ درێژەی کێشا و لە ڕۆژێکیشدا وەرگەڕایە سەر کارەسات. بیشـاری سـالح سـندی سـەرۆکی تەمەن حەفتا سـاڵەی عەشیرەتی سندی گوتی جگە لە دڕندەیی زانراوی سەدام و کەمترخەمیی ئاشکرای جیهانی ڕۆژئاوا، هەرەسهێنانی ڕاپەڕین هۆکاری تریشـی هەیە؛ ئەوان نەیانتوانیوە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان سیستەمی بەڕێوەبردن دابمەزرێنن، هاوکاری و هەماهەنگی ڕێکوپێک لە نێوان عەشیرەتەکاندا نەبووە، نەیـازانیوە تانـک و فڕۆکە و هەلیکۆپتەری لە سوپای سەدام بەدەستهێندراو بەکاربهێنن و هێزەکانیان وەک پێویسـت هاوچەرخ و ڕێکخراو و بەدیسـیپلین نەبوون... پیاوێکی باڵابەرز و ڕێکپۆش و کاریگەرە. ئەو گێڕایەوە و گوتی لەبەر سـەرما و نەبوونی خواردن و دواکەوتنی هاوکارییەکان هەموو شـەوێک نزیکەی 50 کەس لە کامپەکاندا مردوون. من خۆم هێشـتا لێم ڕوون نەبوو یەکەم ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیم چۆن دەردەچێت، کەچی داوای لێم کرد ڕاسـتییەکان بنووسم. ئەو باسـی دووکان و تاکسـییە بەجێماوەکانی و ماڵی گەورەی خۆی

گێڕایەوە کە بەجارێک تیایدا پێشـــوازی لە 200 میوان کردووە.

ئەم کۆچ و ڕەوە کە هەموو شـــتێکی لە دوای خۆی بەجێهێشـــتووە، هەســـت دەکرێت کتومت وەک ئەوەی لە مردندا هەیە، لە کارەســـاتیشـــدا نایەکســـانیی نێوان مرۆڤەکانی کەم کردووەتەوە. لە چادری هەرکەسێکدا چەند شـــتێکی ســـادە، نەعل، قوتوو و چەند بەتانییەک و کارەساتێکی هاوبەش هەیە. یەکەمجارە لە مێژوودا کە ڕای گشـتیی جیهان وا لە نزیکەوە بایەخ بە کورد دەدات؛ بەڵام دیسان لە سۆنگەی هەرەس و کارەساتەوە.

**خوا ئەوانی لە بیر کردووە**

ئاوارەکـانی کورد لە نزیـک لووتکەی چیـا و لە بەرزایی 2500 مەتر قۆنـاغیـان خســـتووە و لە کـاتی گەڕان بەناویاندا، ئەو هەستی کارەسات و قیامەتەی ئێمە هەستی پێدەکەین، جێگە بۆ نائارامی و پەرۆشی چاوەڕوانی چۆڵ دەکات. پێم وابێت هۆکار ئەوە بوو ئاوارەکان دەیانزانی ئێمە لە ژیـانی دەرەوەی کـامپەوە هـاتووین و لەپڕ ڕووبەڕووی پرســـیارە پڕ لە پەرۆشـــییەکانیان بووینەوە: کەی بەشـــی پێویســـت خواردن دەدرێت، کەی چادرەکان دەگەن، کەی پزیشـک دەبینرێت، کەی جلوبەرگ دابەش دەکرێت، کەی دامانـدەگرنە خوارەوە، بۆ کوێمان دەبەن، چیمان لێ دەکەن؟

هەر کاتێک دوو کەس بەیەک دەگەن و دەســـت بە قســـە دەکەن، یەکسەر سێیەم و چوارەمیشیان بۆ زیاد دەبێت و لە چاوترووکاندنێکدا پەرژینێک دروست دەبێت و دەست دەکرێت بە گێڕانەوەی ئەفســـانە و ئومێد و چیرۆک و ئەمجار ســـەربـازی تورک دێت و بڵاوەیـان پێ دەکات. ســـەرەتا بەســـەرهاتی خۆیان و ئەو بەســـەرهاتانەی کە بەچـاوی خۆیـان دیویـانە، یـان لە کەســـی یەکەمەوە بیســـتوویانە، دەگێڕنەوە: کاتێک لە بۆردومانی ناپاڵمی سەدام هەڵهاتوون، بەتەنیا ماڵ و سامان نا، بگرە خێزانی وا هەیە بەناچاری نزیکترین کەسـی خۆی بەجێهێشـتووە، دیســـان بۆ عێراق دەگەڕێنەوە بەدوای منداڵەکانیانـدا و باس لەوە دەکەن ســـەرەڕای ترســـی پشـــکنین، بە چی ڕێگەیەکدا بۆ ئەمدیوی ســـنوور دەگەڕێنەوە. یەکســـەر چیرۆکی بە ئەفســـانەکراو بۆ ئەو قســـانە زیاد دەکرێن: دۆزینەوەی ژنـانی ڕووت لە زینـدانەکـانـدا لە ڕۆژانی ســەرەتای ســەرکەوتنی ڕاپەڕینی کوردەکاندا؛ ســەدام کچی کوردی لە گوندە کوردەکان ڕفاندووە و بە دەوڵەمەندەکانی کوەیتی فرۆشـتوون و دواتر لەلایەن ســەربازە کوردەکانی ســـوپـای عێراقەوە لە کوەیت دۆزراونەتەوە؛ دۆزینەوەی چەنـد بەنـدکراوێکی کوێربوو کە لە زینـدانەکانـدا لە بیر کراون و نەفرەتیان لە ســـەدام نا، لە ســـەرۆکی پێشـــوو ئەحمەد حەسەن بەکر کردووە، چونکە وایانزانیوە هێشتا هەر ئەو لەسەر دەسەڵاتە...

بێگومـان لەم دامێنی چیـایەی پڕ لە مرۆڤی پەرتەوازەدا هەرەزیاد باســـی ســـەدام حســـێن بەرگوێ دەکەوێت. دووعـاکردن لێی تەنیـا دەربڕینی ڕق و بێچـارەیی نییە، بەڵکو لەوانەیە بۆ بیرنەکردنەوە لە هۆیەکـانی دۆڕان و پەرێشـــانیش بێســـوود نەبێت. تەنانەت دەتوانین بڵێین ناوی ســـەرۆکی عێراق کە وەک هۆکاری هەموو ئازارەکان بە نەفرەتەوە دووبارە دەکرێتەوە، پاش ماوەیەک دەبێت بە قســـەیەکی دڵدانەوەی ئەفســـووناوی بەمەبەســتی یاخی نەبوون لە پەروەردگـار کە بەبێـدەنگی بۆ ڕووداوەکـان دەڕوانێت.

سەرۆکی عەشیرەتێک وەک چۆن گلەیی لە سەرمای بکوژی منداڵان و لەو برسـێتییە هەبوو کە وەها لە پێگەیشـتووان دەکـات لەبەردەم بـارهەڵگرەکـانی نـانـدا دەســـت بخەنە بینـاقـاقـای یەکـدی، گلەیی لە نەبوونی ئـاوی پـاکیش بۆ دەســـتنوێژگرتن هەبوو. بەڵام من لە نێوان دەیان هەزار ئاوارەدا بەدەگمەن تووشـــی کەســـانێک بووم نوێژ بکەن. تەنـانەت مرۆڤ دەتوانێت وا بیر بکـاتەوە کە لەبەرئەوەی خوا کوردەکانی باکوری عێراقی لە بیر کردووە، ئەوانیش بڕیـاریـان داوە تـا مـاوەیەکی تر ئەو لە بیر بکەن. هەر ئەوەندەی دەبینن کەســـێک دەیەوێت شـــتێک دەربارەی خۆیـان و ئـازارەکـانیـان بنووســـێت، بیر و بـاوەڕ و تێڕوانینی بنەڕەتیی خۆیان بۆ دنیا ئاوێتەی یەکدی دەکەن و شـــێوازی توندی دەربڕینی تووڕەییان نیشـــانەیە بۆ قبوڵ نەکردنی خەمنەخۆریی خوا لەبەرامبەر ئەو هەموو بێنەوایی و پەرێشانییە: "چیمان کردووە تا خوا بەشایەنی ئەم هەموو ســـزایەمان بزانێت؟" بەتایبەتی لە چوار ڕۆژی سەرەتای کۆچ و ڕەودا کە ڕۆژی حەشری پێشانی مرۆڤ

داوە. بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو نزا و پاڕانەوەیە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، بارانی وەبیرهێنەرەوەی تۆفانی نوح خۆشی نەکردەوە؟

زۆربەی حاڵەتەکانی مردنی ڕۆژانی یەکەم زیاتر بەهۆی بارانەوە بووە نەک بەهۆی برسێتییەوە. باران لە ڕێگەوبانە قوڕاوییەکان ڕێ و ڕۆیشتنی ئەوانی دژوار کردووە، لەژێر دارە تەڕەکان و لە کۆندەرە و بن تاشەبەردەکاندا هەوڵی خۆپاراستنیان داوە. جلوبەرگی بەریان هەمووی تەڕ بووە و پارچەیەک شتیان نەماوە تەڕ نەبووبێت. لە چاوەڕووانی هاوکاریی نەگەیشتوودا سەرین و بەتانی و تەنانەت قۆناغی تفەنگەکانیشیان سووتاندووە. یەکێکیان گێڕایەوە و گوتی ئەوان کاتێک لە بۆردومانی سەدام هەڵهاتوون و بەژێر باراندا بە شاخدا هەڵگژاون، هەرکەس لەگەڵ خێزانی خۆی، یان بەتەنیا ماوەتەوە و کەس کەڵکی ئەوەی پێوە نەماوە هاوکاری خەڵکانی تر بکات.

**کارەساتی مەستکەر**

کوردەکانی تورکیا لە دەوڵەت زیاتر هاوکارییان بۆ ئاوارەکان ناردووە، بەڵام پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر کۆچ و ڕەودا ناتوانرێت بگوترێت کەلوپەکان وەک پێویست بە ئاوارەکان گەیشتوون.ئەگەرچی زۆر بارهەڵگری هاوکاریم بینی لە نوسێبین و بسمیل و باتمان ومدیاتەوە بەڕێکەوتبوون، بەڵام لە دامێنی چیا برسێتی و نەبوونی کەرەستەی پێویست، بەشێوەیەکی بەهێز باڵادەستە.

تراکتۆرێک بارهەڵگری نانی ڕادەکێشا، برسییەکانیش بەدوایدا ڕایاندەکرد، ئێمەیش لەگەڵ ئەواندا گەیشتینە دامێنی چیا و ئەمەیش گرنگترین ڕووداوی ڕۆژ بوو. تەماشا دەکەیت مرۆڤەل ئابڕووی خۆیان ناوەتە ژێر پێ، دیمەنی هاوشێوەی دیمەنەکانی ڕۆژی قیامەت بەدی دەکرێت و سەربازەکان لەناو ئاپۆڕەی بەیەکداچوودا تەقە بە ئاسماندا دەکەن. دابەشکردنی هاوکارییەکان بەپێی عەشیرەتیش سەرکەوتوو نەبووە و هەوڵەکانی نیشتەجێکردنی عەشیرەتەکان پێکەوە لە کامپەکاندا ئەنجامیان نەبووە. کەشی کارەساتێک باڵادەستە کە مرۆڤ مەست دەکات و خەریکە مێشک ڕادەوەستێنێت و دۆخێکە تیایدا هەموو کەسێک ناچارە خۆی کاری خۆی ئەنجام بدات، "شەرمی ونکردنی کەسوکار لە بیر کراوە" و مرۆڤ بەخێرایی لەسەر هەموو شتێک ڕادێت: "چیمان کردووە تا ئەم شتانەمان بەسەربێت؟"

ئەم چیایە وەرگەڕاوەتە سەر پێوەری تاوان و گوناە و ئەم پرسیارانەیش بە بێگەردی و دەربەستێکی ئەوتۆوە دەکرێن کە ڕۆژانی مندالیی مرۆڤ بیری مرۆڤ دەخاتەوە. لەوانەیشە لەو سۆنگەیەوە بێت کە مرۆڤ، سەرباری کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی، مەگەر هەر لە تەمەنی منداڵیدا ئەو هەموو بەڵێنەی گوێ لێ بووبێت.

لە پەرۆشیی چاوەڕێکردن و لە کەشی "چیمان بەسەردێت"دا بەردەوام بەشێوەیەک باس لە داهاتوو دەکرێت وەک ئەوەی شتێک بێت لە ڕابردوودا بەجێمابێت. کەس بڕوا بەو لێبووردنە ناکات کە سەدام ڕایگەیاندووە. تا ڕێژیمی سەدام نەڕووخێت، کوردەکانی عێراق هیچ نیازی گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان نییە. وشەی "ماڵ" بەتەنیا ترسی ناپاڵم و "کیمیا" نا، بەڵکو زیاتر ژیانی بەجێهێشتوویان بیر دەخاتەوە. بە پەلەپرووزێ و بێ خۆئامادەکردن لە ماڵ دەرچوون، بەڵام بەئومێدی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، دەرگاکانیان توند داخستووە، کلیلیان داون و کلیلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. ئێستا لە دەمی ئەو کەسانەوە کە بەدوای ئومێد و منداڵی ونبوونندا بۆ عێراق گەڕاونەتەوە و پاشان هاتوونەتەوە، دەبیستن شارەکان چۆڵن، ماڵان تاڵان کراون، ڕووخێندراون و سووتێندراون. ئەمجار هەمان پرسیارگەلی سەبارەت بە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان، جیهان و تورکیات لێ دەپرسن: "جیهان چی دەڵێت سەبارەت بە ئازارەکانمان، چ بڕیارێک دەدرێت، چی ڕوودەدات؟"

لە ڕێی چوونمدا بۆ ناو ئاوارەکان، لە دووکانی بەقاڵێکی بەساڵاچووی کورد لە شیرناخ تابلۆیەکی کۆنم بینی لەسەری نووسرابوو: "ئارەزووم وایە دوو هێندەی ئەوەت بەسەربێت کە بۆ من بیری لێ دەکەیتەوە." ئەگەر بیر لە ئازاری هەرگیز نەبڕاوەی کوردەکان بکرێتەوە، ئەوا تابلۆیەکی پڕ لە ڕەشبینی دێتە پێش چاو!



**پرۆفایل**

بەکر شوانی ساڵی ١٩٦٨ لەشاری کەرکوک لەدایک بووە، ١٩٧٥ لە چەمچەماڵ نراوەتە بەرخوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەو شارە تەواو کردووە.
ساڵی 1987 لە بەشی نەوت و کانەکانی کۆلێژی ئەندازیاریی سەر بە زانکۆی بەغداد وەرگیراوە و لە ساڵی 1991دا وەک ئەندازیاری نەوت خوێندنی تەواوکردووە.
لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەرێی تیپی نواندنی چەمچەماڵ و دواتر لەناو کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد/لقی چەمچەماڵدا، لە بزووتنەوەی هونەریی و کولتووریدا بەشداری کردووە.
لە ســـاڵی 1995-ەوە لە ئەڵمانیا دەژی و لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەری و وەرگێڕاندا کار دەکات. بە دەیان وتاری لە زمانەکانی تورکی و ئەڵمانییەوە وەرگێڕاوە.
بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی بەکر شـــوانی لە تورکییەوە بۆ کوردی :(رۆمانی بەفر، ئۆرهان پاموک – 2007، رۆمانی قەڵای سپی ئۆرهان پاموک – 2008، رۆمانی من ناوم سووره ئۆرهان پاموک – 2008، رۆمانی مۆزەخانەی پاکیزەیی ئۆرهان پاموک – 2010، شـانۆنامەی هەرەســی بەفر تونجەر جوجەنئۆغڵو – 2010، تورک لە بولگارســتان و کورد لە تورکیا، عەزیز نەسـین – 2010 (بە هاوبەشـی لەگەڵ سـیروان رەحیمدا) ئەم کتێبانەشـی لە تورکییەوە وەرگێڕاوە و بۆ چاپ ئامادەن :(کورد و بەرخۆدانەکانی کورد لە ئەرشـیڤەکانی دەوڵەتی عوسـمانیدا، سـینان هاکان، دیاربەکر دەروازەی رۆژهەڵات، بێژان ماتوور، یەشار کەمال باسی خۆی دەگێڕێتەوە، یەشار کەمال

# کوردو سوکایەتی بە شەهید

ئەنفالستان

لە ناو ئەزمونی بەناو ئازادی کوردستـاندا، زۆر شـتی ئازار بەخشـی نیشـانداین، بێ باکی وخەمسـاردی سـەری کێشـاوە بۆ سوکایەتیکردن و بێنرخ نیشاندانی شەهیدان و ئەنفالکراوانیش، بەداخەوە لە سایەی دەسەڵاتی بێباک و نابەرپرسیاری بەناو دیموکراسی کوردیدا، چەندین چیرۆک ونوکتەو قسەی نابەجێ هەر لەزاری کەسانی ئاساییەوە هەتا بە نوسەرو رۆژنامەنوسان دەگات، شاهیدی ئەم نیگەرانیەن . باچەند نمونەیەک بخەینە روو.

**شەهید وەهم و ڕاستی**

١- لە زانکۆ کارمەنـدی کارگێری دەچێتە ژوورەوە، داوا لەو خوێندکارانە دەکات، کە پارەی خوێندنیان نەداوە، کارمەندەکە بەدەنگی بڵند دەڵێت: ئەوانەی پارەی ئەمساڵی خوێندنیان نەداوە بە زووترین کات پارەکانیان بهێنن و کوڕوکچی شەهیدانیش کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شـــەهیدانەوە پارەکەیان دابین دەکرێت..با نوســـراوی شـــەهیدان بهێنن. لەدوای قســـەی کارمەندەکەوە خوێندکارێکیش بە دەنگی بەرز هاوار دەکات : (بەلاشـــەکان) ! مەبەســـتی ئەوەیە کە پارەنادەن.. زۆربەی خوێنکارانی کلاسەکە قاقا بەقسەکەی پێدەکەنن و کوروکچی شەهیدانیش بەخۆدا دەشکێنەوە.

٢- کۆمپانیایەک پۆستێکی کردووەو نوسیوێتی: دەرمانی گەورەکردنی زەکەرمان هەیە نرخەکەی بە(٥٠)هەزار دینارە، هەست جاشێکیش لە کۆمێنتدا نوسیوێتی ئەی بۆ کەسوکاری شەهیدان بەچەندە ؟!

٣- موهەریجێک لەشاشەی تیڤی کوردایەتیەوە لاسایی ئەو پیرەژنانە دەکاتەوە، کە بردویانن بۆنوگرەسەلمان و برسی کراون و سوکایەتیان پێکراوە، پێشکەشکاریش حیلکەحیلک پێدەکەنێت ! ئەم سوکایەتیەش وەک هەر سوکایەتیەکی تر تێدەپەڕێت !

٤- دەزگای میدیایی روداویش چووەتە رۆژئاواو لەسەر مەزاری شەهیدانی کۆبانێ سوکایەتی بەشەهیدان دەکات .

# بەیاننامەیەک بۆ ڕای گشتی

کەســـوکـاری ســـەربەرزی ئەنفـالکراوان، هاونیشـــتیمانانی کوردســـتان، ئەمڕۆ (٣٢)ســاڵیادی تاوانی ئەنفالکردنی گوندی ( جەلەمۆرد) وگوندەکانی بناری ( خاڵخاڵان)ە (٣٢)ســی و دوو ســاڵ لەمەوبەر، ڕێک لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز، ڕژێمی فاشـــیســـتی ڕوخاوی بەعسی عێراقی، بەهاوکاری کۆمەڵێک جاش و مســـتەشـــار، لەقۆناغی چواری ئەنفالدا هێرشـــێکی فروانی کردە ســـەرســـنوری گوندەکانی قەڵاســـێوکەو



شـــێخ بزێنی، بەتایبەتی گوندەکانی بناری خاڵخاڵان، لە ئەنجامدا دانیشتوانی ئەم گوندانەی دەستگیر کردو ڕاپێچی زیندانەکانی ناوەڕاســـت و باشـــوری عێراقی کرد و پاشـــان بەبەرچاوی هەموو دنیای ئیســـلامی و علمانی و ناسۆنالیستی و بەزیندویەتی لە بیابانەکانی عێراق زیندە بەچاڵکران، تەنها لەگوندی ( جەلەمۆرد) (٤٨٠) کەس ئەنفالکران،

مەخابن فاشـــستەکانی عروبە بەناوی دینەوە، دەیـــان هەزار ڕۆڵەی ئەم میلەتەی ئێمەیـــان بە دەمی بەڕۆژوبوبونەوەو لەمانگی ڕەمەزانی ســـی و دوســـاڵ لەمەوبەر تەنهـــا لەبەر کوردبوون و مرۆڤ بوونیـــان کردە خۆراکی لم و خۆڵی بیـــابـــانەکـــانی عەرعەرو نگرەسەلمان،

بۆ ئەمەش ساڵانە لە ڕێکەوتی ٥/٥ ئێمەی کەسوکاری ئەنفالکراوانمـان لەمەراســـیمێکی پڕشـــــایســـــتەو جەمـاوەریدا لەمۆنۆمێنتی ( بابەڕووشـــــە) ی گوندی جەلەمۆرد ســـــاڵیادی ئازیزانمان دەکەینەوە بەچەندین چالاکی جۆراو جۆر. لێرەوە بۆ ئەمســـاڵ (٣٢)ســاڵە ، بەهۆی پابەنـدبوونمـان بە ڕێکارەکانی خۆپـاریزی لە ڤـایرۆســـــی ( کۆرۆنـــا) و ڕێزگرتن لەبڕیـــاری قەدەغەکردنی هاتوو چۆو قەرەباڵغی، بڕیارماندا هیچ مەراســـــیمێک ڕێک نەخەین کەمەش ئەوە ناگەیەنێت بەنوسـین و لەڕێی ڕاگەیاندنەکان و سـۆشـیال میدیاو کـارە تـاکەکان هیچ نەڵێین و هیچ نەنوســـــین و ئەم تـاوانە بیر نەوەکـانمـان نەهێنینەوە، چونکە تـاوانی ئەنفال زامێکە هەرگیز ساڕێژنابێت.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ، ئەمســـاڵ (٣٢)ســـاڵ تێپەڕدەبێت بەســـــەر زیندەبەچاڵکردنی ئازیزانمان، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردســـــتـــان نەیتوانیوە وەک پێویست خزمەتی کەسوکاریان بکات و کەمێک لە ئازارەکانیان کەم بکاتەوە، حکومەتێک بەخوێنی ئاڵی ئەنفالکروان و شـــەهیدان بنیات نراوە، کەچی ئێستا ژیان و جێگەو ڕێگەی مستەشارو جاش و ئەنفال چیەکان شاهانەیەو زیاتر ڕێزلێ گیراوترن و پارێزبەندیان بەسەدان چەکدار بۆدابینکراوە!

لەکـۆتـــایـــدا داواکـــاریـــن لە هـێـزو لایەنە سـیاسـیەکانی هەرچوارپارچەی کوردسـتان، بەتایبەتی باشـــوری کوردســـتان زیاتر یەکگرتوو بن و خەمی خاک و نەتەوەکەمانیان پێش هەموو شـــتێک بێت، ئێمەی کەســـــوکـاری ئەنفالکراوان پێش هەمووکەس هەست بە خەمخۆری خاک و نەتەوەکەمان دەکەین.

**لیژنەی سەرپەرشتیاری یادی ئەنفالکراوانی**
**گوندەکانی بناری خاڵخاڵان.**
**٢٠٢٠/٥/٥**

# کۆمەڵگەیەک رێز لەشەهیدەکانی نەگرێت شایانی ئازادی نییە.

**نەجیبە قەرەداغی**

١١٠٠٠ یانزە هەزار شەڕڤانی کورد، عەرەب ، ئاسوری و ئەرمەنی، ئینتەرناسیۆنالیست لە رۆژئاڤای کوردستان بۆ ئەوە شەهید نەبوون کە دەزگایەکی 'راگەیاندن' بێڕیزییان پێبکات. کۆمەڵگەیەک رێز لە شـــەهیدەکانی نەگرێت ، ئەو کۆمەڵگەیە شـــایانی ئازادی نیە. رێزگرتن لە شـــەهید پیرۆزکردنی مەزارەکانیان نیە بە تەنیا بەڵکو ئەوانە رۆڵەی کۆمەڵگەیەکن کە بێ دوودڵی لە سەنگەری پاراستندا بوون. ئەوانەشی زیندوون کاتێ چاو لەو کەلتورە بکەن ئامادەییان دەبێ بۆ پاراستن. رێگەدان بەبێ نرخ کردنی شەهیدانە سەر بۆ بێنرخ کردنی هەموو بەهایەک دەکێشێت. کۆمەڵگەیەک بەهاکانی خۆی نەپارێزێت ناتوانێ خۆشی بپارێزێت. لەبەرئەوەی ئەو بەهایانە بەشێکن لە رۆح و میکانیزمی خۆپاراستن.

لەسایەی زهنیەتێکی بازرگاندا بێڕێزی نەماوە بە شەهید نەکرێت لە باشوری کوردستان دەیانەوێ هەمان کەلتور بۆ رۆژئاڤای کوردستان بگوازنەوە و دەیانەوێ خەڵکیش تۆلەرانس نیشان بدات لە ژێر ناوی ئازادی ڕادەبڕین دا.

ئێوە رۆژنامەوانێکتان بینیوە بچێتە تەنیشـــت مەزاری قوربانیانی هۆلۆکۆســـت یان مەزاری ئەوانەی لە پاراســـتنی وڵات و بەهاکانیان دا گیانیان بەختکردووە، بێڕێزی بکات و کۆمەلگە و تەنانەت دەسەلاتدارەکانی ئەو وڵاتانە تۆلەرانس نیشان بدەن؟ من کە داکۆکی لەو شەهیدانە دەکەم، ڕووم لە کۆمەڵگەکەمە، نەک لەو رێسا و یاسایانەی کە لە ژێر ناوی ' ئازادی ڕادەبڕین' دا پاساوی بێڕێزی دادەتاشن.

لاشـــم هیچ جێی گومان نیە کە ئەو ئاکتە بێنرخەی ئەو ' رۆژنامەوانە' شـــانۆگەریەکی داڕژراو بوو و چ پەیوەندی بە گواســـتنەوەیەکی رۆژنامەوانی نەبوو. روداو بەردەوام پێویســـتی بەم جۆرە ناکۆکی و بابەتانە هەیە بۆ هێشـــتنەوەی خۆی لە رۆژەڤدا.

# پرسەو سەرەخۆشی



**بە ناوی ماڵپەڕو گۆڤاری ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراســـتەی خانەوادەی کۆچکردو حاجی خالید مام نادر دەکەین، کە بەداخەوە ئەمرۆ ٢٠٢٠/٨/١٣ کۆچی دوایی کرد.**

**ئەم پیاوە کە بە دکتۆر خالید ناسراوە لە کیمیابارانەکەی گوندی گۆپتەپە کە ئێوارەی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ رویدا، لەکاتێکدا ناوچەکە لەناو گازی خنکێنەردا بوو ئەم ئازایانە بۆ هاوکاری برینداران و بەرکەوتوان خۆی گەیاندبووەوە سنورەکەو بەهانای خەڵکەوە چووەو چەندین کەسی لەمردن رزگارکردووە.**

**جێگەی ئاماژەیە کە لە لاپەڕە ١١ -١٢ی ژمارە ٧ی گۆڤاری ئەنفالســـتان هێمن عەبدوڵا دیداریکی لەگەڵدا ســـازداوەو رۆژی ٢٠١٠/٥/٣ بڵاوکراوەتەوە.**

# کوردستانی سور (کوردستانا سۆر)؛ ئەنفالێکی بزر و لەبیرکراوی کورد.



**سۆران حەمەڕەش**

مـن لای خـۆمەوە زۆرتـر لە هەوڵـدام کە لایەنە ئەرێنیەکـانی مێژووی کورد بخەمە ڕوو، بەڵام گەر مرۆڤ خۆی لە فەرهەنـگ و مێژووی کورد بـدات ئەوا مەحاڵە بتوانێت لەسـەر ئەو ڕێچکەیە بمێنێت و ڕێی نەکەوێتە جیهانێکی پڕ لە نەهامەتی. زۆر جار بۆ من لێکۆڵینەوە لە فەرهەنـگ و زمان و مێژووی کورد پرۆسـەیەکی هێندە زیندووە و کاریەگەریی هەیە لەسـەرم، هەنـدێک بـابەتی نـاو کتێب هەیە سـەبـارەت بە کـارەسـاتەکـان کە پێشـتر خوێندوومنەتەوە، ناتوانم جارێکی تر بیانخوێنمەوە.

بۆ نموونە زۆر جـار بۆ دەسـخسـتنی زانیـاری و ووردبوونەوە لە قۆناغێکی کوردسـتان، گەڕاومەتەوە بۆ کتێبەکەی ئەولیا چەلەبی سـەبارەت بە گەشـتەکەی بۆ کوردسـتان، بەڵام کە دەگاتە بەشـی تاڵانکردنی کتێبخانەی مـاڵی میر عەبـداڵخـانی زانـای نـایـابی کورد و چۆنێتی تـاڵانکردن و مـامەڵەکردنی سـەربـازە تورکەکـان بە کتێبەکانەوە، ئەو کتێبانەی کە ژمارەیەکی باشـیان خۆی نووسـیبوونی و وەک بنەماڵەی شـەرەفخانی بدلیسـی، کتێبەکـانی ئەو میرە کوردە کە هەمووی بزر بوون، بە دڵنیایی پڕبوون لە زانیاری سـەبارەت بە کورد، بۆیە ئەو بەشـە هێندە بۆ من پڕ لە ئازارە، بە پەلە دەیپەڕێنم و ناتوانم بیخوێنمەوە. بەڵام ئەو خۆگێلکردنەی من زۆر بێ مـانـایە لە کـاتێکـدا کە مێژووی کورد پڕە لە ئـازار و نادادوەریەکان زۆر لە تـاڵانی ئەو کتێبخـانەیە گەورەترن، بۆیە دەبێت ئەو ئـازارانە مـامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت و جارێکی تر مانا بە نەهامەتیەکان بدرێن.

یەکێـک لەو بـابەتە پڕ دەردەسـەریـانە، بەسـەرهـاتی کوردسـتانی سـور (کوردسـتانا سـۆر) ە. چیرۆکی دامەزراندنی ئەم هەرێمە کوردیە هەتا ئەم کاتەی کە من ئەم بابەتە دەنووسـم، برینەکانی تەڕن و ئاکامەکانی لەسـەر کـوردی ئەو نـاوچەیەوە زیـنـدوون. هەر دوابەدوای دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیت، هەردوو ناوچەی کوردنشینی جوانشـێر کە پـایتەختەکەی کێلباژار بوو و نـاوچەی زەنگەزور کە پایتەختەکەی شـاری لاچین بوو، یەکی گرت و بە فەرمی کرانە کوردستان و بە ناوی (کوردستانا سور) ناودەهێنران. کوردسـتانی سـور هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی نیمچە سـەربەخۆ بوو کە لە سـاڵی ١٩٢٠ دا دامەزرا. ئەو هەرێمە نزیکی ٥٢٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشـە بوو و لاچین پـایتەختەکەی بوو و هەرێمەکە حکومەتێکی نـاوخۆیی هەبوو کە لە سایەیدا فەرهەنگ و زمانی کوردی جۆرێک لە بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی و کوردەکان قوتابخانەیان بە کوردی دامەزرانـد و تێیدا کتێبی خوێنـدن و دەزگـاکـانی میدیاش بە زمانی کوردی بوون.

دانانی ئەو ناوچەیە بە کوردسـتان هەر لە خۆیەوە نەبوو، لە ڕابردوودا ئـازەربـایجـان وڵاتـی کـورد بـووە و لە وتارەکانی پێشـوومدا ئەم بابەتەم باسـکردووە. بە کورتی ناوی ئازەربایجان بە ناوی پاتشای میدی (ئاتەرپاس) ەوە دانراوە و کراوەتە (ئاتەرپاسـیان) و کە بە زمانی کوردی ئەمڕۆ و زمانی میدی، مانای (وڵاتی ئاگر پارێز) دەدات و دوایی عەرەب و فارسـەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بە ناوی بێ مانای (ئازەربایجان).

پێش ئاتەرپاس-یش نزیکی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر یەکێک لە پاشاکانی ئەو ناوچەیە ناوی "ئازا" بووە کە لە فەرهەنگی زمانی دێریندا هەر مانای (ئازا) ی کورد دەدات. تەنانەت لە دوای هاتنی ئیسلامیش، دوو دەوڵەتی گرنگی کوردی لەو ناوچانەدا حوکمڕان بوون بە ناوی شەدادی (٩٥١ز- ١١٧٤ز) و ڕەوەندی/ڕەوادی (٩٥٥ز-١٢٢١ز) و ئەو ناوچانە درێژکراوەی خاک و وڵاتی کورد بوون و کەسایەتیە کوردەکانی وەک سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٧ز-١١٩٣ ز)، سەفیەدینی ورمێیی مۆسیقاناس (١٢١٦ز – ١٢٩٤ ز)، نیزامی گەنجەوی (١١٤١ز – ١٢٠٩ ز) شاعیر و فەیلەسوف و مەسعود نامدار (سەدەی دوانزەی زاین) ی مێژوونوس کە کارەکانی هەتاوەکو ئەمڕۆ بۆ نووسینی مێژووی ئەو ناوچەیە سوودی لی وەردەگیرێت، هەموویان خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان بوون. لە سەردەمی نوێشدا کوردستان بە گشتی لەو ناوچانەدا بە دەیان کەسایەتی گرنگی وەک عەرەبی شەمۆ، قاسمی جەلیل، میخایل ڕەشید، عەتاری سەرۆ، یوسفی باکۆ، قاچاخی موراد، وەزیری نادری، ئەمینی عەڤدال، حاجیێ جوندی، سێمێنت سیابەند کە پالەوانێکی یەکێتی سۆڤیەت بووە، دەرکەوتوون و ناوچەکە چەندین کەسایەتی تری هێناوەتە ئاراوە. تەنانەت یەکێک لە کچە گۆرانی بێژە بەناوبانگەکانی وڵاتی ڕوسیا، کە ناوی زارا- یە، کوردێکی ئێزدی خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستانە.

وەک هەوڵێک بۆ تواندنەوەی کورد، هەرێمی کوردستانی سور لە ساڵی ١٩٢٩ دا کۆتایی پێهێنرا و کۆتایی پێهێنانی ئەو هەرێمە کوردستانیە، بەشێک بوو لە گۆرانکاریەکی گەورە کە یەکێتی سۆڤێت بە خۆیەوە دەبینی و لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی ستالیندا ڕووی ناشرینی گۆڕانکاریەکان دەردەکەوتن.

بۆیە ساڵی ١٩٢٩ تەنها ساڵی کۆتایی ئەو هەرێمە کوردستانیە نەبوو، بەڵکو سەرەتایەک بوو بۆ ئەنفالێکی نوێ کە هەتاوەکو ئەمڕۆ برینەکەی تەڕە. سەرەتا دەوڵەتی ئازەربایجان، کوردستانی سور- ی لە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیەوە کردە تەنها ناوچەیەک. هەندێک سەرچاوە دەڵێت هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوە بوو کە ستالین دەیویست پەیوەندیەکی باش لەگەڵ تورکە ئازەریەکانی سۆڤێت و دەوڵەتی تورکیادا ڕابگرێت کە هەمیشە لەهەوڵی لەناوبردنی کوردو تواندنەوەیاندا بوون.

لە ساڵی ١٩٣٧ دا مافی ناوچەشیان لە کوردستانی سور وەرگرتەوە و بەشێکی زۆری کوردەکان لە ژێر ناوی "دوژمنی گەل" دا، لەبەر ئەوەی کە خاوەن زەوی و زار بوون، ڕاگوێزران بۆ بەشی جیاوازی یەکێتی سۆڤێتی جاران و لە وڵاتەکانی وەک تورکمانستان و قیرقستان و بەشە تورکیەکەی ئازەربایجاندا بڵاوکرانەوە. لە ساڵی ١٩٤٤ دا دیسان ڕاگوێزانی کورد دەستپێکردەوە و بەشێکی زۆر لە کوردەکان لە هاوڵاتی سۆڤێتیەوە کرانە ئازەری. لە پرۆسەی ڕاگوێزاندا پیاوەکان دەبرانە شوێنی تایبەتی نهێنی و دوایی ژن و منداڵان دەبرانە شوێنی جیاواز. ڕاگوێزانی کورد هەتاوەکو ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو. هەرچەندە لە شەستەکانەوە ڕاگوێزانی کورد بۆ ماوەیەک ڕاگیرا، بەڵام هەوڵی تواندنەوەی کورد بەردەوام بوو و لە ساڵی ١٩٦٠ دا دوایەمین ناوەندی فەرهەنگی کوردی لە شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان، داخرا.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا ڕاگوێزانی کورد دەستپێکردەوە و کاتێک کە جەنگی ناگورنو- قەرەباخ لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا دەستپێکرد، ئەو جەنگە لە ناو ماڵی کورد دا بەرپا بوو و ئاکامەکەی ڕاگوێزانی نزیکی ١٥٠٠٠٠ کورد و چۆڵکردنی ناوچەکە بوو لە کورد. لە هەمان کاتدا کوردە موسوڵمانەکانی ئەرمینیا کە لە سەر خاکی باوباپیرانیان دەژیان، ڕاگوێزران. هەمیشە هەردوو دەوڵەتی ئەرمینیا و ئازەربایجان، ئاین جیاوازی کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە و ئاکامەکەی نەهامەتی زیاتری کورد بووە و بەو جۆرە هەتاوەکو ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕاگوێزانی کورد بەردەوام بووە و تاوانکردن بەرامبەر بە کورد هەتاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە.

زۆر جار بیردەکەمەوە، ئاخۆ کێ هێندەی کوردەکانی ئازەربایجان و دەڤەرەکە بە گشتی هەستیان بە هەتیوی و بێکەسی کردبێت لەبەر ئەوەی کە لە سەرهەڵدانی کێشەکاندا تورکە ئازەریەکان دەوڵەتی ئازەربایجانیان لە پشتەوە بووە و ئەرمینیەکان دەوڵەتی ئەرمینیا و ڕوسیان

لە پشـــتەوە بووە و تانەنەت لە کاتی ڕوودانی ئەنفللدا لە باشـوری کوردستان، کوردانی بەشەکانی تری کوردسـتان هاوخەمیان نیشـان داوە و کوردی باشـور هەسـتی کردووە کە تا ڕادەیەک تەنها نیە، بەڵام ئەوان هەمووجار کە تووشی نەهـامەتی و ڕاگوێزان هـاتوون، لەم گەردوونەدا پەنـایەک نەبووە کە داڵـدەیـان بـدات و کەمێـک لە ئـازارەکـانیـان کەمبکاتەوە و تەنانەت کورد خۆشـــی لە بەشـــەکانی تری کوردستاندا ئاگاداری ئازارەکانی ئەو خەڵکە نەبووە. بۆیە کوردەکانی کوردستانی سور، دوو جار هەتیو کەوتوون.



کوردستانی سور

مێژووی کوردەکانی کوردستـانی سـور، مێژووی ڕاگوێزان و توانەوەی فەرهەنگی کوردە و پڕە لە دەردەســـەری. کوردی هاوڵاتی و لەدایکبووی کوردستانی سور، نیزامەدین ڕەزاییف لە وتـارێکدا لە ژێر نـاونیشـــانی (چیرۆکێکی غەمگینی تر- کوردســتانی ســور) کە لە ســاڵی ٢٠٠٦ دا بڵاوکراوەتەوە، بـاس لەو نەهـامەتیـانە دەکات کە کوردانی کوردسـتانی سـور و خەڵکەکەی تووشـی بوون و پرۆسـەی ڕاگوێزان و هەوڵی تواندنەوەی خەڵکەکە دەخاتە ڕوو. نیزامەدین کە لە ٢٠٠٦ دا وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە، دەڵێت هەتاوەکو ســـاڵی ٢٠٠٦ بەشـــێکی زۆر لە کوردەکان کە بەهۆی جەنگی نێوان ئەرمینیـا و ئـازەربـایجـانەوە لە ناوچەکانیان دەرکرابوون و لە ناو کەمپی ئاوارەدا ژیاون و چاوەڕوانی چارەســـەری کێشـــەی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بوون بۆ ئەوەی کە بتوانن بگەڕێنەوە ســـەر خاکی باوباپیرانیان. دیارە هەتاوەکو ئەم سـاتە کە منیش ئەم بـابەتە دەنووســـم، کورد لەســـەر خاکی خۆیدا ئاوارەی کەمپە و وەک بێگـانە مـامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ئەمەی کە لێرەدا خرایە ڕوو، ســـەرەتا و ئەلفوبێی زانیـاریە لەســـەر کوردســـتانی ســـور و دەبـوو کـورد ئەمـڕۆ دەیـان لێکۆڵینەوەی زانســـتی لەســـەر کوردەکانی ئەو ناوچانە ئەنجام بـدایە و لاوانمـان بەو ئەنفـالە لەبیرکراوە ئـاشـــنـا بکرانەیە لەبـــری ئەوەی کە لە ژێـــر کـاریگەری تلیـاکی میـدیـای عەرەبی و تورکیدا بنێردرێن لە سەنگەری دژە کورد دا بجەنگێن و خوشـــک و برا کوردەکانیان بکوژن. دەبوو هەوڵ بدرایە هیچ نەبێت هەر تۆزێک مانایەک بەو نەهامەتی و دەردەسـەریە بدرایە کە کورد لەو ناوچانەدا تووشـــی هاتوون و ئاوڕێکمان لە ئـازارەکـانی کوردە هەتیوەکـانی کوردســـتـانی ســـور بدایەتەوە.

**لە لاپەڕەی فەیسبوکی نوسەر وەرگیراوە .**

# کێ ئێزدییەکانی رزگارکرد



سەرتیپ جەوهەر

ـــــ چەند راســتییەک لەبارەی مەرگەســاتی شــنگال و رزگارکردنی ئێزدییەکان

ـــــ فەرماندەکانی پێشمەرگە یەک خێزانی ئێزدیان رزگار نەکرد

هێشـــتا هەراو هەڵایەکی زۆر هەیە، لەســـەر ئەوەی کێ ئێزدییەکانی رزگارکردووە. بەحوکمی بۆخۆم بەدواداچوون و ســـەردانی ناوچەکەم کردووەو خۆم ئاوارەکانی ئێزدی سـەرشـاخ و فەرماندەکانی پێشـمەرگەو پەکەکەم لەشـنگال بینیوەو راستەوخۆ لەدوای رزگارکردنی شنگال سەردانی زۆربەی شـوێنەکانم کرد. دەمەوێ چەند راسـتییەک هەیە وەکوخۆی بیخەمە روو کە پێویستە هەمووومان بیزانین.

ئەوەی گرنگە لەگەڵ دەسـتپێکی پەلاماری داعش هەرچی هێزی پێشـــمەرگەیە لەنـاوچەکە بەبێ تەقەکردن و هیچ بەرگرییەک لەهەموو ناوچەکان کشـانەوە، لەبەشـێک لەو ناوچانە پێشمەرگە ئەوەندە خیرا ناوچەکانیان بەجێهێشت و دوو رۆژ پێش خەڵک رایانکرد و ناوچەکەیان جێهێشت، دوای دوو تا سێ رۆژ داعش گەیشتنە ناوچەکە.

هیچ هێزو فەرماندەییەکی پێشـمەرگە بەبێ (دون اسـتپناو) لەهیچ بەرەیەک و هیچ گوندو شـــارێک بەرگریی نەکردو هەرهەمووی ناوچەکەی جێهێشـــت و رایکرد. ســـەرەتا ئەوانەی بەناوی داعش هاتن عەرەبی ئەو گوندانەبوون کە خۆیان دایە پاڵ داعش و بۆ تالانیی و کوشتو برو بردنی کچانی کورد پەلاماری ناوچەکانی ئێزدخانیاندا و تالانیان کرد. دواتر چەکدارانی داعش پەلاماریاندا. ئەو گوندانەشی کەوتبوونە قولایی و دووربوون لەســنور ســـەرەتا داعش پەلاماری نەدان و دوای چەند رۆژێک دوای کۆنترۆڵکردنی سنورەکان بۆیان گەڕانەوەو کوشتوبڕیان کردن، لەوانەش هەردوو گوندی کۆچۆو حەردان.

ئەو شـــوێنانەی جۆرێک لەبەرگریی لێکرا ئەو شـــوێنانە بوون:

1 -لەگونـدی گر زەرک کە دەکەوێتە خوار شـــنگـال ژمارەیەک پێشـــمەرگەی یەکێتی کە پێدەچێ پێشـــمەرگەی کۆمیتە بووبن دۆشـــکایەک دەبەنە ســـەر خوێندنگای گونـدەکە هەنـدێـک بەرگریی دەکەن و ژمـارەیەکیـان لێ شـــەهیـد دەبێت و ئەوانی دیکە نـاوچەکە جێدەهێڵن کە ژمارەیەکی کەم بوون.

2 -لە سـەرەتای لۆفەکانی شنگال کە لەقەڵای سمایل بەگ سـەردەکەویت داعش تا لۆفەی سـێیەم دێن، دەیانەوێ بەر لەخەڵـک بگرن و ژن و منـداڵی ئێزد گلبـدەنەوە، بەڵام ژمارەیەک چەکدار کە دوو سێ کەسیان کۆنە رێکخستن و گەریلای پەکەکە بوون و شـــارەزای شـــەڕی (پارتیزانیی بوون) تەقە دەکەن و بەرگریی دەکەن، ژمارەیەک چەکداری ئێزدی دیکەش دێنە پاڵیـان و داعشـــەکـان بەرەو خوار دەکشێنەوەو لۆفەکان چۆڵ دەکەن و خەڵکەکە سەردەکەوێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئێزدی لەناو شـــنگال نەیانتوانی بگەنە شـــاخ و دەکەونە دەســـت داعش، ئەگەر داعش لەو لۆفانە رانەگیرابوایە مەرگەساتەکە زۆر خوێناویتر دەبوو.

3 -لە مەزاری شەرفەدین ژمارەیەکی زۆر چەکداری ئێزدی تێکەڵ لە یەکێتی و پارتی کە بەشـێکیان لەشـاخ بوون و دێنەخوارێ بەرگری لەمەزارەکە دەکەن، ئەو چەکـدارانە بەنـاوی پێشـــمەرگەی پـارتی و یەکێتی بەرگریی نـاکەن، بەڵکو بەنـاوی بەرگریی ئێزدیی دەمێننەوەو رێگـا نـادەن شەرفەدین دەستی بەسەردابگیرێت لەوانە حەیدەر شەشۆ کە ئەوکاتە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بوو.

4 -لەسەرووی ناحیەی سنون لەنزیک گوندی (رجم العبد) ژمارەیەک چەکداری یەپەگە سنور بەدوری کیلۆمەترێک تا دوو کیلۆمەتر دەبەزێنن و دەگەنە سەر شەقامە گشتییەکەی بەرەو رەبیعە دەچێت بازگەیەک دادەنێن و بەرگریی دەکەن و ژمـارەیەکی زۆر ئێزدی رزگـاردەکەن کە بەئۆتۆمبێـل رویان لەشـــارەکانی دیکەی هەرێم کردووە، بەڵام داعش لەوێ دەیەوێ رێگەیان لێبگرێت. لەو شـــەڕو پێکدادانەی

ئەوێ ژمارەیەک شەرڤانی یەپەگە شەهید دەبن، کە خەڵکەکە دەپەڕنەوە ناوچەکە بەجێدەهێڵن.

5 -ئەو شوێنانەی خەڵکی ئێزدخان واتە شنگال و سنون و گوندەکان پێیدا رایانکرد، بەشـــێکیان زوو رایانکردو بەڕێگەی رەبیعە خۆیان گەیاندە زاخۆ، ئەوانی شـــنگال بەسـەر شاخی شنگال سـەرکەوتن و روبەرووی نەهامەتی زۆر بوونەوە. بەشـــێکیان لەنزیـک گونـدی رجم العبد پەڕینەوە دیوی رۆژئاوای کوردستان.

پێشـــمەرگە هەرهەمـووی رایـکرد، هیـچ فەرمـانـدەو پێشمەرگەیەک نەمایەوە بەناوی پێشمەرگە بەرگریی بکات، ئەوەی لەفەیســـبوک دەیبینین کە خەڵکـانێـک بـاس لەرزگـارکردنی ئێزدیەکـان دەکەن، هیچ بنەمـایەکی نییەو ناتوانن یەک شـایەتی بۆ قسـەکان بێننەوە. راسـتییەکەی بەشێک لەپێشـمەرگە کە ژمارەیەکی کەم بوون لەبەرئەوەی هەردوو دیوی رەبیعە واتە رێگای رەبیعە بەرەو ســنون و رێگـای رەبیعە بەرەو مەحمودیەیـان لێگیراو فریـای راکردن بەرەو هەرێم نەکەوتن، نـاچار خۆیـان گەیـانـدە دەروازەی رەبیعە کە پێشـــتر هێزەکانی یەپەگە دەســتیان بەســـەر خەســـتەخـانەکەو کۆمەڵگـای فەرمـانگەکـان و دەروازەکەدا گرتبوو. ئەو پێشـــمەرگـانە خۆیـان دەخیلی یەپەگە کردو مـاوەیەک لەوێ مـانەوە، بەڵام دوای ئەوەی داعش گەیشـــتە ئەو نـاوچـانە و هەوڵی داگیرکردنی دەروازەکەیـدا ئەو پـێشـــمەرگـانە کە نـزیـکەی 30 پێشـــمەرگەیەک و چەند ئەفســـەرێک بوون تەنها چەکی کلاشـینکۆفیان پێبوو هیچ چەکێکی قورس پێنەبوو. رەنگە بەشـــدارییەکی ســـنورداریان کردبێت لەچەند کاتژمێری یەکەمی هێرشەکە و هیچیتر. لەوێ لەچەند گرتە ڤیدیۆیەکی تەلفزیۆنەکانی پەکەکەدا دەرکەوتوون و قسە دەکەن، ئەوانە بۆخۆیـان رایـانکردبوو تەنـها چـەنـد رۆژێـک لای یەپەگە مانەوە.

هیچ فەرمـانـدەیەکی پێشـــمەرگە ئێزدییەکـانی رزگـار نەکردووەو لێقەوماوانی ئێزدی لەدەروازەی رەبیعە نەچوونە ناو خاکی رۆژئاوای کوردســـتان، نەیانتوانی بگەنە ئەو دەروازەیەو داعش رێگاکانی گرت.

## دیسانەوە ڕاستت نەفەرموو

عومەرمحەمەد

سکرتێری رۆژنامەوانی لەپەیجی مەلابەختیارەوە بابەتێکی بڵاوکردوەتەوە لەژێر ناونیشـانی سـوپاس بۆ چالاکەکانی چاک .

کـاک مەلابەختیـار وەک لە کتێبەکەیـدا پەلەی کردووە، لەراسـتکردنەوەکەشیدا پەلەی کردووە، چونکە نوسـیوێتی (رەگ و چاک) نەوشـیروان مسـتەفا دروسـتی کردون، بێئەوەی بزانێـت (چـاک) چییە ؟ نـاوەنـدە، رێکخراوە، گروپی فشارە ؟ چاک ناوێکە سەروەختێک لە نێو میدیای کوردیـدا بە هۆی جموجۆڵ و چـالاکییەکـانیەوە دەنـگ وســـەدای هەبوو، ســـەرەتای دامەزراندنی ٢٠٠١ ناوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن وجێنۆسایدکردنی گەلی کورد-چاک بوو. دوای دروســـتبوونی کێشـــەوململانێ هەندێک ئەندام جیابوونەوەو ماوەیەکی زۆر بەهەمان ناو ولۆگۆوە چالاکیان دەکرد، دواتر لۆگۆو نـاوەکەی خۆیـان گۆڕی بۆ (چاودێری کوردۆســـاید –چاک). (ناوەنـدی هەڵەبجە دژبەئەنفال وجێنۆســـایدی گەلی کورد- چاک) بەهەمان لۆگۆو ناوەکەی خۆیەوە مایەوە.

ئەگەر کاک مەلابەختیار لەکتێبەکەیدا لەسەرەتاوە بینوسیایە چاودیری کوردۆســـاید ئەوا ڕوی قســـەکەی ئێمەشـــی نەدەگرتەوە یاخود بەپێچەوانەوە ئەگەر بینوسیبا ناوەندی هەڵەبجە چـاک – ئەوا روی قســـەکەی ئەوانیشـــی نەدەگرتەوە.

ئێستاش کە رونکردنەوەی داوەو نوسیوێتی (چالاکەکانی چاک کە ناوی ئێستایان کوردۆسـایدە) دیارە نازانێ کە ئەم رێکخراوە چۆن دروستبووەو بۆدروست بووەو کەی توشـی لێکترازان بووە، نازانێت هەموو چالاکەکانی چاک چاودێری کوردۆسـاید نین و نەبوون، هەردولایان کەسـی چـالاکیـان هەبوو. ئەمەش بەڵگەیەکی رونە کە بێبەڵگەو هەرلەخۆیەوە بەبێ زانیاری ناوی چاکی هێناوەتە گۆڕێ و ئەم یان ئەو (چاک)ی بە دروستکراوی دەستی نەوشیروان مستەفا تۆمەتبارکردووە.ئەوەش ڕاست نییە، ماوەی هەشت ســـاڵ من بەرێوەبەری بووم بەپارەو ماشـــێنی خۆم کارم بۆکردووە نەک بەعەقڵ وپارەی کەس .

# مەسەلەکە وەبەرهێنانە



هاوار مستەفا خان

ئەم نوسینەی مامۆستا هاوارمستەفا سەرنجێکە دەربارەی وتارێکی بەراوردکاری لە نێوان تاوانی ئەنفال و کارەساتی تایتانیکدا. کە سەرنوسەری ماڵپەڕی ئەنفالستان نوسیویێتی، بۆیە لەبەرگرنگی سەرنجەکەی مامۆستا هاوارو پەیوەندی بە ئەنفال وسینەماوە بە پێویستی دەزانین وەک بابەتێکی سەربەخۆ بڵاوی بکەینەوە. بەهیواین نوسەروسینەکاران ئاورێک لەم دۆسێیە بدەنەوەو دۆسێی ئەنفالیش وەک هۆڵۆکۆست لەریگەی سینەماوە سنوری ناوخۆ ببەزێنێ و بەرەوگەردونی هەنگاوبنێت- ئەنفالستان

بابەتەکە زۆر هەڵدەگرێت، دەمەوێت زۆر بە کورتی ئەوەی پەیوەندیی بە رۆڵی سینەماکارانەوە هەیە چەند سەرنجێکی لەبارەیەوە بخەمەڕوو. هەڵبەت وەبەرهێنان بەر لە بەرهەمهێنان گرفتێکە تا ئێستا نەبوەتە ستراتیژی نە دەوڵەت و نە بەرنامەی حزب بۆ دەستەڵات، نە لە توانای کەرتی تایبەتیشدایە کە لاوازو کزە، نە لەسەر ئاستی تاکەکەسیش دۆسێیەکی زەبەلاحی وەکو ئەنفال، بەو بیرکردنەوە و دونیابینیە نایەتەدی بەڵگەش بۆ قسەکانم ئەوەتا و لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئازادین ناتوانراوە دەرەقەتی بێین بەو رێگا کلاسیکیەش هەر ناتوانین تێی بپەڕێنین.

بە بڕوای بەندە ئەم دۆسێیە ئەرکی دەوڵەتە بەپلەی یەکەم، دەولەتیش بە دوو شێواز یا بە دوو "رێگا"دەتوانێت یا دەیتوانی کار بۆ بە دونیا ناساندنی بکات.

یەکەم: لەسەر ئاستی ناوەخۆ. ئێمە بەر لەوەی بە دونیای بناسێنین زۆر پێویستمان بەوە هەیە لە ناوەخۆشدا بیناسێنین، چوون کەموکورتی زۆر هەیە، کە تاوانی لەو جۆرە بە خودی تەواوی ئەو هاوڵاتیانە نەگەیشتوە کە نیشتەجێی سنوری جوگرافی ئەو نیشتمانەن کە تاوانی تێدا ئەنجامدراوە، دیارە مەبەستم تەنها باشوری کوردستان نیە بەڵکو کوردستان و هەموو عیراقە.

دووەم: لەسەر ئاستی جیهانیش بە دوو" رێگا" دەتوانرا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکرابایە، ئەو فیلمانەی لەناوەخۆو بەدەستی کورد و کوردستانی دروست دەکران و دەبردرانە فێستیڤاڵ و ناوەندەکانی دیکە. ئەوەی تریش لەو جۆرە فیلمە زەبەلاحانە کە لەتوانایدا هەبوایە یان توانای وەهای بۆ برەخساندبایە کە بە پسپۆرو شارەزایانی دەرەوە، بە ئەکتەری هۆلیوود، بە لۆکەیشنی کوردستان، دەیان ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان بکرایە، من دڵنیام داهاتیشی بە هەدەرنەدەچوو، تاوانەکش بە هەموو دونیا دەناسێنرا.

کەواتە ؛ مەسەلەکە وەبەرهێنانە، ئێمە لە کوردستان و لەناو حکومەتدا هیچ جۆرە پلان و ستراتیژێکمان نیە و نەبووە بۆ ئیشکردن بەو قەبارە گەورەیە لەسەر ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید .

تایتانیک روداوێکە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو رویداوە، ژمارەی قوربانیانیش دیارە. ئەوەی وادەکات بتوانێت وەبەرهێنان لەو روداوەدا بکات، وەبەرهێنانی ئەو کەرتەیە لە شوێن و ناوەندێک کە کێبڕکێی زەبەلاحی کۆمپانیاکانی بەرهەمهینانی فیلم "١٠٠"ساڵ زیاتری لەبەردەمدابووە تاوەکو "تایتانیکی ١٩٩٧"ی بەرهەمهێناوە. واتە لە ساڵی ١٩١٣ەوە ئەو روداوە جێگای بایەخی سینەما بووە کە دەکاتە ساڵێک دوای روداوەکە. هەتا گەیشتە ١٩٩٧ ژمارەی ئەو فیلمانەی لەسەر ئەو روداوە بەرهەمهێنران گەیشتە(١٥)فیلم لەناویاندا هەیە فیلمی کاریکاتێرو وابزانم ئەنیمەیشنیشە.



# میوانی ژمارە

## جەمال مەجید فەرەج

لە دایک بووی ساڵی ١٩٧٤ی گوندی گۆڵێی شارۆچکەی پێنجوێنە ١٩٧٨ گوندەکەیان لەگەڵ سەرجەم گوندەکانی ناوچەکە لەلایەن رژێمی بەعسەوە ڕاگوێزران و هاتوچۆیان تێدا قەدەغەکرا، دانیشتوانەکانیان بۆکۆمەڵگا زۆرەملێکانی پێنجوێن و شانەدەری ڕاگوێزران و لە نزیک شارۆچکەی سەید سادق نیشتەجێکرانەوە. ماڵی جەمال ناچنە کۆمەڵگاکان بەڵکو لە شاری پێنجوێن زەویەک دەکڕن وخانووی تێدا دروست دەکەن.

دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران، هێرشی ئێران بۆ سەر شارۆچکەی پێنجوین کۆچ بەمانیش دەکاو ڕوو لە شاری سلێمانی دەکەن. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو دەکات. لە ساڵی١٩٩٨ بەشی مێژوو لە کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٩٩بە مامۆستای دواناوەندی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی پەروەردە دادەمەزرێت.

ساڵی ٢٠١٦ دا لە خوێندنی باڵا (ماستەر) لەبەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی وەردەگیرێت. ئێستا لە قۆناغی نوسینی توێژینەوەکەیدایە بە ناونیشانی (جینۆساید لە کوردستانی باشورو ئەنفالی یەک بە نموونە).

کە لەلایەن سەرۆکی بەشی مێژووەوە هەڵبژێرا.

ئەنفال، چەندین توێژینەوەی لەبوارەکانی یاسایی و کۆمەڵزانی و دەرونی و جوگرافی و هونەری ومێژوویی لەبارەیەوە کراوە. ئەمانە جێگەی دەستخۆشین و دڵخۆشکارن . توێژینەوە زانستیە مێژووییەکان لەبارەیەوە کەمن و لەوانە یان بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی ئەنفالەوە کراون یان تایبەت وەک ئەنفالی سێی و هەڵەبجەی شەهیدان کراون.

ئەم توێژینەوەیەش لە ئەنفالی یەک کە بە ئەنفالی دۆڵی جافەتیش ناوزەد دەکرێت تەواوکاری ئەو هەنگاوانەی پێشووە. گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی دەسپێکی شاڵاوە سەربازیەکانی ئەنفالە و بۆ سەر یەکێک لە سەرکردایەتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی بوو.

رژێمی بەعس بە خەیاڵی خۆی بە گرتنی ئەم ناوچەیە ئیتر وەک لە دوای نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥دا جارێکی ترو بە یەکجاری کۆتایی بەجوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی دەهێنێت، لەهەمان کاتدا بۆ پیادەکردنەوەی سیاسەتی شۆڤێنیانەی خۆی دەستکراوە تر دەبێت بەڵام ئەمجارەیان زۆر توندتر لەو کاتە، بە سەرکەوتنی لە پرۆسەکەدا قۆناغەکانی تری ئەنفال بەزیانتربوون و لە ئەنفالی سێیدا توندترینیانی بەخۆیەوە بینی.

میوانی ئەم ژمارەی ئەنفالستان وتی: دەمەوێت لەم نامەیەدا تیشکبخەمە سەر رەوشی رامیاری کوردستانی باشور لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی و راپەڕینە جەماروەیەکانی شارو شارۆچکەکانی و کاریگەری جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران.

هەروەها باس لە سیاسەتی بە جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە کوردستانی باشور لەلایەن رژێمی بەعسەوە، ئاماژە بە شێوازو جۆرەکانی وەک تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و هەڵتەکاندنی بنەماکانی دەزگا سیاسی و ئابوریەکانی گەلی کورد دەدەین. رژێمی بەعس بە پلان و نەخشەی ورد لە رێگەی تەعریب و تەرحیل و تەهجیرو برسیی کردن و پرۆسەی سەربازی بەناوی ئەنفالەوە.. هتد ئەنجامیدان. هەڵوێستی نێوخۆیی کوردی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لە هەمبەری روونبکەینەوە. کاریگەریەکانی لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسی و سەربازیەوە دەست نیشان بکەین.) ئەمە دەشێت وەک پختەی نامەی ماستەرەکەی لەبەر چاوبگێرێت .

بۆ روونکردنەوەی رەوشی کوردستانی باشورو سیاسەتی رژێمی بەعس لە کوردستانی باشور پشت بە سەرچاوەکانی وەک دیدار وبیرەوەریەکانی کەسایەتیەکان و چاپەمەنی وبڵاوکراوەکانی ماوەی توێژینەوەکە، هەروەها دوکیۆمێنتی تایبەت بە دامودەزگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکانی رژێمی بەعس دەبەستێت.

## هێنانەوەی منداڵە ئێزدیەکان پەیامی تورکیایە یان دەستکەوتی هەرێم ؟

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رۆژی ٥ی ئەیلولی ٢٠٢٠ لە راگەیەندراوێکدا، دۆزینەوەی دوو منداڵی ئێزیدی



ئاشکرا کرد، کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندرابوون، لەگەڵ شاندی یاوەری نێچیرڤان بارزانی لە تورکیاوە گەڕێندرانەوە هەرێمی کوردستان. لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە: دوو منداڵی ئێزدی کە خوشک وبران و داعش رفاندبوونی، لەگەڵ شاندی یاوەری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەرەدانەکەیاندا بۆ ئەنقەرە گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان و ڕادەستی کەسوکاریان کراوەنەوە.)

ئاشکرایە بەهۆی فتوحات و جەنگ و جێنۆسایدەوە، ژن و منداڵی کورد نەک هەر لە تورکیا، بەڵکو بە گۆی زەویدا بڵاوبوونەتەوە. بەتایبەتیش لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال و پەلاماری ئێزدیەکان لە شەنگال چیرۆکی دۆزینەوەی ژن و منداڵی فرێندراو بووەتە دیاردە. بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم بە خوێنساردییەوە بە دوایاندا دەچێت، بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە هەیە.

باشە ئەم دوو منداڵەی کە هێنراونەتەوە، ئەگەر داعش رفاندونی بۆ لە تورکیان ؟ تورکیا کە پشتیوانی داعش بوو، لە وێرانکردنی سوریاو عێراق و کوشت وبری ئێزدییەکان و فراندنی ژن و منداڵەکانیان ئێستا بۆچی دومنداڵ ڕادەستی شاندەکەی هەرێم دەکاتەوە ؟

ئەگەرچی ئێمە دەزانین دەسەڵاتدارانی هەرێم فێرن هەموو شتێک بکەن بەکارتی بەرژەوەندی خۆیان تەنانەت هێنانەوەو بەخاکسپاردنەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکانیشیان بۆ بۆنەویادەکانی خۆیان پاش و پێش دەخست .

من وای دەخوێنمەوە ناردنەوەی ئەم دوومنداڵە لەگەڵ شاندەکەی نێچیرڤان بارزانی هێندەی پەیامی تورکیایە هێندە دەستکەوتی شاندەکەی هەرێم نیە ! ئەمەم لە خودی راگەیاندراوەکەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵهێنجاوە کە تیایدا هاتووە : (نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدیی سەر بە نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی، ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کار لەسەر کەیسی ئەم دوو منداڵە ئێزدییە دەکات و دوای هەوڵێکی زۆر و بە هاوکاریی خێرخوازان و لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی تورکیا، توانرا بدۆزرێنەوە و دوای تەواوکردنی رێکارە یاساییەکان، بگەڕێنرێنەوە هەرێمی کوردستان.) باشە مادام ماوەی سێ ساڵە دۆزراونەتەوەو کار لەسەرهێنانەوەیان دەکرێت ئەم بەکاڵاکردنە چییە؟

ئەگەر لەهێنانەوەی منداڵن فەرموون : نەک لە میسرو تورکیا، هەر لەناوخۆی وڵات لە بەسرە و لە کەرکوک منداڵی ئەنفال هەیە فەرموون هاوکارییان بکەن ؟!

ئەرکی نوسینگەکەیە رونی بکاتەوە ئەو منداڵانە چۆن گەیشتونەتە تورکیا ؟ کێ رزگاری کردون و چۆن رزگار بوون ؟ دەنا بەسیاسی کردنی ئەم دۆسیێیە ئەوەی لێیدەخوێندرێتەوە پەیامی تورکیایە پێمان دەڵێت:
١ -ژن و منداڵی فرێندراوتان زۆرن .
٢ -هەر کاتێک بمانەوێ ئەنفال وشەنگال دوبارە دەکەینەوە. ژن ومنداڵتان بەکۆمەڵ دەبەین و جارجاریش دانەیک و دوانتان وەک پەندو عیبرەت بۆ دەنێرینەوە.

ئەوە باواز لە خوێندنەوەی وێنەکەش بهێنێن کە دونیایەک ئاماژەی باشی بۆ داعش و دەولەتی ئاکەپە تێدایە .

# بەعسیزمی خۆماڵی

عومەرمحەمەد

٢٦ی ئەیلول ٢٠٢٠ سلێمانی

لە دوای ڕاپەڕین پێویستمان بە پشویەکی درێژبوو، دەبوو پشـویەک بدەین چونکە ئەنفال و جێنۆسـاید تەواو ماندو شـــپرزەی کردبووین، دەبوو بیرێکمان لە حاڵی خۆمـان بکردایەتەوەو خۆمان لە هەموو ناپەســـەندی و دڵرەقی و توندرەفتارییەک دابماڵین، چ جای پاساو بۆ شەڕی ناوخۆ داتاشـــین و بەعســـیزم لە خۆماندا پەروەردە بکەینەوە، یـاخود ڕێگە بەخۆمـان بـدەین بەعســـیزم پەروەردەمـان بکاتەوە.!

ڕاپەڕین دەرفەتێکی گەورەبوو، دەکرا دەســـتکەوتێکی گەورەش بەنرخیش بێت بەڵام هەرزان لەدەستماندا، خەڵک بە دوای کەســانێک کەوتن کە شــایان نەبوون کەســیان بەدواوە بێت، تەنانەت شایان نەبوون بە دوای کەسیشەوە بن . چ جای جڵەوی ژیان ومەرگی خەڵکیان بەدەســـتەوە بێت. چونکە ئەوانەی کوردســـتـانیـان بەم ڕۆژەگەیـانـد هەرچییەک بووبن حەکیم نەبوون، هەرچییەکیان هەبووبێ خاڵی بوون لە حیکمەتی سیاسەت.

لە ماوەیەکی زۆرکەمدا بەبێ پشتیوانی دەسەڵاتدارانی ئەم حکومەتەی نانی کوردایەتی دەخواو خوێن و ڕەنج و مافی کوردەکانی کردووەتە کارتی بەرژەوەندییەکانی خۆی زۆر چیرۆکی تراژیـدیم تۆمـارکردوون .. ئەگەرچی زۆرم لێ بڵاوکردونەوە بەڵام هەندێک لەو چیرۆکانە هێندە تراژیدین هێشـــتا بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نایەن . لەبەرئەوەی هێندە قورس وئـاڵۆزن مرۆڤ دەخەنە بەردەم دوڕییـانێـک یـان ئەوەتە دەبنە مرۆڤی گەورە یـان بەچۆکـدادێن و خۆیـان رادەســـتی ڕۆژگـار دەکەن و بەلۆژیکی چ دەبێ بـابێ دەیگوزەرێنن.

با مشـــتێک لەخەروار دەربهێنم و وێنەیەک لە بەعســـیزم لەناوخۆماندا نیشـان بدەم، لە ناوخۆماندا نەک لەناو کۆنە بەعسـیەکان و کۆنەجاشـەکان، ڕەفتاری بەعسـیانە تەنانەت لەناو کەسوکاری قوربانیەکاندا، لەدژی یەکدی.

**چیرۆکی یەکەم**

کە ئەنفال گەیشـتە گوندەکەیان، گوڵە دوگیان بوو، ئەوسـا ئامێری سـۆنەر نەبوو بۆیە نەیدەزانی سـکەکەی کوڕە یان کچ ..جاش وجەیش گەیشتن و هەموو خەڵکی گوند گیران فایەق و گوڵە هەتا تۆپزاوا پێکەوە بوون، گوڵە هەر لەناو ئیڤاکەدا ژان گرتی، فایەق هیچی لەدەســـت نەدەهات و هیچی بۆ هاوژینەکەی پێنەدەکرا، هەرئەوەندەی گەیشـــتنە نـاو تۆپزاوا ســـەربـاز دەورەیـانـدان و بەتێهەڵـدان و سـوکایەتی پێکردن لە ئیڤاکان هێنایاننە خوارەوە، هەرزوو فایەقیان لەگەڵ گەنجەکاندا جیاکردەوەو بردیانە هۆڵێکی تر، گوڵە تـادەهـات خراپتر دەبوو، زۆری نەبرد ئەوانیش کرانە هۆڵێکی قەرەباڵغەوە هەرچۆنێک بوو جێگەیـان بۆ گـوڵە کـردەوە، هەر ئەو ڕۆژە لە تـۆپـزاوا لەنــاو ئەو حەشاماتەدا منداڵەکەی بوو، ئاسکە کراسەکەی خۆی دادڕی و لەمنداڵەکەیەوە پێچا دوای دوڕۆژ زیندانیەکان گوازرانەوە بۆ سەربازگەی دوبز، هێشتا گوڵە هیچ ناوێکی لە کچەکەی نەنـابوو، بەڵام دواتر نـاوی نـا بێنـاز دوای ٤ مـانـگ دەسـتبەسـەرکردن لە کەمپی دوبز بەر لێبوردنێکی گشـتی کەوتن و بەنـاو ئـازادبوون، بەڵام چۆن ئـازادییەک ؟ لە راســـتیدا بێنازو دایکی ئازاد نەبوون بەڵکو بە کەمێک وردبوونەوە ئەوەی دەبیینین دەسـتاو دەسـتکردنی زیندان و جەلادە نەک ڕزگاربوون! چونکە نە ژینگەی ئۆردوگاکە لە دوبزبـاشـــتربوو نەکەســـوکـاریش لە جەلادەکـان دڵنەرمتربوون ! زیـادە ڕۆیی نییە بڵێم ئەم دایـک و کچە هەتـا ئەمڕۆش ئەنفـال گەڕیـان پێـدەکـاو نـاهێڵێـت وەک مرۆڤێکی ئـازاد دەربکەون. بەڵکو دەیەوێـت هەر وەک دیلێک بمێننەوە.

ئێســـتا زیندانەوەکان گۆڕاون لەبری عەرەبێکی لچ قەوی کوردێکی گەنم ڕەنگی چاووبرۆ قەوی زیندانەوانە لەبری ناو هۆڵەکانی دوبز سـوکایەتیان پێبکرێت و ئەشـکەنجەی ڕۆحی بدرێن لەماڵەوە لە ناو ئۆردوگاکە بەهەمان مام وبرا ژیانیان بەسوک دەزانن و ماڵیان لێدەکەن بەدۆزەخ.

بۆیە لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەم دایـک وکچەدا ئەوەی لەبـارەیەوە دەدوێین تەنها دڵرەقی و ڕەفتـاری نـامرۆڤـانەی بەعسیەکان نیە، بەڵکو ڕەفتاری بەعسیانەی دوای ئەنفال و ڕاپەڕینیشـــە..!! بەتایبەتیش یاســـاوڵەکانی خانەوادە، کە ئیدیعای پیاوەتی دەکەن و لە هەزار وێســـتگەدا ناپیاوی

خۆیان دەسەلمێنن، ئیدیعای نیشتمانپەروەری دەکەن و هاونیشتمانی ئەتک و ویران دەکەن . کارەکتەرە ئەنفالچیەکانی ئەمجارە نەجاشن و نەعەرەبی بەعسی، بەڵکو کوردن و نزیکترین کەسی خانەوادەن ! باپیرەو مام و ئامۆزان. هەرکە ژن و کچە گەیشتنەوە ماڵی باپیرو خەزوران دوای دورۆژ کچەیان لە دایکی سەندەوە باپیرەی بێناز روی کردە گوڵە:

- بەم وەزعە خراپەمانەوە نانی تۆشمان پێ نادرێ
- خواکەریمە بەڵکو ئەمە خوایە ئەوانیش بەربین و پیاوەکەم بێتەوە.
- مانگا مردو دۆبرا تازە کورەکەمان رۆیشت و ناگەڕێتەوە کچەکە دابنێ و بۆخۆت بۆکوێ دەچی بچۆ،
- ئاخر بۆکوێ بچم؟ کێم ماوە هەمووی ئەنفال بردی ؟ سەر بەکوێوە بنێم ؟ خوا هەڵناگرێ کچەکەم لێ بسەننەوە بەڵکو خوا رەحم بکات و باوکییان بێتەوە .

کورە گەورەکەیان (مامی بێناز) بەلاچاوێک تەماشای باوکی کردو هەڵیدایە، ڕوی کردە گوڵە :

قسە لە قسەی باوکمدا مەکە، قسە بیست و چوارەو دوانی بەکارە، بۆخۆت دەڕۆی یان بە شەق وەدەرتبنێین ؟

دایکی بێناز رۆیشت کچەی بەدبەخت هێشتا ٤ مانگانە دوژمن باوکی ئەنفالکردو دۆستیش دایکیشی لێ زەوت دەکات. رەنگە زیندانەکەی دوبزی باشتر بووبێت لە ماڵی مامەکانی هەر هیچ نەبێت لەوێ لە ئامێزی دایکیدا بووە بازیندان ناخۆشیش بێت بەڵام کاتێک لە بەهەشتیش لە ئامێزی دایک بێبەشت بکەن ئیدی لەگەڵ دۆزەخ چ جیاوازییەکیان دەمێنێ ؟

بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو مرۆڤەکرا هیچی لە رەفتاری حەجاج و ئەفسەرە دڵرەق و ترۆهاتەکانی بەعس کەمتر نەبوو بگرە ئەوەی ئەمان زۆر بەئازارترو زۆر شورەیی تریشە. دوای ئەوەی موچەو ئیمتیازی ئەنفال هاتە گۆرێ مامەکانی زەوی وموچەیان هەڵلوشی و بەخێرایی کچەیان دابەشوو.. بەڵام کە بەچیرۆکەکەیان ئاشنا بووم توانیم بەیاساو بەهەوڵی بەرێوەبەری گشتی موچەکەیان بۆبگێرمەوە بەڵام ٣٠٠٠٠٠ سێسەد هەزاردینار بۆ سێ کەس کەلێنی گەورەی پڕنەدەکردەوە. ئەمەش هەروا بێ سەرئێشەو بێ هەڕەشە بەسەرمدا تێنەپەڕی .

**چیرۆکی دووەم :**

هەمان کوردی ئەنفالکراو، هەمان فیلم وهەمان چیرۆک و هاوشێوەی هەمان زیندان تەنها شوێن و کارەکتەرەکانیان جیاوازن، ئەمجارە دایک وکچ پێکەوە وەدەر دەنرێن، پێکەوە بێ ماڵ وحاڵ دەکرێن، بەو هەموو تراژیدیاو دلشکانەوە کەوتنە بەر تەماحی بەرپرسێک و تەعدای سێکیشی هاتە سەر بەڵام لەبەرئەوەی دەستدرێژی کار فەرمانەدەی نیشتمانپەروەر بوو نەرێکخراوێک نوزەی لێوەهات و نە سەرۆک وسەردارەکانی نیشتمان شکۆی هاونیشتمانی و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانیان بۆ گرنگ بوو.

**چیرۆکی سێهەم :**

عەدالەت بەرێکەوت لەئەنفال رزگاری بوو، کاروانێک سەیارەی سەربازی بەرێگەوە بوون بۆ تۆپزاوا، ماڵی عەدالەت هەموویان لەئیڤایەکدابوون، ئەم منداڵێکی عەجول بوو، هەرئەوەندەی باوکی چاوی لێی خافڵ بوو کوڕە دانەسکناو کەوتەخوارەوەو هەرچەندە دایک وباوکی هاواریان کردو گریان وپاڕانەوە نەسەربازەکە روحمی جولاو نە ئیڤاکەش ڕاوەستا، عەدالەت بەدەست وقاچی شکاوو پشتی شکاوەوە هێندەی پێکرا لەسەر جادەکە خۆی دەربازکات هەتا کاروانی ئیڤاکان نەیشێلن.

کۆمەڵێک جاش هەلیانگرتەوەو دوای مانگێک، گەڕان و ماڵی مامیان دۆزییەوەو عەدالەتیان دایەوە دەست مامیان.

عەدالەت هەمیشە ئاوات بەوە دەخوازیت هەرئەو رۆژە بمردایەو رۆژی بەم رۆژە نەگەیشتایە، لەبەرئەوەی مام وئامۆزاکانی وەک خزمەتکار لەماڵەوە بەکاری دەهێنن، موچەو ئیمتیازی ئەنفالانەکەشی دەخۆن. عەدالەت گوتی: بەم گوێیانەی خۆم گوێم لێ بوو ئامۆزا سەعید گوتی : ئەگەر لەبەرئەوە معاش وئەرزەی نەبوایە، پشتکۆمی وا بۆچ باشە.

# مەرگی دەربازبوویەك لەمەرگ



**ئەبابەکرعەلی سەعید لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٤**
گوندی کوریمێ - ناحیێی مانگێش -قەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک. یەکێکە لەو ٦ کەسەی لە کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێ بەبرینداری و بەرێکەوتێکی ئەفسوناوی رزگاربوو.

لە ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کوریمێ بووە. کە پەلاماری قۆناغی هەشتەمی بادینان دەستی پێکرد ئەبابکر پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، تا رۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەوەی لەهەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون بۆ پەرینەوە لەسنور گەرانەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، لەوێ بەناچاری لەگەڵ خەڵکێکی زۆر خۆیان رادەستی سوپای عێراق کرد، پاشئەوەی چەکەکانیان تەسلیم کرد، ژنو پیاویان لە یەکتری جیاکردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کوریمێ کۆی پیاوەکان کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو لەلایەن دوو ئەفسەری سوپاوە کەناوەکانیان عەباسو محمەد بوو دوای ئەوەی یەکێک لەئەفسەرەکان بەهۆکی تۆکی پەیوەندی بەسەرۆی خۆیەوە کرد هۆکی تۆکیەکەی داخستەوەوە فەرمانی بەو ١٠ سەربازە کرد، کە گوندنشینەکانیان ریزکردبوو لەبەرانبەریان وەستابوون تەقەبکەن .. هەر لەجێدا گوللەباران کران.
ئەبابکر لەگەڵ دەنگی ئەفسەرەکە کە گوتبووی (ارمی)، پرکێشی کردبوو توانیبوی لەریزەکە، بێتە دەروەورابکات، بەڵام ١٠٠ مەترێک دورنەکەوتبووەوە کە جەلادەکان دایانگرتووەتەوەو چەند گوللەیەک قاچەکانیان پێکاوەو کەوتووە.

لە دیدارێکی نێوانماندا کە رۆژی ٨ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ لە هەولێر لەگەڵیدا ئەنجاممداوە بەدرێژی بۆی باسکردم کە چۆن دەربازی بووەو چەند ئازاری چەشتووە.
ئەبابەکر باشئەوەی بیرمابوو، کە لەدورەوە سێجار بە رەشاش تەقەیان لێکردووە، بەڵام سەربازەکان بە حسابی مردوو بەجێیانهێشتبوو، ئەوشەوە بەجەستەی خوێناوی و ئازاری برینداریەوە هەتابەیانی لە نزیک تەرمی ئەو کۆمەڵە پیاوەمابووەوە کە سەربازەکان گولەبارانیان کردبوون، بەڵام کە رۆژبووەتەوە کەوتووەتە دەست کۆمەڵێک جاشو بردبویان بۆ ناحیێی مانگێش کەچی لەوێ هەمان ئەو ئەفسەرەی بینیبوو کە فەرمانی گوللەبارانکردنەکەی دابوو، ئەفسەرەکەش کە ناسیبوویەوە بە پۆستاڵ قاچەبرینداریەکانی شێلابوو بەجۆرێک ئازاری ئەبابەکری دابوو.

لەودیدارەدا شەرواڵەکەی هەڵکرد، شوینی لێدانەکانی پێوەدیاربوو، کەچی سەیرلەوەدابوو، بریاری کوشتنی نەدابوو، ئەفسەرەکە بەخوێنساردییەوە گوتبوی چۆن نەمردوی ؟ ئینجا رادەستی قەلای نزارکێی کردبوو، دوای ئەوەی گەیەندرابووە قەلای نزارکێ چەندرۆژێک مابووەوە ئینجا بریاری لێبوردنی گشتی دەرچوو ئەگەرچی برینەکەی تەداوی نەکرابوو هەوی کردبوو بەڵام بەهۆیەوە رزگاری بوو.
ئەو سەروەختە باوکی سێ منداڵ بوو، ئەوان ئەنفالکرانو بران بۆکەمپی سەلامییە، برایەکی بەناوی سەعید لەگەڵی دهێ گیراو ئەنفالکراو برایەکی تریشی بەناوی کامەران پێشتر شەهید بوو.
ئەبابەکر هەتا دوارۆژەکانی ژیانی لە ناحیێ مانگێشک نزیک گوندی کوریمی لەگەڵ خانەوادەکەی دەژیا. هەرجارێک چاوی پێم بکەوتایە لەچاوانیدا ئەو دڵشکانەیم دەخوێندەوە وەک بڵێت : چمان کردو چمان دورییەوە ؟! ئەم پیاوە تەنها بەختی ئەوەی هەبوو کە بەشداری دادگای بالای تاوانەکان بکات و شایەتی لەسەر تاوانەکە بدات ساڵی ٢٠١٢ بەشداری فیلمی ١٠٠١ یەک سێوی کرد.

بەداخەوە رۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٠ بەهۆی نەخۆشییەوە گیانی لەدەستدا .




ئەوانەی لەو کۆمەڵکوژییە دەربازبوون هیچیان ژیانێکی ئاسایی ناژین سال زیاترە ئەبابەکر باری تەندروستی تێکچووبوو، بەداخەوە بەمەینەتی گیانی لەدەستدا عەبدولقهاریش ساڵ زیاترە توشی نەخۆشی بووەو لە ماڵەوە لەسەر جێگە کەوتووە. سدقی عەبدولقادریش هەر لەسەرەتای نەوەدەکانەوە کوردستانی بەجێهێشتووەو ئێستا پەناهەندەیەکی وڵاتی سویدە. هاشم محەمەد رەشید بەهۆی کەمی موچەو نەخۆشی هاوژینیەوە ژیانێکی سەخت بەرێدەکات.

جێگەی ئاماژەیە لەکۆی کۆمەڵکوژییە خوێناوییەکەی ئەنفال تەنها ١٤ کەس دەربازیان بوو، لەوانە ٧ کەسیان خەڵکی گەرمیان و ٦ کەسیان خەڵکی بادینان و یەک کەسیشیان خەڵکی سلێمانیە.. بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو دەربازبوانە دلشکاوترین کەسانی نێوکۆمەڵگەی ئێمەن ! بێگومان ئەم شایەتحاڵە زیندوانە کوری هەر میللەتێکی تربونایە عەرشی زەمانەیان پێدەلەرزاندن، بەڵام ئەفسوس هەرگیز لەلای بەرپرسانی حزب وحکومەت بەقەد جاشێک قەدریان نەبوو.

### ئەوەی دەبوو خەڵکی کورێمێ بیکەن

نەک هەرخەڵک تەنانەت بەرپرسانی حکومەت خۆشیان ناتوانن نکۆڵی لەو راستی یە بکەن، کە بەرپرسانی حکومەت لە ژیان وسەلامەتی هاوڵاتی بێباکە، بەتابەتی لەدۆسێی ئەنفالدا حکومەت لە زۆر لەوە بچوکترە بەرپرسیارێتی بەزیندومانەوەی هەڵگرێ.

بۆیە بەلای کەمەوە خەڵکی گوندی کورێمێ دەبوو بێ گوێدانە ئەوەی حزب وحکومەت بە تەنگیانەوە نایەن، شوێنێ کۆمەڵکوژییەکەو ئەو سێ چاڵەی کەوا تەرمی قوربانیەکانی بە کۆمەڵ تێدا کۆکرابووەوەو هەروا هاکەزایی داپۆشرابوون، دوای هەڵدانەوەی روفاتەکانیان و بەخاکسپاردنەوەیان دەبوو شوێنەکە دیاری بکەن و بەلای کەمەوە دیوارێک یان تابلۆیەکیان لە سەر جێگیربکردایە، نەدەبوو بهێڵن شوێنی کۆمەڵکوژییەکەو ئەوچاڵانەی تەرمەکانیان تێدا شاردرابوونەوە ون ببێت. دەبوو نیشانەیان دابنایە بۆئەوەی وەک یادەوەرییەک لە مێژووی کوردو کورێمێدا بمێنێتەوە.

وەها کارێک ئێستاشی لەگەڵدا بێت کارێکی ئەستەم و گران نیە، چونکە کاتێک گۆرە بە کۆمەڵەکانی کورێمێ هەڵدرانەوە، خەڵکی گوند بە دیاریانەوە بوون و شوێنەکانیان دەزانن، چونکە کاتێک وەک گۆڤاری ئەنفالستان چووینە شوێنی کۆمەڵکوژییەکە بەزەحمەت حاجی عوسمانی گوندی کورێمێ و هاشم محەمەد رەشید توانیان شوێنی هەرسێک گۆرەکە بدۆزنەوە.

ئەگەر دیاری کردنی ئەو شوێنانە بە دیوارێکیش ئەستەم بێت و لە رووی نرخەوە بۆیان هەڵنەسورێ ئەوا لە تواناندا بوو بەکۆمەکێکی دەستەجەمعی هەر هیچ نەبێت لە موچەی ئەنفالکراوەکان و شەهیدەکانیان وەک مافێکی خۆیان لەسەر تابلۆیەک رۆژی تاوانەکەو ناوی هەموو شەهیدەکان و تەنانەت ناوی تاوانباران - تیپی ٢٩ی سوپاو هەردوو ئەفسەرەکە کە ناویان عەباس و محەمەد بووەو پلەی سەربازییەکەیان ملازم بووە بنوسن و بۆ مێژوو بیهێڵنەوە . بەهیوام هەتا ئێستا ئەگەر نەیان کردووە، لەمەودوا بەو کارە هەڵبستن .


تێبینی:

**دەربارەی ئەنفالی بادینان و کۆی دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ کتێبێکم ئامادەیە بەهیوام ژیان دەرفەتم بدات بلاوی بکەمەوە**

## کۆبوونەوەی نوسینگەی باکور لە دوای ئەنفال

لەدوای ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال و بەیانی کۆتایی و لێبوردنی گشتی وا دەردەکەوێت کە پرۆسەی پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژی کۆتایی هاتووە، بەلام نا ئەوەی راگەیەندرا تەنها کۆتایی پرۆســـە ســـەربازییەکان بوو، دەنا پاکتاوکردن و راگواســـتنیش هەر بەردەوامییان هەبوو، ئەم بەڵگانەی دەیانخەینە ڕوو باس لەهەلومەرجی دوای ئەنفال وئەرکی سوپاو ئەمن و هەوالگری و راگواستنی شاری قەلاتدزێ و سەنگەسەر دەکات .

**بەڵگەی ژمارە یەک**


٨/ ٢م
١٢/٢/٣
بسم الله الرحمن الرحيم
يرجى الأشارة الى الرقم كاملاً
( سيظل الشهداء أكرم منا جميعًا )
رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشرقية
سري وشخصي الرقم / ش٣/ ق٣/ / قادسية صدام / ٤٠١
التاريخ / ١٢/ أذار / ١٩٨٩
٥/ شعبان / ١٤٠٩
الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة ( ش٣ )
الموضوع / محضر أجتماع

نهێنی و کەسی ژمارە/ش٣/ق٣/ قادسیەی صدام /٤٠١
ڕێکەوت/ ١٢/ئازار/ ١٩٨٩
٥/شعبان/ ١٤٠٩
بۆ/ بەریوبەرایەتی هەواڵگری گشی سەربازی (ش٣)
بابەت/ کۆنوسی کۆبونەوە

لەکاتژمێر ١١٠٠ لە ١١ی ئازاری ٨٩ کۆبونەیەک لەسەرۆکایەتی نوسینگەی ڕێکخستنەکانی باکور (مكتب التنظيم الشمال) بەئامادەبوونی پارێزگارەکان و رازگرەکان (امين السر)ی لقەکان وسەرۆکی فەیلەقەکان وبەرپرسانی دەزگا ئەمنیەکان بەســـترا. ئەوەی لای خوارەوە هاتووە گرنگترین ئەرکەکان بوون کە لە کۆبونەوەکەدا وتوویژی دەربارەکرا: -

1 -لەســـەرەتای ووتەکانیدا هەڤاڵ لێپرســـراوی نوســـینگە ئاماژەی بە گرنگی خوێندنەوەو تاووتوێکردنی بارودۆخی باکوردا، کە دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراســـیونەکانی ئەنفال دەرپەڕاندنی تێکدەران بۆ ئەودیوی ســـنور، هەروەها چاوخشـــاندنەوە بە هەندێک لەو بریارانەی کەوا لەڕابوردودا بەهۆی بارودۆخە تایبەتییەکەی ئەوکاتە لە ئارادابوون.

2 -لەکۆبونەوەکەدا جەخت کرایەوە لەســـەربابەتێکی گرنگ، ئەویش دیاریکردنی ئەو ناوچە قەدەغەکراوانەیە کە لەرووی ئەمنیەوە دیاری کراون و ئەوانەی کە قەدەغەیان لەســـەر نیە، هەروەها ئەوناوچانەش کە دەشێت کشتوکاڵیان تێدا بکرێ بۆئەوەی بتوانن بەرۆژلێی بمینینەوە وشـــەوان بگەڕێنەوەو جێیبهێڵن. یاخود ئەو شـــوێنانەی کە بۆ کشـــتوکاڵ گونجاون بتوانن بەشـــەو و بەرۆژ لێیبمینینەوە، پێشـــەوایانی فەیلەقەکان باسیکی تیروتەسەل و شرۆڤەیەکی باشیان پێشکەش کرد، دەربارەی ئەو ناوچانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرابوو، هەڤاڵ لێپرسراوی نوســـینگە داوای لێکردون ئەوکارە بە فەرمی جێبەجێبکرێ بۆ ئەوەی تەواوکەربێ لەگەڵ ئەوەی لەناوچەقەدەغەکراوانەدا هەیە، بەڵام دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە تەواوی لەسەرئەوبنەمایە بێت کە لە ناوچەی قەدەغەکراودان جەختی کردەوە کە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ڕێنماییەکانی ڕابوردوی نوســـینگە لە بارەی هەڵســـوکەت و مامەڵەکردنی مەیدانی لەگەڵ هەرکەســـێکدا کە لەناوچەی قەدەغەکراودایە.

لاپەرەی یەکەم نهێنی و کەسی (١- ٣)

3 -دیاری کردنی ئەوناوچانەی کە هێشتا قەدەغەی ئەمـنـی لەســـەرە، پـێـویســـتە لەســـەر ریکخراو(مونەزەمە) حیزبیەکان کەوا کارابن لە وشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان کە بەرچاوڕونیان بدەنێ سەبارەت بەوەی ڕوبەرویان

دەبێتەوە لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا ئەگەر پابەند نەبن بەوەی لەسەرەوە باسکراوە.


4 -بریاردرا نابێت هیچ شتێک لە خۆرهەلاتی سەنگەسەر بمێنێت، هەمووشتێک دەبێت لاببرێت (قەلادزەو کۆمەڵگاکانی)، هەروەها ئەوانەشی لەلای چەپی دەریاچەی دوکان و باکوری پیرەمەگرونن.. دەبێ لیژنە تایبەتەکان بەشێوەیەک دەست بەکاربن بۆ دیاریکردن و ئامادەکردنی جێگای کۆمەڵگا پێشنیارکراوەکان، دەبێت لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵدا ڕاگواستن دەست پێبکات بەڕەچاوکردنی نیشتەنەجێکردنەوەی ئەوانەی لەیەک هۆزن لە کۆمەڵگایەکدا، لەبەرئەوەی رەنگە ئەمە لە داهاتودا گێچەڵ وسەریەشەمان بۆ دروست بکات، چونکە ئەوەی سەرکردایەتی دەکات تەنها حیزبی پێشەوایە.

5 -دەبێت کۆمەڵگاکان لە لە پارێزگای سلیمانی هەڵببژێردرێن و لەکاتی نەبوونی پێگەی جوگرافیای تەواو، ئینجا لە شاری هەولێرشوێن بۆ کۆمەڵگای تردیاری بکرێ و سوود لە کۆمەڵگا کۆنەکانیش وەردەگیرێ، چونکە هەموو خزمەتگوزاریەکیان تێدایە.

6 -بەهۆی بوونی نەوت تیایاندا ناوچە ئارامەکان کە قەدەغەی ئەمنییان لەسەر نیە، کەم دەکرێنەوە بۆ نزمترین ئاست و بەکرێ دەدرێن بە کەسانی باوەڕپێکراوئەمەش دوای بانگەوازی ئاشکراو کۆکردنەوەیان دەبێت، ئەوکەسانەش لەم کارە بێبەش دەکرێن کە لەریزی تێکدەراندا پێشینەیان هەیەو کاریان لەگەڵدا کردووە.

7 -هەر وەک پێشتر ڕێنمایی لە نوسینگەی ڕێکخستنی باکورەوە دەرچووە بە گوێ نەگرتن لەسکالای ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەژیان و بەڕەچاو کردنی ئەوەی کە گوندەکان تێکدەران و دانیشتوانی ئاواییەکان خرانە ناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری حکومەتدان ئەوا مافی خۆیانە سکاڵا پێشکەش بکەن و ئەمەش ڕێنماییە کۆنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە

8 -دەبێ شێوازی بەدەرەکان وازلێبهێنن ونەگەرێنەوە بۆ نوسینگە لە هەموو کاریکدا و پێویستە ئیتر هەموو کەسێک رۆڵی خۆی بە تەواوی ببینێ لە بوارو تایبەتمەندییەکەی خۆیدا.



[redacted] 2369 —1 —A— [redacted]

٨ / ٣

بسم الله الرحمن الرحيم

٢/١٣ ام٣

يرجى الأشارة الى الرقم كاملاً

( سنبقى الشهداء أكرم منا جميعا )

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري وشخصي الرقم / ش٣/ ق٣/ / قادسية صدام / ٢٠١
التاريخ / ١٣ / أذار / ١٩٨٩
/ شعبان / ١٤٠٩

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة ( ش٣ )

الموضوع / محضر أجتماع

بالساعة ١١٠٠ من يوم ١١ أذار ٨٩ عقد أجتماع في قيادة مكتب تنظيم الشمال حضره السادة المحافظين وأمناء سر الفروع وقادة الفيالق ومسؤولي الاجهزه الامنيه وفيما يلي أهم الامور التي تمت مناقشتها خلال الاجتماع :ـ

١- أشار الرفيق مسؤول المكتب في بداية حديثه الى ضرورة تدارس الوضع في الشمال بعد أنتهاء عمليات الانفال وطرد المخربين خارج الحدود وأعادة النظر ببعض القرارات التي أتخذت في حينه لظروف أستثنائيه .

٢- تم التركيز خلال الاجتماع على مسألة جوهريه وهي تحديد الاماكن المحذوره أمنيا " والاماكن الغير المحذوره وكذلك المناطق التي من الممكن زراعتها والتواجد فيها نهارا " والانسحاب منها ليلا " وكذلك المناطق الممكن زراعتها والتواجد فيها ليلا " ونهارا " وقدم قادة الفيالق شرحا " مفصلا " عن المناطق المشار اليها أعلاه وطلب منهم الرفيق مسؤول المكتب تثبيت ذلك رسميا " لكي يتم التعامل على أساسه بشأن الذين يتواجدون في المناطق المحرمه والمحذوره وأكد على ضرورة الرجوع الى توجيهات المكتب السابقه بصدد التعامل ميدانيا "

( ١ـ ٣ )
سري وشخصي

لاپەرەی دووەم (٢-٣) سری والشخصي

9 -لەسەر دەزگا ئەمنیەکان پێویستە چەندی لە توانادایە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی ناوکۆمەڵگا نیشتەجێکراوەکان بۆخۆیان رابکیشن لە وانەی جێگەی باوەڕن بۆ دۆزینەوەی ڕێکخستنە ناوخۆییەکانیان کە لەکون وقوژبنە تاریکەکاندان.

10 - چاودێری و بە دواداچونی ڕێکخستنە ناوخۆیەکان لەلایەن هەواڵگری و ئەمنی بەتالیۆنەکان و تیپەکانەوە (فرق وفیالق) هەندێ گرفت و کێشەی بێزارکەرمان بۆ دەخولقێنێ، بۆچارەسەری ئەو ئەرکانە بە هەواڵگری یاخود بە ئاسایش (مخابرات یان الامن) دەسپێردرێن، ئەوان بە پێی تایبەتمەندی خۆیان هەڵدەستن بە چاودێری کردنیان.

11 - یەکە سەربازییەکان بەرپرسن هەرکاتێک کارێکی تێکدەرانە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان ڕویدا یان ڕوبدات، بەڵام لەناو شارو کۆمەڵگاکاندا ئەوا هەواڵگری وئاسایش (موخبارات و الامن) لێی بەرپرسن.

**تکایە بۆ بەدواداچونی ورد......... لەگەڵ ڕێزدا.**

**عەمید الرکن**
**بەڕێوەبەری هەواڵگری ڕۆژهەڵات (مدیر الاستخبارات الشرقیة)**
**١٢ی ئازاری ١٩٨٩**

سري وشخصي

مع كل من يتواجد في المناطق المحذوره .

٠٣ تأشير المناطق التي يزال عنها المحذور الامني وعلى المنظمات الحزبيه أن تنشط في مجال توعية المواطنين وتبصيرهم بالمناطق المحذوره والمناطق غير المحذوره والاجراءات التي ستترتب عليهم في حالة عدم الالتزام بما ورد أعلاه .

٠٤ تم القرار على أزالة كل ماموجود شرق سنكسر ( قلعه دزه والمجمعات التابعه لها ) وكل ماهو يسار بحيرة دوكان وشمال بيره مكرون ... على أن تباشر اللجان المختصه بتهيئة أماكن المجمعات المقترحه ويتم الترحيل في بداية شهر أيار من هذا العام مع ضرورة ملاحظة عدم الرغبه بسكن العشيره الواحده في مجمع واحد مما يخلق لنا بعض المتاعب مستقبلا "لأن الذي يقود هو الحزب القائد فقط .

٠٥ يتم أختيار المجمعات في محافظة السليمانية وفي حالة عدم وجود الرقعه الجغرافيه الكافيه أختيار مواقع للمجمعات في محافظة أربيل وكذلك الاستفاده من المجمعات السابقه والتي تتوفر فيها كافة الامور الخدميه الاخرى .

٠٦ المناطق المحذوره بسبب وجود النفط فيها تقلص الى الحد الادنى وتؤجر الى أشخاص مؤتمنين بعد جمعهم وأعلان المزايده فيما بينهم ويحرم من ذلك الذين كانوا يعملون ضمن صفوف التخريب .

٠٧ سبق وأن صدر توجيه من مكتب تنظيم الشمال بعدم سماع شكاوى المواطنين الذين يسكنون القرى المحذوره أمنيا "ونظرا" لازالة تلك القرى وأسكان أهاليها في مجمعات مسيطر عليها من قبل الدولة وعليه فأنهم من حقهم تقديم الشكاوى ويلغى التوجيه السابق .

٠٨ لابد من مغادرة الصيغ الاستثنائيه وعدم الرجوع الى المكتب في كل شيء وعلى كل واحد منا أن يأخذ دوره بالكامل في مجال أختصاصه .

( ٢ ـ ٣ )

سري وشخصي

سري وشخصي

٠٩ على الاجهزه الامنيه كسب أكبر عدد ممكن من المؤتمنين في المجمعات السكنيه لكشف التنظيمات الداخليه ومن يعملون في الزوايا المظلمه .

٠١٠ أن متابعة التنظيمات الداخليه من قبل أستخبارات وأمن الفيالق والفرق يولد لنا بعض الاشكالات والمتاعب وعليه تحال هكذا أمور الى الاستخبارات أو الامن حسب الاختصاص وهم الذين يقومون بمتابعتها .

٠١١ عند حدوث عمل تخريبي في المناطق المحذوره أمنيا " فيكون ذلك من مسؤولية القطعات العسكرية أما داخل المجمعات والمدن فيكون ذلك من مسؤولية الاستخبارات والامن .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

العقيد الركن
مدير منظومة أستخبارات المنطقة الشرقيــة
١٢ أذار ٨٩

# هۆلۆکۆستی جووەکان و ئەنفالی کوردەکان!
## ، یادەوەری لە ئۆکسجین بۆ نەتەوە گرنگترە!



**دابان جاف**

لە جەنگی جیهانی دووەمدا، نزیکەی شـەش ملیۆن جوو لە کامپەکان لە سـەر دەسـتی ئەفسـەرەکانی پۆلیسـی نهێنی (SS)رایخ دەکوژرێن. بەرپرسـی گواسـتنەوەی جووەکان بۆ کامپەکان، ئەدۆڵف ئیچمان Adolf Eichmann) (1906-1962بـوو. دوای دامەزرانـدنـی دەوڵەتـی ئیسـرائیل، بە سـزاگەیاندنی بەرپرسـانی جینۆسـایدی هۆلۆکۆسـت بووە یەکێک لەخەمە هەرە گەورەکانی ئەم دەوڵەتە، لەم چوارچێوەیەدا، دەوڵەت کۆمەڵێـک نـازی لە سـەرانسـەری ئەوروپا و ئەمریکایی لاتین بەبێ دەنگی کوشـت. ئەدۆڵف ئیچمـان، وەک ئەوەی زەوی قووتی دابێـت، هیچ سـۆراخێکی نەما، لێ بەهۆی یەکێـک لە سـیخوڕەکانی موسـاد، سـەرەداوێکیان چنگ دەکەوێت، موسـاد دەیەوێت بەبێ دەنگی بیکوژێت، لێ سـەرەک وەزیرانی ئەوکاتی ئیسـرائیل David Ben-Gurion) (دەیەوێت ئیچمان بە زیندووی بگەیەنێتە ئیسـرائیل و لەوێ دادگایی بکرێت.

سەرۆک وەزیران و سەرۆکی موساد و تیمێک لە باشترین ڕاهێنراوەکـانی موسـاد دەنێرێتە ئەرجەنتین. بەهۆی هاوسـۆزی سـیخوڕە ئیسـرائیلیەکە، شـوێن پێی ئیچمان هەڵدەگرن و شـوێنی مانەوەی دەسـت نیشـان دەکەن و چاودێری دەکەن. دوای ئەوەی ڕۆژێک ئیچمان دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دەستگیریانکرد. بەڵام کاتێک ویستیان بە فرۆکە ئیچمان بگوازنەوە بۆ ئیسـرائل، دەسـەلاتدارانی بوینس ئایرەیس ڕێگەیان پێنادەن و داوا دەکەن ئیچمان واژوو لەسـەر دۆکیۆمێنتێک بکات، بیسـەلمێنێ کە بە ڕەزامەندی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئیسرائیل، لە سەرەتادا ئیچمان ڕەتی دەکاتەوە، سـەرەڕای هەوڵی ئەفسـەرەکانی موساد، ئیچمان سـوورە لەسـەر قسـەی خۆی. دواتر ئەفسـەرێکی تری ئیسرائیلی بە ناوی پیتەر ماڵکین Peter Zvi Malkin) ( 1927-2005کە خوشکێکی بە ناوی فورما و منداڵە سێ ساڵەکەی لە کامپەکانی هۆلۆکۆست کوژرابوو، بە نهێنی و بەبێ پرسی سەرۆکی موساد ئەرکی ڕازی کردنی ئیچمان دەگرێتە ئەستۆ. بە هۆی ئەوەی باسی چیرۆکی خوشکەکەی و منداڵەکەی بۆ ئیچمان دەکات و ئیچمان بەبیری دێتەوە کاتێک پێنج هەزار یەهودی لە چاڵێک دادەنێن و چاوەڕێی ئیچمان دەکەن هەتا فرمانی کوشتنیان بدات. لەوکاتەدا فورما کچەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەزەییان بە منداڵەکە دابێتەوە، بە یەک فیشەک فورما و منداڵەکەی دەکوژرێن و هەندێک لە خوێنی منداڵەکەی فورما بەرجلەکانی ئیچمان دەکەوێت، ئینجا ڕازی دەبێت واژۆی دۆکیۆمێنتەکە بکات و بچێتە ئیسـرائیل و داگایی بکرێت.

دوای ئەوەی واژۆی ئیچمان بە دەسـت دەهێنن، نازیەکانی بیونیس ئایرەیس، شـوێنی ئیچمان ئاشـکرا دەکەن و هەڵدەکوتنە سـەر حەشـارگەکەی موسـاد، لەو کاتەدا کە ئەفسـەرەکان بەرگی فرۆکەوانیان پۆشـیوە و هەوڵ دەدەن بە دوو ئۆتۆمبێل بەرەو فرۆکەخانە بچن، هێزی پۆلیس و نازیەکان دەچنە ناو ماڵەکە و ئەفسـەرەکان لە پشـتەوەی ماڵەکەڕا دەکەن. تەنها یەک ئۆتۆمبێل لە پشـتەوەی ماڵەکە هەیە، جگە لە سـەرۆکی موسـاد، گشـت ئەفسـەرەکانی تر

نایانەوێت سورای ئۆتۆمبێلەکە بین و هاورێکانیان جێبهێڵێن، بەهەر جۆرێک بێت، پێنج ئەفسەر سواری ئۆتۆمبێلێکی بچووک دەبن و سێ دانەشیان جێدەمێنێت. کاتێک دەگەنە فڕۆکەخانە، دۆکیۆمێنەتاکانی ئەو فڕۆکەیەی ئیچمان دەگوازێتەوە دەدزرێت بۆ ئەوەی ڕێگە لەفڕینی فڕۆکەکە بگرن، یەکێک لە ئەفسەرەکانی موساد دادەبەزێت



و گشت دۆکیومێنتەکان بۆ بورجی چاودێری دەبات و هەر لەوێش بەفڕۆکەوانەکە دەڵێت بفڕە و چاوەڕێی من مەکە.

چوار ئەفسەری ئیسرائیلی لە بۆینس ئایرێس جێدەمێنن و ئیچمان دەگاتەوە ئیسرائیل. بۆ یەکەم جار، ئەفسەرێکی پایەبەرزی پۆلیسی نهێنی نازیەکان لە دادگاییەکی ئیسرائیلی بە بەرچاوی جیهانەوە دادگایی دەکرێت. دادگا بڕیار دەدات کە تاوانبارە بە گواستنەوەی شەش ملیۆن جولەکە بۆ کامپەکانی هۆڵۆکۆست و کوشتنی شەش ملیۆن جوو. بەمەش، دەوڵەتی ئیسرائیل، بە بەر چاوی جیهانەوە تاوانەکانی هۆلۆکۆست دەسەلمێنن و هۆلۆکۆست و قۆربانیەکانی بۆ هەمیشە لە یادەوەری دەوڵەتی ئیسرائیل و جیهان جێگیر دەبێت.

ئەمڕۆ لە ئەوروپاو ئەمریکا و چەند ولاتێکی تریش، نکۆڵی کردن لە تاوانەکانی هۆڵۆکۆست گەورەترین سزایی لەسەرە، هەرئەم هەولانە بوون کە ئەڵمانیاشیان ناچار کرد دان بە تاوانی نازیەکان دابنێت، داوای لێ بوردن لە جوو بکات و قەرەبووی قوربانیەکانی هۆلۆکۆست بکاتەوە و هەشتا ملیار بۆڕۆ ببەخشێتە جووەکان. ئێستاش کە بەشێکی بەرچاو لە زانکۆ باشەکانی ئەوروپا و ئەمریکا سەنتەری توێژینەوەی هۆلۆکۆستیان هەیە، دەرئەنجامی ئەو خەباتەیە ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی لە بن نەهاتووی کتێبی ئەدەبی، یەسەرهات و توێژینەوەش سەبارەت بە هۆڵۆکۆست بڵاو کراونەتەوە.

بەداخەوە لای خۆشمان، تەواو بەپێچەوانەوەیە هێشتا تەنها ١٢ساڵ دوای جێنۆسایدکردنی هەشت هەزار پیاوی بارزانی و ٨ ساڵ دوای ئەنفال کردنی خەڵکی دێهاتەکانی کوردستان و روخاندنی خانووەکانیان و گازبارانکردنی شاری هەڵەبجە، سەرکردەکانی کورد لەدژی یەکتری چاو لەتاوانەکانی بەعس و دەوڵەتی عێراق دەپۆشن و دەست لە ملانێنی فاشست و تاوانبارێکی وەک صدام حسێن دەکەن و دواتر دیوەخانانە و مووچەی باش بۆجاش و خۆ فرۆشەکان دەبڕنەوە و ڕێگری لە بەدەستەوە دانی جاش و ئەفسەرانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ و فاشستی بەعس دەکەن. جگە لەوەش هەتا ئیستا تەنها سەنتەرێکی توێژینەوە سەبارەت بە



دۆسێی ئەنفال لە زانکۆکانی کوردستان هەیە، بە دەگمەن کتێب سەبارەت بەم قەتلوعامە دڕندانەیە بەر دەستە. مەخابن هەر بیست بۆ سی ساڵێکی تره، وەک قەتلوعامی دەرسیم، ئەنفال و هەڵەبجەو شەنگالیش لە بیر دەکرێت.

مردنیش لە ناو کوردا ناخۆشە!

# ئەو مێژووەی کەس نەبوو بیگێڕێتەوە!



ڕێبین شەمامکی

کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ مانگە شەوێکی سارد و سامال بوو، ڕەتڵی پێشمەرگە دوو دوو سەرێکیان نزیکی دێی شەدەڵە ببوون، دواوەی باریکەڕێی سورداشی جێدەهێشت، تەنیا حەپە حەپی سەگ و تەقەتەقی لە دەرگادانی ئێمە، هێمنی گوندی دەشێواند.

گوندی شەدەڵە، لە بناری پیرەمەگرون لە بەردەم شەڕێکی چاوەڕواننەکراودا ئاوەدانییەکی نیوە چۆڵ بوو. هەمیشە من و حەمەساڵح دوا پێشمەرگە بووین، کە دەرگایان لێ دەکردینەوە، چونکە ئەگەر فەرموویان نەکردینایە، نەدەچووینە ژوورەوە. لە نیوە شەودا ئەو خەڵکە خێر لە خۆ نەدیوە، هەمیشە لە نێوان ترسی ڕژێم و بارگرانی پێشمەرگەدا باجی قورسی مانەوەی دەدا!

لە دەرگای چەند ماڵێکماندا کەس دەرگای لێنەکردینەوە، هەتا خۆمان لە بەردەم دەرگایەکدا دیتەوە کە ئەفەندییەکی ناو کراس و بێجامەدا لێکردینەوە بە فەرموویەکی پڕلە ڕێزی ئەو چووینە ژوورەوە. بەو ناوەختە لە شیرین خەودا بە چاوی خەواڵو قیتمان کردبووەوە، لە گران و سەنگینی ئەودا شەرممان لە خۆمان کرد کە ئەوەندەمان لە دەرگایدا.! بە پۆشاکەکەیدا وامان خوێندەوە کە لەشارەوە هاتووەو بەهەر هۆیەک بێت، ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و پێشمەرگەی بۆ ژیان پێ باشتربێت.! چونکە ئەودەمە ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەر و شاعیرو هونەرمەند پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد بوو. بە ڕوویەکی شیرینەوە گوتی: کوڕینە من بە تەنیا لێرە دەژیم. هیچی واشم نییە بۆ خواردن شایەنی ئێوە بێت، دەشزانم لە ڕێگایەکی دوورهاتوون و برسیتانە، تەنیا هەندێ مورەبای هەنجیرو نانە ڕەق شک دەبەم، کە قابیلی مێوان نییە، ئەگەر برسێتتان دەشکێنێ با بۆتان بێنم، ئەوەش جێگاو حاڵمە، ببوورن کە ناتوانم بتانحەوێنمەوە. (ئێمە لە دڵی خۆماندا زۆریش مەمنوونی بووین) گوتم: مامۆستا بۆ ئێمە چەند ساڵە مورەبامان دیتووە تا پێی ڕازی نەبین؟ نانەکە دەخۆین ودەڕۆین، نابینە بار بەسەرتەوە. بمانبوورە ئیدی ئەوە حاڵی پێشمەرگەیە.!

لەبەر سۆبەی دارو نانەڕەق ومورەبای هەنجیر جارێکی تر لە هەموو تەمەنم بەو لەززەتەوە تامم نەکردەوە! سەرنجی گۆشەیەکی ژوورەکەمدا کۆمەڵێک کتێب و ڕۆژنامە لە ناو کارتۆنێکی بچووکدا دیاربوون، دیمەنەکانی دەیبردمەوە ئەو ڕۆژانەی کتێبەخانە سەفەرییەکەی گوندیم، کە هەمیشە لە ناو فەردەو کارتۆندابوو، ئەو ماڵەو ماڵ و ئەو پەناو پەسێوم پێ دەکرد، لە ترسی (تحری) پیاوانی ڕژێم، کون نەمابوو لێی نەشارمەوە. خۆ هیچ نەبێ ئێستا چی مەمنوعە بە ئازادی دەیخوێنێتەوە، شەرارە و ڕێبازی نوێ و سەگوەڕەکەی محمد موکری، کتێبەکانی کارل مارکس و شۆڕشی ئۆکتۆبەری لینین و دەیان مەمنوعی تر، ئەو ڕۆژانەی لە قوتابخانەی ڕزگاری و بەشە ناوخۆییەکان بە دزییەوە دەستاودەستمان پێدەکرد و لە توێی بەرگی ڕۆژنامەی سەورە دەمانشاردەوە.

لە پێشمەرگایەتی زۆر کەم پێشمەرگە کتێبی دەخوێندنەوە ئەو وەختەی ئێمە بووینە پێشمەرگە لە هەموو تیپەکە 10 پێشمەرگەی تیا نەبوو شت بخوێنێتەوە، قسەیەکی ناخۆشی باویش هەبوو لە ناو پێشمەرگەی عەوام (ئەوەی زۆر بخوێنێتەوە زوو تەسلیم دەبێتەوە) من تێنەگەیشتم جگە لە هەندێ خولی کادیران هیچ شتێکی دی نەبوو بۆ ڕۆشنبیری پێشمەرگە. مەگەر ڕابەر سیاسی تیپ دوو سێ مانگ جارێک دوو قسەی بۆ پێشمەرگە کردبایە، واتە نەک پێشمەرگەی ئاسایی، تەنانەت فەرماندەی کەرت و تیپیش ڕۆڵیان نەبوو لە قەراری سیاسی حیزب، پێشمەرگە تەنیا کاری جێبەجێکردنی فەرمان بوو. ماڵی مامۆستامان جێهێشت، بۆ خەوتن لە هەر ماڵێکمان دەدا دەیانگوت پێشمەرگەی لێیە، دواجار لە ماڵی پیاوێکی مەردا گیرساینەوە کە دوو پێشمەرگەی تری لێ بوو، هەر چۆنێ بوو جیگای خۆمان کردەوە. نیو سەعاتی نەبرد دوو پێشمەرگەی تریش هاتن، بە شێوە زمانیان زانیمان هی ئەو ناوەن، لە دەرگایاندا کابرا فەرمووی لەوانیش کردو

گوتی ئەوە حاڵمانە برۆن خۆتان لەگەڵیان شـــەکل بکە ن، نەمزانی چۆن ئەو دوو کەســـە خزانە نێو جێگـاوە "ئـا بەســـاقە تۆزێ ڕێمان کەن جێمان بێت" جێگای خۆیان کردەوە، پشـــتمـانـدا بەیەک و هیلاکی ڕێ ئێمەی بردە خەوێکی قووڵەوە.

شـــەدەڵە ڕووبارێک دوو کەرتی کردبوو بەدیووی بناری پیرە مەگروون، ڕیزە مـاڵێکی چۆڵ لە ڕێی ئەنجوومەنی گوند، بۆ بارەگایەکی کاتی دیاری کرا، ئەو دوو ڕۆژەی لەوێ ماینەوە بەســـەر کارتۆنێک ڕۆژنامەی هاوکاری و هەفتەنامەی ژیندا کەوتم ئەو دوو ڕۆژە تەنیا بۆ ئێشـک و ژەمەکان ناوبرەم پێ دەدا، چووبوومەوە جیهانێکی دی لە چیرۆک و شیعر هەر لەوێ شیعری (ڕوباری خوێن)ـــــم نووسی کە دواجار لە میهرەجانێکی شیعری لە هۆلی میدیا دوای ڕاپەڕین خوێندمەوە. لە بەرە بەیانی ڕۆژی ســـێیەم لەگەڵ هات و هاواری خەڵک لە هێرشـی ڕژێم بۆ گوندەکە، لە خەو ڕاپەڕین، قســـە وا هـات کە دوژمن گەیشـــتۆتە بەرزاییەکانی ســـەرگوندەکە لە کلکەی "پیرەمەگروون". بە پەلە ئاگادارکراینەوە خۆمان بەبەستین و سـەرکەوینە سـەر بەرزاییەکانی سەرووی دێ .

لە کێوی حاجی تان، تەقەمان لێکردن و جاشەکان ڕایانکرد، شـــەڕ دامەزرا ئەو هێزەی ســـەرکەوتووبوونە بەرزاییەکان ڕاومان نان تا ســـەنگەری قولە پوشـینە، تومەز ئەو تیپەی لەوێ بوو، بێ تەقە ئەویـیـان چۆڵ کردبوو، وا بزانم تیپی ٢٩ ی کلکە سماق بوو، شەهید هاشم پلانی دانا، سەنگەر لەو هێزە بگرین نەهێلین دوژمن زیـاتر بێنەپێش، ســـەنگەرێکی کۆنی ڕژێم کە بە غەرە بەرد شـــورە کرابوو کەوتە بەر دەســـتی ئێمە، هەر دوو ســـعات جارێک چوار پێشـمەرگە لەو ســـەنگەرە لە ژێر ڕەحمەتی تۆپ و هاوەنی ڕژێم ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرا.

تەواوی هێزەکانیترمان لە ئەشکەوتی "کۆلکە بەردینە" مۆل بووین، پەناگەیەکی قایم بوو.

ناوەڕاستی مانگی ٣ بوو سـەرماو بەفر هاوڕێی سـەفەر و شـــەڕمان بوون، لە ژێرمان ئاوی کانی، چلوورە جلیتیش لە بنمیچی ئەشـــکەوتەکە شـــۆڕکەی کردبوو، ئەو ئەشـــکەوتە ڕەمزێکی ئەزەلی و شـــکۆی ئەو مەملەکەتە بوو، پاراســـتنی بووە وەزیفەمان، ئاخر تازە لەدێ دڵنیاییمان دا ئەو خەڵکە سـڤیلە کە ئەو شاخە جێ ناهێلین، (ئێستا زۆرجار کە بیر دەکەمەوە، ئەو خەڵکە چەنـد متمـانەی پێمـان بـوو، دروشـــمەکانی شـــۆڕش و کوردایەتی کاتێک بە ئێســـتا بەراوردی دەکەم و لە ســـەرکردە دەوڵەمەندەکانی ئێســـتا دەڕوانم، چ بوختانێکمان بە شـــۆڕش کرد و چ درۆزنێکی کوردایەتی دەرچوون). ئەو ماڵەی لێی دابەش بووین نانی لێ بخۆین، گوتی ڕۆڵە هیچتـان نەخوارد ئەو نـانە گەرمە ببەن لەگەڵ خۆتان، (بە هەوکێکی پڕ لە گریان) پرســـی: ئەدی ڕۆڵە ئێمە دێ بەجێ بێڵین؟ (سـەیری یەکترمان کرد) نا بەجێی مەهێڵن ئێمە ئەو شـــاخە جێ ناهێڵین، (من و حەمەساڵح وامانگوت). هێزەکەمان لەژێر فەرماندەیی هاشم شەمامکی بوو کە تێکەڵەیەک بوو لە کەرتی شەشی ٨٧ ی قەرەچوغ و کەرتێکی تیپی ٨٦ ی دەشـــتی هەولێرو مەفرەزەیەکی کەرتی پێنجی هەمـان تیـپ کە هەشـــت پێشمەرگە بوون و ئیسماعیل عەسکەری فەرماندەیان بوو.

ئیســـماعیل گەنجێکی زۆر قۆز بوو، من یەکەم جارم بوو ئەو بناسم، کاتێ لە بەردەم ئەشکەوتەکە لەگەڵ حەمەساڵح و لەتیفە سۆری گوندەکەمان گفتوگۆمان دەکرد، گوتم کاک ئیســـماعیل ئاگات لە لەتیف بێت، ( پێکەنی و گۆتی هیچ خەمت نەبی لەگەڵ خۆم دەبی) بە نۆرە هەر دووســـعات جارێک ژمارەیەک پێشـــمەرگە جێگۆڕکێیان پێ دەکرا، لە هێلی پێشـەوەی سـەنگەری بەرگری، لە یەکێک لە هێرشـی جاشـــەکان، جاشـــێک تەرمەکەی لە بن ســـەنگەرەکەمان کەوتبوو، دیـاربوو پێشـــمەرگەیەک خۆی فیـدا کردو چەکەکەی هێناو هەویەکەی لە گیرفانی دەرکردبوو، پارەکەی گیرفانیشـــی لوولدابوو خســـتبوویە نـاو دەمی، (ئەوە پەیامێکی سەروو بوو بۆ جاشەکان، پارەکانیان بخەنە ناو دەمیـان)! ئێمە بەســـەر ئەو دیمەنەدا کەوتین کاتێ من و حەمەساڵح و زانای فەرماندەی مەفرەزە و ئەنۆ و سەردار، برادەرانمان ئاڵوگۆڕکرد، جگە لە هێرشی جاش و جەیش، کۆنە سەنگەرە سەربازییەکەش پەناگەیەکی سەلامەت نەبوو بـــۆ تـــۆپە دوور هـــاوێـــژو هـــاوەنەکـــان! هێرشەکان بەردەوام بوون و بەرگری ئێمەش بێ وێنە بوو، نەیانتوانی ئەو ســـەنگەرە، یان باشـــترە بڵێین کلکەی پیرەمەگروون بکەویتە بەردەســـتیان لە هەر هێرشـێک کە

شکەستیان دەهێنا، بەتۆپ ئەو شوێنەی ئێمەیان بە خەستی دادەکوتا، لەرووی سەربازییەوە سەنگەرەکەی ئێمە زاڵ بوو بەسەر ئەواندا لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافی، نێوانی ئەشکەوتی کۆڵکە بەردینەو رەبیەکەی "قولە پوشینە" لە کلکەی "پیرەمەگروون" مەسافەیەک بوو، بە گورگە لۆقە چوار پینج خولەک دەبوو، رووتەنییەکی بەردەلان بوو هیچ پەناگەیەکی نەبوو، لە کاتی ئاڵوگۆڕی پێشمەرگەکان راستەوخۆ دەکەوتینە بەر سێرەی تفەنگ و تۆپی دوژمن، سەرە سەعاتی ئاڵوگوڕ بوو، ئیسماعیل بەخۆی و سێ پێشمەرگە سەرەیان هات لەگەڵ بەرێکەوتن، داگیرانە بەر تۆپی هاون و گولـــــه، زۆری نەبرد گەڕانەوە، هاشم شەمامکی گوتی: ها ئیسماعیل بۆ گەڕانەوە؟ گوتی: کاک هاشم با تۆپبارانەکە کەمبێتەوە، هاشم شەمامکی گوتی: عەیبە ئیسماعیل! ئیسماعیل (تورەبوو) گوتی: یاڵلا جەماعەت بابڕۆین، لەتیفە سوور گوتی: (کاتێ بەڕێکەوتین زۆرمان نەمابوو بگەینە سەنگەرەکە، سەرباز لە پێش ئێمەوە بوو بە غار دەڕۆیشتین، ئەو خۆی گەیاندە ناو سەنگەرەکە، لە پڕ نورەی تۆپێک هات، پێمگوت ئیسماعیل خۆت نەویکە، خۆی نەوی نەکرد، گوتی: ئیسماعیل لە پێش منەوە بوو، من خۆم دابووە زەوی، چاوم لێ بوو ئەو بە پێوە بوو، چۆن گولـــه هاوەنەکە دای لە ئیسماعیل و دوو مەتر زیاتر بەرزی کردەوە و لە ناو قوڕ و لیت و بەفری وەردا! گوتی: هەستێکم لە خۆم راگرت سەلامەت بووم، تەنیا خوێن لەکونی هەردوو گوێم دەهات، چوومە سەر ئیسماعیل دیتم بەر قاچی کەوتبوو ساچمەیەکیش بەناو دەمی کەوتبوو خوێن لە رووەتی دەهات، سەربازیش گەیشتبووە ناو سەنگەرەکە و من و پێشمەرگەیەکیش مابووینەوە، تەقەش بەردەوام بوو، گوتی: ئیسماعیل لە هۆش خۆی چوو بوو من وامزانی شەهید بووە بەپەلە گەڕامەوە لای کاک هاشم و جەماعەت). کاتێ لەتیفە سۆر بە شپرزەیی هاتەوە لای ئەشکەوتەکە هاواری شەهیدبوونی ئیسماعیلی هێنا، کاک هاشم بەپەلە لەگەڵ شەفەی ئامر کەرتی دووی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگە بەتانییەکیان بردو بەڕێکەوتن. کاتێ لاشەی ئیسماعیلیان گەیاندە لای ئەشکەوتەکە بینیم لە ناو بەتانیەکدا خەڵتانی خوێن ببوو، هەرگیز ئەو دیمەنەم لە بیر ناچێ ،ئیسماعیل هێشتا ئاگای لەخۆ بوو ئەگەرچی خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشتبوو و هێشتاش هەر خوێنی لەبەر دەڕۆیشت.

هیچ برین پێچ و کەرەستەیەکمان لا نەبوو دوو باڵ پشتێنەکەیمان لێکردەوە و برینەکەیم توند پێچا ، ئیسماعیل بەدەم ئازارەوە پرسی: ئەی کوا قاچم ئەی چی بە ژنەکەم بڵێم؟ لەتیفە سۆر دەستی بۆ قاچەکەی برد کە هێشتا لە ناو ئەدیدایسەکەی بوو لەسەر داوێکی ماسولکە مابوو، هێنایە پێشێ و کە بستێک لە سەرووی گۆزنگی گرتبوو، خەڵتانی خوێن ببوو هەموومانی خستە نێو خەمێکی قووڵەوە، بەڵام ئەو قسەیە لای من ئازاری زۆرتر بوو، چونکە پێش نیو سعات لای من و حەمەساڵح شتێکی گوتبوو! ئەو دەمەی بۆ یەکەمجار یەکترماننناسی چەند قسەیەکی کرد، پێم سەیر بوو زۆر بە شەوق و زەوق بوو، ورەیەکی پۆڵایینم لێ دەدیت، دەبوو بزانم شتێ روو دەدات، بەو سەرمایە بەدەم چایە خواردنەوە کە بە ئاوی چلوورە و جلیتی شەختەکە لێنرابوو، لە بێ گڵاسیش چایەکەی کردبووە ناو قونکە حشووەی ئاربیجی، زۆر بەکەیف و دڵخۆش و بێ منەت بوو، بەڵام دوا قسەی ئەوە بوو گۆتی مامۆستا رێبین من لە پێناوی کوردستان بوومەتە پێشمەرگە، هیچ باکم نییە شەهیدیش بم، بەڵام وەڵاهی لەبەر خاتری ژنەکەم، پێمناخۆشە شەهیدبم، چونکە ئێستا ژنەکەم لە کوردستان خۆشتر دەوێ، بۆیە کاتێک دەیگوت چی بە ژنەکەم بڵێم، تەنیا من دەمانزانی بۆ وا دەڵێ؟ ئێستاش نەمزانی چیرۆکی ئەو عیشقەی ئیسماعیل چی بوو؟ داخوا چەند چیرۆکی وا پاڵەوانە سەرەکییەکانیان، لە نیوەی رێگا تراژیدیانە کوژراون و کەسێکیش نەبووبێ جوامێرییەکانیان بنووسێتەوە.! پێشمەرگە زۆربەیان عازەب و بێ ژن بوون، تاک و تەرا ئەگەر چووبێتە تەمەنەوە دەنا هەموویان زگورتی بوون، بوو بە مەراقم بزانم، لە گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییە زۆر هەوڵمدا شتێکم دەست بکەوێ! بە پەلە لاشەی ئیسماعیل لە ناو دوو بەتانی دانراو بە هەشت پێشمەرگە کە تەواوی مەفرەزەکەی خۆی بوون و ئەو بەرپرسیان بوو، ئیسماعیلیان بردە خوارێ.

ئێوارە داهات، بە بێتەڵ کاک هاشـــم ئاگادار کرایەوە کە هێزێکی پێشـــمەرگە گەیشـــتوونەتە شـــەدەڵە، بۆ گۆڕینی هێزەکەی ئێمە، بەڵام شارەزایەک نەبوو سەریان بخەن بۆ لامان، پاساوی سەرنەکەوتنی ئەو هێزەش نەبوونی دەلیل و شارەزایەک بوو بۆ لای ئێمە، هاشم رووی لە ئێمە کرد گوتی: کێ لە خۆی رادەبینێ رێ بە هێزەکەی خوارەوە پیشـان بدات بۆ ئێرە؟ منیش یەکسـەر راسـت بوومەوە، گوتم من وا رۆیشـــتم، یەکەم جەولەم بوو لەگەڵ تیپی قەرەچوغ، چونکە تازە من و حەمەســـاڵح لە تیپی ٩١ ی ســـەفین لەســـەر داوای خۆمان هاتبووینە تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ.

ئەو کات سـەفین مەلاقەرە سـەرتیپ بوو، ئێمەش لە کەرتی ســـێ بووین، کە وەســـتا عەلی فەرماندەی کەرت بوو، ( وەســتا عەلی بەداخەوە لە شــەڕی براکوژی شــەهید بوو) زۆری پێناخۆش بوو، چونکە من بەرپرســـی ئێدارەی بارەگا بووم، ئەرکێکی گەورەم لە کۆڵێ کردبۆوە، نامەیەکی بۆ کاک ســەفین نووســی کە فەرماندەی تیپ بوو، نازانم چی تیا نووسی بوو، کاتێ من و حەمەسالح چووینە لای و نامەکەمان دایە دەســتی، پاش خوێندەوەی گوتی: پێمناخۆشە دەڕۆن؟ وەستا علی زۆرتان لێ رازیە؟ گوتم: کاک سەفین ئەوێ سنووری خۆمانەو زوو زووش دەگەینە دەشتی شەمامک، دیار بوو ئێمە هەر سوووربوون لەسـەر رۆیشـــتنەکە، گوتی: مادام داواکارییەکم هەیە، ئەو چەکە باشـــانە بۆ ئەوان جێبێلن و دوو کلاشـــینکۆفی ســـینی بەقۆنداغ ببەن، ئەگەر پێتان ناخۆش نییە؟ ( سـرووشـتی پێشـــمەرگە وایە حەزی بە چەکی باش و جوانە، ئەوەی چەکی خراپی پێ بێ، دوو تەفسـیری هەڵدەگرت یان تازە پێشـمەرگەیە، یان ترسـنۆکە) ! ئێمە لەوەشـیان لاریمان نەبوو.

بۆیە کاتێ هاشـم شـەمامکی گوتی: رێبین تەنیا دەڕۆی؟ گوتم: کەسـم ناوێ خۆ گورگ نامخوات؟ بە شـوێن پێی برادەران دەچمە خوارەوە، (ســەرنجێکی قوڵی دام و هیچ قســەی نەکرد)، بەس هەســتم کرد لە ژێر تاقیکردنەوەی متمانەی ئەودام! (هاشـم شـەمامکی دواجار فەرماندەیەکی پارتیزان بوو، پاش ئەوەی لە هیران بە 12 ســیخۆی تۆپباران کراین کە ســـێ رەتڵی پێشـــمەرگەی پارتیزان بووین، ئەو لەوێ بریندار بوو، پاش ئەوەی چاک دەبێتەوە، جارێکی دی گەڕایەوە دەشـــتی شـــەمامک، بە داخەوە لە شـەڕێکی نابەرامبەردا ئەویش بە پێوە شـەهید بوو، ئەگەر بوار رەخسـا لە فرسـەتێکدا چۆنیەتی شـەهیدبوونەکەی باس دەکەین). بە شـوێن پێی ئەو پێشـمەرگانە چوومە خوارەوە کە ئیسماعیلیان پێدا بردبوو، ئەوانیش سەرتیپی کلکە سماق دەلیلیان بوو، لە کەمترین شوێن بەفر لە ئەژنۆ بوو، ئەوە جگە لەو چاڵ و گەوەڕانەی هەندێجار تا پشتێنم تیای نغرۆ دەبووم! لە هەندێ شوێن دەچوومە سەر پشتی گابەردێک و ئیدی رێ نەدەما، دوو مەتر زیاتر بوو، دەبوو خۆت هەڵبدەی، بیرم دەکردەوە دەبێ حاڵی ئەو پێشمەرگانە چۆن بێت بە خۆیان و لاشـەی بریندارى ئیسـماعیلەوە؟ ناوە ناوە شــوێنەواری خوێنم دەدیت لە ســەر بەفر، پێدەچوو ئەو کـاتـانەبن کە پشـوویـان دابێـت، من شــوونهەڵگری هەنگاوی ئەوان بووم، تا گەیشــتمە نزیک بناری پیرەمەگروون، چەندین جار ســەرســم دەبرد و لە چاڵە بەفردا دەکەوتم و بە دار بەرووەکان خۆم دەگرتەوە! تا بە شوێنێ گەیشتم ئیدی شوێنی خشۆکی لاشەم بینی بەسـەر بەفردا و شـوێنەواری خوێنی لاشـەی ئیسـماعیل هەندێ جار زەردباو و هەندێ جار پەمەییەکی کاڵی بەسەر پشتی بەفر جێ مابوو! دڵم خورپا تۆ بڵێی شەهید بووبێ، بۆیە وا لەسەر بەفر رایانکێشابیت؟

**تێبینی: رێکەوتی شەهید بوونی ئیسماعیل ١٨/ ٣/ ١٩٨٨ نووســراوە، گومانم لەو رێکەوتەیە، لەگەڵ ناوی هێزی ئەو تیپەی سەرکەوتن بۆجێگای ئێمە، نادیارە .**

ئەو بەیانیەی لە خوارەوە تەقەمان لە جاشـــەکان کرد، کە دزەیان کردبووە بەرزاییەکانی ســـەر "شـــەدەڵە"، دوای ماوەیەکی کەم دەنگی فرۆکەی ســیخۆی هات، ئاگادار کراینەوە بۆ قەد چیا هەڵبکشــێین، لەترســی بۆردوومان. خەڵک تاک و تەرا مابوونەوە، دوای کەمتر لە نیوکاتژمێر بە ناپاڵم بۆردومانی گوندی شـــەدەڵەی کرد، نزیک بارەگاکانی پێشـمەرگە بە تەنیشـت گۆرسـتانەکە. دوای نیوەڕۆ کە گەڕاینەوە گوندی شـەدەڵە بارەگاکەمان دەرگای پێوە نەمابوو، لەبەر تەوژمی ناپاڵم، ئەو خەڵکەی لەوێ مـابوون، هەریەکەو بەلایەکدا بە خۆیـان و جلوجۆڕو ماڵاتیان بێ ســـەر دەســووڕانەوە. هەرچۆنێک بوو نانی

نیوەڕۆمان خوارد، مەلا سلێمان ئەوکات جێگری تیپی ٨٦ بوو، سەرپەرشتی هێزەکانی ئەو تیپەی دەکرد لەو قۆڵە، هاشم شەمامکی سەرپەرشتی کەرت و مەفرەزەکانی قەرەچوغی دەکرد، بەلام سێ ڕۆژ بوو بانگی سەرکردایەتی کرابوون، لە راستیدا ئەو هێزە زۆرەی پێشمەرگە کە هاتبوونە شەدەڵە بۆ چالاکیەکی گەورە بوو، ئێمە درەنگ زانیمان جگە لە فەرماندە و سەرتیپەکان ئاگاداری نهێنی شەڕێکی وا گەورە دەکران، قەرار وابوو شاری سلێمانی بگیرێت و لەسەر ئەزمەڕ چەند هێزێکی بەرگری ئێرانی بە چەکی قورس پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە بن، شارۆچکەی دوکانیش بە بەنداوەوە کۆنترۆڵ بکرێت و رێگای سلێمانی دۆکان لەلایەن تیپی ٢٩ ی کلکە سماق و تیپێکی مەلبەندی دوو لە سەر شاخەوە دابەزن و رێگای سەرەکی کۆنترۆڵ بکرێت، ڕێ لە هەر هێزێک بگیرێت کە بە ئاراستە دۆکان بڕوات. هەردوو تیپی قەرە چوغ و دەشتی هەولێر تیپی ٣١ ی سلێمانی قۆڵێکی ئەزمەڕەوە بێنە ناو سلێمانیەوە .جا گرتنی دۆکان کۆمەڵێ تەفسیری بۆ دەکرا، لە ناو پێشمەرگە هەندێ زانیاری دزەی کردبوو کە بەهاوکاری تیمێکی ئەندازەی ئێرانی دوای کۆنترۆڵکردنی قەزای دۆکان بەنداوەکە بتەقێندرێتەوە، کە رەنگە بۆ ئەوکات شاری بەغدا بکەوتبایە ژێر ئاوەوە! بۆچوونێکی تر هەبوو، کە ئەوەیان زیاتر رێی تێدەچوو دوای دەست بەسەرداگرتنی بەنداوەکە، ئەگەر هێزی پێشمەرگە توانی بەرگری چەند ڕۆژێک بکات، وەک کارتێکی بەهێزی فشار، رەنگە حکومەتی بەغدا بکەوێتە مفاوەزات و کۆمەڵێ مەرج جێ بەجێ بکات. بۆیە هەموو فەرماندەییەکان بۆ کاری ( استطلاع) گۆڕەپان شناسی لەسەرگەڵو بوون، وەک هەمیشە جاسووس و ئیستیخباراتی رژێم بێ خەبەر نەبوون و بەو زانیاریانەیان زانیبوو، بۆیە رژێم دەستپێشخەری کرد و ئەو هێرشەی لە چەندین قۆڵەوە لە ٢٣/٢ مانگی ١٩٨٨ دەست پێکرد، تیپی ٢٩ی کلکە سماق کە سەرتیپەکەی شێخ هاورێ بوو، لەبەر کێشەیەکی ناوخۆ، سێ ڕۆژ مانیان گرتبوو بۆ چوونە سەرچیا، لەبەر پلانی هێرشەکە نەیان دەویست هێزەکەیان ماندوو بکەن. دوایی لەسەر داوای کاک نەوشیروان لە ڕۆژی٢٥/٢ سەرکەوتن. ( گوتی کاک نەوشیروان بروسکەی بۆ کردبووین، ئێستا کاتی ئەو کێشانە نیە ئێمە لە ژێر هەڕەشەی هێرشێکی گەورە داین و مەترسی بۆ سەر سەرکردایەتی هەیە شێخ هاورێی سەرتیپ وای گووت) . دوای نیوەرۆ سەرکەوتنە سەر شاخ لە کلکەی پیرەمەگروون، کە کێوی حاجی تانیان پێ دەگوت، بەلای ڕۆژئاوا دوو قۆپکی لێ بوو قولە پوشینەو قولە سەوزە، شەڕێکی قارەمانەیان کردبوو تا خۆر ئاوا، بۆ بەیانی هێرشەکان ئەوەندە چڕ بوون تا دوو فەرماندەیان شەهید کران سەنگەریان لە دەست نەدابوو، بەلام دوای شەهید بوونی (فەرماندەی کەرت شەهید عبدالرحمن مامە رەش ، لەگەڵ جێگری کەرت هەژاری شەهید سالح عەسکەری ) کە لە ٢٦/٢ شەهید بوون .لەبەر هێرشی یەک لە دوای یەک و بوونی شەهید و بریندار، ناچار دەبن لەو سەنگەری یەکەم بکشێنەوە، بۆیە دەکەونە دۆخێکی خراپەوە، بەشێک لە پێشمەرگەکان لەگەل شەهید و بریندارەکان چووبوونەوە خوارەوە سەرەڕای نەمانی فیشەک و تەقەمەنی خواردنیشیان بۆ نەهاتبوو، بەلام بەو حاڵەشەوە دوو سەنگەریان چۆڵ نەکردبوو، بۆیە شێخ هاوڕی کەسەرتیپی تیپەکەیە، گوتی دوای چەندین پەیوندیکردن بەبێتەلەوە تا پیلی جیهازەکەیان نامێنێ پەیوەندی دەکەن بە مەڵبەندی دوو، کە ئەوکات شێخ دارا بەرپرسی مەڵبەند بوو، بەڵام کەس بەهانایانەوە ناچن، دەورو بەری کاتژمێر هەشتی شەو شێخ هاوڕێ ی سەرتیپ لەگەڵ دوو پێشمەرگە دەچێتە خوارەوە، دەڵێ ئەگەر توانیم هێزێک سەربخەم ئەوە لێرە بن تا دێن، ئەگەر هیچم پێ نەکرا، ئەو سێ فیشەکی گڕدار بۆ هەڵدەدەم ئێوەش وەرنە خوارەوە.

دیارە ئەویش هیچی بۆ ناکرێت و ناچار تیپەکە دێنە خوارەوە، دیارە لەو کاتە مستەفا سەرگەڵو کە فەرماندەی تیپی مەڵبەند بوو، بەرپرسیارێتی ئەو شەرگەیە بەو سپێردرابوو، لەگەڵ مەلا سلێمان ( کە دواجار لەگەڵ شەهید ڕێباز لە بادینان شەهید دەکرێن لە شەری براکوژی) لەگەڵ شەهید هاشم شەمامکی کە ئەوانیش بۆ پرسی سەربازی ناوچەکە لە سەرکردایەتی دەبن ، دەگەنە شەدەڵە، لەوێ شێخ گلەیی دەکا بۆ جوابیان نادەنەوە و بە هاواریانەوە نەچوون، دیارە مستەفا سەرگەڵوش بە هەندێ پاساوی ئەوەی شەڕەکان هەر لەیەک قۆڵەوە نین و سەرقالی

شـــەرگەکانی تریشـــین، کە تا ئەو کات هێرش لەســـەر قەمچوخە و ئۆمەر قەومیش هەبوو، کەرتی تیپی مەڵبەنـد بەفەرماندەی رەسوڵ حەمە زێر، لە گەروی قەمچوخە بوون، لە ٢٣/٢ و ٢٤/٢ هێرشـــێکی گەورەی جەیش و جاش بۆ ســـەر مۆرد و قەمچوخەش دەســـتی پێکرد بوو، بەلام هێرشەکان تێکشکان و پێشڕەویان نەکرد بوو تا ئێوارەی ٢٥/٢، ئەوکات داوا لە شـــەهید مەلا ســـلێمان دەکرێت کە جێگری تیپی ٨٦ ی دەشـــتی هەولێر بوو، لەگەل هاشـــم شەمامکی کە سەرپەرشتی تیپی قەرەچوغی دەکرد لەو قوڵە هێزێک سـەربخەن بۆ جێگای تیپی ٢٩ کلکە سـماق، دیارە ئەوانیش بە پاســاوی ئەوەی کێ ناڵێ ئێســتا شــاخەکە نەگیراوە چۆن ســەرکەوین؟ بۆیە ســەعیدی جێگری تیپی ٢٩ ی کلکە ســـمـاق لە خوارەوە دەبێ و نەچووبووە سەرشاخ دەڵێ من دەڕۆمە سەرشاخ لەگەڵ دوو پێشمەرگە، ئەگەر هێزی دووژمن ســـەنگەرەکانیان گرتبوو ئەوا با من بکوژرێم، ئەگەر ســـەنگەرەکانیش چۆڵ بوون ئەوا دوو گڕدار هەڵدەدەم و ئێوەش ســـەرکەون، ئیدی ئەوەبوو دوو گڕدار هەڵدرا ئەوجا هێزەکەی ئێمە بە فەرماندەی هاشـــم شەمامکی سەر کەوتین ، دەورو بەری ١١ ی شەو گەیشتینە سەر شاخ و قوله سەوزە گیرابوو، قوڵە پوشینەش لە نێوان ئێمەو ئەوان بە چۆڵی مابۆوە، ئێشـک گیراو تابەیانی بەو سەرمایە هەڵدەلەرزین، تەنانەت نەدەبوو ئاگریش بکەینەوە، دووسێ کەچە بەتانی تەڕ لەوێ کەوتبوو، بەفرێکی زۆریش باریبوو، تابەیانی هێرش دەســـتی پێ نەکرد، تەنیا ناوە ناوە تۆپباران دەکراین، شــەوێکی زۆر ســارد و شــەختە بەندی ســەخت و درێژ و دژوار بوو، ئەو شــەوانەی حازر خۆرەکانی ئەو کاتی ژێر بەتانی دەیانگوت ئەوشەو شەوی پێشمەرگەیە! بەڵام خۆ پێشمەرگەش هەر گوشت و خوێن بوو، لە بەر ســەرما هەموو دەســت و پەنجە و جومگەکانی جەســتەمان گۆد و رەق ببوون، پێشـمەرگەش مرۆڤ بوون خۆ پیاوی ئەفســـانە نەبوون! بەڵام هەمیشـــە دەبوو لە خەڵکی ئاسـایی جیاباێ، چونکە شـوناسـی پێشـمەرگە لە دیدی خەڵکدا وێنایەکی گەورەتر لەخۆی بۆ کێشـــابوو، پێمان شـــەرم بوو بڵێین ناوێرن، ناچین ، دەترســـیین، چونکە هەستت دەکرد لەو فۆرم و چوار چیوەیە دەردەچیت و ئیدی شکۆت دەشکێت و ئەو سیفەتە لە دەست دەدەیت!

بۆیە زۆر لەو شـــەڕە نـا بەرانبەرانەی فەرمـانـدە و پێشـــمەرگەکانیش دەیانزانی ئیدی ناگەڕێنەوە شـــەهید دەبن. بەڵام هەر دەچوون، پێیان شـــەرم بوو نـارەزایی دەرببڕن! خۆر دوا روخســـاری نارنجی خۆی، لە کلکەی پیرەمەگروون بزر دەکرد، تـاریکـایی وردە وردە بەتەنکی دادەکەوت، لەگەڵ خۆرئاوا گەیشـــتمە دێ، ئەو هێزەی کە بڕیار بوو رێگایان نیشـــان بدەم و خۆم لە شـــەدەڵە بمێنمەوە، تا هێزەکەی خۆمان لە شاخ دێنە خوارەوە.

پرســیم کێ بەرپرســی ئەو هێزەیە وا بەتەمان بۆ شـــاخ ســـەرکەون؟ یەکێکیان نیشـــاندام نازانم ناوی چی بوو فەرماندەی( وا لە سـۆراخ و پرسـینی ئەو هێزەم، هێشـتا سـا غ نەبۆتەوە) گوتم کاک هاشـم سـڵاوی هەیە بۆتان، هاتووم رێگاتان نیشـــان بدەم تا ســـەرکەون، گوتی: ئێمە شـــارەزانین ئەگەر لەگەڵمان ســـەرنەکەوی ســـەرناکەوین! ئەوەنـدەی گوتم بەفرەکە شـــکاوە و شـــوێن پێی یەک مەفرەزەی پێوە دیارە کە ئەمڕۆ بریندارِیان پێدا هێناوەتە خوارەوە، چەنـدی من گوتم ئـاخر تـازە دابەزیووم هیلاکم، بەلاش بوو، دڵنیا بووم ئەگەر پێشیان نەکەوم سەرناکەون، هێزەکەی ئێمەش برسی و هیلاک بوون ئەوشەو لەناو بەفر و بەبێ هیچ پەناگەو هێرشـی بەردەوامی دوژمنیش، رەنگە من ببمە هۆی رووداونی هەر شـــتێک، لە ئەگەری نەچوونم رووبدات! دوکانێک لە ســـووچێکی گوندەکەوە دیار بوو، پێشـــمەرگە کەڕە ســیســـەیان لێکردبوو، گوتم باشـــە من پێشتان دەکەوم با بچم پسکوێتێ شتێ بکڕم زۆرم برسیە، کەس بەکەس نەبوو، خەلکی ناوچەکەش گشـتی لە هەوڵێ دەرباز کردنی ماڵ و مناڵ و ماڵاتی خۆیان بوون، خەڵکی شـەدەلە بە شـێکیان روو لە ناورژێم رۆیشـتبوون، دواجار زانیم گیران و ئەنفال کران! ئەوەی مابوونەوە بەشـێکیان روو لە مێرگەپان و بەشیکیشیان بە ئاراستەی سەرگەڵو و لە هەڵاج و دابانیان دابوو و ئاودیوو ببوون. زۆر پەرۆش بووم بـزانـم ئیســـمـاعیـل چی بەســـەر هـاتووە، ســـابیر کـاریتـانی کە ئـامر مەفرەزەی کەرتی چواری قەرەچوغ بوو سـەرپەرشـتی نیوەی هێزەکەی دەکرد، بۆی گێڕامەوە، گوتی هێشـتا لە ناو شـەدەڵە بووین لەتیفە سـۆر شـــەمامەری خەبەری داینێ شـــەهیدمان هەیە، وتی لەگەڵ چوار پێشـــمەرگە بەرێکەوتین ، لە بنـاری پیرەمەگروون

مەسافەیەک سەرکەوتین، تەرمێک لە ناو بەتانیەکی تاوس لولدرابوو، کاتێ کردمانەوە سەیرمان کرد ئیسماعیل عەسکەری بوو. زۆر خەفەتم بۆی خوارد، تەرمەکەمان لە چیا هێنا خوارەوە. لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی گوند بردمانە مێرگەپان، چونکە لەوێ گۆڕی حازری لێ بوو، گوتی دوازدە پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم برد، هەر بەپێ بەنۆرە تەرمەکەمان گەیاندە ئەوێ، تەرمەکەمان بەئاوی سارد شۆرد و هەر بە پشتینەکەی خۆی کفنمان کرد، ووتی لەو دەمەی خەریکی ناشتنی بووین، رژێم رەتڵێ راجیمەی کیمیاوی بە ئاراستەی هەلاج و سەرگەڵو هاویشت!

تێبینی:نازانم چۆن زانیبووی شەهید دەبێ، مامۆستا سەردار قورشاغلوی گۆتی ئیسماعیل عەسکەری زۆر برادەرم بوو، کاتێ برینەکەتان دەبەستەوە چاوم پێکەوت گۆتی: مامۆستا سەردار ئەو جارە ئەمن شەهید دەبم، چونکە جارێکی تریش لە لێدانی رەبیەکانی گوندی مشاری بناری قەرەچوغ بریندار ببوو، گوتی منیش گوتم بە خوای شەهید نابی ئێستا دەتگەیەنینە خەستەخانەی سەرگەڵو. شەهید ئیسماعیل دوای شەهید بوونی شەهید مەنافی ئامر کەرتیان، خۆی و نەوزاد سفەیە ئامر مەفرەزە بوون، بە بڕیاری مەڵبەند بروسکە هاتبوو، کامیان دەبێتە فەرماندەی کەرت ئەویتر ببێتە جێگر، چونکە تازە ژنی هێنابوو، بەنەوزاد سفەیەی گوت تو براگەورە بە من جێگر، من تازە ژنم هێناوە. فەرماندەی کەرت ئیلتیزاماتی زیاترە، کاتێ بروسکە دەکرێ هەرچی پێشمەرگەی ئەو کەرتەیە بێن بۆ سەرکردایەتی، نەوزاد دەڵێ منیش تازە لەسەرکردایەتی گەڕابوومەوە، گوتی ئیسماعیل بە خۆی و پێشمەرگەکانی لە ناو تەراکتۆرێک بوون، بەرێ دەکەوتن، گوتی منیش خۆم هەڵدایە ناو تراکتۆرەکە، گوتی ئیسماعیل تراکتۆرەکەی راگرت، گوتی: نەوزاد تۆ بگەڕێوە ماندوی تازە هاتویتەوە، منیش دەمگوت تۆ تازە ژنت هێناوە بگەڕێوە، گوتی: سویندی خوارد دەبێ بگەڕێیەوە، گوتی من چ بزانم ئیسماعیل دەروا و ئیدی ناگەڕێتەوە! دەنا چۆن دەمهێشت بڕوا؟!

تاریق یەزدینی هاوڕێی شەهید ئیسماعیل و پێشمەرگەی کەرتەکەی ئەو رۆژەی تێلی بۆ کردم، گوتی ئەو قەمسەڵەی پێوەی شەهید بوو هی من بوو، تازە بۆم هاتبوو بارانگیریش بوو، گوتی تاریق ئەو قەمسەڵەیە زۆر جوانە، گوتی منیش پێشکەشیم کرد. دوای بەشی یەکەم خوارزاکانی ئیسماعیل پەیوەندیان پێوە کردم، ویستم هەندێ وردەکاری هاوسەرگیریەکەی بزانم،( غەزال خانی خوشکی وا دوا: گۆتی من گەورە بەگچکە ژنم لۆ ئیسماعیلی کرد، ئەوعومری گچکە بوو وکی من مێردم کرد، ئیدی لەو عومرەوە بووە دەستگیرانی و زۆر یەکدیان خۆشدەویست. بڕوا ناکەم کەس وەکی ئەوان ئەوەندە یەکدیان خۆش ویستبێ( لێرەوە بەگریانەوە دەدوا) مرازی حاسر نەبوو، زۆر پێکەوە نەبوون، ئەو جوانە مەرگ بوو، هیچ منداریان نەبوو، ژنەکەی چۆوە مارێ بابی، دوایێ گۆتمان لۆخۆت مێردی بکەوە لۆ بەو عومرە دادەنیشی) ؟

تێبینی دووەم: بۆ ئەو بەشە هەریەک لە سەرتیپی ٢٩ ی کلکە سماق شێخ هاوڕێ و پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو تیپە کاک قادر یاسین و کاک ئامانج و کاک مەلیک کۆمەڵێ زانیاری دروستیان پێدام و بۆ راستکردمەوە سوپاسیان دەکەم.

هەروەها پێشمەرگە دێرینەکانی ٨٧ قەرەچوغ و ٨٦ ی دەشتی هەولێر، هەریەک لە بەرێز سابیر کاریتانی، لەتیفە سۆر، رەشید مزحمەدی، نەوزاد سفەییە، سەمەد سیاوی، و عەبدولا سیاوی ، کەریم سیاوی، کاک شەفیق، کاک تاریق یەزدین، کاک محمود شەمامکی، مامۆستا سەردار و کاک برهان کەرکوکی و کاک بەلێن سالەیی زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ زانیاریەکانیان.

رەتڵێ کاتیۆشا بە ئاراستەی سەرگەڵو هاویشترا و بەشێکی دای لە قەدی هەلاج، دووکەڵێکی سپی لێ هەڵستا گومانی کیمیاویمان لێکرد،( هەرواش دەرچوو) ، زۆر گەڕاین بەردمان دەست نەکەوت سەری قەبرەکەی پێ داپۆشین، دواجار بەدار رایەڵەمان کرد و خۆڵمان کردە بانی و شاردمانەوە. ئەو رۆژەی ئەو مێژووەی دەگێڕایەوە، گوتی قەت قسەیەکی ئەو شەوەی ئیسماعیلم لە بیر ناچێ کاتێ لە ناو شەدەڵە بووین، هێشتا هێرشەکە دەستی پێ نەکردبوو، هێزەکانمان لەچەند خانوویەکی چۆڵێ تەک یەک دابەش کردبوو، لیستێکی ئێشکمان دانا بوو، هەر ئێوارە بوو سەرەی ئیسماعیل بوو، لەبەردەم هەیوانی خانوەکە پیاسەی دەکرد، سەری لە پەنجەرەکەی ئێمە

هەڵکێشا گوتی سابیر کاریتانی کە چووینەوە سێکانیان حەزت لە چیە دەعوەتــت بکەم؟ گوتم کفتە، گوتی: بـا بگەڕێینەوە خواریٚ بەســـەر چاو! بە داخەوە بۆ شـــەهید بوونی، ئەو خۆشەویستی هەمووان بوو.

ئیسماعیل تازە لە پێشمەرگایەتی ژنی هێنا بوو، لە گوندی سێکانیانی دەم زێی، ماڵێکی سادەو سەفەری بۆ دانابوو! پـلکە "لەعلێی" دایکی بـنەوانـی دەکرد. ژنهێنـــان لە پێشمەرگایەتی دەگمەن بوو، بۆیە زۆربەی پێشمەرگە گەنج و زگورتی بوون.

ئەو رۆژەی لەماڵی لەتیفە ســووری شـــەمامەری، بۆ پشــت راســتکرنەوەی رووداوەکان لێم پرســی ئیســـماعیل چۆن شەهید بوو، گوتی خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشتبوو، بەس هەر هۆشـی مابوو، کاتیٚ هیلاک دەبووین و پشـوویەکمان دەدا، هـاواری لیٚ بلّند دەبوو. بەپەلە بوو زوو بیگەیننە خوارەوە نەوک بمریٚ! بەلام ئەو ســـاچمەی بەر رومەتی کەوتبوو کـاکیلەیەکی بردبوو، لە بەر زامەکەی نەیـدەتوانی وشەکان بەباشی دەربڕیٚ، جیابوو لەگەڵ ئەو کاتەی هێشتا زامەکەی ناودەمی گەرم بوو و لەگۆی نەخستبوو، بەڕەوانی دەیگوت ( ئەدی کوا قاچەکەم ئەدی چی بە ژنەکەم بڵێم)؟

ئەو رستەیە هێشتا لە زیهنم زایەڵەی دەداتەوە، چەند تەریبە لەگەڵ ئەو قسەی لای ئەشکەوتەکەی کۆلکە بەردینەی سـەر پیرەمەگروون، کە لای من و حەمەســالح درکاندی، گوتی ( من کوردســـــتانم خۆش دەویٚ بەلّام ژنەکەی خۆم زیـاتر خۆش دەویٚ) زۆر جـار بیر دەکەمەوە ئەوە ئەگەر فیلم ســازێک بهاتبا ئەو دیمەنەی بیگواســتبایەوە بۆ فیلمێکی سینەمایی و شەهید ئیسماعیل یش کارکتەری سەرکی با، ئاخۆ ئەو دوو رســـتەی ئیســـــماعیلی چۆن تێک بدابا ؟ بەنەزەری ئەو ئاخر چۆن دەبیٚ کارەکتەرێکی وا قارەمان ژنەکەی لە کوردستان خۆشتر بویٚ؟ لە شوێن رستەی چی بە ژنەکەم بڵێم؟ رەنگە بیکردبــایە ( بە ژنەکەم بڵێن مێردەکەت لە نێوان باوەشـــی تۆ و باوەشـــی نیشـــتمان، نیشـــتمانی هەڵبژارد! ئای چ کارگەریەکی دەبوو فلیمەکە!؟ ئەگەر منیش لە گێڕانەوەی ئەو بیرەوەریە بمویســـتبـا ئیســـــماعیـل پـالەوانتر بکەم، جگە لە خیـانەت، تۆی خوێنەریش هەســـتت دەکرد کە چیرۆک، یاخود رۆمانێک دەخوێنێتەوە نەک بیرەوەریەک! کە ئەمـانەتێکی مێژووی

میللەتێکە ئەبیٚ چۆن رویــدابیٚ وای بگێڕیتەوە. بۆیە کەسمان ناتوانین گوزارش لە ناخی راستەقینەی ئیسماعیل بکەین! ئەو چەند راســـتگۆیانە دوا و قســـەی دڵی خۆی کرد، ئــاخۆ لە نێوان ژیــان و قوربــانیــدا، لە نێوان خۆشـــەویســـتی کوردســـتان و ژنەکەی دا، بۆچی ژنەکەی زیــاتر؟ دەبیٚ چ پەیمــانێکی بەتــازە بووک دابیٚ و چ پووشـیکیان بۆ هێلانەی ژیان و دوا رۆژی خۆیان کێشـا بیٚ؟ ئای بۆ یەکیٚ ئاگاداری ئەو کاتە بایە کە برووســـکەی بۆ کرابوو، هەرچی پێشمەرگەیە بەوانەی خێزانداریشن بۆ ســـەرکردایەتی بەرێیکەون. دەبیٚ چۆن خوا حـافیزی لە بووکە خان کردبیٚ؟ دەبیٚ بە مەزەندەی ئیســــماعیل ئەو ســـەفەرەی چەند کورت بیٚ ؟ کە ئەوەنـدەی پێناچێت و دەگەڕێتەوە باوەشی بووکەخان؟

ئـاخر ئەو نەیزانی تـازە خەبـاتی پێشـــەرگـایەتی بۆتە وەزیفەیی و چارەنووســی بەقەدەری مەرگ بەســتراتەوە ! یان بە خەیاڵی ئەوە بووە رۆژێک کوردستان ئازاد دەبێت و ئیسماعیلیش لە مەراسیمێکی شکۆداردا لەگەڵ هاورێکانی لە حزووری خەڵک و لە ناویشیاندا ژنەکەی و لەعلیٚ خانی دایکی، مەدالیای ریز لێنانی پیٚ دەبەخشریٚ و تا ژیان ماوە دەگەڕێتەوە بــاوەشـــــی هەردوکیــان!! نەک بـووک لە چاوەڕوانی هەواڵیٚ شەهید بوونی ئیسماعیلی زاوادا شۆک ببێت و ببوورێتەوە..!

لەتیفە ســوور بەردەوام بوو گوتی: ( گەیشــتینە ناو قەدی چیا، لەســـەر پشــتی بەردێکی گەورە دامانا پشـــوویەک بدەین، ســەیرێکی ئیســماعیلم کرد، دەســتی ســارد ببوو، گوێمان لە ترپەی دڵی گرت، لاشـــەیەکی بیٚ گیـان بوو، هەموومانی خســـتە خەمێکی قوڵەوە، چۆن جێت هێشــتین فەرماندە؟ تەرمەکەمان لە بەتانیەکە لول دا و بە پشتێنەکەی جوان پێچامان، تا گەیاندمانە بناری چیا، لەویٚ لەســـــەر گابەردێک درێژمان کرد، ئیدی هیلاک بووین، بڕیارمان دا خەبەر بدەینە پێشمەرگەکانی ناوشـەدەڵە یارمەتیمان بدەن هەتا بینێژین) ئەوەبوو ســـــابیر کاریتانی بە هاوارمانەوە هات.

راســتگۆبین کەســمان لە پێشــمەرگایەتی حەزمان لە مردن نەبوو، بەلام لای هەریەکێکمان قوربانیدان و جەربەزەییش رێژەیی بوو، پێشـمەرگەمان دیت لە ترسـی مردن شـەڕگەی

بەجێهێشت و لە بن شاخێک کە بنەگەی بارەگایەکی کاتی بوو، لەوێ بووە نانەوا! پێشـــمەرگەشـــمان دیت، کە بۆ گرتنی رەبیەیەک دەچووین، خۆی دەرشـاندەوە بۆ ئەوەی نەیبەین! پێشـــمەرگەش هەبوو گوللەی لە قاچی خۆی دا! هەشـبوو ددانی خۆی بە سـاغی کێشـا، بەس بۆ ئەوەی نەیبەن بۆشەڕ! بەلام پێشمەرگەش هەبوو وەک ئیسماعیل بە پێوە شـەهید دەبوو! بەڵێ پێشـمەرگەش هەبوو گوتی ناوم لە دەستەی دەستی هجووم نەبێ چەک دادەنێم!

بە بیرم دێ لە تیپی ٩١ ی سـەفین بووم یەکەم جارم بوو، بەشـداری گرتنی رەبایە ( سـەنگەری سـەربازی) بکەم، دەریان هێنام بۆ دەستەی هجووم ئای کەیفم بە خۆم هات، دوای دووخولەک ئێمەیان دایە بەر دەسترێژی گوللە تومەز رەبیەکە کەمینیان دەرکردبوو، گوللە بە ناو شـەرواڵمان دا رەت دەبوو بە موعجیزە دەرچووین و نە کوژراین ( ئێستا کە بەبیرم دێتەوە مووچڕک بە گیانم دادێ، وەرە بەرەو پیری مەرگ بڕۆیت دڵت پێی خۆش بێت! دەستەی هجووم ٥٠% بە خەسـارە دادەنرا بۆیە کەم جار بوو ژمارەیان بگەیشـتبایە ١٠ کەس، ئەوە چ باوەڕێک بوو؟) لە گرتنی رەبایەدا هەمیشـە دەسـتەی هجووم( هێرش بەر) زۆرترین شـەهیدی چالاکیەکانی پێشـمەرگە بوون. چونکە دەبایە تا بن رەبیەکە بڕۆیت، لەوێ چاوەڕێی کاتژمێر سـفر بیت! کاتێ یەکەم گوللەی RBG و دەسـترێژی BKC ریزی پشـتەوە تەقە دەکەن دەبوو خۆت ئامادەکردبا روممانەو نارنجۆک هەڵدەیتە ناو رەبایەکە ئینجا بە دەسـترێژی کلاشـینکۆف هەڵکوتیە ناو رەبایە، لەو کاتەش جاری وا هەیە ئەوانەی ناو رەبایە دەسـت نادەن و بەرگری دەکەن ئەوکاتە چارەنووسـی ئەوانەی دەسـتەی هێرشـن، مەرگ لێیان نزیکترە تا ژیان! جاری واش هەیە لەکاتی هەڵکوتانە ناو سـەنگەریش جاشـێک یان سـەربازێک ماوە یان بریندارە لە تاوگیانی خۆی هەر دەزانێ دەکوژرێ ئیدی کوێرانە تەقە دەکات، زۆر قارەمانی وا شەهید بوون! جاری واش هەبووە ئەوانەی دواوە هێشـتا تەقەیان بەردەوامە تۆش لە حاڵەتی هێرشـی ناوسـەنگەری، بۆیە زۆرجار بە تەقەی پێشمەرگەی خۆمان پێشمەرگەکانی دەستەی هجووم شەهید دەبوون!

ئێمە کە لە شـاخ بووین، بەو تەمەنە روئیای هەرزەییمان وەک گەنجیکی بە حەمـاسـی خوێن گەرم، ئەودیوی کۆلانەکانی ژیانمان بۆ بەرژەوەندی و حەزی هەرزەییمان نەدەدیت، ئەوەندە رۆحە نەتەوەییەکە زاڵ ببوو بەسـەرمان، ژیـان بەو هەموو مانـا گەورەیەوە تەنیا یەکسـان بوو بەکوردایەتی! ئەگەرچی بە جیاوازی لە ئاستی رۆشنبیری، هیواکـانیش پێناسـەی جودای وەردەگرت! بۆ نموونە شەهید داود یادی بەخێر گەنجێکی جوانی گوندی کاریتان بوو، ئەو شوان بوو، کاتێ رژێم گوندەکەیانی تێکدا ئیدی ئەو بە رۆحی تۆلەسـەندنەوە تەیار ببوو، بووە پێشـمەرگە، هەموو جارێ برادەران بەگاڵتە پێیان دەگوت: داود شـۆفەڵ پالێ پێوەناوە ببتە پێشـمەرگە، رژێم گۆپالی لێسـتاندیە ئەویش دەسـتی داوەتە تفەنگ! ئەویش قسـەیەکی هەبوو ، گشت کەرەتێک دەیگوت( کورە وەڵلا ئەمن مرکی شۆڕشم ئەنگۆ کەنگی بـاوەڕم پێ دەکەن؟) ئەو راسـتی کرد ، لەشـەڕی کونەکۆتر شـەهید بوو، چونکە بەس شـەهیدەکان موڵکی شـۆڕش بوون ، زۆر قـارەمـانمـان دیـت لە پێشـمەرگایەتی هەڵگەڕانەوەو بوونە مەفرەزە خاسـە و پیاوی ئەمن و مێژوویەکی ناشرینیان بۆخۆیان نووسیەوە!

شەهید داود یەک هیوایەتی هەبوو، جارێکی دی بگەڕێتەوە گوندی و بچێتەوە بەر مەڕی، ببێتەوە شوان، ئەوەی خۆشی دەویسـت بیکاتە بێری سـەد سـەرە مەڕی عارەبی! ( ئەو نهێنیەی لە سـەر چیای نووسـەک بۆ درکاندم کاتێ چاوی بە مێگەلە بزنێکی گونـدی سـەردۆر کەوت لە قەد چیـا دەلەوەران، من بەگاڵتە گوتم ئێسـتا شـوانی ئەو بزنانە نەبیـت داود! ئەو بەڕاسـتی قورگی پڕ بوو لەگریـان! داواکاریەکەت چەند کەم بوو داود گیان!

ئێمە هەمیشە لە نێوان ژیانی ژێر دەستەی بەعس و ژیانی پڕ شکۆی پێشمەرگایەتی، ئەوەی دووەممان هەڵبژارد بوو، کە ئەویش لە نێوان مان و مەرگدا هەمیشـە مەرگ نزیکتر بوو لێمـان! بۆیە بەو قەدەرەش رازی بووین! وێنەو وەسـیەتی یەکترمان هەڵگرتبوو، هەبوو دەیگووت: (ئەگەر شـەهید بووم با ئەو رەسـمە ببێتە پۆسـتەری شـەهیدیم ) هەشبوو دەیگوت : (ئەگەر شەهید بووم ئەو نامەیەت لابێ ئەمانەت بێت بیگەیەنە ماڵی دەسـگیرانەکەم) ! زۆر نهێنی تریش! بەڵام زۆریش هەبوون بەرگەی ئەو رێگا سـەختەی

ئەو کاروانەیان نەگرت و تەسلیم بوونەوە. بە شێکیش کەس و کاریان دەهاتن دەیانبردنەوە، رۆحیش شیرینە رەنگە ئاسان نەبێت هەر رۆژەی بە گیانی چەند پێشمەرگەیەک داستانێک تۆمار دەکرا، هەر وەرزەی لە هێرشێکی سەر ناوچە ئازدکراوەکاندا چەندین شەهیدو بریندارمان دەدا .دڵی دایک ئەوە نازانێ ئەو دەزانێ کورەکەی بە قوربەسەری گەورە کردووە و دەیەوێ لە سێبەریا بحەسێتەوە، نەوەک بۆ کوورەی ئاگرێک رەوانی بکات و هەمیشە دڵی لە ناو دەستی دا بێت، نەوەک رۆژێک هەواڵی شەهید بوونی کورەکەی پێ بگات! ئەو مەعریفەیە کوا ئاخر خۆ هەموو دایکێک ( پلکە لعلێ نەبوو قارەمانی وەک ئیسماعیلی بۆ شۆڕش پەروەردە بکات) ؟ کاتێ ژنی بۆ ئیسماعیل هێنا، شاری جێ هێشت و و بارەگای کەرتی ئیسماعیل لە کوێ با ئەویش لەوێ بوو، ئاخر نیشتمانیش رۆڵەی دەوێ قوربانی بۆ بدات؟

رۆژێکیان دوو دایک هاتبوون بۆ سەردانی کورەکانیان، بارەگای کەرتی ٣ ی ٩١ سەفین لە نازەنین بوو، ئێزنیان خواست ئەمشەو لەگەڵ دایکمان دەبین، بەیانی تا عەسر چاوەڕێمان کردن سۆراخیان نەبوو، دواجار ئەو ماڵەی لێی مابوونەوە بە خێری خۆی چەک و تاخمەکانیان بۆ هێنانەوە، وتی دایکیان تابەیانی دەگریان و تکایان لێ دەکردن، تا رازیانکردن لەگەڵیان برۆنەوە! ئەوانیش هەر دایک بوون! لە پێشمەرگایەتی دوو قسە زۆر باو بوو دەگوترا شۆرش وەک شەمەندەفەر وایە لە هەر وێستگەیەک چەند کەسێک دادەبەزێ و چەند کەسێکی تر سەر دەکەوێ! ئەوەی تەسلیمیش دەبۆوە دەیانگوت پایسکل لێی دا! لە ماوەی ساڵی ١٩٨٦ بۆ ١٩٨٧ خەڵک بە لێشاو دەبوونە پێشمەرگە، رێکخستن و پەروەردە کاڵ ببوونەوە، شۆڕش چووە قۆناغێکی سەخت لە هێرش و چالاکی دژ بەیەک لەگەڵ رژێم، ئەو تێڕوانیە ئارامیەی قسەی لەسەر بوو لەسەر چۆنایەتی پوخت و چەکدار بە مەعریفەی خەباتی پارتیزانی کە لەسەر دەمی شەهید ئارام زۆرترین پشتگیری هەبوو، لە بەرانبەریشدا تێروانینی ماویانەی مام جەلال لە هارمۆنی کردنی زۆربەی چینەکان لە گۆشەی کوردایەتیەوە . بەلام لە سالی ١٩٨٨ تەواو کاڵ ببۆوە،

تەنانەت لەسەر ئاستی کادیرەکانی ناو رێکخستن چ جای پێشمەرگە؟

دوای بریندار بوونی ئیسماعیل عەسکەری، مشیر شۆڕە زەرتکەیی کە فەرمانـدەی مەفرەزە بوو لەکەرتی ٣ ی قەرەچوخ ، لەگەڵ مامۆستا سەردار قورشاغلویی و بەڵێن سالەیی و برهان کەرکوکی دەچنە جێی رەشید مزەحمەد و مەحمود و برادەرانی ، سەردار کە لەو شەڕە بریندار دەبێت، دەڵێ لەگەل چوونمان بۆ ناو سەنگەرکە کە تەنیا غەرە بەردێکی گەورە بوو، من و مشیر لە سووچێک و هەریەیەک لە بەڵێن سالەیی و برهان کەرکوکی لەسووچێکی تری سەنگەرەکە دامەزراین، مشیر چووە سەر Bkc و منیش RbG یەکەم گرتە دەست، دوای تۆپبارانێکی خەست، هێرشی رژێم دەستی پێکرد، کۆپتەریش لە ئاسمانی شەڕەکە پەیدا بوون، مشیر زۆر قارەمانانە لێیان هاتە دەست مەگەر لە فلیمەکان شتی وات دیبێ، بەڵام هەر خەمی منی بوو چونکە من بە پێوە ئاربیجیەکانم دەتەقاند، ئەوەندە لێمان نزیک ببوونەوە تەنانەت لە حوکمی کلاشینکۆف و ئاربیجی تێپەڕی نەدەکرد، سەنگەرەکەی ئێمە نیشانەکی دیاریکراو بوو بۆیان، چونکە دەوروبەری سەنگەرەکەمان رووتەنی بوو، هێرشەکان یەک بەدوای یەک بوو، بەلام نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن، تۆپی هاوونەکانیان زۆر بەچڕێ دەیکوتاین.

بورهان دەڵێ بەر لەوەی بەر مامۆستا سەردار بکەوێ ئاربیجیەکیان لە سووچی سەنگەرەکەی ئێمەدا، جگە لە بەرکەوتنی پرووشە بەردو قورو لیتی بەفر، ئێمە سەلامەت بووین. بەلام کاتێ مامۆستا سەردار سیانزەمین ئاربیجی پێوەنان، کە تا ئەوکاتە دەیژماردن، یەک تۆپ هات دای لە سووچی سەنگەری مامۆستا سەردار ، ئەویش هێشتا بەپێوە بوو، تێیهەڵدا بۆ ئەودیوی سەنگەرەکە، بەلام مشیر سەلامەت دەرچوو.

مامۆستا سەردار هەموو لاشەی لە قورو لیت و ساچمە دیار نەبوو، خوێن لە هەردوو گوێچکەی دەهات و بە پێوە راوەستابوو! نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە. مشیر هەر هاواری لێ دەکرد دانیشە مامۆستا دانەدەنیشت، لە پێشەوەش هێرشی جاش و جەیش نزیک دەبوونەوە لە

سەنگەرکە، ئێمە کەوتینە مەترسیەکی گەورە، پاش ئەوەی ئاربیجیەکەی ئێمە مەترسی لەسەر ئەوان نەما، بەڵام لەو کاتە ناخۆش و پڕ مەترسیە هاشم بە خۆیی و چەند پێشمەرگەیەگ، کاتێ گوێیان لە تەقە چرکە دەبێت، دەزانن ئەوە هێرشە بۆ سەرمان گەیشتنە لامان، گوتی لێیان دەن لەو جاش و خۆفرۆشانە، عەیبە بێنە ناو سەنگەری پێشمەرگە، ( هەمیشە فەرماندە ورەو مەعنەویاتە بۆ پێشمەرگە لە هەموو شەرێک، فەرماندە بڕوخێ یان شەهید بێت ئیدی ئەو هێزە ئەگەر نەشڕوخێ شپرزە دەبێ، فەرماندە بچەقێ ئیدی هێز نیە بیشکێنێ)

بورهان بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی دەڵێ کاک هاشم بەسەرداری گوت یان دانیشە یان بڕۆ بۆ خەلفی، بەلام سەردار تا ئەو کاتە سامگرتی بیوو ناوا ناوەش دەرشایەوە و خەبەری لەو دونیایە نەمابوو، ئینجا بە پێشمەرگەیەکی گوت خێرا سەردار بباتەوە لای ئەشکەوتی کۆلکە بەردینە، پێشمەرگەکانی لەگەڵی بوون لەگەل ئێمە دامەزران و کەوتنە تەقە، دوای نیوکاتژمێر لە بەرگری هێرشەکەمان تێکشکاند. ( لە ئەڵقەیەکی تایبەت لەسەر بەسەرهات و قسەکانی مامۆستا سەردار دەدوێین(

کەوتمە پێش رەتلەکە و بە پیرە مەگروون هەڵزناین، تۆپبارانەکە تا دەهات خەست تر دەبوو شپرزەیی دۆخەکە و مەترسیەکی گەورە لەسەر سەرکردایەتی هەبوو، شەدەڵە تەنیا چیای هەلاج و دابانی لەمپەر بوو لە گرتنی سەرکردایەتی کە لە سەرگەڵ و بەرگەڵو بوو. لەبەری مەرگەش هێزێکی زۆری رژێم تەنگی بە ناوچە ئازدکراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە هەڵچنی بوو بە دەروازەی رۆژهەلاتیشەوە لەگەڵ ئێران. وەختی عیشایەکی درەنگ هێزەکەم سەر خست، کاک هاشم لەگەل چەند پێشمەرگەیەک لە لای ئەشکەوتی کۆلکە بەردینە بوون گوتی: بۆ دیسان سەرکەوتیەوە؟ ( ئەو فەرماندەی سەرم خستبوو، نەیهێشت جوابی بدەمەوە، گوتی: کاک هاشم ئێمە سەرنەدەکەوتین ئەگەر ئەو نەبا، بەراستی من کردمە بیانوو بەتەما نەبووین سەرکەوین، ( دەستی کردە قۆڵی هاشم شەمامکی و لە دووری ئێمە چەند قسەیەکیان کرد) برسێتی و سەرما و شەری نابەرابەر تا دەهات رۆحی مقاوەمەی دەکوشتین! جیهازە بێتەلەکان

چەند کاتژمێرێک بوو بلۆک کرابوون، گوایە بەو جفرانەی پێشوو لەگەڵ جیهازەکانی هێزی دوژمن چونەتە سەر یەک (تردد) بۆیە هیچ پەیوەندیەکمان بە سەرکردایەتیەوە نەمابوو، تا دەهات دۆخی شەدەڵە خراپ دەبوو، پاشئەوەی پێشڕەوی هێزەکانی دوژمن بە ئاراستەی شەدەڵە قەمچۆخەو ئۆمەر قەومیشی جێ هێشتبوو لەدار شەخسەکەی بن شەدەڵە نزیک دەبوونەوە! هێزە هیلاکەکەی تیپی ٢٩ی کلکە سماق و بەشێک لەو هێزانەی ئێمەش کە لە خوارەوە مابوون، بەرەو مێرگەپان دەکشانەوە، ئیدی هەواڵێک گەیشت ئەگەر لەسەر شاخیش نەکشێینەوە رەنگە ئیدی پشتمان بگیرێت و قوربانیەکی زۆری لێ بکەوێتەوە.

هاشم شەمامکی دوای ئەوەی بێ هیوا بوو لە وەرگرتنی دوا بڕیاری سەرکردایەتی لە رێی جیهاز، بەڵام دیار بوو پەیامی مەلا سلێمانی بۆ هاتبوو لە رێی ئەو رەتڵەوە کە سەرکەوتبوون، کە شەدەڵە لەبەردەم گرتنێکی حەتمی دایە ئەو کات ئەو هێزەی سەرشاخ پشتی دەگیرێ، لە باشترین حاڵەتی بەرگریشدا رەنگە لەسەرمان و لە برسان لە ناو بەفر رەق ببنەوە بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی بکەوێتە سەر شانی ئەگەر نەتوانێ رابەرایەتی ئەو هێزە بکات و کوێرانە بە کوشتیان بدات! بۆیە بڕیاریدا بەرەو گوندی مێرگەپان بکشێینەوە

تا لە پیرە مەگروون دابەزین، بووە نیوە شەوێکی درەنگ! گەیشتینە ناو مێرگەپان، شەدەڵە بۆ مێرگەپان، هەر بە مەزەندە کیلۆمەترێک دوور بوو، ئەویش دەکەوێتە بناری پیرەمەگروون، لەلایەک و بەلای دابانیش لاکەی تر، تەنیا ئەو چەمە جیایی دەکاتەوە کە بەو دۆڵە دادێ. تاک و تەرا پیاویان لە گوندەکە مابوو، چارەنووسێکی بزر چاوەڕوانی خەڵکی ئەو دەڤەرەی دەکرد، بە هۆی ئەو هێرشە سەختەوە، ئەوێ ناوچەیەکی ئازادکراوی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بوو لەو سنوورە، بۆیە باجی گەورەیان دەدا!

بەو شەوە خۆمان کرد بەماڵێکی چۆڵدا، زۆپا بۆری دارەکەمان بە دەست و پەنجەی سڕبوو داگیرساند، زۆرمان برسی بوو، هەندێ نانەرەق و دۆشاوی ترێمان دیتەوە، تۆزێ وزەمان هاتەوە بەر، ئەوەندە بەناو بەفردا

بەربیووینەوە، هەموو جلەکـانمـان تەڕو قوڕاوی ببوون، خۆمان وشک کردەوە.

هەتـا بەیـانی نەمـان هێشـــت زۆپـاکە دامرکێت، هەر پێشـــمەرگەیەک لە ئێشـــک گرتن تەواو دەبوو، برێ داری تری تێ دەکرد، هەموو بەدەوری زۆپاکە خەومان لێکەوت، بەیانی لێمان روون بوو چەند ماڵێک لە گوند مابوونەوە، هەندێک تەنیا پیاوەکانیان مابوونەوە.

بەیانی من و حەمەسالح و مەحمود چووینە ماڵێک دیاربوو وێنەیەکی گەورەی شـەهیدێکیان بە دیوارا هەڵواسـی بوو، ماڵێکی زۆر خانەدان و بەورە بوون، ئەو هەمیشە دەیگووت سـەرکردایەتی قەت ئێرە جێ ناهێڵێ تا رژێم بێتە ناویەوە، پێم ســـەیرە خەڵـک رادەکـات! چونکە ئەودیوی دابـان سـەرکردایەتیە، زۆر شـانازیان بە شـەهیدەکەیانەوە دەکرد، زۆر هەوڵم دا لە کـاتی تۆمـارکردنی ئەو بیرەوەریە، بزانم ئەو شـــەهیدە کێ بوو؟ دوای عەســـر لە نـاو تۆپبارانی نـاوچەکە بە دابـانـا هەڵزنـایین بە دیوی ســـەرکردایەتی، دروســـت تر لە ســـەرگەڵو گیرســـاینەوە، لەوێ چەند بارەگایەکی پێشـــمەرگەی مەڵبەندی دووی لێ بوو، ئێوارە ئـاگـادار کراینەوە بۆ ســـەر دابـان بەڕێکەوین، هەر پێشمەرگەو دوو ناوساجی کردە تیکەو بەڕێکەوتین.

ئێمە نازانین، بۆ کوێ دەچین؟ هەمیشە چالاکی و جوولەی پێشـــمەرگە لە گرتنی رەبیەیەک تا شـــارۆچکە و شـــارە دێیەک لە پێشمەرگەی ئاسایی شاراوە بوو، مەگەر لەلایەن فەرمـانـدەی تیپ و کەرتەوە دزەی بکردبـا! ئێمە هێزێکی هیلاک و برسـی بووین چەند رۆژ بوو نە شـەوێکی ئارام خەوتبووین و نە تێر سـکی خۆمان ژەمێکمان خواردبوو! لەو کەش و هەوا ساردو باراناویەی کە شەوی ٢٩ لە سەر ١ ی ٣ سـاڵی١٩٨٨ بوو، ( ئەو سـاڵە مانگی شـوبات ٢٩ بوو)، گیرانی شـــەدەڵە تەنگی بە ســـەرکردایەتی هەڵچنی بوو، چەند فەرماندەیەکی ســـەرکردایەتی و ســـەربازی لە بەڕێکردنی ئێمە لەســـەر دابان راوەســـتابوون، لە ناویاندا کۆسـرەت رەسـوڵ بە تەنیشـتیەوە شـێخ دارای بەرپرسـی مەڵبەنـدی دوو، هەڵۆی ئەحمەد کوردە کە بەرپرســـی ســـەربـازی مەڵبەنـدی دوو بوو، لە چاوەڕوانی هیممەتی پێشـــمەرگە بوون، ئەمشـــەو دەبێ شـــەدەڵە بگرنەوە! پێشـــمەرگەش ئەو کائینە رۆبۆتە بوو، نەبۆی هەبوو بڵێ بۆ کوێ دەمانبەن، نە بۆی هەبوو قسـە لەسـەر چالاکی و شەڕەکە بکات و رای خۆی بڵێ! وەک فەرمانێکی سەربازی بڕیارەکانی وەر دەگرت و جێ بەجێی دەکرد! راسـتیەکەی هەر پێی شـەرم بوو بپرسێ، نە وەک تەفسـیری ترسنۆکی بۆ بکەن! بۆیە کاتێ فەرماندەی تیپی ٢٩ی کلکە ســـماق دەڵێ بـاکوڕی خەڵکی بەکوشـــت نەدەین، لەو شـــەڕە ســـەرکەوتوو نابین، چونکە چەمەکە بەو بارانە ســـەر ڕێژ دەبێ، ئەو رەتڵەی بۆ بەری ئەوبەر دیاری کراوە، ناتوانێ بپەڕێتەوە! رژێمیش ئەگەر لە بنـاری پیرەمەگروونەوە لێی نەدرێ مەحاڵە بتوانین شەدەڵە بگرین. لەوەلامدا "کۆسرەت رەسـوڵ" پێی دەڵێ ئەگەر تۆ ناچی، با یەکیکی تر لە جێی تۆ رەوان بکەم؟ شـێخ تووڕە دەبێ دەڵێ باشـە وادەچین بەلام دەیبییننەوە!"( پێشـــمەرگەیەکی تیپەکەیـان بۆی گێڕامەوە) "سەرکەوتی جیهاز" کە ژمارە بێتەلی نەوشیروان مسـتەفا بوو، گوتی کۆبوونەوەیەکی سـەرکردایەتی پێش دوو رۆژ کرابوو، بە ئامادەبوونی نەوشـیروان مسـتەفا لەسەر کۆی ئەو هێرشانەی کرابوونە سەر سەرکردایەتی لە سنووری مەڵبەندی دوو، هاوکات هێرش بۆ سەر مەڵبەندی سێش کرابوو، کە هێزێکی کەم لە خوارەوە مابوو، چونکە بەشـە زۆرەکەی بۆ سـنووری سـەرکردایەتی هاتبوون. تا دەهات بـازنەی نـاوچە ئـازادکراوەکان تەســـک دەبۆوە لەبەردەم هێرشە بەرفرەوانەکانی رژێم. توانای پێشمەرگەش بۆ بەرگری لە شـەڕی جەبهەییدا بەرانبەر هێزی شـەڕکەری عیراقی بەراورد کردنی ناماقووڵ بوو. لەو دەمە مام جەلال لەدەرەوەی وڵات بوو، ئەندامانی سـەرکردایەتی بە تێکڕای دەنگ داوایان لە نەوشیروان مستەفا کردبوو، سەرکردایەتی جێ بێڵێ لەبەر مەترســـی ! دیـارە ئەویش ســـەرەڕای نەخۆشـــیەکەی رازی نابێت، ئەوێ چۆڵ بکات. دواجار رازی دەکەن لە "گوندی گۆمەزەل" کە بارەگایەکی ســـەلیم ســـەرســـپی ئەندامی ســـەرکردایەتی لێ بوو تـا لەوێ سەرکردایەتی بەرەکانی شەڕ بکات.

فەرمـانـدەی کەرت و تیپەکـان بە دەوری فەرمـانـدەکـان خەریکی وەرگرتنی فەرمـان بوون! راســـتیەکەی دوای گیرانی عەبدوڵا جیهاز ژمارە بێتەلی تایبەتی کۆســـرەت رەســـوڵ و هاوڕێکەی لەناو شـــەدەڵە، کاریگەری لەســـەر کۆســـرت رەســـوڵ بەجێ هێشـــتبوو، بەتایبەتی کە رژێم

پڕوپاگەندەی وا بلاو دەکردەوە کە کۆسـرەت رەسـوڵ بە جیهازەوە کەوتۆتە دەست رژێم! ( چونکە ناوی کۆسرەت رەسـولێش عبدولا بوو) هەندێک لە دەنگۆکان وا دزەی کردبوو گوایە ئەنجامدانی ئەو هێرشـە لەسـەر پێداگیری کۆسرەت رەسولە بۆ ئەو هێزانەی کە لە شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ شـەدەڵەیان چۆلکردبوو بێ پرسـی سـەرکردایەتی! بەتـایبەتی ئەو کـاتەی کە بێتەلەکـان بلۆکرابوون و هیچ پەیوەندیەک نەبوو لە نێوان سـەرکردایەتی و هێزەکانی شـەدەڵە. عەبـدولا کوڕێکی زرنـگ و گوێڕایەڵ بوو، (سـەرکەوت جیهاز) کە ئەویش ژمارە بێتەلی نەوشـیروان مسـتەفا بوو، وای بۆ گێڕامەوە ( گوتی ئەوەی لەبیری من مابێ هێزێکی پێشـمەرگە لە شـەدەڵە وە دەیانەوێ بێن بۆ سـەرگەڵو، بەلام نەشـارەزان و کەس نیە دەلیلیان بێت، سـەرەتا من خۆم ئامادەکرد لەگەڵ عەبدولا بچم، دواجار وتیـان نـابێ دوو عەدەد جیهـاز برۆن لە بەر کـارو بـاری پەیوەندی کە شـەڕ لە هەموو قۆلەکانەوە بۆ سـەرکردایەتی درێژەی هەبوو) رایەکی تر دەگوترا عەبـدولا نێردرابوو جفرەی تازە بگەیەنێتە هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو شەدەڵە، بێ خەبەر لەوەی کە شەدەڵە لە دوێنێ شەوەوە پێشمەرگەی تیا کشاوەتەوە و جاش و عەسکەر هاتۆتە ناوی.

ئێوارەی ٢٧ لەسـەر ٢٨ بوو عەبدولا جیهاز و هاوڕێیەکی بەڕێدەکەون بۆ شـەدەڵە، ئەوان زانیاریـان نەبوو لەوەی شـەدەڵە هێزی دوژمنی تێدایە، کە دەگەنە نـاو گونـدی شـەدەڵە لە روناکی ماڵێک نزیک دەبنەوە لە دەرگا دەدەن، سـەیر دەکەن هێزەکە ناناسنەوە، پرسیار لە فەرماندەکانی پێشمەرگە دەکەن، یەکسەر جاشەکان هەست دەکەن ئەوانە پێشـمەرگەن و بە هەڵە هاتوونەتە ناویان( ئەو راسـتیە ئاماژەیە کە سـەرکردایەتی زانیاری نەبووە کە پێشـمەرگە شەدەڵەی جێهێشتبێ وەک ووتم جیهازەکان ئەو رۆژە پێش خۆر ئاوا بلۆک کرابوون، چونکە لەگەڵ جیهاز بێتەلەکانی رژێم کەوتبوونە سـەر یەک (تردد) هیچ پەیوەنـدیەک نەمـابوو، رەنگە دوا پەیوەنـدی ئەوە بێ کە هێزەکـانی پێشـمەرگە پێویسـتیان بە جفرەی تازە بێت بۆ پەیوەندی، ئیدی دوای پچڕانی ئەو پەیوەندیە کاتێ پێشـمەرگە لە ناو شـەدەڵە دەکشـێنەوە سـەرکردایەتی ئاگادار نابێت لەو کشـانەوەیە بۆیە دوای عیشـایەکی درەنگی ئەو ئێوارەیە، کۆسـرەت رەسـوڵ عەبدولا رادەسـپێرێ جفرەکانیان بۆ ببات، چونکە ئەگەر پەیوەنـدی بە جیهازو جفرە نەبـایە رەنگە کەسێکی دی رەوان کردبا بۆ چاوساغی .

بارانێکی خۆش دایکردبوو، پێشـمەرگە لەبەر ئەو بارانە تەڕ دەبوو فەرماندە کۆسـرەت رەسـولێش بارانگیرێکی تا خوار ئەژنۆی لەبەردابوو، قەنناسـێکی جوانی لە شـان و دوربینێکی لە مـل کردبوو، ئەو وێنەیە لای من هەموو پرەنسـیپ و مەبـادیئەکـانی کۆمەڵەی دەخسـتە ژێر پرسیارەوە، ئیدی پاساوەکانم پشت ئەستوور تر دەبوون کاتێ لەگەڵ کادیرەکانی کۆمەڵە دەکەوتینە گفتوگۆ! دیـار بوو شـوێن و خاڵی لێدانی تیپەکان دیاریکرا بوون بە نهێنی و کاتژمێری سـفرەوە دوو رەتڵ پێشـمەرگە، بەدوو ئاڕاستەی جیا بەڕێ دەکەون بۆ خاڵێ دیاری کراو! رەتڵی یەکەم تیپی ٦٣ ی جوتیاران بە فەرماندەی محمد رازانی، تیپی ٢٥ ی خاڵخالان، تیپی مەلبەنـدی دوو کە مسـتەفا سـەرگەلویی فەرماندەی بوو بۆ بەری پێشـەوەی شـەدەڵە دیاری کرابوون. رەتڵی دووەم کە تیپی ٢٩ی کلکە سـماق بە فەرماندەی شـێخ هاوڕێ و تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ بە فەرماندەیی هاشم شەمامکی وتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی مەلا سـلێمان، بۆ ئەو بەری شـەدەڵە دیاری کرابووین، کە شێخ هاوڕێ چاوساغی ئەو رەتڵە بوو.

پێشـمەرگە بە بزنە رێدا شـریتە دەکەن و هەنگاو دەنێن، تاریکی شـەو بە هەموو سـەختەکانیەوە شـەق دەکەن! لەو شـەوە سـەختانەی نەک هەر مرۆڤ لەدەرەوە نەبوون، تەنانەت هیچ دەعبایەکی کێویش هەوەسـتی راوی نەبوو! بەلام پێشـمەرگە وەک رەمزی تەحەدی باران و تاریکی شـەوی دەبڕی! دەبوو لە چەمەکە بپەڕینەوە و لە بناری پیرەمەگرونەوە لە هێزەکەی رژێم بـدەین، بۆیە لە نێوان شەدەلەو مێرگەپان دەراوێک هەبوو بۆ بپەڕینەوە تا بگەینە ئەو بەر.ئێمە هەر دەڕۆین، ئەوشـەوە تـا زیـاتر بەبـالای دابانا شـۆڕ دەبووینەوە، باران خوڕتر دادەباری و ئێمەی بەدارو بەردەی دابانەوە دەشـوشـتەوە، سـروشـتی مرۆڤ وایە کاتێ بێ دەنگ دەبیت خەیاڵی دێتە قسە، ئەو ساتەی تینووتە خەیاڵت بۆ کانی و سـەرچاوەیەکی ئاو دەروا و تاسـوقی بۆ قومێ ئاو! ئەوکاتەی سـەرما دەگاتە سـەر ئێسـقانـت هەموو داخوازی ژیـانـت چڕ دەبێتەوە بۆ

کونجێکی گەرم! ئێمە جێگای وشکمان ددان بوو! کاروانێکی سەفەر سەخت بووین، ئاخۆ ئەو جارە کێ لەو سەفەرەی ئێستا لەگەڵمانە و دواجار ناگەڕێتەوە؟ دایکە جگەر سوتاوەکانیان لە ترسی رژێم تەنانەت ناتوانن پرسەشیان بە ئازادی بۆ دابنێن ! کەم جار وابووە لەسەفەری مەرگی وەهادا بە خوێنی چەند پێشمەرگەیەک ئەو داستان و مێژووە نە نووسرێتەوە؟

پێشمەرگایەتی ئەرکێکی قورس بوو، لەبەرئەوەی لە مەرگ نزیک بووین، ژیان بەو هەموو خۆشەویستی و جوانی و چاو قاییمی خۆی، تەفسیرێکی قووڵی نەبوو، جگە لە کۆمەڵێ ئومێدی پاشەڕۆژی نەتەوە! مەگەر هەر وردە خەیاڵی پچڕ پچڕی سەفەری، شتێکی دیکەمان نەبوو بۆ خۆمان هەمیشە بە ئەگەری ئەگەر ماین و نەکوژرایین، ئەگەر شۆڕش سەرکەوت،( دەزگیرانەکەم دەگوازمەوە) ( ئەوسا ریشەکەم ئەتاشم)(شۆڕش سەرکەوێت خوێندنەکەم تەواو دەکەم) چەند گوناە بووین خوایە؟ ئێمە ئایندەی کوردستانێکی ترمان وێنا کردبوو لە خەیاڵمان، هەرگیز چاوەڕێمان نەدەکرد دزو دڵسۆز وڵاتپارێزو خائین ، شەهیدو بکوژ جاش و پێشمەرگە، وەک و یەک پۆڵێن بکرێن و وەک و یەک تەماشا بکرێن! ئاخر کێ باوەڕ دەکات دادگای شۆڕش گوێی موختاری شار ببڕێت لەسەر ئیخباری کەسو کاری پێشمەرگە و ئەوڕۆ لە خائین و ئەنفالچیەک خۆش بێت؟

گەیشتینە بناری دابان، رەتڵ دەوەستێ، کەس نازانێ چی رووی داوە؟ راوەستان درێژەی کێشا، سەرما خەریک بوو ئێسقانیشمانی دەبڕی! پێمان خۆش بوو بڕۆین و جوولە بکەین، ئەگەر بۆ ناو ئاگریش بێت، خۆ هیچ نەبێ لەسەرمانا نامرین!!؟ هەموو وەک فرۆجی ئاوەرووت کراو وابووین! لە تەڕ تەڕتر ببووین، سەرما لە لەرزینی ئێمەوە فێری سەما ببوو! باو بۆران و سەرما هاو سەفەر بوون، ئەو شەوە ئەوانیش لە بەرەی رژێم دەجەنگان! سەرماو ترس و تەڕبوون هەمیشە هۆکاری هاتنی میزن، کەس ئەوشەوە دەستی بۆ دۆخینی (بەنە خوێن) نەبرد بۆ میزکردن، چونکە نەدەستت دۆخینی دەگرت و نە کاتت هەبوو بۆی، رەنگ بوو لە هەر چرکەیەک بکەوینە کەمینی رژێم و فریای هیچ نەکەوین! هەرگیز وشە ناتوانێ گوزارش لەو ساتە وەختە سەختانە بکات، کە ئێمەی تێدا بووین! مەگەر لە چاوی کامیرایەکی سینەما دیمەنەکان وەک و فیلم ببینی! دەنا رێک ئەو کاتە بوو، کە مەرگ و ژیان هاوتا دەبوون! هیچ مەسافەیەک لە نێوان مان و مردندا نەمابوو، تەنانەت دەستمان لە رۆحیش شل کردبوو، لە پێشوازی مەرگیش بێ باک بووین! ئیدی ئەو کاتەیە کە خۆت تەسلیمی قەدەری خوا دەکەی ، ئەسڵەن تاقەتی ئەوەت نابێ پرکێشی زیاتری ژیان بدەیت! زۆر جار دەگەیشتە ئەو رادەی تەمەننای شەهیدبوونیش بە ئاوات بخوازی! شەدەڵە لەدوێنێکەوە ئابرووی تکاوە بەدەستی جاش و جەیشی رژێم، پاکیزەییان ئەتک کردوە! تا دێ رۆحی تۆڵەش لە کاتژمێری سفر نزیک دەبێتەوە! من هەر بیرم لای ئەو ئەفەندیەیە کە مورەبای هەنجیرو نانەرەقەکەمان لای خوارد، ئاخۆ ئێستا چارەنووسی ئەو و کتێبەکانی چی لێ هاتبێ؟ بیرم لای پوورەی خانە خوێیەکەیە من و حەمە سالح ئەو بەیانیەی دڵنیامان کردەوە کە شەدەڵە جێ ناهێڵین، رەنگە نەمانهێشتبێ سەرو ماڵ و مانگاکانیشی قوتار بکات! ئاخۆ چ ئومێدێکی لەسەر ئێمە هەڵچنیبێ و چەند ماڵی لە رۆیشتن سارد کردبێتەوە؟ کە پێشمەرگە شەدەڵە جێ ناهێڵێ! ئەو ئێوارەی مێرگەپانمان جێدەهێشت و بە دابانا سەردەکەوتین ، بە دووربین لێمان دیار بوو جاشەکان چۆن تاڵانی شەدەڵەیان دەکرد، بە دانیای دوو تەنی گۆلک و مانگایان بار دەکرد! توخوا بمانبوورە پوورەی خانەخوێ، ئاخر ئەوە کەی پاداشتی ئەوشەوە بوو، بەو بەفرو سەرمایە جێت کردینەوە؟ لە پێشمەرگایەتی ئەوەندە رق ئەستوور بووین بەرانبەر جاشەکان ئەوەندە کینە سەخت نەبووین بەرانبەر سەربازێکی لاتی بێچارە! هەموومان رژێممان دەناسی چی بە فیراری سەربازی دەکرد! بەڵام جاشەکان دوو جار تاوانبار بوون، جارێک بە خیانەتی نەتەوە، جارێک بە جاسوس و چاوساغی رژێم و شەڕ لە دژی پێشمەرگە. (من لە خەیاڵان رۆچوو بووم ئەوەی پێشەوە ئاوڕێ دایەوە گووتی هەموو حازر و ئامادە بن، دەبوو ئەو پەیامە وەک خۆی بگات بۆ دواکەسی رەتڵەکە) لە پڕ تەقە دەستی پێکرد.

تێبینی: وێنەی دووەم هاوڕێ ی ســـەرکەوتی جیهاز بۆی ڕەوان کردم کە عەدەد جیهازی نەوشیروان مستەفا بوو، وە هاوڕێیەکی خۆشــەویســتی شــەهید عەبدولای جیهاز بوو، شـــەهید عەبدولا لە وێنەکە دیارە باڵای بەرزە بەقەد باڵای خەمی وڵاتەکەم، لە راســتەوە یەکەم ئەوە، ئەوانیتر ئۆمێد ، خالید ، سەرکەوتی جیهاز ، هیوا، سیروان.

ئەو ڕەتڵە پێشـمەرگەی بۆ بەری پێشـەوەی شـەدەڵە دیاری کرابوون، تیپی ٦٣ ی جوتیاران و تیپی ٢٥ ی خاڵخالان و تیپی مەڵبەند بوون، گەیشـــتبوونە خاڵی دیاری کراو و کاتژمێر ســـفر، تەقە دەســـتی پێکرد. بۆ ئەوەی راســـتی رووداوەکە وەک خۆی دیکۆمێنت بکەین، حوسـین کاروخ، قارەمانێکی بەشـدار بووی ئەو شـەڕە پێشـمەرگەی ٦٣ ی جوتیـاران بوو، فریـام کەوت بۆ دیکۆمێنتکردنی قۆڵی یەکەمی شـــەڕەکەی ڕەتڵی خۆیـان و ئـاوا دوا: ( گوتی تیپەکەی ئێمە ١٨ پێشمەرگە بووین، هێشتا لە دابان بەڕێ نەکەوتبووین، مســـتەفـای ســـەیـد قـادر (بەرپرســـی ڕێکخســتنەکانی دەڤەری بتوێن بوو) گوتییە محمد رازانی مـــن دەڕۆم تـــۆ لـــێـــرەبە هـــیـــلاکـــی. محمـد رازانی گوتی بەخوا دڵم ئۆقرە نـاگرێ لەگەڵ پێشـــمەرگەکانم نەبم! تۆ لێرە چاوەدێری دۆخەکە بکە بۆ هەماهەنگی. محمد رازانی پێشـــمەرگەیەکی لاشـــە بتەوی وەرزشـــی هەبوو، زۆر چاپووک و پارتیزان بوو، کە بە ڕێکەوتین، لە بناری دابان، دوو پێشـــمەرگەی لەوێ دانا، گوتی ئیشـــی ئێوە ئەوەیە، کـاتێ ئێمە دەگەینە نزیـک شەدەڵە، ئێوە گڕبار بە ئاڕاستەی دابان هەڵدەن، بۆ ئەوەی دوژمن وا تێبگـات کەمینی خۆیـانە و بە دڵنیـایی لێی بخەون. دەلیل لە پێشمان دەڕۆیشت و چاوساغمان بوون، نزیک بووینەوە لە شـەدەڵە. یەک باران و هەورە تریشـقە بوو، دەتگوت تۆفـانی حەزرەتی نوحە! دەلیلمـان لێ ون بوو، چەکمان لەناو دەســـت ســـوار کردبوو، محمد رازانی داینیشـــاندین و نهێنی شـــەوی دووبارە کردەوە، دوای ماوەیەک تـارماییەک بە دیار کەوت، گوتمان کێی؟ گوتی: ئەحمەد ڕەســـوڵ، تومەز چاوســـاغەکەمان بوو، گوتی دوام کەون، ئێمەی بردە لای کۆمەڵێ تارمایی دی، گوتمان کێن؟ گوتیان ئەحمەد ڕەسوڵ، ئەحمەد ڕەسوڵ نهێنی شـەو بوو، نزیکتر بووینەوە مەســـتەفا ســـەرگەلوی فەرماندەی تیپی مەڵبەند بوو، لە هەمان کات بەرپرسـی سـەربازی شـەڕگەی ئەو دۆڵە بوو، گوتی محمد هەمووتـان هاتن گوتی: بەڵێ. گوتی: لای چایەخانەکەمان بۆ ئێوە داناوە، محمد رازانی تووڕە بوو، گوتی تۆ هەموو جارێ جێگا زەحمەتەکان بۆ ئێمە دادەنێی! مسـتەفا سـەرگەڵو گوتی: باشـە دوو سـێ پێشمەرگەی تر ببە لەگەڵ خۆت، گوتی: بە گۆڕێ شەهیدان کەســـم ناوێ ئەگەر هەمووشـــمان نەیەینەوە! تۆزێ تر ڕۆیشـــتین، لە ســـیمی ســـاترە خۆڵەکان ئاڵکاین، بەحاڵ دەرباز بووین، گەیشتینە سەر ساترە خۆڵەکەی پشت ئەو ژوورانەی کرابوونە مقەڕی جەیش و جاش، کـاتژمێر لە سێ و چارەگی شەو نزیک دەبۆوە ( لێرە کاروخ حوسێن رادەگرم بەر لەوەی تەقە دەست پێ بکات ) ڕەنگە زۆر جار لە شـــەوێکی وا گوێـت لێ دەبوو ئەوشـــەو شـــەوی پێشمەرگەیە! بۆ دەبێ پێشمەرگە چی بێت؟ کورد قسەیەکی هەیە دەڵێ گۆزە لەڕێی ئاو دەشـــکێ! ڕەنگە ئیدیۆمی ئەو پەندە بۆ پێشـــمەرگە زۆر لەوە زیاتر بێ، هەی ڕەحمەت لە گۆڕی چایەچیەکەی قازی محمد، کاتێ دەیانەوێ ناوێک بۆ چەکدار و شۆڕشگێڕەکانی خۆیان دابنێن ماوەیەکی درێژ مشت و مڕیان دەبێ و لەسەر ناوێک ڕێک ناکەون، ئەویش دەڵێ بنووسن پێشمەرگە، هەمیشە پێشی مەرگە ئەو ناوە چ کاڵایەکی پڕ بەباڵاتە! مەرگ قەدەرێکی چەند نزیکە لێت پێشـمەرگە! ئەو شـەو دارو بەردی شـەدەڵە لە چاوەڕوانی کوڕانی تاریکە شەون! ئەدی کورد ناڵێ: (ئەگەر کوڕ هەبێ تاریکە شەو زۆرە) ؟ لە تاریکە شەو تاریکتر ئەو شەوەیە، شـــەدەڵە یەک پارچە تۆفانی تاریکســـتانە، پێشـــمەرگە لە نێویدا سەرچۆپی سەمای مەرگی گرتووەو بە دوای غەنیمی خۆی دا دەگەڕێ! بەگژ هێزێ دادەچێ ناموســـی خاک و مەملەکەتی داگیر کردوە، لەگەڵ نـاڵەی گەواڵەو شـــریقەی بروسکە لە تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاوی وادا هەرگیز بەخەیاڵی دوژمندا نەدەهات پێشمەرگە هێرشیان بۆ بێنی! بۆیە ئەو شـــەوە ئەوەندە ســـەخت بوو، تەنانەت دوژمن کەمینیشی دەر نەکردبوو.

ئەو پۆڵە پێشـــمەرگە، لە نێوان متمانەی فەرماندە و مەرگی حەتمی خۆی بڕیارە قورسەکەی دابوو! چونکە هەمیشە لە ڕیزی پێشـــمەرگە، کوڕی قارەمان و قارەمانتر، بندیوار و بن بـارەگـا و پێشـــمەرگەی تریش هەبوون، کەمتر تەقە

دەیگرتنەوە! بەشـــێکیـان بە حوکمی خزمـایەتی لەگەڵ سەرکردەکان بوون، بەشیکیان لە ترسی وەزیفە قورسەکەی پێشـــمەرگە، خۆیان لە دەســـتەی ئەندام ســـەرکردایەتی و مەلبەنـد و بـارەگـای رێکخســـتنەکان پەنا دابوو. تـاخمی مەخزەنیان پلاسکۆ و ٧٥ ی جوانیان هەبوو، هەمیشە پاک و تەمیز و خواردنی باشیان هەبوو! لەگەڵ پێشمەرگەیەکی مەیـدانی شـــەڕکەر دنیـایەک جیاوازییـان هەبوو! ئەوانە بەتەواوی ئەو نـاوەیان بە پیرۆزی راگرتبوو وەک خۆیـان ئەزمونیان دەکرد، زۆر نەبوون! (حوسێن کارۆخ دەڵێ ئێمە چاوەڕێی یەکەم تەقەی تیپی خاڵخاڵان بووین کە مقەڕێکی نزیکی ئێمەیان بۆ دیاری کرابوو، کاتژمێر بوو بە ســێ و چارەگی شـەو، زرمەیان لێ هەڵسـاند .عەزیز و شـەماڵ کە هەردوکیـان عەدەد ئـاربیـجـی ئـێـمە بـوون، لـولەی ئاربیجیەکانیان لە دەلاقەی ژوورەکان ســـەنتەر کردبوو، لەگەڵ یەکەم تەقە ئەوانیش زرمەیان لێ هەڵســـاند، عەدەد بیکەی ســـیەکی رژێم، لە تاریکایی دیار نەبوو، ئاگادارای جولەی ئێمە بوو رســـتێ گوللەی پێوەنـاین، حەمیـد پێی کەوت، محمد رازانی فەرماندە لەســەر سـاترکە خلۆر بۆوە، هـاواری کرد کـارۆخ کوژرام، (ئێســـتاش وشـــەی ئەو کارۆخەی لە گوێچکەم دەزرنگێتەوە). مامۆستا مەهدی ئامر مەفرەزەمان بوو،( لەشـــەڕی براکوژی کوژرا) لەو ســـاتە وەختە وتی واز لەشـــەهید و بریندار بێنن، کەس نەچێتە ســـەریان. هاواری کرد یاڵلا هجووم!!! شـــەهیدمان هەیە دیلمـان نـاوێ. ئێمەش خۆمـان هەڵـدا حەوشـــە و بە کلاشینکۆف لە دەرگاوە رشاندمان! سێ چوار ژوور جاش و جەیش و قوات خاســـەی لێ بوو، نەمانهێشـــت فریای خۆیان بکەون ! لەوێ هیوا بریندار بوو، ئەوەنـدە تـاریک بوو مەگەر لەژێر رۆشـــنایی هەورە تریشـــقەدا جار جار شـــوێنی دوژمنمان بزانیبا، یان یەکترمان بناســـیبایەوە! لولەی تفەنگێکیان لەســەر کونی گوێ دانام هاوارم نەکردبا ئەحمەد رەســـوڵ، کوژرابووم! گوللە وەک باران دادەباری بەسەریان، لە هەموو لایێک تەقە بوو، سێ مغاویری قوڵ و باسک ئەستور قۆلی پێشمەرگەیەکیان گرتبوو وایان زانی جاشـــین چونکە تێکەڵەیەک جاشـــی بادینی و ســـۆرانی تـێـدابـوو گـوتـی (کـاکە انـي فـؤاد ویـن العوصـــاد)؟پێشـــمەرگەیەکمان لێیان هاتە دەســـت و هەرســـێکیانی لەوێ تەخت کرد! لەو لاوە عوســـمان لە ســـەکۆیەکەوە خۆی هەڵدا، دەمانچەی لە ناو دەســـت بوو، یەک ســـەڵی گرداریـان پێوەنـا، بەداخەوە لەجێ کەوت، ( هەموو عەدەد ئاربیجیەک دەمانچەیەکی پێ بوو، ئەو کاتەی گوللەی پێ نـامێنێ دەمانچەکە فریـای دەکەوێ) زانیمان لە کوێ تەقەی لێکرا ئەویشـــمان کوشـــت، ئاســـۆ بەرەو رۆشـــانایی دەچوو هێزەکانی ئەو بەریش کەوتنە تەقە بە ئـاراســـتەی ئێمە زانیمـان رەتلەکەی تر لە چەمەکە نەپەڕیونەتەوە! بۆیە ناچار بووین بکشـێینەوە، ئەوەی بۆ ئێمە دانرابوو گرتمان چووینە سەر تەرمی عوسمان شەهید ببوو،بەداخەوە ئەو گەنجێکی قۆز بوو، ئەنگوســـتیلەی دەســـتی دیاری دەزگیرانەکەی بوو، زۆر کەیفی بە ژیان دەهات، بەداخەوە ئەو شـەهید ببوو )لەبەر محمد رازانی کە بریندار ببوو هێشـــتا ئومیدی ژیانی هەبوو، بە ناچاری جێمان هێشت، شـەهید حەمیدیش گوللەیی بەر نێوچەوانی کەوتبوو، ئەویشـمان بەداخ و ناچاری جێهێشت، گەڕاینەوە سەر محەمەد رازانی قسەی دەکرد و هۆشی هێشتا لە خۆی مابوو، پێشـــمەرگەیەکی باریکەلەمان هەبوو خۆی تێکرد و خستیە سـەر شـانی خۆی هەر بەڕاکردن بۆی دەرچووین، لە رێگا دوو ســـێ پێشـــمەرگە تاکی پێڵاوی لە قوڕا جێما بوو، گوللە وەک تەزرە دای کوتـاین قەدی دابـانیـان دا بە تۆپ و راجیمە، ئێمە یەکسـەر ئاراسـتەی خۆمان گۆڕی بۆ ناو مێرگەپان، ئێستاش سـەرم سوڕماوە چۆن دەرچووین و هەموومان نە کوژراین؟

نزیـک بووینەوە لە مێرگەپان ســـەیرمان کرد تـارماییەک دیارە سەیر دەکەین گوێدرێژێک بوو بە تەنیشت دارێکەوە دوو کەســـی تر بەدیـارکەوتن خەریـک بوو بیـانکوژین دواجار گوتیان زانیمان هجوومتان کردووە بۆ شـــەدەڵە گوتمـان بـا گوێ درێژێکیـان بۆ ببەین دلنیـاین برینـدارو شـــەهیدیان هەیە( ئای لەو هەڵوێســـتە جوامیریە) محمد رازانیمان خسـتە سـەرپشـتی گوێدرێژەکە، لە رێگا دڵمان دەدایەوە دەمانگوت کاک محمد برینەکەت ســـەرچیخە بە خوا هیچ نیە، دەیگوت بەخوا دەمرم برینەکەم ســـەختە ( رەنگە ئەگەر بە زۆرانبازی بایە دە زەلام لە هەقی پاڵەوانێتی محمـد رازانی نەدەهـاتبا! بەڵام ئیـدی گوللەیە شـــێریش

دەکوژێ، تادەهات دەنگی محمد دەگۆڕا و بەزۆر وشـەکانی دەردەبڕی، نەگیشتینە مێرگەپان بەداخەوە شەهید بوو.

لە مێرگەپان ئەو تاک و تەرا ماڵەی مابوو خزمەتێ زۆریان کردین، بەیانی دوای نیوەڕۆ لە نـاو تۆپبارانـدا بەدابـانـا سەرکەوتین، لەسەری دابان لای راجیمە دوانزەکەی خۆمان گولله تۆپێک هات دای لە شـەماڵ کە سـواری گوێدرێژێک ببوو سـەری شـەمال و گوێ درێژەکەی لێکردەوە، من لەگەڵ پێشـمەرگەیەک رۆیشـتین بۆ بەرگەڵو بۆ بارەگاکەی کاک نەوشیروان، دیتمان لەسەر بانەکە پیاسەی دەکرد، سڵاومان لێکرد زۆر شـپرزەو قوڕاوی بووین، گوتی لە کوێوە دێن؟ گوتمـان پێشـــمەرگەی ٦٣ی جوتیـارانین، ووتی ئێ بۆم باسـکەن هجوومەکەی شـەدەڵە خۆشـەهیددتان جێ نەما ؟ گوتمان ئیمە دووشـەهیدمان جێما دەوری بیسـت بۆ سـی جاش و عەسـکەرمان کوشـت، بەڵام محمد رازانی بریندار بوو ، بەداخەوە لە رێگا شـــەهید بوو، کەباســـی جێمانی شــەهیدەکان و شـەهید بوونی محمد رازانیم کرد زۆر پێ تێـک چوو، دەســـتی بۆ گیرفـانی برد و جگرەیەکی داگیرســـاند! بە ئەســـەفێکی زۆرەوە گوتی چیتان دەوێ؟ گوتمان لەســـەردابانیش بە تۆپ یەکێکمان شـــەهید بوو، هاتووین ســـەیارەکەتمان بدەیتێ ئەو شـــەهیدەی لە چیا بهێنینە خوارەوە! بانگی پێشـمەرگەیەکی کرد نازانم ناوی چی بوو، گوتی بڕۆ لەگەڵیان، شـــەهیدەکەمان بارکرد و بردمان لە گوندی کانی توو شـــاردمانەوە! (لێرە قســـەی حوسێن کارۆخ کۆتایی هات).

ئینجا (دەتانگەڕێنمەوە بۆلای رەتڵەکەی تر) فەرمانـدەکان لە تەدبیری دروســـتکردنی پردێکی ســـەفەری بوون بەو شەوە دوو سی دار سپیندار ببڕنەوە، تا لەسەری بپەڕینەوە، لەو دەمە تەقە دەســـــــتـــــی پــــێـــــکـــــرد! پەیام هات عەدەد ئاربیجی و بیکەیســیەکان بێنە پێشـەوە، فەرمانیـان پێکرا تەقەی لە هێزەکەی ئەوبەر بکرێ کە زۆر بە چڕی رەتڵی یەکەمیان پەریشان کرد بوو، گولله لە باران چڕتر دەباری بەســەریان! کاتێ ئاراســتەی تەقەکانی ئێمە ئاشــکرابوو، ناوچەکەی ئێمە درایە بەر تۆپ و کاتیۆشــا، پەیامێ تر هات بکشـــێنەوە! هێزی رژێم لەناو دێ لە پێنج خانووی گوند روناکیان دیار بووکە دوانیان کەوتبوونە ئەوبەری شـــەدەڵە لە بنـاری پیرەمەگرون، دەبوو لەلایەن رەتڵەکەی ئێمەوە لێیان بدرێت، کە ئاوی چەمەکە رێگر بوو لە پەڕینەوەمان! لە راسـتیدا هێرشـەکە لە کاتێکی باش بوو ئەگەر ئاوی چەمەکە نەبایە! کە پڕۆســـەی گرتنی تەواوی شەدەڵەی پەکخست، هەرچەندە گورزێکی گەورە بەر دوژمن کەوت! رەتڵەکەی ئێمە بەســـەلامەتی و بێ زیـان رووەو مێرگەپـان رۆیشـــتین، بەڵام لە رەتڵەکەی تر بە داخەوە ســـەرتیپی ٦٣ ی جوتیـاران محمـد رازانی و ســـێ پێشــمەرگەش بەناوەکانی حەمید و عوســمان و شــەماڵ شـــەهید بوون، لەگەڵ فەرماندەی کەرتێکی خاڵخاڵانیش بەناوی دلێرە ســـوور، ( تا نووســـینی ئەو بەشـــە هیچ زانیاریەکم لەســەر قۆڵێ خاڵخاڵان و تیپی مەڵبەند دەسـت نەکەوتووە، کەرووداوەکان چۆن بووە) فەرماندەی کەرتێک و دوو پێشـــمەرگەش بریندار بوون، تەنیا تەرمی محمد رازانی و شـــەماڵ نەکەوتە دەســـت رژێم، لەوێ مەفرزە مەفرەزە دابەش بووینە نـاو گونـد، خۆمـان کردە مـاڵێکی چۆلدا، زۆپا دارەکەمان بە زۆر داگیرسـاند، کەس دەسـتی چەرخی نەدەگرت دایگیرسێنی، خۆمان رووت کردەوە دوو سێ لێفەی شڕمان دیتەوە بە نۆرە دەمان ئاڵکاندە خۆمان و جلەکانمـان پـاش گوشـــین، بەدیـار زۆپـاوە وشـــک دەکردەوە. ئەوەنـدە هیلاک ببووین کەس توانـای نۆرە حەرەســـیاتی نەبوو، هەمووان لە بەرگەرمای بە جۆشـــی زۆپاکە لە شـــوێن خۆمان دوای گەرم بوونەوە، پەلەواش بووینەوە! ئەوە لە کاتیکدا دەبوو هەر مەفرەزەیەک ئێشک بۆخۆی دەربکات.، وەختێک لە زرمەی تۆپ بەخەبەرهاتین!

تێبینی:

1 -وێنەی یەکەم شەهید شەماڵ وێنەی دووەم شەهید حەمید سەنگەسەریە، لە لایەن رێبوار بەکرەجۆیی بۆم رەوانکرا زۆر سوپاسی دەکەم وێنەی سێیەم تیپی کۆمەلێ پێشمەرگەی ٦٣ ی جوتیارانە، کاک کارۆخ بۆی رەوان کردووم، لەناو وێنە بەکۆمەلەکە، یەکێک لای دەستە راستەو پشتی کراوەتەوە، ئەو پالەوانە شـەهید محمدی خسـتۆتە سـەر شـانی خۆی، رەنگە بـاوەڕ نەکەی نـاوی عمر محێدینە رەسمی چوارەم شەهید محمد رازانییە

2 - ئەمە شـعرێکی محمد رازانیە نەمری حکومەتێک کەبڵێن دادی داماوی کرد، پشـــتگیری لێقەوماوە

پشـــتیوانی لانەی هەژاری کرد، نەماوە پیاوی ڕۆژگـار بـاویەتی پیـاوی نـامەرد، مەردە ئەوەی کەوا ماستاوی کرد.

نوسـینی/شـەهید محمد ڕازانی 1986 شـەهید محمد شــــارەزای چوار زمان بوو، خوێنەرێکی جدی و جوان بوو، دەسـتی شـعریشـی هەبوو، برازایەکی زانیاریەکانی بۆ ناردم

تۆپە نەعلەتیەکان نەیان هێشـــت دوو ســـعات بخەوین، سەرەتا وا تێگەیشتین هێرشە بۆ سەر مێرگە پان! دوایی لە ناو دێ، سێ پێشمەرگەی کلکە سماقم بینی، گوتیان هیچ نەبوو، قاوەڵتی بوو! سەرمان کرد بەسەر چەند ماڵێکدا لە دۆخێک بوون، تەواو لە ئێمە بێ ئومێد ببوون! بەتایبەتی کە هەواڵی بێ ســەرو شــوون بوونی بەشـێک لە خەڵکی شـــەدەڵەیان زانی بوو، لە راســتیدا ئەو هێرشـــە گەورەیە یەکەم پرۆســەی ئەنفال بوو، کە لە ٢٣/٢ سـاڵی ١٩٨٨ بە بڕیاری ســەدام بوو، کە علی حســن مەجیدی بۆ ئەو کارە دەســــتکراوەی کردبوو، کە بڕیـاری ئەنفـالی خەڵـک و کیمیاباران کردنی ناوچەکانی ژێر دەسـەلاتی پێشـمەرگەی دەگرتەوە. بۆیە خەڵکەکە کەوتبوونە خۆیــان بــارگەو بزگوریان تێک دەنا، وای بۆ چوو بوون کە مێرگەپانیش بێ تەقە جێ بهێڵین! هەرواش دەرچوو، خەبەر هات دوای نیوەڕۆ دەبێ بگەینە سەرگەڵو، ئێمە لە ناو تۆپ و راجیمەی رژێم، بە هەرزنەرێدا بە دابانا ســـەر دەکەوتین، بە دوای یەکدا رێچکەمان بەسـتبوو، گەیشـتینە ناو سـەرگەڵوو، لە ماڵێکی چۆڵدا هەندێ ڕۆن و ئاردمان دیتەوە، کردمانە ناو سێڕی(ناو ساجی) وا بەتەما بووین،جێگای خۆمان خۆش بکەین بەڵکو ئەو شـــەو بخەوین و پشـــوویەک بدەین! کەچی گوتیان هەر ئێستا بۆ سەر دابان سەرکەون، دابان مەترســی هێرشــی لەســەرە دەبێ بەدرێژایی دابان هێزی لەســــربڵاو بکرێتەوە. هێزەکەی ئێمە دوو خالی بۆ دانرا هێزەکەی ٢٩ی کلکە ســـماق لە زنجیرە چیای پشـــت هەڵەدنەوە لە قۆپکی قەرەتیکـان و چەرمـاوەنـد بەولای رێگاکەوە ( لە بەشەکانی داهاتوو، لە تێکشکاندنی هێرشی رژێم و قارەمانێتی ئەوان و ژمارەیەک دیلی مغاویر، باسی دەکەین) ئێمە نزیک رێگاکەی بۆ شـــەدەڵە دەروا، هەردوو کەرتی دووی قەرەچوغ و دەشـــتی هەولێریش بەتەنیشــت

ئێمەوە بوون کە دەیڕوانی بە ســــەر ئۆمەر قەومەوە ( لەبەشـێکی تایبەت قارەمانیتی ئەو قۆڵەش باس دەکەین) بە تەنیشت سەنگەرەکەی ئێمەوە چادرێکی بچووکی لێ بوو، بە راوەســــتانیش جێگای پازدە کەس نەدەبۆوە، هێزەکەی ئێمە و مەفرەزەیەکی کەرتی پێنج کە لەژێر فەرماندی هاشم شــــەمـامکی بوون، لەو دوو خـاڵە جێگیر کراین، بە تەنیشـــتمانەوە شـــەریفی قورئانی تۆپهاوێژی تۆپخانەی شۆڕش بوو.

لە سـەنگەرەکەی ئێمەوە شـەدەڵە دیار بوو، ئەو شـەدەڵەی خوێنی زۆری بۆ دراو نەگیرا! ئێستا نەک شەدەڵە، بەڵکو لە تەواوی دۆڵەکە کشاوینەتەوە و لەسەر دابان پارێزگاری لە باشـووری رۆژهەلاتی سـەرکردایەتی دەکەین! ناوە ناوە تۆپباران دەکرێین، گرتنی زنجیرە چیای دابان ئاسان نیە، بە بەرد شـەڕ بکەی ناگیرێ! رووی نساری دابان سی بۆ چل سـانتیم بەفری لێ بوو، رێکەوتی ئێوارەی ٣/١ سـاڵی ١٩٨٨ە، دنیا خۆی سـارد بوو، ئینجا لەسـەر چیاش بیت، خاڵێ ئێشـک گرتنمان دەیڕوانیە گوندی شـەدەڵە و هەموو جووڵەیەکی سەربازی بە بەدووربین دیاربوو ، عەلی عارەب عەدەد دۆشکایەکی ئازای قەرەچوغ بوو، لە خوار ئێمەوە لە شـاخە کونەکە بوو، ( کونتیلەی قەرەتیکان) ئێمەش Bkc مان لەو سـەنگەری خۆمان دانا بوو، تەنیا دۆشـکاو Bkc دەگەیشـتە ناو شـەدەڵە، کاتێ جاش و عەسکرمان لێ دیار بوون گاو و گۆلکی خەلکی گوندیان راو دەکرد و لە زیلی عەســــکەریان بار دەکرد، تا تاریک داهات بە دۆشــــکاو Bkcناوە ناوە تەقەمان لێ دەکردن. لەوکاتەی بەسەر شاخ کەوت بووین، سـەرو یەک ناوسـێریمان ( ناوسـاجی) پێ بوو، وا بڕیار بوو ئەگەر تووشــی هیچ هێرشـێک نەبین، بەیـانی بەهێزی ترجێگۆڕکێمان پێبکەن وبێینە خوارەوە. ســەرمایێک بوو، هەر بەگەیشـتنمان بۆ ســەر چیا، بەفرو کرێوەیەک بەباوە دەی وەشـاند، هەر دوو سـعات جارێک، دوو کەس لە سـەنگەرەکان دەمانەوە، شـەویش زریانێک هەڵی کرد، ســەری بە هەموو کونێکی نێو رەوەزە شـاخ و گەوەڕە بەردێکی دابان دا دەکرد. دەتگوت گرەوی کردبوو لەســـەر ئەوەی نابێ کونجێکی وشــک بمێنێ، زڵلەیەک لە تەڕو تووشـــی ســـەرمای ئەو شـــەوەی لەبنا گوێیی نەسرەوێنێ!! تا دوو سعاتەکە تەواو دەبوو، نیوە(ماسیاو)

بەستراو دەبووین! چی نەدەما لە جوولە بکەوین! هەر خولەکێک بەبارتەقای کاتژمێرێک درێژەی هەبوو! ناوە ناوەش بە رەتڵێ راجیمە، یان تۆپی نەمساوی، رقی دەسەڵاتێکی بێ ویژدان، تارو ماری دەکردین! لە هەر چوار دەوری چادرەکە بەبەردی گەورە بەسترا بۆوە، جیاوازی سەرمای نێو چادرەکە لەگەڵ دەرەوە، تەنیا هاڵاو و پلەی گەرمی لەشی ئێمە بوو، تا برسی تر دەبووین، سەرما کاریگەری زیاتر دەبوو، هەبوو هەر بەرێوە ناوساجیەکەی لف کردبوو! کەشەو داهات دارو بەردی دابان لە فرێزەرێکی گەورە دەچوو تەنیا زیندەوەر ئێمە بووین لەناویدا وەک کائینێکی گوناە سەرما دەیبردین و لە جوڵەی دەخستین و نەدەمردین! لە نۆرەی ئێشکی شەودا، من و حەمەساڵح، سێرەمان لە هەموو جوولەیەک گرتبوو، گوێمان لە خشپەی مارو مێروش دەگرت، کات لە ساتە وەختی ناخۆشی وا زۆر بە خاوی تێدەپەڕێ چاوم لە سەر تروسکایی ئاگری سەربازەکانی ناو شەدەڵە کروشکە کردبوو، کەوتبوومە شەو رەوی خەیاڵان! لەو شەوە سەخت و ناخۆشەدا، قسەیەکی سەرهەنگی هاوپۆڵی رۆژانی پەیمانگام بیر کەوتەوە، دەیگوت ( پێشمەرگایەتی گەمە نیە...) ئەو شەوەی لە بەشە ناوخۆ باسی گیان فیدایی و سەختی ژیانی پێشمەرگەمان دەکرد، سەرهەنگ گوتی (دانیشن بابە ئەنگۆ سبەینان سەریشتان کەوی دەکەن تا بەشەکتان رادەگا، کورە پێشمەرگایەتی گەمە نیە ها، پیاوی خۆی دەوێ ، بە کوردی قونی دەوێ کووزری بکوتی) ئێستا چاوت لە کوێ دیارە سەرهەنگ، وا پۆلێک لە گەنجی جەنگاوەر لەو ژیانە سەختەی ئێستا تێیداین، کە ئەو دەم بە خەیاڵیش نەماندەتوانی وێنای بکەین، وا ئەمشەو بە زندوویی مەرگی جەستە ئەزموون دەکەین !! ئێمە لە پەیمانگا زۆرینەی کوردەکان بەڵێنمان بەیەکدابوو، مەشقی هاوینەی جەیشی شەعبی نەکەین، هەتا ئەگەر فەسڵیش بکرێین! بەس سەرهەنگ و دوو سێیەک نا، ئەو رۆژەی ناوی فەسڵکراوەکان هەڵواسرا بوو، من شۆک نەبووم، یەکەمجارم بوو لەو تەمەنە لەسەر هەڵوێستێکی وا باجی کوردبوونم بدەم ! ئەو کات رۆحی کوردایەتی لە لووتکە بوو، لەمێژ نەبوو دوو لە قوتابیەکانی پەیمانگا لەسەر تەنزیمی گیرا بوون. هاو پۆلانم دوو دوو، سێ سێ، بەتایبەتی کچە کوردەکان دەهاتن ستایشی هەڵوێست و ئەسەفی خۆشیان دەر دەبڕی! هەبوون دەیانگووت : ئیتر ئێمە لەگەڵ کێ سەفرەو پیاسە بکەین؟ ئەوا پیاوەکانیش نەمان! من هەمیشە چاوم لە سەر (ئەو) بوو بە بینینی ناوم لە لیستەکە شۆک بوو! ( ئەو) لەگەڵ هاوڕێیەکی کچی تا گەراجیش بەڕێی کردم، (ئەو) چاوەڕێی من بوو دوا قسەم بکەم بەڵام نەمکرد، قەتیش رۆژێ کەسمان جورئەتمان نەکرد ئەو رازە بدرکێنین! نە من نە ئەو هیچمان نەگوت، بەڵام هەردووکمان بەقەد رۆمانێک قسەمان مابوو بیکەین! تەنیا جارێکیش باسمان نەکرد! ئاخر تۆنی کوردایەتی ئەو رازەشی خەفە کردبووین، لەلایەکی تر مەحکوم بووم بە قسەی خۆمەوە ( هاوڕێیەتی کچ مەرج نیە هەر عیشق بێت) بۆیە من لە دەرگاوە لێی هاتبوومە ژووری! پێم شەرم بوو لە پەنجەرەوە بێمە دەرەوە! ئەو کچێکی تەریک بوو، تێکەڵاوی کوڕان نەدەبوو، زۆر سەرنجی راکێشا بووم، گوتم دەکرێ بزانم بۆ تێکەڵاوی کوڕان نابیت؟ گوتی بڕوام بە هاوڕێتی کوڕان نیە، هەمووی درۆیە، ئەوەندەی تر بووە مەراقم، گوتم مەرج نیە هەموو کوڕێک وابێت! رۆژگار رۆژانی هێنا بووین بە هاوڕێ! ئیدی هەر لە سنووری هاوڕێیەتی ماینەوە، رەنگە تەنیا شارەزایانی زمانی جەستە لەوە تێگەن کە ئەو خۆشەویستیەی زمان تەفسیری پێ دەکات، ناگاتە ئەژنۆی تێڕامان و نیگای چاوێک! کاتێ لە پەنجەرەی کۆستەرەکە دوا خوا حافیزم لێکرد، هەستم کرد، پێم دەڵێ: چۆن جێمت هێشت، تۆ بڵێی جارێکی تر بتبینمەوە؟ خەریک بوو منیش بکەومە ژێر ئەو نیگا کاریگەرە و کۆنترۆلی سۆزم لەدەست بدەم و قسەیەک بکەم! بەڵام تازە درەنگ کەوت، با قەدەری ئەویش نەبەستم بە خۆمەوە! هەرچەندە ئەوەش بۆ من قورس بوو، کە نەزانێ چەندە ئەوم خۆش دەوێ! خۆم کۆ کردەوە بۆ گوتنی وشەیەک بۆ ئەوەی لە نێوان هیوا بێ ئومێدیدا جێی بهێڵم! با سەر پشک بێت چۆن بڕیار دەدات! چونکە پێم گوتبوو ئەگەر فەسڵ بکرێم، دەبمە پێشمەرگە، پێشمەرگایەتیش هیچ زەمانەتیکی ژیان و مانی تێدا نیە! کۆستەرەکە جولا و دەستێکم لە پەنجەرەکە دەرهێنا، بە تۆنێکی گڕ گوتم خوا حافیز دەتبینمەوە! ئەو رۆژەی دوا ماڵ ئاواییم لە قوتابیان کرد، نیوەی کوڕەکان

لای کچەکان خەجاڵەت بوون! چونکە خاوەنی قســـەی خۆیان نەبوون و مەشـــقەکانیان کرد بوو! پێم خۆش بوو هەموویان ئێستا بزانن پێشمەرگەم!

وەردە وردە چـاوم گران دەبـوو، خەوێکی قورس بەو ســـەرمایە چاوی گرتبووم، چەند شـــەو بوو وەکو بەشـــەر نەخەوتبووین، ئەمشـــەو شـەوی ١ لەســەر ٢ مانگی سـێیە، چوار شەوە چوار سعات بەسەر یەکەوە نەخەوتووین، دەم نادەم نێوچەوانم بە کەرتە شاخەکەی سەنگەرەکە دەکەوت و بەخەبەر دەهاتم !کە پەناگەیەکی دوو رووی وەک دیوار وا بوو. هەندێ جاریش لەگەڵ زرمەی تۆپەکان رادەچڵەکیم! بە پێوە ئەو خەوە بەو سەرمایە رەنگە کەس باوەڕ نەکات! دەم نادەم رەشـە باکەی دابان چی بەفری سـەر شـاخەکان بوو، بە چرو چاوی دادەداین و دەرزی ئـاژنی دەکردین! کەچی ئەو خەوەی هەر لە چاوم نەدەتاراند! حەمەســالح بە پێوە شانی دابووە گابەردەکە چاوی لەسەر جوولەی دوژمن چڕ کردبوو، سەیری سعاتم کرد، چواری شـەو بوو، قۆلی حەمەسالحم جولاند، سەیرم کرد خەوتووە، چەند قسەیەکی کرد هیچی تێنەگەیشتم، دنیا بەرەو ئاسۆی بەیان تاریکی بەشـەو دەپێچایەوە، گوتم من لێرە دەبم ، تۆ برۆ یوسـف زەرگەو ســەردار عارەب بانگ بکە، ســەیر دەکەم ناجولێ، حەمەســـالح چیتە؟ جوابی نەبوو، قۆلی حەمەســـالحم گرت راستم کردەوە ئەو دەستەی ئانیشکی دابۆوە لەسەری رەق ببوو، خوێنی بۆ نەدەچوو، بەپەلە حەمەســـالح گەیاندە بن خێمەکە و جەماعەت زۆر بەیان لەســـەرمان بەخەبەر بوون، ناو خێمەکە تەڕ و قوڕ بوو تەنانەت یەک بەتانیشـــی لێ نەبوو، دەبایە یان بە پێوە رابووە ســـتابای ئەویش بە کوورە کوور! یان لەســـەر چیچکان! نەشـــدەوێراین لەبەر مایسیری بەردێک دانێین و لەسـەری دابنیشـین! سـەردار تەندورە( بەداخەوە ئەویش لە شـــەڕی برا کوژی کوژرا) چیســـە خەوێکی ئێرانی پەیدا کردبوو، لەناویدا لە خێمەکە تەخت ببوو، پێمان لێ دەنا قســـەی نەدەکرد! بـانگمان دەکرد، جوابی نەدەداوە! هەموو جـارێ بەگـاڵتە دەمگوت سەردار چۆتە سووڕی سڕ بوون، ( ئەنۆ دەیگۆ برێ ماری سـڕ) تۆزی شـان و قۆڵی حەمەسـالحیان شـێلا باش بوو خوێنی تێگەڕا و وردە شەویلاکی کرایەوە کەوتە قسە.

بۆ نیوەڕۆش هیچمان نەبوو بیخۆین، هیچ پەیوەندیشـمان بە سـەرکردایەتیەوە نەما، هاشم شـەمامکی سـەردار عارەبی نـاردە خوارێ، پێی گوت : خەبەر بدە مەڵبەندی دوو، بزانە کێ لە بـارەگـایە هەواڵی ئێمەیـان پێ بـدەو هێزێـک بنێرن بمانگۆڕن! سـەردار دوای عەسـەرێکی درەنگ، سەرکەوتەوە ســـەر چیاو یەک دەبە نەوتی پێنج لیتری لەگەڵ دە دوانزە تاک پێلاو و نەعلی لاسـتیکی بەســـەر خسـت بوو، پێیان گوتبوو ئەوانە بۆ خۆتان بسـووتێنن! ئێ لاسـتیک لە ناو خێمە بســـووتێنین دەخنکێین، لای ســـەنگەرەکە بۆ نیو ســـعات چرە دووکەڵێکمان پێ کردەوە خەریک بوو کوێر بین. شـــەو درەنگ داهات مشـــیر بەخۆی و جەماعەتەکەی هاتنە بن چادرەکە، گوتیانە هاشـم شـەمامکی ئێمە دەچینە خوارەوە، بە راســـتی معقول نیە، مـادام نـامان گۆڕن — بەدلمان ناکەن بۆ خواردنمان بۆ ســـەر ناخەن؟ هاشـــم شـەمامکی کاتێ مشـیری بەو شـیوەیە بینی شـلەژا، نەشـی توانی رێگریان لێ بکات! چونکە ئەوان لە ژێر نایلۆنێکی شـــڕدا خەریـک بوو رەق ببنەوە! کـاتێ ئەوان چوونە خوارەوە ( گوتی رێبین، محمود، حەمەســـالح، ئێوەش بە جێم دێلن؟ ئەی دوایێ چی بە کـاک کۆســـرەت بڵێم) ؟ (رەنگە ئەو کات لە بەر ئەخلاق پرەنسیپی حیزبی لە چاوی ئەوەوە تەماشـای شـۆرش و خەباتی کردبێ، بەڵام ئێسـتا ئەگەر زینـدوو بێتەوە، حەتمەن قســـەیەکی تری دەبوو!) کاتێ ئەو قسـانەی دەکرد قورگی پڕ گریان بوو، قەت ئەو پیاوەم بەو شـــێوەیە نەدیتبوو، مەرگی خۆی و ئێمەی پێ باشـتر بوو، نەوەک لە شـاخ بێتە خوارەوە و شـەرمەزار بێت! ئەو متمانەیەکی زۆری بە ئێمە هەبوو، ئێمە ســـەیری یەکترمان کرد، ئەگەر ئەو شـەویش بەو شێوەیە بمێنینەوە، رەنگە لەســـەرما رەق ببینەوە! بەڵام گوتمان ئێمە لەگەڵت دەمێنینەوە ئەگەر سـوور بزانین لە بەر سـەرماو برسـێتی بمرین، هاشـم شـەمامکی کادیرو فەرماندەیەکی گوێ رایەڵ بوو، بۆیە هەمیشـــە جێگای ســـەخت و پڕ مەترســـیان بۆ دادەنـا، چونکە قەت نەیـدەگوت نـا ئێمەش بـاجی گوێ رایەڵێ ئەومان دەدا! لە شـــانســـی ئەویش کەرتەکەمان پێشـــمەرگەی قارەمان چاو نەترســـی تێدا بوو! هاشـــم شـەمامکی بە مشـیری گوت برۆنە بارەگای مەڵبەند، بزانن

کێی لێ یە بەڵکو هێزێکی ســـــایەوە بنێرن بۆ جێگرەوی ئێمە.

مشــیر ئێســتا نەماوە، بەلام بورهان ســاڵەیی گوتی کاتێ گەیشتینە بارەگای مەڵبەند سعات دەور و بەری ١٠ی شەو بوو، حەرەســێک لە وێ بوو پرســیمان کێ لێرەیە؟ گوتی کاک هەڵۆی ئەحمەد کوردە لێرەیە بەرپرســـی میحوەری دابان ، گوتمان باشــە ئێمەش لەوێوە هاتووین بانگی بکە، گوتی ئـاخر خەوتووە، بورهـان گوتی مشـــیر گوێی پێ نەداو چووە ژوورەوە، هەڵۆ بەپشـــتی کراوەوە خەوتبوو بەرپرسی سەربازی میحوەر، دەڵێ ژوورەکە ئەوەندە گەرم بوو حەزم دەکرد لێی دەرنەچم (بە چاوی خەوەوە سەیرێکی منی کرد، گوتی هـا بەو درەنگە بۆچی هـاتوون) گوتم شـاخمان بە جێ هێشـتوە لە برسـان و لەسـەرمان، گوتی کەی ئەوە راسـتە ئیلتزام نەمایە هەرکەس بەکەیفی خۆی لە شـاخ دیتە خوارێ! گوتم لە دوێنێکەوە یەک ناوسـاجیمان خواردیە ئێمەش بەشـەرین، ئەدی نابێت جەنابت مشـوری ئەوەت بخواردبا ئەو هێزەی لە شـاخە چی دەخوا؟ دوایی یەک نوقتەمان چۆل کردووە کاک هاشـــم شـــەمامکیش ئاگادارە، سلاوی هەبوو بۆت، گوتی ئەگەر ئەوشەو بەدلمان نەکەن رەنگە هەموومان رەق ببینەوە لە ســـەرمان. ( گوتی منگەیەکی لێوە هات، تـازە درەنگە بـاســـی هێزێکی کرد بەیانی بەدلیان دەکەم ) ئەوان دواجار چووبوونە ماڵێکی چۆڵ و تابەیانی لێی خەوتبوون، ( گوتم بورهان سالەیی چ شتیکی ناخۆشت لە بیر ماوە، گوتی ئاخر دەترسم باوەڕ نەکەن، گوتم قسـەم بۆ بکە ئەوە ئەمانەت بێت، وەک خۆی تۆماری دەکەم) گوتی: (شـــەوی یەکەمی شـــاخ بەیانیەکەی لەســـــەرمـان میزم کرد، هەرچەنـد کردم بەنەخوێنم بۆ نەبەســـترایەوە، لولم داو کردمە ژێر نیتاقەکەوە، مشـــیری رەحمەتی بینی گوتی ئەوە بۆ شـــەرواڵت لول داوە، گوتم لەســـەرمان بۆم نەبەســـترایەوە، ئەویش هەوڵیدا نەیتوانی بیبەســتیتەوە بۆم دەســتمان هەموو گۆد ببوو لەســەرمان )
شەو کە مشییر و بورهان بەلێن سالەی و سەردار مرور و سـەلام و مشـیر شـۆڕەزەرتکە سـەنگەرەکەیان چۆڵ کرد و چوونە خوارەوە، دلمان خۆش بوو گوتمان قابیلە هێزێک نەبێ ئێمە بەدل بکات؟ تا درەنگی شـــەو چاوەڕێ بووین، کەس دیـار نەبوو، ئیـدی بێ ئومێد بووین، بەفرو کرێوە تازە لێی کردبۆوە، نۆرە ئێشـــکی خۆمان بەرێ کردبوو، رەشەبایەکی قایم هەڵی کردبوو، خەریک بوو چادرەکە ببا، هەندێ بەردی ترمان خستە سەر لاچکە کانی، لەناوەوەش توند گرتبوومان، تا دەهات رەشـــەبایەکە قایم تر دەبوو، لە دەوری کاتژمێر ١ ی شـــەو چادرەکە با بردی! ئەوەندە بەتین بوو ئێســـتاش نەمانزانی فڕێی دایە کام دۆڵ و لە کوێ کەوتەوە؟ تەنـانەت بە پێوەش ئەگەر خۆت بەدارو بەردێ نەگرتبا، لەوانە بوو بیبردبای! هەر چۆنێک بوو لە پەنای هەردوو ســــەنگەرەکە خۆمان دا پەنای بەردەکان و ئیدی هەموومان بووینە ئێشـــک گر، تا بەیانی بە کۆمەڵ هەڵدەلەرزین! ئەو شـــەوە چەند درێژ بوو خوایە!! هەموو سعاتێکی شەوێکی درێژی یەڵدا بوو! کە خۆر هەلات هەور بە ئاســــمانەوە نەما بوو، دابان لە ناو بەفردا یەک پارچە زیووی داپۆشراو بوو، ئێمە لە ناویدا چەند خاڵێکی رەشی نامۆ بووین! سـروشـتی جوانی ئەومان تێکدا بوو! ورده ورده خۆر گزنگی نارنجی ســپی دەبوو، تا دەهات چاوی ژاکاوی خەو زڕبوومان هەڵنەدەهات لەبەر تیشـــــکی خۆر چاو قیچ ببووین! پەســـــیوێک پەنا بەردێک، قاتی بوو لە گوێزانی سـاردی ئەو بایە بۆ سـاتێکیش پەنامان بدات و بمانگرێتە خۆی! ورده ورده لە ژێر پلەی سفردا جوولەمان کرد ســــەردار عارەب لە ســــەنگەرە چۆڵەکەی مشـــــیرو مەفرەزەکەی هــاتە لامــان دەمی گێر ببوو، هەر بەخۆی کوردیەکەی خراپ قســـەی دەکرد، هەرچەند قســـەی کرد، ئێستاش تێینەگەیشتین چی گوت، نەماندزانی نە پێبکەنین نە بگرین بۆی!! ئەنۆ قۆڵێکی راوەســـتا بوو ئیشـــــی نەدەکرد، رەشـید Bkc و یوسـف زەرگە بچووکترین دوو پێشـــمەرگەی کەرتی شـــەش بوون، نە دەبوو ئەوانە بەو تەمەنە پێشـمەرگەبان، هاشـم شـەمامکی وەزعی زۆر خراپ بوو بەس بەســـــەر خۆی نەدەهێنـا، جـارجـار هەواڵی هەموانیشـی دەپرسـی! هەموومان گۆد ببووین، لە برسـان بەفرمان دەخوارد، لای نیوەرۆکەی شەریفی تۆپخانە داوای پێشمەرگەیەکی لێکردبووین، یارمەتی بدەین، تەنیا شەریف جیهازێکی بچووکی پێ بوو، بۆ رەسـەدی تۆپەکان، هاشـم شـەمامکی چاوی دەگێرا بەیەکێک بلێت، ئەوەندە خۆی بە خەجاڵەت دەزانی رووی نەبوو، نـاوێـک بێنێ، من گوتم ئاغای شـەریفی با برۆین، کە رۆیشـتین هاشـم شـەمامکی

گوتی بە کاک کۆسرەت بڵێ هێزێک بنێرێ بۆ بەدل کردنمان کاک شەریف! تۆپەکان لە ناو بەفرو قورِ چەقی بوون، گوللە تۆپەکانم بردە شوێنی بەردەلان، ئەو رەسەدی وەردەگرت و من گوللەم دەکردە ناو تۆپەکە، هەر جارێ ئەوانەی سەر شاخ دەیانگوت دەست خۆش رەسەد مەگۆرِە لە هامان شوێن بدەوە، ئەو جیهازی بۆ سەرکردایەتی دەکرد، ئەگەر زیلێکی عەسکەری بسووتایە، ئەوەندەی تری بۆ زیاد دەکرد! ( دواجار خەبەرم وەرگرتەوە لە ئەحمەد چواربەردە، گوتی لە تۆپبارانێکی چرِدا تۆپێکی نەمساوی بەتۆپەوە شەهیدی کرد! دە دوازدە تۆپمان هاویشت، گوتی ئیشم بە تۆ نەما، چیتر نای هاوێم، دەبێ دەستی پێوە بگرم جیهازیشم کردوە بۆ سەرکردایەتی، عەسر تیپی ٩٣ ی کۆیە بەدلتان دەکەن! گەرِامەوە ئەو موژدەیەم دایە برادەران، تۆزێ وزەمان بۆ گەرِایەوە! برسێتی برِستی لێ برِی بووین! (ئێستا کە دەبینم ئەو مەسولانە چەند بێ باکن بەرانبەر میللەت، من شۆک نابم چونکە ئەو کات بۆ حاڵێ پێشمەرگە بەشێکی وابوون!) تیپی کۆیە گەیشت، تیپی کۆیە پێشمەرگەکانی بەرێک پۆش و کورِی قۆز مەشهور بوون شوێن جەولەکانیان دەشتێکی پرِ لە ئاوەدانی بوو، لە جەولەیەکی سەرکردایەتی هاوینی ١٩٨٧دا کە ئەوکات لە تیپی ٩١ ی سەفین بووم، بۆ ماوەی مانگێک واجبی شاخمان هەبوو لەگەڵیان، زۆر شارەزایان بووم ئەوان هەر پێشمەرگە نەبوون، زۆریان عاشقیش بوون، شەوان چیرۆکی عیشقی خۆیان بۆ دەگێرِامەوە. پاش عەسرێکی درەنگ، کە هاتینە خوارێ، گەیشتینە بارەگای مەڵبەندی دوو، هاشم شەمامکی چاک و چۆنی لەگەڵ مەسولێکی خاوێن و پۆشتە کرد، گلەیی لێ کرد، من خۆم بۆ نەگیراو گوتم ئێوە پێشمەرگە بە حەیوان دەزانن؟ سێ رۆژ وو دوو شەوە یەک ناوساجیمان خواردوە، جەنابیشتان لێرە لەبەر پێچکە بزن رێگا نیە بچیتە مقەرِەکەتەوە، کەی ئەوە راستە؟ زۆرم پێی کرد، مەحمود و حەمەسالحیش لێیان وەرگرتمەوە، ئەوانیش قسوریان پێ نەکرد، هاشم شەمامکی سەیرێکی کردین گوتی مردوو نەمرێ دەزانی ئەوە کێیە؟ گۆتمان هەرکێ بێ، خوای دەکرد مام جەلال بێت! گوتی ئەوە هەڵۆی ئەحمەد کوردەیە مەسولی عەسکەری مەڵبەندی دووە! رۆژ سعاتێک کەمتری مابوو، لە سەرگەڵو خۆمان بە ماڵێکی چۆڵداکرد، کەس لەوێ نەمابوو، ماڵەکەیان وەک و خۆیان جێ هێشتبوو، ماڵێکی سارد و بێ ناز ئێمەش بە ناچاری چووبووینە ناوی، برادەران خەریکی دروست کردنی خواردن بوون، من فرِسەتم لە پەرەمێزەکە هێنا و یەک تەنەکەی گەورەی رۆنی راعی ئاوم گەرم کرد، چوومە حەمامەکەوە خۆم شووشت، تامن خۆم لەبەر کرد، برنجە سوورە حازر بوو. ئێمە لە نان خواردن بووینەوە رەتڵێ کاتیۆشای چلی سەرگەڵویان داگرتەوە، تۆپەکانی نەدەتەقیەوە دەنگی لە تەقەی پلاسکۆ دەچوو، زوو زانیمان کیمیاویە بەپەلە خۆمان بەست و جارێکی دی بە شاخ دا هەڵگەرِاین، چونکە کیمیای دەنیشێ، لەسەر چیاش ئاگرێکمان کردەوە، چونکە ئاگر غازی کیمییاکە دەسووتێنێ! ئێمە لەدەوری ئاگرەکە بووین، خەبەرێک بەپەلە هات لە کۆسرەت رەسولەوە بۆ هاشم شەمامکی خۆت و هێزەکەت بە رِێ بکەوێ بۆ بەرگەڵو. جارێکی تر بەو هیلاکیە رۆیشتینە بەرگەڵو، لەوێ کۆسرەت رەسول راوەستا بوو، فەردەیەک سەموونی ئێرانی لە پێش بوو، سەرو دوو سەموون و پارچەیەک خورمای پێ دەداین و گوتی: قەرەچووغ بتان بینم هیممەت بکەن! بەرِێی کردین بۆ بەری مەرگە، لەوێ هیرشێکی توند لەسەر پێشمەرگە بوو.( لە کاتی تۆمارکردنی ئەو بیرەوەریەدا، مانگێک بەر لە ئەورِۆ لە خەستەخانەکەی پاردا نازانم چۆن ئەو قسەیەم بیرکەوتەوە، براکەم پەتای کۆرۆنای زۆر بە قورسی گرتبوو، باسی دکتۆرێکی ئەوێیان بۆ کردم، دکتۆر عیلاجەکەی بۆ نووسیم، دکتۆری دەرمانخانەکە، گوتی چیت دەبێ نەخۆشەکە، ئەو عیلاجانە زۆرگرانن، دواجار وەری ناگرینەوە! گوتم برامە، چەند دەکات؟ حاسیبەیەکی لێدا گوتی ٥٧٩ هەزار، جیهازێکی ئۆکسجینیش بە ٧٠٠ دۆلاربوو. ئەو کاتە ئەو قسەیەم بیرهاتەوە، گوتم ئەدی هیمەتێ؟ گوتی مامۆستا سیستەمە!! ئێمە کاتی خۆی کە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانمان دامەزراند، من ئەندامی کۆنفراسی یەکەم بووم لەوێ بۆ پەیرِەوی ناو خۆو خزمەت کردنی کەسوکاری شەهیدان و پێشمەگە دێرینەکان خاڵی جوانمان جێگیرکرد، بە گوێرەی خاڵێکیان ئەوەی هەویەی شەهید و پێشمەرگەی دێرینی هەبا، دەبوو چارەسەری بە خۆرایی وەرگرتبا! نەمانزانی

لەشکریێ جاش و بندیوار بەناوی پێشمەرگە خانەنشین دەکرێت، لە پێشمەرگایەتی قسەیەکی باو هەبوو، هەندێک دەڵێن شەهید ڕێباز وای گوتووە، ( لۆت لار بم شۆڕش چەند گەلۆر نانت دەخوا).

تێبینی: وینەی یەکەم یوسف زەرگەیە، وینەی دووەم قادر یاسین پ م کلکە سماقە، دوو پێشمەرگەکە، ئەحمەد چوار بەردەو ئازاد قورشاغلوە، وێنەکەی تر حوسین کارۆخە دواتر دوو دیمەنی دابانە وینەی سابیر کاریتانیە، رەشید مزحمەد، محمود شەمامکی ئەگەر کرا دوایی ناوەکانیان لەسەر وێنەکان دەنووسم

ئەو شەوەی بۆ بەری مەرگە بەڕێ کراین، شەوی ٣/٤ ی مانگی ٣ ی ساڵی ١٩٨٨ بوو، پاش ئەو کیمیا بارانەی کە لە دابان و سەرگەڵوی دا، ئەوشەوە، لە نێوان تاوە بارانی بە خوڕ و نمەی پچڕ پچڕدا تا گەیشتینە "گوندی چاڵاوە"، ئاوە رووت بووین! لەوێ سەرو بارانگیرێک و پۆتینێکی درێژی وەک کریکاری خەبباتەیان پێداین.( نازانم کام پێشمەرگە بوو ، کاتێ پۆتینەکەی لە پێکرد، گوتی دەرێ عەمەلەی صەبەین! ئەتوو برێی صنعەتەکەمان نەگۆڕابێ) ئەو ڕێگا دوورە بە جەستەیەکی ماندوو، شەوی درێژەمان بەڕۆژ گەیاند، تا گەیشتینە گوندی "خوڕ خوڕە" کاتژمێر چووە دەوروبەری هەشتی بەیانی. گوندی خوڕخوڕە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی "دۆڵی جافایەتی"، لە ڕۆژهەڵاتی خوڕ خوڕە گوندی "یاخیان"ە لە ڕۆژئاوای باکوری گوندی "هەوارە بەرزەیە " لە ڕۆژئاوای باشووری گوندی "شارستێنە"لە باشوری گوندیش "دۆڵەبیە".شاخێک دەکەوێتە بەردەمی ناوی "گردەڕەشە" پشتی خوڕخوڕە هاوینە هەواری "تنگڵی" پێ دەڵێن . گوند بە چۆڵی چەند بێ ئۆقرەو سەبرە ئیلاهی! مێگەلی بزن و گاگەل، بێ خاوەن و سەرگەردان لە ناو دێ دەسوڕانەوە! ئێمەش لە برسانا بە ماڵە چۆڵەکانا دەگەڕاین، مرو مۆی خواردنێکمان دەکرد بیخۆین! ماڵەکان لە دەقی خۆیاندا جێمابوون، تەشی و خوری مەرەزی نیوە ڕێسراو، تازە شیرین دەستی لێ بەردابوو، بە تاقی دیوارەوە هەڵواسرابوو! هێشتا بەرماڵی بابە حاجی هەڵ نەگیرابوو! بۆنی نزای ئەو مەملەکەتە پڕ بەرائەتەی لێ دەهات! وا ئەمرۆ باجی ناوچە ئازادکراوەکانی دەستی پێشمەرگە دەدەن و هێرشی ئەنفال کۆچی پێ کردوون! دەبێ چەند جار گوتبێتی خوایە ئەو زوڵمە هەڵنەگری؟! لەولاوە دەلاقەیەک چوار شاڵی مەرەزی چنرای لێ یە، بەتەمابوون بیفرۆشن، بەلام قەدەری وابوو نەفرۆشێت!دیواری خانووەکان قایە بەرد و قوڕ بوو سەریان بە دار گیرابوو، زۆربەی خانووەکان سەر خان و ژێرخانی هەبوو، ژێر خانەکان، زۆرجار بۆ ماڵ جیایی کوڕان بوو، لێی دەژیان، هەندێ جاریش بۆ بزن و مانگا دەکرایە هۆری ئاژەڵان، ئەوان پێیان دەگوت "پشتیر". بەلای ژێرخانێکدا ڕەتبووم، بە سەر دیمەنێ دا کەوتم، بزنێکی مەرەزی کۆریس، لە ژێر هۆرەکە زابوو، دوو کاریلەی مسی مەرەزی هێنا بوو، بزنەکە لە برسانا هێزی نەبوو هەڵسێ بیانبانێتەوە! کاریلە کانیش لە برسان و لەسەرمان هەڵدەلەرزین، لە مەسافەی دوو بستدا، نە دەگەیشتنە گوانی دایکیان، کەس نەمابوو فرچکیان بدات! چ دیمەنێکی ناخ هەژێن بوو. دەستم بۆ کارەکە برد فرچکی بدەم، لە برسانا پەنجەی دەمژتم! دەمیم لە گوانی دایکیا نزیک کردەوە، وەک بزن مشک پێیەوە نووسا، بەدیاریەوە بووم تا گوانێکی چک کرد! لە مڵچە و قورتەی قومی پڕ شیری کاریلەدا، ڕۆحی من بە قەد هەستی کاریلە ئاسوودە دەبوو! گوانەکەی تریشم بە کاریلەکەی تردا، لەو دەمە بانگیان کردم، باوەشی دارم هەلگرت و دیمەنە تراژیدیاکەم وەک خۆی بە کراوەیی بە جێ هێشت و دامە دەست قەدەری خوا!

کە گەیشتمەوە لایان، ئەوان ئاگریان لە بن هەیوانی ماڵێکی لاپەڕی دێ کردبۆوە، کاتێ لەبەرگری ئاگری داربەروو، خۆمان وشک دەکردەوە، جەستەی ماندوومان، قەرزاری تەغارێ خەوبوو، چەند شەو بوو هیچ نەخەوتبووین! هەموو لە شوێن خۆمان بۆرژاین خەریک بوو بۆ خەوێکی قووڵ شۆڕ بووینەوە!

نەیانهێشت، بروسکە کرا هەر ئێستا سەرچیا بکەون( هاشم شەمامکی وای گووت). بە ناو تۆپباران بە چیای زەکەریا سەرکەوتین، دەبوو تیپی ٢٥ ی خالخاڵان ئالۆ گۆر بکەین، برسیمان بوو، هەر ئەو دوو سەموون و پارچە خورمایەی دوێنی شەو کە لە "بەرگەڵو" پێیان دابووین، خۆراک و پێخۆرمان بوو. کە سەرکەوتینە سەر شاخ، لە سەر تاتە بەردێکدا هەندێ کوت و لەتە ناوساجی

پێشمەرگەکانی "خالخالان" جێ مابوو، لەو بەرماوەیە دوو تیکەمان خوارد. بەرپرسی فەرماندەکەی "خاڵخاڵان" بە ناو گیڤەی گوللەی قەنناسەکان، سەنگەرەکانی نیشانی "هاشم شەمامکی" و ئێمەی دەدا، بێ منەتیەکی وای بەرانبەر گوللە نیشان دەدا، دەتگوت لە فلیمی سینەمادا نمایش دەکات! هەندێ جار قارەمانێتی وا دەبینی بە خیلی بە غیرەتی دەبەی! ئەگەرچی سەرکێشی بوو بەرانبەر گوللە! ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە ناو گیڤەی گوللەی قەنناس و زرمەی تۆپ دا تۆپ دا کاتمان گەیاندە شەو، ئێمەش لەو دۆخە راهاتین و سەرمان نەوی نەدەکرد! دەڵێن ئەو گوللەی گیڤەی دێت، لێت تێپەڕیوە، ئەوەی دەتپێکێ دەنگی نابیستی! شەو ئاسمان سامالی کرد، هێرشی سەرماو برسیتی بەیەکەوە هاوسەفەری ئێمە بوون! خۆ راگری ئێمەیان تاقی دەکردەوە. بەلام ئەوەی ئێمەی لەکەسێکی ئاسایی جیا دەکردەوە، شوناس و ناوی پێشمەرگەبوو، ئەگەر برسیت با یان سەرما ، هەمیشە هێزێک لەناخەوە ورەی پێت دەبەخشی و پێتی دەگوت: عەیبە تۆ پێشمەرگەی! تۆپ بە تۆپ بکەوتبایە پێت شەرم بوو زیرە بکەی، چونکە پێشمەرگەی! رەنگە ئەوە هۆکارێکی گرنگی بەرگەو بەردەوامی ئێمە بێت بۆ ژیان و بەو هەموو سەختیەش نە دەمردین و رۆحی مقاوەمەی پێ دەداین! وەک چۆن زانستیش سەلماندویەتی بێ ئیرادەیی لە رووی دەروونیەوە چ روخێنەرێکی جەستەیە؟ ئێمە بە سەر سەنگەرەکان دابەش ببووین و بە پێوە بووین! "هاشم شەمامکی" هەمیشە لە سەنگەرەکەی پێشەوە لەگەڵ "رەشید مزحمەدی" کە بیکەیسیەکەی لابوو، بە پێوە بوو! بە ئێمەشی دەگوت لە پەنا بەردەکان دانیشن، با گوللەو ساچمە نەتان گرێتەوە. ئەی تۆ بۆ بەپێوەی خۆ گیانی ئێمە لەتۆ زیاتر نیە؟ ( پێشمەرگەیەک وای گوت) گوتی خەمی منتان نەبێ، ئەو خەمی ئێمەی بوو، ئەسڵەن باکی بەرۆحی خۆی نەبوو! ئەو بە پێوە لاشە لاوازەکەی دەتگوت ئێستا لەسەرمانا دەبێتە چلوورەو بەردەبێتەوە! بەڵام لە ناخیدا ورەیەکی ئەوەندە پۆلایینی هەبوو، کاریگەری لەسەر ئێمەش بە جێ هێشتبوو! ئێستا کە عاقیبەتی هەڵوێستی بەشێک لە هاوسەنگەرەکانی دەبینم ، دەڵێم باش بوو شەهید بوویت فەرماندە! پەیامەکەت وەک خۆی گەیاند! لەسەر دەمی تۆ و دوای تۆش بەشێک لە هاوسەنگەرکانت بوونە جاش خیانەتیان کرد، بەشێکیش ئاخیر خێر نەبوون، مێژوەی خۆیان ناشرین کرد! بۆیە ئێستا کە لە جوامێری تۆ دەدوێم شەرم لە نووسینەوەی بیرەوەریت ناکەم! وەک چۆن لە قارەمانێتی هەندێکیان هەست بە خەجاڵەتی دەکەم! مێژووی گیان بازیت ئەوەندە کەڵەگەتە، دەشتی شەمامک بەهۆی تۆوە ناودێر تر بوو، ئەوانەی دوای تۆ شەمامکیان کردە پاشگری ناوی خۆیان، لەبەر خۆشەویستیان بوو بۆ تۆ شەمامکی.

بەیانی دابوو، دونیا تارای تاریکی لابردبوو، تۆپ بارانێکی چڕ پەیامی هێرشی رژێمی لە ئەگەرەوە کردە یەقین، هاشم شەمامکی، کەوتە جووڵە، سەنگەرەکانی ئێمەی بەسەر دەکردەوە و ورەی پێ دەدایین، ئێمەش لە ناو سەنگەرەکان لە ناو قوڕو چڵپاودا لە سەرمانا هەڵدەلەرزین! سەر شانمان لە شەختە سپی ببوو، ئەو ئەوەندە نیگەران بوو، لە سەنگەرێکدا ئۆقرەی نەدەگرت! ناهەقی نەبوو، شکەستی ئێمە شکەستی ئەو بوو، شکەستی ئەویش، دواجار لەدەستدانی سەرکردایەتی بوو! تۆپبارانەکە کپ بوو، بەلام تۆپی دەبابەکان بۆ سەر سەنگەرەکانمان هەر بەردەوام بوو. هێرشی جاش و سەربازەکان دەستی پێکرد، ئەوان لە ژێر سێرەی گوللەی ئێمە دابوون، دەبوو بە شاخی زەکەریا هەلبزنێن. لە هونەری شەڕیشدا شوێنی بەرز هەمیشە زاڵتر بەسەر خواری خۆی! هاشم شەمامکی لەسەنگەری بەرزترین ترۆپک بوو لەگەل سەردار عارەب و رەشید مزحمەد کە بیکەیسیەکەی لا بوو، من و محمودیش لەسەنگەری تەنیشت ئەوان بە چەند مەترێک لەوان دوور بووین، بەرووی ڕۆژئاوا ، "مشیری ئامر مەفرەزە" لەگەڵ "برهان ساڵەیی"، لە پێش سەنگەرەکە هاشم بە نزمایی حەوت هەشت مەتر، کە شوێنێکی زۆر سەخت بوو، تا دەگەیشتنە سەنگەرەکە دەبوو مەسافەیەک بە راکردن بڕۆن! چونکە دەکەوتنە بەر سێرەی دوژمن. ئەو سەنگەرە بۆ ئەوە بوو، نەوەک دوژمن دزە بکاتە بن گەوەڕی سەنگەری پێشەوە، کە لە بەرزترین سەنگەرەکە دیار نەبوو. جگە لەوە سەنگەرێکی بەرگری باشیش بوو. هێرشەکە لە هەموو لایەک بە پانی دەستی پێکرد، جاش و سەربازەکان لە سەنگەری پێشەوە نزیک دەبوونەوە، مشیر

ناوە ناوە ئارپیجیەکی تێ دەگرتن، برهان ســـاڵەیی کە لەگەل مشـــیر بوو، گوتی ئێمە لە نێوان تەققەی هەر دوولا نەمان دەتوانی ســـەر دەر بکەین! ســـەنگەرەکە بە بەرد هەڵچنرابوو، لە کونی بەردەکانەوە تەقەمـان دەکرد، مەگەر بۆ ئـارپیجی، مشـــیر جـار جـار هەڵســـابـایەوە. بانگی کاک هاشـــممان کرد، جێگامان زۆر خەتەرە، گوللەی ئێوەش هەنـدێ جار ئێمە دەگرێتەوە. گوتی خۆڕاگرن وا سەرداریش دەنێرمە لاتان، سەردار وەک بروسک لە پەنای بەردان خۆی کوتایە ناو ســـەنگەرەکەمان، ســـەنگەرەکە بـازنەیی بوو هەر یەکەمـان بەلایەکـدا تەقەمـان لە دوژمن دەکرد، چونکە هێرشـــەکە زۆر بەربلاو بوو، ســـەردار بەردێکی لە ســـەنگەرەکە لادا تـا تەقە بکات، گوللەیەکیـان لەنـاو کونەکە دا هـاواری کرد مشـــیر کوژ بووم! بە لای خوڕخوڕە حەمە سالح لەگەڵ "بەڵێن سالەیی" لە سەنگەرێک دابوون، گوتی کاتێ هێرشەکە دەستی پێکرد، تا جاشەکان نزیـک نەبوونەوە تەققەمان نەکرد، کاتێ تەقەمـان لێکردن، شـــوێنەکەی ئێمە لەوان ئـاشـــکرابوو! تۆپێکی دەبـابە لەبەردەمی ئێمەی دا، چی بەردو شـاخ بوو بووە سـاچمە و بەســـەر ئێمە دابـاری! بەڵێن گوتی پێم کەوت، گوتم تۆ لە جێی خۆت دانیشـە مەخزەنەکانم بۆ حازر بکە، جاشـەکان لە پێش سـەربازەکانەوە بوون لە هێرشـەکە، زۆر چڕ بوو، دەیانویســـت لە لای خوڕ خوڕەوە بێنە ژوورەوە، گرتنی ئەو شاخە واتە کەوتنی ناوچەکە بەگشتی، هاشم شەمامکی هاواری دەکرد حەمەســـالح تەقەیان لێ بکە، گوتی منیش لە تاخمی دوو چەکدا تەنیا یەک مەخزن فیشـــەکم پێ مابوو، نەدەبوو هاواریش بکەم فیشـــەکمان نەمایە!! تاوای لێهات دەم نـادەم تەقەیەکم دەکرد، گوێم لێ بوو جـاشـــەکـان دەیانگووت بەزاتی خوا رایان کردووە، ئەوە نیە تەقەیان نەماوە! بواری کشـانەوەشـمان نەمابوو بۆ لای برادەران، تەنیا حیســـابی ئەوەم کردبوو، ئەگەر بێنە ســـەریشـــمان فیشـــەکمان پێ بێ بۆ ئەوەی تەقەیـان لێ بکەم، تـاوەکو بکوژرێین، نەک بەدەستی بگیرێین!

شـــەمامکی هەر خەمی فیشـــەکی بوو، دەیگوت ئاگاتان لە فیشـــەک بێت تـا دەهـات هێرشـــەکـان زیـاتر دەبوو، سـەنگەرەکەی مشـیر گوشـاری زۆری لەسـەر بوو، بانگی کردن ســـەردار بێنن و وەرنەوە لای خۆمـان، وەختێـک تۆپێکی دەبابە لەســـەنگەری زانای دا کە نازم عەلی مەلا داود و ئەنوەر تەرجانیشـــی لەگەڵ بوو، زانا هاوری کرد پێم کەوت، ئەنۆ گوتی جەمەدانیەکی کاشـمیلۆنی زیادم پێ بوو، لەســـەری زانام ئالاند کە بەرســـەری کەوتبوو، کاتێ مشیر و سەردار گەیشتنە لای ئێمە مشیر چووە سەنگەری زانا، کە ئەویش فەرماندەی مەفرەزە بوو. ســـەنگەری ئێمە بەلای رۆژئـاوا دەیـڕوانـی بەدووری دەمەتـرێـک لە ســـەنگەرەکەی هاشـــمەوە دوور بوو رەشـــید بیکەیســـی لەبەرزترین شـوێنی شاخەکە بەردەوام تەقەی دەکرد، لە پڕ بیکەیســیەکە تەققەی نما، (ئەورۆژە کە پەیوەندیم بە کاک رەشیدەوە کرد) لێم پرسی چۆن بوو، گوتی فیشـەکم زۆر بوو هەندێک جار نیو ســـعات بەتەنیا بووم و بەردەوام تەققەم لە جاش و مغاویرەکان دەکرد، رەنگە دوو ســـەد جاش و مغاویری لاشـــەیان لە مەیدانی شـــەڕ جێ مابوو، چونکە لە ســـەنگەری ئێمەوە دیـار بـوو، لە هیـکرِا بیکەیسـیەکەم راوەسـتا، قەوانی لە ناو گیر بوو، ماوەیەکم پێچوو تـا دەرم هێنا، (رێک ئەو وەختە بوو کە هـاشـــم فەرماندە دەیگوتە حەمە ســالح تەقەیان لێ بکە) لەو وەختە پێشـڕەویان کرد، کەوتمەوە تەققە لێیان، لەو وەختە دیتم لە خوار ئێمەوە هێزێـک بەدیـار کەوت رەتڵێ بیکەیســـیم لێگرتن، وامزانی ئەوانیش جاشـن، دواجار شـەهید هاشـم گوتی ئەوە جەماعەتی ســـەعیدی حەمە زیادە تەقەییان لێ نەکەی، دوایی دەرکەوت دوو پێشـــمەرگەم لێ بریـنـدار کردبوو لێیـان بەلام ســـەلامەت بوون، بەهـاواری ئێمەوە هاتبوون، ئەوان لە ناو دێ بوون، کاتێ زانیان هێرشـــێکی توند لەســـەرمانە لە خوار ئێمەوە ســـەرکەوتن بە خۆیی و عوزیر فەقیانی جێگری و مەفرەزەیەک لە تیپەکەیان کە ١٩ کوڕەک بوون. حەمە ســاڵحیش گوتی ئەگەر کاک هاشـــم نەیگوتبا کاک ســـەعید ئەوە هاتی؟ من لێم دابوون، بەلام دیتم بە پێوە بیکەیســـی چۆن دەتەقانـد! ( ســـەعید فەرماندەیەکی قارەمان بوو، ســـەرتیپ بوو، بەلام بەداخەوە عاقیبەتی ئەویش وەک لە هەندێ فەرماندەکان تەســـلیم بە رژێم بوونەوە و بوونە جاش و بەجوانی نەمردن) ! ئەگەر ئەو لەو تەوقیتە نەگەیشـــتبایە فریامان فیشـــەکی ئێمە لە تەواو بوون بوو، هیرشـــەکە زۆر بەرفرەوان بوو، بەلام زۆرترین فشـــار لە رووی خوڕخوڕە بوو، ئەو رووەی لای



ئێمە بەس بۆ ئەوە بوو زۆرترینمان خەریک بکەن بە شەڕو نەپرژێینە رووی گوندی، سەنگەرەکەی ئێمە هەرچەندە گوللەی قەنناسەکە دەیگرتینەوە، بەڵام کۆنترۆڵی خوارەوەی بە باشی دەکرد، ئەو بەیانیەی هاتینە ناو سەنگەرەکە، خوێنێکی زۆر لەوێ رژابوو، گوتیان شێخ دارای کەرتی یەکی فاقە مەخمووری لەوێ بە گوللەی قەنناس شەهید بووە، ( بەداخەوە ئەو کەرتە زۆربەیان لە شاخ شەهید بوون و بە شێکیان لە برا کوژی کوژران! تا تۆمارکردنی ئەو بەشە لە سۆراخی ئەو شەهیدەم، ئەوەندەی دیارە پێشمەرگەکانی کەرتەکەی ئێمە شاردیانەوە گوتیان گۆڕێکمان بۆ لێدا گەیشتە ئاو بە جلەکانیەوە شاردمانەوە) هەرچەند هێرشیان دەکرد بۆ سەرمان لە حوکم و مەودای کلاشینکۆف دا لێمان دەدان رایان دەکرد و تێک دەشکان، کاتێ زاناش هاواری کرد پێم کەوت هاشم شەمامکی بەردەوام لە نێوان سەنگەرەکان هاتوو چۆی بوو، کەزانا هاتە لای ئێمە هاشم شەمامکیش بۆلای ئێمە هات، محمود کلاوەکەی لەسەری زانای لابرد خوێنی زیاتری لێ هات ساچمەکە نیوەی لە کلاوەکە بەدەرەوە بوو، بە جامانەکەی ئەنوەر بەستمانەوە، هاشم گوتی رێبین سەردارو زانا بگەینە خەستە خانەی گۆمەزەڵ، گوتم هێشتا هێرشەکە بەردەوامە با تەواو بێت، چاوی بە خوێنی سەری زاناو چاوی سەردار کەوت، زۆر پێ تێکچوو، ئەو پێشمەرگەکانی خۆش دەویست، گوتی نا هەر ئێستا بیبانگەیەنە خوارەوە.

شەمامکی هەموو گیانی وردە ساچمەو بەرد بوو، پێی شەرم بوو باسیشی بکات! ئەو گەڕاوە لای رەشید و ئێمەش بەناو گوللەو زرمەی تۆپدا بە خێرایی دەستی سەردارم گرتبوو لەگەڵ زانا هاتینە خوارەوە، نەگەیشتینە خوارەوە تۆپێک لە تەنیشتمان کەوتەوە، چێ نەمابوو هەرسێکمان وردکاتەوە! سەردار لەدەستم رای کرد، دەستێکی بە چاویەوە گرتبوو ، دەستەکەی تری کە لە ناو دەستم بوو بەریدا، گەیشتینە بناری هەورازەکە، شەهید رۆستەم، دیاربوو سرەی خەفەریاتی بوو، بەناو تۆپ و گوللەدا خواردنی بۆ برادەران بەسەر دەخست! سەردار نازانم لە کوێ گەورە ببوو کوردیەکی نیوە عەرەبی قسەی دەکرد، هەوای کوردایەتی هەڵی پێچا بوو ببووە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز وا ئەورۆ عەزیزترین ئەندامی جەستەی کە چاویەتی بە خشیە نیشتمان، ئەو نیشتمانەی لەشکری جاشەکانی پەنجا قات بەقەد پێشمەرگەی وڵات پارێزەکانیەتی، زۆر جار لەسەر جاش بوونی میللەتی کورد گوتوومە کورد ئەو کات ئەوەندەی بۆ پارە دەبوونە جاش، ئەوەندە لەترسی سەربازی نەبوو! نیوەی رێگامان بڕی بوو دوو ئێستر نزیک چادرێک بەسترابوونەوە، لێی نزیک بووینەوە، سڵاوم لە پێشمەرگەیەکی خاوێن و پۆشتەی بەردەم چادرەکە کرد، گوتم ئێستریکمان بدەنێ بریندارمان پێیە ، گوتی ئەوەیان هی مامۆستا چەتۆیە، ئەگەر ئەو شەلەیەش دەبەیت، ببیە. سەیرم کرد قاچێکی ئاوساوە ئەشەلێ، ئەوکات لە دڵی خۆمدا گوتم ئەوەش بە پێشمەرگە لەسەر نیشتمان حیسابە، هەمیشە پشمەرگەی بارەگای مەسوولەکان حەزیان لە پێشمەرگە مەیدانیەکان نەبوو، وەک چۆن ئەوانیش لای ئێمە بن بارەگا حیساب بوون و هەمیشە بە چاوێکی تر سەیر دەکران! ، پێم گوت ئێوە لە خەلفین ئەگەر بۆ هەڵاتن نەبێت ئێسترتان بۆ چیە؟ ئێمە لەو قڕە قڕە دابووین، خۆی کردەوە ژێر چادرەکە، تۆزێکی نەبرد، مامۆستا

تەشـــریفی لە ژێر چادرەکە هاتە دەرەوە، کاتێ ئێمەی بەو حاڵەوە بینی چاوەڕێم دەکرد، جوامێریەک بنوێنێ و بڵێ فەرموو بیبەن! کەچی ئەویش هەر ئێســـترە شـــەلەی نیشانداین! تۆزێ دبلۆماسی تر قسەی کرد، ئێستر قیمەتی نیە بۆ ئێوە نەبێ بۆ کێ یە؟ بەڵام خۆتـان دەزانن، ئەگەر ئێسـتا بڕیار بێت بڕۆین، پەکمان دەکەوێت بەچی بڕۆین؟ مامۆسـتا لە قسـەکانی دا رۆیشـتنێک قەرزار بوو، ئەوەندە لە خەمی خۆی بوو دوایی چۆن بڕوا؟ ئەوەنـدە رۆحی برینـدارەکانی لا گرنگ نەبوو! رۆحت چەند بێ بەها بوو پێشـــمەرگە! ئێمە لەوان بێ ئومید بووین، ملی رێگامـان گرتەوە بەر، پێشـمەرگەیەک بەرەو رووومان دەهات، سـەری ئێسـترێکی رادەکێشـا، دوو سێ بەتانی لەسـەر بوو، کاتێ گەیشـــتە لامان، راوەســـتاو کەوتە چاکردنی بەتانیەکانی، تۆزێ دیقەتم دا من ئەو کوڕەم لە شـــوێنێ دیووە، بیرم کەوتەوە ئەوە خۆ عەووڵە! ئەویش سەیری لەو رامانەی من ما! کەوتە کۆکردنەوە وێنە شکاوەکانی خەیاڵی و شکێکی کرد، گوتم ئەرێ برا تۆ عەووڵ نیت؟ گوتی ئەی تۆ رێبین نییت؟ گوتم بەڵی، باوەشمان بەیکدا کرد، سێ چوار ساڵ دەبوو یەکترمـان نەدیتبوو، هەنـدێ دیـداری هـاوڕێیەتی لە سـاتی دیدەنیدا بێ خواسـتی خۆت، هەموو ئەو رۆژانەت بەیادگاریە تاڵ و شـــیرینەکانەوە فلاش باگ دەبن! بۆیە لەپڕ قســـەییدا هیچمان بۆ نەگوترا! ئەو حاڵەتە قابیلی تەفســیری نەبوو، هەسـتی غەریبی و شــادومانی، چاوی هەردووکمانی تەڕ کرد! چەند ســـاتێ بێ دەنگ بووین، دووبارە دەستمان لەملی یەک کردەوە، لە خۆشترین قۆناغی ژیانی قوتابی و بەشـە ناوخۆیی یەکترمان بە جێهێشـتبوو، وا ئەوڕۆ لە ناخۆشـترین کاتی پێشـــمەرگایەتی بە یەکتر دەگەینەوە. عبدالرحمان لە بەشــــە نـاوخۆیش هەر پێمان دەگوت عەووڵ، ئەو رۆژانەی لە ژوورێـک دا لەگەڵ خـالـد پیرزینی، جەلیل سورچی و کەیفی چیوەیی و شاکری برام و ســوارەی ئامۆزا، خێزانێکی زگورتی دەژیاین! ژیانێکی سـادە هەمیشـە لەسـەر سـفرە، کۆداک فەوری(سـاوەر) و پەنیری سـێگۆشــە و شـیری نیدۆ کۆی دەکردینەوە! وا زەمەن ئەمڕۆ لەیەکتری جیـاکردینەوە! عەووڵ خەڵکی گوندی زەردکی ســـەر بە ناحیەی پردێ بوو، گەنجێکی بە حەمـاســـی کوردایەتی بوو، قەت ئەوم بە جلی کوردی نەدیتبوو، بۆ یەکەم جـارە لە نـاو جلی کوردی دەیبینم! جامانەیەکی ئالکاندبووە ملی و ســـەرە گڤنەکەی درێژتر ببوو، ئەوەی ناسینەکەی درەنگتر کرد لێم، ریشـەکەی بوو، قەت بەریش نەمدیتبوو! زۆر بە یەکەوە تەبابووین. من تا پۆلی چواری ئـامـادەیش پـانتۆڵم لە پی نەکردبوو، یەکەم جـار بە پـانتۆڵێکی عەووڵ چوومە ئـامـادەیی رزگـاری، شـــەرمی خۆمم پێ شـــکاند! وام هەســـت دەکرد هەموو قوتابیەکان تەماشام دەکەن! ئەو ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە بوو شـەوانە لە کوردایەتی و سـیاسـەت قسـەمان دەکرد، شـــەوێکیان چووبووە ســـەر مێزی نانخواردنەکە باســـی تیوری مارکسـی دەکرد لە سـەر دەرەبەگ و فیوداڵ، گوتم وەرە خوارێ کـاکە کەی مـارکس وا قســـەی بۆ خەڵـک کردووە خۆی لە خەلک بەرزتر زانیوە؟ وتارەکەیم پێ بڕی و تەریقم کردەوە، گوتی وەلا راســـــت دەکەی، هەموو لە قاقای پێکەنینمان دا.من بەپەلە بووم لەبەر برینـدارەکان، ئەگەرچی قسـەمان زۆر مابوو بیکەین، بەڵام فریای گوتنی نەکەوتین! ئەو رابەر سـیاسـی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوک بوو، تازە لە ناشـتنی شـەهید نەقیب سـیروان لەبەرگەڵو دەگەڕایەوە یـاخیـان، دوا خواحـافیزی یەکترمـان کردو ئێمەش بۆ گۆمەزەل بەرێ کەوتین. زانـام گەیـانـدە خەســـتەخانەکەی "گۆمەزەل" و بۆ ســـەرداریش دەبوو بچووبـاینە پشـــتی "گۆمەزەل"، لە وێ کۆبتەری ئێرانی رۆژی دووجار دەهات برینداره شـــرو زۆر خەتەرەکانی دەگواســـتەوە بۆ ئێران، کاتێ ئێمە گەیشـــتین، کۆبتەرەکە دەرۆیشـــت، ناچار گەڕاینەوە خەســـتەخانەکە، ســـەیرەکەم دکتۆرەکە یوســـف زەرگەی هێزەکەمان برین پێچ دەکات، نەمزانی دوای ئێمە ئەویش برینـدار بووە! پرســـیـاری برادەرانم لێکرد، گوتی هەموو ســـەلامەتن تەنیا هاشـــم شـەمامکی هەندێ پارچەی سـووکی بەرکەوتووە، گوتی من دوای تەواو بوونی شـــەڕەکە هاتمە خوارەوە. چوومەلای دکتۆرەکە نازنم کێ بوو، گوتم زانا برینەکەی چۆنە گوتی کـامەیە؟ ئەوکـاتە زانـا خەوی لێ کەوتبوو، گوتی هیچ نیە برینەکەی ســـەرچیخ بوو، نەشـــهاتبا ئاســـایی بوو، کە بۆ جاری دووەم تەمەشای سـەرداری کرد، سـەری بادا گووتی نەم گووت بیبەنە ئێران؟ ئیدی تێم گەیـاند کە کۆپتەرەکە رۆیشـتبوو، دۆخی خەسـتەخانەکە زۆر شـلەژابوو، هەواڵی

ناخۆش و شـــکانی پێشـــمەرگەو هەڵاتنی پێشـــمەرگە لە بەرەکانی شەڕ و ئاوا بوونی مەسوول هەموو جۆرێک لەو هەواڵانەت دەبیست، ئێوارە خەستەخانەکە نانێکی باشیان کردبوو، جێگایەکی باشـــیشـــمان دیتەوە بۆ خەوتن، لام وابوو لە هۆتێلێکی فول ئەستێرەیی دا خەوتووم کە قەتیش لێی نەخەوتبووم، بەس گوێم لێی ببوو، دوای هەشـــت نۆ شـــەو ( بە دیاریکراوی لە ٢٦ ی مانگەوە) نەخەوتبووین، ئەوشـــەوە پێچەوانەی دۆخی شـــلەژاوی خەســـتەخانە، ئارامترین شەوم بەڕێکرد.

بەیـانی لەگەڵ یوســـف زەرگە دوای نـان خواردن ، بەسەردارمان گوت خۆت خۆت شڕ پیشان بدە ، کاتێ کۆپتەرەکە هات بە چوار دەستە دەتخەینە ناوی، کۆپتەر هات، هەر بە حەواوە سـەردارمان کردە ناوی، نەدەبوو کەسـیشـی لەگەڵ بڕوا ، شـــەو دەیگووت هەر دەبێت لەگەڵم بێیت بۆ ئێران، من دەمزانی جگە لە برینـدار کەس نـاتوانێ بڕوات، دڵم نەدەشـــکانـد، دەمگووت لەگەڵت دەبم، کـاتێ ســـواری کۆپتەرمان کرد، دوو ســێ جار هاواری کرد ڕێبین! خوات لەگەڵ سەردارە بێ نازەکەی دایە و بابە و نیشتمان، ئیدی من سەردارم نەدیتەوە! دوای نیوەڕۆ لەگەڵ زانا بۆ گوندی خوڕخوڕە بەڕێکەوتین.

**سوپاس :**

**یەکەم :** زۆر سوپاسی عوسمان یاخیانی دەکەم، کە زانیاری دەربارەی جوگرافیای ناوچەکە پێدام، بە داخەوە کە زانا تەندروستی باش نەبوو، کەم شتی لەبیر مابوو.

**دووەم :** ســـوپاس بۆ هاوســـەنگەرەکانم کاک ئەنوەر تەرجانی، کاک محمود، کاک رەشـید، کاک یوسـف، کاک بورهان سالەیی، کاک بەلێن سالەیی، کاک حەمەسالح ، کە هەمیشـــە دەگەڕێمەوە لایان بۆ ڕووداوەکان.هەروەها کاک عەولی هـاوڕێم وینەیەکی خۆشـــی بۆنـاردم و کۆمەڵێ زانیـاری پێـدام ســـەبـارەت بەو قۆڵانەی خۆی تیـایـدا بەشداربووە.

دەبێت ئەوەش بلێم کە تەنها نوســینی بەشــی حەوتەم دە ڕۆژی خایاند، چونکە لە ڕووداوو ڕاستیەکانم کۆڵیوەتەوە، هاوســـەنگەرەکانم هەریەکەو دیمەنێکی لە بیرماوە، ئێمە بە حوکمی تەمەن بچووکی ئەوکاتمان، ڕەنگە لەبەر ســـەختی دۆخەکەش هەنـدێ شـــت هەرگیز لەبیرمـان نەچێتن و بەیادمان بێتەوە. بەراســتی نووســینەوەی بیرەوەری زۆر قورســـە و ئەمانەتێکی مێژووییە، لە هەرکەســـێک دوابم مەبەســـتم بە پاڵەوان کردن نەبووە، ڕەنگە حەقی تەواوم نەدابێتێ! لەهەر ســـەختیەکیش دوابم نەمتوانیە نیوەی سەختیەکە بگەیەنم، دەکرێ ناوێکم لە بیرچووبێ، دیمەنێک قرتـابێ، بەڵام بە ئەنقەســـت نەبووە، تـا دەبیتە کتێب چاوەڕوانی ڕەخنەو نووســـینی هەمووانم، بۆ ئەوەی دوا جار بەراستی ڕووداوەکان دیکۆمێنت بکرێن.

## کۆمپانیا تومەتبارەکان

تیمێکی کەنـاڵی چواری بەریتـانی ســـاڵی ١٩٩٨، ســەردانی هەڵەبجەی کردبوو، ڕاپۆرتێکیان دەربارەی گازبارانی هەڵەبجە ئامادەکردبوو، کە پشتی بەستووە بە ســـەرچاوەی باوەرپێکراو، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:

کە زیاتر لە٢٠٠ کۆمپانیا. بەلایەنی کەمی ٢٦ وڵات، لە دابینکردنی چەک بۆ ڕژێمی ســەددام تێوەگلاون، لەو کۆمپـانیـانـانەش: ٨٦ کۆمپـانیـای ئەڵمـانی و ٢١ کۆمپانیای فەرەنســـی، ١٩ و کۆمپانیای بەریتانی، ١٨ کۆمپانیای ئەمەریکی، ١٧ کۆمپانیای نەمســـاوی ، ١٢ کۆمپـانیـای ئیتـالی و ١١ کۆمپـانیـای ســـویســـری. دەرکەوتووە زۆر لە وڵاتانی تریش چەکیان بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری ســەددام دابینکردووە، لەوانە: ئەرجەنتین ، بەرازیل، میســـر، یۆنان، هیندســـتان، ڕۆمانیا، ژاپۆن، هۆڵەندا، پۆڵەندا، ســوید ئیســپانیا، چین، یوگســـلافیا وکۆریای باکوروکۆریای باشـــوور، کوبا، دانیمارک، فینلەنـد، نەرویج. یەکێتی ســـۆڤیەت و دەوڵەتـانی عەرەبی موحـافیزکـاریش یـارمەتی بەرچـاوی سەربازی و دارایی عێراقیان داوە.



# ئەنفال و هۆلۆکۆست

**کامەران مەولود**

دوای داگیرکردنی هەنگاریا لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە ، لە ساڵی 1944--1945، ڕێک لەو شوێنە، ژن و پیاو و منداڵە جولەکەکانی هەنگاریایان بە یەختی گەورە گەورە بەرەو ئەڵمانیا و نەمسا دەگواستەوە و لەوێش دەیانکوشتن. ئەم پێڵاوانە، کە لە وێنەکە دیارە، وەکو ڕەمزێک لە کەناری ڕووباری دانوب لە (بوداپێست)ی پایەتەخت دانراون و چیرۆکی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە، کە لەکاتی پەلکێشکردنیان بۆ ناو بەلەمەکان، پێڵاوەکانییان جێدەمان.

ئەنفال و هۆلۆکۆست زۆر لەیەکتر دەچن! هەردوکیان جینۆسایدن بە ئاستێکی فراوان. جیاوازییەکە لەوەیە جولەکەکان وەکو دەوڵەت و حکومەت هەتا ئێستاش لە گشت بوارەکان (هونەر، ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی) بەردەوامی بە تەوزیفکردن و زیندووڕاگرتنی دەدەن، کەچی حکومەتە کوردییە تەمەن ٣٠ ساڵیەکەی خۆمان، هەتا ئێستا، بە دانانی تاجە گوڵینەیەکی پلاستیکی لەلایەن بەرپرسانی ناوچەیی، یادەکە (بەرز)ڕادەگرێت .!

بۆیە لەیادی ئەنفال، ئەوە بەس نییە بەتەنیا نەفرەت لە بەعس بکەین، بەڵکو پێویستە ئەو دەسەڵاتە کوردییەش بە بەرپرسیار بزانین، کە لەبەر بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆیان، لەبەر دزی و بەتاڵانبردنی سامانی وڵات، نەیانتوانی، یان نەیانویست، یان نەیرژانە سەر ئەوەی ئەو تاوانە گەورەیە وەک هۆلۆکست بە دونیا بناسێنن!

## پەیکەری پۆستاڵەکە

لەپەراوێزی ئەم بابەتەی کاک کامەراندا گرنگە ئاوڕێک لە هەوڵێکی بایەخداری هونەرمەند مامۆستا جومعەی شێوەکار بدەینەوە، کە ساڵی ٢٠١٤ لەسەرقەڵای کفری پەیکەری جوتێک پۆستاڵی لەسەر ڕێگەی گوندەکانی ناحیەی زینانەو دەیان گوندی گەرمیان دانابوو، کە



بەهەزاران ئەنفالکراوی پێدا تێپەڕیوە بۆ لیوا ڕەشەکەی کەلارو قۆرەتوو، هەوڵ وئایدیایەکی جوانی هونەری بوو، بۆ لەبیرنەکردنی مێژوو ماوەی دوومانگ خەریک بوو، بۆ ئەوەی لەو دەروازەیەوە پێمان بڵێت : سوپای بەعس لێرەوە تێپەڕی. کەچی دوای تەواوکردنی، ڕوخێنـدرا. ئەوەش خەمی هونەرمەندێکی خۆبەخشی گەرمیان بوو. بەڵام ئەفسوس جەهالەت پەی بەویش برد.

# کاریگەری ئەنفال و ڕامان لە وێنە

## لە شێواندنی وێنەوە بۆ گۆڕینی شوناس

عومەرمحەمەد
٢٠٢٠/١٠/٢٠ – سلێمانی



وێنەی ژمارە (٢)    وێنەی ژمارە (١)

جەنگ تەنها مرۆڤەکان ناکوژێ بەڵکو ڕەنگ و ڕوخساری ژیانیش دەگۆڕێ زۆرجار واوەتر دەڕواو سەرلەبەری ژیان دەگۆڕی، ئەنفال تەنها جەنگی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو جینۆسایدی گوندنشینە بێ چەکەکانی کوردستان بوو، ماشینێکی زەبەلاحی مۆدێرنە بوو، کە هەموو زیندەوەرێکی لەو ناوچانە دەهاڕی کە کەوتبوونە ناو بازنەی سوورەوە کە بەعس بە ناوچەقەدەغەکراوەکان ناوی دەبردن.

ناچە قەدەغەکراوەکان کوێ بوون ؟ ئەوانەی لەوناوچانە دەژیان کێ بوون ؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە هەویرێکی ئاوکیشە، باشترە باسەکە درێژ نەکەینەوە.

ناوچە قەدەغەکراوەکان هەموو ئەو گوندانە بوون کە لە دەوروبەری شارو شارۆچکەکان و لەپێدەشتەکانی گەرمیان و پشت کێوەکانی کوێستان دەژیان ئەو گوندانەی لە دێر زەمانەوە بەشان و قۆڵی گوندنشینەکان بنیاتنرابوون، بە زەرورەت زێدی ئەو کوردانە بوو کە ژیانیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دابین، دەکرد، ئەو خەڵکانەی هەژاری ماڵی خۆیان بوون و هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، لە هەڵایسانی جەنگدا، بۆ ئاشتی وئاوەدانی ئامادەبوون، نە بزوتنەوە سیاسی و چەکداریەکانی کورد لە هەڵایسانی جەنگ و مفاوەزاتدا پرسی پێکردون و نەدەوڵەت، ئەوان هەموو گوناحیان ئەوە بوو کە کوردبوون یان بە ناچاری ناندەری پێشمەرگەبوون. کەچی لەهەموو شەڕو پێکدادانێکدا قوربانی بوون، لەئەنفالدا گوندنشینەکان گورزی کەمەرشکێنیان بەرکەوت و ئەوانیدی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچون، ئەو فەرماندەو پێشمەرگانەی لە پێش ئەنفال نانیان دەخواردن و ئەو جاشانەی گوندەکانیان دەسوتاندن لە دوای ڕاپەرینیش بێ منەت بوون لەبرسی بوون و هەژارییان.

لە ڕۆژی ٢٩ی ئازاری ساڵی ١٩٨٧ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة)ی عێراق کە لەبنەرەتدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبی بەعس بوون، بڕیاری ١٦٠ی دەرکردو تیایدا عەلی حەسەن مەجیدی کردە فەرمان ڕەوای بێ ڕکابەری ناوچەی باکور و ڕایسپارد کێشەی کورد چارەسەر بکات. بۆئەم مەبەستەش هەردوک فەیلەقی یەک وپێنجی سوپای عێراق و هەموو دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی پابەندکرد بەوەی بڕیارو فەرمان لەو وەربگرن کە هاوکات بەرپرسیارێتی نوسینگەی باکوری حزبی بەعسی پێسپێردرابوو، کە بارەگاکەی لەکەرکوک بوو.

لە دوای دەستبەکاربوونی ئەم ئەفسەرە بەدکارو توندرەفتارە دەستی کرد بە دانانی نەخشەی دروستکردنی کۆمەڵگای زۆرەملێ و بڵاوکردنەوەی بانگەواز بۆ گەڕانەوەی گوندنشینەکان بۆ ڕیزی نیشتمانی وەک بڵێی ئەو خەڵکە هەژارو مەینەتبارەی گوندەکان لە نیشتماندا نەبووبن ! ئیدی چۆڵکردن وڕوخاندنی گوندەکانی سەرجادە گشتیەکان و نزیک شارەکان و ڕاگواستن و فڕێدانی ئەو خەڵکە لە ناو تەپ وتۆزی دەشتێکی چۆڵدا سەرباری ئەوەش دەبوو هەر خۆیان بەشان وقۆڵی خۆیان بە بۆرە قەرەبوویەک لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا خانووش دروستبکەنەوە هەموو ئەمانە بوونە دیاردەیەکی ناچاری و ناشرین. ڕاستە ئەو گوندنشینانەی ڕاگوێزران بۆ ناو کۆمەڵگاکان ئەنفال نەکران و نەکوژران، بەڵام بە ئێستاشەوە کە بەعس نەماوە ئەو کۆمەڵگایانە بوونە شوێنی سرینەوەی شوناس و تێکشکاندنی مرۆڤی کورد، ئەو نەوەیەی لەکۆمەڵگاکاندا لەدایک بوون هێشتا ناتوانن شوناسی خۆیان بدۆزنەوە نازانن کوڕی شارن یان هی لادێ .

ئەنفال پرۆسەیەکی دیاریکراوی سەربازی نەبوو، بەتەنها گونـدی نەروخـانـدو کۆمەڵکوژی لێنەکەوتەوە بەڵکو سـەرلەبەری شـیرازەی کۆمەڵگای کوردی گۆڕی تەنانەت شوناس و هەناوی تاکی کوردیشی لەناوەوە گۆڕی .

ئەنفـالی یەک هەزاران چیرۆکی تراژیـدی لێکەوتەوە چیرۆکی ئایشـێ تەنها یەکێکیانە، کە دواتر دەیخوێنیتەوە، ئەو خەڵکەی بەرپەلامارەکە کەوتن و ئەو پێشـمەرگانەی بەسـەرماو برسێتی دەجەنگان، نە بەرپرسـەکان خەمیان لە ژیان و پێداویسـتیەکانیان دەخوارد نە دەسـەڵاتدارانیش رەحمیـان پێـدەکردن. ئەوان بەسـەرمـاو برسـێتی و چەکەسـوکەکانی دەسـتیانەوە ئازایانە ڕوبەڕوی ماشـێنی وێرانکاری ئەنفال دەبوونەوە، پێشیان بەسوپایەک دەگرت کە قاڵبوی هەشت ساڵی جەنگی ئێران –عێراق بوو، چەکی سـتراتیژی پشـتیوانی دەکردن و سـەربازەکان پۆشـتەو تێروپڕو مەشق پێکراوبوون. لەگەڵ ئەو هێزە زەبەلاحەشدا میلیشـیای چەکداری کورد-جاش- کە شـارەزای سـرشـتی ناوچەکان بوون پێشـلەشـکری سـوپایان دەکرد. کێ دەیەوێت چیرۆکەکانی بەرگری بزانێت پێویسـتە بچێت یادەوەری ئەو پێشـمەرگانە بخوێنێتەوە کە ئازایانەو بێ لایەنانە رۆژگارەکانی پێشمەرگایەتی و شەڕو بەرەنگاریی خۆیان نوسیوەتەوە.

ئامانجی یەکەمین قۆناغی پەلامارەکانی ئەنفال گەمارۆدانی سـەرگەڵوبەرگەڵو بوو، کە بارەگاکانی سـەرکردایەتی و ڕاگەیاندن و نەخۆشـخانەو مەکتەبی عەسـکەری یەکێتی لێ بوو. بۆئەوەی سـوپای عێراق ئەم ئامانجە بپێکێ دەبوو لە چەنـد لایەکەوە پەلامـاری نـاوچەی دۆڵی جـافـایەتی و شارباژێرو مەرگە بدرایە.

## چیرۆکی تاقە کەسێک بەنمونە :

ئایشـێ لە دایکبووی سـاڵی ١٩٧٣ی گوندی سـێدەری سـەربە ناحێی بنگردە. ئێسـتا هاوسـەرگیری کردووەو لە نـاحێی تەکییەی کاکە مەنـد دەژی، سـەروەختی ئەنفال کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ بوو، خانەوادەکەیان پێکهاتبوون لە ٨ سـەرخێزان، باوکی ئایشـێ ساڵێک پێش ئەنفال لە چیا هەڵدێراو کۆچی دوایی کرد، ئیدی فاتمە ڕەسـوڵی دایکیان سـەرپەرشـتی دەکردن، بە ڕەزو باخداری و ئاژەڵداری بژێوی خۆیان دابین دەکرد.

گوندەکەیان سێدەر لەو دیوچیای قەرەسردەوە لە دۆڵێکدایە ئاسـمان و گەردنی بەرزی چیاکان نەبێت هیچ شـوێنێکی لێوە دیارنیە، بەهەمان شـێوە لەبەرزی ئاسـمان و لەسـەر لوتکەی چیا بڵندەکانەوە نەبێت ناتوانیت گوندی سـێدەر ببینیت.

لە یەکەم قۆناغی ئەنفالدا گوندی سـێدەریش کەوتەبەر بۆمبـاران و تێڵەی ئـاگری جەنـگ گەیشـتە ئەو دۆڵە تەنگەبەرەی کە سـێدەرو گوندنشـینەکانی تێدا دەژیان. خەڵکەکە شڵەژان و دەبوو بیرێک لە دەربازبوون بکەنەوە، بەڵام دۆخەکە هێنـدە دژواربـوو وەک دەڵێـن دایـک نەیدەپەرژایە سەر ڕۆڵەی خۆی، هێشتا پێشمەرگە لە کانی تـوو و چیـای دابـان و حەوزەی مـاوەت بەتـونـدی بەرەنگارییـان دەکردو سـوپاش بەچەکی سـتراتیژی لێیدەدان و ئامانجی گرتنی سەرکردایەتی بوو لەسـەرگەڵو بەرگەڵو لەو دۆخەدا گونـدنشـینەکـان جگەلە هەڵاتن و بەجێهێشتنی گوندەکانیان هیچیان لەدەست نەدەهات، فاتمە رەسـوڵ کە دایکی ٦ منداڵ بوو، سـاڵێک پێشـتر هاوسـەرەکەی بەناوی حەسـەن عەبدوڵا لە چیا هەڵدێرابوو مردبوو، ئیـدی بێ مێرد مـابووەو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی کەوتبووە ئەسـتۆی لەم هات هاتی ئەنفالەشـدا فاتمەی تەنیا باڵ نەیدەزانی سـەربەکوێوەبنێ و کام ڕێگا بگرێتەبەر بۆسـەلامەتی خۆی ومنداڵەکانی، هێشـتا روون نیە بەچ هۆیەک لە منداڵەکانی (عایشـەو سـێوە و غەفورو تەیفور) دابڕا، هەرئەو دابڕانەش بوو کە ئەو چوارمنداڵەی لە ئاگری ئەنفال رزگاریان بوون. دەنا

( فاتمە رەسـوڵ محمود بابکر)و دوکچی بچوکی بەناوی (هەوارو کەوسـەر) لەگەڵ خۆیـدا بوون، بیئـاگـا لەوەی چارەنوسـیـان بە کوێ دەگات لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیان ملی ڕێگەیـان گرتبووەبەر، رەنگە زۆریش خەمی لەوە خواردبێت کە کچ وکورەکانی تری لەگەڵدا نەبوون، ئەوان لەدایکیان دابڕابوون و خەڵکەکەش لەسـەرجادەی قیر لە دامێنی چیـای قەرەسـرد کەوتنە دەسـت هێزێکی سـوپاوگیران، فاتمەو کەوسـەرو هەواریش لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیان گیران و بە خێرایی ڕەوانەی تیپی ٢٤ی سەر بەفەیلەقی پێنج کران، تیپی ٢٤ بارەگاو سـەربازگەکەی لە

چوارقورنە[12]بوو، هەمیشـــە لە دیـدی خەڵکی نـاوچەکەدا سـەربازگەیەکی ترسـناک بوو، لەوێشـەوە ڕەوانەی ئەمنی هەولێرو ســـەربازگەی تۆپزاوا کرابوون، لەوەبەدوا کەس ســـۆراغی نەزانین، ئیتر لەوێش بە قۆناغی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەدا تێپەڕی بوون و لە تۆپزاوا بەرەو شـوێنێکی نادیاربرابوون و جارێکی تر بەزیندوویی نەبینرانەوە.
(عایشەو غەفور و تەیفورو سێوە) بێدایک وبێ ماڵ و حاڵ مانەوەو لە ژیانێکی قورس و مەترســـیداردا ڕۆژگاریان بەرێ دەکرد. تەنانەت پێناســـی باری کەســـێتیان نەبوو، نەیاشـــیان دەوێرا بڵێن بچنە هیچ فەرمانگەیەکی حکومەت یان لە فەرمانگەی باری شـارسـتانی داوای پێناسـەکانیان بکەن و بڵێن پێناســـەکانمان ونبووە، چونکە داوای دایک وباوکیان دەکردن باوکیان لەژیاندا نەمابوو نەشیان دەوێرا بەفەرمـانگەی نفوس بڵێن دایکیـان ئەنفـالکراوە. ئیـدی ماوەی ٤ســـاڵی ئەوان بێ ماڵ وبێ پێناس مانەوە هەتا ڕژێمی بەعس ڕوخـا لە چـاوەڕوانییەکی تـاقەت پڕوکێن ومەترسیدا مانەوە.
هەرچەندە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ هەناسەیەکی بۆگێڕانەوەو توانیان پێناســـی باری کەســـێتیان دەربهێننەوەو کەمێک بکەونەوە ســـەرخۆیان بەڵام هەتا ڕوخانی بەعس ئەوان بێهودە هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەســـوکارییان بوون.
بەڵام دەرکەوتنی گۆڕی بەکۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی چیرۆکی شـــایەتحاڵەکان بەتایبەتیش دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ نائومێدی کردبوون بەڵام هێشـتا هیچ بەڵگەیەکی مردنیان نەبوو، مرۆڤ بەسروشتی خۆی وایە هەتا تەرمی ئازیزانی نەبینێ بروا بەمردنیان ناکەن.
دوای ســـاڵێکی تەواو لە ڕوخانی ڕژێمی بەعس، هێزێکی سـوپای هێزە هاوپەیمانەکان لەناوچەی حەزەری پارێزگای موصـــڵ، گۆڕێکی بە کۆمەڵیان هەڵدایەوە، بەڵام هەرزوو دایان پۆشـــییەوە چونکە ئامانجی ئەو هێزە دۆزینەوەی چەکی کۆکژبوو، نەک گۆڕی بەکۆمەڵ. بەڵام ئەوەیـان باشـــکرابوو کە دادگای باڵای تاوانەکانیان لەبوونی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە ئاگادارکرد بووەوە، دواتر دادگای بـاڵای تاوانەکان تیمێکی پزیشـــکی دادوەری و گۆڕهەڵدانەوەیان راسـپارد بۆ ئەوەی بەسـتانداردی نێودەوڵەتی ئەو گۆڕەو یەکێکی تر لە نـاوچەی حەزەرو دوانی تر لە پـارێزگـای ســـەمـاوە وەک بەڵگەی تـاوان هەڵبـدەنەوە، ئـامـانجی دادگاکەش هەر ســـنورداربوو، دادگاش ئەو گۆڕانەی بۆ مەبەســـتێکی دیاریکراو هەڵدایەوە هەتا وەک بەڵگەیەکی یاســـایی لە دژی ســـەرانی ڕژێمی بەعس بەکاری بهێنن و ڕەوتی بەرەپێشـــچوونی دادگایی کردن بەبەڵگەی قایلکار بەرێـوەبەرن. بەڵام هەڵـدانەوەی ئەو گـۆڕە چیـرۆکـی سەرسوڕهێنەری تێدابوو، کە لە ڕەوتی دادگاییکردنەکەشدا دۆســـییەکی بـایەخـدار بوو، لە (یـاداشـــتی تیمی گۆڕهەڵدانەوەکەو لە کۆنوسی دادگاشدا ئەو چوار گۆڕە بە حەزەر (1) و حەزر(2) هەروەها سەماوە(1)و سەماوە (2) ناو دەبرێن و دەناسرینەوە .
لەکـاتی هەڵـدانەوەی ئەو چوار گۆڕە بەکۆمەڵەی حەزەرو ســـەماوەدا جگەلە پەیکەرە ئێســـکی ژن و منداڵ، هەندێک بەڵگەی یاســـاییش دۆزرانەوە لە نـاویـانـدا پێنـاســـەی قوربانیەکان و هەندێک کەلوپەلی تر.
لە گۆڕە بەکۆمەڵەکەی ناوچەی حەزەردا پێناسە (تەسکەرە نفوس)ی هەندێک کەسی گوندی سێدەر دۆزرانەوە.

**دۆزینەوەی بەڵگەی یاسایی :**

لە دوای تەواوبوونی کاری هەڵدانەوە ئینجا تیمێکی دادگای باڵای تاوانەکان بۆســـۆراخی بەڵگەکان و ئەوکەســـانەی پێناســـەکانیان لە گۆڕەکاندا دۆزرابوونەوە، چووبوون بۆ نـاحێی بنگرد. لە تۆمـاری ( دائیرە النفوس)دا ،زنجیرەو ژمارەو ناوی کەسـەکانیان پشـتراسـتکردبووەوە، هەرلەوێ زانیـاری ئەوەشـــیـان پێدابوون کەوا کەســـوکـاری ئەم قوربانیانەی ڕوفاتیان دۆزراوەتەوە لەژیاندا ماون و ئێستا لە کۆمەڵگای پیرەمەگروون نیشتەجێن.

**شۆکی پاڵاس :**

دوای ئەوەی تیمێکە زانیاریەکانیان وەرگرت و دایانەوە بە دادگای باڵای تاوانەکان- تیمێکی تر کەســـوکارەکانیان بـانگهێشـــتیـانکردبوون بۆ هۆتێل ســـلیمـانی پـاڵاس

---

[12] تیپی پیادەی (٢٤) بە (هێزەکانی موعتەســـەم) ناســـرابوو، کە لە ئەنفالدا ڕۆڵێکی کاریگەرو درندانەی بینی، لیوا ڕوکن عەبد عۆن نوعمە منســـور پێشـــەوای ئەم تیپە بوو، بەهۆی بەشـداری کردنی لە تاوانی ئەنفال دادگای باڵای تاوانەکان فەرمانی گرتنی بۆدەرکرد، لەلیســـتی داواکراوەکاندا عەبدعۆن ژمارە ٨٣یە.

لەسەنتەری شاری سلێمانی، ئامانجی تیمەکە ئەوە بوو بەشێوەیەکی شایستە ڕاستی نەمانی کەسوکارەکەیان پێبلێن و سەرەخۆشییان لێبکەن و پێیان ڕابگەیەنن کەوا کەسوکارتان نەماون و پرسەیان بۆ دابنێن چونکە ئێستا بەڵگەکان دەخەینەڕوو کە لە ئەنفالدا شەهید بوون.

تیمەکە بۆ سەلماندنی هەواڵەکە پشتیان بەو پێناسانە بەستبوو کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەر (١)و حەزەر (٢) سەماوە (١) و سەماوە (٢) دەریانهێنابوون، ئەوکاتەش هەموو پێناسەکانیان پێی بوو. کاتێک دەستیان کردبوو بەخوێندنەوەی ناوی شەهیدەکان و پێناسەکانیان نیشاندابوون کە لە گۆری بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە.. شۆکێک دروست بوو! چونکە ناوی هەرکەسێکیان وەک مردو یان وەک شەهید خوێندبووە کە پێناسەکانیان لەبەردەست بوون، لەوکاتەدا کە ناوی تەیفورو سێوەو ئایشێ بە شەهید خوێندبووەوە ئەوان خۆیان لە ناوخەڵکەکە بەزیندویی دانیشتبوون، هەرلەوێدا ئایشێ کەزانی بووی دایکی و دوو خوشکەکەی نەماون لە هۆش خۆی چوو بوو، بەڵام دواتر ئەندامانی تیمەکە خەریکبوو لەهۆش خۆیان بچن ..!

بۆچی توشی ئەم شۆکە بوون ؟ چونکە (3) سێ کەس لەو خانەوادەیە کە پێناسەکانیان لە گۆڕەکەی حەزردابوون لەو کۆبوونەوەیەدا بە زیندوویی ئامادەبوون، یەکێک لەوانە ( ئایشێ) بوو کە لەوێ لە هۆش خۆی چووبوو .

ڕاستی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کەوا پێناسی ( تەیفورو سێوە و ئایشێ) لە گیرفانی یەکێک لە تەرمەکانی گۆڕەبەکۆمەڵکەی حەزەردابوو، ئەو تەرمەش فاتمەی دایکیان بوو.. چیرۆکی ئەو پێناسانە لە دادگاش بووە بەڵگەیەکی گرنگ و سەر سورهێنەر. بەڵام تاوانەکە بەوەندە ناوەستێ چونکە هێشتا خاڵێک ماوە قسەی لەسەربکەین .. خودی ئایشێ و سێوە و وێنەکانیان مایەی لەسەر وەستانن .! وێنەکان پێماندەڵێن ئەنفال هەر کۆمەڵکوژی نەخستەوە بەڵکو کاریگەریەکانی دوای ئەنفالیش هێشتا لە ئارادان. یەکێک لەئامانجەکانی ئەنفال بەعەرەب کردنی ئەو کوردانەبوو کە لەدوای ئەنفال دەمێنن، ئەمە ئێستا کت ومت لە ئایشێ و هەزارانی وەک ئەودا بووەتە واقع بەبێ ئەوەی حکومەتی بەعس لەژیاندا مابێت کاریگەری ئەنفال و ترس لە دوبارە بوونەوەی بەردەوامە لەتەعریبی کوردەکان.

لە وێنەی یەکەمدا، ئایشێ ساڵێک بەر لە ئەنفال لە وێنەیەکی فۆتۆگرافیدا دیارە بروانە وێنەی ژمارە (١) کچێکی گەنج لەناوباخێکی گوندەکەیان لە بناری چیایەکی سەرکەش بە ڕویەکی خۆش و گەشەوە دانیشتووەو بە جلی کوردی سپی و سوخمەی ڕەشەوە بە ئومێدەوە دەڕوانێتە سروشت و ژیانی داهاتووی، وێنەکە شوناسی کچە کوردێکە لەناوسروشتدا، بەڵام کە ئەنفال دێت هەموو شتێک دەگۆڕێ، تەنانەت ڕوخسارو هەڵسوکەتی کەسەکانیش، ١٢ ساڵ دوای ئەنفال لەوێنەیەکی تردا بروانە وێنەی ژمارە (٢) هەمان ئەو مرۆڤە دەبینین، تەواو بەپێچەوانەوە ئەمجارە هەموو شتێکی کچەکوردەکە گۆڕاوە، ڕوخسارێکی ماتەم و حیجابێکی عەرەبی خەمبار، ڕانینێک کەهیچ ڕوناکی تێدا بەدی ناکەین ئیتر ئایشێ چیدی کچە گوندنشینە چالاکەکەی ناو ڕەزو باخ وسروشتی دۆڵی جافایەتی نیە، بەڵکو لە کۆمەڵگایەکی زۆرەملێدا دەهی و زیاتر بەژنێکی عەرەبی بەدوو دەچێت لەوەی ژنە کوردێک.

ئەوەی سەرنجبەرو جێگەی لەسەر وەستانە وێنەی دووەم بە حساب لەسەروەختی ئازادی کوردستان و لەبن سایەو دەسەڵاتی ئەو کوردانەدایە کە ئیدیعای کوردایەتی و ئازادی تاکی کوردیان دەکرد ! ئێستاش لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا حزبی ئیسلامی خەریکی گۆڕینی ناوی منداڵانی کوردو جل وبەرگی کوردین، هانی دایکان و باوکان دەدەن کە ناوی منداڵانیان لە کاروان و ئازادەوە بگۆڕن بۆ ئوسامەو زەیدو لەنازدارو بەنازەوە بگۆڕن بۆ فاتیمەو شیماو زهرا بەبیانوی ئەوەی ناوە کوردییەکان ناوی شەیتانین و ناوە عەرەبیەکان پیرۆزن ! بەبێ ئەوەی داواکاری گشتی لەروی یاساییەوە قسەیەکی لەم هەڵمەتی بەعەرەب کردنە هەبێت ؟

هەردوک وێنەکەی ئایشێ پێمان دەڵێن، ئەنفال لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە کاری کردووەتە سەر تاک و کۆمەڵگای کوردی. بیرت نەچێت ئایشێ تەنها تاقە قوربانییەکیانە.

## برینداریێکی تری چەکی کیمیایی گیانی لەدەستدا.



محەمەدی حاجی عەرەب ڕەحیم لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩یە خەڵکی گوندی سوسێی سەیدانی ناوچەی سورداشە، یەکێکە لە قوربانیەکانی چەکی کیمایی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقی کە لەدژی خەڵکی کوردستان بەکاری هێنا، محەمەد کەبەر چەکی کیمیایی کەوت گەنجێکی بێچەک بوو، ئەوسا خوێندکاری دواقۆناغی ئامادەیی پیشەسازی بەکرەجۆبوو لەبەشی کارەبا دەیخوێند، ئەو ڕۆژەی هاتبووەوە بۆگوندەکەیان، مانگێک بوو هێرشەکانی ئەنفال بۆسەر دۆڵی جافایەتی دەستیان پێکردبوو، لە مانگی ئازاری ١٩٨٨دا لە سەربازگەی سوسێوە فەرماندەکانی سوپا ڕەتڵێک کاتویشایان ئاراستەی بناری چیای پیرەمەگرون کرد، بەڵام ئەوجارەیان ڕەتڵەکە کورتیان هێناو لە پشت گوندی سوسێ کەوتن کە بەردەوام تۆپ وکاتویشایان بۆ ئەو دیوی چیای پیرەمەگرون و قوڵە پوشینە هەڵدەدا کە چونکە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە گوندی سەرگەڵو و بەرگەڵوبوون و سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەش بەچیای دابان و قوڵە پوشینەوە بوون.

ئەگەرچی هێشتا ئەوە ڕوون نییە ئەو ڕەتڵە بەئەنقەست بوو یان بەڕێکەوت، کورت دەکات و هەروا کیلۆمەترێک لە سەروی گوندی سوسێی سەیدان دەتەقنەوە، هاوکات بایەکی بەهێزیش بە ئاڕاستەی ناودێ دێت دوکەڵ و بۆنی کیمیاکە بەناوچەکەدا بڵاودەکاتەوەو ڕێژەیەکی زۆریش گەیشتە گوندی سوسێ و بەهۆیەوە هەر لەجێدا چەندین سەر ئاژەڵ لەڕەشە وڵاخ و مەڕوماڵات و پەلەوەر و باڵندەی گوندنشینەکانی کوشت. هاوکات زۆرێک لەخەڵکی ناودێش توشی کۆکەو تەنگەنەفەسی بوون، یەکێک لەوانە محەمەدی حاجی عەرەب بوو. دوای ئەوە ئەو خەڵکە ڕودەکەنە نەخۆشخانەی سەربازی سوسێ لەوێ پێشئەوەی چارەسەریان بدەنێ ئیفادەو لێدوانیان لێ وەردەگرن پێشیان دەڵێن دەبێ بڵێن بە بۆردومانی کیمیایی ئێرانیەکان وامان لێهاتووە. بەڵام دایکی محەمەد کە ژنێکی ئازاو قسە لەڕوو بوو پێیاندەڵێت درۆدەکەن بەبۆردومانی ئێوە وامان لێهات لەوساوە هەتا ڕۆژی وەفاتی محەمەد بەو چەکە کوشندەیە ئالودەبوو ماوەی سی ساڵی تەواو پیوەی ناڵاندی.


محەمەد نەک هەر پێشمەرگە نەبوو بەڵکو گەنجێکی سڤیل و دور لە ناوچەی پێشمەرگەو شەڕو پێکدادان بوو جگە لەکوردبوون هیچ تاوانێکی تری نەبوو.

لیژنەی پزیشکە پسپۆڕەکانی چەکی کیمیایی ئێرانیەکانیش ئەو ڕاستییەیان ساغ کردووەتەوە کە محەمەد بەهۆی بەرکەوتنی بەچەکی کیمیایی چاوێکی لەدەستداوەو سییەکانی خراپ بوون.

دکتۆرە ئێرانیەکان، لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە هاتبوونە کوردستان و چاویان بە محەمەدو چەندین ریندراری تر کەوتبوو. جێگەی ئاماژەیە کەوا هەر لەرێگەی ئەو وەزارەتەشەوە چەندین پۆلی جیاوازی برینداراانی چەکی کیمیایی لە کوردستانەوە لە بریندارانی (هەڵەبجە، سێوسێنان، گۆپتەپەو عەسکەرو بالیسان و شێخوەسان و شانەخسێ بۆ چارەسەرو چاودێری ڕەوانەی ئێران و تاران کرابوون. بەداخەوە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢ محەمەد کۆچی دوایی کرد.

**زانیارییەکان لەبارەی بریندار بوون و گیان لە دەستدانی ئەم بریندارەی چەکی کیمیایی لە بەڕێز عارف حەمەوەیس وەرگیراون .**

# پێکهێنانی خێزان بۆ ئەو کەسانەی بەرکەوتەی چەکی کیمیایین، ئاڵۆزە



دکتۆر فەرەیدون مورادی
لە ئینگلیزییەوە نەژاد ڕەحمانی

لێکۆڵینەوەیەک لە زانکۆی یۆتۆبۆری دەریدەخات ئەو کەسانەی کە بەرکەوتەی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی گشتی دوای دەیان ساڵ لە بەرکەتن، ژیانیان ناجێگیرە وە هەروەها هەست بە نادڵنیایی ئەکەن لە پێکهێنانی خێزان. ژنان زیاتر دەناڵێنن وەک لە پیاوان.

لێکۆڵینەوەکە لە گۆڤاری بریتیش مێدیکاڵ جنراڵ ئەوپن بڵاوکراوەتەوە، پشت ئەبەستێت بە چاوپێکەوتنێکی قووڵی بابەتیانە لە گەڵ ١٦ کەس، دە ژن و شەش پیاو، کە تەمنیان لە ٣٤ تا ٦٧ ساڵە. بەشدارانی لێکۆلینەوەکە بەرکەوتەی ئەو هێرشە قورسەی چەکی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجەی کوردستانن لە ساڵی ١٩٨٨، کە لە ئەنجامی ئەو هێرشە ٥٠٠٠ کەس گیانیان لە دەستدا و دوو هێندەش بریندار بوون.
لێکۆلینەوەیەکی پێشتر لە زانکۆی یۆتۆبۆری دەری خستووە کە قوربانییەکان گۆرانکارییەکی زۆر نێگەتیڤ و خراپ لە باری جەستەیی و دەروونیەوە ئەگۆزەرێنن. ئەوەی کە ئەم لێکۆلینەوەیە تیشکی دەخاتە سەر ئەوەیە کە سەیری ئەزموونی ژیانیی ئەم بەرکەوتووانە دەکات بۆ پێکهێنانی خێزان و هاوسەرگیری لە ماوەی سێ دەیەی دوای بەرکەوتنیان.
لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە زۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە هەست بەجۆریک لە نادڵنیایی دەکەن سەبارەت بە هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و منداڵ.
لێکۆلینەوەکە هەروەها دری خستووە کە دڵەراوکێ لە بڕیاردانی کەسی لەبەشداربووانی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی دیارە وە لە هەمووی ڕوونتر لە کاتی بڕیاردان بۆ هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان، بە تایبەت بە هۆی ترس لە منداڵ بوون بە نەخۆشی زگماک لە ئەنجامی چەکی کیمیایی زۆر ئاشکرا دیار بوو.

**ژنان زیاتر لە پیاوان دەناڵێنن**

لە دەرئەنجامەکانی بە ڕوونی جیاوازی لە نێوان پیاوان و ژنانی بەرکەوتوو بە چەکی کیمیایی ئەبینرێت، بەوەی کە ژنان زیاتر لە پیاوان بە دەست ئستەنگەنکانی دەورنیی-کۆمەڵاتی یەووە دەناڵێنن. لە کاتێک پیاوانی بەرکەوتوو بە دەم ئاستەنگانی ژیانی خێزانداریووە لە بێدەنگییدا ئازار دەچێشن، ڕێژەی بێکاری، جیابوونەوە، وە بە تەنیا ژیان لە نێوان ژنانی بەرکەوتوو زیاترە، وە بە گشتی ژنانی بەرکەوتوو لە باروذۆخی ئابووری-کۆمەڵایەتی لاوازتر ژیان ئەگوزەرێنن.
لێکۆڵەری یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە فەرەیدون مورادی دۆکتۆرا لە ئەکادیمیای سالگرێنسکەسەر بە زانکۆی یۆتۆبۆری لە سوید وە هەروەها پزیشک پسپۆری نەخۆشی باتنی و هەڵگری بڕوانامەیە وەک دکتوری دەرمانساز.
بەرکەوتنەکە نە تەنیا کار لە توانایی بەدەنی ژنان ئەکات بۆ کارکردن، بەلکۆ دەرەنجامی خراپی دەبێت بۆ خۆگۆنجاندنی کۆمەڵایەتی، هەست بە کەمزانین وە هەست بە خۆ بەدەستەوەدان. وەک دکتۆر ئاماژەیی پێ ئەدات، زۆربەێ ژنانی بەرکەوتوو هەم خۆیان وە هەم دەوروبەر بە کەسانی پەنگخواردوو لە خۆیاندا پێناسەیان دەکەن، وە هەمیشە ترسێک هەیە کە ناتوانن منداڵی تەندروست بە

دەنیا بێنن. ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی کە چەند بەڵگەیکی زانستی نییە لە بەردەستدا بۆ پشتڕاستکرنەوەی.

**پێویســـتی فراوانبوونی زانیاری لەســـەر دەرەنجامەکانی چەکی کیمیایی**

دکتۆر لە درێژەی قسـەکانیدا ئاماژەی، بەو دەرنجامەدا. کە توانای پێکهێنانی خێزان کەم دەبێتەوە و لە هەمان کاتدا ڕێژەی جیابوونەوە و بە تەنها ژیانکردن زیاد دەکات. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم کەســـانە بە بێ دڵخوازی خۆیان بە تەنهـایی دەمێننەوە، و لە بـارودۆخێکی ئـابووری و کومەڵایەتی نـالەبـارتر لە چاو پیـاوانی بەرکەوتوو ژیـان ئەگوزەرێنن.

بەشدارانی ئەم لێکۆڵینەوە زانستیە لە زانکۆی یۆتۆبۆری لە ســـوید وئینســـتتۆی خۆیندنی بالای جۆهانزبێرگ لە باشوری ئەفریقیا کاردەکەن.

لێکۆڵەرەوەکان شــارەزاییان لە بۆاری پزیشــکی، دەرمان، دەروونناســـی و کۆمەڵناســـی هەیە و ئاماژە بە گرنگی و سەنگی زانیاری زیاتر و فراوانتر لە سەر دەرنجامی چەکی کیمیایی بۆ سەر مرۆڤ،

لێکۆڵەرەوەکان شارەزاییان لە لە بۆاری پزیشکی، دەرمان، دەروونناســـی و کۆمەڵناســـی هەیە و ئاماژە بە گرنگی و سەنگی

زانیـاری زیـاتر و فراوانتر لە ســـەر دەرەنجـامی چەکی کیمیایی بۆ نمونە چەکی دەمار و گازی خەردەڵ بۆ ســـەر مرۆڤ ئەکەنەوە.

لە کۆتایی قســـەکانیدا، دکتۆر فەرەیدەن مورادی دەڵێت: ســـەدان کەس لەوانەی کە بەرکەوتووی چەکی کیمیـایین ئیستا لە وڵاتی سـوید نیشـتەجێن و زۆربەیان نیشـانەی زۆر قورســـی جەســـتەیی و دەرەنی یـان لە ئەنجـامی بەرکەوتنەکە پێوە دیارە. ئیمە پێویستمان بە لێکۆڵینەوە و زانیـاری زیـاترە بۆ بـاشـــترکردنی لێتێگەیشـــتن و چـارەســـەرکردنی بەرکەوتوونی چەکی کیمیـایی کە لە نەخۆشـــخانە و بنکە تەندرەســـتییەکان داوای یارمەتی دەکەن.

## ٦٠ ساڵ لەمەوبەر..

## تاوانی تراژیدیای سینەمای عامودا

هاوار مستەفا خان

شەست ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ (١٣-١١-١٩٦٠)، حکومەتی سووریا بۆ یادکردنەوەی شۆڕشی جەزائیر، (٥٠٠) منداڵی لە قوتابخانەکانی عامودا بردە هۆڵی سینەما عامودا کە خۆی لە بنەڕەتدا تەنها (٢٠٠)کورسی تێدابوو؟ .! لەو یادەدا سینەما گڕ دەگرێت و (٢٨٥)منداڵ بەهۆی کاریگەری زۆری سوتان گیان لەدەست دەدەن و(١٢)منداڵ بەساخی دەرباز دەکرێن و ئەوانی تریش هەموویان بەهۆی سووتانەوە کەمئەندام دەبن.




هەر لەو ساڵەدا ڕۆژنامەیەکی ئیتالی بەو کارەساتە دەزانێت و بە دروستکردنی تابلۆیەک کە گوزارشت لە روداوەکە دەکات، وێنەی روداوەکە لە لاپەڕەیە یەکدا بڵاو دەکاتەوە.

لەوساکەوە تا بەمڕۆ دەگات، حکومەتەکانی سووریا لەئاست ئەو کارەساتە بێدەنگن .!

بەندە بۆ ڕۆژی سینەمای کوردیی کە لە ٩-٩-٢٠٢٠ لە ئەمنە سورەکەی پایتەختی سلێمانی بەڕێوەچوو، یەکێک لە پۆستەر و (سالنامەی یلماز گونەی) مان کارەساتی سینەمای عامودا بوو، (مخابن نەمانتوانی)چاپی بکەین بۆیە لێرەداو بەو بۆنە کارەساتبارەوە بڵاوی دەکەمەوە.

درود بۆ گیانی پاکی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٠ بۆ ١٢) ساڵاندا بوون و لەو کارەساتەدا گیانیان لەدەستدا.

تەمەن درێژی بۆ ئەوانەی لە ژیاندان.

ئەو روداوە گوماناویەش پەڵەیەکی ڕەشی شۆڤێنیە بەرامبەر بە منداڵانی کورد کراو نابێت لەبیر بکرێت.

# ئاماری خزمە ئەنفالکراوەکانم

جەمال عادل

لە یادی ئەنفالکراواندا سوپاس و پێزانین بۆ سەربازێکی ون، خاوەن و سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان، کە بە خۆبەخشی دۆسیەی ئەنفالکراوانی کردووەتە خەمی ڕۆژانە منیش، ئەم ئەرکەم گرتە ئەستۆ هەتا کەمێک باری سوک بکەم بەوەی ناوی ئەنفالکراوانی خزم و کەسە نزیکەکانم. لەگەڵ شەش ڕۆڵەی ئەنفالکراوی کاک (شێخ عبدڵلای شێخ تەیب)م کۆبکەمەوە هەتا لە گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاو ببێتەوە، تکایە بم بەخشن ئەگەر ناوی ئەنفالکراوێککم لە بیر چوبێت، بە هیوام هەر کەسەو لە ئاست خۆیەوە ناوی ئەنفالکراوە نزیکەکانی خۆی بنوسێت وبڵاوی بکاتەوە بۆئەوەی وەک چۆن گوڕونن ناویشیان ون نەبێت.

ناوەکان:

1. صادق توفیق قادر
2. کەریم فاتیح نوری
3. فاخر فتاح نوری
4. سلیمان تەیب
5. سەلام توفیق قادر
6. تالیب عەزیز کاکە حمە
7. غالیب عەزیز کاکە حمە
8. فازل عەزیز کاکە حمە
9. ناصح قادر کاکە حمە
10. تاهیر قادر کاکە حمە
11. کاوە عبدالکریم رشید
12. جمهور عبدالکریم رشید
13. عەلی فاتیح فەریق
14. عەزیز فاتیح فەریق
15. کامیل رشید مجید
16. عەزیز رشید مجید
17. یوسف شوکر تاهیر
18. صبحی شوکر تاهیر
19. بەرزان شوکر تاهیر
20. ئەدیب حەکیم مەجی
21. خەسرەو ئەمین عبدولله
22. خیرولله مجید جەبار
23. قادر محەمەد فازل
24. سەرکەوت امین لتیف
25. گوران امین لەتیف
26. پێشکەوت ستار عبدولله
27. بورهان فیزلله تالیب
28. بەرزان فیزلله تالیب
29. عەزیز محەمەد نوری غالب
30. قادرمحەمەد نوری غالب
31. حەسەن محەمەد نوری غایب
32. حەسەن خیرالله جلال
33. علی خیرالله جلال
34. کامیل حبیب عزالدین
35. شێرزاد حەبیب عزالدین
36. مەریوان کامل حەبیب
37. .گۆران کامل حەبیب
38. بەرزان محەمەد عزالدین
39. عبدالرحمن محەمەد عزالدین
40. عدنان نەسرەدین عزالدین
41. علی نسردین عزالدین
42. تەیب فخرالدین عزالدین
43. غریب رشید حمید
44. عومەر رشید حمید
45. نەسرەدین مجوەل عزالدین
46. هیوا مستەفا حمید
47. سالار فاتیح محەمەد
48. لەتیف تەیب عزالدین
49. کمال تەیب عزەدین
50. نەوزاد رەشید محەمەد
51. ئەمین خدر ئەمین
52. ئەردە شێر منسور جەلال
53. خیریە نەسرەدین عزالدین
54. بەیان کامل حەبیب
55. شنو کامل حەبیب
56. جوان کامل حەبیب
57. شەم کامل حەبیب
58. پاکیزە حەبیب عزالدین
59. سوهیلە حەبیب عزالدین
60. فە هیمە حەبیب عزالدین
61. هێرو عادل نەسردین
62. پەخشان عبدالله تیب
63. سەیوان بشارات محەمەد
64. بوتان عوسمان
65. شامیل فازل وەهاب
66. توانا کەمال عادل
67. حوسین عاسی محەمەد
68. سالار فاتح محەمەد

## بەفراو ڕەفعەت تاقانەی ئەنفال؛ ناتوانم قەناعەت بەخۆم بکەم کەکەسوکارەکەم نەماون.هەتا گۆڕیان نەبینم ،بڕوا بەمردنیان ناکەم .

دیمانە: سمکۆ سابیر
گوندی باشتەپە-ناوچەی داودە
٩ی شوباتی ٢٠١٧ کات :٢ی پاشنیوەڕۆ

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کاک عەلی قەڵەوی زینانە بەڕێکەوتین بۆ داویە،بۆ گەڕان بەدوای چیرۆکی ئەنفالکراوانی داویە. گومانی تێدانییە کە داویە؛ وەک ناوچە ئەنفالکراوەکانی تر پڕە لەچیرۆکی تراژیدیی .هەرچەندە ئێمە دوای نیوەڕۆ گەیشتبووین بەڵام بەفراو و مامۆستا کەریمی هاوسەری مەرجی ئەنجامدانی دیمانەکەیان بەستەوە بەوەی کەدەبێت نان و چایەک بخۆین، ئینجا دیمانەکە سازدەکەین .ئێمەش ڕازیبووین بەداواکارییەکەیان . دوای نانخواردنەکە دیمانەکەمان بەمشێوەیە دەستپێکرد:



**ئەگەر خۆت بناسێنیت**

ناوی سیانیم وساڵی لەدایکبوونم بەفراو رەفعەت جەوهەر فەتاح لەدایک بووی 1962

**لەکوێ لەدایک بوویت؟**

لەناحیەی نەوجول لەدایکبووم

**خوێندەواریت هەیە؟**

بەڵێ تاشەشەمی سەرەتاییم خوێندووە .

**بۆچی لەقوتابخانە دەرچوویت؟**

کەباوکمان کۆچی دوایی کرد،ئێمە شیرازەمان تێکچوو ئیتر منیشیان لەخوێندن هێنایە دەرەوە .

**سەردەمی منداڵیت لە نەوجول چیت لەبیرماوە بەو پێیەی نەوجول ناوچەیەکی نزیک لەجموجۆڵی پێشمەرگە بووە؟**

نەوجول ناحیە بوو،لەمنداڵیمەوە هەتا گەورەبووم ، ئەم ناوچەیەی ئێمە هەمیشە شەڕو کێشەی هەبووە،پێشمەرگەی تێدابووە و شەڕی بەرامبەر بەحکومەت کردووە .

**ساڵی چەند هاوسەرگیرت کردووە ؟**

ماڵمان لە نەوجوول بوو،لەگەڵ کەریمی هاوسەرم ئامۆزای یەکترین ئیتر لە17/5/1985 ژن بەژنەمان کرد .

**هەر بەهۆی خزمایەتیەوە هاوسەرگیریتان کرد یا بەهۆی هەستێکی خۆشەویستی ؟**

لەڕاستیدا نەخێر،چونکە ئێمە خزموکەسی یەکتر بووین بەهۆی خزمایەتییەوە ژن بەژنەمان کردووە. ئێستاش دوو منداڵمان هەیە گەورەکەیان بەرهەم لەدایکبووی ساڵی 1985. بچوکەکەش غەمگین لەدایکبووی 1988. بۆیە ئەم ناوەمان لێنا چونکە لەدوای ئەنفال لەدایک بوو.

**چ هێزێک لەناوچەکەدا چالاکیان هەبوو؟**

زیاتر هێزەکانی یەکێتی، چالاکی لەحزبەکانی تر زیاتربوو.

**لەکاتی ئەنفال لەنەوجول بوون یا لە ئاوایی؟**

لەکاتی لەئەنفال لەگوندی (گومەتە بۆر) بووین ،چونکە ناحیەی (نەوجول) لەساڵی 1987روخێندرا ،بۆیە بەناچاری رووماندکردە گوندی گومەتە بۆر .کەیەک کاتژمێر لە نەوجولەوە دوور بوو کەوتۆتە دیوی داویەوە .

**لەکاتی ئەنفال چۆن هەستتان بەمەترسی کرد؟**

خەڵک ئەو کاتە زانیاری بۆ دەهات لەشارەوە ،کە سوپایەکی زۆر لەخورماتووەوە بەرە و نەوجول هات .هەموومان دەمانزانی ژیان بەرە و ناخۆشی دەڕوات .ئیتر سەرەتای مانگی چوار تۆپباران و کۆپتەر ڕۆژانە ژیانی لێتێکداین .گوندەکەمان لە (10) ماڵ پێکهاتبوو ،ڕەومانکرد بەرەو تاوێرە کەوە ناوچەیەکی سەخت و هەردە بوو لەپشت خورماتوو .ئێمە سوپایەکەمان بەجێهێشت کەوتبووینە پشتیانەوە . شەو لەناو تاوێرەکان خۆمان شاردەوە .ئەو دە ماڵە ماڵە پێشمەرگەو ماڵە فیراری سەربازیی و ماڵی ئاسایی تێدابوو. ئیتر لەوێ خۆمان حەشاردا .ئەو دە ماڵە تەنها دوو مەکینەو عەرەبانەمان پێبوو.هەرچۆنێک بێت جێگەی خۆمان کردەوە .لەدوای خۆشمانەوە گوندەکە

بەردەوام تۆپباران دەکرا.کەسـوپا و جاشـیش هاتە ناوئاوایی ئیتر بەتەواوی سوتاندیان .تەنانەت ئاژەڵیشیان لێسوتاندین .بەڵام زیانی گیانیمان نەبوو.

**کە گوندەکەتان سووتا چیتان کرد ؟**

هەرلەناو تاوێرەکان ماینەوە لەترسـی کۆپتەرو فرۆکەکانی بەعس ژێر زەمینمان درووسـت کردو لەناو دارەکان خۆمانمان شـاردەوە .شـەو و رۆژ لەناو ئەو ژێر زەمینە دەژیاین .شـەوێکیان دەمەو بەیانوابزانم رۆژانی هەشت بۆ نۆ لە مانگی چوار خۆم و منداڵەکانم لەگەڵ ژنەکانی تر لەکەلی هەنجیرەوە رۆیشـتین بۆ ناو خورماتوو.نزیک خۆرئاوا گەیشـتینە خورماتوو. لەهەردەکە ماینەوە،نزیکەی 100 کەس ژن و منداڵ دەبووین،هەمووی هاواری ئاوی دەکرد،دواتر گوێیـان لەدەنـگ و غەڵبەغەڵبی ئێمە بوو رەبایەی جاشەکان تەقەیەکی زۆریان لێکردین .ئیتر خۆمان بێدەنگکرد.رۆژی دواتر خۆمان گەیاندە ناو خورماتوو ،رۆیشتمە ماڵێکی خزم ناوی وەلی بوو لەگەڕەکی جمهوری نزیکەی بیست کەس دەبووین رۆیشـتنیە ژورەوە .ئێمە خۆمانمان گەیاندە ناو شار بەڵام وەک کەریمی هاوسـەرم دەیگێرایەوە رۆژانە کۆپتەر دەرۆیشـتە سـەر سـەریان . جاش دەرۆیشت و پەلاماری دەدان. ئیتر خەڵک بریندارو شـەهید بوو .برسـێتی رووی لێکردبوون .پیاوەکان چەکەکانی خۆیان شـاردبووە. هەر رۆژەی لەشـوێنێک خۆیان حەشـار دەدا .بەڵام ژن و منداڵەکان گەیشـتنە ناو خورماتوو.ئیتر کەگەیشتینە ناو خورماتوو داوای کەفیلیان لێدەکردین ،هەرکەسـێک کەفیلی ببردایە ئیتر وازیـان لێدەهێناو ئـازاد دەبوو.بەڵام ئێمە بەختمان هەبوو کەس نەبوو ببێتە کەفیلی کەریمی هاوسـەرم. من لەماڵی خزمێک خۆم شاردبووە و کەریمیش لەماڵی زاواکەیان .

**چۆن زانیتان خەڵک دەستگیردەکرێت و ناگەڕێنەوە ؟**

خەڵک لەمەرکەز شـەبابەکە بوو،ماڵی باوکیشـم لەوێ بوو،خەڵکێکی زۆر دەسـتگیر کرابوون ،من پێنج رۆژ بەر لەماڵی باوکم گەیشـتمە خورماتوو بەڵام ئەوان دەسـتگیر کران و حسـابی پێشـمەرگەیان بۆ کرا و وەک خەڵکەکە ئەنفـال کران .پێموایە ئەوان رۆژی 14/4هێنران بۆ مەرکەز شـەبابەکەی خورماتوو.ئێمەش کە سـەلامەت دەرچووین هی ئەوە بوو زووتر لەئـاوایی دەرچووین و چوینە ناو تاوێرەکەوە .

**هەوڵت نەدا کەسوکارەکەی خۆت بدۆزیتەوە یاخود برۆیتە لای ئەوان ؟**

بەڵێ چەنـد جـارێـک هەوڵمـدا رۆیشـتمە ئەودیو تەلبەنـدەکەشـەوە بەڵام پۆلیسـەکـان لێنەگەڕان و گەڕاندمیانەوە.برایەکم بریندار بوو لەنەخۆشـخانە هەواڵی ناردبوو وتبووی مادام ئێوە دەرچوون کەس نەیەتە لامان برۆن خۆتان حەشاربدەن با نەتانگرن.زۆر جاریش نزیک دەبوینەوە پۆلیسـەکـان تەقەیـان لەخەڵـک دەرکردو نەیاندەهێشت خەڵک لەئەنفالکراوەکان نزیک بێتەوە .

**ئەی ئەم هەموو خەڵکە چەند مانەوە ؟**

زۆر کەم مانەوە ،چەند سـەعاتێکی کەم و یەکسـەر بەپەلە گواسترانەوە بۆ تکریت .بەڵام کەسوکارەکەی ئێمە جیاواز تربوو بەئیڤـای عەسـکەری هێنرابون بۆ بنکەی پۆلیس لەخورماتوو لەوێشـەوە راسـتەوخۆ بۆ تکریت . لەرێگەی برایەکی براژنەکەم زۆر هەوڵیشماندا دەستمان پێیان بگات .تەنها خواردنی بۆ بردبوون ،بەڵام نەیتوانی هیچ شـتێک بکات بۆ ئازاد کردنیان .

**ژمـارەی ئەو کەسـانەی لەگەڵ بنەماڵەی ئێوە هـاتبوونە بنکەی پۆلیش چەند کەس دەبوون .**

بەبڕوای من پەنجا کەس دەبوون .

**چەند کەست ئەنفالکراوە ؟**

دوو برام شـوکرو محەمەد. دایکیشـم لەنوگرە سـەلمان گەڕایەوەو کۆچی دوایی کردووە. براژنەکەم لەیلا و منداڵەکانی :چیا، میدیا ،محەمەد، شەش کەسم ئەنفالکراوە.

**دایکت کە لەنوگرە سەلمان گەڕایەوە چی بۆتان گێڕایەوە ؟**

دایـکـم کەگەڕایەوە وتـی قەت بەتەمـای خـۆم نەبـووم کەبگەڕێمەوە .چونکە نوگرە سـەلمان وەک دۆزەخ وابوو .مـاوەیەکی زۆر تـاقەتی هیچ قسـەیەکی نەبوو،بۆخۆی بێدەنگ دادەنیشـت و هیچ قسـەیەکی نەدەکرد.بەدبەختی زۆری بینیبوو،برسـێتی و سـوکایەتی و مردنی رۆژانە بەبەرچاوی خۆیەوە .باسـی ئەوەشـی کرد وتی تاتاقەتم هەیە با بەدەسـتی خۆم گۆڕ بۆ منالْ وکەسـوکارەکەم هەڵبکەنم ،ئەگەر کەسـێکیان لێبمرێت لاشـەکەیان سـەگ نەیخوات .چونکە مامەم یونس لەوێ مردووە .

**لەدوای ئەنفال لەکوێ و چۆن ژیانتان بەسەر دەبرد؟**
لەخورماتوو مـاینەوە بـارودۆخمان زۆر خراپ بووســـێ مانگ دوای ئەنفالیش لەهیچ گەڕەکێک جێگەمان نەدەبووەوە ،تا لە راپەرینەکەی ســـاڵی 1991 رامانکرد بۆ ئێران و خورماتومان بەجێهێشت ،دواتر لەپێنجوێن ماینەوە ،پاشان رۆیشـتین بۆ سـەید سـایەق و شـانەدەری ،بەڵام لەسـاڵی 1992 هاوسـەرەکەم دامەزرایەوە ، پێشـتر مامۆسـتا بوو بەڵام کەلە خورماتوو دەرچووین لەســـاڵی 1991ئەویش لەپیشـەکەی دەرکرا .بۆیە جارێکی تر دەسـتبەکاربوویەوە وەک مامۆسـتا .ئینجا دوای سـالێک ناومان گەڕایەوە بۆ گەرمیـان و لەپێنجوێن بۆ ئۆردوگـای ســـمود( رزگـاری ئێســـتا) گەڕاینەوە .تاسـاڵی 1996 لەسـموود بووین و دواتر گەڕاینەوە بۆ باشتەپە و تائێستاش لێرە دەژین .

**هیچ کەسێکت لەئەنفال گەڕاوەتەوە؟**
من هیچ کەسێکم نەگەڕاوەتەوە جگە لەدایکم ،ئەویش دوای ئەوەی لەنوگرە ســـەلمان گەڕایەوە ســـاڵێک نەژیا کۆچی دوایی کرد.ئیتر هیچ کەســـێکم نەماوە لەکەســـوکارەکەم هەموویان ئەنفالکراون .

**لەچ کاتێکدا هەست بەبێزاریی و ناخۆشی دەکەن ؟**
ئازاری کەسوکارەکانمان قەت لەیاد ناچێت،بەتایبەتی هەموو ســـاڵێـک لەمـانـگی چواردا ئـێـمە خەم و خەفەت دەمانگرێت،برینمان دەکولێتەوە،بیری بێکەســـی خۆمان و کەسوکارەکەمان دەکەین .

**قەت خەونت پێیانەوە بینیوە ؟**
بێگومان زۆر جار خەونم پێیانەوە بینیوە ،بەگشتی خەونم بەهەموویـانەوە بینیوە .لەمنـاڵیـدا لەگەڵ براگەورەکەم زۆر لەیەکتری نزیکبووین،تەمەنیشـــمـان لەیەکتری نزیـک بوو،بۆیە زۆر جار ئەو دێتە خەون و خەیاڵمەوە ،زۆر بیری دەکەم ،کاتێک هاوسەرگیریم لەگەڵ کەریمی ئامۆزام کرد،لەوماڵەدا ســـیانزە کەس بووین،من کەریم دەرچوین ،ئەوانی تر هەموویان ئەنفالکران .ئەوەی باس لەبیرچوونی ئەنفال دەکات،سەختە ئەوان قەت لەبیر ناکرێن .

**رێکخراوەکانی بواری ئەنفال سەردانیان کردوویت ؟**
نەخێر تائێســتا هیچ رێکخراوێک ســەردانی نەکردوین و لەئێمەیان نەپرسیوەتەوە .کەس نەهاتووە لەدەرگامان بدات و بڵێت وەکو کەســـوکاری ئەنفال،یان وەکو تاقانەیەکی مێینە کێشەو گرفتتان چییە .!

**وەک تاقانەیەکی ئەنفال تاچەند لەگەڵ دادگایکردنی جاش و موستەشار و تۆمەتبارانی ئەم دۆسییەدایت ؟**
ئەگەر جـاش نەبـوایە،ئـێـمە بەمشـــێـوەیە ئەنـفـال نەدەکراین،سـوپاو عەسـکەر لەکوێ ئەم خەڵکەی ئاشـکرا دەکردو ئەو هەموو حەشـــارگەیەی دەدۆزییەوە .جاش بوو بەرلەشـــکری حکومەتی کردو ئەم ریگایەی گرتەبەرو ئەو هەموو خەڵکەی بۆ دەستگیر کرد .ئێمە لەناو تاوێرە کەوە و دارەکانی نزیک تـاوێرە کەوە خۆمان حەشـــار دابوو ،عەسـکەرو سـوپا نەیدەدۆزینەوە ،جاش هاتە سـەرمان و ئێمەیان ئاشـکرا کرد،بۆیە شـایانی ئەوەن ببرێنە بەردەم دادگـاو لێپرســـینەوە و لێپێچینەوەیـان لەگەڵـدا بکرێـت .هەرهیچ نەبێت لەبەر دڵی کەســـوکاری ئەنفال ئەم کارە بکەن ،ئەوان چەندین ساڵە بەبەرچاوی ئێمە دەسورێنەوە .

**بیسـت و نۆ سـاڵ بەســەر ئەنفال تێپەڕی ،پێتوایە دەبێت چی بۆ کەسوکاری ئەنفال بکرێت ؟**
پڕ بەخانوویەک پارەو ئاڵتونمان پێبدەن ناکاتە نینۆکی پەنجەی یەک کەسمان، دەروونمان زۆرهیلاکە پێویستە بەر لەهەمو شـــتێک لەڕووی دەروونییەوە،چاودێریی و رێنمایی دەروونـی بـکـرێـین. لەڕووی دەروونـیـیەوە گـرنـگـیـمـان پێبدرێت هەمووی نەخۆشەوباری دەروونی سەقامگیر نییە. چونکە کەسوکاری ئەنفال لەناخەوە وێران و رووخاوە .

**قەت چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەسوکارەکەت کردووە ؟**
ئەرێوەڵلا ئێســـتاش وادەزانم هەموویان لەژیانداماون، هەر چاوەڕوانیان دەبم .ناتوانم قەناعەت بەخۆم بکەم کەنەماون ،هەتا گۆڕیان نەبینم ،بڕوا بەمردنیان ناکەم .

**زۆر سوپاس ماندوومان کردیت.**
سوپاس بۆ ئێوەش دەستی ئێوەش خۆش بێت .

پەروین شوکر تاقانەی ئەنفال:

## هەمیشە خەون بەدایکە ئەنفالکراوەکەم دەبینم .

دیدار: سمکۆ سابیر
ناوی دیمانەکراو: پەروین سابیر شوکر محەمەد
شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی بەر لەئەنفال: ناحیەی نەوجول- قەزای خورماتوو
شوێنی دیمانە:کفری – گەڕەکی ئەنفالەکان
ڕۆژ: 21/11/2016
هاوکار:جەلال محەمەد ئەمین

پێشـتر بەهۆی مامۆسـتا بەختیار چەوریی تاقانەی ئەنفال زانیارییم لەسـەر تاقانەیەکی ئەنفال دەسـت کەوتبوو، بۆیە دوای تەواو کردنی دیمـانەکەی لالە ئەحمەد مەحمودی بـنەکەی خەپەکوێـرلە شـــاری کـفری ، لەگەڵ جەلال حەمەئەمینی هاوڕێم دوای پرســیار کردن ،ماڵی پەروینی تاقانەمان دۆزییەوە و گەیشـتینە ماڵەکەیان .کەرۆیشـتینە ژورەوە خـۆی وکـچە تـاقـانەکەی لەمـاڵ بـوون، وتـی هاوســەرەکەم لەدەوامە و هێشــتا نەگەڕاوەتەوە . پەروین هەرچەنـدە بـاری تەنـدروســـتی تەواو نەبوو بەڵام زۆر بەگەرمی بەخێرهاینی کردین و بەبێ ئەملاو ئەولا ئامادەی ئەنجامدانی دیمانەکە بوو،بۆیە دوای پشـــویەکی کورت دەستمانکرد بەدیمانەکە:

**ئەگەر خۆتان بناسێنن .**

ناوی تەواوم پەروین سابیر شوکر محەمەد قادر

**کەی ولەکوێ لەدایکبوون؟**

لەســـاڵی 1977.لەدایکبووم ،ئێمە خەڵکی نـاحیەی نەوجولین بەڵام بەهۆی ئەوەی بـاوکم لەســـەربـازی رایکردبوو،بـارمـانکرد بۆ گونـدی مەحمود بەگ،ئاوایی مەحمود.

**تەمەنی تۆ چەند بوو کاتێک لەنەوجولەوە رۆیشـــتن بۆ مەحمود بەگ**

لەڕاستیدا نازانم تەمەنم چەند بووە بەڵام من لەدایکبووم و دوو خوشـکیشـم هەبوو،بەحاڵ لەبیرمە,ئەزانم تەمەنم زۆر



بچووک بووە.دڵنیـام هێشـــتـا نەڕۆیشـــتبووم بـۆ قوتابخانە.لەشـەش سـاڵ کەمتر بووم .ماوەیەک لەمەحمود بەگ بووین ئینجا منیان نارد بۆ قوتابخانە .

**چەند ساڵ لەقوتابخانە بوون؟**

لەبیرمە تاپۆلی ســێیەمی ســـەرەتایم خوێندووە .هەموو کتێبەکانیشـم وەرگرتبوو، بەڵام پۆلی سـێیەمم تەواو نەکرد ئەنفال دەستی پێکرد و ئیترهەتا ئێستا جارێکی تر چاوم بەقوتابخانە نەکەوتەوە .

**ئەگەر لەبیرتان مابێت مامۆستاکانت ناویان چی بوو.؟**

تەنها دوو مامۆســـتامان هەبوو ناویان مامۆســـتا خەلیل و مامۆســـتا ئازاد حەســـەن بوو. مامۆســـتا ئازاد خەڵکی خورمـاتوو بوو بەڵام مـاڵی هـاتبوو بۆ مەحمود بەگ بەداخەوە ئەنفال کرا.

**ئەو خوێندکارانەی لەقوتابخانە هاوڕێت بوون ناوەکانیانت لەبیرماوە ؟**

ئـێمە تەنـهـا 15-20 خـوێـنـدکـار دەبـووین.زۆربەی کوڕبوون،تەنهـا ســـێ کچ بووین.بەڵام لەبیرمە کوڕێـک هاوڕێم بوو ناوی دڵشـــاد بوو باوکی ئەنفال کراوە.دایکی لەخورماتووە و خۆشـــی رۆیشـــت بۆ دەرەوەی وڵات.دوو کوڕی تـری خزمی خۆمـان نـاویـان بەکر و عومەر

بوو.ئەوانیش لەگەڵ من دەیانخوێند،بەڵام کچمان کەم بوو.بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە .

**مەبەستم ئەوەیە هاورێیەکی زۆر نزیک کە زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە بووبن .**

بەڵێ زۆربەی کاتەکان لەگەڵ بەیانی خوشکم بووم ئەو ساڵێک لەمن گەورەتر بوو.

**بەرلەئەنفال چ شتێکی ناخۆش و ترسناکتان بینیوە .؟**

بەردەوام تەیارە و کۆپتەر ئەهاتن ،جاری واهەبوو دوو رۆژ لەکونە تەیارە یان ژێر زەمین خۆمان شاردۆتەوە و لەترسی تەیارە نەهاتوینەتە دەرەوە .

**چۆن هەستتان کرد کە ئەنفال گەیشتە ناوچەکەتان ؟**

بەردەوام خەڵک مەترسی هەبوو لەحکومەت،بەڵام ئێوارەیەک بەر لەئەنفال کوڕەکەی خاڵۆم هات و گووتی :خاڵۆ بارودۆخ لەمەترسیدایە،حکومەت پەلاماری ناوچەکە دەدات ،بۆنایەن بتانبەم بۆخورماتوو،باوکیشم گاڵتەی لێدەهات زۆر گرنگی پێنەدا .ماڵی خاڵۆم لەخورماتوو بوو،کوڕی خاڵۆم زۆر هەوڵیدا قەناعەت بەباوکم بکات سودی نەبوو گووتی: چۆن شتی وا روودەدات کە رژێمی بەعس وابەئاسانی ئەم ناوچەیە بگرێت .قەناعەتی نەکرد.ئیتر من بۆ ئێوارەکەی رۆیشتم بۆ ماڵی پورم هەر لە ئاواییەکەی خۆمان بوون،پورم (میمکم) هێشتا شووی نەکردبوو،لەگەڵ باپیرەم بەیەکەوە دەژیان،باوکیشم منداڵەکانی بەماتۆڕ سکیل لەئاوایی دوور خستبووەوە بۆ ئەوەی ئەگەر گوندەکە تۆپباران کرا ئەوان سەلامەت بن.ئیتر منیش لەماڵی باپیرەم خەوم لێکەوت .ئیتر منیان نەبردە لای خۆیان و شەو لەوێ مامەوە .باوکم دوای ئەوەی بەدوو جار هەموو منداڵەکانی لەئاوایی دوورخستبووەوە هات بەدوای مندا بەڵام من خەوم لێکەوتبوو،پورم لەخەو هەڵیساندم وگوتی باوکت بانگت دەکات،باوکم بەمنی گووت لێرە دەمێنیتەوە،یا دێیتەوە بۆماڵەوە،منیش نەمزانی بڕیاری چی بدەم ،هیچم نەگووت، پورم رازی نەبوو من برۆم ،باوکیشم منی نەبردبووەوە .ئیتر شەو لەوێ مامەوە .ئیتر بۆ بەیانی کە لەخەو هەڵساین،لەگەڵ ماڵی باپیرەم و میمکەکەم و کوڕی خاڵۆم بەرەو خورماتوو هاتین وگەیشتینە ناو شار.

**چۆن رێگەیان پێدان بگەنە ناو شار .؟**

کوڕی خاڵۆم ورەقەیەکی رێگەپێدانی کردبوو کەئێمە خۆمان تەسلیم دەکەینەوە و دێین بۆناو خورماتوو،حکومەتیش رێگەیان پێدابوو ،کەدەتوانن کەسوکارەکانتان بێننەوە ناو شارو خۆتان تەسلیم بەحکومەت بکەنەوە.ئیتر بەمشێوەیە ئێمە هاتینە ناو خورماتوو.

**ئایا ئەنفال دەستی پێکردبوو،یا پێش ئەنفال بوو.؟**

زۆر دڵنیا نیم بەڵام وابزانم ئێمە ئەو رۆژەی گەیشتینە ناو خورماتوو دوای رۆژێک یا دوو رۆژ خەڵکەکەش ئەنفال کرا.

**کاتێک ئێوە گەیشتنە نزیک خورماتوو حکومەت کێشەی بۆ درووست نەکردن یا بارودۆخەکە ئاسایی بوو.؟**

نەخێر ئەم ناوە هەمووی عەسکەرو جەیش بوو،کەگەیشتینە ملەکە ی نزیک خورماتوو،رێگەیان لێگرتین و دەستگیریان کردین بەڵام ئێمە وەرەقەمان پێبوو،سەیری وەرەقەکەیان کردو ناوی منی تێدانەبوو،خەریک بوو من بگرن بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵ بووم هەرچۆنێک بوو رازی بوون برۆین و ئیتر رێگەیان پێداین .

**ئەی نەتزانی کەسوکارەکەت چییان بەسەرهات وهیچ هەواڵێکی ئەوانت نەزانی .؟**

بەڵێ زۆر پرسیارمان کردزانیمان کەلەملە سوورە خۆیان تەسلیمی حکومەت کردووە و لەوێش براون بۆ قۆرەتوو،لەقۆرەتووش بۆتۆپزاوا .ئەم زانیارییەمان لەدوو کەسی خۆمان پێدرا ،کەلەنوگرە سەلمان گەڕابوونەوە ،دوای شەش مانگ تەنها ئەوەندە زانیارییەیان پێداین .کەیەکێکیان باپیرەم بوو گووتی ئەوان بەمشێوەیە برابوون بۆ قۆرەتوو.باسیکرد کەچۆن براون و چییان بەسەر هاتووە و چۆن لەیەکتری جیاکراونەتەوە .

**ئەی لەخورماتوو هیچ هەوڵێکتان نەدا بچن بۆ مەرکەز شەبابەکەی دووز بزانن کەسوکارتانی لێیە ؟**

من منداڵ بووم بەڵام هەموو رۆژێک پورەکەم ئەرۆیشت و هەواڵی دەپرسین،پرسیاری دەکردن،ماوەیەک بەبەردەوامی دەرۆیشتە لای مەرکەز شەبابەکە .هەرهیچمان دەستنەکەوت .ئەوانەی لەملە سوورە دەستگیرکران،هیچیان نەهاتن بۆ خورماتوو،هەموویان بران بۆ تۆپزاوا.

**لەخێزانەکەی خۆت چەند کەست ئەنفالکراوە و ناوەکانیان چیین؟**

ئێمە لەخێزانەکەی خۆمان نۆ کەسمان ئەنفالکراوە .دایک وباوکم و پێنج خوشک و دووبرا .لەهەموو خێزانەکەم کە 10 کەس بووین تەنها خۆم ماومەتەوە .

**باپیرەت کەلە نوگرە سەلمان گەڕایەوە ناوی چی بوو.؟**

ناوی شوکر بوو،باوکی باوکم بوو،زۆر باسی نوگرە سەلمانی بۆکردین و باسی ئەو بەدبەختی و ناخۆشییانەی بۆ کردین کەلەگرتنییەوە تا ئازاد بوونی بەچاوی خۆی بینیبووی .زانیاری هەبوو کەخەڵکەکە لەملە سوورە براون بۆقۆرەتوو ئینجا براون بۆ تۆبزاواو لەتۆبزاواش ژن و پیاو ،گەنج و پیر لەیەکتری جیاکرانەتەوە و گەنجەکان کەس نەیدەزانی بۆکوێ دەبرێن .بەداخەوە باپیرەم لەژیاندا نەماوە . شەو تابەیانی دەگریا. خەوی لێنەدەکەوت .زۆر بێتاقەت بوو بۆئەم خەڵکەی ئەنفالکراوە .دیگووت ئەوەی من بینیومە،تەواو کەس بەتەمای باوک و کوڕو منداڵ نەبێت.ئەوەی من بینیومە ئەو حکومەتە هەتا بۆی بکرێت ناهێڵێت یەک تاکە کەس لەئەنفالکراوەکان بگەڕێتەوە بۆ کوردستان .باپیرەم دەیگێڕایەوە: دەیگووت لەنوگرە سەلمان کەسێک دەمرد و دوای نیو سەعات لاشەی مردووەکە دەکەوتە بەر دەم سەگە ڕەشەکان .جاری واهەبوو خەڵک بەپشتێنەکەی خۆی بەستراوەتەوە بۆماوەی یەک ڕۆژ یان زیاتر بەبێ ئاوو خۆراک .

**لەدوای ساڵی 1988 ەوە چۆن ژیانتان گوزەراندووە لەچاوەڕوانی و بێکەسیدا .؟**

دوای ئەنفال ئیتر راگواستن دەستی پێکرد و ئێمەشیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان گواستەوە و براین بۆ ئۆردوگای کەورگۆسک لەسنووری قەزای خەباتی پارێزگای هەولێر.من ژیانێکم بەڕێکردووە ،باسناکرێت . چونکە ناسنامەم نەبوو هەرچی هەمبوو لای باوکم بوو،جاری واهەبوو لەترسی ئەوەی داوای ناسنامەم لێنەکەن،خۆم لەکولانە و سەربان شاردۆتەوە .چونکە حکومەت لەدوای ئەنفال بەدوای خەڵکدا دەگەڕا لە خورماتوو .دەیزانی خەڵکی لێیە خۆیشاردۆتەوە لەترسی ئەنفال .بەدرێژایی هەفتەیەک دوو ڕۆژ بەئاسودەیی نەمدەتوانی بێمە دەرەوە هەر حکومەت بهاتبایە من دەبوایە خۆم بشارمەوە و هەندێک جاریش دەرگایان لەسەر دادەخستم .دوای دوو ساڵ زیاتر ئینجا ناسنامەیان بۆ کردم و نەجاتم بوو.

**لە دوای راپەرین گەڕانەوە بۆ خورماتوو یان لەکەورگۆسک مانەوە .؟**

لەدوای راپەڕین کۆڕەوە بوو،ئێمە رۆیشتین بۆ ئێران وکە لەئێران گەڕاینەوە هاتینەوە بۆ کەورگۆسک .دوای ساڵی 1994 گەڕاینەوە بۆ گەرمیان وهاتینەوە بۆکفری .

**چۆن هاوسەرگیریتان کرد لەگەڵ کوڕە پورەکەت (میمزاکەت )**

من کەکەسوکارەکەم هەموویان ئەنفال کران و کەسم نەما،ئیتر لەماڵی پورم ژیاوم ،واتە هەرخۆیان گەورەیان کردم و دواتر منیان بۆ کوڕەکەی خۆیان داواکرد،منیش شوم بەکوڕە پورەکەم کرد .بۆزانیاریتان من بەر لەوەی شوو بە کورە پورەکەم بکەم لەدوای گەڕانەوەمان لەکەورگۆسک لەساڵی 1994رۆیشتم بۆلای مامەم ،ئینجا ئەوان داوای منیان کرد و گوتیان پێمان خۆشە لەگەڵ کوڕەکەمان هاوسەرگیری بکەن .

**واتە شوکردنەکەی تۆ ئارەزوو مەندانە بووە،لەژێر هیچ فشارێکدا نەبووە.**

نەخێر بەئارەزووی خۆم شوم پێکردووە، وەک باسمکرد پێش ئەوەی شوو بکەم لەلای مامەم بووم ئینجا شووم بەمیمزاکەم کردووە .

**تۆ کە شوت بەمیمزاکەت کرد پێتوابوو ئەوە کوڕێکی باشە و هاوسەرگیریەکەت قبوڵ کردیا پێتوابوو چونکە تۆ لەماڵی ئەوان گەورەبوویت قەرزاری ئەوانیت و شوت پێکردووە .؟**

نەخێر چونکە ئەوان داوای منیان کردبوو،بەقەناعەتی ئەوان دەبێت من شو بەکوڕەکەیان بکەم چونکە کەسم نەماوە و نەوەک کەسێکی تر غەدرم لێبکات و بمچەوسێننەوە .بۆیە منیش رازی بووم و هاوسەرگیرییەکەم قبوڵکرد.زیاتر میمکم زۆر حەزی دەکرد چونکە دەیگوت برازای خۆمە و لەلای خۆم بێت باشترە .

**هاوسەرەکەت ناوی چییەو چ کارەیە.؟**

ناوی خالیدە و لەمەڵبەندی یەکێتی پێشمەرگەیە.

مناڵتان هەیە .؟

**بەڵێ کچێکمان هەیە ناوی (هێڤین)ە تەمەنی 13 ساڵە. قەت خەون بەکەســوکـارەکەتەوە دەبـینـیـت .زیـاتـر بەکامەیانەوە ؟**

بەڵێ زۆر خەویان پێوەدەبینم بەتایبەتی دایکم . شــەوێک دایکم هاتە خەونم و پێمگووت دایە پارەم هەیە قوربانیت بۆدەکەم . بەڵام ئەو تەنها سەیری کردم و وەڵامی نەدامەوە .

**ئەی لەخوشـــک و براکانت کامەی زۆر هاورێت بوویان لێتەوە نزیک بوو.؟**

لەگەڵ گشـتیان هاورێ بووین،بەڵام زیاتر لەگەڵ دووان لەم منـاڵانە،یەکێکیـان لەخۆم گەورەتر بوو،ئەوەی تریشــــیـان بچوکی گشتمان بوو ناوی ئاوات بوو .

**دوای نزیکەی 29 ســـاڵ بەســـەر تاوانی ئەنفال پێتوایە هیوایەک ماوە بۆ هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوان .؟**

هێنانەوەی گۆڕی ئەنفالکراوان وکەسـوکارەکانمان کارێکی زۆر پێویســــتە.خەمێکی گەورەمان لەکۆڵدەکاتەوە .کوا تۆ لەچـاوەڕوانی گۆڕی ئـازیزانــت بیــت و کوا گۆڕەکە لەبەرچاوی خۆت و لەنیشـــتیمانی خۆت بێت .بێگومان دەبێت حکومەت بیر لەوە بکـاتەوە نەهێنـانەوەی روفـاتی ئەنفالکراوان و فەرامۆشـکردنی زۆر ئەسـتەم و ناخۆشــە .بەهیوام رۆژێـک دابێت یەک تـاقە گۆڕیش لەم بیابـانـانە نەمێنێتەوە .

**کەواتە چ داواکارییەکتان هەیە؟**

من وەک کەسوکاری ئەنفال تەنها دوو داواکاریم هەیە،یەکەم روفـاتی کەســــوکـارەکـانمـان بۆ بهێننەوەو دووەمیش ئەو جاش و موستەشارانەی دەستیان هەبوو لەئەنفالکردنی ئەم هەموو خەڵکەکە،رادەســــتی دادگا بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێتو سزای خۆیان وەربگرن .

**قەت بیـرت لەوە کردۆتەوە لەموچەی کەســــوکـــارەکەت ببەخشیتە پڕۆژەیەک یان کارێکی تایبەت بەئەنفال .؟**

بەڵێ قەت درێغیم لێنەکردووە . هەرچیم لەدەســــت هاتبێت کردوومە.بەردەوامیش دەبم .

**بەڕای تۆ پێویســـتە چی تر بۆ ئەنفال و کەســـوکارەکەی بکرێت .؟**

بێگومان شت کراوە بۆ کەسوکاری ئەنفال ،ناتوانین بڵێین هەر هیچی بۆنەکراوە .بەڵام کێ و چۆن شـــوێنی ئەو 9کەســـەم بۆ پڕ دەکاتەوە ،وەک ئەوە نییە کەسـێکی خۆت دەرگات لێبکاتەوە و بەچاوی خۆت تێر بیبینیت. لەهەمووی ناخۆشـتر ئەوەیە کەکەس تاقانەی ئەنفال ناناسـێت .کەس لەخەمـمـــان کەم نـــاکەنەوە .کەس لەخەمـی ئەنـفـالـدا نـیـیە،وادەزانـن ئـێـمە تەنـهـا بـیـر لەپـــارە و خـانـوو دەکەینەوە،ئێمە ئازیزترین کەســـمان لەدەســـتداوە .تاقانە مـاوینەتەوە .قەت ئەوەم لەدڵ دەرنـاچێـت ســــاڵی پـار دەرۆیشـتم بۆ سـلێمانی ولەسـەیتەرە داوای ناسـنامەیان لێکردم و منیش ناسـنامەی ئەنفالەکەم پێدان ،ئاسـایشـەکە گووتی جینۆسـاید یانی چی ،لەداخا خەریک بوو شێت بم ،گووتم ئەوە ئەنفال و جینۆســـاید ناناســـێت کەتۆی لێرە داناوە . ئەمە کارەساتە کەس ئاگای لەئەنفال نییە.

زۆر سـوپاس بۆ ئێوە و هیوای تەندروسـتی باشـترت بۆ دەخوازین.

زۆر سوپاس بۆ ئێوەش بەخێر هاتن بان چاو .

**ناوی کەسوکاری پەروینی تاقانە بەمشێوەیەیە:**

| | |
|---|---|
| **سابیر شوکر محەمەد** | ١٩٥٥ |
| **سەیران تۆفیق محەمەد** | ١٩٥٤ |
| **پەخشان سابیر شوکر** | ١٩٧٣ |
| **بەیان سابیر شوکر** | ١٩٧٥ |
| **نەسرین سابیر شوکر** | ١٩٧٩ |
| **ئەمەل سابیر شوکر** | ١٩٨١ |
| **ئارام سابیر شوکر** | ١٩٨٢ |
| **ڕێبوار سابیر شوکر** | ١٩٨٣ |
| **ئاوات سابیر شوکر** | ١٩٨٨ |

**تێبینی : بەداخەوە دوای چەنـدین ســــاڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشــی شـێرپەنجەی هەناوی، رۆژی ٢٠٢٢/٣/٧کۆچی دوایی کرد.لە دوای خۆیــدا کچێکی بەنــاوی( هێڤین خالید)کە تەمەنی حەڤدە ساڵە، بەجێماوە .**

ستابە خورشید تاقانەی ئەنفال:

# تا ئێستاش چاوەڕوانی کەسوکارم دەکەم لەدەرگا بدەن و بگەڕێنەوە ئاوایی.

**ستابە خورشید محەمەد لفتی ئاغا**
شوێنی پێش ئەنفال:ناوچەی داودە . قەزای خورماتوو. .ناحیەی نەوجوول..گوندی لفتی ئاغا.
شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:گوندی لفتی ئاغا،ناحیەی زینانە.قەزای کفری .
دیمانە: سمکۆ سابیر
رۆژ: 5/8/2016
کات: 30-12خولەکی نیوەڕۆ

**شوێنی دیمانە :ماڵی دیمانەکراو لەگوندی لفتی ئاغا**

بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی چەند خانەوادەیەکی کەسوکار ئەنفالکراو لەگوندی لفتی ئاغا، لەگەڵ کاک عەلی زینانە ناسراو بەعەلی قەڵەو کە کەسوکاری ئەنفالەکەگەیشتین سەردانی لفتی ئاغامان کرد و لەماڵی کاک عەلی برای هونەرمەندی ئەنفالکراو لفتەمان کرد و نیوەڕۆش لەسەر خوانی ئەوان میوان بووین،پێش نیوەڕۆ لەکاتە قسەکردن وباس و خواسەکان،باسی خزمێکی خۆیان بۆ کردم کە تاقانەی ئەنفالە و تەنها خۆی لەژیاندا ماوە و هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالکراوە.بەپێویستم زانی ئەم هەلە لەدەست نەدەم و بچمە خزمەتی بۆ ئەنجامدانی دیدارێک بۆ ئەنفالستان. گرنگییەی بۆمن لەوەدابوو کەناوی ئەم تاقانەیە لەلیستی تاقانەکانی ئەنفال تۆمار نەکرابوو.کە چەند ساڵێک بەر لەئێستا سەباح نەجمەدینی تاقانەی ئەنفال تۆماری کردبوون .لەماڵی کاک عەلی کە هاوکات ئامۆزای ناوبراوە.مێر مناڵێکیان لەگەڵ ناردم بۆماڵە و هەم لەبەر پەلاماری سەگەکانی گەڕەکەکە، دوای گەیشتن و خۆناساندنم چەند خزمێکی تاقانەکە کۆبونەوە و ئێمەش بەمشێوەیە دەستمان بەدیدارەکە کرد.

ناوی چواری:ستابە خورشید محەمەد لفتی ئاغا

**لەکوێ لەدایک بوویت؟**

لەگوندی لفتی ئاغا لەدایکبووم .



**ژیانی خۆت لەمناڵییەوە تاوەکو ئێستا لەکوێ بەسەر بردووە.؟**

من هەموو ژیانم تەنها لەگوندی لفتی ئاغا بەسەر بردووە. زۆر حەزم لەئاوایی خۆمان کردووە.مەگەر هەندێک جار سەردانی خورماتوومان کردبێت بۆ دیدەنی خزم و کەسوکارمان،ئەگینا تاکات ئەنفالەکە من ئەم ئاواییەم جێنەهێشتووە.

چەند کەستان ئەنفالکراوە.ئەگەر ئەرک نەبێت ناوەکانیان؟

نۆ کەسم ئەنفالکراوە(محەمەد. رەئوف.لەمیعە.بەیان و ژیان و هێرۆ. فاتمە. حەسیبە .برایم

**بەرلەئەنفال بەچی سەرقاڵ بوون ؟**

ئاوایی ناوچەکە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون، بەهۆی ئەوەی گوندەکە لەسەر روباری ئاوە سپی یە.ئەتوانم بڵێم زۆربەی جۆری سەوزە ی تێدابووە.

**خوێنەواریتان هەیە؟**

نەخێر هیچ خوێنەوارییەکم نییە.

**بەرلەئەنفال چیت لەبیرماوە لەئاوایی وناوچەکە؟**

ناخۆشترین شت لەساڵی 1986 بوو کاتێک رژێمی بەعس کوێرانە پەلاماری لفتی ئاغایانداو بەخەستی بۆردومانیان کردین و لەو بۆردومانەدا دایکم شەهید بوو.ناوچەکەشیان وێران کردین .

**هۆکاری بۆردومانەکە چیبوو ئەگەر لەبیرت مابێت.؟**

پێشمەرگە لەگوندی قوڕی چایی بەعسییەکی بەرەچەڵەک عەرەبیان کوشتبوو کەخەڵکی کەرکووک بوو،کاتێ پێشمەرگەکان بەرەو ئەمناوە نزیکدەبنەوە .ئەوانیش هەستی پێدەکەن و بەرەو ئێرە دێن.ئەم عەرەبە دوو برازای

فرۆکەوان بوون وگوتبویــان ئێمەش لەجێگەی مــامەمــان دەچیــن کــورد دەکــوژیــن. دوای یەک دوو رۆژێــک لە20/4/1986پەلاماری ئاواییان داو شـــەش بۆحەوت کەسیان شەهید کردو ژمارەیەکیشیان برینداربوون.

**لەکاتی پەلاماری ئەنفال چۆن هەستتان کرد رژێمی بەعس لێتانەوە نزیکبۆتەوە .؟**

چونکە ناوچەکە شلەژاو هاتوچۆکردن زۆر ئالۆز و سەخت بوو بۆ شـــار.هەســـتمانکرد حکومەت نیازێکی خراپی هەیە.بەڵام نەماندەزانی بەمشێوەیەمان لەگەڵ دەکات .

**ئێوە چەند خێزان بەیەکەوە ئاواییتان جێهێشـــت و بەرەو کوێ رۆیشتن ؟**

ئێمە ســـێ خێزان بوین لە خەڵکی ئاوایی بەیەکەوە لفتی ئاغامان جێهێشــت. ماڵی ئێمەو لفتی ئامۆزام و عەلی برایم ئەویش خزممانە.بەرێکەوتین وهەندێک لەپێشمەرگەکانیش کەئێمەیان بینی پێیانگوتین ئاگاداری کەسـوکارمان بکەن ئێمە تەسلیم بەحکومەت دەبینەوە .لەراستیدا ئەم ناوچەیەی ئێمەش پێشـــمەرگەی تێدا نەمابووپاشـــەکشـــەیـان بەهێزەکانیان کردبوو.

**ئەگەر لەبیرت مابێت چەند رۆژ بەر لەشـــاڵاوی گرتنەکە بوو؟**

لەشەوی 10-9 ی مانگی چوار سوپای رژێم گەیشتە لفی ئاغا.ئێمە ئەو چەند خێزانە دەمەو بەیان بەپێ کەوتێنە رێ بەر لەگەیشتنی سـوپاو جاش بۆناو ئاوایی .بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو.مناڵی وردمان پێبوو.کەگەیشـــتینە کەل هەنجیرە لەوێ براکانم گوتیان با ســـتابە و خەیری و ســـەرحەد برۆن پێیــان بڵێن ئێمە تەســـلیم بەرژێم دەبینەوە.گوتیان ئێوە برۆن ئێمە لێرە چاوەرێتان دەکەین .کاتێک ئێمەبەرەو خورماتوو رۆیشـــتین .لەرێگە جەیش شــەعبی ئێمەیان بینی و دەســتگیریان کردین.دواتر پێیان گوتین ئێوە کێنو بۆ پیــاوتــان لەگەڵــدانییە. ئێمەش پێمانگووتن ئێمە پیاومان لەگەڵدایە بەڵام دوورن .ئەوانیش دێن و خۆیان تەســـلێم دەکەنەوە.ئەو کاتە لەدڵی خۆمدا گوتم بەشــکم نەیەن.دواتر ســەرحانیان نارد گوتیان برۆ بیانهێنە بۆ ئەوەی تەسـلیم بینەوە.ئەوان سـەرحانیان نارد بۆ لای ئەو ژمارە کەسـە کەوەک باسـمکرد لەسـێ خێزان پێکهاتبووین.

**سەرحان چی ئێوە بوو.؟**

سەرحان کوڕی لفتەی ئامۆزامە.

**سەرحان کوڕە گەورەکەی بوو؟**

نەخێر کوڕە بچوکەکەی بوو،عەدنـان کوڕە گەورەکەی لفتە بوو.ئێمە لەلایەن جەیش شـــەعبی دەســـتبەســـەر بووین .مـاوەیەکی پێچوو هەرســـێ خێزانەکە بەیەکەوە هـاتنە خـــوارەوە ،کەگەیشـــــتـــنە لای ئـــێـمە،ئەوانـــیـــش دەسـتگیرکران.لەوکاتە ژنێک لەحەوشـەی ماڵەکەی خۆیان بەتوڕەییەوە هاواری کردە سەرمان و گووتی :ماڵتان برمێ بێقەزابن بۆهاتن و خۆتان تەسلیم کردەوە،منیش پێمگووت ئەی نـازانم بچین بۆکوێ و چیبکەین .ئیتر رێگە نەمـا هەمووی لەلایەن حکومەتەوە دەســتی بەســەرداگیرا.دواتر چووینە نــاو مــاڵەکــان و ســـەرحــان و خەیریــان دەســـتگیرکردەوە و ماوەیەک ئێمە لەدووری ئەوان دواتر ئۆتۆمبێلێکی عەســـکەری هات وبردیانیان بۆ ناو مەرکەز شـــەبابەکەی خورماتوو.ئیتر هەموو رۆژێک دیعایەی ئەوە دەکرا کە ئەمڕۆ بەیانی بەردەبن و ئـازاد دەکرێن.کاتێک رۆیشتم و لە دورەوە سەیرمکرد وەک دیل دەهاتنە بەرچاو و سەرو قژ دەرننەوە لەداخا.

**تۆ دوای چەند رۆژ لێیان نزیک بویتەوە.؟**

ئەوکاتەی دەگواســـترانەوە بۆ تۆبزاوای کەرکوک. یەک هەفتە بەســـەرگرتنەکە تـێپەڕی کردبـوو.مـن لەدورەوە ســـەیریانم دەکرد کەچۆن باریان دەکردن و دەیانبردن بۆ کەرکوک.ئیتر ئەو بردنە بردیـانیـان کەس نـازانێ چییان بەســـەر هات و بۆکوێ بران .ئیتر نازانم زیندەبەچاڵیان کردن.گوللەباران کراون. کەس نازانێت .

**تۆ هەوڵت نەدا بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەوان .؟**

چۆن هەوڵمنەدا،زۆریش هەوڵمـدا بۆ ئەوەی بگەمە لای ئەوان و چارەنووســـی منیش لەگەڵ ئەوان،بەڵام خزمەکانم رێگەیان نەدا،خۆزگە منیش برۆیشتبمایە و لەگەڵ ئەوان بم .من دڵنیـابووم برۆیشـــتبام بۆنـاو مەرکەز شـــەبابەکە دەمتوانی رزگــاریــان بکەم .بەڵام خزمەکــانم رێگەیــان نەدا.هەتا گواسترانەوە بۆکەرکوک من زۆر شتم بۆدەناردن .کەلوپەل و خۆراکم بۆ دەناردن .

**شتەکانت بەکێ دەنارد بۆکەسوکارەکەت ؟**

ئامۆژنێکم شـــتی بۆدەبردن .هەروەها کەســـێک بەناوی عەزەی حاجی خواردن و کەلوپەلی بۆدەناردن .

**ئەم هەفتەی کەکەسوکارەکەت بەند کرابوون تۆ چەند جار هەوڵتدا دەستت بەکەسوکارەکەت بگات ؟**

رۆژ نا رۆژێک دەرۆیشــتم بۆ نزیک مەرکەز شــەبابەکەی خورماتوو.لەدوورەوە ســــەیرمدەکردن. لێمەوە دیاربوون .ئەوەی دەمیناسی و هاواری دەکرد دەیگووت برۆ بۆدواوە و لەمناوە مەمێنە.

**کەســـێکت لەوانە نـاســـی کە لەپەنجەرەکـانەوە لێتەوە دیاربوون .؟**

بەڵێ .براژنەکەم و ئامۆزا ژنەکەم .کەســوکارەکەی خۆم و خەیری و منـاڵەکـانی .زۆربەیـانم بینی و هەرکە دەمبینین دەیانگووت ئامان برۆ بۆ دواوە و لەمناوە مەوەستە.

دوای ئەوەی بران بۆ تۆبزاوە. هیچ ســۆراغێکتان نەکردو هیچ هەواڵێکتان دەستنەکەوت.

بەڵێ بەڵام دوای شــەشــە مانگ دەســتمان کەوت ئەویش لەرێگەی ئـافرەتێکەوە نـاوی حەیات بوو بەداخەوە کۆچی دوایی کردووە.لێمان پرســـی ئەرێ نازانی مناڵەکانی لفتەو عەلی برایم و ئەوانی لفتی ئاغا چییان بەسەر هات؟.ئەویش گووتی :ئێمە کە لەتۆبزاوە بووین هەموو رۆژێــک بە چەندین پاســـی گەورە دەگواســـترانەوە .مناڵەکانی لفتەو ئەو خزمانەی ئێوەم بینیوە کەبەپەلە دەیانویســت سـواری پاســـەکە بن . دەیانگووت بەرمان دەدەن بازروتر لێرە برۆینە دەرەوە و نەجاتمان بێت.بەڵام رۆژێک دوای ئەوان 6/9 بوو رۆژێک سەیارەیەکی رەش هات و بەبڵندگۆیەک هەموومانیان کۆکردەوە و پێیانگوووتین ســــەیدولرەئیس مەبەســـتیان ســــەدام حوســـێن بوولێبوردنی گشـــتی دەرکردووەو ئێوە ئـازاد دەکرێن.ئیتر بۆرۆژی دواتر وەجبە وەجبە هەموویانیان هێنابووە چەمچەماڵ کەنزیکەی سێ سەد بۆ چوارسەد ژن و پیاوی پیر دەبووین .

ئازادیان کردین.ژنەکە باســـی ئەوەشـــی کردگووتی هەتا لەتۆبزاوابوون هیچ منــاڵێکیــان لێنەمردبوو.نزیکەی 22 مناڵیان لەگەڵ بووە.

**دوای ئەوەی کەبۆت روون بووەوە کەکەســـوکـارەکەت لەخورمـاتو نەمـان.هیچ هەوڵێکـت دا بۆ دەســـتکەوتنی زانیاری لەسەریان؟**

ئەگەرام. ئەگریـام. مـاڵ مـاڵ ســـۆراخم دەکردن.ئەمووت بەشکم بزانن لەکوێن.ئێ ئەوان چییان بەسەرهات و چییان لێـدەکەن وبۆ کوێ بران .؟َ هیچ کەســـێـک وەڵامی نەدەدامەوە .

**دوای لێبوردنەکەی رژێم لە6/9 بۆسۆراغکردن نەرۆیشتیت بۆ لای هیچ ئازادکراوێکی ئەنفال .؟**

بەڵێ بۆ لای زۆر کەس رۆیشــتم و زۆر پرسـیاریشـم لەو خەڵکانە کرد.رۆژێکیان بۆ ســـۆراغ ســـەردانی ماڵێکم کردبوو زۆر وەســـفی ژن و پیـاوەکـانی خۆم کردو پێمگووتن:پیـاوەکـان شـــێوەو بـاڵایـان وابووە و ژن و مناڵەکانیش بەمشـــێوەیە بوون و خەڵکی فڵانە شـــوێن بوون.ژنێک ســەری هێنایە ژورەوە و گووتی بامن ئەوانەم بینیوە.دواتر ژنەکە باســی خۆی کرد کە خۆشـی لەئەنفال گەراوەتەوە.دواتر ژنەکە پێیگووتم ناوی براژنەکەت چییە؟ منیش پێمگووت ئەگەر تۆ ئەوانــت دیوە دەبێـت خۆت باســـیان بکەیت و ناوەکانیان بێژیت.گوتم باشـــە باڵای چۆن بوو.گووتی باڵای بەقەد باڵای خۆت بوو.ناویشـــی لەمیعەبوو.گوتم ئێ چیترت لایە بۆمـانی بـاس بکە.دواتر پرســـیاری مناڵەکانیم لێیان کرد.گوتی ئەو مناڵانەی لەگەڵ ژنەکەبوون کچە گەورەکەی ناوی بەیان بوو.بچوکەکە ناوی ژیـانە بوو.ئەوەکەی تریش نـاوی فـاتمەبوو.ئیتر نـاوی مناڵەکانی هەموو لەبەر بوو.کە لەشـــەش کچ و کورێک پێکهاتبوون,گووتی کورەکەشـــتان تـاقانەبوو.گوتم زۆر راســـتە.برایم ئەهــات بۆلای منــاڵەکــانی ئێمە یــاری دەکرد.لەمیعەش دەیگووت چـاوتـان پێوەبێـت هەتـا دێم ئەیبەمەوە .تەنانەت لەبیری مابوو کەلەمیعە کراسێکی مۆری لەبەردابوو.سەرپۆشێکی رەشی لەسەردابوو.

**ئەی نەتوانی ناوی ئەم ژنە چییە و لەکوێ دادەنیشێت.**

هەرچی هەوڵمدا ناوی خۆی پێنەگوتم.چونکە دوای ئەنفال بوو.مـاوەیەک دوای لێبوردنەکە بوو.خەڵــک نەیــدەوێرا قســەبکات و شـتەکان وەک خۆی بگێرێتەوە.بەرێکەوتیش ژنەکەمـان بینی .چونکە مـاڵ بەمـاڵ دەگەراو برێ منـاڵی کزو لاوازی لەگەڵابوو.خەڵک لەراهی خوا شــتیان پێدەداو خێریــان پێــدەکرد.ژنەکەش زۆر کزو لاواو بوو وەک مناڵەکانی بەزەحمەت دەیتوانی قســـەبکات .زۆر هەوڵم

لەگەڵیدا و پێمگووت چۆن دەرچوویتە،ئەویش گووتی ئیتر خوا، لێیدا رۆیشت.

**دوای ئەنفال هەتاکەی لە خورماتوو بوویت.؟**

من هەر لە خورمـاتووبووم دوای ئەنفـال و روخـانی سـەدامیش هەر لەوێ بووم .ئەوە دوو سـاڵە هاتومەتەوە ئاوایی .

**لەگەڵ کێ و چۆن دەژیایت ؟**

من لەخورمـاتوو لەگەڵ (میمزا) پورزایەکم دەژیـام نـاوی کەمال حوسـێن بوو.کە تادوو سـاڵ لەمەوبەر گەڕامەوە ئاوایی ،ئێسـتاش ئامۆزاکانم لە دەورو بەرمن و لێیانەوە نزیکم.

**ئەو تەنیاییەی ئێوە تێیدان و بەتەنیا لەماڵێکی گەورەدا دەژین،بێتاقەت و بێزار نابن ؟**

(بەئاهێکی قوڵەوە) چۆن بێتاقەت بێزار نابم.رۆژانە لەسەر بەرماڵەکە لەکاتی نوێژ گریان وحاڵ دەمگرێت و بەدەورەی خۆمدا دەخولێمەوە و هیچ ئاگایێکم لەخۆم نامێنێت.ئەوەندە لە خۆم ئەدەم و ئەقیژێنم لەگیـانی خۆم بێزار دەبم.هـاوار ئەکەم بۆخوا تاقە منداڵێکی بۆ جێنەهێشـتم .خوشـک و براکانم چییانکردبوو واکردیانیانە ژێرخۆڵەوە.

**بۆچی ناوت لەلیستی تاقانەکانی ئەنفالدانییە.؟**

لەبەر ئەوەی کەس تائێسـتا نەهاتووە بۆلام و پرسـیارم لێبکات .ئەوە بۆماوەی دوو سـاڵ زیاترە کەس نەهاتووە بۆلام و بڵێت حاڵەکەت چۆنەو چۆن دەژیت.

**لەم ناوچەیەدا چی بۆکەسـوکاری ئەنفال کراوە،تۆ وەک تاقانەیەکی ئەنفال،شتێکتان بۆکراوە شایانی باس بێت .؟**

بەگشـتی هیچ شـتێکی ئەوتۆمان بۆنەکراوە شـایانی باس بـێـت،لەرووی رێـگـاوبـانەوە وەزعـمـان زۆربـاش نییە.کەموکوڕی زۆرهەیە،سـەردانی نەخۆشـخانەمان بۆ خورمـاتووە.گونـدەکە ئـاوی نییە،خۆم خـانووم بۆخۆم درووستکردووە.

**ئەی ئەو موچەیەی وەری دەگریت بەشتان دەکات؟**

بەڵێ تاڕادەیەک باشـە.چونکە دەسـتی خۆم دەگرم بۆ ئەوەی موحتاج نەبم .

**تۆ وەک کەسـوکـاری ئەنفـال پێتوایە دەبێـت چی بۆ کەسوکاری ئەنفال بکرێت .؟**

من چوار جار سـەردانی ماڵی خوام کردووە،ناتوانم بڕیار بـدەم .پیربووم ومردنم نزیکبۆتەوە .بەڵام من بەچـاوی خۆمەوە نەمـدیوە بۆیە نـاتوانم بڕیـاری ئەوە بـدەم کەسـزابـدرێن بەتـایبەتی ئەوانەی پێیـان دەوترێـت مەسـتەشـار.بەڵام گەر لەسـەریان سـاغبۆیەوە کەدەسـتییان هەبوو لە ئەنفالکردنی کەسـوکاری ئێمە،قەت لێیان خۆش نـابم و داوای حەقی خۆمیـان لێدەکەم و دەبێت سـزای خۆیان وەربگرن.

**ئەگەر بەلاتەوە ئاسـاییە پرسـیاری ئەوەت لێدەکەم کەدوای ئەنفالکردنی کەسـوکارەکەت و مانەوەت بەتەنیایی بۆچی هاوسەرگیریتان نەکردووە.؟**

قەت بیرم لێنەکردۆتەوە،ئەنفـال هەمووی لەنـاوبردن.منیش نەمتوانی بڕیـارە بـدەم .خێزانێکم بەهەموو کەسـەوە رۆیشت. کەسم نەما.تۆ پرسیار لەخەڵکی ئاوایی بکە بزانە براکـانم. کەسـوکـارەکەم چۆن بوون.تـازە من دونیـام بۆچییە.

**تۆ لەکاتی رۆخانی بەعس لە2003 لەخورماتوو بوویت ،چاوەڕێ بوویت کەسـوکارەکەت هەواڵ و سـۆراغێکیان هەبێت؟**

زۆر چاوەڕێم دەکرد هەواڵێکیانم پێبگات.ئێستاش چاوەڕێ دەکەم و پشتم بەخودای خۆم قایمە.خزم و کەسوکارەکەشم لـۆمەی ئەوەم دەکەن ،دەڵـێـن تـازە بەتەمـای بـراو برازایە.بەتەمای براژنە،بەتەمای گەڕانەوەی خوشکەکانیەتی .ئێسـتـاش هەرچاوەڕێم و تـامردن چـاوم لەڕێگەیـان دەبێت.هەموو کات لەبیرمدان . قەت لەبیریـان ناکەم .من بەیادی ئەوانەوە دەژیم .

**سـوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی بەئێمەت بەخشـی هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژیتان بۆ دەخوازم**

سوپاس بۆ ئێوەش زۆر بەخێربێن..

رۆستەم تاقانە:

## دوای شەش مانگ تێگەیشتم کە ئیتر هیچ کەسێکم لەژیاندا نەماوە و هەموویان ئەنفالکراون.

دیمانە:سمکۆ سابیر
شوێنی دیمانە :ماڵی دیمانەکراو لە قەزای کفری
شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لەئەنفال:گوندی باوەکر،ناحیەی قادر کەرەم
شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:گەڕەکی ئەنفالەکان قەزای کفری
رۆژ:22/2/2017
هاوکار: دلێر رەحیم

رۆستەم تاقانە جگە لەوەی تاقانەیەکی ئەنفالە ،کەسێکی زۆر جیاواز و تایبەتە بەوەی کە هەمیشە واتلێدەکات هەوڵ بدەیت بەزووترین کات لێینزیک بیتەوە ، چونکە مرۆڤێکی دەست و پەنجە نەرم و سادە و ساکار و دڵپاک هەمیشە میهرەبانییەکی تێدا بەدیدەکرێت،لەهەر کارێک پێویستت پێیبێت،کارئاسانی زۆرت بۆ دەکات . رۆستەم هەمیشە ورە و خۆراگریی لێدەبارێت و تابڵێیت بەسۆز و بە بەزەیی و خەمخۆرە بۆ هاوڕێ و نزیکەکانی .ئەو رۆژەی ئێمە گەیشتینە کفری بۆ ئەنجامدانی دیمانەکە،ئەو بەنیاز بوو بە تاکسییەکەی نەفەر ببات بۆ کەرکوک بەڵام لەبەر دیدارەکە سەفەرەکەی هەڵوەشاندەوە و ئامادەی ئەنجامدانی بوو ،دوای پشوویەکی کورت ،دیدارەکەمان بەم شێوەیە دەستپێکرد:

**سەرەتا خۆتان بناسێنن**

ناوی تەواوم رۆستەم عەبدولکەریم عەلی میرزا کەریم بارام ئەحمەدە

**کەی لەدایک بوویت ؟**

لەڕاستیدا دەستکاری ساڵی لەدایکبوونەکەم کراوە،دوو ناسنامەم هەیە یەکێکیان ساڵی 1978 نوسراوە و ئەوەی تر ساڵی 1975 نوسراوە .بەبڕوای خۆم من لەدایکبووی ساڵی 1976 و چونکە باوکم لەساڵی 1974 هاوسەرگیری کردوە و بەر لەمنیش برایەکم هەبووە و منیش دوای ئەو لەدایکبووم .بەڵام لەیەکێک لەناسنامەکانم کرد بە 1975 بۆ ئەوەی نەکەومە بەر عەسکەری و بەرگی عەسکەری لەبەر نەکەم .چونکە لەکەرکوک ئەوەی لەدایکبووی 1975 بوایە دوایان دەخست بۆ کاتێکی .نادیار منیش ئەم کارەم لەم پێناوەدا ئەنجامدا .



**لەچ گوندێک لەدایک بوویت .**

من لەگوندی باوەکر لەدایکبووم کەسەر بەناحیەی قادر کەرەم بوو.چونکە لەو بەری ئاوەسپی بووە .بەڵام ئەوبەری سەربەناحیەی تیلەکۆ بووە .لە ئێستادا کراوە بەناحیەی رزگاری .(سموودی جاران )بەڵام لەئێستادا کاروباری گوندی باوەکر سەر بەناحیەی خانە.

**ئەگەر زانیاریتان هەبێت،باوەکر بەر لە ئەنفال چەند ماڵ دەبوو .؟**

من منداڵ بووم کاتێک ئەنفالکراین پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم ،باسی 22بۆ 25ماڵ دەکرێت و جگە لەوەش نزیکەی 25 ماڵی تر لەگوندەکانی تر هاتوون بۆ باوەکر کەماڵە پێشمەرگە و فیراری عەسکەری بوون .

**ژیانی سەردەمی منداڵیت لەبیر ماوە لەگوندی باوەکر ؟**

زۆر بەکەمی شتم لەبیرە،هەندێک شتی کەم نەبێت ،لەبیرمە پێشمەرگە دەهاتن بۆ ماڵەکان و دابەشدەبوون، دواتر پێشمەرگەکان پێیاندەگوتین سابونێکمان بۆ بهێنە بۆ سەر چەمەکەی ئاوە سپی ، منیش پێمدەوتن چەکەکە دەدەنە دەستم کەگەورەبووم منیش دەبمە پێشمەرگە.زۆر حەزم بەخزمەتکردنی پێشمەرگە دەکرد،لەوانەیە ئەوە لەساڵی 1987 بێت .چونکە باوکم وەک هێزی پشتگیریی بەجەولە دەڕۆیشتن بۆ سەرکردایەتی ،بارەگای تیپ لەبانی مۆرد بوو.

**ناوی هاوڕێ و مامۆستاکانت لەبیر ماوە .**

بەڵێ مامۆستاکانم لەبیر ماوە ،سێ مامۆستام هەبوو کە لە باوەکر دەرسیان پێدەوتم .بەداخەوە مامۆستایەکم لە



کارەساتێکی ناخۆشدا بەنزینی پێدا تەقییەوە وگیانی لەدەستدا، مامۆستا ئاوارە شەهید بوو ،مامۆستایەکی ترم ناوی عەلی خورشید بوو بەداخەوە ئەنفال بوو، خۆشبەختانە ئێستا مامۆستایەکم لە ژیاندایە خانەنشین کراوە بەپلەی سەربازیی،چونکە مامۆستای شۆڕش بوو، ئەم مامۆستایەم لە کفری دادەنیشێت ناوی یاسین حەمە ئەمینە،وابزانم خەڵکی کونە کۆترە .بەڵام هەر لەکفری دانیشتووە .

**لەساڵی چەند قوتابخانەی تێدا کراوە .؟**

وابزانم لەساڵی 1985 دامەزراوە ،چونکە کاتێک دایکم لەساڵی1985 کۆچی دوایی کرد من لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، تا ئەنفال دەستی پێکرد ئیتر ئەمساڵمان تەواو نەکرد .هاوڕێیەکانی منداڵیشم پشتیوانی مەلا ئاوارە و هاوڕێیەکی ترم خۆشبەختانە ئێستا بازرگانێکی گەورەیە ناوی ئەحمەد جەبارە و ماڵی لەکەلارە .کوڕێک هەبوو ناوی عوسمان ساڵەح بوو زۆر هاوڕێی منداڵیم بوو،هەمویان ئەنفالکران ،زۆر لە یەکتری نزیک بووین ، تەنها باوک و برایەکی رزگاربوون .من بۆخۆم نەمدەزانی ئەنفال چییە و پێیاندەوتم باوکت لەکەلار دادەنیشێت .خۆشم لەکفری بووم نەمدەزانی باوکم ئەنفال کراوە .

**ئەگەر لەبیرت مابێت کەی لەئاوایی دەرچوون؟**

من لەئەنفال جێمابووم، دایکی خۆمم نەبوو،نازی دایکمم نەبینیوە, باوکم لە ڕێگەی کچێکی مامەوە ژن بەژنی بۆخۆی پێکرد،کچی مامەکەم لەماڵمان بوو،باوکیشم هێزی پشتگیریی بوو، مامەم هاتەوە وتی کوا باوکت وتم نازانم . لەگەڵ مامەم رۆیشتم بۆ ناحیەی قادر کەرەم بۆ ناو خەڵکەکە. سەربازەکان پێیاندەوتم بزانە باوکت لەوێیە .ئەو هەستەم نەبوو بۆ ترس ونەمدەزانی چی روودەدات .وامانبیست کەسوکارەکەم بەرەو دەروبەری ملە سوورە هاتوون دواتر لەوێوە بەرەو قادر کەرەم رۆیشتین بۆ لای خەڵکە ئەنفالکراوەکە .مامەکەم تەمەنی تەنها 20-18 ساڵ دەبوو هەرچۆنێک بوو ئەویان رزگار کرد.منیش بۆماوەی چوار رۆژ لەقادر کەرەم مامەوە. هەموو رۆژێک لەودیوی تەلبەندەکەوە بەدوای کەسوکارەکەم دەگەڕام .سەربازەکان وایانزانی من منداڵی قادر کەرەمم .بەڵام مامەم زانیبووی هەموو کەسوکارەکەم باوک و برایەکم و باوەژن و خوشکەکانم و مامەیەکم هەموویان لە ملەسوورە خۆیان رادەستی حکومەت کردووە .ئیتر لە قادرکەرەم گەڕاینەوە بۆکفری .بۆماوەی شەش مانگ لەکفری بووم ، لەماڵی مامەم دەژیام چەندین جار پرسیارم دەکرد دەموت باوکم لەکوێیە ،دەیانوت لەکەلارە .دواتر دوای شەش مانگ.رۆژێک باسیان دەکرد کە چۆن خەڵک گیراوە و ئەنفالکراوە .ئینجا رۆژێک وتیان ئامۆژنم لەنوگرە سەلمان هاتۆتەوە،ئینجا لەکەلار بەبڵندگۆ هاواریان دەکرد کێ َواریسی فلان کەسە بابێت وەریبگرێتەوە .ئیتر کەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە تێگەیشتم لەوەی من هیچ کەسێک لەکەسوکارەکەم نەماون،پێشتریش گومانم هەبوو کەکەسم نەماوە بەڵام ئەم قەناعەتەم سەد لەسەد نەبوو .هیوایەکم بۆخۆم هێشتبوویەوە کەبەڵکو کەسوکارەکەم لەژیاندابن .

رەنگە پاساوی کەسوکارەکەم ئەوەبێت کە بەهۆی دەسەڵاتی حزبی بەعسەوە کەس نەیوێراوە ئەم نهێنییە بۆمن ئاشکرا بکات .لەنزیکەوە ئەم حەقیقەتە بۆمن باسبکرێت،بەڵام بۆمن ئازارێکی زۆر سەخت بوو ئێستاش بیری لێدەکەمەوە لەرز ئەمگرێت .

**کاتێک خەڵک لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە قەت پرسیاری کەسوکارەت لەمامەت نەکردووە .**

بەڵێ چەندین جار پرسیارم لەمامەم کردبوو،کەبۆچی کەسوکاری من کەس رزگاری نەبووە،ئەی ئەوە نییەماڵی فلانە کەس چەند کەسێکیان رزگاریان بووە و بەرئەنفال نەکەوتوون، مامەشم پێیدەگوتم من لەشوێنێک چاوەڕێ ی باوکت و کەسوکار بووم بەڵام ئەوان بۆ شوێنێ:ی تر رۆیشتبوون،واتە مامەم لەقادر کەرەم بەدوای باوکمدا گەڕابوو بەڵام باوکم بەرەو ملە سووره رۆیشتبوو .بۆیە بەمشێوەیەی لێکەوتەوە .ئەوەندە پرسیارم کرد لە بەرپرسە حزبییەکان لەسەردەمی سەددام کەخەریک بوو دووچاری مەترسی و کێشەی گەورە ببمەوە ،هەتا ساڵی 2003 من چاوەڕێی باوکم و کەسوکارەکەم بووم پێموابوو دەگەڕێنەوە .ئیتر لە2003 بەدواوە هیچ هیوایەکمان نەما.هەندێک کەس دەیانوت نەماون ،جارێک لەئەفسەرێکی عێراقیم پرسی ،وتم ساڵی 1988 تۆ پلەت چی بوو ،ئەم ئەفسەرە ئەمن بوو زۆر هاوکاری دەکردم .لەبازگەی کەلار کارم دەکرد ،من بەرتیلم بۆ دەبرد و ئەویش هاوکاری دەکردم .پێموت تۆ شاڵاوەکانی ئەنفالت بیستووە :یەکسەر بەتوڕەییەوە وتی رێزی خۆت بگرە و ئیتر ئەم باسە جارێکی تر دووبارە نەکەیتەوە .من بۆخۆم لەساڵی 1991 گەیشتمە ئەو بڕوایەی کەسیان لەژیاندا نەماون و بەزیندوویی ناگەڕێنەوە بەڵام زۆر جار دڵی خۆمان خۆشدەکرد بەڵکو رۆژێک دابێت بگەڕێنەوە .بۆیە رۆیشتم بۆ بەغداو ئیتر تاپێش ڕاپەڕین نەگەڕامەوە کوردستان . لەبەغداش وا خۆم ناساندبوو کەباوکم لەشەڕی عێراق – ئێران شەهید بووە و تەنها خۆم لە خانەوادەکەم ماوم .چەندین جار پێیاندەوتم بۆچی قەت ناگەڕێیتەوە بۆماڵەوە .بەردەوام رووبەڕووی ئەم پرسیارە ناخۆشە دەبوومەوە .تەمەنم چواردە ساڵ بووە لەبەغدا بووم .سەخت ترین ژیانم هەڵبژاردووە .زۆربەی کارەکانم بەنیوە قیمەت بووە .تەنها لەبەر ئەوەی بژیم .ئەنفال تووشی شۆکی کردین،ژیانی لێشێواندین .بەبەراورد تەمەن چواردە ساڵی لەگەڵ ئێستا زۆر جیاوازی هەیە ئەمە هەر بەقسە خۆشە .بۆمن بۆچی کارەسات بوو،چونکە کاتێک لەسەر سفرەی خواردن دادەنیشتم بەتەنیاو بێکەس .هەستت بەو پەڕی بەدبەختی دەکرد،هەستت دەکرد لاواز و بێدەسەڵاتی لەئاست ئەوەی بەسەرت هاتووە .ئینجا لەڕووی دەروونی و باری دارایی لەخراپترین دۆخدا بووین .ماڵی مامەم بۆمن باش بوون،بەڵام ناخی من وێران بوو.دەیان مامە و پورم هەبوایە،کەس جێگەی باوک و کەسوکارت ناگرێتەوە .بۆیە هەمیشە حەزم بەدوور کەوتنەوە دەکرد و پێمخۆش بوو لەگەڵ کەسانێک بژیم هەر هیچ نەبێت جیاوازبن .

**ساڵی چەند هاوسەرگیرت کردووە .**

ساڵی 2000 هاوسەرگیریم کردووە . سێ کچ و کورێکم هەیە ،ناوەکانیان : شاڵاو 2001 .مەروە .2002ئەسمەر 2007.مەئوا 2011.هاوسەرکەشم ناوی کەژاڵە و ئامۆزامە ،مامەم خۆی بەخێوی کردم و دواتر کچەکەشی پێبەخشیم .ناوی شاڵاو، مەبەستم شاڵاوەکانی ئەنفالە.

**هیچ فشارێک نەبوو لەلایەن مامەتەوە بۆ خواستنی کچەکەی .هەرچەندە ئامۆزاشت بووە .**

نەخێر پێتریش هەر ئەو مامەیەک کچی بۆباوکم داوە بەژن .بۆیە لەژێر هیچ فشارێک دا نەبووم .تەمەنی یاسایی خۆم پڕنبووەوە .ئازادانەش ئەم بڕیارەمداوە .

**چەند کەست ئەنفال کراوە**

پێنج کەسم ئەنفالکراوە. باوکم و باوەژنم. باوکم، عەبدولکەریم عەلی رۆستەم 1949.باوەژنەکەم ناوی گورجی رۆستەم محەمەد. برایەکەم : سەلیم عەبدولکەریم عەلی 1977.خوشکەکەشم :رەعدە عەبدولکەریم عەلی 1979. مستەفا عەبدولکەریم عەلی 1982

**چ کاتێک شانازی بەکەسوکارەکەی خۆت دەکەیت کەخاوەن قوربانیت و ئەنفالت هەیە .**

من زۆر جار شانازی بەقوربانیان دەکەم . چونکە یەکەم شت ئەوەیە ئەوان لەسەر کوردبوون بوونەتە وقوربانی و دووەم شت ئەوەیە؛ ئەوان هیچ تاوانێکیان نەبوو،ئەگەر خیانەتکار و خۆفرۆش بوونایە بۆهەتا هەتایە دەبوون بەمایەی شەرمەزاری ،بەڵام بەپێچەوانەوە کەسوکارەکەم و بەهەزاران کەسی وەک کەسوکارەکەم زۆر بێتاوانانە ئەنفال کران و زیندە بەچاڵکران .بەڵام هەندێک جار جێگەی داخە وەک کەسوکاری ئەنفالکراوان جاران گوندەکان و ماڵەکانی ئێمە لانکە و ئۆتێلی شۆڕش و پێشمەرگە بوو،بەڵام بەرهەمی ئەو خەباتە بۆ ئێمە نەبوو،

بەڵکو زۆر کەس هەیە لەبەرهەمەکەی ئەم شۆڕشە دەخۆن کە دوژمنی شۆڕش و کوردایەتی بووە .ئەوان زۆر لەئێمە بەرەو پێشتر و باڵادەست تر و کوێخایی لێدەخورن .لە زۆر رووەوە لەئێمە زیاتر سوود مەند بوون . وەک تاقانەکانی ئەنفال لە لای حکومەت رەوا نەبوو موچەیەکمان پێبدات ،ئەوەی جێگەی داخە چەندین جار سەردانی پەرلەمان و حکومەتمان کردووە و یاداشتمان داوەتە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەوەی دوای مردنی خۆمان کە سەدو بیست تاقانەی ئەنفالین ،خێزانەکانمان سوود لە موچەکانی ئێمە وەربگرن . ئەگەر تاقانەیەک توشی رووداوێک بێت ئەوە هەموو مافێکی لەدەست دەدات و خێزانەکەشی ماڵوێران دەبێت .بۆنمونە تاقانەیەکی گوندی عەزیز قادر ،بەناوی غازی بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستدا ،ئەگەر هاوکاری ماڵی باوکی هاوسەرەکەی خوالێخۆشبوو نەبێت، ئەم خێزانە دوای مردنی ئەم تاقانەیە دووچاری ماڵوێرانی دەبن .

**وەک تاقانەکانی ئەنفال سەرەکیترین داواکاریتان چییە .**

ئێمە وەک تاقانەکانی ئەنفال داواکارییەکی زۆر سادەمان هەیە،بۆنموونە داوای سێ شتمان لەحکومەت کرد،یەکێک لەمانە؛ دوای مردنی تاقانەکان خێزانەکانیان سوود لەموچەکانیان وەربگرن. دووەم: داوامانکرد حکومەت ناسنامەیەکی تایبەت بۆ تاقانەکانی ئەنفال دەربکات .بۆ ئەوەی ئەگەر تاقانەیەک رووی کردە دامودەزگایەکی فەرمیی و نافەرمیی بزانن تۆ تاقانەیت و قوربانیت داوە. سێیەم:داوامانکرد تاقانەکانی جێنۆساید بەجینۆسایدی بارزانییەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و تاوانی ئەنفال کە ژمارەمان 152 کەسە، لە شارێکی هەرێمی کوردستان کۆبکرێینەوە ،حکومەت دەتوانێت 152 خانوومان بۆ درووست بکات ، لەهەمانکاتدا ببین بەسەرچاوە بۆ هەموو جیهان و نێوخۆی هەرێم و لەمڕووەوە حکومەت خۆی سوود مەند دەبێت .بۆئەوەی تاوانەکان باشتر بناسێنین و لەمپەرێک درووست بکەین بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوان و کۆمەڵکوژییەکان .بەداخەوە حکومەت ئەم سێ داوایەی پشتگوێی خست و جێبەجێینەکرد .

**ئەی سەبارەت بەبردنی تاقانەکان بۆ بەرەی جەنگ و بەشداریپێکردنیان لەشەڕەکان**

ئێمە کەبێ کەسو بێباوک ماینەوە حکومەتیش هەوڵی نەدا ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە .ئێمەی تاقانە بۆ و لەپێناوی چی تاقانەبوین،دەبوو تاقانەکان بکرێن بەسیمبۆل و رەمزی ئەم وڵاتە،ئەم هەرێمە کەچی بۆ بەرەکانی شەڕ دەمانبێرن و دووچاری مەترسی گەورەمان دەکەنەوە .ئەبێت وەزارەتێکی تایبەتمەند بەو کارە هەڵبسێت وەک وەزارەتی شەهیدان ئەنفالکراوان .بەداخەوە ئەم وەزارەت بەهیچ شێوەیەک لە ئاست بەرپرسیاریەتی خۆی نەبووە .یان حکومەت بەناوی ئەنفالەوە وەفدێک دەنێرێت بۆ دەرەوە بەهیچ شێوەیەک ئەو شارەزاییەی نییە لەسەر ئەنفال .گەرمیان لەهەموو شوێنێک ئەنفالی زیاتری هەیە،بۆچی ساڵانە هەوڵنادات چەند کەسێک بۆ ناسینی تاوانەکە بنێرێتە دەرەوە . هەرساڵی بۆ وڵاتێک هەتا هەموو وڵاتێک وەکو پێویست ئەنفال دەناسێت و شارەزایی و زانیاری لەسەر ئەنفال بەهەموو شوێنێکی دونیا بڵاو دەبێتەوە .زۆر کەموکوڕی لەو بارەوە هەیە.هەر بەرامبەر بەکەسوکاری ئەنفال نا بەڵکو بەرامبەر بەکەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگەی دێرینیش ،چونکە زۆرن ئەوانەی دژی کورد و شۆڕشەکەی تەقەیان کردووە ئێستا بەپێشمەرگەی دێرین تۆمارکراوە .بۆیە هەتا ئێستاش دڵی بەم حکومەتە خۆش نییە.

**قەت خەونت بەکەسوکارەکەت بینییوە ؟**

بەداخەوە کەسیان نەهاتونەتە خەونم . روخساری کەسیان لەخەیاڵمدا نەماوە ،تەنها وێنەی باوکم لەلام ماوە،وێنەی خوشک و براکانم نایەتەوە یاد کەشێوە و روخساریان چۆن بووە،ئێستا برایەکەم لەو دەرگاوە خۆی بکات بەماڵدا ئەگەر خۆی نەناسێنێت نازانم کەبراکەمە .

**سوپاس بۆ ئێوە ماندوومان کردیت .**

سوپاس بۆ ئێوەش سوپاس بۆ گۆڤاری ئەنفالستان و کاک عومەر محەمەد دەبوو ئەو کارانەی کە ئێوە دەبکەن حکومەت بیکردایە . ئەوەش نیشانەی خەمخۆریی و دڵسۆزی ئێوە.

دەستتان خۆش بێت .

# کنەو پشکنین



هاورێ ئەحمەد

ماوەیەکە خۆم بە کنەوپشکنینی دۆکۆمێنت و ئەرشیفی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە دۆزی کورد و قوربانیبوونی کوردوە سەرقاڵکردووە، شتی زۆر سەرنجراکێش و گرنگم بەرچاوکەوت و دامناوە لە داهاتوودا کاریان لەسەر بکەم، بەڵام ئەوەی تووشی شۆکی کردم ئەوەیە قوربانیبوونی کورد چۆن کاریگەری گەورەی لەسەر یاسای نێودەوڵەتی درووستکردووە و بەهۆی ئەو کارەساتانەی بەسەر کوردا هاتووە چۆن بەشێک لە ڕەوتی یاسای نێودەوڵەتی گۆڕاوە.

شعرێکی شێرکۆ بێکەس هەیە دەڵێت:

من دڵنیام گەر ئەمجارەش غەدرمان لێنەکرێت، نۆبڵی خوا لە خەڵاتی مەرگەسات و بێکەسیدا هەر ئەم کوردە وەریدەگرێت.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان دەوڵەتەکان و دەستێوەرنەدانی دەوڵەتەکان لە کاروباری یەکتر دامەزرا. بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری دەوڵەت و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکان نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵ بەردەوام بوو، کەس مافی ئەوەی نەبوو دەستێوردان ئەنجامبدات، هەتا ئەوکاتەی کورد کۆڕەویکرد. لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئەو بنەمایە گۆڕانکاری بەسەرهات و بنەمایەکی تر جێگیرکرا، بنەمای "دەستێوەردانی مرۆیی"، ئەم بنەمایە بۆ یەکەمجار کورد بووە هۆی سەرهەڵدانی، ئاخر بۆیە شیعرەکەی شێرکۆی مەزنم بیرکەوتەوە.

ئەنجوومەنی ئاسایش بریاری ٦٨٨ی دەرکرد، بۆ یەکەمجار بەندی حەوتی نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێک بەکارهێنا، بڕیارەکە ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکداردەکات کە بە هەر شێوەیەک بێت ئەو مەرگەساتەی بەسەر کوردا هاتووە ڕابگرن. عێراق دەڵێت ئەمە مژارێکی ناوخۆییە و پەیوەندی بەکاروباری ناوخۆی عێراقەوە هەیە. چین دەڵێت ئێمە بۆیە پشتگیری بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش دژی هێزەکانی عێراق لە کووەیت کرد، چونکە وڵاتی کووەیت دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانەو عێراق پێشێلی سەروەرییەکەی کردووە بەڵام پشتگیری ئەم بنەمایە ناکەین و شتێکی نوێیە لە مێژووی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان وەربدەین. فەرەنسا پێداگریدەکات و دەڵێ چۆن دەبێت مرۆڤایەتی شایەتحاڵی مردنی دەیان هەزار بێت و دەستەوەستان دابنیشێت، پێویستە دەرچەیەک هەبێت کە خەڵکی بپارێزێت لە دێوەزمەی دەوڵەتەکەی خۆی، دواتر دەیچەسپێنێ.


ئەو بنەمایە لەوکاتەوە بووەتە بنەمایەکی گەورە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکداردەکات کە لە کاتی تاوانە گەورەکاندا دەستێوەردان بکەن و ڕێگری لە تاوانە گەورەکان و پێشێلکارییە گەورەکانی مافەکانی مرۆڤ بکەن، دواتر لەسەر هەمان بنەما، دەستێوەردان لە یوگوسلاڤیا بۆ ڕاگرتنی تاوانەکانی جەنگ و ڕاگرتنی کووشتنی مووسڵمانە بۆسنیەکان، ئەفغانستان و عێراق و دواتر لیبیا، لەم دوایەش دژی داعش لە سوریا و عێراق کرا.

## بەسەرهاتی منداڵانی هەڵەبجە و ئەنفال، دەبنە بەشێک لە کتێبێکی وێنەیی لە فەرەنسا.

مەینەتییەکانی ژمارەیەک لە منداڵانی هەڵەبجە لە بۆردومانی شاری هەڵەبجە بەچەکیی کیمیایی و شاڵاوەکانی ئەنفال( ١٩٨٨) دەبنە بەشێک لە کتێبێکی وێنەیی بە ناوی (تەقینەوەکان : منداڵیی لە جەنگدا - Déflagrations :enfances en guerre). کتێبەکە سەربوردێکی جیهانیی وێنەییە بۆ تۆمارکردنی تاوان و تراژیدیا و نەهامەتییەکان لە چاوی منداڵانەوە بە درێژایی ١٠٠ ساڵی جەنگ لەسەر تاسەری جیهاندا.

لە هەنگاوێکدا بۆ ئاشنابوونی خەڵک بە ڕوانین و نیگاکانی منداڵان و ئەو تابلۆیانەی بەدەست و پەنجەی خۆیان کێشاویانە، لە ١٦-١٠-٢٠١٧ دا پێشانگەیەکی هونەریی لە شاری ستراسبۆرگی فەرەنسا بۆ وێنەکانی نێو کتێبەکە کرایەوە . بەشێکی ئەم کتێبە ، کە ڕێکخراوی ( ZERANE CONFLUENCE ARTISTIQUE) بەسەرۆکایەتیی ژان پییێر ئالیدیان دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا چاپ و بڵاویکردۆتەوە.
ماڵپەڕی کۆردۆلۆجی بڵاوی کردووەتەوە کە جێدەست و هەوڵ و ماندووبوونی د.عوسمان قادر ئەحمەد لێپرساوی بەشی هونەر لە مەڵبەندی کوردۆلۆجیی زانکۆی سلێمانیی لە خۆدەگرێت.

د.عوسمان ئەحمەد قادر دەرچوی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شێوەکاری ساڵی ١٩٨٥ بەدەستهێناوەو ماستەریی لەبواری هونەر و ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە هونەردا




لە Chelsea College of Arts لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەدەستهێناوە، ئەم هونەرمەندە بە بایەخەوە باس لە گرنگیی ئەم کتێبە دەکات کە تیایدا وەک خۆی دەڵێت " توانیم شایەتحاڵیی منداڵانی هەڵەبجە لە مەرگەساتی بۆمبارانی هەڵەبجە و ئەنفال (١٩٨٨) لەم کتێبەدا تۆمار بکەم".

د. عوسمان ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە کە سەرچاوەی پەیوەندییەکەیان بەو ڕێکخراوەوە و تۆمارکردنی شایەتحاڵیی منداڵانی هەڵەبجە و ئەنفال لەو کتێبە مێژووییە هونەرییەدا، بۆ تۆمارێکی ڤیدیۆیی دەگەڕێتەوە کە تایبەت بووە بە پێشانگای هونەریی منداڵانی ڕزگاربووی هەڵەبجە، کە ساڵی ١٩٨٩ لە کەمپێکی نزیک شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوەتەوە. دواتر بەسەرپەرشتیی د. عوسمان قادر ئەحمەد لە مۆزەی هاوچەرخی تارانیش نیشاندراوە.

کتێبی " تەقینەوەکان : منداڵی لە جەنگ" دا لە کتێبخانە جیهانییەکان بەردەستە و لەڕێی ئەمازۆنیشەوە بە ئینتەرنێت دەستدەکەوێت.

# کوشتاری ئەرمەن بەفەرمی دەناسرێت

تەلعەت پاشـای وەزیری ناوخۆی ئەوکاتی تورکیا، لە برووسـکەی ژمارە (١١٨١)ی ڕێکەوتی ١٦ی سـێپتەمبەری ١٨٩٦ دا بۆ فەرمانڕەوای ویلایەتی (حەلەب)، فەرمانی پێکردووە، کە دەبێت لەماوی (٢٤) کاتژمێردا، بەتەواوی هەموو ئەرمەنییەکان بکوژن وپاکتاویان بکەن، دەقی ئەم بڕیارە لەکتێبی (بیـرەوەرییەکانی نەعـیم بەگ)دا هاتووە، کە ئـارام ئەنـدریان )نوسەرێتی.
لێرەو لەوێ هەوڵی جیاواز بۆ بەفەرمی ناسـاندنی جینۆسـایدی ئەرمەنییەکان هەیە، ئەگەرچی دەوڵەتی تورکیا بە توندی دژی بڕیاری پەرلەمانی ئەو دەوڵەتانە دەوەسـتێتەوە، کەتاوانی جینۆسـاید کردنی ئەرمەنییەکانیان بەفەرمی دەناسـێنن، بەڵام هەوڵ وهەواڵەکان بەردەوامن هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٠ وڵات بە فەرمی دانیان بە جینۆسایدی ئەرمەنییەکانداناوە لەوانە:
( فەرەنسا، بەریتـانیا، رووسیا، لوبنـان، هوڵـەندا، یونـان، نەمسا، دانیمارک، سـوید، کەنـەدا، میسر، ٤٣ولایەت لە ولایەتەکانی ئەمریکا، لەهەمووشیان گرنگتر پەرلەمانی ئەوروپا) یە،
لەلایەکی تریشەوە بێگوێدانە بەناڕەزایەتی تورکیا پایتەختەکانی ( یریڤان ـ ئەرمینیا ) و ( برۆکسل ـ بەلچیکا) و ( کۆبنهاگن ـ دانیمارک) پەیکەری یادەوەری، بۆ کومەڵکوژیی ئەرمەنییەکان دانراوە.

# ئێستا تێگەیشتم

سەرنوسەر

ئێسـتا باشـتر تێدەگەم، کە بۆچی دەسـەڵاتی کوردی گرنگی بەئەنفال نەدا! بۆچی ویسـتی کەسـانی بێزمان بکاتە زمانحاڵ و نوێنەری ئەنفال دیدەکان. بۆچی گاڵتەیان بەعەقڵم دەهات، کە دەمگوت دەبێت بە میکانیزم و ئایدیاییەکی تر دەربارەی ئەنفال کاربکەین و قسـە بکەین ؟ دەبێت مرۆڤی کورد هەسـتێتەوە سـەرپێ و لە زەلیلەوە ببێتە بەرەنگار .کاتێک لەبەرنامەکانی میدیاو سیمنارەکان دەمپرسی هەتاکەی بەو تێگەیشـتن و بەو زمانە هەژارو ساکارە دەربارەی ئەنفال دەدوێن؟ بەو زمانە دەتانەوێ چ بەمرۆڤی کوردی ئەنفالکراو ببەخشن؟ بەخۆڕایی نەبوو کەسانێک هەبوون ڕەنگیان زەرد دەبوو.
هەمیشـە دژی ئەو چالاکوان و نوسـەرانەی ئەنفال وەسـتاومەتەوە کە ئەنفال دیدەکانیان وەک زەلیل و سـواڵکەرو گوناح، وێنا کردووە. چونکە ئەو زمان و وێناکردنە خزمەتیان ناکات بەڵکو دەیانشکێنێ. دیارە مرۆڤی شکاوو شەرمنیان ویستووە .
ئێسـتا باشـتر تێدەگەم ئەو مرۆڤانەی سـیسـتمی تۆتالیتاری دڵی شـکاندبوون بۆچی دەسـەڵاتی بەناو دیموکراسـی ئاشـتی نەکردنەوە .
ئێستا باشتر تێدەگەم کە نیشاندانی شیوەن وگریان لەسەر شاشەکان لەنەزانینیانەوە نەبوو بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانەوەی نەوەیەکی ترسـاوو شـەرمن و کۆمەڵگایەکی چەپێندراوو زەلیل بوو. بۆئەوەی ئەگەر بەداروبەردیشـیدا بدەن نقەی لێوەنەیات، بۆئەوەی هەمیشە خۆی وەک گوناە بەرهەمبهێنێتەوەو خۆی رزگارکەری خۆی نەبێت و هەرچاوی لەدەستی ئەوانی تربێت ڕزگاری بکەن.
ئێسـتا باشـتر تێدەگەم کە بۆچی ئەم دەسـەڵاتە جەلادێکی لەبیریارێک پێباشـترو سـەرۆک جاشـێکی لەهەموو کەسـوکاری ئەنفالکراوەکان بەلاوە بەنرخترە .
هەقە تۆش ڕونتر تێبگەیت، کە داعش بەدوربینی حەراری دور ناخرێتەوە و بە رۆکتی زیرەک لەناو ناچێت، ئەوەی فاشـــیزم (بەعس و داعش) لەناو دەبات ژینگەیەکە شایانی ئینسان بێت.

# ANFALISTAN

An annual magazine about genocide and Anfal



لەکاتێکدا دەستوپەنجەی ئازیزانمان لەبیابان تێکەڵ بەلم بوون و تۆمەتبارانی

ئەنفال بەبەر چاومانەوە تەراتێنیانە، کەچی دادگای باڵای تاوانەکان هەڵدەوەشێتەوە !